
ئەحمەد ڕەفیق کەریم

# ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان

## لێکۆڵینەوەیەک لە جیۆگرافیای سیاسیدا




سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

ئەحمەد رەفیق کەریم

# ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان

## لێکۆڵینەوەیەک لە جیۆگرافیای سیاسی دا

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لە ساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لە بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی نێودەوڵەتان و ئابوری و مەسەلە ستراتیجییەکان و مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لە ڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەن و بەپێی پێویست گوزارشت لە ڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

Email: Fered 1956@yahoo.com


- ئەحمەد ڕەفیق کەریم
- ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان
- سلێمانی ٢٠١٤
- دیزاین: کەمال حامد
- لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٤٨)ی ساڵی ٢٠١٤ی دراوەتێ.
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٣/١٢٧/ ١٤
- تیراژ: ١٠٠٠

# پێشەکی

مەبەست لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان هەموو ئەو ڕووبەرە زەوییە(یەکە کارگێڕی)یانەیە کە بەشێکی دانەبڕاون لە هەرێمی کوردستان بەڵام بە فەرمی لە چوارچێوەی فەرمان ڕەوایی و دەسەڵاتی دان پێدانراوی هەرێمی کوردستاندا نیە.

سەرەتای داگیرکاری کوردستان بۆ دەیان سەدە لەمەو بەر دەگەڕێتەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بووە، داگیرکەرانیش هەموو تواناکانی خۆیان بۆ بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانە مرۆیی و سروشتییەکەی تەرخان کردووە، سەرەڕای ئەوەی هۆکارە سروشتی(بەرزو نزمی، ئاوهەوا...)و مرۆیی(کۆمەڵایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری، ئاینی...)ییەکان، کارایەکی یاریدەدەر بوون بۆ مانەوەی گەلەکەی بە ژێردەستەیی و خاکەکەی بە داگیر کراوی.

ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لە بیابانەکانی نیوە دوورگەی عەرەبییەوە هاتن ، هەڵگری جوانترین بەرنامەی خوداوەند بوون بۆ پاك کردنەوەی دڵ و دەروونەکان و ئازاد کردنی مرۆڤایەتی لە دیلی و نەزانین و ستەم کاری و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و یەکسانی لە نێوان تاکەکان و باوەڕداران... نەك نەبوونە هۆی پێکانی ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەکەدا هاتبوو بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو جارێکی تر گەلی کورد توند تر دەچەوسێننەوە و خاکەکەیان داگیر دەکەنەوە، چوونکە سەرەتای ئازاد کردنی ناوچەکە لە ساسانییەکان، بەمانای سەرەتایەکی توندی بەعەرەب کردنی کوردستان دێت. وەرگرتنی دینەکەو موسڵمان بوونی نەتەوەی کورد نەك نەبووە هۆی ئازادبوونی تاکی کورد لە چەوساندنەوەی داگیرکەرانی پێشوو، بەڵکو جارێکی دیکە گەلی کورد دەکەوێتە بەر ستەم کاری و چەوساندنەوەو بەش کردنی خاکەکەی لە نێوان ئەو دەسەڵاتە موسڵمانانەی کە فەرمان ڕەوایی ناوچەکەیان دەکرد وەك ئیمپراتۆرەکانی سەفەوی و عوسمانی...

بەهاتنی بەریتانییەکان لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا جارێکی تر بەشێکی بچووك لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ(کوردستانی باشور) داگیردەکەنەوە، بەڵام بەرژەوەندی و تاکتیکی

ڕامیاری بەریتانییەکان لەوە دا دەبێت کە دەسەڵاتێکی ناوچەیی کوردی دەستەمۆ کراو لە ژێر سەرپەرشتی خۆیان دروست بکەن، بەڵام ناوچەکانی تر دابڕاو دەبن لە دەسەڵاتی شێخ. بەریتانییەکان هەر زوو لە بەڵێنەکانیان پەشیمان دەبنەوە، بۆیە بەناچاری کورد خەباتی چەکداری و ڕووبەڕوو بوونەوە هەڵدەبژێرێت بۆ بەدەست هێنانی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکان... بەڵام سەرئەنجام خاکی کوردستان دابەش دەکرێت بۆ چوار پارچە. بەرژەوەندی بەریتانییەکان وا دەخوازێت ویلایەتی موسڵ بلکێنێت بە هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدادەوە کە پێشتر دەوڵەتی عێراقی عەرەبی لێ دروست کرابوو، پاشتریش بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان. بەرگێکی فەرمی و ڕامیاری و نێودەوڵەتی دەکەن بە بەری ویلایەتی موسڵ(خاك و گەل)و لە بۆتەی عێراقی عەرەبیدا دەیتوێننەوە.

پاشتریش حکومەتە عەرەبییە بەناو موسڵمانە یەك لە دوا یەکە عێراقییەکان بەبێ ڕەچاو کردنی هاوئاینی و هاوسێیی و نزیکی کلتوورو بەها مرۆڤایەتییەکان... بە دڕندانە ترین شێوە و دوور لە هەموو ڕێسا ئاینی و یاساییەکان کەوتنە چەوساندنەوەی و جینۆساید کردنی گەلی کوردو سوتماك کردنی خاکەکەی و بە تالآن بردنی سامانەکەی... وەنەبێت گەلی کورد لە هیچ سەردەمێکدا دەستبەرداری خەبات و داواکردنی مافەکانی بووبێت... بەڵام بەهێزی داگیرکەران و بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و بارودۆخی ڕامیاری جیهانی و ناکۆکی ناوخۆی گەلی کورد، هۆکاری داگیرکراوی گەلی کورد بووە، ئەمانەش نەك نەبوونە هۆی وەستانی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، بەڵکو مکومتر بوون لە خەبات و لە هەندێك کاتدا دەسەڵاتدارێتی عێراقیان ناچار کردووە بەفەرمی دان بە ڕووبەرێك لە کوردستانی بوونی کوردستانی داگیرکراو و دەسەڵاتی خۆجێیی کوردی دا بنێن... داگیرکردنی کوەیت و بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەلێکی زێڕینی پێشکەشی گەلی کورد کرد، یەکبوونی گەلی کورد و کۆبوونەوەی لە بەرەیەکی ڕامیاریدا قۆستنەوەی هەلەکەی کردە دیفاکتۆ، ڕووبەرێك لەکوردستان ئازاد کرا و پاشان دەسەڵاتێکی نوێی کوردی لە دایك بوو... بەڵام پاش ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە لایەن هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا و بە بەشداری هێزە ڕامیارییە کوردییەکان، سەرجەم خاکی کوردستان ئازاد کرا...

پاش بەشداری کارای کورد لە دروست کردنی حکومــەتی عێراقــی فیــدراڵ و نووسینەوەی دەستووری عێراقی فیدراڵ، جگە لەوەی کە بــە فــەرمی داننــرا بــە چوارچێوەی حکومەتی هەرێم لەو سـنوورەی کـە تـا١٩ی ئـازاری٢٠٠٣ ئـازادی کردبوو، لە خاڵی(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی ووڵات بۆ قۆناغی گوستنەوە، ناوچە تـازە ئـازاد کراوەکـان نـاونرا بـە ناوچـەی ململانـێ(المنـاطق المتنـازع عليهـا)، حکومەتی هەمیشەیی عێراق بەرپرس کرا بۆ لە ئەستۆگرتن وجێ بەجێ کردنــی ئەو بڕگە دەستوورییە، پاشان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا. ئەم پرسە لــە خاڵی(١٤٠)دا ئاماژەی پێکرایەوە. سێ قۆناغ دیاری کرا بۆ چارەسەر کردنی، لــە قۆناغی یەکەم دا دەبوایە ئاسایی کردنــەوە:بـارو دۆخـی کـارگێڕی، دانیشـتوان، موڵکیەت ئەنجام بدرایە، پاشان لــە قۆنــاغی دووەم دەبوایــە ســەرژمێری ئــەنجام بدرایەو لە قۆنــاغی سـێیەم دەبوایــە، بــە ئــەنجام دانــی ڕیفرانــدۆم چارەنووســی کارگێڕیی ئەو ناوچانە لە لایەن دانیشتوانەکەیانەوە بڕیاری لە سەر بدرایە.

بەڵام جارێکی کە بەرژەوەندی ولاتانی هاوپــەیمانان بــە تایبــەتتر ئەمــەریکا و ولاتانی هەرێمی و هۆکاری مەزهەبی و شۆڤێنزمی عــەرەبی... نــەك لــە مــاوەی دیاری کراوی خۆیدا، بەڵکو پاش تێ پەڕ بوونی دوو ســاڵ و دە مــانگ بــە ســەر ماوەی دیاری کراودا، هێشتا قۆناغی یەکەمی مادەی(١٤٠)جێ بەجێ نەکراوە...

## چوارچێوەی کات و شوێنی توێژینەوەکە

### چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە

سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم و هاتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە دەبێت بە دەست پێك بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە، تا دەگات بە ڕۆژگاری ئــەمڕۆمان. واتــە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە ڕووبەری ئەو ناوچانە کــراوە لــە قۆنــاغ و دەســەلاٌت دارێتی جیاجیای حکومەتە عێراقییە جیاجیاکان.

### چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە

لە توێژینەوەکەدا ڕووبەری ناوچە ئازاد کراوەکان و ناوچــە دابڕاوەکــان دەســت نیشان کراوە لە قۆناغ و حکومەتە جیاوازە فەرمان ڕەواکــانی عێــراق، واتــە لــە کاتی جیاواز دا شوێنی جیاواز(ناوچە دابڕاوەکان)دەست نیشان کراوە جگە لــەوەی کە بە نەخشەش ڕاســتییەکان و جیاوازییــەکان خراونەتــە ڕوو، ئامــاژە بــە ئــەو

هۆکارانەش(سیاسی، سەربازی، ئابوری...)کراوە کە بەر پرس بوون لە فراوان بوون و چوونەوەیەکی ناوچە دابڕاوەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا..

## گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لە گرنگی فرەلایەنی ناوچە دابڕاوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت(خاك، دانیشتوان، ئابوری..)، ڕووبەرێك لە کوردستان بە دێژایی سەدەیەك داگیرکراوە لە لایەن داگیرکەرە جیاجیاکانی کوردستانەوە، گەلی کوردیش ڕووبارێك لەخوێنی پێشکەش کردووە لە پێناو ڕزگار کردنی ئەم ناوچانە، هەرچەندە بەشێوەیەکی کاتی هەندێك ڕووبەری جیاجیای لەم ناوچانە ئازاد کردووە، بەڵام تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەرگیز نەتوانراوە دەسەڵاتی کوردی بگاتە سەرجەمی ڕووبەری هەرێمی کوردستان... بەڵام ئەوەی کە توێژینەوەکەی گرنگ تر کردووە بریتییە لە:

١- سەلماندنی کوردستانی بوونی ناوچە دابڕاوەکان بە پشت بەستن بە بەهێزترین بەڵگەی مێژوویی و جوگرافیی و ئاماری...

٢- دیاری کردنی سنووری باکووری عێراقی عەرەبی کە هیچ کاتیك لە(هیت - تکریت)تێ پەڕی نەکردووە و سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە هەرگیز ولایەتی موسڵ(خاك و دانیشتوان)بەشێك نەبووە لە عێراق.

٣- دەست نیشان کردنی لایەنی جیۆگرافی و گرنگی ئابوری و جیۆگرافی ناوچە دابڕاوەکان. واتە توێژینەوەیەکی تێرو تەسەلە کە تا ئێستا نە بەم ناونیشانە نە بەم شێوە چڕوپڕە توێژینەوە لە سەر ناوچە دابڕاوەکان نەکراوە، بە تایبەتتر لەکاتی سەرهەڵدانی گرفتەکەوە تا ئێستا قۆناغ لە دوای قۆناغ ئاماژەی پێ کراوە و لێی کۆڵدراوەتەوە... جگە لە بەکارهێنانی دەیان خشتە و نەخشە بەمەبەستی ڕوون کردنەوەی زیاتر و پێدانی بەرچاو ڕوونی زیاتر بە خوێنەران.

٤- ئاماژە کردن بە خەبات و قوربانییەکانی گەلی کورد و هەڵوێستی ڕامیاری شۆڕش و سەرکردایەتی کوردی لە پێناو ناوچە دابڕاوەکان و هەڵوێستی وڵاتە داگیرکەرەکانی ناوچە دابڕاوەکان، لە قۆناغە جیاوازەکان دا.

٥- ئاماژە کردنی بە هەڵە (سیاسی و دەستووری، کارگێڕی...)یەکانی شۆڕشی کورد و سەرکردایەتی کورد لە چارەسەر کردنی کێشەکانی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان.

٦- ئاشنا کردنی خوێنەران بە ناوچە دابڕاوەکان و بوونی باکگراوندێکی مێژوویی و جیۆگرافی... لە سەر ناوچە دابڕاوەکان و چۆنیەتی دروست بوونی کێشەکە. چۆنیەتی بە دەمەوە چوونی سەرکردایەتی کورد بۆ هەموو داوا ئاشتییەکانی میری، تەنانەت لەو پەڕی لاوازیشیاندا (میری)... گەیشتنە ئەو ڕاستی یەی کە یەکگرتن و جەنگەکانی پێشمەرگە و یارمەتی گەل سنووری ناوچە دابڕاوەکانی دیاری کردووە...

٧- ئاماژە کردن بە تاوانەکانی (ڕامیاری، دەستووری، یاسایی، سەربازی، بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی سروشتی...) حکومەتە یەك لە دوا یەکە عێراقییەکان بەرامبەر بە خاك و گەلی ناوچە دابڕاوەکان.

٨- دەرخستنی نییەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی فیدراڵ (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و وەزیران و پەرلەمان) لە چارەسەر کردنی مادەی (٥٨) یاسای کاتی بەڕێوە بردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە ، و مادەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی.

٩- ئاماژە کردن بە ڕۆڵی گروپ و پارتە ڕامیاری و تیرۆرستییە عێراقییەکان و کاریگەرییان لە ئاستەنگ دروست کردن بەمەبەستی جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی مادەی ١٤٠.

١٠- ئاماژە کردن بە ڕۆڵی نێگەتیڤی هەریەك لە وڵاتانی هەرێمی و بیانی و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکان لە دروست کردنی گرفت لە جێ بە جێ کردنی مادەی (١٤٠) دا.

## هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەکە :

١- ململانێیەکی توندی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی کوردی و نوێنەرەکانی گەلی کورد لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی عێراقی لە سەر جێ بەجێ کردنی مادەی (١٤٠) و خۆدزینەوەی حکومەتی فیدراڵ لەم مادە دەستوریە ،خۆهەڵقورتاندنی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هۆکارێکی پاڵنەری زۆر بەهێز بوو لە ئەنجام دانی توێژینەوەکە.

٢- سەلماندنی کوردستانی بوونی ناوچە دابڕاوەکان، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك هۆکاری جۆراو جۆری مێژوویی و جیۆگرافی و ئاماری... ئاشنا کردنی زیاتری

گـــەلی کـــورد و خوێنـــەران بـــە گرنگـــی ناوچـــە دابڕاوەکـــان (گرنگییـــە هەمەجۆرەکانی خاك و شوێن و ڕووبەر و دانیشتوان و ئابوری...).

٣- ئاماژە کردن بە تاوانەکانی حکومەتە عێراقیەکان بەرامبەر بە دانیشـتوانی ئەو ناوچانە و هەوڵەکانی گەلی کورد و سـەرکردایەتی کـورد بـۆ گەڕانـەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە درێژایی نزیکەی یەك سەدە، و جەنگاندنیان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان.

٤- پڕکردنەوەی کـەلێنێکی گـەورەی کتێبخانـەی کـوردی تایبـەت بـە ناوچـە دابڕاوەکان. کردنەوەی ڕێچکەیەکی نویێ بۆ ئەنجام دانی توێژینـەوەی زیـاتر لـە سەر ناوچە دابڕاوەکان...چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بـوارەدا کـراون زۆر کەمن بە پەنجەی دەست دەژمێـردرێن یـان لـە چوارچـێوەیەکی زۆر تەسـك دا کراون یان ڕووبەرێکی بچووك لـە ناوچـە دابڕاوەکـان هەڵبـژێردراوە... لەگـەڵ بەهەند وەرگرتنی ماندووبوونی نوسەران و بەنرخی بابەتەکەیان، بـەلاّم بـوونی توێژینەوەیەك بەم هێزو فرەلایەنی لە زانیاری و بێ لایەنی لە دەربڕین و دەست خستنە سـەر خاڵـەکان و بـە قـووڵی ڕۆچـوونی لـە کێشـەکەدا و وەرگـرتنی چوارچێوەیەکی زانستی، فرە گرنگ بوو.

## میتۆدی توێژینەوەکە

سروشتی زانستیی توێژینەوەکە وایە کە چەند ڕێچکە و میتۆدێك لە بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکـەدا وەك میتـودی وەسـفی و مێـژوویی و شـیتەڵ کـاری و بەراوردکاری بەکاربهێنرێت:

ڕێبازی وەسفی بە کار هاتووە، لە بەر ئەوەی لێکۆڵینەوەمان کردووە لە دۆخ و سـەردەمە جیاوازەکـان و لـە دۆکیۆمێنتـەکان، گرنگیمـان داوە بـە واقعـی کێشەکانی بەردەم گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، جگە لە دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆمان لەم بارەیەوە.

ڕێبازی مێژوویی بەکار هاتوە، لە بەرئەوەی لێکۆڵینەوە و ورد بینیمان کردووە لە دۆکیۆمێنتەکان و شی- کردنەوەمان بۆ کردووە و ڕەخنەمان لێ گرتووە...جگە لەوەی کە خوێنەر ڕادەکێشین بۆ ناو ئەو قۆناغە جیاوازانەی کە لێیـان دواویـن و کارەکتەرەکان ڕۆڵـەکانی خۆیـان پـێ دراوە... بـە پشـت بەسـتن بەزانیاریـەکانی

ڕابوودوو توانیومانە بارو دۆخی ئێستا ڕوون بکەینەو پێشبینی بۆ ئایندەی ناوچە دابڕاوەکان بکەین.

میتۆدی هەڵسەنگاندن بەکار هێنراوەو هەڵسەنگاندنمان بۆ بارو دۆخی سەردەمە جیاوازەکان و دەست کەوتە جیاوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکان دا کردووە، هەروەها ڕەنگ دانەوەیمان لە سەر سنووری جیۆگرافی ناوچە دابڕاوەکان دەست نیشان کردووە.

میتۆدی بەراورد کاریمان لە نێوان سەردەم و کارەکتەری ڕامیاری و شوێنە ڕزگار کراوو ناوچە دابڕاوەکان و دەست کەوتە سیاسی و دەستوورییەکان لە کاتە جیاوازەکاندا بەکارهێناوە.

## گرفتەکانی توێژینەوەکە

لە کاتی ئەنجام دانی توێژینەوەکەدا چەندین کۆسپ و تەگەرە بۆ توێژەر دروست بوون کە بریتی بوون لە:

١- نەبوونی زانیاریی پێویست و هەژاری کتێبخانەکانمان و نەبوونی ناوەندێکی ئەکادیمی بەتایبەت لە سەر ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، چوونکە سەرجەمی ئەو بابەتانەی کە لە سەرئەم پرسە نوسراون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن... بۆیە ناچار بووم کە ناڕاستەوخۆ سوود لە هەندێك سەرچاوەی مێژوویی و جیۆگرافی و ئاماری و دەستووری و ڕامیاری... وەربگرم کە کەم تا زۆر لە سەر ئەو بابەتە دوابن و پەیوەندییان بە توێژینەکەوە هەبێت.

٢-نەبوون یان کەمی نەخشەی نوێ و جێی باوەڕ کە توێژەر پشتی پێ ببەستێت لە ڕوون کردنەوەی دیاردە جۆراجۆرەکان و بیروبۆچوونی توێژەر. ئەمە گرفتیکی زۆر گەورەی توێژینەوەکە بوو.

٣-نەبوونی ئاماری(دانیشتوان، پیشەسازی، کشتوکاڵی...)نوێ ی ناوچە دابڕاوەکان. جگە لە ئەنجام دانی پرۆسەکانی ڕاگوستن و بەعەرەب کردن... لە ناوچەکەدا، جگە لە کۆچی بەردەوامی عەرەبەکانی شارە عەرەبییەکانی تری عێراق بۆ ناوچەکە و گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی.

٤- گۆڕانی بەردەوامی سنووری یەکە کارگێڕییەکان، ئەمەش لە چاو نەبوونی زانیارییە ئامارییەکان لە سەر سەرجەم یەکە کارگێڕییەکان لە ناوچە دابڕاوەکان توێژەری تووشی گرفت کرد، توێژەر ناچار بوو زانیارییەکانی ئەو

یەکە کارگێڕییەکان وەربگرێت بە ڕووبەری جیۆگرافی و یەکـە کارگێڕییـەکانی ئەو ساڵەی کە ئامارەکەی تیا ئەنجام درابوو، جگە لەوەی توێژەر ناچار بـووە لـە هەندێك کاتدا نەتوانێت زانیاری تەواو لە سەر سەرجەم یەکـە کارگێڕییـەکانی ناوچە دابڕاوەکان بخاتە ڕوو، بۆیـە بـە ناچـاری تـەنها پارێزگـای کـەرکوك وەك سەمپڵ وەرگیراوە و زانیارییەکانی لـە سـاڵی جیـاواز و ڕووبـەری جیـوگرافی و یەکەی کاگێڕیی جیاواز خراوەتە ڕوو.

٥- زانیاری نەدانی بەرپرسان(ئیداری یان ڕامیاری)... چ هۆکاری سەرقاڵی بێـت بە ئیش و کار، چ هۆکاری هەژاری زانیاری بێت لە سـەر ناوچـە دابڕاوەکـان، چ هۆکاری غروری پۆست بێت... نەئامادەبوون چەند ساتێکی خۆیـان بـە توێـژەر ببەخشن و نە زانیاریشـی بـدەنێ؟!: جگـە لـەوەی هەنـدێ سـایتی فـەرمی و پەیوەندی داریش وەڵامی ئیمەیلەکانی توێژەریان نەداوەتەوە.

٦- لەبەر نوێی و زیندوویی توێژینەوەکـە و نـەبوونی زانیـاری تـەواو، گـۆڕانی بەردەوام لە بڕیار و دەرهاویشـتە ڕامیـاری و ئـابوری و بـارودۆخی ئاسـایش... توێژەر ناچار بووە پشت بـە تـازەترین هـەوڵ ببەسـتێت کـە لـە میدیاکانـەوە بڵاوکراونەتەوە... جگە لەوەی لە هەندێك سایتی کارگێڕی و فەرمی لـە ئـەنجام دانی توێژینەوەکە دا سوودی لێ وەرگـیراوە وەك(سـایتی سـەرۆکایەتی عێـراق، سایتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و سایتی سەرۆکایەتی هەرێم و سایتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سایتی پەرلەمانی هـەرێم و سایتی نەتەوە یەکگرتوەکان وسایتی کۆشکی سپی...

## گریمانەی توێژینەوەکە

لە باس کردنی ناوچە دابڕاوەکاندا لای خوێنەر چەند گریمانەیەك دەوروژێنرێت وەك: ناوچە دابڕاوەکان کوێیە؟ لە کەیـەوە ئـەم گرفتـە سەرچـاوەی گرتـووە؟ لـە قۆناغە جیاوازەکاندا ناوچە دابڕاوەکان کوێ بوون؟ گرنگی ناوچە دابڕاوەکان چـی یە؟ هۆکاری چارەسەر نەکردنی ئەو گرفتە چی بووە؟چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان دەسـەڵات دارە شـیعییەکان و دەسـەڵات دارە سـوننییەکان بەرامبـەر بـە ناوچـە دابڕاوەکان و دۆزی کـورد؟ هەڵـەی کـورد چـی بـووە لـە وەرنەگرتنـەوەی خاکـە داگیرکراوە دابڕاوەکەی؟، ئایا مادەی ١٤٠ جی بە جێ دەکرێت؟ ئەگەر جێ بە جێ بکرێت! کەی ؟ کوێ دەگەڕێتەوە سەر هەرێم؟ئەی کوێ لە دەست دەدەین؟ ئەگـەر

جێ بە جێ نەکرێت بۆ؟چ هۆکارێك ڕێگرە لە جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠؟ ئایا هۆکارەکان ڕامیاریین؟ دەستورین؟ یاسایین؟ تەکنیکین؟ ئاسایشن؟ ماددین؟ کارگێڕین؟ هەرێمین؟ نێودەوڵەتین؟ ئەی ئەگەر مادەی١٤٠ جێ بەجێ نەکرا هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و پارتە کوردیەکان چی دەبێت؟.

## پەیکەری توێژینەوەکە

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ستانداردێکی زانستی وەربگرێت و بۆ پابەند بوون بە پرنسیپەکانی ئەنجام دانی توێژینەوە، توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ پێشەکی و ناوەڕۆك و چوار بەش و دەرئەنجام و ڕاسپاردە.

بەشی یەکەم دابەش کراوە بۆ دوو باس: لە باسی یەکەم دا هەریەکە لە چەمکەکانی: سنوور و هەرێم و کوردستانمان پێناسە کردووە، پاشان جیاوازی دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی کوردستانمان دەست نیشان کردووە و بەراوردمان کردووە بە ناوچەکانی دیکەی عێراقی عەرەبی...

پاشتر هۆکاری دروست نەبوونی کیانێکی کوردیمان دەست نیشان کردووە و پاشان بۆچوونی نووسەرە کوردەکان و عەرەبەکان و بیانییەکانمان خستۆتە ڕوو بۆ پێدانی دڵنیایی زیاتر لەسەر کوردستانی بوونی ناوچە دابڕاوەکان، بە کورتترین و ڕاستگۆترین نەخشە، کوردستانی بوونی ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە، پشتمان بە بەهێزترین بەڵگەی نێودەوڵەتی بەستوە لە دیاری کردنی سنووری عێراقی عەرەبی، سنووری باشووری هەرێمی کوردستانمان دەست نیشان کردووە، پاشان سنووری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە.

لە باسی دووەم دا لە ڕووی زانستی جیۆگرافییەوە، لێکۆڵینەوەیەکی هەرێمی ناوچە دا بڕاوەکانمان کردووە و ڕووبەرەکەیمان دەست نیشان کردووە.

لە بەشی دووەم دا گرنگیی جوگرافیا و ئابوری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە، لە باسی یەکەم دا لە گرنگی جیۆگرافی ناوچە دابڕاوەکان دواوین و گرنگی سروشتی و مرۆیی ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە.

لە باسی دووەم دا لە گرنگیی ئابوریی ناوچە دابڕاوەکان دوواوین و ئابوری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە بۆ ئەم مەبەستە پشتمان بە سەرژمێریەکانی سالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەستووە تا ساڵی٢٠٠٧.

بەشی سێیەم دابەش کراوە بۆ دوو باس: لە باسی یەکەم دا چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەکانی ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووە لە نێوان جەنگی جیهانی یەکەم تا سەرەتای جەنگی ڕزگار کردنی عێراق لە سێ کات(ماوە)ی جیاواز دا کە بریتین لە: (ماوەی نێوان جەنگی یەکەمی جیهان - جەنگی دووەمی جیهان، ماوەی نێوان جەنگی دووەمی جیهان- سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان (سستمی نوێی جیهان)، هەروەها لە ماوەی سەرەتای سستمی نوێی جیهان - سەرەتای پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراق).

بەڵام لە باسی دوودا، جارێکی تر لە چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەکانی ناوچە دابڕاوەکان دواوین لە سەرەتای پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراقەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بە پێی جیاوازی فەرمان ڕەواکانی وەك (دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی هاوپەیمانان و پاشان حکومەتی عەللاوی و دواتر جەعفەری و پاشتر مالکی...)، دیاری کردنی ڕێگە چارەکان(ڕامیای و دەستووری و یاسایی)لە چارەسەر کردنی گرفتی ناوچە دابڕاوەکان... لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا.

بەشی چوارەم دابەش بووە بە سەر دوو باس دا لە باسی یەکەم دا هۆکارەکانی بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کردووەو بە پێی قۆناغە جیاوازەکان لێی دواوین، هۆکاری نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانمان لە سەر چوار ئاست زۆر بە وردی دەست نیشان کردووە و دابەش کردووە: کە بریتیین لە:(لە سەر ئاستی کوردستانی و لە سەرئاستی عێراق و لە سەر ئاستی هەرێمی و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی)، لە ماوەی نێوان(سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم - سەرەتای ڕووخاندنی حکومەتی بەعس...).

بەڵام لە باسی دووەم دا هۆکاری بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکانمان دەست نیشان کردووە چ لە ماوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانەکان بێت یان لە ماوەی دەسەڵاتی عەللاوی یان جەعفەری یان مالکی. جگە لە دەست نیشان کردنی سەرجەم هەڵەو کەم و کورتییەکان چ لە سەر ئاستی کوردستان بێت(حکومەت، حزب، خەڵك... یان لە سەر ئاستی بەرپرسانی کارگێری و حزبەکانی ناوچە دابڕاوەکان بێت)یان لە سەر ئاستی حکومەتی عێراق بێت(پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆماری و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەندێ لەوەزیر و وەزارەتەکان و لیژنەی مادەی١٤٠ و پارت و گروپە ڕامیاری و تیرۆرستییەکان...)چ لە سەر ئاستی هەرێمی بێت وەك وڵاتانی(ئێران و تورکیا و

سوريا...)يان لەسەر ئاستی ولاتانی تری جیهانی و نێودەولەتی بێت، وەك ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان یان لە سەر ئاستی ڕێکخراوە زانستییە ئەکادیمی یەکان بێت وەك گروپی قەیرانی نێودەولەتی.

## ئەنجام:

لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتووە بە چەند ڕاستی یەك، لە کۆتایی دا خراونەتە ڕوو، کە تا ڕادەیەك دەتوانرێت بە ناوەڕۆکی هەموو توێژینەوەکە دابنرێت .

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، چەندین پێشنیارمان خستۆتە ڕوو بۆ لایەنی بەرپرس کە بریتین لە (خەلك و پارت و حکومەت...)، بە مەبەستی کاراکردنی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنان بە ئازاری دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان و مەینەتییەکانی گەلی کورد، و پیشان دانی جوانترین ڕووی گەشی فەرمان ڕەوایی کوردی و بە دەست هێنانی پیشتگیری فەرمی و ڕامیاری و ئابوری... نێودەولەتی لە گەلی ستەم دیدەی کورد و دانانی سنوورێك بۆ کۆتایی هێنان بە ڕشتنی خوێنی ڕۆلەکانی کورد لە سەر خاکە داگیرکراو و دابڕاوەکانی.

بێ گومان توێژینەوەکە وەك هەموو توێژینەوەیەکی دی بێ کەم و کورتی نییەو نابێت، جگە لەوەی کە ئاماژە بەهەندێك ڕووداوو هەلوێست کراوە لە توێژینەوەکەدا کە نە بەلای من و نە بەلای خوێنەر خوازراو نییە، بەلام ئەمە بۆتە بە بەشێك لە مێژووی گەلەکەمان ئێمەش ئاماژەی پێنەکەین، کەسانی تر هەن ئاماژەیان پێ دەکەن، بەلام باشترە کە ڕۆلەکانی ئایندەیان لێ بەئاگا بهێنینەوە تا هەموو وەك وانەیەك سوودی لێ وەربگرین و ڕاست گۆیی و بێ لایەنی توێژینەوەکەش نەخەینە ژێر پرسیارەوە زۆر هەولمان داوە و تەنها مەبەستمان ئەوە بووە کە بابەتییانە لە بارودۆخە جیاوازەکان بدوێین و ڕاستییەکان دەست نیشان بکەین، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەین کە بە دیدێکی زانستی و ئەو پەڕی بێلایەنی و ڕەخنەی دروست کەرەوە توێژینەوەکە هەلدەسەنگێنن.

# بەشی یەکەم

## دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان و
## جوگرافیای ناوچە دابڕاوەکان

## باسی یەکەم

## دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی زانستییانە پێناسەی هەریەك لە چەمکەکانی سنور و هەرێم و کوردستان بکەین ، پاشان تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەست نیشان دەکەین بەبەراورد لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی عێراقی عەرەبی، پاشان بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە جۆراو جۆرەکانی وەك جیۆگرافی و مێژوویی و ئاماری... سنوری هەرێمی کوردستان دەست نیشان دەکەین، پاشتر سنور و ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان دەست نیشان دەکەین.

بەر لە دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێویستی ئەزانم هەریەکە لە زاراوەکانی سەرەوە بناسێنم:-

سنوور:-

پێناسەی چەمکی سنوور جیاوازە بەپێی زانستە جیاوازەکان*، بەلاّم مەبەست لێی، بوونی دەسەلاّت یان مافە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو دا، بەلاّم

* - سنوور لە ڕوانگەی زانستە جیاوازەکانەوە بریتییە لە:-
أ- سنوور لەزمانی یاسا:- بریتییە لە هێڵێکی بەربەستی پانی جیاکەرەوە کەدەبێتە هۆی دیاری کردنی ئەو ڕادەیەی(مدى) کە دەوڵەت دەتوانێت سەروەری تێدا بلاّوبکاتەوە، جیاکردنەوەی نێوان دوو ولاّت یان زیاتره لە یەکتری.
ب- سنوورلە چەمکی سەربازیدا:- مەبەست لە هێڵی لێکەوتە(تماس)یان ڕووبەڕوو بونەوەیە کەپێویستە پارێزگاری لێ بکرێت و بریتییە لە خاڵێك یان چەند خاڵێك کە سەرەتای دەست پێکردنی هێرشە.
ت- سنوور لەچەمکی مێژوودا:- بریتییە لە ڕەنگ دانەوەی تەواوکەری دەوڵەت و فراوان بوون وچوونەوە یەك و پارچە پارچە بونو دەربڕینی فەلسەفە و پلەی هێزو لاوازی لە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکاندا.

بەگشتی سنوور بریتییە لە:- دابڕین یان بەند کردن یان ڕێگرتن لە تێکەڵاوبون[1]، بەڵام لە جیۆگرافییای ڕامیاریدا* کە بابەتی توێژینەوەکەمانە بریتییە لە:- تایبەتمەندنی دەوڵەتە، کە چوارچێوە هەرێمی یەکەی دیاری دەکات، بەواتە ئەو زەویەی کەدەتوانرێت کەڵکی لێوەربگیرێت و وەبەربهێنرێت، ئەوەی کە ئەکەوێتە نێوان ئەم چوارچێوەیەوە، ڕووبەری ووشکانیو ئاوی و بوارە هەوایی یەکەی سەریانە...یان جیاکەرەوەی سنووری نێوان یەکە ڕامیاریەکان و نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانە، بەربەست وکۆتە لە بەردەم گواستنەوەی کەل و پەل و مرۆڤ، سنووری چالاکی سەربازی(پاراستن)و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ویاساییەکان دیاری دەکات[2].

کەواتە سنوور بریتییە لە:- جیاکردنەوەو سنووردارکردنی بنەما مرۆیی و سروشتیەکانی ڕووبەرێك یان یەکەیەکی جیۆگرافی(وشکانی، ئاوی، هەوایی)لەوانەی دەوروبەری، لە سەر نەخشە بە هێڵێك و لە سەر زەوی بە سیم یان بە دیوار هتد... دەکێشرێت.

---

پ- سنوور لە زمانی جیۆگرافیادا:- بریتییە لە هەرێمی ڕامیاری دەوڵەت، هەروەها بەشدارە لە دارشتنی کەسایەتی جیۆگرافی شارستانی هەرێمەکە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر سنوور بڕوانە: محمد ازهر السماك، الجغرافية السياسية الحديثة، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة١٩٩٣، ص٩٤.

[1]- محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافية السياسية أسس و تطبيقات، الطبعة السادسة، مطبعة الانجلو المصرية، سنة١٩٩٠، ص٣٣٥.

* - سنوورە ڕامیاریەکان دیاردەکی نوێیە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدەی ڕابوردوو مێژووەکەی زۆر دوورنیە لە مێژوویی دەوڵەت، بۆ زانیاری زیاتر لە سەرچۆنیەتی دروست بوونی فرمان و پێوەرە بەکار هێنراوەکان لەکێشانی سنووردا بڕوانە:- أ- ابراهيم احمد سعيد، مابين الجغرافيا السياسية و مخاطر الجيوبولتيك والعولمة، الطبعة الاولى، الاوائل للنشروالتوزيع، بدون مكان النشر، سنة٢٠٠٦، ص١٤٥-١٥٠. ب- محمد ازهر سعيد السماك، الجغرافية السياسية اسس و تطبيقات، دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٨، ص٤٣٣-٤٣٧.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەشە سەرەکییەکانی سنوور لە جیۆگرافیای ڕامیاری و پولێنی(کیرزۆن)لە دابەشکردنی سنوورە دەست کردەکان بڕوانە:- أ- فتحي أبو عيانة، الجغرافيا السياسية، مطبعة العصرية- الاسكندرية، بدون سنة الطبع، ص١٥٤. ب- دولت احمد صادق و أخرون، الجغرافية السياسية، الطبعة الثانية، دار الطباعة الحديثة، سنة ١٩٦١، ص ١٨. ت - عاطف علبي، الجغرافية الاقتصادية و السياسة والسكان والجيوبوليتيك، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، سنة ١٩٨٩، ص٢٧٣.

[2]- محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافية السياسية بالمنظور المعاصر، مطبعة محمد عبدالكريم- القاهرة، سنة٢٠٠٢، ص٦٢١.

**هەرێم:**

**(هەرێم)یش چەند پێناسەکی جۆراوجۆری بۆ کراوە کە ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکن لەوانە :-**

**مەکنزی(**R.D.Mckenzi**) پێی وایە کە بریتییە لە: یەکەیەکی جوگرافی کە ئەو پەڕی(لوتکە)کۆمەڵایەتی و ئابوری و دانیشتوانی تێدا دەبینرێت(بەدی دێت)لە دەورو بەری مەڵبەندێکی ناوەندی(بۆری)ئابوری و کارگێری[1]. یان هەرێم بریتییە لە: ڕووبەرێکی فراوان، جۆرێك لە یەکچووی لۆکاڵی تێدا دەبینرێت، جیاوازە لە سەرجەم لایەنە گرنگەکانی دەوروبەری، دەشێت هەرێمەکە بکەوێتە ناو ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەك یان چەند بەشێك لەناوچەکان[2]. یان دەوترێت هەرێم(**Region**)یان لاند شاف(**Land Schaft**)بریتییە لە:- یەکەیەکی بێ هاوتای دیاری کراو کە شێوەو پێکهاتەی خۆی هەیە[3]. لە پێناسەیەکی تردا بەم جۆرە پێناسەی هەرێم دەکرێت:- بریتییە لە لێك چوونی زەوی هەرێمێك، بەجۆرێك کە هەندێك لە تایبەتمەندییە جیۆگرافییەکان کە سایەتییەکی گشتی پێکدەهێنێت[4].**

**لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەرێم بریتییە لە:- یەکەیەکی جیۆگرافی ڕووبەر دیاری کراو، خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی سروشتی و مرۆییە، کەسایەتییەکی تایبەتی جیۆگرافیای پێ بەخشیوە، بە جیاوازی لە یەکە جیۆگرافییەکانی دەورو بەری دەناسرێتەوە .**

---

**[1] - شاکرخصباك و علي محمد مياح، الفكر الجغرافي تطوره وطرق بحثه، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٢٢٥.**

**[2]- جيزه. ويلر(الابن)و اخرون، جغرافية العالم الاقليمية اوروبا و الاتحاد السوفياتي، ت. محمد حامد الطائي و اخرون، الجزء الاول، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، سنة١٩٦٤، ص٢٤.**

**[3] - هارتشون، الطبيعة الجغرافية مسح نقدي للآراء المعاصرة في ضوء الماضي، ت. د. شاكرخصباك، الجزء الثاني، مطبعة جامعة بغداد، سنة ١٩٨٥، ص٧٠.**

**[4] - حسن سيد احمد ابو العينين، جغرافية العالم الاقليمية، الجزء الأول، الطبعة السادسة، الدار الجامعية للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٨١، ص١٥.**

**کوردستان:**

**ئەگەرچی نووسەران و توێژەران پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کوردستان کـردووە، بەڵام هەموویان لە ناوەڕۆك و ئامانجدا یەك مەبەستیان هەیە ئـەویش پەیوەسـت کردنی نەتەوەیەکە بە یەکەیەکی جیۆگرافییاوە. بەڵام خاڵی نـاکۆکی و جیـاوازی لەدیاری کردنی سـنووری ڕامیـاری ئـەو یەکـە جیۆگرافییەدایـە!، ئـەویش لـە کۆمەڵێك هۆکاری ڕامیاری و نەشارەزایی و دەمـارگیری نەتـەوەییی و ئـاینی و... سەری گرتووە .**

**بۆیە بەپێویستی ئەزانم چەند پێناسەیەکی چـەمکی کوردسـتان بخەمـە ڕوو، کەمەبەست لێی دەست نیشان کردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و ڕاستی مێـژوویی و جیۆگرافیەکان و دابەش بوونی ئەوکۆمەڵە مرۆییە یـە کـە بەنەتـەوەی کـورد ناسراون لە درێژەمانەوە لە سەرئەم خاکەنیشتەجێ بـوون. چـەمکی کوردسـتان ناوێکی لێکدراوە کە ئەوانیش:-**

## کورد [*] :-

**بریتییە: لە گروپێکی ئیتنیکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی هیندۆ ئێرانییەکان سەر بە خێزانی هیندۆ ئەوروپییەکانن لە چاخەکانی پێش مێژووە وە هاتوونەتە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و دەوروبەری... بە یەکێك لە دانیشتوانی دێرینی ناوچەکە دادەنرێت.**

---

[*] - کۆنترین تۆماری مێژوویی سەرزەمینی سۆبارتۆی دۆڵی دووزێ دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین کە بە نوسینی بزماری تۆمارکراوە. لەو کاتەدا ئەم نیشتمانە لە ناوچەکانی جەزیرە و قامیشلی و عاموداو حەسەکە لە سەر ئاوزێڵی ڕووباری دیجلە و خابور بووە. نازناوی(کوردا Kurda) لە تابلۆ بزماریەکاندا ئاماژەیە بۆ بەرزونزمی جوگرافیا، و تێکستە ئەکەدیەکان زەویەکانیانی دیاری کردووە لە ناوچە نزیکەکانی[ki] kahat [mat](تەل باری نوێ)کەدەکەوێتە سەر ڕووباری خابور کە ڕۆژێك دوورە لە شاری حەسەکە کە دەکەوێتە ئاڕاستەی باکووری خۆرهەڵات لە سوریا.
هەروەها زانای بەناوبانگی شوێنەوارناسی فەڕەنسی پیوردانجی(thureu dangin) نازناوی جوگرافی سێیەمی دۆزیەوە لە شێوەی(-ka.kar-da)کە تۆمارکراوە لە دوو تۆماری بزماری لەسەر دوو تابلۆی جیاواز تۆمارکراوە کە مێژوە کەی دەگەڕێتەوە بۆ(٢٠٠٠)پ. ز کەتەنها لە خوێندنەوەی بڕگەی یەکەمی ئەم نازناوە لە شێوەی(-ka)دڵنیانیە لەگەڵ ئەوەشدا گۆکردنی لەوشەی(K)نزیکترە وەك لە(Q).
بەڵگە نوێ یە هاوچەرخەکان جەخت دەکەن کە ناوچەی سوباریەکان کەوتۆتە سەرئاوزێڵی فوڕات کە بە دوو ناوی نزیك یەکی لێنراوە(kurda)یان (qurda). کە بۆ یەکەمین جار نازناوی نەتەوەیی کورد دەردەکەوێت لەسەرەتای چاخی مێژوویی. هێما وێنەییەکانی سۆمەریەکان($\Delta^{\Delta}\Delta$)ئاماژەیە بۆ چیا لە هەزارە چوارەمی پ. ز.، پاشتر بە شێوەی کور(kur)گۆکراوە پاشتر بووە بە شێوەی پیێ( ╙ )و گۆکراوە بە(tu-)یان(tum)و هەروەها(du-)یان(dum-)  کەمەبەستی لێی چەمکی("stan"state)ئارام گرتن یان نیشتەجێ بون، لە سەرئەم بنەمایە دوو وشەی لێکدراوی(kur-tu)یان(kuŕdu)لە سۆمەریدا بە چیایی یان چیاییەکان هاتبوو لەو کاتەدا وشەی کۆتایی(a-)یان لە نازناوی(a- kurd) وشەی ئامرازی پەیوەندی یان مەبەست بووە کە خۆریەکان بەکاریان هێناوە پاشتریش ئەوراتییەکان لەوکاتەوە نەرام سین هەستا بە هێرش بردن بۆ سەرنیشتمانی سوبارتو لە(٢٢٣٥-٢١٩١)پ.ز.
هەروەها لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین لە تۆمارە ئاشوریەکاندا نازناوی دانیشتوان هاتوە بەکورتی یان کوردی(kûrti ‹ kurdi)، سبایرز(١٩٣٨)دەڵێت کوتی یان کورگی یان کورتی یان(qurṯi)نازناوێکی سەربەخۆیە لە سەرەتادا بەکارهاتوە بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەخێزانی گۆتی بون کەلە سەرخۆ لەناوچەکانی باکووری دۆڵی دوو ڕووبار بلاّوبونەتەوە.
کاتێك کەخۆرهەڵات ناسەکان دەربارەی خوێندنەوەی نازناوی(qurṯi)پێشنیاریان کرد بە پەیوەست کردنی بە شێوەی یۆنانیەکان(kupotioi)وەك دەردەکەوێت لای بولیبیوس وتیتوس لیفوس وسترابو. داریڤەر پێی باش بو پەیوەستی بکات تاوەکو هەمووی بن بە نازناوی کوردی نەتەوەیی. لە کۆتایی دا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کورتی(kuptioi)شێوەیەك لە شێوەی نازناوە کە لە دانیشتوانی کوردستانی کۆن نراوە.
داریڤەرلە شێوە تۆمارە بزماریەکان و سەرچاوە یۆنانی و ڕۆمانیەکان و سریانیە کان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زنجیرە ناوێکی هاو واتا کەپەیوەستن بەناوی(KαPδυχοι)(کەردوخوی)وەك گەسنەنۆن(xenophon)لە کتێبی(kar-da-ka)(ئەنا باسیس)بە نازناوی کوردی هاوچەرخ باسی کردووە.
ئارامیەکان بە(kard)یان ووتوە(بیت قردو)بە هەولێریشیان ووتوە(سەرزەمینی بەرزی قردو)، بە ئەرمەنی بەنیشتمانەکەیان ووتراوە کۆردۆخ(kordukh) کە لە دیاربەکری ئێستا گردبونەتەوە، هەروەها لە سەردەمی ئیسلامەکانیشدا بەم گەلە ووتراوە(الأکراد)لە بری(gord)یان (corduênê). بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمکی کورد بڕوانە: جمال رشید احمد، ظهور الکورد في التأریخ، الجزء الأول، الطبعة الأولی، مطبعةوزارة التربیة- أربیل، سنة٢٠٠٣، ص٨-٢٦.

ستان[*]:- بەمانای شوێن یان جێگە دێت.

کوردستان[**]:

نەوشیروان مستەفا دەڵێت کوردستان واتە:- "شوێنی ژیانی کورد"[1]. هەروەها قاسملوو دەڵێت:- "کوردستان واتە ولاتی کوردان"[2]. جەلال تالەبانی دەڵێت:- "کوردستان بریتییە لەو زەویەی کە کوردەکانی تیایا نیشتەجێ بووە لەگەڵ کەمایەتی تری نەتەوەیی لە مێژەوە"[3]. هەروەها دکتۆر شاکرخەسباك دەڵێت:"کوردستان بەمانایەکی نەژادی ئەو وڵاتەیە کە کورد تیایدا دانیشتوە، بەلاّم سنووری جوگرافی ئەم زاراوەیە هەموو جارێ لەگەڵ سوچی نەژادییەکەیدا ڕێك نیە"[4]. هەروەها فائق سامەرائی دەڵێت:-"کوردستان بە فراوانترین مانای وەك کۆمەڵێکی یەکگرتوی چوونیەك شوێنێکە کورد تیایدا نیشتەجێ بووە"[5].

---

[*]- دکتۆر فارووق عومەر سدیق پسپۆر لە ئیتمۆلۆژیا دەڵێت: ووشەی(ستان)لە زمانەوانی کوردیدا پێی دەوترێت(پاشگر)، ئەم(ستان)ە بە پێی زانستی ئیتمۆلۆژی(دراسەیەکی مێژوویی وشەکە)لە ڕووی پێکهێنانیەوە ئەبێت بە دوو بەشەوە بەشێکیان ڕەگە کە(ستا)یە، بەمانای چەسپاندن استقرار(تثبیت)بوونی شتێك لە شوێنێکدا دێت، لەگەڵ(ان)کە چۆتە سەری پاشگرێکە بەمانای شوێن ئەگەیەنێت وەك گەرمیان یان بیابان، کەواتە(ستا+ ان)مانای شوێن ئەگەیەنێت، دیدار لەگەڵ دکتۆر فارووق عومەر سدیق،زانکۆی سلێمانی، لەبەرواری٢٠ی ئایاری ٢٠٠٩.

[**]- کوردستان وەك ناوی هەرێمێك و زاراوەیەکی جیۆگرافی بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی سەلجوقییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمەوە(١١٥٠ز) بەکارهاتووەو(سەنجار-Sanjar)ی دوا پاشای سەلجوقییەکانیش یەکەمین کەس بووە، کەیەکێك لە هەرێمەکانی ولاتەکەی ناو ناوە کوردستان و" قەلاّی بەهار"کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری هەمەدان پایتەختی ئەو هەرێمە بووە، ئەو هەرێمە ئەو کات لە چەندین ویلایەتی خۆرهەلاّت و خۆرئاوای زنجیرە چیای زاگرۆس پێکهاتوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد نەقشبەندی، دەربارەی دەستنیشان کردنی سنووری کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢، ساڵی سێیەم، تەمووزی١٩٩٤،ل٦.

[1] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد عەجەم مێژوویی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٥، ل٥.

[2] - عبدالرحمن قاسملو، کورد و کوردستان،و. عبدالله حسن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، ساڵی٢٠٠٧، ل١٣.

[3] - جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت، سنة١٩٧١، ص٣٨.

[4] - شاکرخصباك، الکرد و کوردستان، و. ئەمین موتابچی، چاپخانەی کامەران، ساڵی١٩٦١، ل٢١.

[5] - ئازاد نەقشبەندی، دەربارەی دەست نیشان کردنی سنووری کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٢)، ساڵی سێیەم، تەموزی١٩٩٤، ل٧.

هـــەروەها بـــەپێی بڕیـــاری کۆمەڵـــەی گـــەلان لـــە ســـاڵی(١٩٢٥)دا دەبوایـــە هەرێمێکی خۆجێی بۆ کوردەکانی عێراق دیاری بکرایە بەلاَم ئەم بڕیارە لە لایەن حکومەتی(عبدالمحسن)ەوە پشت گوێ خرا[١]...

لە دەستووری کاتی یەکەم حکومـەتی کۆمـاری عێـراق بـە سـەرۆکایەتی عەبدولکـــەریم قاســـم لـــە (٢٧ی تـــەموزی١٩٥٨)دا لـــە مـــادەی ســـێ دا دەڵێت..."عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا"، کە ئەمە دان پێدانانێکی فـەرمی حکومـەتێکی عێراقیـە بـە هاوبەشـی کـورد لـە خـاکی عێـراق دا ، بەمانایەکی تر کورد بە ڕووبەرێك زەوی بەشدارە لە عێـراق کـە بـە کوردسـتان ناسراوە...[٢]

هەروەها ئەدمۆنز ئەڵێت:-"کوردستان بەمانایەکی فراوان نیشتمانی کوردە... ئەم نیشتمانە بەش بەش کراوە لە نێوان تورکیـا و عێـراق و ئێرانـدا، پـوازێکی کوردنشینیش لەناو یەکێتیی سۆڤیەت هەیـە"[٣]. هـەروەها لازاریـف دەڵێـت:-" کوردســتان"نیشــتمانی کــورد"نیشــتمانی مێــژوویی گــەلی کــوردە ســنووری جوگرافیای دیاری کراوی نیە...جـەنگ و داگیرکـاری و کـۆچ پێکـردن نەخشـەی گۆڕیوە... ئەو زەویەیە کـە کـورد بەشـێکی گـرنگ و بنـەڕەتی دانیشـتوانەکەی پێکدەهێنێت"[٤]. هەروەها لە پەرتووکی کوردو کوردستانیشدا دەڵێـت:- "کـورد لە ناوچەیەکی فراوانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادایە کە بە کوردستان واتە وڵاتی کـوردان دەناسـرێت. وشـەی کوردسـتان تـەنها واتەیـەکی ئـەتنۆ- جیـۆگرافی دەگەیەنێ، چوونکە نە لە ڕابوردوو نە لە ئێستاشدا دەوڵەتێك بەنێوی کوردستان نەبووەو نیە لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان وەك وڵات بە درێژایی چەندین سەدە هـەر

---

[١] - فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية - السليمانية، سنة ٢٠٠٤، ص٢١- ٢٢.

[٢]- زانكۆ دی پۆلی، کۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بـە بـەراورد لەگـەڵ مادەکانی دەستورە عێراقییەکاندا، چاپی یەکەم، بە بێ ناوی چاپخانە، ساڵی ٢٠٠٥، ل١١٧-٢٦٠: ب- نبيل عبدالرحمن حياوي، دساتير جمهورية العراق، المكتبة القانونية- بغداد، بدون سنة الطبع، ص٦٨-٧١.

[٣] - سي. جي. ادموندز،كرد وترك و عرب، ت. جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية- اربيل، سنة١٩٩٩، ص٧.

[٤] - م.س. لازاريف واخرون، تأريخ كردستان، ترجمة د. عبدي حاجي، الطبعة الأولى، مطبعة حجي هاشم- أربيل، سنة ٢٠٠٦، ص٣٠.

له ئارادا بووه"[1]. هەروەها هی[2]و ڤیلیجڤسکی[3]دەڵێن:- "کوردستان واتــه ولاّتــی کوردان"، هەروەها پرۆفیسۆر جۆیس بلو دەڵێــت:-"کوردســتان واتــه نیشــتمانی کوردەکان و لەناو دڵی ئاسیای ناوەڕاستدایه"[4]. هەروەها درك کینیــان ئــەڵێت:- "وشەی کوردستان بەمانای خاکێکه کوردان تیایدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێك دەهێنن و ژمارەیان له ژمارەی کەمینەکانی ئەویَ زیاتره[5]"...

لێــرەدا ئەگەینــه ئــەو بڕوایــەی کــه کوردســتان بریتییــه لــە:- زاراوەیــەکی جیۆگرافی و نەتەوەیی و ڕامیاری، کەوتۆته ناوجەرگەی خۆرهــەلاّتی ناوەڕاســت، نەتەوەی کوردی لەسەر ئەژی لەگەڵ چەند کەمایەتیەکی تردا، لەســەر نەخشــەی ڕامیاری نێودەوڵەتی ســنوورێکی ڕامیــاری دان پێــدانراوی نیــه و بەســەر چــوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش کراوە... ئەڵقەی بەیەك گەیاندنی خاك و گەلی فــارس و تورك و ئەرمەن و عەرەبە.

## تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

جیۆگرافییای هەرێم(سروشتی و مرۆیی)کەسایەتییەکی تایبەتی بەخشــیوەتە هەرێمی کوردستان کە بە گشتی جیاوازە لە بەشە عەرەبییەکەی عێــراق. لێــرەدا هەوڵ دەدەین زۆر بەکورتی هەندێك لە جیاوازی هەرێم لە بەشەکەی تری عێــراق دەست نیشان بکەین:

---

[1] - م. س. لازاریف، کوردو کوردستان فاکتەری دروســت بــوونی کێشــەکە، و. د. جــەبار قــادر، لــە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٠، ل١٧.

[2] - دبليو. أر. هی. سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ت.د.فؤاد جميل، الجزء الأول، مطبعة الجاحظ- بغداد، ١٩٧٣، ص٥٢.

[3] - ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کوردو کوردستان لەکۆمەڵە ووتارێکی مێژوویــیدا، و. ئــازاد عوبێــد ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ساڵی٢٠٠٥، ل١٥٢.

[4]- جویس بلو، دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. لەفارسیەوە، کارزان محمد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی٢٠٠٤،ل١٣.

[5] - درك کینیان، کوردو کوردستان کورتەیەك لە مێژووی کورد، و. ئەبوبــەکر خۆشــناو، چــاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩، ل٥.

١- تايبەتمەندییە سروشتییەکان:-

أ - هەرێمی کوردستانی عێراق پارچەیەکی دانەبڕاوە(سروشتی و مرۆیی) لە نیشتمانێکی گەورەتر کە کوردستانە، پەیماننامە و بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان... بەر پرس بون لە لکاندنی بە عێراقی عەرەبییەوە لە سالأنی(١٩٢٥-١٩٢٦)ی سەدەی ڕابوردوودا.

ب- پێکهاتەی جیۆلۆجی خاکەکەی سروشتێکی تایبەتی بەخشیوەتە هەرێم، بەگشتی خاکەکەی لە چیا پێکهاتوە، چیاکانیش لە بەردی ئاگرین و نیشتەنی و گۆڕاوە... دروست بوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی چاخی جیۆلۆجی سێیەم و سەرەتای چاخی جیۆلۆجی چوارەم، واتە لە چاخی میوسینەوە تا چاخی پلاستۆسین، بە گشتی بۆتە هۆی چەمانەوە(قوپان و قۆقز)و شکان، کە دەرئەنجامی جیاوازی پلەی بەرزین لە چیاکاندا[1].

ت- بەرزونزمی: هۆکارو گۆڕانە جیۆلۆجییەکان لە چاخە مێژووییەکان... بەرپرسن لە بەرزو نزمی لەهەرێمدا. بۆیە دەبینین بەرزاییەکانی هەرێم درێژکراوەی سروشتی ناوچەکانی دەورو بەرە، وەك زنجیرە چیای زاگرۆس و گری ی ئەرمینای(Armeniankont)و زنجیرە چیای تۆرۆس[2]. بەگشتی بەرزاییان لە کەمتر(١٠٠)م لە باشووری خۆرهەلأت دەست پیێ دەکات تا بەرزایی(٣٦٠٧)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە چیای حەسارۆست. بەهۆی ئەم هۆکارەو پێکهاتەی جیۆلۆجی چیاکان، دیاردەی ئەشکەوت بەدی دەکرێت.

پ- ئاووهەوا: شوێنی ئەسترۆنۆمی و بەرزاییەکان و ڕووبەرە ئاوییەکانی دەوروبەر و نەوراییەکانی(كتل هوائية)دەریای ناوەڕاست... ئاووهەوایەکی

[1] - جزا توفيق طالب، اقليم كوردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، اطروحة قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة دكتوراه فلسفة في الجغرافيا السياسية، منشورة، سنة٢٠٠٤، ص٣١.

[2] - سوران حمة أمين احمد، التحليل الجغرافي لخصائص الرياح في اقليم كوردستان العراق و امكانات استثمارها، رسالة مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية، غير منشور، سنة٢٠٠٧، ص٨.

تایبەتیان بەخشیوەتە هەرێم، کـە بریتییـە لـە ئاووهەوایـەکی شـێدارو نیمچـە شێدار[1].

ج- خاك: لە سەر ڕۆشنایی پـۆلێنی بیـورینگ(Buringh)بـۆ خـاکی عێـراق، خاکی هەرێم پێکهاتوە لە خاکی پێکهاتە سوور(البنیـة الحمـراء Reddish Brown Soil)و خـاکی پێکاتـەی ئەسمـەرە( البنیـة السـمراء، وخـاکی مـارۆنی ڕەش باو(کستنائی)و خاکی چیایی[2]... بە گشتی خاکی هەرێم کرداری بە خـوێ بـوونی تێدا ڕوونادات، تەنیا هەندێك جێگا نەبێت[3].

ح- سەرچاوە ئاویەکان: بەرزایەکانی هەرێم و هۆکارەکانی تـری بـەرپرس لـە دابـارین سروشـتێکی تایبـەتی داوەتـە هـەرێم کـە دابـارین لـە هەرسـێ جۆرەکەیە(باران، بەفر، تەرزە)لە وەرزەکانی پایزو زستان و بەهار دابارین دەبێـت. ساڵانە( ٢٥-١٠٠سم) باران دەبارێت[4]. ئەوە وای کردووە کە کۆگای گەورەی ئاوی ژێر زەمین دروسـت بێـت. و پاشـتر لـە شـێوەی کـانیو سەرچـاوە... دەردەکـەون، سەرەڕای ئەوەی کە بەفر لە هەندێك لە چیا و لوتکە چیا دەمێنێتـەوە تـا وەرزی هاوین، بە توانەوەیان ئەبێتە هۆی زیاد بوونی ئاوی سەرزەوی... بێجگە لەوەی کە جۆری ئاوەکەشی بەگشتی شیرینە. لە ئەنجامی زۆری بەرزو نزمـی ڕووی زەوی لـە هەندێك جێگە دیاردەیەك ڕوو دەدەت کە ناو دەبرێت بە تاڤگە.

خ - بەرگی ڕووەکی: هۆکارەکانی جیۆلۆجی و بەرزو نزمی و خاك و ئاووهـەوا و سەرچاوە ئاوییەکان, تایبەت مەندییەکی بەرگی ڕووەکیان داوەتـە هـەرێم بـۆ نموونە: ڕووەکی هـەرێم بـە گشـتی لـە ڕووەکـی خۆرسـك و گـژوگیای سـتیبس پێکهاتوە . دارستانەکان(٦٠٪)ی ڕووبەری چیاکان پێکدەهێنێت[5].

---

[1] - طارق خضرحسین، التحليل الجغرافي لخصائص درجات الأمطار في اقليم كوردستان العراق، رسـالة كلية الاداب في جامعة صلاح الدين- أربيل ، غير منشور، سنة٢٠٠٦، ص٨.

[2] - جزا توفيق طالب، أقليم كردستان العراق، دراسة في الجغرافيـا السياسـية، مصدرسـابق، ص٦٤-٦٦.

[3]- لەیلا محمد قارەمان،خاکی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێـراق، چـاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٩، ل٨١.

[4] - خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی یەکـەم، چاپخانەی تیشك - سلێمانی ، ساڵی ٢٠٠١، ل١٣٩.

[5] - محمد ازهر السـماك و آخـرون، العـراق دراسـة أقليميـة،الجزء الأول، دارالكتـب للطباعـة والنشـر، جامعة الموصل، سنة ١٩٨٥، ص٤٥.

**٢- تایبەتمەندییە مرۆییەکان:-**

**أ- نەتەوەی کورد ئاری نەژادن و لە کۆمەڵەی ئێرانیەکانە و سەر بە خێزانی هیندۆ ئەوروپییەکانە.**

**ب- پێکهاتەی نەتەوایەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی لە نەتەوەیی کورد پێك دێت کە زۆرینەیە لەگەڵ نەتەوەو کەمایەتیەکانی تری وەك عەرەب و تورکمان و ئاشووری...**

**ت- بیروباوەڕی زۆرینەی گەلی کورد بریتییە لە موسڵمان، جگە لە بوونی ئاینزاکانی تری وەك ئێزدی و کاکەیی و شەبەك...**

**پ- مۆرفۆلۆجی: مۆرفۆلۆجی دانیشتوانی هەرێم بە گشتی جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ عێراقی عەرەبی[١]، جگە لەوەی کە بە درێژایی زیاد لە چواردە سەدە کوردستانیان داگیرکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ژن و ژن خوازی لە نێوان هەردوو نەتەوەکە و کاڵ بوونەوەی سیفاتە مۆرفۆلۆجیەکانی هەردوولا، بەلاّم بەگشتی جیاوازی لە سیماو ڕوخساردا... هەربەدی دەکرێت.**

**٣- ئابوری: بەگشتی کاری سەرەکی دانیشتوانی هەرێم بریتی بووە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵ داری، لەبەر تایبەتمەندی بارودۆخی سروشتی وەك بەرزونزمی و ئاووهەوا... دانیشتوانی کۆنی کوردستان پیشەی سەرەکیان چاندنی بەرووبوومی دانەوێڵەو پاقلەمەنییەکان بووە، چاندنی ئەمانەش لە دەشتەکان یان ئەو زەویانە بووە کە توانراوە بە ئاژەڵ بکێڵدرێت و دابارینی مسۆگەر بووە، واتە کشتوکاڵیان دێمی بووە، جگە لەوەی کە ڕەز و باخیان لەقەد پاڵی چیاکاندا کردووە، هەروەها کاری شوان کارەیان کردووە و بە دوای لەوەڕ و پاواندا، گەرمیان و کوێستانیان کردووە.**

**[١] - أ- بدرخان السندي، المجتمع الكردي في منظور الاستشراقيين، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية- أربيل، سنة ٢٠٠٢، ص ٢٣-٢٤. ب- هنرى فيلد، جنوب كردستان- دراسة انثروبولوجية، ت.جرجيس فتح الله، الطبعة الأولى ، مطبعة التربية - اربيل، ٢٠٠١، ص٧٥-١٥٠.**

نەخشەی ژما رە(١)

**نەخشەی دابەش بوونی قەومی کورد بە کوێرەی خەریطە ی عەشایری کورد سیرمارك سایکس و خەریطەی ئەتنۆگرافی چوارعەصری دوایی عێراق مێجەرلۆنگەریك وخەریطەی لجنەی عصبە الامم وخریطەیەکی سری کە لە ساڵی ١٩١٢بۆ ظابطانی ایداری هندطبع کراوە و لەسەر معلوماتی انسیقلوبدیای اسلام...**



سەرچاوە: بە بێ هیچ زانیاریەك،بەغداد ، ساڵی١٩٣٠ ،بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

## هەرێمی کوردستانی عێراق

بریتییە لەو بەشـەی کوردسـتانی گـەورە کـە لـە سـاڵی(١٩٢٥)لـە لایـەن ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان بە فەرمی لکێنرا بە عێراقی عەرەبیـەوە، پاشـتریش لە ساڵی(١٩٢٦)دا بەپێ ی ڕێککـەوتنێکی فـەرمی حکومەتـەکانی(عێـراق و ئینگلیز - تورك) ئەو دابەش کردنە پەسەند کرا... پاشتریش لە لایـەن سـەرجەم ولاَتانی تری جیهان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### دژواریی دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان[*]:

زۆر دژوارە بـە شـێوەیەکی وورد و دروسـت لـە ئێسـتادا بتوانرێـت سـنووری ڕاستەقینەی نێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی فیدراڵ دەست نیشـان بکرێـت، لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری ڕامیاری و مێژوویی وئاینی... کەدەتوانین لە خالاَنـەدا ڕوونیان بکەینەوە:-

١- هۆکاری جوگرافیا:-

أ- بەرزونزمی: وەك بەربەستێك وابووە لە بەردەم یەکگرتنی گـەلی کـورد[**] لە بەر ئەوەی پەیوەندی کردن لەو ڕێیەوە سەخت و ئاڵۆز بووە بەتایبـەت بـەهۆی سەختیی چیاکان و دژواری ئاووهەواوە. ئەمەش وای کردووە چـەندین دیالێکـت و گۆڤەری زمانی جیاواز دروست بێت. سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لەو کۆمەڵە خێزان

---

[*] - ئەم دژواریە لە سەر ئاستی کوردستانیش بەدی دەکرێت، چونکە هەمان ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دژواری دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان، بۆ پارچەکانی تریش هـەمان هۆکـار هەیـە بەلاَم بە فۆڕمێکی جیاوازتر. بۆ زانیاری زیاتری گرفت و دژواریەکان بڕوانـە: ئیسـماعیل بێشکچـی، کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، و. ڕێبوار ڕەشید، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هـەولێر، ساڵی١٩٩٣، ل٣٦.

[**] - مەندوبی سامی لە بروسکەی ژمارە(١٤٢١٦)ڕۆژی(٢٧ تشرینی دوەمی١٩١٩)دا لـە وەلاَمـی نوئێل دا کە داوای کردبوو دەوڵەتێکی یەکگرتو دروست بێت دەڵێت"بەلای منەوە مەحاڵە کوردستان بە قەوارەیەکی سیاسی دابنێم چونکە کوردەکان لە زۆر شوێن بەتەواوی بلاَو بونەتەوە، بە پێی بوونی ئەو چیایانەی کە لەناوچەکەدا هەن، لە یەك دابڕاون، بۆیە بەلای منەوە کارێکی مەحاڵە کە بڵێم، لە توانادا هەیە یەکبگرن لە ژێر ئیدارەیەکی بیانیی بەهێزدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وەلیـد حەمـدی، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.محەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی، ١٩٩٩، ل٦٨.

و هۆزانەی کە لەو ناوچە دابڕاوانـە دا ژیـاون دەسـەلاتێکی خـۆجێی بچـووکیان پێکهێناوە، ئەمەش ئەم دوو مانایە دەدا:-

١- لاوازی بەرامبەر دوژمن و داگیرکەران.

٢- دروسـت بـوونی ململانـێ لـە ئـەنجامی زۆری کیـانی بچـووك لـە سـەر بەرژەوەندییە جیاوازەکان.

ب- شوێنی جیۆگرافی:-

١- هەرێمی کوردستان بە ناوجەرگەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دادەنرێت.

٢- سەرە ڕێگایەکی گرنگی کۆچ و بارو داگیرکردنەکان بووە.

نزیکی هەرێمی ئێستا لە هێزو ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی جیهان لەسەردەمە جیاوازەکاندا، هەمیشە جێگای چاو تێبڕین بووە، بۆیە دەبیـنین لـە دوای دروسـت بوونی دەوڵەتی ماددەوە بە شێوەیەکی گشتی داگیر کراوبووە. ئەگەرچی مەبەستی داگیرکردنەکانیش ڕاستەوخۆ خاکی کوردان(کوردستان)نـەبووبێت، بـەلام لەبـەر ئەوەی ڕێڕەوێکـی گـرنگ و پڕبایـەخ بـووە بـۆ تێپـەڕبوونی هێـزە داگـیر کـەرە مەزنەکان، بۆیە دەبینین هەمیشە داگیرکراو بـووە، بـۆ نموونـە هێـزی دە هـەزار سوارەی گەزنەفۆن بۆ بەهاناوە چوونی کۆرشی بچـووك بـە خـاکی کوردسـتان دا تێپەڕبووە.*

هەروەها ئەسکەندەری گەورە(سەدەی چوارەمی)پ. ز. بۆ گەیشتن بە هندستان بە خاکی کورداندا تێپەڕیوە... یان لە پرۆسـەکانی بلاوکردنـەوەی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلامیشدا دەبینین کوردستان یەکێك لە ڕێـڕەوو پـردە وشـکانیەکان بـووە بـۆ کشان بە ئاڕاستەی باکووری خۆرهەلات لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لە بەر ئـەوە دەبینین هێزی سەربازی موسـڵمانان بـە کـەمتر لـە دوو دەیـەی کۆچـی دەگەنـە ناوچەکە، سەرەڕای لەباری هۆکارە سروشیەکانی تر... ئەمەش بووە هۆی مانەوەی هێزە داگیر کەرەکان و لەناو بردنی ئـەو دەسـەلاتە خـۆجێی و میرنشـینانەی کـە کوردەکان دروستیان کردبوون، ئەمەش هۆکارێکی تر بووە لە دروسـت نـەبوونی کیانێکی کوردی.

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەسـەر چـۆنیەتی لـە شکرکێشـی لەشـکرەکە و چـۆنیەتی بەشـەڕهاتن لەگـەڵ کوردەکان بڕوانە: جۆناتان- سی ڕاندڵ، کوردسـتان یـان کلـۆڵیی نەتەوەییـەك، و. خەسـرەو شـالی، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی بەرهەم - سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣،ل٤١.

**٢- هۆکاری مێژوویی:-**

کوردستان له مێژه داگیرکراوه! ئەمەش ڕێگربووه له بەردەم دروست بوونی کیانێك له سنوورێکی دیاری کراودا، درێژەکێشانی داگیرکردنیان زەمینەی بۆ داگیرکەران ڕەخساندووه بۆ توانەوەی نەتەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەیی خۆیاندا، بۆ نموونه کوردەکانی کوردستانی عێراق، زمان و کتلور... ی عەرەبی زاڵ بووه به سەریاندا، هەروەها کوردەکانی ئێران فەرهەنگ و زمانی فارسی. به تایبەت ناوچەکانی لێکەوت (تماس) بەردەوام له کاڵ بوونەوەی مۆرکی نەتەوایەتی کورد بووه و بەردەوام مۆرکی بێگانه زاڵ بووه به سەریدا، به جۆرێك له ئێستادا هەندێك ناوچەی کوردستان بەهیچ جۆرێك مۆرکی کوردستانی بوونیان پێوه نەماوه.

**٣- ڕامیاری:-**

فەرمانڕەوا بێگانەکانی کوردستان زۆر بەتوندی کەوتوونەته چەوساندنەوەی گەلی کورد و کۆچ پێکردنی زۆره ملێ و به تالاْن بردنی هێزی مرۆیی بەناوی جیاجیا و ئابوریەکەیان بەناوی باج... بەتایبەت ئەم پرۆسەیه پاش دروست کردنی دەوڵەتی عێراق به شێوەیەکی نەخشه بۆ کێشراو پەرەی سەند، له سەردەمی ڕژێمی بەعس گەیشته لوتکه... نەك به ڕاگوێزانی دانیشتوانه ڕەسەنەکەی نەوەستا بەڵکو سنووره کارگێڕییەکانیشی گۆڕی، ژمارەیەکی زۆر له عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق و نەناتەت وولاْته عەرەبییەکانی* تریشی نیشتەجێکرد، جگه لەوه دەرئەنجامی ئاماره فەرمیەکانیشی گۆڕی.

* - حکومەتی عێراق نەك به عەرەبی عێراقیەوه نەوەستاوه بۆ تەعریب کردنی کوردستان، بەڵکو به عەرەبی وولاْتانی تری عەرەبیش تەعریبی ئەنجام داوه، بۆ نموونه به پێی یەکێك له نوسراوه نهێنیەکان به ژماره ٢٠/٨٨٥ له١/حوزەیران/١٩٩٧دا به فرمانی جێگری سەرۆك کۆمار، سەرۆکی لیژنەی باکور ڕاسپێدراوه بۆ گواستنەوه باری شارستانی هاوولاْتیانی میسری بۆ شاری کەرکوك... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: عارف قوربانی، کرکوك و التطهیر العرقي من وثائق النظام البعثي، ت. رعد بابان،الجزء الثاني، مطبعة ابراهیم خلیل، سنة ٢٠٠٥، ص٢٧-٤٣. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی بەعەرەب کردن له پارێزگای کەرکوك بڕوانه:أ-عارف قورباني، کرکوك والتطهیر العرقي من وثائق النظام البعثي، ت.رعد بابان،الجزء الاول، منشورات مکتب الفکر والتوعیة في الاتحاد الوطني

**٤- ئاین[*]:-**

**پاش ئەوەی گەلی کورد بەگشتی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان وەرگرت[**] پەیوەست بوون بە ئاینی ئیسلامەوە [***] ڕێنمایەکانی ئاینی ئیسلامیان جێ بەجێ کرد ئەمەش بووە هۆی:-**

**١- دەست هەڵگرتن لەئاینی پێشتری خۆیان و توانەوەیان لە ئاینی باوی ناوچەکە. کە ئەمەش زەبرێکی کوشندە بوو بۆ توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی**

---

الكردستاني، سنة٢٠٠٥، ص٥-١١٥. ب- عارف قورباني،كركوك و التطهير العرقي من وثائق النظام البعثي، ت. رعد بابان، الجزء الثاني،مصدر سابق، ص٥-٩٤.

[*] - لە ڕاستیدا هەڵە تێگەیشتن و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئاینی کوردەکان تاکە بەرپرس بووە لە دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی، ئەگینا ئاینی ئیسلام نەك ڕێگری نەدەکرد لە دروست بوونی کیانی کوردی، بەڵکو یارمەتی دەریش دەبووە لە هەڵگیرساندنی شۆڕش دژ بە داگیرکەران یان دروست بوونی کیانی سەربەخۆ . بۆ نموونە فارس و تورك، توانیان هێزی ئاین( ئیسلام )بە هەردوو مەزهەبەکەشەوە بەکاربهێنن لە دروست کردنی کیانێکی سەربەخۆ، ئەگەر چی موسڵمان بوونیان ڕێگر نەبوو لە یەکگرتنیان و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییان و جیا کردنەوەی سنوریی ڕامیارییان لە نەتەوەو گەلە موسڵمانەکانی دەوروبەریان، بۆ نموونە نەتەوەی عەرەب سەرەڕای هاوزمانی و هاو ئاینی دابەش بوون بەسەر(٢٢) یەکەی سیاسی جیاواز دا.

[**] - پاش ئەوەی کە لەشکری موسڵمانان بە سەرکردایەتی سعدی ابن وقاص، فارسەکانیان شکاند لە جەنگی قادسیە... لە(٦ی محرم ی ١٥)کۆچی (١٩شوباتی٦٣٦ز.)، هێزەکانی دابەش کرد لە ژێر فەرمانی فەرماندەیەکدا و هەریەکەیانی بۆ جێگەیەك نارد بەمەبەستی جەنگاندن لە پێناوی بلاْوکردنەوەی ئاینی ئیسلام... هاشمی بن عوتبی کرد بە لێپرساوی ئەو هێزەی کە ناردی بۆ جەلەولا... پاش ئەوەی کە دەستی بە سەردا گرت بنکەیەکی سەربازی لێ دامەزراند... بە گشتی(١٨-١٩ھ) یان(٦٣٩-٦٤٠ز)لە سەردەمی خەلیفە عمر ابن خطاب و لە سەر دەستی سەرکردە عەیازی بن غەنەم جەزیرە و هەموو باکووری عێراق کۆنتڕۆڵ کرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- نزار عبداللطيف الحديثي، تحريرالعراق، العراق في التأريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، سنة١٩٨٣، ص٣١٧، ب - انستانس ماري الكرملي، خلاصة تأريخ العراق منذ نشوءه الى يومنا هذا، طبع بمطبعة الحكومة بالبصرة، سنة ١٩١٩، ص٧١.

[***] - ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوویی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵبدەینەوە هەر لە ئەمەوی و عەباسی و قاجاری و سەفەوی و عوسمانی بۆمان دەردەکەوێت کە هەموویان کۆك بون لە سەر سەرکوت کردنی سەرجەم سەحوەی کوردی لە سەرخاکی کورد بە دەستی ئاسنین، لەو کاتەوەی کە فەرمان ڕەوایی ئیسلامی گەیشتۆتە کوردستان هەتا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی کە سەنتەری کۆتایی فەرمان ڕەوای جێنشینی(الخلافه) ئیسلامی بووە، دەبینین ئەو سستمانەی کە فەرمان ڕەواییان کردووە بەناوی ئیسلامەوە بە پێشەوایەتی(أمير المؤمنين )و(خليفة رسول الله) بەرپرس بووە لە دروست نەبوونی کیانی کوردی. بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: محسن محمد حسين، نشاهد صلاح الدين أم نحاسب انفسنا؟ استجواب قائد بعد ثمانمائة سنة، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية- أربيل، سنة ٢٠٠٢، ص٥-٦.

کورد [*]، جگە لەوەی بە جێ هێنـانی فرمانـە ئایینیـەکانیش دەبێـت بـە زمـانی عەرەبی بێت.

٢- ئاسایی بو بۆ فەرمان ڕەوایی کردنی ئـەم خـاك و نەتەوەیـە لـە لایـەن هەرکۆمەڵە گرو پێکەوە کە موسڵمان بن چـوونکە خـوای گـەورە لـە قورئانـدا فەرمویەتی (بسم الله الرحمن الرحيم ، يا أيها الناس إنّا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم إن الله عليم خبير، صدق الله العظيم)[١] ، هەروەها لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر دا(د.خ) جەخت لە نەبوونی جیاوازی کراوەتەوە لە نێوان موسوڵمانەکاندا بۆ نموونە (ليس لاحد فضل الا بالدين والتقوى)[٢] ، کە خـوای مـەزن و پێغەمبـەری خۆشەویسـت جیـاوازی ناکەن لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان[**] چ پێویست ئـەکات گـەلی کـورد دەسـت بـە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەوە بگرێت مادام هەمویان موسـڵمانن، بۆیـە بەگشـتی هەر زوو دەست بەرداری ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان بون. تەنانەت ئەمە لە ناوی کەسەکان و شوێنەکان و گفتوگۆو بیرکردنەوەی ڕۆژانـە[***] و تەنانـەت لـە جـل و

---

[*] - ئاین دەتوانێت ببێتە بەربەستێك و چوارچێوەیەك لە پاراستنی کیانێکی دیاری کراو، بـۆ نموونـە ئـاینی ئێـزدی بۆتـە بەربەسـتێکی بـەهێز بـۆ تێکـەڵاو نـەبوون لەگـەڵ موسـڵمانەکان بـە کوردەکانیشتەوە(هاو نەتەوەی خۆیان)و مانەوەیان لە ڕووبەرێکی جیۆگرافی دیاری کـراو دا، ئەمـەش ڕێگربووە لە توانەوەیان لە دانیشـتوان و ئـاینی بـاوی ناوچـەکە. جگـە لـەوەی دوژمنـان هەمیشـە توانیویانە بە هۆی ئاین و مەزهەبەکانیەوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن، هەنـدێك لـە گەلی کوردیش هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانییان بە ئاین یان مەزهەبێکی دیاری کراو گۆڕیوەتەوە، وەك هەندێك لە کوردە فەیلیەکان کە بە فەرمی چوونە پاڵ لیستی ئیئتیلافی شیعە لـە هەڵبـژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٧ی ئازاری ٢٠١٠.

[١]- سورة الحجرات، اية(١٣). ئەو ئایەتانەی کەباس لە یەکسانی نێوان موسڵمانەکان دەکات زۆرن بۆ نموونە (بسم الله الرحمن الرحيم ..ومن اياته خلق السنوات والارض و اختلاف السنتكم والوانكم ان في ذلك لايات للعالمين)، سورة الروم ، اية(٢٢).

[٢] - الأمام الحافظ أبي الفداء و اخرون، تفسيرالقرآن العظيم، المجلد الخامس، الطبعة الاولى، بيروت، سنة ٢٠٠١، ص٦٤.

[**] - ئیسلام وەك ئاینی ئاسمانی هیچ سنوورێك لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا دیاری ناکات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محسن محمد حسين، نشاهد صلاح الدين أم نحاسب أنفسنا؟ استجواب قائد بعد ثمانمائة سنة، مصدر سابق، ص٦.

[***] - بڕوانە هۆنراوە(شیعر)ی کلاسیکی کوردی کە وشەی بێگانە بە شێکی سـەرەکی هۆنراوەکـەی پێکهێناوە، کە دەتونین وەك پێوەرێك بەرکاری بهێنین بۆ زانینی بەکار هێنانی زمانی باوی ناوچەکە...

بـەرگی کوردەکانیشـدا ڕەنگـی دابـووەوە* ... بۆیـە دەبیـنین سـەرکردەی کـوردی موسڵمان سەلاحەدینی ئەیوبی ئەوەندەی بیری لە ڕزگار کردنی خاکی داگیرکـراوی موسڵمانان کردۆتـەوە(جەنگانـدن لـە پێنـاوی ئـاین)، ئەوەنـدە بـیری لـە دۆزی نەتەوەکەی و دروست کردنی کیانێکی نەتەوایەتی نەکردۆتەوە... هەروەها خوا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت(بسم الله الـرحمن الـرحيم، إِنَّـا أَنزَلْنَـاهُ قُرْآنًـا عَرَبِيًّـا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ، صدق الله العظيم)[1] سەرەڕای ئەوەی گەلی کـوردیش بـە گشـتی ئاستی خوێندەواری[2] و ڕۆشنبیری(ڕۆشنبیری گشتی لە ناویشـیدا ڕۆشـنبیری ئـاین یان ڕۆشنبیری نەتـەوەیی...)زۆر لاوازبـووە هەمیشـە تـاکی عـەرەب** و زمـانی عەرەبی بە پیرۆزتر زانیوە لە خـۆی و زمانەکـەی لـە بـەر ئـەوەی کـە قورئـانی پیرۆزیش بە زمانی عەرەبی نوسراوە بۆیـە هەمیشـە هـەوڵی داوە خزمـەت بـە زمانی عەرەبی بکات چ بە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بێت لە کارو باری ڕۆژانە یان فێرکردن یان ئەدەب.

---

* - ئەگەر بڕوانینە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان تەنها کەسانێك کە جل و بەرگی عەرەبی(الدشداشە) لە بەر بکات هەندێك لە پیاوانی ئایینین(مەلا)، هەروەها ئەمە هەر بە جل و بەرگی عەرەبییـەوە نەوەسـتا بەڵکو لە بەرئەوەی کە کوردەکان لە مێژە ژێر دەسـتەی بێگانـەن ، دەبیـنین هـەمان جـل و بـەرگی فەرمان ڕەواکانیان لە بەرکردووە، بۆ نموونە تا ڕۆژگاری ئـەمڕۆشمان کوردسـتانیان هـەن کـە جـل و بەرگی کەواو سەڵتە(زبون) لەبەر ئەکەن بە تایبەتی لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان... بۆ زانیـاری زیاتر بڕوانە: بدرخان سندي، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، مصدر سابق، ص٣٨٩-٤١٠.

[1] - سورة يوسف، آية(٢).

[2] - بە گشتی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار بووە، خودی خۆیان و بـارودۆخ... بـەر برس بووە لە نەزانین و نەخوێندەواریان بۆ نموونە: لە سـاڵی(١٩٥٧)دا(٨٨٪)ی دانیشـتوانی سـەرو تەمەنی پێنج ساڵ لە لیوای سـلێمانی کـە بـە پایتـەختی ڕۆشـنبیری ناسـراوە نەخوێنـدەوار بـوون. خوێندکارانی سـەرەتایی و ناوەنـدی پشـکی شـێریان لـە خوێنـدەوارەکان پێکهێنـاوە(واتـە تەمـەن منداڵەکان) کە ڕێژەکەیان دەکاتە(٧١,١٪). بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: الجمهورية العراقيـة، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعـة الاحصـائية لتسـجيل عـام١٩٥٧ لـوائي السـليمانية و كركوك، مطبعة العاني، بدون سنة الطبع ، ص٦٢-٦٣.

** - تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان کەسانێك هەن ئەچن بۆ سەر هەندێك گۆڕ بەناوی(مەزارگە) بە سـەحابە یان شەخس... ناوی ئەبەن بەمەبەستی گەیاندنی داخوازیەکانیان بە خوای گەورەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بۆ هاتنە دی ئاواتەکانیان، بە جۆرێك لەلای کۆمەڵێك کەسان بە پیرۆز ڕاگیراون، تەنانـەت دیـاری و شتی تریش لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆی، هەندێك لە گۆڕی شەخسەکان مەترێك یان چەند مەترێکی دی درێژی دەکەنەوە ئەمەش بۆ جیا کردنەوەیانە لە گۆڕی ئاسایی و پێدانی تایبەت مەنـدی و پـیرۆزی و مەزنی...

٥- كارگێری:

کارگێڕیش بە هۆکارێکی تری کوشندەی نەتەوەی کورد دادەنرێت کە کاریگەری هەبووە لەکاڵ کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەییی چوونکە لە وەتەی کورد لە ژێر فەرمان ڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووە هەمیشە زمانی فەرمی کارگێری زمانی عەرەبی بووە. ئەگەر لە مێژوویی سەدەی ڕابووردووش بڕوانین دەبینین کە خوێندن و سەربازی کردن و مامەڵە فەرمییەکان... هەمووی بە زمانی عەرەبی بوون ئەمە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی ناچار کردووە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو بارو دۆخەو بە ئاسایی وەرگرتنی ئەو گۆڕانە لە زمان و کلتوردا.

ئەم هۆکارانەی سەرەوە بە ڕادەی جیاجیا کاریگەرییان هەبووە لە سەر دروست نەبوونی کیانێکی کوردی و توانەوەی نەتەوەیی کورد لە سەر خاکی خۆی لە بۆتەی نەتەوە داگیرکەرەکاندا.

**دیاری کردنی سنووری هەرێم:**

لەبەرئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێ کرا، دیاری کردنی سنووری هەرێمی کوردستان ئەستەمە بۆیە ناچارین پشت بە بەڵگە مێژوویی و جیۆگرافی و دیدەنی گەشتیارو گەڕیدەکان و بیرو باوەڕی کەسانی ئەکادیمی و ڕامیاری و توێژینەوە زانستییەکان و نەخشەو دۆکیۆمێنت و ئینسکلۆپیدیای ولاتانی فەرمان ڕەوایانی کوردستان و ئینسکلۆپیدیای وولات و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ببەستین، لە پێشدا بیرو بۆ چوونی کەسایەتییە ئەکادیمی و ڕامیارییە... کوردەکان دەخەینە ڕوو:

١- بیروبۆچوونی کەسایەتییە کوردەکان:

" سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی خەلیفەکانی ڕاشیدین، بۆ نموونە لە ئەوەڵی ئیسلامدا لە زەمانی خەلافەتی حەزرەتی عومەردا بەشێکی وەتەنی کورد لەناو ولاتی(ئازەربایجان)دا وە بەشی ناوەڕاستیشی لە ولاتی(جەزیرە)نیشان دراوە.

عـــاميلى (والـــى)يشـــى فـــاتيحى مەشـــهور حـــەزرتى(عـــەيازى كـــورى غەنەم) ،(ر.ض)بووە لە دەورانى خەلافەتى ئەمەوى و عەباسيشـدا بـە فـەرقێكى كەم و زۆر، عەينى تەقسيماتى ئيـدارى قبـولّ كرابـوو، وولاّتـى كوردسـتان لـە ولاّتانى(جەزيرە، عێراق، جيبال، ئازەربايجان، مووكان و ئاران، ئەرمينە و رۆم )دا بووە"[١].

دكتۆر خەليل ئيسماعيل بەم شێوەيە سنوورى باشـوورو باشـوورى خۆرئـاواى هەرێم دەست نيشان دەكـات دەلّێـت"سـنوورى هـەرێم لـە ناوچـەى نـاو قـەدى عێراقەوە لە باشوورى رۆژهەلاّتى شارۆچكەى بەدرە لە پارێزگاى واست دەست پێ دەكـات بـەرەو بـاكوور تـا پـردى نـەوت لـە رۆژئـاواى شارۆچـكەى مەنـدەلى هەلّدەكشێ، بەتەنيشت بەرزاييەكانى حەمرينەوە تا فەتحە دەڕوا و شان بە شـانى ڕووبارى ديجلە سەردەكەوێ و لە باكوورى شارى موسلّ، بـەرەو باشـوورى رۆژئـاوا بەرەو شارۆچكەى حەزەر دا دەكشێت لەوێشەوە ڕوو دەكاتە رۆژئاوا بەرەو سـنوورى عێراق - سـوريا لـە بـاكوورى شارۆچـكەى بـەعاج"[٢]. هـەروەها دكتـۆر ئـازاد نەقشبەندى دەلّێت:-" لە سنوورى نێودەولّەتى عێراق - ئێران لـە نزيـك شـارى بەدرە و مەندەلى شارەبان و لەگەلّ زنجيرە چياى حەمرين دەكشێت تا لـە ڕووبـارى ديجلە دەپەڕێتەوە، لە ڕۆژئاواى ديجلـە لەگـەلّ چـياى مـەكحول و شـەنگار درێـژ دەبێتەوە تا سنوورى دەولى نێوان عێراق و سوريا"[٣].

هەروەها جەزا تۆفيق تاليب لە تێزى ماستەرنامەكەيدا بەم جـۆرە سـنوورەكە ديارى دەكات:-"هێلّى سنوور لە نزيك سنوورى عێـراق - ئێـران لـە مەنـدەلى دەست پێ دەكات، ڕوو دەكاتە باكوورى رۆژئاوا تا دەگاتە مەنسوريەى جەبەل و لە وێوە بە درێژايى لێوارى رۆژئاواى دەرياچـەى حـەمرين، ئينجـا شـان بـە شـانى دامێنى باشوورى زنجيرەى گردەكانى حەمرين دەڕوات تا دەگاتە لاى فەتحە لـەوێوە بەرەو باكوور هاو تەريب لەگەلّ ڕووبارى ديجلە تا دەگاتە باكوورى شارى موسـلّ،

---

[١] - محەمەد ئەمين زەكى بەگ،خولاصەيەكى تأريخى كورد و كوردستان لە زۆر قەديمـەوە تـا ئـەمڕۆ، بەرگى دووەم ، بەبێ ناوى چاپخانە- سلێمانى، سالّى٢٠٠٠، ص١٤.

[٢] - خەليل اسماعيل محمد، لێكۆلّينەوەيەك دەربارەى جوگرافياى سنوورى هەرێمى كوردستانى عێراق، گۆڤارى سەنتەرى لێكۆلّينەوەى ستراتيجى، ژمارە٣، سالّى٤، تشرينى يەكەمى١٩٩٥، ل١١.

[٣] - ئازاد نەقشبەندى، دەربـارەى دەسـت نيشـان كردنـى سـنوورى كوردسـتان، گۆڤـارى سـەنتەرى لێكۆلّينەوەى ستراتيجى، ژمارە٢، سەرچاوەى پێشوو، ل٢٢.

پاشان هێڵی سنووری هەردوو قەزای تەلەعفەرو شەنگار دەگرێتەوە لە سەر سنووری عێراق - سوریا کۆتایی دێت"[1]. هەروەها عەلائەدین سەجادی بەم شێوەیە ناوچە کورد نشینەکان دیاری دەکات"شارەکانی کوردستان لە عێراق: سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکوك، پێنجوێن، هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز، ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆك، شەنگار، خانەقین، کفری، مەندەلی، زەرباتیە، بەدرە" [2].

هەروەها جەلال تاڵەبانی لە دەست نیشان کردنی سنووری کوردستاندا بەم شێوەیە سنووری باشووری هەرێمی کوردستانی عێراق دیاری دەکات و دەڵێت:- "لەمەندەلیەوە بەتەریبی چیای حەمرین دەڕوات، لەگەڵ دیجلە دا یەکدەبڕن، بە هێڵێکی ڕاست بە ئاڕاستەی لیوای ئەسکەندەروونە درێژ ئەبێتەوە"[3].

هەروەها محەمەد مەردۆخی لە دیاری کردنی ناوچە کوردنشینەکاندا ئاماژە دەکات بە:-"ناوچەکانی هەردوو لیوای هەولێر و سلێمانی بەتەواوەتی و دەڤەرەکانی ئامێدی، ئاکرێ، شەنگار، شێخان، زاخۆ، دهۆك، باڵەییان، ئەدیابین، هیزل، لە لیوای موسڵ و ناوچەکانی ئەبو سەبرە، خانەقین، شارەبان، قەزانیان، قۆرەتو، مەندەلی، لە لیوای دیالە، ناوچەکانی داقوق، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك، کفری، دوزخورماتو، قەرەحەسەن، لەلیوای کەرکوك"[4]. هەروەها ئەمین قادر مینە ڕوون تر سنوورەکەمان بۆ دەست نیشان دەکات و دەڵێت:-"بەشێوەیەکی گشتی کوردستانی عێراق لە کوردستانی باشوور دەکەوێتە ناوەڕاست و باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری عێراق و هەموو ئەو خاکە دەگرێتەوە کە بە هێڵی ڕاست لە سنووری عێراق ئێرانەوە بە رەو ڕۆژ ئاوا دەکشێن تا دەگاتە خوارووی جەسان، لەوێوە هاوڕێك لەگەڵ سنووری عێراق - ئێران بەرەو ڕۆژئاوای بەلەدڕوزو شارەبان (مقدادیە)دەڕوات و لەوێش ڕا بەرەو چیای حەمرین هەڵدەکشێت ئینجا بەرەو

---

[1] - جزا توفيق طالب، سكان اقليم كردستان العراق، دراسة في الجغرافيا السياسية، تقدم بها الى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، وهي من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية ، منشور باللغة الكردية، سنة١٩٩٥، ص٢٢.

[2] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی ڕاپەڕینی کورد ، چاپخانەی نێرگز- شاری کورد ، ساڵی١٩٩٦، ل١١.

[3] - جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص٣٨.

[4] - سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی - سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦، ل١٩. وەرگیراوە لە محەمەد مەردۆخی کوردوکوردستان، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ساڵی١٩٩١، ل١٥-٣٠.

باکووری ڕۆژئاوا لەگەڵ زنجیرە چیای حەمریندا دەڕوات تا دەگاتە فەتحە، لە فەتحەدا لەگەڵ ڕووباری دیجلەدا بەرەو سەر هەڵدەکشێ، هەموو ئەو زەویانەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە بە کوردستان و هەموو ئەو زەویانەش کە لە ڕۆژئاوایەتی بە ناوچەی عەرەبی عێراق دەکەوێت، تا دەگاتە سەروی شاری موسڵ، لە سەروی موسڵیشەوە هێڵێکی ڕاست ڕوو لە باشووری ڕۆژ ئاوا دەکات و بە خوار تەلەعفەردا تێ دەپەڕێت تا دەگاتە ١٠ کیلۆمەتری باکووری شاری(بەعاج)ئینجا بەهێڵێکی ڕاست بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات و لەگەڵ سنووری عێراق - سوریا یەکدەگرێتەوە"[١].

هەروەها ئایەت محەمەد کەلهوری ناوچە کوردنشینەکان بەم شێوەیە دەست نیشان دەکات و دەڵێت:-"کوردستانی عێراق لە پێنج پارێزگای سلێمانی وکەرکوك و هەولێرو موسل و دهۆك پێکهاتوە جگە لەو پێنج پارێزگایە لە شارەکانی مەندەلی و خانەقین و کوت و عەمارەو زەرباتیە و عەلی شەرقی و عەلی غەربی و بەدرە لە پارێزگا عەرەبیەکاندا هەن، هەروەها ناوچەی کوردنشینی تریش هەن کە دابڕاون لە کوردستان وەك عەقرەو شێخان و زومار"[٢]. هەروەها نوسەری کوردی ئێرانی ئەمیر مسپور لە بڕوایە دایە کە سنووری باشووری کوردستان لە باشووری خانەقینەوە دەست پێ دەکات و بەتەنیشت زنجیرەی گردەکانی حەمرینەوە دەڕۆن، ڕوو دەکاتە ناوچەکانی باشووری کەرکوك و پردێ(ئاڵتون کۆپری) پاشان دەگاتە ناوچەکانی شاری موسڵ و شاری شەنگار تا سەر سنووری سوریا[٣]. لە نەخشەیەکی دابەش بوونی قەومی کوردی موحەمەد ئەمین زەکی کە لە کتێبی خولاصەیەکی تـأریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئەمڕۆ بە گوێرەی خەریتەی عەشایری کورد (سێر مارك سایکس)و خەریتەی ئەتنۆگرافی چوار عەسری دووای عێراق مێجەر لۆنگریك تا خەریتەی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان و خەریتەیەکی نهێنی ساڵی١٩١٢، کەمێژووەکەی

[١] - ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبیعس، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، ساڵی ١٩٩٩، ل١٤٨-١٤٩.

[٢] - آیت محمد (کلهر)، سیری در تأریخ سیاسی کردو کردهای قم،چاپ اول، انتشارات پرسمان،١٣٨٢، ص١٠١.

[٣] - خەلیل اسماعیل محمد، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جوگرافیای سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٣٢ دابەش بوونی قەوومی کوردی دەست نیشان کـردووە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

**٢ - سەرچاوە هەرێمیەکان:**

مەبەسـت لـەم کۆمەڵـە، هەنـدێك لـە نوسـەرو کەسـایەتییە ڕامیـاری و ئەکادیمیەکان و نەخشەی کۆنی مێژوویی هەرێمین، بەلاّم هەندێکیان فەرمان ڕەوا ڕامیارییەکانیان ڕووبەرێك لـە کوردسـتانیان داگیرکـردووە، بـەلاّم نووسـەرەکان مەبەستیانە لە ڕاستییە مێژوویی و جیۆگرافییەکان بدوێن:

لە(کتاب تقويم البلدان) ولاّتانی کورد، لەناو پێنج ئیقلیمدا نیشـان ئـەدات کەئەمانـەش:- حەوتـەمین ئیقلـیم، جـەزیرە: عیبـارەت بـووە لـە دیـاری مەحەزەر(رققە)، دیاری رەبیعە(موسڵ)دیاربەکر( ئامـەد)، حەوتـەم ئیقلـیم، عێراق، حەلوان، حەڤدەهەیەمین ئیقلیم، بیلاد ئەلرۆم، مەلاّتیە، تو فادو سیواس، هەژدەمین ئیقلیم، ئەرمینیـە و ئـاران ئازەربایجـان، مـران و بەرزەعـە، تـەبریز، ئەردەبیل، شەهرەزوور... الخ تیابووە [1].

"ڕەنگە ئیبن حەوقل کە کۆچکردوی(٩٩٧)ی زاینی یە یەکەم کەس بوبێت کە کوردستانی لە سەر نەخشەی هەرێمی جیهان دیاریکردبێ وبـەناوی(گـەرمیان و کوێستان)ناوی بردبێ"[2]. ئیبن خەلدونیش دەڵێت"چیای باریا لە عێراق نشینگەی کوردەکانە کە زێی گەورە و زێی بچووك کە دەڕژێنە سەر ڕووباری دیجلە دەکەونـە پشتی یەوە(چیاکە)"[3*]. هەروەها لـە دائـیرەی مـەعاریفی ئیسـلامدا بـەم جـۆرە پێناسەی جیبال کراوە: کۆی چیایە ئەم ناوە عەرەب لە عێراقی عەجـەمیان نـاوە

---

[1] - محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کورد وکوردستان لە زۆر قەدیمـەوە تـا ئـەمڕۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

[2] - سلێمان عبداللە، تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەرچـاوەی پێشـوو، ساڵی٢٠٠٦ ، ل١٥.

[3] - ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، بدون معلومات اخرى، ص٧٤.

[*] - ئەوەی شایانی باسە ئیبن خەلدون لە ل٦٣، ناوی جبل الأكرادي هێنـاوە... هـەروەها لـە ل(٧٤) باسی جبل شارەزوور ئەکات لەچوارچێوەی چیای عەجەم، هەمان سەرچـاوەی پێشـوو،ل٦٣و ٧٤. وەك دەزانین لەسەدەی هەژدەیەم دا کەرکوك ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بووە و لە ساڵی(١٨٧٩)بـەدواوە بو بە شارێکی گرنکی سەربازی و بازرگانی... ئەو ویلایەتە: عمر ابراهيم توفيق، كوردستانية منطقة كركوك، من منشورات مكتب الفكر والتوعية، في الأتحاد الـوطني الكردسـتاني، ط٢، سـنة ٢٠٠٦، ص٣٣.

ئەویش میدیای کۆنە[1]... کەواتــە تایبەتمەنــدیی جوگرافیــای سروشــتی عێراقــی عەجەمی لە چاو عێراقی عــەرەبی بــوونی چــیایە، کەواتــە ســنووری باشــووری هەرێم(عێراقی عەجەم) بەرزاییەکانی حەمرینە، هەروەها لە شوێنێکی تردا بەم جۆرە ناوچە کوردنشینەکان دەست نیشان دەکــات: لــە عێــراق دا کوردەکــان لــە باکوورو باکووری خۆرهەلأت دان، ویلایەتە کوردنشینەکان بریتین لە دهــۆك کــە بەم دواییانە لەموسڵ جیا بۆتەوە و ناوچەکانی شەنگارو شێخان هەیە کە کوردی ئێزدین، ناوچەکانی دیکەی کوردنشین بریتین لە کەرکوك و هەولێرو ســلێمانی و ویلایەتی دیالەو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی، لـــــــەو ناوچانەدا کوردەکــانی عێراق - ئێران هاو سنوورن هەروەها هەندێك کورد لە بەغــداد نیشــتەجێن کــە یەکسانن بە دانیشتوانی موسڵ[2].

دکتۆر شاکر خەسباك وەك ئەکادیمی یەکی عێراق توێژینەوەی زۆری لــە ســەر کورد کردووە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابــووردوو بــەم شــێوەیە ســنووری باشــوورو باشووری خۆرئاوای هەرێم دیاری ئەکات:- لە مەندەلیەوە دەســت پــیێ ئــەکات و بەرەو خۆرئاوای خەنــەقین تــێ دەپــەڕێت هــەتا دەگاتــە تەپۆلکــەکانی حــەمرین لەوێشەوە بەرەو زنجیرەی یەکــەم لــە چــیای شــێخان پاشــان وەردەچــەرخێت بــەرەو بــاکووری خــۆر ئــاوا بــە درێــژایی بەرزاییــەکان (تەپۆلکــەکان)هــەتا دەگاتــە فیشخاپوور لەسەر ڕووبــاری دیجلــە، پاشــان وەردەگــەڕێن بــەرەو خۆرئــاوا بــەرەو چیاکان[3]. هەروەها لەکتێبــی کــوردو کوردســتاندا هەرچــوار لیــوای(موســڵ و کــەرکوك و هــەولێر و ســلێمانی)و (خانــەقین و مەنــدەلیش)لــە لیــوای دیالــە بەکوردستانی عێراق دەناسێنێت[4].

هەوەها دکتۆرعەبدول مونعەم خەتاب جاسم بەم شێوەیە ســنوورەکانی هــەرێم دەست نیشان دەکات: باشووری کوردستان چیای حەمرینەو خۆرهــەلأتی ئێرانــەو باکووری تورکیایە و خۆرئاوای جەزیرەی عەرەبیــە[5]. هــەروەها ئیــبراهیم شــەریف

[1] - أحمد الشنتشاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد السادس، دار المعرفة، بيروت، بدون سنة طبع، ص ٢٦٩.

[2] - گروهی از مستشرقين برجسته، كرد در دايره المعارف اسلام، مترجم اسماعيل فتاح قاضى، چاپ أول، ناشر مركز و أدبيات كردي، ١٣٤٧، ص٤.

[3] - شاكرخصباك، الأكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، سنة١٩٧٢، ص٧.

[4] - شاکرخصباك، کوردوکوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[5] - دیدارێك لەگەڵ عبدالمنعم خطاب جاسم، سلێمانی، لە بەرواری ٢١نیسانی ٢٠٠٨.

دەڵێــت:" ئــەو پشــتێنە ســەربازگانەی کــە تورکــەکان دروســتیان کــرد، چ ســەلجوقییەکان بێــت یــان عوسمانییــەکان بۆتــە هــۆی جیــا کــەرەوەی ناوچــە کوردییەکان لەلایەك و عەرەبەکان لە لایەکی تر، کە لە مەندەلییەوە دەست پــێ دەکات بە خانەقین و قزلەبات و قەرەتەپەو کفــری و دوزخورمــاتوو و کــەرکوك و ئاڵتون کــۆپری و هــەولێرو موســڵ بــەرەو تەلەعفــەر تــێ دەپــەڕێت[1]. هــەروەها (عەبدولرەزاق حەسەنی) ناوچە کوردییەکان بەم جۆرە دەســت نیشــان دەکــات:- کوردەکانی عێراق لە شارو گوندەکانی ســنووری ئێــران عێراقــەوە بــە هێڵێکــی ڕاست درێژ دەبێتەوە لە چیای حەمرین هــەتا دەگــات بــە چــیای شــەنگار هــەتا دەگات بە سنووری عێراق - تورکی - سوری.[2]

هەروەها فائق سامەڕائی دەڵێت: چیای حــەمرین کــە دەیــان میــل دەکەوێتــە باشووری کەرکوك دەبێتە سنووری کوردستانی باشوور، زیاتر ڕوونــی دەکاتــەوە و دەڵێت سنوورەکە لە باشووری خۆرئاواوە بە قەراغەکانی(لێوارەکانی)بەرزاییەکان دەڕوات هەتا دەگات بەڕووباری دیجلە، پاشان بەرەوخۆرهەلاتی ڕووبارەکــەو دواتــر بــەرەوخوار دەڕوات و پاشــتر بــەرەو بــاکوور وەردەگــەڕێت لەگــەڵ بەرزاییــەکانی حەمرین بەردەوام دەبێت تا دەگاتە مەندەلی لە سەر سنووری عێراق - ئێران[3].

نەك نوسەرو ئەکادیمە عەرەبیەکان تەنانەت حکومەتەکانی عێــراقیش نــەیان توانیوە نکۆڵی لەو ڕاستی یە بکەن کە کوردستان بە خــاك و گــەل بەشــدارە لــە دروســـت کردنـــی عێـــراق دا ئـــەوەش زۆر بـــەڕوونی لـــە دەســـتووری کـــاتی ساڵی(١٩٥٨)و ڕێکەوتنی ئازاری ساڵی(١٩٧٠)دا دەردەکەوێت.

هـــەروەها لـــە نەخشـــەیەکی ئیمپراتۆریـــەتی عوسمـــانی کەدەگەڕێتـــەوە بـــۆ ساڵی(١٨٩٣)ی زاینی. تەواوی ولایەتی موسڵی بە کوردستان ناساندووە[4]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢).

---


[1] - جزا توفيق طالب، سكان اقليم كوردستان العراق، دراسة في الجغرافية السياسية، المصدر السابق، ص١٨.

[2] - عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، مطبعة العرفان - صيدا، سنة ١٩٥٨، ص٣٧.

[3] - جزا توفيق طالب، سكان اقليم كردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، المصدر السابق ، ص١٩.

[4] - خارطة مستحدثة لولايات العثمانية في اسيا ١٨٩٣، طبعت بمطبعة الأميركان - بيروت، سنة ١٨٩٣.

نەخشەی ژمارە(٢)    نەخشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەساڵی ١٨٩٣دا




مصدر: سهلة صابونجي، خارطة مستحدثة لولايات المملكة العثمانية في اسيا١٨٩٣، طبعت بمطبعة الامريكان- بيروت، سنة ١٨٩٣، بدون رقم صفحة.

**٣- سەرچاوە بیانییەکان:-**

**خستنە ڕووی سنووری باشووری کوردستان لە سەرچاوە بیانییەکاندا زۆر گرنگە چوونکە هەندێکیان داگیرکەری کوردستان بوون و هەندێکی تریان بەمەبەستی توێژینەوە هاتوونەتە ناوچەکە (فۆن هامەر)دەڵێت"لە عەسری چوارەمی هجری دا خەلکی موسڵ بە صورەتی عمومی کورد بووە"[١].**

**هەروەها لە ساڵی(١٨٧٠)(فریدیك میلینگ)ئەم ڕاستییە زۆر بە ڕاشکاوی تۆمار دەکات و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە زنجیرە چیای حەمرین سنووری خۆرئاوای کوردستانی گەورە و سنووری خواروو و خوارووی ڕۆژئاوای کوردستانی باشوور پێکدەهێنێت[٢]. لە شوێنێکی تردا لە ئاماژەکردن بە سنووری کوردستانی عێراقدا دەڵێت:- باشووری خۆرئاوای زنجیرە چیای حەمرین و ڕووباری دیجلەیە، درێژەی دەداتێ و دەڵێت لەم بەشەدا ڕەگەزی کوردو تورك وعەرەب تێکەڵە، لێرەدا هۆزی کوردی کۆچەری ئەبینرێت لە بەرامبەر کەناری ڕووباری دیجلە لە سەرو چیای حەمرینەوە، درێژەی دەدەتێ و دەڵێت: ڕەنگە هەندێك پێیان وابێت کەئەم دیاری کردنە شتێکی نامۆ بێت بەنسبەت جوگرافیەکانەوە، ڕەنگە شتێك بێت کە پاشا و وەزیرەکان ئارەزووی نەکەن‌و جێی نارەزایی هەندێك بێت کە حەزناکەن کورد لەو سنوورەدا هەبێت، بەڵێ سنووری خۆرئاوای کوردستان بریتییە لەزنجیرە چیای حەمرین کە هاوسێی دەشتی بەغداد و دیجلەیە[٣]. مێجەر نوئێلیش لە دیاری کردنی سنووری نەتەوەیی باشووری کوردستاندا دەڵێت"... لە(موسڵ)ەوە تا باشووری خانەقین نێزیك بە بناری چیاکان درێژ دەبێتەوە لە دەشتاییەکاندا دەمێنێتەوە"[٤]. هەروەها لە نەخشەکەی برۆکدا زۆر بە ڕوونی ناوچە کوردنشینەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە بریتین لە دەوروبەری مەندەلی**

---

[١] - محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان لە زۆرقەدیمەوە تا ئەمرۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٢] - سەعدی عوسمان هەروتی، سنووری کوردستانی باشوور لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ساڵی٢٠٠٧، ل٣٥.

[٣] - جزا توفیق طالب، سکان اقلیم کردستان العراق، دراسة في الجغرافیة السیاسیة، مصدر سابق، ص١٧.

[٤] - مێجەرنوئێل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف، و. سدیق ساڵح، چاپخانە وئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، ساڵی٢٠٠١، ل٥٧.

وخانەقین و تەواوی ناوچەکانی سەروی زنجیرەی حەمرین و ناوچەکانی باکووری پارێزگای موسڵ لەوانە دەوروبەری چیای شەنگار[1].

هەروەها هێنری فیلد لە ساڵی(١٩٥١)بەسەرۆکایەتی شاندێکی ئەنترۆپۆلۆجی گەیشتە کوردستانی عێراق لە سەر ئەرکی زانکۆی هارڤەرد بۆ توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی، لە دیاری کردنی سنووری خۆرئاوای ناوچەکانی قزلربات، کفری، کەرکوك، ئاڵتون کۆپری... بە کوردستان دەست نیشان دەکات[2]. هەروەها واسیلی نیکیتین دەڵێت: کوردو کێو شتێك نین لە یەکتری جیا بکرێنەوە... شارۆچکەی مەندەلی و کێوەکانی حەمرین (Hamrien)و شەنگاری بە سنووری باشووری کوردستان نیشان کردووە[3]. هەروەها دبلیو. ئار. هی. لە دیاریکردنی سنووردا دەڵێت: سەرجەم ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە کەوتونەتە خۆرهەڵاتی ڕووباری دیجلە و باکووری ئەو هێڵە کە لە مەندەلیەوە درێژئەبێتەوە تا نزیك ئەبێتەوە لە زێی بچووك[4]. هەروەها لویرا لوکیتز لە دەست نیشان کردنی سنووری کوردستاندا ئاماژە بە ڕووباری دیجلە و بەرزاییەکانی حەمرین دەکات وەك سنووری کوردستانی باشوور[5]. هەروەها لە کتێبی کوردو کوردستانی کۆمەڵێك لە نوسەران و پسپۆڕانی ئینگلیزدا هاتوە، بێجگە لە شارە سەرەکیەکانی کوردستان، شارەکانی کەرکوك و موسڵ و ئاڵتون کۆپری...) بە شاری کوردی نیشان دەکات کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن[6]. هەروەها لە بەڵگە نامەکانی بەریتانیادا[*]. کاتێك سنووری کوردستانی گەورە دەست نیشان

---

[1] - سلێمان عەبدوڵلا ئیسماعیل، تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[2] - هينري فيلد، جنوب كردستان، دراسة انثروبولوجية، مصدرسابق، ص٤١.

[3] - واسیلی نیکیتن، کوردوکوردستان، و. خالد حسامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، ساڵی١٩٩٧، ل١٥٠-١٥٢.

[4] - دبليو. ئار. هی. سنتان فی کردستان ١٩١٨- ١٩٢٠، مصدر سابق ، ص٥٨.

[5] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ت. دلشاد ميران، دارئاراس للطباعة والنشر- اربيل، سنة٢٠٠٤، ص٥٥.

[6] - کۆمەڵێك لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، کوردوکوردستان، و. حسێن عوسمان نێرگسە جاری و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ساڵی٢٠٠٢،ل٢٢.

[*] - بەریتانیا فاکتەرێکی بەهێزی پارچە پارچە کردنی کوردستانە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە جینۆسایدکردن و ئەو ئازار و مەینەتییانەی کە بە سەر گەلی کوردا هاتوە، بەڵام لێرەدا

دەكات، بەم شێوەیە سنووری كوردستانی عێراق دەست نیشان دەكات"... ئەو زەویانەی كە دەكەونە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و چیاكانی حەمرین، هەموو ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە جگە لە ناوەندی شاری موسڵ"[1]. هەروەها مینۆرسكی دەڵێت: بە شێوەیەكی گشتی ئەتوانین بڵێین كە كورد و چیا لێك جیا نابنەوە، هەرلەگەڵ دەشت دەستی پێ كرد ئیتر كوردەكان بە جێی دێڵن بۆ عەرەب.[2]

هەروەها وەك لە ئەرشیفی سۆڤیەتدا هاتوە ولایەتی موسڵ بە یەكێك لە ویلایەتە كوردنشینەكانی دەوڵەتی عوسمانی هەژمار كراوە[3]. هەروەها لە بەڵگەنامەیەكی بەریتانی بە ژمارە(f0371/3386)لە(١٤كانونی یەكەمی ١٩١٨)دا لە دیاری كردنی سنووری كوردستانی گەورە بەم جۆرە سنووری كوردستانی باشوور دیاری دەكات، هەموو ئەو زەویانەی كە دەكەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و چیای حەمرینەوە (كە سنووری وڵاتی فارس دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە)تا دەگاتە مەندەلی بە كوردستان دەست نیشان دەكات[4]. هەروەها ئەگەرچاوێك بخشێنین بە ئینسكلۆپیدیای زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا دەبینین لە هەموویاندا كەركوكیش[**] بەشارێكی كوردستانی دەناسێنن بۆ نموونە: لە

---

زۆر بەڕاشكاوانە سنووری كوردستانی عێراقی دیاری كردووە، ئەوهۆكارەی كەوا دەكات پشتی پێ ببەسترێت ئەمانەن: أ- دوژمنی سەرسەختی كوردو بزاڤەكەی بوون. ب- پاش ئەوەی كە عێراق و كوردستانیان داگیر كرد لە سەدەی ڕابوردوو، بۆ چەندین دەیە لە عێراق و كوردستان مانەوە شارەزایەكی هەمەلایەنی خاك و گەلی عێراقن.

[1] - ولید حمدی، كوردوكوردستان لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، و. موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩،ل٢٩.

[2] - مینۆرسكی، كورد تێبینی و وردبونەوە، و. بۆ عەرەبی مارف خەزنەدار و. لە عەرەبییەوە حەمە كەریم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، ساڵی ١٩٨٤، ل٣٣.

[3] - ئەفراسیاو هەورامی، كورد لە ئەرشیفی ڕووسیا و سۆڤیەتدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی٢٠٠٦، ل٧.

[4]- وەلید حمدی، كوردو كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨-٢٩.

[**] - لە ساڵی(١٢٨ی)پ. ز. شانشینێك لە هەرێمی ئەربخا دروست بوو لە لایەن بنەماڵەی ئەیزدینی سەكسی، ناوچە گەرمەكەی باشووری بە گەرمكان (Garmakan)واتە (گەرمیانی كوردی)ناو دەبرا بە عەرەبی پێیان دەووت جرمقان(جارامیقا یان جرمیق)بەڵام ناوچەی ناوەندی كە كەركوك مەڵبەندەكەی بوو لای سریانیەكان بە(Bêgermê )(شارەزوور) ناسرابوو... بڕوانە: جمال رشید، كركوك في العصور القديمة، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية- اربيل، سنة٢٠٠٢، ص٤٤.

ئینسکلۆپیدیای ولاّتی بەریتانیا هاتوە کە: شاری کەرکوك دەکەوێتە دامێنی لێواری چیای زاگرۆس لە هەرێمی کوردستانی عێراق[*].

ئینسکلۆپیدیای گەورەی ولاّتی دانیمارك پێناسەی شاری کەرکوك بەم جۆرە ئەکات:- کەرکوك شاری چاڵگە نەوتەکان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاّتی عێراق سەر بە کوردستانە. هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ولاّتی نەرویج یشدا هاتووە:- کەرکوك شارێکی کوردستانی عێراقە. هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ولاّتی ئەڵمانیا دوای پێناسە کردنێکی ورد و قووڵی شاری کەرکوك دەڵێت:- بەپێی مێژوو شاری کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان، هەروەها لەو نەخشەیەی کە لە ئینسیکلۆپیدیای ولاّتی سوید کێشراوە کەرکوکی بە ڕەنگی جیاکەرەوە دیاری کردووەو لەناو چوارچێوەی نەخشەی کوردستاندا دانراوە[١]، هەروەها لە یەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکیدا شاری کەرکوکی بە شارێکی کوردستان ناوبردووە[**]. بە سەرنج دان لە ئنسکلۆپیدیای ولاّتانی ناوبراو دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە:- "کەرکوك شارێکی کوردستانیە". ئەگەر هەڵوێستەیەك بکەین لە سەر ئەو ڕاستییەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت باشووری شاری کەرکوك دەبێت بە باشووری هەرێمی کوردستان. واتە باشووری بەرزاییەکانی حەمرین .

هەروەها لەنەخشەیەکی سەدەی هەژدەیەم دا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٧٩٤) کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تیا دەست نیشان کراوە لە کیشوەری ئاسیادا، تەواوی ولایەتی مووسڵی بە یەکێك لە ویلایەتە کوردیەکان(کوردستان)دەست نیشان کردووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣)، هەروەها لە نەخشەکانی سەدەی نۆزدەیەم دا ئاماژە بە نەخشەیەکی ساڵی١٨٩٥ دەکەین کە دەوڵەتی تورکیا لە کیشوەری ئاسیا دا زۆر بەڕوونی ولایەتی موسڵی بە ولایەتێکی کوردستانی گەورەی ناو دەوڵەتی تورکیا دەست نیشان کردووە،

---

[*] هەمان سەرچاوە وەرگیراوە لە الموسوعة البريطانية، مادة كركوك ( Encyclopaedia Britannica,kurkuk) تێکستەکە بەم شێوەیە هاتوە( kirkuk is located near foot of the zagros mountains in the Kurdistan region of iraq)

[١] - ئەحمەد عەزیز، ڕاستی شاری کەرکوك لە نێوان ڕابوردوو باری ئەمڕۆدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی canmatabaacilik، ساڵی٢٠٠٧، ل ٩- ١١.

[**] - شەمسەدین سامی، کوردو کوردستان لەیەکەمین ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، ئامادە کردنی بۆ تورکی نویّ م. ئەمین بۆز ئەرسلان، و. بۆ کوردی ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم- هەولێر، ساڵی٢٠٠٨، ل٢٥٨.

نەخشەی ژمارە(٣)      نەخشەی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٧٩٤




Source :Mons x. Danville, Anew map turkeyain asia,puplished by laurale,addition with several, without any extra information.      ٩٠

نەخشەی ژمارە(٤)        نەخشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٩٥




Rand.mcnally&cos,map of turkey in asia.without extra information

بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤)، هەروەها لە نەخشەیەکی سەرەتای سەدەی بیستەم کە مێژووەکەی بۆ سالّی(١٩٠١)دەگەڕێتەوە هەر وەك نەخشەکانی تر ولایەتی موسلّیان بە ولایەتێکی کوردستانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوبردوە و لە دوو ویلایەتەکەی بەغدادو بەسرەی جیا کردۆتەوە کە بە عێراقی عەرەبی ناوی بردوون.بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥).

پاش ئەوەی کە لیژنەی کۆمەلّەی گەلان هاتنە ناوچەی ململانێ(ولایەتی موسلّ)دەستیان کرد بە لێکۆلّینەوەو توێژینەوە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی، گەڕانەوە بۆ سەرچاوە عەرەبیە کۆنەکان لە سەرچاوەی مێژوویی و جیۆگرافی و ژمارەیەکی زۆر لە نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی ئەوروپی نێوان سەدەکانی شانزەیەم وبیستەم و ژمارەیەك لە پەرتوکی گەڕیدەکان لە کاتە جیاوازەکاندا و ئەو پەرتوکە جیۆگرافیانەی کە ڕاستی بەلّگەکان ئەسەلمێنن و پەرتوکە جیۆگرافیەکانی پرۆگرامی خوێندنی خوێندنگای ناوەندی لە میسر، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە"بەشێوەیەکی گشتی هەرگیز نە دانراوە و نە باس کراوە ناوچەی ملانێ[*] بەشێك بێت لە عێراق، ناوی عێراق لە سەردەمی ڕابوردودا لە لای دانیشتوانەکەی ناسراو نەبووە وەك ناوی نیشتمانەکەی خۆیان. بە شێوەیەکی گشتی ناوی نێوان دوو ڕووبار لای عەرەبەکان ناسراو بووە، ناوی عێراق ناوێکی خۆرئاوایی بووە نەناسراو بووە لایان"هەروەها بە پێی ئەو سەرچاوانە خاکەکە بۆ سێ ناوچە دابەش بووە، بە پێ ئەو دابەش بونە ئەوپەڕی سنووری باکووری عێراقی عەرەبی لە هیت - تکریت یان لە چیای حەمرین تێ پەر نەبووە[١].

هەروەها بەپێی ئەو ئامارانەی کە حکومەتەکانی تورکیا و بەریتانیا و عێراق پێشکەشیان کرد لە دانوستانی یەك لایی کردنەوەی کێشەکە، ژمارەی نەتەوەی کورد نەك هەر زۆرینە بەلّکو بەشی سەرەکی دانیشتوانی ویلایەتەکەیان پێك هێناوە، بێجگە لەوەی کە ئامارەکان ژمارەی کوردەکانی بەشی باشووری خۆر هەلاّتی هەرێمی کوردستان(ناوچە کورد نشینەکانی پارێزگاکانی دیالە و واست)ی ئێستای لە خۆ نەگرتووە ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێزیدیەکانیش بە جیا هەژمار کراون، بڕوانە خشتەی ژمارە(١).

---

[*]- مەبەست ولایەتی موسلّە.

[١]- لجنة عصبة الامم، تقرير حول الحدود العراقية - التركية، مطبعة الحكومة- بغداد، سنة ١٩٢٤، ص ٢٩.

نەخشەی ژما رە(٥)		نەخشەی هەردوو ویلایەتی عەرەبی عێراق( بەغداد و بەسرە)و ویلایەتی موسڵ(کوردستانی باشور)لە ساڵی(١٩٠١)




سەرچاوە				www.davidrumsey.com

به سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(١)، دەبینین ڕێژەی نەتـەوەی کـورد بـە پێـی ئامـاری سـەرژمێری تـورکی کـە بـۆ کـۆنگرەی لـۆزانی بـەرز کردۆتـەوە (٥٤,٤٪)سەرجەمی دانیشتوانی نیشتەجێی وویلایەتی موسڵ پێکدەهێنێت. لە پێشبینی حکومەتی بەریتانیش دا ڕێژەکە دەبێت بە(٥٩٪)، بەلاّم لە سەرژمێری حکومەتی عێراق کـە لـە سـالانی١٩٢٢-١٩٢٤ئـەنجام دراوە، ڕێژەکـە دەبێـت بە(٦٥٪)ی سـەرجەمی دانیشـتوانی ویلایەتەکـە. بەهەڵوێسـتەکردن لـە سـەر دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەی کۆمەڵـەی گـەلان بـۆ یـەك لایـی کردنـەوەی کێشەی ولایەتی موسڵ دەگەینە ئەو ئەنجامـەی کـە ولایـەتی موسـڵ بەشـێکی دانەبڕاوی کوردستانی گەورەیـە واتـە کوردسـتانی بـوونی دەردەخـات، ئەمـەش بەهێزترین بـەڵگەیە نەك لە سـەرئاستی توێژەری ئـەکادیمی یـان ولاّت یان... بەڵکو لە سەر ئاستی گەورەترین ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی جیهانی بێ لایەن لەو سەردەمەدا... بۆیە دەبێت ئەنجامەکەی بەهەند وەربگرین لەبەر ئەوەی:-

**خشتەی ژمارە(١)**

**سكان ولايە الموصل***

| الروزنامة الرسمية لولاية الموصل | احصا آت النفوس التركية المرفوعة في لوزان | التخمينات التي اجريت من قبل الحكام السياسيين البريطانيين في ١٩١٩ | التخمينات التي اجريت من قبل الحكام السياسيين البريطانيين في ١٩٢١ | الاحصاآت الاخيرة التي اجرتها الحكومة العراقية في سنة ١٩٢٢-١٩٢٤ |
|---|---|---|---|---|
| الاكراد | ٢٦٣٨٣٠ | اجريت هذه التخمينات وهي مستندة على الدين لا على الجنسية | ٤٢٤٧٢٠ | ٤٩٤٠٠٧ |
| العرب | ٤٣٢١٠ | | ١٨٥٧٦٣ | ١٦٦٩٤١ |
| الترك | ١٤٦٩٦٠ | | ٦٥٨٩٥ | ٣٨٦٥٢ |
| المسيحيون | ٣١٠٠٠ | | ٦٢٢٢٥ | ٦١٣٣٦ |
| واليهود | | | ١٦٨٦٥ | ١١٨٩٧ |
| اليزيديون | | | ٣٠٠٠٠ | ٢٦٢٥٧ |
| مجموع عدد السكان | ٥٠٣٠٠٠ | | .... | .... |
| العشائر الرحل | ١٧٠٠٠٠ | | .... | .... |

**١- دەرئەنجامی توێژینەوەی پراکتیکی و سەدان دۆکیۆمێنتی مێژوویی و جیۆگرافی... یە کە ڕاستی مێژوویی و جیۆگرافی، کوردستان بوونی ناوچەی ململانێ دەست نیشان دەکات.**

**٢- لەبەر ئەوەی لیژنەیەکی بێ لایەنی گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بووە لەو سەردەمەدا.**

**٣- هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبووە لەگەڵ کورد و پرسەکەیدا تا دەرئەنجامی پرسەکە بەو ڕاستیە (ئەنجامە)بگەیەنن... بەڵکو بەهۆی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم لیژنەیەوە بوو کە دابڕینی کوردستانی عێراقی ئێستا بە فەرمی کرا لە لایەن ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتیەوە.**

* - هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

کەواتە لێرەدا بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژوویی و جوگرافیەکان و توێژینەوە جۆربەجۆرە ئەکادیمییەکان و ئینسکلۆپیدیای ولاتانی خۆر ئاوا و دائیرەی مەعارفی ئیسلامی و دەرئەنجامی لیژنەی کۆمەڵە گەلان... بەرزاییەکانی حەمرین بە باشووری کوردستان دەست نیشان دەکەن، واتە (بێجگە لە هەرچوار پارێزگاکەی کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك، پێداگری دەکەن کە زۆربەی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای موسڵ و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرە لە پارێزگای واست کوردستانە)...لێرەدا هەوڵ دەدەین ورد تر و زانستییانە و بابەتییانە تر سنووری هەرێمی کوردستان دەست نیشان بکەین:-

سنوورەکانی خۆرهەلات و باکوورو باکووری خۆرئاوا سنووری ڕامیاری نێو دەوڵەتین و دەرئەنجامی ڕێکەوتنە ڕامیاریەکانی سەدەی ڕابوردون، لە ئێستادا هیچ گرفتێکی ڕامیاریان نیە!!! هەرچی سنووری باشوورو باشووری خۆرئاوایە (سنووری جیاکەرەوەی هەرێم لەگەڵ عێراق عەرەبی) دەتوانین بەم شێوەیە دەست نیشان بکەین:-

سنووری هەرێم لە باکووری خۆر ئاواوە بۆ باشووری خۆرهەلات بەم شێوەیە دەکشێت:- لە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق - سوریا لە خاڵی سنووری باشووری قەزای شەنگار بە ئاراستەی خۆرهەلات دەکشێت و پاشان سەرجەمی قەزای تەلەعفەر لە خۆ دەگرێت، بە سنووری خۆرهەلاتی قەزای تەلەعفەردا هەڵدەکشێت تا دەگاتە ڕووباری دیجلە لە باکوری شاری موسڵ بە درێژی بە قولایی(ناوەڕاستی ڕووباری دیجلە) بەرەو باشوور ئاراستە وەردەرگرێت تا دەگات بە خاڵی سنووری ناوەندی پارێزگای موسڵ پاشان بە درێژایی سنووری خۆرهەلاتی قەزای ناوەندی موسڵ(سنووری باکووری خۆرهەلات و باشووری خۆرهەلاتی قەزای ناوەندی موسڵ)بەردەوام دەبێت تا جارێکی تر دەگاتەوە بە ڕووباری دیجلە دیسانەوە (قولایی)ناوەڕاستی ڕووباری دیجلە دەبێت بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەرێم و عێراقی عەرەبی... تا دەگات بە دەربەندی فەتحە، لە وێشەوە بە دامێنی بەرزاییەکانی حەمریندا بەرەو باشووری خۆرهەلات بەهێڵێکی ڕاست دەکشێت تا دەگات بە سنووری باشووری خۆرئاوای قەزای خانەقین لەوێشەوە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنووری باکووری خۆرئاوای قەزای مەندەلی و بەدرێژایی سنووری قەزاکە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنووری قەزای بەدرە، بە درێژایی سنووری

قەزاكە درێژ دەبێتەوە بەرەو سنووری نێو دەوڵەتی تا بەخاڵێك بە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق - ئێران دەگات.

كەواتە هەرێمی كوردستان لەم شارو شارۆچكانە... پێكدێت:-

١- پارێزگاكانی كەركوك و سلێمانی و هەولێر و دهۆك بە سەرجەم قەزاو ناحیەكانیەوە.

٢- پارێزگای موسڵ: سەرجەم قەزاكانی(حەمدانیە، تەلكێف، شەنگار، تەلەعفەر، شێخان، ئاكرێ) ناحیەی بەعشیقە لە قەزای موسڵ و ناحیە قەحتانیە لە قەزای بەعاج.

٣- پارێزگای دیالە سەرجەمی قەزاكانی(خانەقین و كفری و بەلەد ڕوز)

٤- پارێزگای واست(سەرجەمی قەزای بەدرە).

٥- پارێزگای سەلاحەدین(سەرجەمی قەزای دوزخورماتوو).

سەرجەمی رووبەری هەرێمی كوردستان(٨٣٨٢٧) كیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دەكەوێتە نێوان هێڵەكانی درێژی(٣٨' ٤١° - ٣٦' ٤٦°)خۆرهەلاَت و بازنەكانی پانی(٦٦' ٣٢° - ٣٦' ٣٧°) باكوور، (١٩,٨٣٪)ی سەرجەمی ڕووبەری عێراق* پێكدەهێنێت. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٦).

## دیاركردنی ناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق:

ناوچە دابڕاوەكان:- بریتییە لە و ڕووبەرە جوگرافییانە یان یەكە كارگێڕییانە(شار، شارۆچكە، ناحیە، گوند)لەخاكی كوردستان، كە بە شێوەیەكی یاسایی و دەستووری نە كەوتۆتە ناو سنووری دەسەلاَتی دان پێدانراوی كوردی، بەڵكو كەوتوونەتە ژێر دەسەلاَت دارێتی(فەرمان ڕەوایی) داگیركەرە جیا جیاكانی** كوردستان.

---

* - لە ڕاستیدا ڕووبەری خاكی هەرێم بە ڕێژەی(٢٠٪)سەرجەمی پارێزگا عەرەبیەكانی عێراق پێك دەهێنێت، بەلاَم لە ئاماری ساڵی ١٩٦٨دا نیوەی ناوچەی بێلایەنی نێوان(عێراق - سعودیە) و ئاوی هەرێمی لەكەنداو بەخاكی عێراق هەژماركراوە.

** - مەبەست لەداگیركەرە جیاجیاكانی وەك(بەریتانیا و حكومەتە یەك لەدوایەكەكانی عێراق...)ە، كە بەشێك لە كوردستانیان لە ژێر دەسەلاَتدا بووە هەر لە دوای جەنگی جیهانی یەكەم تا نیسانی٢٠٠٣، گەلی كوردو هێزە چەكدارەكانی لە خەباتی بەردەوامدا بوون بۆ گەڕانەوەیان بۆ ژێردەسەلاَتی كوردی. هێزو توانا سەربازیەكانی شۆڕشگێڕانی كورد و بارودۆخی ڕامیاری ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی سنوورو ڕووبەری ناوچە دابڕاوەكانی دیاری كردووە...

## نەخشەی ژمارە (٦)

## نەخشەی هەرێمی کوردستانی عێراق

ڕووبەر(٨٣٨٢٧)کم٢




**سەرچاوە:-** کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە :خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق ، بەڕێوەبەرێتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان، هەولێر، ٢٠٠٦. بە بێ ژمارەی لاپەڕە بە دەست کاریەوە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی( arcview3.3).

ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان لە کاتە جیاوازەکاندا فراوان بوون و چوونەوەیەکی بەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە[*]... داگیرکەرانی کوردستان زۆر بە توندی پرۆسەکانی جینۆسایدی دانیشتوان و بە تالآن بردنی سەروەت و سامان وماڵ وێران کردن و سوتانی خاك و بەبەعسی کردنی... تیا ئەنجام داوە، هەروەها پرۆسەکانی ڕاگواستن و دەرکردن و دوورخستنەوەو بارپێکردن و بەعەرەب کردن و هێنانی عەرەبی هاوردە و گۆڕینی دیمۆگرافی و جەنگی[**] ئامار و گۆڕینی سنووری کارگێری وتەنانەت گۆڕینی ناوی جێگا وشوێن و شوێنە گشتی یەکانیشی تێدا ئەنجام داوە. بەمەبەستی سڕینەوەی مۆرکی کوردستانی بوونیان.

سنووری ناوچە دابڕاوەکان بەدرێژایی سەدەی ڕابوردوو لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوام دا بووە، دەتوانین لە چەند کاتێکی جیاواز دا دەست نیشانی بکەین.

١- پێش ساڵی٢٠٠٣. کە بریتین لە: -

أ- سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان - سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان.

ب- سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم - سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان(سستمی نوێی جیهانی).

پ- سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان - سەرەتای پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراق.

٢- پاش پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق و دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، بە دەستوورکردن و پشت بەستن پێی وەك کارنامەی حکومەت بۆ چارەسەری ناوچە دابڕاوەکان:

ناوچە دابڕاوەکان کە بە پێی ماددەی(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و ماددەی(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ بریتییە لە: -

---

[*] - بەر فراوان بوون و چوونەوەیەکی ڕووبەری یەك لەدوای یەکی ناوچە دابڕاوەکان پەیوەست بووە بە توانای(سەربازی، دیبلۆماسی، ڕامیاری...)لایەنی کوردی لە سەر ئەو ناوچانە.

[**] - جەنگی ئامار بەشێکە لە جەنگێکی فراوان کە بریتین لە جەنگەکانی(سەربازی و ڕامیاری و ئابوری وکلتوری و مێژویی و کۆمەلآیەتی و بیر(فکر)ی...)کە بەرامبەر بە خاك و گەلی کورد ئەنجام دراوە .

سەرجەم ئەو(شارو شارۆچکەو ناحیەو گوند)انەی، کە بە پێی ماددەی(٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی ولاَت بۆ قۆناغی گواستنەوە و ماددەی(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی ئاماژە بە پرۆسەی ئاسایی کردنەوە(سنووری کارگێری، گۆڕینی دانیشتوان، گرێبەستە کشتوکاڵییەکان)...کراوە، بەمەبەستی نەهێشتنی هەموو ئاسەوارەکانی جینۆساید و ئاوارەکردن و تەصحیح قەومیە و داگیرکردنی سەروەت و سامان و بەعەرەب کردن و هێنانی بێگانە بۆ ئەو ناوچانە و گۆڕینی سنووری کارگێڕی و کاڵ کردنەوەی هەموو سیماکانی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە ئەنجام دراوە... ئەگەر چی کوردەکان لە زۆرێك لە ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان بەشداری کارایان هەیە لە بەڕێوە بردنی کارگێڕییاندا ، بەلاَم لە ڕووی کارگێڕیەوە سەربە دەسەلاَتی یەکگرتوو( فیدراڵ)ە.

ناوچە دابڕاوەکان بە پێی لیژنەی مادەی(١٤٠)[*]ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بریتییە لە:- (چەمکی ناوچەکانی ململانێ، بریتییە لە پارێزگای کەرکوك بە سەرجەم قەزاو ناحیەکانییەوە کە بریتین لە قەزای داقوق و دوزخورماتوو و چەمچەماڵ و کەلارو کفری و تازەخورماتوو هەروەها قەزای شەنگار و ناحیەکانی و قەزای شێخان و ناحیەکانی و قەزای حەمدانیەو ناحیەکانی و قەزای تەلکیف و ناحیەکانی و ناحیەی بەعشیقە و ناحیەی بەعاج و قەزای ئاکرێ و ناحیەکانی و قەزای مەخمورو ناحیەکانی و قەزای خانەقین و ناحیەکانی جەلەولا و سەعدیە و قەزای مقدادیە و ناحیەکانی و قەزای بەلەدروز بە ناحیەی مەندەلیشەوە و قەزای بەدرەو ناحیەی جەسان).

بە پشت بەستن بەدیاریکردنی سنووری جوگرافی باشووری باشووری هەرێمی کوردستان ئەگەینە ئەو بڕوایەی کە ناوچە دابڕاوەکان[**] بریتییە لە: -

---

[*] تێبینی: ئەم نوسراوە ژمارە(١٢٨)ە لە بەرواری(٢/٦/٢٠٠٧) واژۆی بەڕێز( محمد احسان)ی لەسەرە کە نێردراوە بو نوسینگەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ.. ب- هەروەها بە ژمارە(١٠٣٣٢)ی بەرواری(٣١/١٠/٢٠٠٧) ی بەرێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی گشتی بە نوسراوی ژمارە (٦٩٦٥لە٣٠/٦/٢٠٠٧ )بەسەرهەموو بەرێوەبەرایەتیەکانی ڕەگەزنامەی سەرجەم پارێزگاکاندا گشتێنراوە..

[*] - لە خاڵی دووەمی مادەی(١٤٠) داهاتوە کە دەسەلاَتی جێ بەجێ کردن هەڵدەستێت بە جێ بە جێ کردنی مادەی(٥٨)ی دەستووری کاتی کە یەکێك لە کارەکانی حکومەت ئاسایی کردنەوەیە... ئەوەی کە ئێمە لێرە مەبەستمانە ئاسایی کردنەوەی سنوورە کارگێرییەکانە کە دەبێت سنووری یەکە کارگێرییەکان ئاسایی بکرێنەوە بۆ پێش گۆڕانکاری ساڵی ١٩٦٨، تەنها لیوای موسڵ نەبێت کە

(سەرجەمی قەزاکانی کەرکوك، حەویجە، دوز(دبس)، داقوق(پارێزگای کەرکوك)، سەرجەمی قەزاکانی ئێستای چەمچەماڵ و کەلار(پارێزگای سلێمانی)قەزای دوزخورماتوو، ناحیەی زاب(پارێزگای سەلاحەدین)، قەزاکانی کفری و خانەقین ، بەلەد ڕوز( پارێزگای دیالە)، سەرجەمی قەزای بەدرە(پارێزگای واست)، سەرجەمی قەزای مەخمور(پارێزگای هەولێر)، سەرجەمی قەزاکانی حەمدانیە، شەنگار، تەلەعفەر، تەلکێف، شێخان، ئاکرێ ، ناحیەی قەحتانیە لە قەزای بەعاج ،ناحیەی باشیکێ لە ناوەندی قەزای موسڵ( پارێزگای نەینەوا). پاش ئاسایی کردنەوە کە قۆناغی یەکەمی جێ بەجێ کردنی ماددەی ١٤٠-ە، بریتیین لە:

١- لیوای*کەرکوك قەزاکانی(کەرکوك، کفری، حەویجە، چەمچەماڵ، دوز).

---

دەبێت بە پێی کۆمەڵەی ئاماری ساڵانەی١٩٦٩ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بۆیە ئاماژەمان کردووە بە لیوا مەبەستمان لە ناوچە دابڕاوەکانە پاش پرۆسەی ئاسایی کردنەوە، چوونکە وەك دەزانین دوای ئەوەی کە ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست بە تایبەت تر لەدوای ساڵی١٩٦٩وە بە بەرنامەیەکی دارێژراو هەستا بە گۆڕینی سنوورە کارگێڕییەکان... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١).

* - پاش داگیرکردنی هەرسێ ولایەتی بەسرەو بەغداد و موسڵ لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە و دروست کردنی عێراقی ئێستا لەو سێ ویلایەتە ، عێراقی دابەش کرد بۆ(١٤)لیوا بە پێی سستمێکی هەرەمی بەڕێوەدەبرا لە ناوەندی لیوا پاشان قەزا پاشان ناحیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد ازهر السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدرسابق ص٩٦. بە پێی بڕیاری(م. ج. لە ١٧ی ئەیلولی١٩٦٩) لیوای دهۆك دروست کرا کە پێك هاتبوو لە قەزای دهۆك و قەزای زاخۆ و قەزای ئامێدی و قەزای ئاکرێ. بڕوانە. رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستور جمهورية العراق. توصيات بالتغييرات في الحدود الأدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك (المنطقة الشمالية)، بدون معلومات اخرى، غير منشور، ص١. پاشان بە پێی مادەی(٢)ی یاسای ژمارە(١٥٩ی لە بەرواری ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩) عێراق دابەشکرا بۆ پارێزگا و پارێزگاکان بۆ قەزاو قەزاکان بۆ ناحیە کە هەریەکەیان کەسایەتیەکی مەعنەوی یان هەیە لە چوارچێوەی ئەو ئەرکەیان دا کە کارگێڕیە ناوخۆیەکان لە سەری دەڕۆن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: العراق - اتحادي، ژمارە ١٥٩ قانون المحافظات لە١٠ی کانوونی دووەمی١٩٦٩، وەرگیراوە لە(الوقائع العراقية- رقم العدد ١٧٨٩/تاريخ ١٣/١٠/١٩٦٩/عدد الصفحات: ٥٦/ رقم الجزء : ٢ مجموعة القوانين والانظمة-/تاريخ ١٩٦٩/رقم الصفحة ١٠٦٣. بڕوانە ویب سایتی
http://www.iraq-ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=120120016717075
هەروەها بە یاسای ژمارە(٤٢) لە بەرواری(٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٦)پارێزگای نەجەف دروست کرا وەك لە وەقائعی عێراقی ژمارە(٢٥١٣)لە(٩ی شوباتی١٩٧٦)دا هاتوە لە ل٢٦. لەسەر رۆشنایی مادەی چواری یاسای پارێزگاکان بە ژمارە (١٥٩)ی ساڵی(١٩٦٩)، پارێزگای سەلاحەدین بە بریاری ژمارە (٤١)لە(٢٩ی کانونی دووەمی١٩٧٦)دا دروست کرا کە پێکهاتبوو لە قەزای تکریت(سەنتەر)و قەزای سامەرا و قەزای بەلەد و قەزای طوز)... بڕوانە: رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق، توصيات بالتغييرات في الحدود الأدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص١٢٧.

٢- لیوای هەولێر(قەزای مەخمور).

٣- لیوای دیاله( قەزاکانی خانەقین، مەندەلی).

٤- لیوای کوت( قەزای بەدره).

٥- پارێزگای دهۆك* (قەزای ئاکرێ).

٦- پارێزگای موسڵ(سەرجەمی قەزاکانی" شەنگار، شێخان، تەلەعفەر، "و ناحیەی زاب ( قەزای شەرقات) و ناحیەی حەمدانیە، تەلکیف، بەعشیقه (قەزای موسڵ)". بڕوانه نەخشەی ژمارە(٧)و نەخشەی ژمارە(٨).

ڕووبەر:-

ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان(٥٢٧٩٤[١])**کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، سەرجەمی(٦٢,٩٨٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و(١٢,٤٩٪)ی ڕووبەری

* - ڕووبەری قەزای ئاکرێ لە پارێزگای دهۆك وەرگیراوە لە: الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية(١٩٦٩)، مطبعة الزهراء- بغداد، بدون سنة طبع، ص٢٦.

[١] - ڕووبەری سەرجەم عێراق و هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان لە کۆمەڵەی ئاماری ساڵانەی(١٩٦٨)وەرگیراوە جگە لە پارێزگای دهۆك و موسڵ نەبێت کە بە پێی کۆمەڵەی ئاماری ساڵانەی(١٩٦٩)وەرگیراوە بڕوانە: أ- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٦٨، مطبعة الزهراء- بغداد، ص٢٥-٤١. ب- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٦٩، مصدر سابق، ص٢٦-٤٢. چونکە لەم کاتە(١٩٦٨)دا گۆڕانکاری لە سنووری کارگێری لە ناوچە دابڕاوەکانی ئێستادا نەکراوە، بۆیە کۆمەڵەی ئاماری ساڵانی١٩٦٩ مان وەرگرت چوونکە لەم ساڵە دا بو کە لیوای دهۆك لە لیوای موسڵ دروست کرا.

** - لە ڕاستیدا ئەم داتایە نزیکەی (١٠٩٧٤)کیلۆمەتر دووجای زیاترە لە ڕووبەری ڕاستەقینەی ناوچە دابڕاوەکان، چونکە ناوچە دابڕاوەکان ڕووبەرەکەی نزیکەی(٤١٨٢٧)کیلۆ مەتر دووجایە، بەڵام بە پێی مادەی(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و پاشتر کە لە مادەی(١٤٠)جێی کرایەوە، هەموو ئەو ناوچانەی کە توشی گۆڕانی سنوری ئیداری بوون لە پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا مافی دیاری کردن و بڕیاردانیان لەسەر یەکلاکردنەوەی سنوری یەکە کارگێڕیەکانی خۆیان هەیە. کەواتە هەموو ئەو یەکە ئیدارییانەی کە وەك بەشێك لە حکومەتی هەرێمی پێش ساڵی٢٠٠٣ دانی پێدا نراوە، توشی گۆڕینی سنوری کارگێڕی بوون بەشدار دەبن لە ئاسایی کردنەوە سنوری کارگێڕی و پاشان دەنگدان لە یەکلاکردنەوەی سنوری کارگێڕی یەکە کارگێڕییەکەیان.

خاکی عێراق پێکدەهێنێت، دەکەوێتە نێوان هێڵـەکانی درێـژی (''١٨ '٢٣ °٤١ – ''٣٠ '١٨ °٤٦) خۆرهەڵات و بازنەکانی پـانی (''٣٦ '٣٩ °٣٢- ''٠٢ '٠١ °٣٧)باکوور.

## باسی دووەم

## جوگرافیای ناوچە دابڕاوەکان

پاش ئەوەی لە بەشی پێشوو دا سنوری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کرد، بە پێویستی دەزانم لەم بەشەدا دیاردە سروشتیەکان وەك(پێکهاتـەی جیۆلـۆجی و بەرزو نزمی و ئاوو هەواو پێکهاتەی خاك و سەرچاوەی ئاوی و ڕووەکی سروشتی و خاوی کانزاکان...)و دیاردە مرۆییەکانی وەك(دانیشـتوان و ژمـارەی دانیشـتوان و پێکهاتەی نەتەوایەتی و گۆڕانکاریە دیمۆگرافییەکان و ئاینەکەیان...)و ئـابوریی ناوچە دابڕاوەکان وەك(کشتوکاڵ و پیشەسازی وخزمەت گوزاری...) دەست نیشـان بکەم:

### ١- جیۆگرافیای سروشتی ناوچە دابڕاوەکان:

مەبەسـت لـە جیۆگرافیـای سروشـتی ناوچـە دابڕاوەکـان هـەموو دیـارە سروشتیەکانی ناوچە دابڕاوەکان دەگرێتـەوە کـە هـەوڵ دەدەیـن بـە کـورتی لـە هەریەکێك لەو دیاردانە بدوێین:

أ- جیۆلۆجی:

لە ئەنجامی تێك شکانی پانجیا(Pangaea)دوو کیشـوەری گـەورە دروسـت بـوو یەکێکیان لە بـاکووری دەریـای تیشـس بـوو بـەناوی لۆراسـیا(Laurasia)ئـەوی تریشیان لە باشوور بوو بە ناوی گوندوانالاند[1]، لە نێو ئـەو تـاوێرەش دا هەنـدێ

[1]- صلاح حميد الجنابي و سعد علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، سنة١٩٩٢، ص٣٢.

**دەریای خۆجێیی هەبوون، کە گرنگترینیـان، دەریـای(تـیس -Tetheys)بـوو، کـە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتبووەوە، لە دواییدا لە ئەنجامی زنجیرەیەك ڕووداوی شکانی یەك بە دوای یەك، بەرە بەرە هەریەك لە دوو کیشوەرەکەی گۆندوناالانـدو ئۆراسیا لێك جیابووەنەوە و لێکترازان و جیّ پیّ لەق بوونەوە، بووە هۆی ئەوەی کە هەندێك تاوێری بچووك لە تاوێرە گەورەکان جیابنەوە و لەیەکدی دووربکەونەوە. ئەو دابەش بوونەی تاوێرەکـان لـەو زەمانـەدا بنچـینەی دابـەش بـوونی تـاوێری کیشوەرەکانی ئێستایە[1]. ناوچە دابڕاوەکان لە قوڵایی دەریای تیشس دا بوو.**

**گۆی زەوی بە چەندین گۆڕانی جیۆلۆجی گەورەدا تیّ پەڕیوە کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی(بەر لە کـامبری- سـاینۆزۆیك)واتـە(٢٠٠٠ملیـۆن سـاڵ - ئێسـتا)[2]، سەرئەنجام ئەم پێکهاتە جیۆلۆجیا و شـێوەی ڕووی زەویـەی کوردسـتان و ناوچـە دابڕاوەکانی لیّ پێك هاتوە.**

**لە کۆتایی چاخی ئۆلیگۆسین جوڵەیەکی تەکتۆنی گەورە ڕووی داو بووە هـۆی پێـدانی شـێوەی کۆتـایی بـە ناوچـەکە، ئـەم جوڵەیـە پێـی دەڵـێن جوڵـەی ئەلپی(Alpine Movement)، ئەم جوڵەیە پەستانی لەسەر چینە کەڵەکـەبووەکانی دەریای تیس دروست کـرد، لـە ئەنجامـدا بـووە بەرزبوونـەوە و چـەماوەی قـۆقز دروست بوو، لە نێوانیشیان دۆڵەکان، ئەمە بووە هـۆی دروسـت بـوونی ناوچـەی چەماوەی ئاڵۆز(Noppe or thrust zone) بەڵام کاریگـەری جوڵەکـەی لـە سـەر لا بەرزەکانی هاوسێی بووە هۆی دروست بوونی ناوچـەی چـەماوەی سـادە ( Simple folded zone)[3]، لە کۆتایی چاخی پلایۆسین(Pliocene)پێکهاتەی بەخیتاری توشی چەمانەوەیەکی کەم هات، ئەمەش بوە هۆی دەرکەوتنی نیمچە چـیاکان، پاشـتر و لە سەردەمی چاخی پلایۆستۆسین چیاکان توشی داتاشینی زۆر بوون و بووە هـۆی پڕبوونـەوەی دۆڵـەکان بەنیشـتەنی، بـە پێکهاتـەی بـەختیاری بـەرزو نـزم نـاو دەبڕێن(Upper &Lower Bokhtiiari)، ئەم نیشتەنییانە کەڵەکەبوون لە دۆڵـەکانی تەنیشت چـیاکان و ئاوزێڵـە قوڵـە دروسـتبووەکانی بـەردەم چـەماوەکان، لــــە**

---

[1]- علی محمود ئەسعەد سورداشی، جیۆلۆجیای هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ١٩٩٩، ل٢٤.

[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥-٢٨.

[3] - شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، الطبعة الاول، مطبعة شفيق، بغداد، سنة ١٩٧٣، ص١٣. نقلا عن: noble ,a.h.ground water of iraq, Baghdad 1921 p,4.

**کۆتایی چاخی بلیۆسین پێکهاتەی بەختیاری توشی جوڵەی چەماوەی هێواش بوو، بووە هۆی دروست بوونی بەرزایی شەپۆل دار[1]، لە ئەنجامی گۆڕان و چالاکیە جۆربەجۆرەکانی جیۆلۆجیای ناوچە دابڕاوەکان چەندین نیشتەنی جۆراوجۆر نیشتن و پێکهاتەی جیۆلۆجیای جیاوازیان دروست کردووە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٩).**

**ب - بەرزو نزمی:**

**پێکهاتەو بوونیاتی جیۆلۆجی عێراق، دەرئەنجامی چالاکییەکانی وەك چەمانەوە و شکاندن و داچوون و بەرزبونەوە و نیشتنی زەوی یەوە بووە بە درێژایی مێژوویەکی دوور، ئەو بەرزو نزمییەی کە ئێستا لە سەر زەوی دەبینرێت دەرئەنجامی ئەو چالاکییانەن[2]، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنی جیۆگرافی هۆکارێکی بەرپرسی ترە لە دیاری کردنی بەرزو نزمیی ڕووی خاکی هەرێم[3]، جوڵەکانی ئالب و فشار کردنی لە دەریای تیشس و نیشتەنیەکانی بووە هۆی دروست بوونی چیا پێچاو پێچەکان و دۆڵەکان. دروست بوونی دەشتەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ نیشتنی نیشتەنی ڕووبارەکان لە پێچاو پێچە قوپاوە گەورەکان[4].**

**١- ناوچە شاخاویەکان:**

**ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی بڵاوە، نزیکەی(٦٪)ی ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان پێك دەهێنێت، نزیکەی (٣١٦٧,٧)کم٢ دەبێت[*]، و دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی قەزای خانەقین و باکووری خۆرهەڵاتی قەزای کەلار و باکووری قەزای چەمچەماڵ و باکووری قەزای ئاکرێ و باکووری قەزای شێخان.**

---

[1] - المصدر نفسه، ص١٤، نقلاً عن(. Mesopotamia and its borderlands, london١٩١٨,p٣٠ admirarality nara(staff, geology of

[2]- صلاح حميد الجنابي و سعد علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٥٧.

[3] - عبدالله عامر عومەر، بەرزونزمی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ساڵی١٩٩٩، ل٤٩.

[4]- محمد ازهر سعيد السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٦.

[*] - توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، دار الهنا للطباعة، سنة ١٩٥٩، ص٦٥. بە بەکارهێنانی بەرنامەی( Arc view3.3)، ڕێژەکانی دەرکردووە.

**نەخشەی ژمارە(٧)**

**ناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستان**

**ڕووبەر(٥٢٧٩٤)كم٢**



**سەرچاوە: كاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونيشان)، هەرێمی كوردستان عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بەكارهێنانی بەرنامەی(arcview3.3). ب- الجهاز المركزي لاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٦٨، مطبعة الزهراء، ص٢٥-٤١.ت- الجهاز المركزي الاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٩، مصدر سابق، ص ٢٦-٤٢**

**نەخشەی ژمارە(٨).**

**نەخشەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی سنوری کارگێڕیی کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arcview3.3). ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط و التعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٣٥،**

**٢- ناوچەی نیمچە شاخاوی:**

**زۆرترین ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان پێکدەهێنێت، چیاکان لە بەشی باکووری خۆرهەلاّت و باکوور دەوری داوە، سنووری نێودەلّەتی عێراق - سوریا لە خۆرئاوا، هەرچی بەشی باشووری خۆر ئاواو باشوورە تا قەزای مەندەلی هەر درێژکراوەی نیمچە چیایە، بەلاّم لە هەردوو قەزای مەندەلی و بەدرە کە دەکەونە بەشی باشووری خۆرهەلاّتی ناوچە دابڕاوەکان بە دەشت دەورە دراوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٠). ڕووبەرەکەی(٤٢٧٦٣,١) کیلۆمەتر دووجایەو(٨١٪)ی ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان پێك دەهێنیت[*]. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری نیمچە چیاکانی ناوچە دابڕاوەکان دابەشی دەکەین بەسێ کۆمەلّە کە ئەوانیش بریتین لە:**

**کۆمەلّەی یەکەم:**

**پێکدێت لە چیاکانی باشووری ناوچەی نیمچەی شاخاوی کە بریتییە لە حەمرین و عەتشان و ئیبراهیم و تەلعفەرو ئەشکەفت و شەنگار.**

**چیای حەمرین لەسنووری ئێران - عێراق درێژ دەبێتەوە هەتا ڕووباری دیجلە کە(٢٥٠)کم دەبێت و درێژترین زنجیرەیە لە عێراقدا، پانیەکەی(٥-١٢)کم دەبێت، تێکرای بەرزییەکەی(٢٠٠)م، هەتا بەرەو خۆرهەلاّت بڕۆین بەرزیەکەی کەم دەکات، بەلاّم هەتا بەرەو خۆرئاوا بڕۆین بەرزاییەکەی زیاد دەکات و دەگاتە(٥٢٧ )م کە بە فەتحە کۆتایی دێت[١]، هەردوو ڕووباری عوزێم و سیروان چیای حەمرین دەبڕن[٢]، بەرزایی چیاکان بریتین لە: عەتشان(٤٩٠)م، عودەی(٤٧٧)م، ئیبراهیم(٥٣٣)م، تەلەعفەر(٥٩٨)م، زامۆ(٦٠٥)م، ئەشکەفت(٦٢٩)م، کۆتایی بە چیای شەنگار دێت(١٤٦٣)م.[٣]**

---

[*] - بەهەمان ڕێگای پێشوو.

[١] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، دار الهنا للطباعة، سنة ١٩٥٩، ص٦٥.

[٢] - محمد ازهر سعيد السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٢.

[٣] - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٦٦.

کۆمەڵەی دووەم:

دەشتی نیشتەنی و بان ئەم کۆمەڵەیە لە کۆمەڵەی یەکەم جیا دەکاتەوە، ئەم کۆمەڵەیە پێك هاتوە لە کۆمەڵێك چیای کورتی پەرش و بڵاو زۆربەی نەوتی باکووری عێراقی تێدا کۆبۆتەوە و دەتوانین دابەشی بکەین بۆ سێ بەش کە بریتین لە[1]:

أ - بەشی باشووری خۆرهەلاّت:

لە سنووری عێراق - ئێران دەست پێ دەکات، تا ڕادەیەك تەریین بە یەك لە خۆرهەلاّتی شاری کەرکوك کۆتایی دێت.

لەبەشی باشوور سێ چیا هەن کە بەرزییان لە نێوان(٢٠٠-٣٠٠)م کە بریتین لە چیاکانی دارە وشکە بەلاّم چیاکانی بەشی باکوور لە زنجیرەیە کە بەرزییان لە نێوان(٢٠٠-٤٠٠)م کە بریتین لە چیاکانی گومارو کفری داغ و نەفت داغ و توز، بەلاّم بەشەکەی تری بریتیین لە چیاکانی شاکەل و تساق داغ و علی داغ، کەبەرزیان لەنێوان(٣٥٠- ٦٠٠)م.

ب - بەشی ناوەند:

لە کەرکوك تا زێی گەورە درێژ دەبنەوە ئەم زنجیرەیە(١٠٠)کم دەبێت، وەك چیاکانی کانی دوومەلاّن لە نێوان کەرکوك و زێی بچووك و چیای ئاوانە داغ و دەمیر داغ و قەرەچوغ.

ت- بەشی سێیەم: بریتین لە زنجیرەی کورت و نزم و پەرش و بڵاو، زیاتر لە بەرزایی دەچن وەك لەوەی لە چیا بچن وەك چیای مەقلوب و بەعشیقە و عەین سەفرای خۆرهەلاّتی شاری موسڵ و عەین زالە و تەل موس و تەل عوینات لە خۆر ئاوای شاری موسڵ، لەم بەشە دا بڕێکی زۆر لە ئاوی ژێر زەوی هەیە.

کۆمەڵەی سێیەم:

بریتین لە کۆمەڵێك چیای دابڕاو، نزیك سنووری ناوچەی نیمچە چیا و ناوچەی چیاکانە بەرزیان لە (١٠٠٠)م کەمترە، بانی نزم دەوری داون، ڕووبارەکان ئەم

---

[1] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص ٦٧-٩٧.

چیایانە دەبڕن وەك چیاكانی باسكی زنور داغ و عەم ئەولیا و داولاٚن و خاڵخـالاٚن و قەرەداغ[1].

۳- دەشت:

بریتییە لە چەماوەیەكی ڕووچـاڵ كـە بەنیشـتەنی بەرزاییـەكانی دەرووبـەری بەهۆی كردارەكانی دامالّین و ڕامالّین پڕبۆتەوە بە گشتی بەرزو نزمی كەمترە لـە بانەكان و بایەخێكی ئـابوری زۆری هەیـە بـۆ نموونـە، دەشـتەكان بەشـێوەیەكی گشتی دەكەونە باشووری خۆرهەلاٚتی ناوچە دابڕاوەكان كە ڕووبەرەكـەی نزیكـەی (٦٨٦٣,٢)كـم[2]و نزیكـەی(١٣٪)ی ڕووبـەری ناوچـە دابڕاوەكـان پێكـدەهێنن بەرزییان لە نێوان(٥٠-٣٠٠)م لە ئاستی ڕووی دەریا، بە مەڵبەندی كۆبونەوەی دانیشتوان دادەنرێت و چالاكی هەمەجۆری ئابوری تێـدا ئـەنجام دەدرێـت...بـەلاٚم چەند دەشتێكی بچووكی ڕووبەر جیاجیای تر هەیە لە  ناوچـە دابڕاوەكـان... لـە خوارەوە بە كورتی لە هەندێك لە دەشتەكان دەدوێین:


أ- دەشتی حەمرین:

بـە درێـژایی كـەناری خـۆر ئـاوای چـیای حـەمرین دەكشـێت، بریتییـە لـە چەماوەیەكی ڕووچاڵ هۆكارەكانی دامالّین بۆتە پڕبوونـەوەی بـە چـینێكی لمـین و گڵلی، ڕووی دەشتەكە تەختە لەبەشی باكووری، بـەلاٚم بەشـی باشـووری شـەپۆل دارە[2]، پانیەكەی لە ناوەڕاستی دەشتەكە(٣٢)كم، بـەلاٚم بـە ئاڕاسـتەی بـاكوورو باشوور درێژیەكەی لە نێوان(٦٤-٨٠)كم دەبێت[3]، بەرزیەكەی لـە نێـوان(١٨٠-٢٥٠)م[4]، ڕووباری تاوق بەناو ئـەم دەشـتە دا دەڕوات و زۆربـەی ڕۆژەكـانی سـاڵ وشكە[5].

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٦٧-٩٧.
[2] - محمد ازهر سعيد السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٣.
[3]- شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص ٤١.
[4]- صلاح حميدالجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الأقليمية، مصدر سابق، ص٦٩.
[5] - شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٤٣.

## نەخشەی(٩)

## نەخشەی جیۆلۆجیی ناوچە دابڕاوەکان



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی** (arcview3.3).

b-saad z.jassim.late prcambrian development of the Arabian plate,geology of iraq,puplished bye dolin,2006,p25

ب - دەشتی دیبەگە:

دەکەوێتە نێوان چیای ئاوانە و قەرەچوغ، لە نیشتەنی لم و چەو پێکهاتوە[١]، پانیەکەی لە(١٦)کم و درێژیەکەی(٨٠)کم و بەرزیەکەشی(٣٠٠)م[٢] دەبێت، ئاو لەبەشی باکووری دەڕوات بەرەو زێی گەورە، ناو دەبرێت بەدەشتی شەمامك بەلاّم ئاو بە بەشی باشووری دەڕوات و ناو دەبرێت بە دەشتی کەندیناوە[٣]، ئەم دەشتە بەزۆری کانی و سەرچاوە و لەوەڕگا ناسراوە[٤]، ڕووبەرەکەی نزیکەی(١٢٨٠)کم[٢]دەبێت.

ت - دەشتی شەنگار:-

بریتییە لە ئاوزێلێك، بەرزو نزمی یەکی زۆر لە ڕووەکەیدا هەیە، بەشی باکووری خۆرئاوا کە جەزیرەی باکوور دەگرێتەوە و درێژ دەبێتەوە بەرەو باکووری چیای شەنگار بە درێژایی پشتێنەی خۆرئاوا، هەتا سنووری عێراق - سوریا[٥]، نیشتەنی لافاو کردی نوێ و بەردی ئایۆسین پێکهاتوە[٦].

پ - دەشتەکانی باشووری خۆرهەلاّت:

دەشتەکانی هەردوو قەزای مەندەلی و بەدرە دەگرێتەوە کە درێژکراوەی دەشتەکانی ناوەڕاستی عێراقن، لە ئەنجامی پڕبوونەوە بە نیشتەنی دروست بوون بە تایبەت ئەو نیشتەنییانەی کە لە بەرزاییەکانی خۆرهەلاّتەوە بەهۆی لافاوەوە هاتوون... ڕوبەری دەشتی قەزای بەدرە نزیکەی(٣٢٠٠)کم[٢]دەبێت و هەرچی ڕووبەری دەشتی قەزای مەندەلی هەیە زیاتر لە(٣٥٠٠)کم[٢]دەبێت، بەگشتی بەرزییان لە ڕووی دەریاوە لە(٥٠)م تێ پەڕناکات[٧]

---

[١]- محمد ازهر سعيد السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٣.

[٢] - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٦٩.

[٣] - شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٤٢.

[٤] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص ٧١.

[٥] - شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص ٤٣.

[٦] - صلاح حميدالجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٧٠.

[٧]- محەمەد عەبدولڵا عومەر، گواستنەوەو هاتوچۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٩٩٩،ل٢٦٥.

## نەخشەی(١٠)

## نەخشەی بەرزونزمیی ناوچە دابڕاوەکان




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (arcview3.3). ب- هاشم یاسین حمە امین حداد و هی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان،لەزنجیرە بلاوکراوە جوگرافیەکانی کۆمپانیای تێ نووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری،چاپی یەکەم- هەولێر، ساڵی٢٠٠٩ ،ل٤٠.

٤- بانەکان[*]:

بانەکان لە دەشت بەرزترو شەپۆل داری(بەرزو نزمی)زیاترە، ڕووبارە هەمیشەییەکان کەندڕی گەورە و دۆڵی قوڵی تێدا دروست کردووە وەك بانی کەرکوك لە خۆرهەلاَت و بانی موسڵ لە خۆر ئاوا[١].

أ- بانی کەرکوك:

دەکەوێتە نێوان چیا بەرزەکان لە خۆرهەلاَت و دەشتی زنجیرە چیاکان لەباشووری خۆر ئاوا، لە سنووری عێراق - ئێران درێژ دەبێتەوە تا دەشتی هەولێر، [٢]بەرزاییەکەی لە نێوان(٦٠٠-١٠٠٠)م و (٥٠٠)م لە زەویەکانی دەوروبەری بەرزترە لە بەشی خۆر ئاواو(٣٠٠)م لەزەویەکانی خۆرهەلاَت بەرزترە[٣]، دروست بوونی ئەم بانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی توێکڵی زەوی و دروست بوونی پێچاو پێچی ڕووچاڵ و قۆقز لە کەنارەکانی خۆر ئاوای[٤]وەك چیای تساق(٦٨٨)م و چیای خاڵخالاَن(١١٨٥)م و شاکەل(٤٠٥)م و بازکی زەنور(١١٨٠)م، ڕووبارەکانی زێی بچووك و عوزێم و دیالە بانەکە دەبڕن بۆ تەپۆلکە و دۆڵ[٥]، ئەمە یارمەتی دەربوو بۆ هەژاری ئەم بانە بە ڕووەکی سروشتی و زۆری لێژی و بوونی بەردی لینی، هەندێك دەشتی بچووکی تیا دەبینرێت وەك دەشتی ئاق- سو[٦].

ب - بانی موسڵ:

دەکەوێتە بەشی باکووری خۆر ئاوای ناوچەی نیمچە شاخاوی، زێی گەورە لە خۆرهەلاَت و چیای شەنگار و ئیبراهیم و عەتشان لە خۆر ئاوا دەوری داوە،

---

* - لەبەر تێکەڵیی سنوری بان و ناوچەی نیمچە شاخاوی بە یەك ڕووبەر ئاماژەم پێکردووە..

١ - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص٧٢.

٢ - محمد ازهرسعيد السماك وآخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٤.

٣ - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص٧٢.

٤ - محمد ازهر سعيد السماك وآخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢٤.

٥ - شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص ٤٤.

٦ - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٧٠.

ڕووباری دیجلە بانەکە دەکات بە دوو بەشی تا ڕادەیـەك یەکسـان[1]. بـەرزی بـانی موسـڵ کـەمترە لـە نێـوان(٣٠٠-٤٥٠)م[2]، بـەرزو نزمییـەکی زۆری وەك دۆڵ و ئاوزێڵ... لە سەر ڕووەکەی هەیە[3]، ڕووباری دیجلە بانەکە دەکـات بـە دوو بەشـی تاڕادەیەك یەکسان، لەبەشی خۆرهەلاّت باران بارین زۆرە و ئەمەش دەبێتە هـۆی دەوڵەمەند بوونی بە کانی و سەرچاوە و دارو گژوگیا، هەرچی بەشـی خۆرئاوایـە لە گردۆڵکەو زورگ پێکهاتوە[4].

ت - ئاووهەوا :

ناوچە دابڕاوەکان بە گشتی ئاوو هەوایەکی چوون یەکی نیە بـەهۆی جیـاوازی لە بازنـەکانی پـانی کـە دەکەوێتـە نێـوان بازنـەکانی(٦٦ °٣٢ - ٣٦ °٣٧) بـاکوور، سـەرەڕای دووری جیـاواز لـە سەرچـاوە ئاویـەکان کـە ئەمانـەش لـە جێهێشتنی کاریگەری لە سەر ئاووهـەوای ناوچـە دابڕاوەکـان جیـاوازن، بێجگـە لەوەی کە جیاوازی لە ڕووی بەرز و نزمی ناوچە دابڕاوەکان هەیـە لـەنێوان(٥٠-١٤٦٣)م دەبێت ... بەلاّم دەتوانین بڵێین ئاووهەوای دەریـای ناوەڕاسـت( Modified Mediterranean Climateو ئاووهەوای دەشتایی هەیە[*]. لـە بەرئـەوەی لـە تایبـەت مـەندەیەکانی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست، دابـارین لـە وەرزی زسـتاندایە و لـە وەرزی هاویندا پلەکانی گەرما بەرز دەبێتەوە و ئاسمان بێ هـەور دەبێـت، ئەگـەر چی ئاووهەوای هەموو ناوچە دابڕاوەکان هەمان تایبەتمەندی هەیە بەلاّم جیاوازی لە بڕی دابارین و پلەکانی گەرمادا هەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تـر، بـۆ نموونە بەشـەکانی بـاکووری خۆرهـەلاّت و بـاکوورو بـاکووری خۆرئـاوا هـەمان

---

[1] - محمد ازهر سعيد السماك وآخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص ٢٤.

[2] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص٧٣.

[3] - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٧٠.

[4]- شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص ٤٥.

[*] - ئاووهەوای دەشتایی ئاووهەوایەکی گواستراوەیە لە نێوان ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست لە باکوورو باکووری خۆرهەلاّت و ئاووهەوای بیابانی لە باشوورو باشووری خۆرئاوای، لە سیفەتەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەیە دابارین لە نێوان(٢٠-٤٠)سم دەبێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خطاب صطار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا-و موارد اقتصادية، دارالحكمة للطباعة والنشر- الموصل، سنة١٩٩٠، ص٥٤- ٥٥.

تایبەتمەندیی مەندی بەشەکانی ئاووهەوای هەرێمی دەریای ناوەڕاستی هەیە، کە زستانان بە سارد و سڕیو بارانی زۆر ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی کەهاوینی گەرمە. بەڵام هەرچی هەرێمی دووەمە کە ئاووهەوای دەشتایی هەیە سەرجەم بە شەکانی ناوچە دابڕاوەکان دەگرێتەوە. ئەگەر چی سنووری نێوان ئەم دوو هەرێمی ئاووهەواییە سنوورێکی دیاری کراوی نیە بەڵکو وورده ورده لە سنووری ئاووهەوای یەکەمەوە دەچێتە سنووری ئاوو هەوای دووەم. بەڵام لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی کە سنووری هەرێمە ئاووهەواییەکان فراوان یان تەسك دەبنەوە ئەویش بەهۆی گۆڕانە ئاووهەوایەکان و برو جۆری... دابارین لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر.

بەگشتی وەرزی هاوین لەناوەڕاستی مایسەوە دەست پێ دەکات[1] پلەکانی گەرما بەرز دەبێتەوە لە ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام هاوینی درێژە و پلەکانی گەرما بەگشتی بەرز دەبێتەوە، وەرزی بەهار کورتە لەمانگی نیسان ومایسدا دەبێت و لەهەندێك شوێن خێراتر وەرزی هاوین دێت وەرزی پایزیش بەگشتی کورتە پلەکانی گەرما هەر بەرزە لە چاو بەشەکەی تری کوردستاندا. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١١). بۆ زانینی پلەی گەرمای ناوچە جیاوازەکان لە هەردوو وەرزی هاوین و زستان دا، پلەی گەرمای سێ ویستگەی کەشناسی وەردەگرین تا جیاوازی تێکڕای گەرمیمان بۆ دەرکەوێت. بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

[1]- شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٧٣.

**خشتەی ژمارە(٢)**

**نێونجی بەرزی ونزمیی پلەی گەرماو مەودای گەرمی ڕۆژانە لە هەردوو مانگی کانونی دووەم و تەمووزدا (پلەی سەدی)[١]**

| وێستگە | کانونی دووەم | | | تەمووز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرزترین | نزمترین | مەودای | بەرزترین | نزمترین | مەودای |
| شەنگار | ٩,٨ | ٢,٩ | ٩,6 | ٦,38 | ٣,27 | ٣,11 |
| کەرکوك | ١٣,٧ | ٤,٥ | ٢,9 | ٨,42 | ٧,26 | ١,16 |
| خانەقین | ١٥,٣ | ٤,١ | 11,2 | ٣,43 | ٢٤,٧ | ١٨,٦ |

**بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(٢)دەبینین بەرزترین پلەی گەرما لە شەنگار لە مانگی کانوونی دووەم ٩,٨پلەیە، بەلاّم لە خانەقین١٥,٣ پلەیە، واتە جیاوازی بەرزترین پلەی گەرما ٥,٥ پلەی سەدییە، بەلاّم لە نزمترین پلەی گەرما لەهەمان مانگ لە شەنگار ٢,٩پلەی سەدییە، بەلاّم لە خانەقین ٤,١پلەیە، واتە بە جیاوازی١,٢ پلەی سەدی، بەلاّم تێکڕای پلەی گەرمی لە نێوان ئەو دوو ویستگەیە لە هەمان مانگ٤,٣ پلەی سەدییە.**

**بەلاّم بۆ مانگی تەمووز بۆ هەمان ویستگە ئەنجامەکان بەم شێوەیەن، لەوویستگەی شەنگار بەرزترین پلەی گەرما بریتییە لە٣٨,٦پلەی سەدی، بەلاّم لە خانەقین٤٣,٣ پلەی سەدییە،واتە بە جیاوازی٤,٩ پلەی سەدی، نزمترین پلەی سەدی لە شەنگار٣٧,٣ پلەی سەدییە، بەلاّم لەخانەقین٢٤,٧ پلەی سەدییە، واتە بە جیاوازی٢,٦ پلەی سەدی، تێکڕای مەودای گەرمی بۆ هەمان مانگ لە نێوان ئەو دوو ویستگەیە٧,٣ پلەی سەدییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازییەکی زۆر لە پلەی گەرمای ناوچە دابڕاوەکان دا هەیە نەك لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر بەلّکو لە هەمان مانگ لە جیاوازی نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما دا و مەودای گەرمادا. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١١).**

---

**[١]- ئازاد نەقشبەندی، کەش وهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩، ل٧٢. وەرگیراوە لە:**

Ministry of transport and communications: Iraqi general metrological organization :climatatological section ,publicatition no_15,baghdad1979_1980.

پ- خاك:

خاك بريتييه: له دەفرێك كه ڕووەك و ماده خۆراكییه گرنگەكانی تێدایه. یان بریتییه لەچینێكی تەنكی فشەڵ كه پێكهاتوە له دەنكۆڵەی گونجاو له خۆراكی ڕووەك كه سەرجەم یان زۆربەی ڕووی وشكانی دادەپۆشێت به چەند سانتیمەترێك یان به چەند مەترێك[1].

تایبەت مەندی هەرخاكێك پەیوەستە بە جۆری بەرد و تەمەن و ماوەی هەڵوەشان یان شی بوونەوە و بەرزونزمی و ڕووەكی سروشتی و كاریگەریی ئاووهەوایی و مرۆیی و ئاژەڵی، بۆ یه دەتوانین خاكی ناوچە دابڕاوەكان دابەش بكەین بۆ ئەم هەرێمانانەی خوارەوە:

١- خاكی لێوارەكانی خۆرهەڵات و دەشتی پانكەیی:-

ئەم هەرێمه پشتێنەیەكی باریكە بەدرێژایی لێوارەكانی چیاكانی ئێراندا درێژدەبێتەوە، كه له ڕووباری دیالەوە دەست پێ دەكات، بەرەو باشوور دەكشێت... ئەم دەشتە لە نیشتەنی ڕووباری دیجلەو نیشتەنییه زبرەكانی ئاوی بەرزاییەكانی (گلالات)دروست بووە كەلە بەرزاییەكانی ئێرانەوە دێنە خوارەوە بەرەو دەشتەكە، بەلاّم ناتوانن بگەن به ڕووباری دیجله، لە ئەنجامدا ئاوی ئەم ئاوەڕۆیانه بلاّودەبنەوە و دەلتای پانكەیی پێكدەهێنن، سەرەڕای ئەوەی بەرزی ئاوی ژێر زەوییەكه یارمەتی دەرە بۆ هەڵكەندنی بیری ئیرتیوازی و دەست خستنی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوانی ناوچەكە.[2] سەرەڕای ئەوەی كه ئەم خاكه گونجاوە بۆ كاری كشتوكاڵی و ڕووەكەی زۆر تەختە.[3]

---

[1]- صلاح حميد الجنابي وسعد علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١٠٨. نقلا عن ابراهيم شريف، التربة، تكونها و توزيع انواعها و صيانتها، مؤسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية، سنة١٩٦٠، ص ١.

[2]- خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- و موارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٦٥.

[3] - صلاح حميد الجنابي وسعد علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١١٤.

**٢ - خاكی ناوچەی نیمچە شاخاوی:**

پێکهاتە کیمیایی و فیزیاوییەکانی ئەم ناوچەیەی لەخاکی هەرێمی پێشوو جیاوازە، ئەویش بەهۆی جیاوازی هۆکارە پێکهێنەرەکانی خاك، کە بریتین لە:-

**أ- خاكو خۆڵی قوڵو مام ناوەنجیی رەنگ مەیلەو قاوەیی:-**

ئەم خاکە لە باشوورو باشووری ناوچەی نیمچە شاخاوی بوونی هەیە، رووی زۆربەی خاکی ئەم ناوچەیەی داپۆشیوە بە قوولاّیی جیاواز بە جۆرێك کە لەناوچە نزماییەکاندا قووڵ ترەو لەناوچە بەرزاییەکاندا قووڵیەکەی کەمتر دەبێت، ئەم خاکە زۆر بەپیتە وەك خاکی کەستەنائی وایە چوونکە رێژەی پێکهاتە کانزایی و ئەندامییەکانی پێویست بە گەشەی رووەکی تێدایە، سەرەرای پێکهاتە فیزیاوییەکەی کەیارمەتی کێلاّن دەدات، بەگشتی کشتوکاڵ لەم ناوچەیە پشت بەباران دەبەستێت، گەنم و جۆ لە گرنگترین بەرهەمەکانی ئەم ناوچەیەن کەلە دەشتەکانی کەرکوك و هەولێرو موسڵ و دەشتەکانی جەزیرەی بەرز دەچێنرێن.[1]

**ب- خاکی سوور:**

ئەم جۆرە خاکە دەکەوێتە پشتێنەی خواروی خاکی پێکهاتە قووڵ و مام ناوەند، بەرەو باشووری خۆرئاوا درێژ دەبێتەوە، لە بانی جەزیرەی باشوورەوە بەرەو باشوور درێژدەبێتەوە تا لە سنووری دەشتی نیشتەنی کۆتایی دێت، ئەم خاکە زۆرجار لە چینێکی قوڵ و تەنك پێکدێت کە لە بەردی جیری و جبسی و خوێ پێکهاتون، هەندێك بە خاکی پۆلێنی سێیی ناو دەبەن(هەروەها لە خاکی نیشتەنی کۆن دەچێت لەناوچەی دەشتی نیشتەنی لە توانای بەرهەم هێناندا، لەبەر ئەوەی تەنکە لە زۆربەی ناوچەکاندا).[2]

---

[1] - خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- و موارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٦٨- ٦٩.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

ت - خاکی ئەسمەر:

خاکی ئەسمەر لە سنووری گواستراوە لەنێوان هەرێمی چیاکان و هەرێمی نیمچە چیاکان دەبینرێت ڕەنگی خاکەکە ئەسمەرەو چنینی خاکەکەی زبرە و بەردی کلس ڕێژەی(٢٥- ٣٥٪)ی پێکدەهێنێت.[١]

پ - خاکی تیراڕۆزا یان خاکی دەریای ناوەڕاستی سور(Terra Rosa Soil)

ئەم جۆرە خاکە لەناوچەی نیمچە شاخاویدایە بە تایبەتی لەسەر ئەو بەردانەیە کە پێکهاتەکەی کلسی یە و دابارینی لە نێوان(٢٠٠-٤٠٠)ملم دایە.[٢]

ج - خاکی بەردینی تەنك:

لە هەرێمی بەرزایی و بان و دەشتە شەپۆل دارەکاندا(نیمچە شاخاوی)ەکاندا بەدی دەکرێت، بەگشتی تەنکن و چینە بەردەکانی کلسی و جبسی دادەپۆشێت،[٣]بەگشتی خاکی ئەم ناوچانە گونجاون بۆ کشتوکاڵ و خۆش ئاوەڕۆن پێکهاتەکەی زبرن، پێکهاتەی ئەندامیان زۆرە.[٤]

ج- دەرامەتە ئاوییەکان: -

مەبەستمان لە دەرامەتە ئاوییەکان هەموو جۆرەکانی ئاوە لە ناوچە دابڕاوەکان کە بریتین لە داباری و ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوەی.

أ- داباری:

مەبەست لە هەموو جۆرەکانی باران و بەفرو تەرزەیە، کە لەناوچە دابڕاوەکان دەبارێت، وەك دەزانین داباری لە نیوەی زستانەی ساڵدا دەبێت، بەڵام بڕو جۆرو کاتی داباری بە هۆی جیاوازی هۆکارە کارتێکەرەکانەوە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە... بەڵام بەگشتی هەتا بەرەو باکوورو باکووری خۆرهەڵات

---

١ - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١١١. نقلا عن p buringh "soil and soil condination in iraq"Baghdad 1960.p.78.

٢ - شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص١١٢.

٣ - صلاح حميدالجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١١٣.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

برۆین برِ و جۆری دابارین زیاد دەکات و دەگۆڕێت، بۆ نموونە دابارین لە هەردوو وێستگەی(حەویجە- ئاکرێ) لەنێوان(٢٥٨ - ٩٣٥)ملم[١]سالآنە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١١).

ب- ئاوی سەرزەوی:

مەبەست لە هەموو ئاوی سەر زەوییە چ وەستاو بێت(دەریاچە. گۆم...) یان ڕێکردوو بێت وەك(ڕووبار یان لقە ڕووبارو چەم...) چ هەمیشەیی بێت یان وەرزی، سەرچاوەی سەرەکی ژێدەرییان دابارینە، پاشانیش ئاوی ژێرزەوی، لە گرنگترین ئاوی سەر ڕووی زەوی بریتین لە:

١ - ڕووباری دیجلە: لە کاتی هاتنە ناوەوەی بۆ هەرێمی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ٢٥کلم دەبێتە سنووری باکووری قەزای تەلەعفەر، جارێکی تر لە بەنداوی موسڵەوە دێتە سنووری ناوچە دابڕاوەکانەوە لەنێوان هەردوو قەزای تەلێکف وتەلەعفەر ڕێدەکات بەرەو باشوور واتە زیاتر لە(٣٠)کم خاکی ناوچە دابڕاوەکان دەبڕێت، پاشان بە درێژایی نزیکەی٧٠کم دەبێت بە سنووری خۆر ئاوی قەزای تەلکیف و پاشان بەرەو باشووری خۆرهەلآت ڕێ دەکات و بەدرێژایی زیاتر لە(٣١٥)[٢]کم، کە لە دامێنی بەرزاییەکانی حەمرین لە دەربەندی فەتحە ناوچە دابڕاوەکان بە جێ دەهێڵێت، داهاتی ئاوی دیجلە نزیکەی(٢٠,٧٢)[٣]ملیارم[٣] سالآنەیە. ئەم لقە ڕووبارانە دەڕژێنە ناو ڕووباری دیجلە کە بریتین لە:-

٢ - زێی گەورە: ئەم ڕووبارە بە درێژایی نزیکەی(١٣٣)کم، سنووری خۆرهەلآتی قەزای ئاکرێ و(١٤)کم لە باکووری خۆرهەلآتی قەزای قەرەقوش پێك دەهێنێت و پاشان درێژدەبێتەوە لە نێوان هەردوو قەزای مەخموورو قەرەقوش بە دێژای نزیکەی(٥٠)کم لە ناوچە دابڕاوەکان دەبڕێت، ژێدەری سالآنە(١٣,٢٩) ملیارم[٣]یە.(٣٢,٦٤٪) ئاوی ڕووباری دیجلە پێك دەهێنێت[٤].

---

[١]- شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٦٤-٦٥.مأخوذ من سجلات الانواء الجوية ببغداد، وقد سجلت للفترة فيما بين١٩٤٠-١٩٧٠.


[٢]- محەمەد عەبدوڵلا عومەر، گواستنەوەو هاتوچۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣-٢٧٤.

[٣] - فەرەیدون کاکەیی، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سالّی٢٠٠١،ل٢١.

[٤]- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، سال١٩٩٩، ل١٣٠.

## نەخشەی(١١)

## نەخشەی دابەش بوونی دابارین و پلەکانی گەرما
## لە ناوچە دابڕاوەکان لە ساڵی ٢٠٠٤



**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ-خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arcview3.3). ب- جمهورية العراق،وزارة التخطيط و التعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٣٤-٣٦،

**٣ - زێی بچووك[*] : ئەم ڕووبارە بە درێـژی نزیکـەی(١٢٥)کـم سـنووری خـۆر ئاوای قـەزاکانی چەمچـەماڵ و کـەرکوك و دووبـز پێکـدەهێنێت، بـەلاّم تـەنها نزیکـــەی(١٢٦)کــــم بــــە ناوچـــە دابڕاوەکانـــدا ڕێـــدەکات و ژێـــدەری ســـالأنەی(٧,٣)ملیـــارم[٣]..[١] بــە ڕێــژەی(١٦,٧١٪)ی ئــاوی ڕووبـــاری دیجلـــە پێکدەهێنێت[٢].**

**٤- عوزێم: ئەم ڕووبارە لە سێ لقـی وەرزی پێکـدێت و تـەنها ڕووبـارە کـە لەناوچە دابڕاوەکاندا دەردەکەوێت(هەڵدەقوڵێت)، درێژیەکەی(١٥٠)کم[٣]. ژێدەری سالأنەی(٠,٧١)ملیارم[٣] یە، بە ڕێژەی(١,٦٤٪)بەشدارە لە پێکهێنانی ڕووبـاری دیجلە[٤]. ڕووبەری ئاوزێڵەکە ١٠٩٨٨کم[٣]یە[٥].**

**٥ - سـیروان: ئـەم لقـە ڕووبـارە بەنزیکـەی(١٥٣)کـم بـەناو خـاکی ناوچـە دابڕاوەکاندا گوزەر دەکات بـە درێـژایی نزیکـەی(١٠)کـم دەبێـت بـە سـنووری باکووری خۆر ئـاوای قـەزای خانـەقین، بـە بـڕی(٥,٧)ملیـارم[٣]...[٦] و بـە ڕێـژەی (١٣,٥٧٪)بەشدارە لە پێکهێنانی ڕووباری دیجلە[٧]، کەواتە ڕێژەی ئاوی سەر زەوی زەوی ناوچـــە دابڕاوەکـــان دەگاتـــە نزیکـــەی(٤٧,٧٢)ملیـــارم[٣]، واتـــە**

---

[*] - لە زێی بچووکەوە بە درێژایی(٧٠)کم لقێکی لێ ڕاکێشرا بەرەوە خۆرئاوای کەرکوك لەساڵی١٩٣٦دا، بۆ ئاودێری کردنی(٢٤٠٠٠٠٠)دۆنم، ئەم پرۆژەیەی ناونرا بە پرۆژەی حەویجە، کە ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە پرۆسەی بە عەرەب کردنی خاك و دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان: أ-خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا-وسكانا-و موارد اقتصادية ، مصدر سابق، ص١٠٥.ب- خليل اسماعيل، البعد القومي للاستيطان العربي في محافظة كركوك، كركوك - بحوث الندوة العلمية حول كركوك- ٣مايس٢٠٠١- اربيل، ص٣١.

[١]- صلاح حميد الجنابي وسعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١٧٩.

[٢]- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

[٣] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، بدون سنة طبع، ص١٣.

[٤]- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەوە دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

[٥]- جزا توفيق طالب، اقليم كردستان العراق دراسة في الجغرافيا السياسية، مصدر سابق، ص١٠١. نقلان عن: الحزب الديمقراطي كردستاني، مياه كردستان و افاق المستقبل، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، سنة١٩٩٦، ص٢٨.

[٦]- صلاح حميد الجنابي وسعدي علي غالب،جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١٧٩.

[٧] - ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

نزیکەی(٤٨,٤٪)ی کۆی بڕە ئاوی ڕووباری دیجلە لە ناوچە دابڕاوەکان تێکەڵ بە ڕوبارەکە دەبێت.

بەڵام لەناوچە دابڕاوەکاندا تەنها دووبەنداو هەن کە ئەوانیش:-

١- بەنداوی موسڵ* :

ئەم بەنداوە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە لە باکووری شاری موسڵ،(١١,٤٧)ملیارم[3] ئاو دەگرێت درێژیەکەی(٣٥٠٠)م وبەرزیەکەی(١٢٦)م لەسەر ڕووبەری(٣٧١)کم[2] دروست کراوە.[1]

٢- بەنداوی حەمرین: -

ئەم بەنداوە ئەکەوێتە سەر ڕووباری سیروان لەساڵی(١٩٨٠)دروست کراوە، ڕووبەرەکەی(٤٤٤)کیلۆمەتر دووجایە[2]، بڕی(٢،٤٥) ملیارم[3] ئاو دەگرێت و درێژیەکەی(٣٣٦٠)م بەرزییەکەی(٤٠)م[3]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٢).

ت- ئاوی ژێر زەوی:

مەبەست لەو ئاوانەیە کە لە ژێر زەویدان و لە شێوەی کانی یان سەرچاوە یان بەهۆی چالاکی مرۆڤەوە دەردەهێنرێن وەك بیر و کاریز، ژێدەری ئاوی سەرزەویشن...بەڵام ژێدەری سەرەکی ئاوی ژێر زەوی دابارینە، بە هۆی گونجاوی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچە دابڕاوەکان بۆگل دانەوەی ئاو، دەبینین کۆگایەکی گەورەی ئاوی ژێر زەوی لەناوچە دابڕاوەکاندا دروست بووە کە دانیشتوان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستن لە بەرکارهێنانی چالاکیە جۆر

* - لەڕاستیدا ئەم بەنداوە سنووری هاوبەشە لە نێوان ناوچە دابڕاوەکان وناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان،واتە دەکەوێتە نێوان هەردوو ناوچەکە (ناوچە ئازاد کراوەکان و ناوچە دابڕاوەکان).

[1] - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١٨٨-١٨٩.

[2] - صلاح الدين انور قيتولي، التحليل الجغرافي لسياسة التعريب في قضاء خانقين، رسالة تقدم بها الي مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية وهي جزء من متطلبات نيل شهادة ماجستير في الجغرافية،غير منشور، سنة ٢٠٠٧، ص٢٠.نقلا عن محمد دلف الدليمي، اعادة الاستيطان والسياسة المائية لدول حوض نهري دجلة والفرات و انعكاساتها علي القضية الكوردية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- اربيل، سنة٢٠٠٢، ص٢٣٥.

[3] - صلاح حميد الجنابي وسعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص١٨٧.

بەجۆرەکانی ڕۆژانەیاندا..بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٢)و خشتەی ژمارە(٣). ئاوی ژێر زەوی[1] دابەش دەبێت بۆ:

١- بیر:

زۆرترین ئاوی ژێر زەوی باوە کە مرۆڤ هەڵی کەندوە و بە پێی پێداویستی خۆیی، لە زۆر کۆنەوە مرۆڤ بەکاری هێناوە، کشتوکاڵی هاوینەی ناوچەی نیمچە شاخاوی بەڕادەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەستێت، جگە لەوەی کەخەڵکی گوندو جوتیارەکان هەڵدەستن بە لێدانی بیر لە دەشتەکان بەمەبەستی خواردنەوە و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بچووك لە سەوزەو میوە وبەرهەمی کاش(نقد)وەك توتن... بەرزکردنەوە ئاوەکەش بەهۆی ئامێری نوێ وە دەبێت... قوڵی بیرەکانی ناوچەی نیمچە چیاکان لە نێوان(٥-٣٠)م، لە دەشتی قەرەقوش لە نێوان(٣,٥-٢٤,٥)م وە لە ناوچەی تەلکێف نزیکەی(٧)م و لە دەشتی کەرکوك لەنێوان(٢٠-٣٠)م، لە دەشتی کفری لەنێوان(٥-١٨)م، بەلاَم لە بەرزاییەکانی موسڵ لە خۆرئاوای ڕووباری دیجلە قوڵی بیرەکان زیاد دەکات لەبەشی باکووری دەگاتە(٤٠٠)م، لە دامێنی چیاکانی شەنگار لەنێوان(٥٠٠-٩٠٠)م، لەبەرزاییەکانی ئەم بانە دەگاتە ٢٥٠م.

ئاوی ناوچەی چیاو نیمچە چیاکان و ناوچەی خانەقین و جەسان شیرینن، لەبەر ئەوەی ئاوی چیاکانی لێ نزیکە و ژێداری دەکات بە ئاوی شیرین، لە ناوچەی دەشتی پانکەیی بڕی ئاوەکە لە هەر کم$^2$ نزیکەی(٢٠٠٠٠)م$^3$ یە، لە باکووری چیاکانی شەنگار(٣٤٠٠٠)م$^3$ یە...

---

[1] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص١٦٢-١٧٠.

**٢- کارێز[*]:**

**کارێز زۆر کۆنه له عێراقدا، بۆ خورادنەوەو ئـاودێری و گێڕانـی ئـاش بـەکار هـاتووە، لەناوچـەی نیمچـە شـاخاوی زۆر بـڵاوە، بـەڵام بـەهۆی وشـك بـوون و پڕبوونەوەی بەردەوام و کۆنیان ئێستا بیر لێ دەدرێت.**

**٣- کانیاو:**

**کانیاو له ناوچەی چیا و ناوچەی نیمچە چیایی و دەشتی پانکەیی له ناوچـەی بەدرەو مەندەلی دەبینرێت.**

**کانی و سەرچاوە بریتییه لەو ئاوەی که له قەدپاڵـەکانی چـیا و بەرزاییـەکان هەڵدەقوڵێت، دابەش بوون و بڕەکەی دەوەستێتە سـەر بـڕی ئـاوی بـاران و لێـژی چینەکانی بەرد و پلەی کونیلەداری و هۆکارەکـانی ڕامـاڵین کاریگـەری کـەمی هەیە له سەری، هەندێك ناوچە هەیه له ڕامـاڵینی چـینە بـەردەکان بـۆ ئاسـتی کۆگای ئاوی ژێر زەوی دەردەکەوێت له شێوەی کانیاو وەك ڕووبـاری نـارین جـایو ڕووباری دیاله و ڕووباری کانجیر نزیك مەندەلی و ڕووباری کەلال که بـه بـەدرە دا دەڕوات، هەروەها سەرچاوە لەو ناوچانەدا دەردەکەون که جیاوازی له ئاستی ڕووی زەویدا هەیه وەك لێوارەکانی دەشتی پانکەیی و دەشتی نیشـتەنی بەتایبـەت لـە مەندەلی بەرەو باشوور.**

**بەگشتی ئاوی کانی و سەرچاوە بۆ خورادنەوە و ئاژەڵ داری و کشـتوکاڵ کـردن بەکار دەهێنرێـت، هەنـدێکیان بـۆ سـەیرانگا بـەکاردەهێنرێت وەك سەرچـاوەی بەعشیقە، مەنسور ئاباد له بەدرە و سەرچاوەی ستان و کومسنك له مەنـدەلی... کۆمەڵە سەرچاوەکانی ناوچەی چیای شەنگار...[1]**


---

[*] - کارێز: بریتییه له کۆمەڵه بیرێك که بەهۆی هەندێك جۆگەوە بەستراونەتەوە ئاستی هەریەکەیان لەوەی پێش خۆی نزمترە، ماوەی کەمتر له٢٠مەتریان له نێواندایه، لەوانەیه درێژی کارێز بگاتە چەند کیلۆمەترێك: ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[1] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص١٦٩-١٧٠.

**نەخشەی ژمارە(١٢)**

**دابەش بوونی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی لە ناوچە دابڕاوەکان**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامــەی( arcview3.3). ب- خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- و موارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٩٥.

**خشتەی ژمارە(٣)**

**حەوزەکانی ئاوی ژێرزەوەی ناوچە دابڕاوەکان و هەندێك لە جیاکەرەوەکانی**[1]

| ژمارە | ناوی | رووبەر بە | قولاًیی ئاوی | بەرهەم | یلە سوێری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حەوزی | ٢٧٠٨ | ٣٠-٣٥ | - | - |
| ٢ | حەوزی | - | ١٠-٣٠ | ١٠٠-١٦٠٠ | ٣٠٠ |
| ٣ | حەوزی | - | ١٠-٥٠ | ١٠٠-٦٥٠ | ٢٠٠-١٠٠٠ |
| ٤ | حەوزی | - | ١-٤٠ | ٢٥٠-٧٥٠ | ١٠٠٠-٢٠٠٠ |

**ح- ڕوەکی سروشتی:**

**ڕووەکی سروشتی ئەو ڕووەکەیە کە لە سروشتی یەوە دەڕوێت و گەشە دەکات دوور لە پەروەردەی مرۆڤ لە ناوچە دابڕاوەکاندا چەندین جۆر لە ڕووەکی سروشتی دەبینرێت ئەویش بەهۆی جیاوازی لە خاك و ئاووهەواو بەرزونزمی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بە گشتی سنوورێکی دیاری کراو نییە لە نێوان هەرێمە ڕووەکییەکان دا بەڵکو ناوچەی گواستراوە هەیە لە نێوان هەرێمەکاندا. بری داباریني ساڵانە بەرپرسە لە چڕی و جۆری ڕووەکەکان و ڕووبەری هەرێمە ڕووەکییەکان.**

**جۆراو جۆری هەرێمە گژووگیاییەکان هاوهەرێمن لەگەڵ جۆراو جۆری هەرێمە ئاووهەواییەکان، بۆنموونە**

**ڕووەکی ناوچە چیاییەکان بەزۆری دەکەوێتە هەرێمی ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست، هەرێمی ڕووەکی کورتە گیا(سهوب)بەزۆری دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای دەشتایی ...[2] دەتوانین هەرێمە ڕووەکییەکانی ناوچە دابڕاوەکان دابەش بکەین بۆ:-**

---

[1]- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦. وەرگیراوە لە وەزارەتی کشتوکاڵی ئاودێری هەرێمی کوردستان فەرمانگەی هەڵکەندنی بیری ئاو لە هەولێر.

[2] - خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- وموارد اقتصادية، مصدر سابق ص٨٣.

١- هەرێمی ڕووەکی دارستان: دەکەوێتە ڕووبەرێکی کەمی باکوور لە سنووری توێژینەوەکە ، ڕووەکەکان دەکەونە هەرێمی ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست، دارستانەکان دەکەونە نێوان هێڵەکانی بارانی(٦٠٠-١٢٠٠)ملم[١]، ڕووەکەکان لە لاپاڵی خۆرئاواو باشووری خۆرئاوای چیاکان کە بە ئاڕاستەی بایە شێدارەکانن چڕترن،(٧٠٪)ی ڕووەکی ئەم ناوچەیە دارن و(٣٠٪)ی گژووگیان[٢] دارەکان بەزۆری لە جۆری داری گەلاٚ وەریون و لە جۆری بەڕوو و گوێز و ترش- ن، هەروەها سنەوبەریش هەیە لەم ناوچەیە، سەرەڕای بوونی داری تری وەك گوێژ و قەزوان و عەرعەر[٣]...

٢- ڕووەکی ستیبس:

ڕووەکی ستیبس لەو ناوچانەدا دەست پێ دەکات کە دەکەونە هێڵی بارانی(٢٠٠)ملم، جیلت(jillet) پێشنیاری کرد بۆ دابەش کردنی ڕووەکی ستیبس بۆ دوو ناوچەی سەرەکی[٤]:-

أ- ڕووەکی دەشتایی وشك: دەکەوێتە نێوان هێڵی دابارینی(٢٠٠-٣٠٠)ملم، ڕووەکەکانی لە جۆری کەنگر و(صمعە)[٥]نەسرین و دەمەشێر-ن[٦]. ئەم جۆرە ڕووەکانە لە ڕووەکی بیابانی دەچن لە ڕوی خۆگونجاندنیان لەگەڵ وەرزی وشکانی سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە جۆرەکانی لە ڕووەکی بیابانییە[٧].

ب - ڕووەکی دەشتایی شێدار: دەکەوێتە هێڵی بارینی(٣٠٠-٥٠٠)ملم ڕووەکەکان لە جۆری کەنگر (ئەینەموونی مشوج)،[٨] لە ڕووەکی پێشتووتر

١ - شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٧٧.

٢ - خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا-وسكانا- و موارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٨٣.

٣ - باسم عبدالعزيز الساعاتي و آخرون، العراق دراسة الاقليمية، الجزء الأول، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٨٥. ص٤٤

٤ - شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٨٤.

٥ -المصدر نفسه، ص٨٥.

٦- جەزا توفیق تالب، ڕوەکی خۆڕسك، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق ، ساڵ١٩٩٩،ل١١٧.

٧- خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- و مواردااقتصادية، مصدر سابق، ص٨٧.

٨ -شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٨٥. نقلا عن محمد جاسم خلف، جغرافية العراق- معهد الدراسات العربية العالية، الطبعة الثالثة، القاهرة، سنه ١٩٦٥، ص١٢٧.

بلاْوترن، لەم هەرێمەدا دار دەبینرێت کەهی دارستانەکانە. گرنگی گەورەی هەیە بۆ عێراق لە بەرئەوەی پاوانە و ڕێ لە ڕامالّین دەگرێت. [1]

سنوورێکی دیاریکراو نییە لە نێوان ڕووەکی بیابانی و ستیبس ئەویش بە هۆی گۆڕان لە بڕی باران بارین لەم ناوچانە، لەکاتی زیاد بوونی دابارین دەبێتە هۆی فراوان بوونی ناوچەی گژوگیای ستیبس لە سەر هەژماری ناوچەی بیابان وە بە پێچەوانەشەوە لەکاتی کەم بوونی داباریندا[2].

٣ - ڕووەکی بیابانی:

ئەم هەرێمی ڕووەکە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاْتی ناوچە دابڕاوەکان، لەم هەرێمەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان پلەی گەرمای ڕۆژو شەودا، لە ڕۆژدا پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە بۆ(٥٠)°س. لەشەویشدا دادەبەزێت بۆ سفر یان کەمتر، هەروەها جیاوازیش لەپلەکانی گەرمای هاوین و زستانیشدا هەیە، دابارین لەم ناوچەیە لە نێوان(٥ - ١٥)سم سالاْنە، بەلاْم بەرزی پلەی گەرما دەبێتە هۆی کەم بوونی کاریگەی دابارین، ڕووەکی بیابانی خۆی گونجاندوە لەگەلّ وشکایی کەنزیکەی(٨)مانگ دەخایەنێت،[3]ئەویش بە کۆکردنەوەی ئاو لەبەشەکانی دا و درێژکردنەوەی ڕەگ بۆ قوولاْیی خاك بۆ بەدەست هێنانی شێ و داپۆشینی بە چینی مۆمی بۆ کەم کردنەوەی کرداری بەهەلّمبوون و بوونی دڕك لە سەر گەلاْکانی، هەندێك لەڕووەکەکان ڕەگی ئاسۆییان هەیە لە نزیك ڕووی زەوی بەمەستی گەیشتن بەشێ.

٤- ڕووەکی کەنار ڕووبارەکان:

لەهەموو هەرێمییە ڕووەکییەکاندا دەبینرێت، ڕووەکی ئەم هەرێمە بە درێژایی کەناری ڕووبارەکان بە چڕی کشاون بە هۆی زۆری ئاوی ڕووبار، لە ناوچەی باکوور(چیاکان) لە جۆری دارن و لە بەشەکانی تر لە شێوەی دەوەنن بەتایبەتی لە دەشتی نیشتەنی بریتین لە توو ژالّە و تووڕك و سپی دار...

---

[1] - خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- وموارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٨٧.

[2] - باسم عبدالعزيز الساعاتي و اخرون، العراق دراسة الاقليمية، مصدر سابق، ص٤٣.

[3]- خطاب صكار العاني، الجغرافيا العراق، ارضا- وسكانا- وموارد اقتصادية، مصدر سابق، ص٨٤.

خ- كانزا سروشتييەكان: -

وەك دەزانين خاكى ناوچە دابڕاوەكان بۆ ماوەيەكى دوور و درێژ لە ژێر دەرياى تيشس دا بووە، سەرەڕاى هۆكارو گۆڕانە جيۆلۆجييەكانى ترى ناوچەكە... لە ئەنجامى ئەمانەدا بەردى نيشتەنى خاكى ئەم ناوچەيەى داپۆشيوەو پێكهێناوە...

هۆكارە سروشتييەكان، تاكە هۆكارى بەرپرسيارن لە دابەش بوونى جوگرافى دەرامەتە كانزاييەكان، مرۆڤ تواناى بە سەر ئەو دابەش بوونە دا ناشكێ، هۆكارە سروشتييەكانيش خۆيان لە بارو دۆخى جيۆلۆجى وەك جۆرى كەڤەر و چاخى جيۆلۆجى و جوڵەى توێكڵى زەوى و هۆكارەكانى ڕووتانەوە دەنوێنن[1]، ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت كە پەيوەندييەكى توند و تۆڵ لە نێوان جۆر و بڕى دەرامەتە كانزاييەكان و پەرەسەندنى جيۆلۆجى هەر هەرێمێك دا هەيە[2].

پێكهاتنى بەردو جۆرەكانى كاريگەرييان هەيە لە سەر چەندايەتى و چۆنايەتى كانزاكان[3]جگە لە گۆڕانە جيۆلۆجييەكانى دەرياى تيشس، لە ئەنجامى ئەمانەدا بەردى نيشتەنى ڕووپۆشى خاكى ئەم ناوچەيەى پێكهێناوە و داپۆشيوە، بۆيە دەبينين لەم ناوچەيەدا كانزاى فلزى و بە تايبەتتر زۆرترين جۆرلە كانزاى نافلزى تێدا دەبينرێت وەك(نەوت، خەڵووز، خوێ...)[4]

١- كانزا فلزييەكان:

بريتييە لەو كانزايانەى كە خاوەكانيان كانزاى ترى فلزيان لێ دروست دەكرێت وەك: ئاسن و قورقوشم ...

---

[1]- عيمادەددين عومەر مستەفا، دەرامەتە كانزاييەكان، جيۆگرافياى هەرێمى كوردستانى عێراق، چاپى دووەم، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردەى هەرێمى كوردستانى عێراق، ١٩٩٩، ل١٥١، وەرگيراوە لە: محمد ازهر السماك و آخرون، جغرافية الموراد الطبيعية، جامعة الموصل، ١٩٨٢، ص٦٩.

[2] - هەمان سەرچاوەى پێشوو، ل١٥١.

[3] - صلاح حميد الجنابي و سعدي علي غالب، جغرافية العراق الاقليمية، مصدر سابق، ص٣٧١.

[4] - جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص٢٧٨.

له ناوچه دابڕاوەکان چەندین جۆر له کانزای فلـزی دەبینرێـت بـۆ نموونـه وەك خاوەکانی ئاسن له شێخان [1]کانزای نیشتووی قوڕقوشم، که له ناوچـەی دارەمـان دەبینرێـت، پێکهاتـەی کـانزایی خاوەکـان لـه توێژینـەوەی ئـەو پێکهاتەیـەوە دەرکەوتوه که کـانزا سـەرەکییەکانی خاوەکـه بـریتین لـه گالینـا، سـفالیرایت، پایەرایت، ئەرسینۆ، پیرۆتایت، کانزای گۆگردیش به ڕێژەی جیاواز هەرله دارەمان هەیه، جگه لەوەی که له دارەمان پایەرایت، پیرۆتایت، سفالیرایت و گالینا کانزا سەرەکیەکانی خاوەکه پێکدەهێنن[2].

٢ - کانزا نافلزییەکان:

بریتییه لەو کانزایانەی که له خاوەکانی خاوی تریان لێ دروست ناکرێت، وەك کـانزا سـووتەمەنییەکان( (Fuels Minral)و کانزاکـانی دی بێجگـه لـه کـانزا سوتەمەنەییەکان، هەروەها ئەم کۆمەڵەیه هەموو ئەو کانزایانەش پێك دەهێنێت که له بیناسازی و ئاوەدان کردنەوەدا بەکاردەهێنرێن وەك قـوم و بـەرد ( Crushed stone)، شایانی باسه زاراوەی خاو هەمان واتای کانزای هەیه[3]. بڕوانـه نەخشـەی ژمارە(١٣).

کانزا نافلزییەکان وەك:

أ- خەڵووزی بەرد: له کفری له ناوچەی ئینجانه دەبینرێت[4].

ب- گۆگرد: به شێوەی توخمی پوخت و بـه شـێوەی کـانزاش لـەم شـوێنانەی خوارەوە دەرهاتووە:

گۆگردی سروشتی: لەو نیشتوانه دەردەهێرێت که له چـینه چبسـییەکان دان، هەروەها گۆگردی هاوێنەی پوخت له چینه جبس و قوڕینەکاندا هەیه وەك:

---

[1] - سلێمان عەبدوڵلا ئیسماعیل، باری پیشەسازی لـه هـەرێمی کوردسـتان عێـراق، جیۆگرافیـای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩، ل٢٠٣.


[2]- عمادەددین عومەر مستەفا، دەرامەته کانزاییەکان، جیۆگرافیای هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤- ١٥٥.

[4] - شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٤٣٠.

**نەخشەی (١٣)**

**دابەش بوونی کانزاکان(فلزی، نافلزی) لە ناوچە دابڕاوەکان**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی** (arcview3.3).

b-republic of Iraq, ministry of industry and minerals,state company of geological survey and mining, minerogenic map of iraq, without any information

کفری. گۆگرد لەو گازە سروشتیەی لەگەڵ نەوت دا هەیە دەردەهێنرێت(کارگـەی دەرهێنانی گۆگرد لە دوبز)...[1]

ت- خویٚ: خوێی چێشت(Nacl)لە ناوچەکانی: لە کوم لـە چەمچـەماڵ و دوز وحەمرین... هەیە[2].

پ- جبسۆم ئەنهایدرایت:

جبسۆم: بریتییە لەگۆگرداتی کالسیۆمی ئاوی، ئەنهایـدرایت: بریتییـە لـە گۆگرداتی کالسیۆمی نا ئاوی...جبسـۆم و ئەنهایـدرایت لـەم ناوچـانەدا هەیـە: مەخمور و سلێمان بەگ-ی قەزای دوزخورماتوو..[3]

ج- مەرمەر: لە ناوچەی شەنگار بە دی دەکرێت.[4]

ح- بـەردی کلـس و دۆلۆمایـت: بریتییـە لـە کەڤـەری نیشـتەنی کـرد لە(٥٠٪)یان زیاتر لە کانزای کالسایت و دۆلۆمایتی تێدایـە... هـاڕاوەی بـەردو کلس لە دروست کردنی کۆنکرێت و دروست کردنی شۆستەی ڕێگا وبان و هێڵـی ئاسنین سوودیان لیٚ وەردەگیرێت، لەم ناوچانە دا بوونیان هەیە: تاجیل و دۆمێلاَن لە کەرکوك و ئاکریٚ و شەنگار لە موسڵ.[5]

خ- ئـەتیان: ئـەتیانی بێنتۆنایـت لـە پێکهاتـەی(بـەختیاری)دا هەیـەو بەشێوەیەکی سەرەکی لە کانزاکـانی مۆنتمۆرلۆنایـت پێکهـاتوە و لـە دروسـت کردنی چیمەنتۆ و کاغەز... بەکاردێت و لەم شوێنانەدا هەیە: قەرەتەپە، کفری.[6]

---

[1] - عماد دەدین عومەر مستەفا، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێـراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

[2]- جزا توفيق طالب، اقليم كردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، مصدر سـابق، ص٢٠٠٤، ص ٧٥. وەرگـیراوە لـە: ناهـدة عبـدالكريم القرغـولي، جيوكيميـا، الصـخور والمعـادن الصـناعية، کۆمپانیای تایمس بۆ چاپ و بلاَوکردنەوە- بغداد، سنة١٩٧٩، ل٤٢.

[3]- عمادەددین عومەر مستەفا، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.وەرگیراوە لە: ناهدة عبدالكريم القرغولي، جيوكيميا، الصخور والمعادن الصناعية، كومثانياي تايمس بؤ ضاث و بلاَوكردنةوة- بغداد، ١٩٧٩، ل٤٩٧-١٠٦.

[4] - جزا توفيق طالب، اقليم كردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص٧٥.

[5]- عمادەددین عومەر مستەفا، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٤.

[6] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

**د- قوم و چەگل: لە زۆرێك لـە ئاوڕێـژی ڕووبارەكانـدا هەیـە، وەك ڕووبـاری سیروان وخاسە.**

**ژ- نەوت*:**

* - دۆزینەوەی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەكان لە كردارەكانی مۆمیاكردن دا سوودیان لیٚ وەرگرتووەو، كۆنترین ناوچەی ڕۆژ هەلاٚتی ناوەڕاست كە نەوتی لیٚ دۆزرابێتەوە كوردستانی عێراقە، گڕی دانەمركاوەی بابا گوڕگوڕ هەر لەكۆنەوە ناسراوەو نەوت چیەكان نەوتی پژاویان كۆكردۆتەوەو وەك سەرچاوەیەكی سوتەمەنی و ڕووناك كردنەوە فرۆشتویانە، هەلٚهێنجانی نـەوت و پـالاٚوتنی نـەوت تـا سەدەی نۆزدە لـە ناوچـەكانی مەنـدەلی و دوز و بابـاگوڕگوڕ سـەرەتایی بـووە، لـە سـالٚی١٨٧١ دا دەستەیەكی ئەلٚمانی هەستان بە توێژینەوەی جیۆلۆجی عێـراق، دەركـەوت بەرێژەیـەكی زۆر بـوونی هەیە لەم ناوچانە، كاتێك حكومەتی عوسمانی پشكی ڕاكێشانی دا بـە كۆمپانیـای ئـەلٚمانی مـافی دەرهێنانی نەوت و كانزا كانی تریشی هەبوو لە وویلایەتەكانی موسلٚ و بەغداد، ئینگلیزە- كـانیش چاویان بڕیبووە نەوتی عێراق پاش بە دەستهێنانی نەوتی ئێران پاشان كۆمپانیای ولاٚتـانی تـری وەك شل و وولایەتە یەكگرتووەكان و كەوتنە ململانیٚ لەسەر وەبەرهێنانی نەوت.
ولایەتە یەكگرتووەكان نوێنەریان نارد بۆ گفتوگۆكردن لەگـەلٚ حكومــەتی توركیـا و بـەریتانیا لـە سالٚی١٩٠٨.. پاش دروست بوونی حكومەتی نوێی تورك لە سالٚی١٩٠٨ و توند بوونی ململانێكانیی نێوان كۆمپانیاكان بۆ وەبەرهێنانی نـەوت، حكومــەت لـە سـالٚی١٩١٠بـانكی نیشـتمانی تـوركی دامەزراند بەهاوكاری حكومەتی بەریتانیا و بەسەرمایەی ئینگلیز... پاشان چەند جارێك كار كرا بۆ وەبەرهێنانی بەكۆمەلٚ و دابەش كردنی سامانی نەوت لە نێوان كۆمپانیاكانی وەبەرهێنان وەك بانكی ئەلٚمانی و ئینگلیـزی و ئەنگلۆسەكسـۆنی و تـوركی... بـەهۆی سـەفیری بـەریتانیا و ئـەلٚمانیا لـە ئەستەمبولٚ، كۆمپانیای نەوتی توركی توانی مافی وەبەرهێنان بە دەست بهێنێت و ڕەزامەندی سەرۆك وەزیرانی توركیا بە دەست بهێنێت لـە حـوزەیرانی١٩١٥(١٩١٤ نـەك ١٩١٥توێـژەر)، پـاش چـەند هەفتەیەكی كەم جەنگی جیهانی یەكەم دەستی پێكرد، بەریتانیا عێراقی داگیر كرد، بۆ وەبەرهێنانی نەوت گرفتی نوێی بۆ دروست بوو لە بەر ئەوەی كە بە پێـی ڕێكـەوتنی سـایكس - بیكـۆ ولایـەتی موسلٚ بەر فەرەنسا كەوتبوو... بە پێی ڕێكەوتنی سان ڕیمۆ بەریتانیا(٢٥%)ی پشكی نەوتی ولایەتی موسلٚی بەركەوت، پاشان وویلایەتە یەكگرتووەكانیش داوای پشكی كرد لە نەوتی عێراقدا بەرامبەر بەپشتگیری كردنی لەسیاسەتی دەرگای كراوە كەلە جاڕنامەی كۆمەلٚەی گەلان بو لە سـەر ولاٚتـانی مل كەچی ئینتداب، پاش ململانێیەكی توند لە ژێر فشاری ئەمەریكا لە بەریتانیا لە سـالٚی١٩٢٣ دا ڕێكەوتنێك كرا لەنێوان كۆمپانیـای ئەنگلۆسەكسـۆنی و نیوجرسـی ئەمــەریكی بـە كردنـەوەی گفتۆگۆ لە نێوان كۆمپانیای نەوتی توركی و كۆمپانیا ئەمەریكیە ئارەزوومەندەكانی بەشداری كردن لە وەبەر هێنانی نەوت، لەسالٚی١٩٢٨دا ڕێكەوتنێك كرا لە سەرچۆنیەتی دابەش كردنی نـەوت لـە نێـوان كۆمپانیـا ئەنگلۆسەكسـۆنی و كۆمپانیـای نـەوتی تـوركی و كۆمپانیـای نـەوتی ئـەنگلۆ ئێرانی(دارسی)و كۆمپانیای ئاوەدان كردنەوەی خۆرهەلاٚتی نزمی ئەمەریكا و كۆمپانیـای بەشـداری وەبەرهێنانی سنووردار(كلبنكیان). حكومەتی عێراقیش لە ١٤ی ئازاری ١٩٢٥ مافی وەبـەرهێنانی دا بەهەمان كۆمپانیا بۆ ماوەی(٧٥)سالٚ، لە سالٚی١٩١٠، بە بڕیاری كۆمەلٚەی گەلان توركیا سوود مەند بوو بە ڕێژەی(١٠%)ی پشكی نەوتی ولایەتی موسلٚ... لە سالٚی١٩٢٩ ناوی كۆمپانیاكە گـۆڕا بۆ كۆمپانیای نـەوتی عێراقـی سـنووردار، كۆمپانیـای نـەوتی عێراقـی مـافی دەرهێنـانی نـەوتی

**نــەوت وەك كانزایــەكی نــافلزی ســووتەمەنی لــە هــەرێمی كوردســتاندا بــە ڕێژەیەكی زۆر بوونی هەیە، بە دەوڵەمەند ترین ژینگەی سامانی نەوت دادەنرێت ئەمــەش بــە هــۆی بــوون و بەرجەســتە بــوونی گشــت بارودۆخــە ســەرەكییە جیۆلۆجیەكانی پێكهاتنی نەوت كە دەكرێت لەم خاڵانەدا كورتیان بكەینەوە:**

**١- لە چاخی پەرمی(permin period)خاكی كوردستان نقومی دەریای تیشــس بوو بوو ئەم ئاوەش لە گشت چاخە جیۆلۆجیەكاندا بە شلەتێن و نەبەستو ناســراو بوو، چەندین بوونەوەر(گیان لە بەری و ڕووەكی) تێدا بوو كــە مــادەی ســەرەكی پێكهاتنی نەوتن، دەریاچەكەیان كردبوو بــە كێڵگەیــەكی جیۆلــۆجی پێكهــاتنی نەوت.**

**٢- بوونی جووڵەو پاڵەپەستۆی بەردەوام لــە ئاكامــدا پاڵەپەســتۆی گــەرمای پێویستیان لێكەوتۆتەوە بۆ ئەوەی مادە نیشتووەكان ببنە نەوت، جگە لە بــوونی بەكتریاو چالاكییە بەسوودەكانی.**

**٣- بلاَو بوونەوەی بەربلاَوی چــینە كەڤــەرە نــەوت هــەڵگرەكان كــە زۆرجــار كونیلەدار نین وەك بەردی قسلْ... و بــوونی مەڵبەنــدی نــەوت و زۆرجــاریش لــە شێوەی پێكهاتەی گونبەتی كــوڕن (antelinesdones) ئەوانــەش بــۆ كۆكردنــەوەی نەوت لە قولاَییە جیاجیا كان یارمەتی دەرن...[1] بە تایبەتتر لە ناوچە دابڕاوەكان،**

---

**ناوچەكانی ڕۆژهەلاَتی ڕووباری دیجلەو باكووری هێڵی پانی٣٢ی پــێ ســپێردرا... پاشــان كۆمپانیــای نەوتی موسلْ كە لقێكی كۆمپانیای نەوتی عێراق بوو لە ساڵی١٩٣٢ ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی لە ناوچەكانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەو باكووری هێڵی پانی٣٢ پێبەخشرا.**

**هەرچی ناوچەی خانەقینە زەویەكەی بە گۆڕدراو ناسراوە، نەوتەكەشی كۆمپانیای نەوتی خانەقین كــە كۆمپانیایەكی سەربە كۆمپانیای ئەنگلۆ - ئێرانی بوو لە ڕێگەی بە كارهێنانی كێڵگەی نەوتخانــەی سەر سنووری ئێران - عێراق نەوتی لێ دەرهێناوە، بەرهەمی كێڵگەی نــاوبراو لــە ســاڵی١٩٢٧ەوە دەستی پێكردووە و پێداویستیە ناوخۆیەكانی دابین كراوە، لەســاڵی١٩٣٤ بەرهــەمهێنانی بازرگــانی كێڵگەی بابە گوڕگوڕ لە كەركوك دەستی پێكرد. بۆ زانیــاری زیــاتر بڕوانــە: أ- جاسم محمد خلف، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، مصدر سابق، ص٢٨٣-٢٨٧. ب- عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە كانزاییــەكان، جیۆگرافیــای هــەرێمی كوردســتانی عێــراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.ت- شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٤٣١-٤٣٥.**

**[1]- پارتی دیموكراتی كوردستان، مەكتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی كوردستانی عێراق، بەشــی یەكــەم ، چــاپی یەكــەم، بلاَوكراوەكــانی مەكتــەبی ناوەنــدی دیراســات و توێژینــەوە، ساڵی١٩٩٧،ل٣٢. وەرگیراوە لە: أ- هاكوب توريانتز، نفط و دماء، ترجمة عبدالغني الخطيب- مطبعة**

ئەم زێڕی ڕەشە نەك بەشدار نەبووە لە خۆش گوزەران کردنی خاوەنەکـەی بـەڵکو مـایەی ماڵ وێرانی و قڕکر دنیشی بووە، لەبەر گرنگییە بێ سنوورەکەی لە ڕووی ئابورییەوە...لێرەدا بە باشی دەزانم کەمێك زیاتر لێی بدوێین:

ئەستێڵك و گۆمەکانی نەوتی کوردستان بە بلاّوی و پێکهاتە گومەزیە ڕوون و ئاشکراکانی جیادەکرێتەوە کە بەڕاوگەیەکی نموونەی خڕبوونەوەی نەوت دادەنرێ و ئەوەی زاڵە بەسەر دابەش بوونەکەی بە یەك دەگەیەنێت.

تیشکۆی یەکەم خاڵی ڕاگیربوون دەنوێنێ و لە شێوەی سێگۆشـەیەکی گۆشـە وەستاو دایە کە چاڵگەی کەرکوك بەرزاییـەکانی داگیردەکـات، کەچـی هـەردوو چاڵگەی بای حەسـەن و چـەمەبۆر بـە دوای یـەك دا بەسـەر گۆشـەی ڕۆژئـاواو ڕۆژهەلاّت دا زاڵن.

تیشکۆی دووەم چاڵگەگانی باکووری ڕۆژ ئاوای(کێڵگەکانی عەین زالە و بەتمە لە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە)دەنوێنێت.

هەرچـی تیشـکۆی سـێیەمە دوورتـرین بـەر لەبـەری ڕۆژهـەلاّتی حەوزەکـە دەنوێنێت لە کێڵگەی نەوت خانە لە کوردستانی عێراق، کێڵگە نەوتییەکان بـە سەر سێ کۆمەڵە دابەش بوون:

١- کێڵگەکانی نەوتی باشوور: کێڵگەی نەوتخانە دەگرێتـەوە لـە خـانقین و نەوتەکەی لەنێو پێکهاتەی لوتکەیی دایە لەسنووری پێکهاتەی کەلهوری کلسی و بۆچـاخی مایۆسـینی دەگرێتـەوە[1]. چـاڵگەی نـەفت خانـە لـە سـاڵی١٩٢٥دا دۆزرایـەوە و لــە ســاڵی١٩٢٧دا دەســت کــرا بــە بەرهــەم هێنــان تیایــدا، درێژیەکەی(١٥)کم و پانیەکەی(٢)کم دەبێ، چەندین کێڵگـەی تـری نـەوت لـە خانەقین هەیە کە بەرهەم نەهێنراون کە بریتین لە کالاّیـات، ئـاو دومـان و تـەل غەزال و دارەخورما...[2]

---

البيان، بيروت ١٩٦٢، ل٤٢.ب- د. محمد ازهر السماك ،البترول العراقي - بين السيطرة والاجنبية والسيادة الوطنية- بغداد، سنة(١٩٨٠-١٩٨١)، ص٩-١٠.

[1]- عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩. وەرگیراوە لە: سهل السنوي و هاوکارانی، جیولوجیا العامة، زانکۆی بغداد، سنة ١٩٧٩، ص٥٧٧.

[2] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسـات و توێژینـەوە، نـەوتی کوردسـتانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.

٢- كێڵگەكانی ناوەڕاست: قەبەترین كێڵگەیە نەوتی تێدایە لـە چوارچـێوەی هەرێم و عێراق و ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست[*]ئەو پێكهاتانەی نەوتیان تێدایە بۆ چاخی كریتاسی و تەنانەت ئۆلیگۆسینیش دەگەڕێنەوە، ئـەو كەڤەرانـەی لـە كێڵگـەی كەركوك نەوتیان لە خۆ گرتـوە بـۆ چـاخی ئیۆسـینی و تەنانـەت ئۆلیگۆسـینی دەگەڕێنەوە و تێكرای ئەستوریان دەگاتە(٣٠٠)م، ئەم كەڤەرانە لە پێكهاتەكانی كۆمەڵەی كەركوك(كە پێكهاتەكانی پالأنی و شێخ ئـەلاس و شـورا و تارجیـل و بابا و باجوان و ئیبراهیم و ئازقەند و عانـە دەگرێتـەوە)وە چـینە سـەرەكیەكانی لەبەردی كلس پێك هاتوون، لە سەروشیانەوە چینی خوێین هەیە كە بۆ پێكهاتەی فارسی ژێرەوە دەگەڕێنـەوە، هـەروەها نـەوت لـەو نوشـتاوانەدا هەیـە كەجوڵـە ئەلبییەكان دروستیان كردوون.

كێڵگەكان ئەم كانگایانەی خوارەوە دەگرنەوە:

أ- كانگای كەركوك - كلسی سەرەكی: ئەم كانگایە پێكهاتەیـەكی لوتكـە ئاسای درێژە(درێژیەكەی لە ١٠٠كیلۆمەتر زیـاترە)لـە بـاكووری ڕۆژئـاواوە بـۆ باشووری ڕۆژهەلأت دەچێت، دابەش دەبێتە سەر سێ لوتكە، نەوت و گاز لەچینە ئیۆسیینیەكاندا هەن[1]. درێژی چاڵگەی بابـاگورگوڕ خـۆی لـە(٩٦)كـم دەدات و پانیەكەشی دەگاتە(٢,٤-٤)كم.[2]

ب- كانگای كەركوكی تەباشـیری: ئـەم كانگایـە دەكەوێتـە لوتكـەی بابـای باشوورەوە.

ت- كانگای سێیانەی بای حەسەن: ئـەم كانگایـە پەیوەنـدی بـە كانگاكـانی كەركوكەوە هەیە، سترەكتۆرەكەی لە لوتكەی بابا دەچێت، بـەلأم لـەو قـوولّترە و چینەكەی بۆ چـاخی تەباشـیری دەگەڕێتـەوە( پێكهاتـەی شـەرانش و پێكهاتـەی

---

[*]- كیڵگەی نەوتی كەركوك بە پێنجەم كێڵگە دێت لە مەزنیدا لە جیهاندا، كە بری١٥هەزار ملیۆن بەرمیلی تێدایە لە هەندێك لە چینەكانی، و لە ساڵی١٩٢٧ وە بەبـەردەوام تـا ئێسـتا نـەوتی لـێ دەردەهێنرێت تا ئێستا، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەكەی لاواز بوونی پێوە دیار بێت... بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانە: طارق شكرمحمود، اقتصاد النفط العراقي، مطبعة دار المحلية- بغداد، سنة١٩٧٨، ص٢٣.

[1] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە كانزاییەكان، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

[2]- پارتی دیموكراتی كوردستان، مەكتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی كوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

قەمچوغەی بالاّ)[1]. درێژیەکەی(٢٨)کم و پانیەکەشی(٣)کم .لە ساڵی ١٩٥٣ئەم چاڵگەیە دۆزرایەوە لە ساڵی١٩٦٠ دا پێی لە قۆناغی بەرهەم هێنانی بازرگانی داوە[2].

پ- کانگای سێیانەی چەمەبۆر: دوو کانگان، چینێك لە بەردی کلسی پتەو بەردی ئەنهایدرایت لێکیان جیا دەکاتەوە (پێکهاتەی(جربی)و پێکهاتەی فوراتی کلسی)[3]. ئەم کانگەیە لەساڵی١٩٥٤ دۆزراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٩ دا پێی ناوەتە قۆناغی بەرهەم هێنانی بازرگانی، درێژی ئەم کانگەیە(٤٠)کم و پانییەکەی(٤)کم[4].

ج- چاڵگەی خوبازە: درێژیەکەی(٤)کم و پانییەکەشی(٢)کم و بەم دواییە بە وێستگەی پاڵنانی نەوتی تایبەت بە چاڵگەی بای حەسەن بەستراوە[5].

٣- کانگاکانی باکوور ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- کانگای عەین زالە: دووکانگای لە چینی کلسین پێك هاتون کەبۆ چاخی تەباشیری دەگەڕێتەوە (چینەکانی شەرانش و قەمچوغە)[6]. لە ساڵی١٩٣٩ نەوتی تێدا دۆزرایەوە، لە ساڵی١٩٥٢ چوە بواری بازرگانییەوە، درێژییەکەی(١٦)کم و پانییەکەشی(٤,٥)کم.[7]

[1] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.
[2] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.
[3] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩-١٧٠.
[4] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل٤٨.
[5] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.
[6] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.
[7] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

ب-   کانگای بەتمە: کانگایەکی ناچوونیەکە و لە چینی شەرانش دایە[1]. لە ساڵی١٩٥٢دا نەوتی لێ دۆزرایەوە، ساڵی دواتر بەرهەمی چوە بواری بازرگانیەوە.

ت-   چاڵگەی ئایسکا(عوێنە): ئەم چاڵگەیە لە نزیك سنووری عێراق - سوریایە و بەم نزیکانە پێی لە قۆناغی بەرهەم هێنان ناوە.[2]

پ-   کێڵگەی شێخان، لەقەزای شێخان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩دا، کارەکانی هەڵکەندن کۆتایی هات و ڕۆژانە١٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، جگە لە چوار بیری نوێی تر، کارکردن تێیدا بەردەوامەو پێش بینی دەکرێت، ڕۆژانە١٠٠ هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنێت.[3]

جگە لەو ناوچانەی لە سەرەوە باسکران نەوت لەناوچەی دیکەش هەیە، وەك چەمچەماڵ[4]، ساسانی نزیك تەلەعفەر...[5]جگە لەوەی کە گازی سروشتی تێکەڵ لەگەڵ کانەکانی کەرکوك و جەمبور و بای حەسەن و بەتمە و عەین زالە... هەیە و بە شێوەی سەربەخۆش لە ڕەتاوی چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە[6] کە ئێستا گازی سروشتی لێ بەرهەم دەهێنرێت... بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٤).

٢ - جیۆگرافیای مرۆیی ناوچە دابڕاوەکان:

بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر و پێدانی بەرچاو ڕوونی بە خوێنەر لە جیۆگرافیای مرۆیی ناوچە دابڕاوەکان لە هەردوو پێکهاتەی نەتەوەیی و پێکهاتەی ئاینی دەدوێین:

---

[1] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

[2] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

[3] - ئەسوات ئەلئێراق، یەکەمین بیری نەوت لە شێخان لێدەدرێت،ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٣١١، ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩،ل١و١٣.


[4] - عیمادەددین عومەر حەسەن، دەرامەتە کانزاییەکان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٧٠.

[5] - پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نەوتی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

[6] - عبدالمنعم عبدالوهاب و اخرون، جغرافية النفط والطاقة، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٨١، ص٤٣١.

نەخشەی ژمارە(١٤)

**نەخشەی دابەش بوونی کێڵگە و پالاٌوگە نەوتیەکان و بەرهەم هێنەری گاز وبۆریی گواستنەوەی نەوت و گاز لە ناوچە دابڕاوەکان**



**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە أ-خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (arcview3.3).**
**ب- هاشم یاسین حمد امین و هی تر، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق،عێراق و جیهان،سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.**

c-Saad z.jassim and mohammad al-gailani,hydrocarbons,geology of iraq, geology of iraq,puplished bye dolin,2006, p234.

**أ-  پێکهاتەی نەتەوەیی:**

**کوردستان بە لانکەی ژیان و بلاّو بوونەوەی مرۆڤایەتی دادەنرێت لە جیهاندا[*]، کوردستان وەك سەکۆی شانۆیەك، هەموو مرۆڤە جیاوازەکان(نەژادە جیاوازەکان)لە چاخە جیاوازەکانی مێژوودا تییّدا ژیاون و ڕۆڵیان بینیوە لە بنیات نان و بەرەو پێش بردنی شارستانیەتەکان تیایدا... بێگومان لە باری هۆکارە سروشتی یەکان، فاکتەری یەکەم بووە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەردەوامی بە ژیان بدات، دۆزینەوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە هەرێمی کوردستان گەواهیی ئەم ڕاستیە دەدەن.**

**ناوچە دابڕاوەکانیش وەك کوردستانی دایك، پڕە لە نهێنی سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دروست کردنی ئاواکاری و بنیات نانی ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتی مەزن، گوندی چەرموّی نزیك چەمچەماڵ بە یەکێك لە کۆنترین لە ئاواکاری مرۆڤایەتی دادەنرێت لە قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییەوە هەنگاوی ناوە بەرەو بنیاتنانی شارستانەت و چاندنی کشتوکاڵ. سەرەڕای ئەوەی کەچەندین شارستانیەت و ئمیپراتۆریەتی مەزن لەم ناوچەیەدا بنیات نراوە یان بەشێك لەقەڵەم ڕەوی دەسەلاتیان بوە وەك شارستانیەتی سۆمەری و گۆتی و ئاشوری و میدیەکان و فارسیەکان و یۆنانیەکان و عەرەبەکان و تورکەکان.**

[*] - خودا لەقورئانی پیرۆزدا لە سورەتی(المؤمنون)لە ئایەتی(٢٩)دا دەفەرمویّت( بِسْمِ اللّه الرّحْمنِ الرّحِيمِ..وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلاً مُّبَارَكاً وَأَنتَ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ... صدق الله العظيم). دیارە ئەم شوێنە پیرۆزە مەبەست لێی چیاکانی کوردستانی باکوورە... هەروەها شوێنی ژیانەوەی دووەمی مرۆڤایەتی دوای ژیانی یەکەمی حەزرەتی ئادەم(د.خ)لەم خاکەوە دێنێتەوە یاد... هەر لە کوردستانیشەوە حەزرەتی نوح(د.خ)بەرەو جیزەی میسر بە ڕێکەوت...بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی هەندێك لە پێغەمبەران و گرنگی کوردستان بڕوانە: سامی عەلی عەزیز، فریادڕەس لە نێوان مەهدی و عیسادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ساڵی٢٠٠٩، ل٧-٨. هەروەها لە سورەتی(هود) ئایەتی(٤٤)خودا ناوی شاخی جودی هێناوە و دەفەرموێت( بِسْمِ اللّه الرّحْمنِ الرّحِيمِ... وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ... صدق الله العظيم ).

کەواتە ناوچە دابڕاوەکان بـو بـە(مۆزەخانـەی ئیسـنولۆجی و ئیسـنۆگرافی*) ڕەگەزی مرۆڤایەتی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان**. لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن تیشـك بخەینە سەر پێکهاتەی نەتەوایەتی ناوچە دابڕاوەکان: -

یەکەم : - کورد*** : -

هاونیشتمانی ڕەسەن و بەشێکی سەرەکی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکانە.

دووەم :- عەرەب**** :-

---

* - مەبەست لە بەکار هێنانی ئەم وشەیەی لە لایەن دکتۆر شاکر خسباك ئامـاژە کردنـی بـووە بـە ئـاڵۆزی پێکهاتـەی ئیسـنۆلۆجی و ئیسـنۆگرافی پارێزگـای نەینـەوا... بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص١٤١-١٤٣.

** - زاناکان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابەش دەکەن بۆ سێ گروپ کە بریتین لە گروپی تۆرانی و گروپی سامی و گروپی ئاری، ئاریەکان وەك هیندۆ ئەوروپی و ئەرمەن و... سامیەکان وەك. سریانیەکان و عبرانیەکان... تۆرانیەکان وەك تورك و مەغۆل: عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين، الجزء الأول، مطبعة بغداد، ١٩٣٥، ص٤٧.

*** - لە بەندی یەکەم دا لە سەر کورد دواوین.

**** - ناوی"عەرەبی"یان"عەرەب" لەسەرەتادا هیچ مانایەکی نەتەوەیی یان نەژادی یان زمانـەوانی نەبوە بەڵکو لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوێك بووە لە هەزارەی یەکەمدا بـەو کۆمەڵـە مرۆییـە وتـراوە جـۆرە ژیانێکی تایبەتییان هەبوە کەلە نەتەوەو هۆزە کۆچەرییەکانی سامی بوون لە ژێـر دەوار لەدەشـت و مێرگەکانی نێوان دوو ڕووبارو سوریاو فەلەسـتین و بیابـانی سـینا ژیـاون.. اسعد مفـرج ولجنـة مـن الباحثين، موسوعة عالم السياسة، الجزء العاشر، دار النشر والتوزيع (nobilis)- بيروت، سنه٢٠٠٦، ص١٣. چەمکی عەرەب لە ڕوانگەی پێکهاتەی(اشتقاق) بەمانای چۆڵەوانی(البادیە) یان نیشتەجی بوانی بیابان دێت. ئەمـەش بەمانای نەتەوەییی نایەت، واتە هیچ نەتەوەییەکی دیـاری کـراو خـاوەنی نییە، لە زمانی عبریدا (اشیعا١٣:٢١، ١٣:٢٠، ارمیـا٣:٢)لـە قورئانیشـدا(الأعـراب) بـەمانای بـەدوو(کۆچـەر)هـاتوە، هـەروەها گەشـتی مـەکابینی دوو(سـفر المکـابيين الثـاني)(١٠:١٢) وشەی"عەرەب" بەمانای کۆچەر هاتووە و یەکەم دەقی ڕاشکاو بۆ مانای ئەم چەمکە لە تەوراتدا لە ئارمیا(٢٤:٢٥)(پادشاکانی عەرەب)ئاماژە دەکات بۆ شێخەکانی باکووری بیابانی شام:- فليب حتي و آخـرون، تـأريخ العـرب، الجـزء الاول، الطبعةالرابعـة، دار الكشـاف للنشـر الطباعـة والتوزيـع، سنة١٩٦٥، ص٥٣. بەڵام شیاوترین بۆ چوون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە لایـەن ڕۆژهـەڵات ناسـان و زاناو توێژەروانی هاوچەرخ بریتییە لە(عەرەب دروست کراوی(عربا)یە،کە ئەمیش ونە لەعەرەبیـدا، و بوونی هەیە لە عبری و ئارامی دا بـەمانای(چـۆڵەوانی) یـان کۆچـەر دێـت. لـە بنەڕەتـدا لـەو نەتەوانەن کەلە چـۆڵەوانیدا دەژیـن و هـاتوو چـۆدەکەن. وشـەی عربـاء لـە زمـانی چـادیدا(اللغـة الضادية)بوونی هەیە وتویانە(العرب العرباء):- لـڵب انسـتانس مـاری الکرملـي، خلاصـة تـأريخ العراق منذ نشوئه الى يومنا هذا ، مصدر سابق، ص١٤٩-١٥٠. بەڵام یەکەم ئاماژەکردن بە عەرەب دەگەڕێتەوە بۆ نوسینە نەخشکراو یان هەڵکۆڵدراوەکانی پادشای ئاشوری(شەڵمانشەر)لە سـاڵی(٨٥٤ پ. ز)کـە هێرشـی کردۆتـە سـەر پادشـای دیمەشـقی ئـارامی و هاوپەیمانـەکانی... لـە نووسـینە بزمارییەکاندا ناوچەکانی باکووری دورگەی عەرەب و نێوان سوریا و دوو ڕووبار بووە...و لە سەردەمی

**دەرکەوتنی عەرەب لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، لە باشووری خۆرئاوای عێراقدا نیشتەجێ بوون، ئەم ڕاستییە لە تابلۆ تۆمارکراوەکانی سەردەمی(نەبوهید)ی پادشای کلدانییەکان دا دەردەکەوێت، پاشتریش لەناوەڕاستی باشووری عێراقدا دەوڵەتی مەنازیرەیان دامەزراند[1]، بەلآم هاتنی عەرەب لە سایەی فەتحی ئیسلامیدا بۆ عێراق لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بە گەورەترین ڕووداو دادەنرێ کە گاریگەریی هەبووە لەسەر پێکهاتەی دانیشتوان[2]، کەوتنی قادسیە(٦٣٧)ز. و شکانی فارسەکان لەجەنگی قادسیە بە سەرەتای فەرمان ڕەوایی عەرەبی موسڵمانان دێت لە عێراقدا[3]، بەردەوامبونی شەپۆلی فتوحاتی ئیسلامی بەسەرکردایەتی عەیازی کوڕی غەنەم لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب دا لە سالآنی(٦٣٩-٦٤٠)بووە هۆی ڕزگارکردنی هەموو**

---

هەخامەنشییەکاندا (٣٣٣-٦٤پ. ز) یۆنانیەکان ناوی عەرەبیان هێناوە بۆ دانیشتوانی نیمچە دوورگەی عەرەب، بەلآم دانیشتوانەکەی لە سەدەی دووەمی زایینی دا ئەم ناوەیان وەك ناسنامەی خۆیان بەکارهێناوە. لە سەدەی چوارەم پێنجەمی زایینیدا پاش دابەزینی قورئان ناوی"عەرەبی"بو بە سەرجەمی ناوی زمان و دیالێکتە جیاوازەکان:- اسعد مفرج و لجنة من الباحثين، موسوعة عالم السياسة، الجزء العاشر، مصدر سابق، ص١٤- ١٥. عەرەب دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەکی: شارنشین: - ئەمانە لە شارەکاندا دەژین و شارستانین، بەلآم گروپی دووەم ناو دەبرێن بە(اهل المدر) ئەمانە لە دەورو بەری شارەکان دەژین و خانوەکانیان لە قوڕ دروست کراوە و کاری سەرەکیان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەم هێنانی سپیاییە، هەرچی گروپی سێیەمە(اهل وبر)کۆچەرین، لە دەشت و بیابانەکاندا دەژین، پیشەی سەرەکییان دزی و تالآنی وچەتەیی و ئاژەڵدارییە بە درێژایی ساڵ: الاب انستانس ماري الكرملي، خلاصة تأريخ العراق منذ نشوئه الى يومنا هذا، مصدر سابق، ص١٥٤. سەرجەم عەرەبەکانی عێراق بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ دوورگەی عەرەبی، هەندێکیان لە هۆزی(قەحتان)نن و هەندێکیان لە هۆزی(عەدنان)نن، هەندێك پێیان وایە ئەمانە لە سەرەتاکانی عەرەبن. عباس العزاوی، عشائرالعراق طبع في مطبعة بغداد، سنة١٩٣٧، ص٦٢.

[1]- فاضل الانصاري، مشكلة السكان نموذج القطر العراقي، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي- دمشق، سنة١٩٨٠، ص١٧.

[2]- خليل اسماعيل محمد، كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثانية، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل، سنة ٢٠٠٨، ص١٧. وەرگیراوە لە:- صالح العالي، معالم الطرق العمرانية، دار الشؤن الثقافية العامة بغداد، سنة١٩٨٩، ص٣١٠، و : عبد محمد سوادي، الاحوال الاجتماعية و الاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية، دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، سنة ١٩٨٩، ص٦٤.

[3]- فاضل الانصاري، مشكلة السكان نموذج القطر العراقي، مصدر سابق، ص١٧.

بەشەکانی جەزیرە(باکووری عیراق)[1*]، کەواتە یەکەم ناوچە لە عێراقدا کە شالاّوی بەعەرەب کردنی هەرێمی کوردستانی عێراق تێیدا دەستی پێکرد، ناوچەی جەزیرە بوو[2]، پاشتر لە سالانی دواتردا کۆچکردن بۆ هەرێمی کوردستان شەپۆلی فراوانی بە خۆیەوە بینی و ئەم هۆزو خێلانەی عەرەب ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان(تەی، دلێم، عوبێد، جبور، حەدیدی[3]، عەنزە، شەممەر[4]، زوبێر، جەوالە، جەمیلە، جەحیش، لوهەیب، ئەبوزەمرە، ئەلبوسەباح[5]...

سێیەم : تورکمان[*]: -

---

[1]- الأب انستاس ماري الكرملي، خلاصة تأريخ العراق منذ نشوئه الى يومنا هذا، مصدر سابق، ص٧١.

[*] - بۆ زانیاری زیاتر لە پەیمانەکە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

[2]- خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دورایی و نەتەوەییەکانی نیشتەجێ کردنی عەرەب لە ناحیەی زەمماردا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٤)، ساڵی هەشتەم، تشرینی دووەمی٢٠٠٠ ،ل٥.

[3]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[4]- خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕەهەندەکانی نیشتەجی بوونی عەرەب لە پارێزگای نەینەواو کاریگەری لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیجی، ژمارە(١)، ساڵی١٣، شوباتی٢٠٠٥، ل٥.

[5]- أ- خليل اسماعيل محمد، كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، مصدر سابق، ص ٢١. ب- شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مطبعة شفيق،١٩٧٣، ص١٣٩-١٥٦.

[*] - توانج تین یەکەم کەس بووە کەباسی تورکمانی کردووە کە هیچ کەسێك وەك ئەو باسی نەکردووە، لە دائیرەی مەعاریفی ئەوکاتەی چینیدا بە تئوکومنك ناوی هێناوە، هەروەها دەڵێن تئوکومنك هەمان ناوی نیشتمانی(سك- تك)، یان نیشتمانی(لان)کە لە سەردەمی مەسیحیەکاندا لە خۆرهەلاّتەوە درێژ دەبوەوە تا کۆتایی ئاوەڕۆی ڕووباری سەیحون کەنیشتمانی سەرەکی ئۆغۆزبووە لە سەدەی دەیەمی زاینیدا: احمد الشنتاوي وآخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الخامس، دار الفكر، بدون سنة طبع، ص٢١٢، وەرگیراوە لە .,s.b.bay,.akadج٢، سنه١٨٩٩، ص٢٦٣. یان وتراوە تورکمان بەشێکە لە تورك لەولاّتی تورکستانەوە لە خۆراسانی کۆنی نیشتەجێ بوون پاشان بلاّو بونەتەوە بەولاّتدا، ئەمانە خاوەنی دەوارو ئاژەڵ بوون جارێك بەرەو کوێستان و جارێك بەرەو گەرمیان دەڕۆیشتن، لەگەڵ زۆرێك لە هۆزەکانی تری(غز)دا یەکیان گرت و ناویان نان بە(تورکمان)ئەمانە هۆزی جیاواز جیاوازیان هەیە کەلە ژمارە نایەن و بۆ هەریەکەیان ناوێکی تایبەتیان بە خۆیان وەرگرتووە: شاکر صابر الضابط، موجز تأريخ التركمان في العراق، الجزء الأول، مطبعة المعارف- بغداد، سنة١٩٦٠، ص٣٠. وەرگیراوە لە تاريخ العراق بين احتلالين، ج٣، ص٢٢-٢٣.

سـەرەتای دەرکـەوتنیان لـە عێـراق و هـەرێمی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ مێژوویيـەکی نزیـك، بـۆ نمونـە لەسـاڵی ١٣٨ك. دا، فـەزلی کـوری یـەحیای بەرمەکی بیست هەزار جەنگاوەری نارد بۆ عێراق بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە سوپای عەباسییەکاندا[1]، هەروەها دکتۆر شاکر خەسباك پێـی وایـە کـە هـاتنی تورکمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسـیەکان و سـەردەمی ئیمارەتـەکانی سەلجووقییەکان. دەتوانین بڵێین کۆتـایی شـەپۆلی هـاتنی تورکمـان بـۆ عێـراق

---

گەلی تورکمان لە ئاسیای ناوەند نیشتەجێ بوون، بەکارهێنانی وشەی تورکمان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی(یانزەیەمینی زاینی)شێوەی کۆی لە زمانی فارسیدا (ترکمانان)ە وەك لـە کتێبـی مێژوو نووسی فارسی گالگردیزی دا دەردەکەوێت... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الخامس، مصدر سابق، ص٢١٢. یان بۆ چوونێکی تر دەڵێت کە ئەمانە لە پێشینەکانی عوسمانییەکانن وەکو گەلانی تورکیا لە ئاسیای بچووك کە بەشێك بون لە دەوڵـەتی سەلجوقی لە- قونیە- لە سەدەی سیانزەیەم دا بەناوی تورکمان ناسـراون، ئەمانـە دابـەش بـوون بـۆ کومەڵ کومەڵ و ناوی تازەیان لە خۆیان نا و درێژەیان دایە هەڵوێستی ڕامیاری و شوێنی جوگرافیان، ئەو هاوولاتیيانەی کە لە ئازربایجان نیشتەجێ بوون ئێستا ناو دەبرێن بە(ئازەربایجان) یان"ئازەرەی"، و ئەوانەی کە نیشتەجێ بوون لە ئاسیای بچووك لە ژێردەوڵەتی عوسمانیدا خۆیان بـە عوسمانیـەکان ناونا بەتایبەت شارستانییەکەیان، هەندێك لە هۆزە کۆچەر یان نیمچە کۆچەرەکانی ئاسیا ی بچووك تا ئێستاش بە ناوی تورکمان ناو دەبرێن. شـاکر صـابر الضـابط، مـوجز تـأريخ التركمـان في العـراق، مصدر سابق، ل٣٣. هەروەها حکومەتی بەریتانیا لە گفتوگۆکانی تایبەت بە چارەسەکردنی کێشـەی موسڵ پێیان وابو کە ئەمانە ئەو تورکانەن کە لـە ئێـران هـاتوون پـێش دامەزرانـدنی حکومـەتی عوسمانی بەماوەیەکی زۆر لـە وانەیـە لـە سـەربازە بـەکرێگیراوەکانی خەلیفـەی عەباسـیەکان بـن، سەبارەت بە چوونیەتی نیشتەجێ بوونی ئەم تورکانە پێیان وابوو ئەمانە نەوەی پاسەوانە کۆنە بەکرێ گیراوەکانن، لجنة عصبة الأمم، تقريرحول الحدود العراقية -التركية، مصدر سابق، ص٥٥. هەروەها لـە دائرەی مـەعاریفی ئیسلامیدا هاتووە کە تورکمانـەکان لـە گـەلانی ئاسـیای ناوەنـدی تـورکین کـە پارێزگاریان لە باوەڕە کۆنەکەی خۆیان کردووە هەتا پاش سـەردەمی مـەغۆل ناویـان بـەناوی هـۆزە کۆنەکانەوە نەما تەنها ژمارەیەکی کەمیان نـەبێت ، نـاوی هـۆزە گـەورەکانی وەك(تـك ، کـولکن، یوموت، ارساری، سرق..) لەپێش سەردەمی مەغۆلدا نـەهاتووە. احمـد الشـنتاوي و آخـرون، ، دائـرة المعارف الاسلامية، المجلد الخامس، مصدر سابق ، ل٢١٤. هـەروەها لیژنـەی کۆمەڵـەی گـەلان لـە پێناسە کردنی تورکماندا دەڵێن:- زۆرینەیان بریتین لە نەوەی سەربازەکانی ئەرتغول و پاشماوەی نەوەی سەربازە بەکرێگیراوەکانی دواتری عەباسییەکان و عـەتا بـەگ، هـەروەها نـەوەی سـەربازەکانی ئـال عوسمان و ئەفسەرەکان و خزمـەت کارەکـانن، ئەمانـە بـە تـورك و تورکمـان تێکـەڵن، بنـەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبابی تورك، بەڵێ ئەمانە زۆرنزیك نین لە تـورکی ئەسـتەمبوڵ و ئەنکـەرە، بـەلام هەموویان کەس و کاریان لە کۆماری تورکیا هەیە و دەتـوانین بڵـێین هـەموویان یـەك گـەلن. لجنة عصبة الأمم، تقريرحول الحدود العراقية -التركية، مصدر سابق، ص٥٧.

[1] - شاکرصابر ضابط، موجز تأريخ التركمان في العراق، مصدر سابق، ل٣٨. وەرگیراوە لە تأريخ الأمم و الملوك- للطبري- ج٦، ص٤١٦.

دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی بەغداد لەلایەن عوسمانیەکانەوە.[1] عبدالرزاق الحسنی دەڵێت تورکەکان لە بارودۆخی جیاواز و کاتی جیاواز هاتنە عێراق... عەباسیەکان لە سوپاکانیان دا بەکاریان هێناون، لەبەر ئەوەی بەتوانا بون لە ڕم هاویشتن و ئازابون لە جەنگداو ئارام بون لە تەنگانەدا[2]، مێژوونوسی بەناو بانگ ابن خەلدون دەڵێت: عەبدولاّی کوڕی تاهیر والی خۆراسان بوو ساڵانە(٢٠٠٠)تورکی دەنارد بۆ عێراق لە شارە جیاوازەکانی تورکستان وەك جێ بە جێ کردنی فرمانەکانی خەلیفە[3].

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە تورکمانەکانی ناوچە دابڕاوەکان، عبدالرزاق الحسنی دەڵێت: لەمڕۆدا وشەی تورك و تورکمان بەو کەسانە دەوترێت کە لەناو ئەو زەویانەدا نیشتەجێ بوون کە ناوچە کوردیەکان لە ناوچە عەرەبییەکان جیادەکاتەوە، بڵاوبونەتەوە بە هێڵێك، درێژبوونەتەوە لە باکووری خۆرئاوا بۆ باشووری خۆرهەڵات واتە لە"تەلەعفەر"لە لیوای موسڵ بەرەو"ئالتو کۆپری و توز خورماتو"لە لیوای کەرکوك و قزلربات"مەندەلی لە لیوای دیالە، بۆچوون و باوەڕ وایە کە ئەم جەنگاوەرانە لە دەستەی هێزی سوپای سوڵتان مرادی چوارەمن کە عێراقی سەندەوە لە دەستی سەفەویەکان لە ساڵی ١٠٤٨ك(١٦٣٨ز.)لەو ناوچانەدا مانەوە بۆ پارێزگاری کردنی هێڵی پەیوەندی نێوان ویلایەتە تورکیەکانی باشوورو وویلایەتەکانی باکوور، ئەمەش هێڵێکی کورتە کە نیشتمانی ئەنادۆڵ دەبەستێتەوە بە نیشتمانی عێراق، تا ئێستاش ژمارەی ئەم خەڵکانە جێی ناکۆکیە لای توێژەران[4]. تورکمانەکان لەهۆزی جیا جیا پێکدێن لە شوێنی جیا جیاوە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوە بۆ ناوچەکانی ئێستایان لە سەردەمی جیاجیادا لە بەر ئەوە زمانەکانی خۆیان بیرچوەوە، ئێستا ئەو دیالێکتە جیاوازانە بە بێ ئاستەنگی زۆر لە یەکتری دەگەن[5]،گرنگترین دیالێکتەکانی تورکمانی لە عێراقدا دابەش دەبن بۆ: دیالێکتی کەرکوك و

---

[1] - شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٢١١.

[2]- عبدالرزاق االحسنی، العراق قديما و حديثا، مصدر سابق، ص٣٩.

[3] - شاكر صابرالضابط، موجزتأريخ التركمان في العراق، مصدر سابق، ل٣٨، وەرگیراوە لە( المسالك و الممالك لابن خرداذبة).

[4] - عبدالرزاق الحسنی، العراق قديما و حديثا، مصدر سابق، ص٤١.

[5]- شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٢١٣. نقله من عبداللطيف بندر اوغلو- التركمان في عراق الثورة، بغداد، سنة١٩٧٣، ص٣٢.

داقوق و دەوروبەری، وە دیالێكتی تەلەعفەرو دەوروبەری و دیالێكتی هەولێرو ئاڵتون كۆپری دەوروبەری و دیالێكتی كفری و قەرەتەپە، دیالێكتی خانەقین و قزلربات و مەندەلی و قەرەغان، دیالێكتی دوزخورماتو دەوروبەری. دیالێكتی كەركوك پاك ترو نزیك ترە لە دیالێكتی ئازەربایجانی و توركی نوێ[1]. هەروەها لیژنەی كۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەركردنی كێشەی موسڵ دەڵێت: زۆربەیان بریتین لە نەوەی سەربازەكانی ئەرتغول بەگ و پاشماوەكانی نەوەی سەربازە بە كرێ گیراوەكانی دواتری عەباسیەكان و عەتابەگ، سەربازەكانی ئال عوسمان و ئەفسەرەكان و خزمەت كارەكانن، ئەمانە تێكەڵن لە تورك و توركمان...[2]هەروەها دكتۆر(شاكرخصباك)باس لەهۆكارەكانی نیشتەجێ كردنی توركمانەكان دەكات لەو ناوچەیەدا و دەڵێت...وەك پارێزگاری ڕێگای بازرگانی نێوان ئێران و بەغداد و موسڵ نیشتەجی كران، كەدەست پێ دەكات لە ڕاڕەوی دەشتی نیشتەنی لە خۆرهەلاّت و نزیك گردەكانی حەمرین و كۆتایی دێت لە شاری موسڵ لە باكووری خۆرئاوا، ئۆردوگای سەربازی توركیان تیا دروست كرد كە باوانی(نواه) دانیشتوانی ئێستان، باشترین شوێن بۆ نیشتەجێ بوونیان لە دەشتی حەمرین و كەركوك و درێژبونەوەی دەشتی هەولێر بووە، ئەم ناوچەیە زۆر لە دەشتە ستیبسەكانی توركستان دەچێت، لەڕووی ئاوو هەواو ڕووەك و بەرزو نزمی، دانیشتوانە تازەكە ژیانیان لە سەربازیەوە گۆڕا بۆ ژیانی شارستانی و دەستیان كرد بە كاركردن لەبوارەكانی كشتوكاڵ و دۆزینەوەی باشترین ناوچەی گونجاو بو نیشتەجێ بوونیان[3].

كەواتە توركمان: زاراوەیەكی ئتنی یە بریتییە لەو كۆمەڵە مرۆڤانەی كە كوردستانی باشووردا بە تایبەت تر لە زۆرێك لە قەزاو ناحیە و گوندەكانی ناوچەدابڕاوەكاندا دەژین، كە بەهێڵێكی ڕاست لە تەلەعفەرەوە دەست پێ دەكات بەرەو باشووری خۆرهەلاّت دەكشێت هەتا دەگات بە مەندەلی، بنەرەتیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كۆمەڵ و هۆزو خێلە توركانەی(تۆرانی)ئاغۆزخان كەلە ئاسیای ناوەڕاست دا دەژیان، سەرەتای دەركەوتنیان لەناوچەكەو هەرێم دا

---

[1]- المصدر نفسه، ص٢١٣. وەرگیراوە لە: ابراهیم الداقوقي، فنون الأدب عند الشعب التركماني، بغداد ،١٩٦٢، ص ١٦.
[2]- لجنة عصبة الامم، تقريرحول الحدود العراقية- التركية، مصدر، سابق، ص٥٧.
[3]- شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٢١٢.

دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان و سالأنی دواتر، دەسەلأتدارێتی عوسمانیەکان لە بەر هۆکارەکانی ڕامیاری و ئاسایش و ئابوری و کارگێڕی... لەو ناوچانەدا نیشتەجێیان کردوون... وەك نەتەوەی کورد تووشی زۆرێك لە نەهامەتی بوون بەتایبەتی لە لایەن ڕژێمی پێشوەوە.

چوارەم : ئاشوریەکان*:-

لە گروپی سامین سەرەتای هاتنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە باکووری عێراق نیشتەجێ بوون، ئیمپراتۆریەتییەکی مەزنیان لەنێوان سالأنی(٢٠٠٠-٦١٢پ.ز)[١] دامەزراندووە.

* - ناوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بۆ گەورەکەیان یان بۆ خواوەندەکەیان(ئاشور)ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرچاوە بابلیەکان ناوی(سوبارتو)یان لە بری(ئاشور) بەکارهێناوە... ئاشوورییەکان کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی شارستانییەتی سۆمەرو ئەکەد... مێژوونوسان مێژوی ئاشورییەکان بۆ سێ چاخ دابەش دەکەن کەبریتین لە: یەکەم:- دەرکەوتنی ئاشووری کۆن کە لەهەمان سەردەمی دەوڵەتی بابلی کۆندا بووە هەتا سەردەمی پاشا(حامورابی)، پاشان چاخی دەوڵەتی ئاشوری ناوەند و پاشان چاخی دەوڵەتی ئاشوری نویێ.. لە چاخی دەوڵەتی ئاشوری نویێ قەڵەم ڕەوی دەسەلأتیان زۆر فراوان بوە بە جۆرێك لەسەردەمی ئاشوور پانیپاڵ دا دەسەلأتیان گەیشتە باشووری میسر... تا لە سەردەمی پادشا(سین شراکون)لە ساڵی(٦١٢پ.ز.)بە هێرشی هاوبەشی میدیەکان وکلدانیەکان بۆ سەر ئیمپڕاتۆریەتەکەیان کۆتایی بە تەمەنی ئیمپڕتۆریەتەکەیان هات. عبدالله مرقس رابي، الكلدان المعاصرون والبحث عن الهوية القومية، دراسة سوسيو انثروبولجية،الطبعة الاولى، دار الشرق - عمان، سنة٢٠٠١، ص١٦-١٧.

[١] - فاضل الانصاري، مشكلة السكان نموذج القطر العراقي، مصدر سابق، ص١٦.

**پێنجەم: کلدانییەکان[*]:-**

**بریتین لەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لەناوچە دابڕاوەکان دا دەژیــن و ڕەچــەڵەکییان ئارامییەو ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان نیشتەجێن.**

**بۆ زانینی ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکان لــە پارێزگــای کــەرکوک بڕوانــە خشــتەی ژمارە(٤).**

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکانی لیوا یان پارێزگای کەرکوک**

**بە پێی زمانی دایك(٪).**

| نەتەوە | ساڵ | | | جیاوازی لە نێوان ئاماری | جیاوازی لە نێوان ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٣٠ | ١٩٥٧[١] | ١٩٧٧[٢] | | |
| کورد | ٥١ | ٤٨,٢٤ | ٣٧,٦١[**] | ٢,٧٦- | ١٣,٣٩- |
| عەرەب | ٢٠ | ٢٨,١٩ | ٤٤,٤ | ٨,١٩ | ٢٤,٤ |
| تورکمان | ٢١,٥ | ٢١,٤٤ | ١٦,٣١ | ٠,٠٦- | ٥,١٩- |
| هی تر | ٧,٥ | ٢,١٣ | ١,٦٨ | ٥,٣٧- | ٥,٨٢- |
| سەرجەم | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | | |

[*] - ئــەو دەوڵەتــە بــو کــە لەباشــووری عــیراق لــە سەردەســتی هــۆزێکی ئــارامی، بەناوی(کلدو)لەساڵی(٦٢٦پ.ز.)دامەزرا. پاشان دەسەڵاتیان فراوان بوو بۆ باکووری عیراق لە پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی ئاشووری لە(ســاڵی٦١٢ پ. ز.)،(نابوبلاســەر)بــە دامەزرێنــەری ئــەم دەوڵەتــە دادەنرێت لەساڵی(٦٢٦پ. ز)، لە سەردەمی پادشا(نابوبلاسەر)ی دووەم دەوڵەتی کلـدانی گەیشــتە لوتکەی گەشەکردنی سەربازی و ئابوری و زانستی و فراوان بون... لە ســاڵی(٥٤٧پ.ز.) فارســەکان هێرشیان کرد بۆ سەر بابل و لەسەر دەستی زابتێکی کلـدانی ئیمپراتۆریەتەکـەیان کۆتـایی پێهـات لە٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی٥٣٩ پ. ز. و فارسەکان چوونە ناو بابـل: أ- عبـدالله مـرقس رابـي، الکلدان و المعاصرون، والبحث عن الهوية القومية،مصدر سابق، ص١٩. وەرگیراوە لە:

a.H.frankfort,the lost predynsitc period in babylonia-cag,1 prat2-p.87-88.

ب- عبد اللطيف محمد، تأريخ العراق القديم، الاسكندرية، سنة١٩٧٧، ص٣٠-٣١.

[١]- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام ١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مصدر سابق، ص٢٤٣.

[٢]- مكتب العلوم النفسية والاجتماعية، التعداد القومي للسكان، مطبعة مديرية الأمن العامة، بدون سنة طبع، ص١٨.

[**]- بە هەژمار کردنی فەیلیەکانیشەوە نەتەوەی کورد دەگاتە ئەم ڕێژەیە.

به سەرنج دان لە خشتەکەی سەرەوە دەبینین کە ڕێژەی نەتەوەی کورد لە نێوان ئاماری ساڵی ١٩٣٠-١٩٧٧دا بە ڕێژەی(-١٣,٣٩)کەمی کردووە، پاشانیش سەرجەم نەتەوە و کەمایەتییەکانی تریش هەمان چارەنووسیان هەبووە بەلاّم بە ڕێژەیەکی کەمتر بۆنمونە تورکمانەکانیش بە ڕێژەی(-٥,١٩٪)کەمیان کردوە لە هەمان ماوەی ناوبراو دا، بەلاّم لە بەرامبەردا ڕێژەی نەتەوەی عەرەب بە ڕێژەی(٢٤,٤٪)زیادی کردووە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی عێراق لە دەربەدەرکردن و ڕاگواستن و بەعەرەب کردنی نەتەوەی کورد و ئەوانی ترلە بەرامبەریشدا بەردەوام نەتەوەی عەرەب لە سەرحسابی نەتەوەکانی تری کەرکوک زیاد دەکەن، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی هەوڵەکانی هێنانی عەرەبی هاوردەو بۆ هەوڵەکانی تری بەعەرەب کردن.

هەروەها بڕوانە خشتەی ژمارە(٥)، ژمارەی دانیشتوانی قەزای مەرکەزی کەرکوکی بە پێی سەرژمێری کۆمپانیای خۆراك بۆ ساڵی٢٠٠٧ تێدا ڕوون کراوەتەوە.

## خشتەی ژمارە(٥)

## ژمارەی دانیشتوانی قەزای مەرکەزی کەرکوک بە پێی سەرژمێری کۆمپانیای خۆراک تا مانگی ١١-٢٠٠٧.[1]

| ژمارەی خێزان | | ژمارەی کەس | | ژمارەی کەس کورد | | ژمارەی کەس لە نەتەوەکانی تر | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣٣٧٥٦ | | ١٢٢٥٩٤٢ | | ٥٨١٤٨٢ | | ٦٤٤٤٦٠ | | | |
| ژ.خێزان | ژ.کەس | ژ.خێزانی کورد | ژ.کەسی کورد | ژ.خێزانی عەرەب | ژ. کەسی عەرەب | ژ.خێزانی تورکمان | ژ.کەسی تورکمان | ژ.خێزانی مەسیحی | ژ.کەسی مەسیحی |
| ١٥٨٧٠٠ | ٧٢٢٤٨٥ | ٨٥٨٧٢ | ٣٨٨٩٣٣ | ٣٨٣٣٨ | ١٩١٦١٥ | ٣٢٤٨٩ | ١٣٧٤٨٥ | ١١٠١ | ٤٤٥٢ |

بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٥)لە ساڵی٢٠٠٧دا کە دەبوایە مادەی(١٤٠)تێدا جێ بەجێ بکرایە ڕێژەی نەتەوەکانی قەزای مەرکەزی کەرکوک بەم شێوەیە بووە یەك لە دوای یەك: ڕێژەی نەتەوەکانی کورد ،عەرەب،تورکمان، مەسیحیەکان، بریتی بوون لە(٥٣,٩٪) ،(٢٦,٥٪) ،(١٩٪) ،(٠,٦٪).

زانیاری تەواو و دروست لە بەردەست دا نییە بۆ زانینی ڕێژەی نەتەوەکان لە سەرجەمی ناوچە دابڕاوەکان بەڵام بە پێی لێدوانی خەسرەو گۆران دانیشتوانی ئێستای ناوچە دابڕاوەکانی پارێزگای نەینەوا بریتییە لە:(کورد٦٠٪، عەرەب ٢٥٪، تورکمان٥٪، مەسیحی و کلدانی و ئاشوری١٠٪).بەڵام ڕێژەی کوردە ئاوارە گەڕاوەکان بۆ ناوچە دابڕوەکان بە هۆی جێ بە جێ کردنی مادەی١٤٠ دەکاتە نزیکەی(٦٠-٦٥٪)ی سەرجەم کوردە ئاوارەکان[2].

---

[1]- سەرچاوە: ڕێکخراوە مەدەنییەکانی پارێزگای کەرکوك، بێ ناونیشان، بێ شوێن و ساڵی چاپ، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، بەبێ ژ.ل.

[2]- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خەسرۆ گۆران، جێگری پارێزگاری پێشووی موسڵ و سەرۆکی لیستی برایەتی لە پارێزگای نەینەوا، لە بەرواری٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.

**ب - پێكهاتەی ئاینی:**

**ئاین: بریتییە لە ڕێچكەو ڕێبازێكی دیاری كراو(دەشێت ئاسمانی بێت و دەشێت بیری مرۆیی بێت و لەئەنجامی كۆمەڵێك هۆكارەوە سەرچاوەی گرتبێت)، بەهۆی نێردراوێكەوە(لەلایەند خواوەند)یان كەسێكەوە بانگەشە بۆ بلاّوكردنەوەی ناوەڕۆكەكە و جێ بەجێ كردنی دەكرێت لە باوەڕداران پێی، بە ئامانجی پاككردنەوەی گیانەكان لەهەموو بیرو هەڵەو زۆرداری، ئەویش بە هاندان یان بۆ جێ بەجێ كردنی ئەرك و فرمان و ئامۆژگاریەكان، بەمەبەستی دروست كردنی پەیوەندییەكی گیانی لە نێوان پەیڕەو كەرانی ئاینەكەو خواوەند، لەبەرامبەر ڕازیكردنی خواوەندو پاداشت كردنی لە ڕۆژی دوایی و دابین كردنی ژیانێكی نەبڕاوە لە ڕۆژی دوایی، دەكرێت وەك چەكێكی كاریگەر بەكار بهێنرێت لە خزمەت كردنی مەبەستی جیاواز جیاوازدا.**

**ئاین و ئاین زاكانی كوردستان: -**

**ڕەوشی ئیتنۆ ئاینی ئێستا لەكوردستاندا زادەو بەرهەمی پرۆسەیەكی دوورودرێژی مێژوویی ئیتنۆكلتوریە، سەرەتای ئەم پرۆسەیەش بەماوەیەكی زۆر پێش دروست بوونی میللەتی كورد سەری هەڵداوە، ئەوكاتەی هێشتا لەسەر چیاكانی زاگرۆس و میسۆپۆتامیای سەرودا باپیرەگەورەی كوردەكانی ئێستا دەژیان، نیشمەنی ئەمانە. واتە هی باپیرە گەورەی كوردەكان. زەمینەیەكی لەباری كۆنتاكی كلتوری بۆ ڕەخساندبون لەگەڵ دانیشتوانی سێ ناوچەی مێژوویی و كلتوریدا لە نێوان دووزێ و ئێران و ئاسیای بچووك، ئەو ساكە لەنێو خێڵ و میللەتانی ئەم ناوچەیەدا پەرستنی هێزەكانی سروشت باوبوون. لەمیسۆپۆتامیادا- خواوەندی ئاسمان(ئان). خواوەندی زەمین(ئینلیل)[1]*...باوبووە، هەروەها لە چاخی بەردینی كۆندا ئەشكەوتەكانی عێراق بۆ پەرستن و جێ**

---

[1]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لەكوردستاندا، بەبێ شوێنی چاپ، ستوكهۆڵم، ساڵی١٩٩٣، ل٢١٩-٢٢٣.

*- بۆ زانیاری زیاترلەسەر خواوەندە پەرستراوەكانی سەردەمە كۆنەكان و ئیمپراتۆریەتە جیاوازەكان و گۆڕان لە پەرستن و شوێنی پەرستن بڕوانە: تقی دەباغ، بیری ئاینی كۆن لە میزۆپۆتامیا، و. یاسین عومەر، بلاّوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠١. ل٢٤- ٢٥.

بــەجێ کردنــی ســرووتە ئاینییــەکان و کەشــە ئەفســوناوییەکان بەمەبەســتی زیادکردنی هەلی کارکردن و ئــاژەلاّن و کۆکردنــەوەی ڕووەك بــەکارهاتوون[١] ، لــە چاخی بەردینی نوێشدا مرۆڤ فێری ماڵی کردنی ئاژەڵ و بەکارهێنان و پشت پــێ بەستنیان لەبەرهەم هێنانی پێداویستییە خۆراکییەکانی ژیانیدا بوو کاتی تــۆوی کــردو خەلــەی دوورییــەوە بــەپیتی زەوی و گەشــەی ڕووەکــەکانی بەســتەوە بــە خواوەندەکــەوە کــە دایــدەنا بەسەرچــاوەی پیــت، لەبــەر ئــەوە بــاوەڕی پێهێنــا و سەنەمێکی لەشێوەی ئاژەڵێکدا بۆ تاشی کەنوێنەرایەتی خواوەندی دایکی دەکرد کە پەرستنی لە چاخە کۆنەکانەوە گوێزراوەتەوە. چەندان پەیکەری ئــەم خواوەنــدە لەباری جیاوازدا کەزۆرتر وەکــو ژنێکــی ڕووت دەردەکــەوێت لــە گونــدی چەرمۆ دۆزراونەتەوە[٢] ، دواتریش ئاینی زەردەشتی لەقۆناغێکی دواتردا لە ئێــران سەری هەڵدا کە ئاینێکی مۆنــۆتیزمی(توحیــد)بــوو لــە هــەموو ناوچــە کــەدا بلاّوبووەوەو دەورێکی گەورەشی بینی لەپرۆسەی بەرەوپێش چوونی ڕوحی کلتــوری دانیشتوانەکەی دا[٣]. پاشان ئاینی جولەکەو پاشتر مەسیحیەت و پاشتریش ئــاینی ئیسلام گەیشتە ناوچەکە، بەکورتی ئاینەکانی ناوچە دابڕاوەکان ئەمانەن:-

### ١- ئاینی ئیسلام[*]: -

ئاینی ئیسلام بلاّوترین ئاینی ناوچــەکەیە و زۆرتــرین لەپەیڕەوکــەرانی هەیــە ڕێژەکەی زیاد لە(٨٥٪)ی ئاینی باوی ناوچەکەیە. سەرەتای هــاتن و بلاّوبونــەوەی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ شــالاّوەکانی لەشــکری ئیســلامی بۆســەر دەوڵــەتی ساسانی[**] و پاککردنەوەی ناوچەکە لێیان و بانگ کردنی خــەڵك بــۆ بــە ئیســلام

---

[١]- هەمان سەچاوەی پێشوو، ل١٨-١٩.
[٢]- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٥. وەرگیراوە لە:

Braidwood,r.and howe b.pre historic investionsiniraq Kurdistan.1961,p.16,nos.7.10.

[٣]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.
[**]- ئاینی ئیسلام دابەش دەبێت بۆ هەردوو ڕێچکەی سوننی و لقەکانی(حەنەفی، مــالکی، شــافعی، حەنبەلی)و ڕێچکەی شیعەو لقەکانی(ئوسولی،ئەخباری)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:کرێکــار عبداللــە، کورد و ئاشوری، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، ساڵی١٩٩٨، ل٨١.
[**]- لەسەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژە بەناوی گابانی کوردی و کورەکەی مەیمون(ئیبن بەسیر)دەکەن کە گوایە سەحابەی پێغەمبەر بون: محەمەد ئەمین زەکی، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سەرچاوە ی پێشوو، ل٩١.

**بوون و دەست هەڵگرتن لە ئاینی باوی پێشووی ناوچەکە. هۆکارە دینی و کلتوری و ڕۆشنبیری و جوگرافییەکان ئاینەکەی بە سەرەکی ترینی ئاینی ناوچەکە هێشتۆتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە(٦).**

**خشتەی ژمارە(٦)**

**ڕێژەی ئاینزاکانی ناوچە دابڕاوکان لە ئاماری سالأنی (١٩٤٧-١٩٥٧) *دا (٪)**

| ساڵ | موسڵمان | مەسیحی | جوولەکە | سابیئە | ئێزیدی | هی تر | نەزانراو | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٧٧,٤ | ٩,٦ | ٣ | ٠,٠١ | ١٠ | ٠,٠٠٧ | - | ١٠٠ |
| ١٩٥٧ | ٨٧,٨٤ | ٤,٥ | ٠,٠٠٠٥ | ٠,٢٣ | ٧,٣ | ٠,٠٣ | ٠,٠٩ | ١٠٠ |

**بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٦)، دەبینین لە نێوان دوو سەرژمێری ساڵی١٩٤٧-١٩٥٧ی ناوچە دابڕاوەکان دا پەیڕەوکەرانی ئاینی مەسیحی کەم دەکات بە ڕێژەی(-١,٥٪)، دیارە ئەمەش بەهۆی داخراوی ئاینەکە و کەمی خستنەوەی ژمارەی منداڵە لە نێوان مەسیحییەکان جگە لە کۆچی بەردەوامیان بۆ دەرەوەی وولأت. هەروەها ڕێژەی ئاینزای جولەکەش هەر کەمی کردووە، ئەمەش بە هۆی کۆچ کردنی جولەکەکان بووە بۆ ئیسرائیل لەپاش دروست کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی١٩٤٨دا... لە بەرامبەردا ژمارەی پەیڕەوکەرانی ئاینی موسڵمان لە زیاد بوون دا بووە، ئەمەش بەهۆی زۆری**

* -أ- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧، الجزء الثاني،(لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل)، بدون اسم المطبعة، بغداد، سنة١٩٥٤، ص١١٨و١٢٦و١٣٦و١٤٨. ب- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة١٩٤٧، الجزءالأول(لواء بغداد-لواء الحلة-لواء الدليم- لواء كربلاء- لواء الكوت- لواء ديالى)، بدون اسم مطبعة، بغداد، سنة١٩٥٤، ص٢٣٥و٢٧٤و٢٩٦. ت- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مطبعة الارشاد- بغداد، ص ١٧و٦٥-٨٩و٢١٣.ث-الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، مصدر سابق، ص١٤٨. ج- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة،المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي ديالى وكوت، مطبعة الازهر- بغداد، ص١٣و١٤٩.

**خستنەوەی منـدالْ بووە کە ڕێژەی موسڵمانەکانی زیاد کردووە لە هەمان مـاوەی ئاماژە پێکراو لە(٧٧,٤٪)بووە بە(٨٧,٨٤٪)جگە لەبەردەوامی پرۆسەی هێنانی عەرەبی هاوردە کە سەرجەمیان لە پەیڕەو کەرانی ئاینی موسڵمانن. جگە لە کەم بوونەوەی ئاینزاکانی تر، ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر بەرز کردنەوەی ڕێژەی پەیڕەو کەرانی ئاینی ئیسلام.**

**٢- گروپی سریانی[*] : -**

**ســـەرجەم نەتـــەوە مەســـیحیەکانی نیشـــتەجێ لەعێراقـــدا نـــاو دەبـــرێن بە"سریانی"کە واتە وشەی"سریانی" هاوتای"مەسیحی"ە[1]، بۆچوونەکان جیاوازن سەبارەت بە هاتنی مەسیحیەکان بۆ کوردستان، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسـلامیدا هاتوە کە"مارماری" لە سەدەی سێیەم لەناو خەڵکی شاری(شەهرکەرد)کـە بـت پەرست و دارپەرست بوون پڕوپاگەنـدەی بـۆ مەسـیحیەت کـردووە ئـەم شـارەش دەکەوێتە نێوان هەولێرو تاوق[2] هەندێکی تر پێیان وایە کە مەسیحیەکان هاتنـە**

---

[*]- ئەمانە بریتین لە سریانی کلدانی و سریانی ئاسوری، سەرجەمیان بە یەکێك لە زمانی سریانی ئەدوێن کە لە بنەڕەتدا لە زمانی ئارامی کۆنەوە وەرگیراوە، دابەش دەبن بۆ دووبەش: یەکەمیان سەرجەم ئەو نیشتەجێ بوانە دەگرێتەوە کە لە سەردەمانێکی کۆنەوە لەم ناوچەیەدا جێگیر بون کە پێك دێن لە کلدانی و نەستوری یەکگرتوو یەعقوبی(السریان).هەرچی گروپی دووەمە سەرجەم ئەو کۆمەلآنە دەگرێتەوە کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەو هاتون کە بریتین لە ئاسوری(نەستوری)، ئەرمەن.. ئەمانە دوو بەشن: -

یەکەم: نیشتەجێ بووەکان: ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە لە سەردەمانێکی زووەوە لە عێراقدا نیشتەجێ بوون کە بریتین لە(کلدا و سریانی و پێشیان دەوترێت(یەعقوبی) شوێنی نیشتەجێبوونیان پارێزگای نەینەوایە(شاری موسڵ و گوندو شارۆچکەکانی نزیك موسڵ، بەگشتی کلدانیەکان لە نزیك گوندەکانی نزیك کەناری دیجلە نیشتە جێ بوون کەبریتین لە( قوش و تل اسقف، تلکیف، عقرە...).

دووەم :هاتوەکان:- ئاشوریەکان بەشێکی سەرەکی ئەو ئاوارانە پێکدەهێنن کە هاتون بۆ عێراق لە پاش جەنگی جیهانی و پاش ئەوانیش ئەرمەنیەکان کەئەمانە سریانی نین..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة ،مصدر سابق، ص٢١٩-٢٢٤. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کلدانی و ئاشوری و مەزهەبە جیاوازەکان بڕوانە: أ- کرێکار عبداللە، کوردو ئاشوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣-٨٩. ب- شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة، مصدر سابق، ص٢١٩-٢٢٩. ت- عبدالرزاق الحسني، العراق قدیما وحدیثاً، مصدر سابق، ص٤٥-٤٦.

[1]- شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة، مصدر سابق، ص٢٣٣.

[2]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩. وەرگیراوە لە:

عێراق لە سەدەی یەکەمی زاینی لە باکووروخۆرئاوا لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی فارس لەسەرانسەری ولاّتەکەدا بلاّو بووەوە هەتا دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامی[1] بۆ چوونێك کەزیاتر پش ئەستورە بە بەڵگەی مێژووی سەرەتای هاتنی مەسیحی بۆ کوردستان، بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئاینی مەسیحی دەگەڕێنێتەوە، ئەویش(جاتلیقی)ی شاری(مەدائن)ە، کەناوی(هیماوسی یەکەم)ە و لە ساڵی(٨٢٢)زاینی دا کۆچی دوایی کردووە و دەڵێت:"ئاینی مەسیحی لە ناو ئێمەدا لەدوای بەرزبونەوەی حەزرەتی مەسیح بۆ ئاسمان بە٢٠ ساڵ بلاّوکرایەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی مارماری مارادی، کەیەکێك بوون لە(٧٢)قوتابیەکانی مەسیح، کە ڕوویان کردۆتە شارەکانی نوسەیبین، جەزیرە، موسڵ، کوردستان لە سەدەی یەکەمی زاینیدا"[2]، مەسیحیەت هەر لە سەرەتاوە لەناو کوردانـدا بلاّوبووەوە ولاّتەکەیان بوو بە حەشارگەیەکی پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە بەشێکیشیان تەنانەت ئیمڕۆکەش هەر لە سەر ئەو ئاینە ماونەتەوە[3]...

مەسیحیەکان:-

بریتین لە هەموو ئەو کەسانە کە پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی دەکەن کە بریتین لە:

١- هاونیشتمانانی کوردستان کەبریتین لە ئارامی و ئاشوری و کلدان...

٢- هاتووەکان: ئەمانە ئەو کۆمەڵە مرۆییانە دەگرێتەوە کە لە ئێران و تورکیاوە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە هاتوون، وەك ئاسوری[*] و ئەرمەن...

---

The encyclopedia of islam vol:II.london .1927.volIv.london .1934.vol.I.london1960.p1151.

[1]- خليل اسماعيل، اقليم كردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة اوفسيت كريستال، أربيل، سنة١٩٩٨، ص٩١.

[2]- کرێکار عبدالله، کوردو ئاشوری، سەرچاوەی پێشوو، وەرگیراوە لە: رفائيل بابو اسحاق، تأريخ نصاری العراق، بغداد، سنه١٩٤٨، ص٢.

[3]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-٢٣٥.

[*] - ئاسوریەکان دەگەڕێنەوە سەر ئاشوریەکان(Asyrian)ئەم ناوە لەلایەن هەندێك گەشتیارو نوسەری ئینگلیزیەوە لەناوەڕاستی سەدەی ڕابووردوو لێیان نراوە. ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ وشەی(سریانی)"Syrian"بەو پاساوەی کەبەزمانی سریانی ئەدوێن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسه لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص٢٢٤.

٣- ئاینی جوولەکە[*]:-

هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان وپەیدا بوونی ئاینەکەیان لـە وێـدا، لەهـەمان کاتی پەیدابوونیان بووە لە میسۆپۆتامیا و ئێـران و ئاسـیای بچـووکدا ئـەویش بەهۆی شالاّوی دوو شەپۆلی جوولەکەکانەوە بوو بۆ ئـەم نـاوە کـە لـە ئەنجامـدا کۆمەڵە و گروپە ئاینییە دوورە پەرێزەکانی خۆیان لە سەرانسـەری ئـەم هەرێمـە بەرفراوانـەدا دامەزرانـد، یەکـەمین شـەپۆلی ئەمانـە دوای هێرشـەکەی شـای بابل(نەبوخزنەسر)بو، لەساڵی٥٨٧پ.ز. بۆ سەر هەردوو مەملەکەتی جوەکـان - ئیسرائیل، یەهوداو بەدیل گرتنی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکانیان و هێنانیان بە کۆیلەیەتی بۆ بابـل[١]. دووەمـین شـەپۆلی جولەکـەکان لەئـەنجامی بلاّوبوونـەوەو دەربەدەربیانەوە بوو ئەویش لە ئەنجامی لەشکرکێشی"تیتۆ"ی ڕۆمـانی بـوو کـە لەساڵی٧٠ی زاینی دا فەلەستینی داگیر کرد.[٢]

بڕوانە خشتەی ژمـارە(٧)، کـە ئاینزاکـانی پارێزگـای کـەرکوکی تیـا ڕوون کراوەتەوە بە بەراورد بە پارێزگاکانی تری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانی تـری عێراق.

---

[*]- ئاینی جوولەکە بەسەر دوو ڕێچکەدا دابەش دەبێت، بریتین لە سەدوقی و فەریسی: کرێکار عبدالله، کوردو ئاشوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

[١]- أ- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦.

ب- عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً وحديثاً، مصدر سابق، ص٤٣.

[٢]- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

**خشتەی ژمارە(٧)**

**ڕێژەی ئایینزاکان لە پارێزگای کەرکوك و ناوچەی ئۆتۆنۆمی و باقی پارێزگاکانی عێراق بەبێ پارێزگای کەرکوك لە ساڵی١٩٧٧دا*( ٪ ).**

| ئاین | پارێزگای کەرکوك | ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێم | سەرجەمی عێراق بە بێ پارێزگای کەرکوك |
|---|---|---|---|
| موسڵمان | ٩٧,٤١٦ | ٩٧,٢٩٨ | ٩٦,٦ |
| مەسیحی | ٢,٣٤ | ١,٩٢٩ | ٢,١٦١ |
| جولەکە | ٠,٠٠١٢ | ٠,٠٠١٢ | ٠,٠٠٣٥ |
| سابیئە | ٠,٠٦٣٩ | ٠,٠٠٤٤ | ٠,١٥٧ |
| ئێزیدی | ٠,١٢٢ | ٠,٧ | ٠,٩٢٣ |
| هی تر | ٠,٠٠١٢ | ٠,٠٠٨ | ٠,٠٠٢٩ |
| نەزانراو | ٠,٠٤٧٥ | ٠,٠٦ | ٠,١٥ |
| سەرجەم | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

به سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٧)دەبینین پارێزگای کەرکوك فرە ئاینە و ئاینزای هەمەجۆری تێدایە، هەرچی موسڵمان و مەسیحییەکانە(٩٩,٧٥٦٪)ی سەرجەمی ئاینزاکانی پارێزگاکە پێکدەهێنن، بەلاّم ئاینزای موسڵمان بەرزترین ڕێژەی ئاینزای پارێزگاکەی پێکهێناوە و ڕێژەکەی(٩٧,٤١٦٪)ە، بەلاّم ئەم ڕێژەیە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی(٩٧,٢٩٨٪)ەولە سەرجەمی پارێزگاکانی عێراقیش(٩٦,٦٪)ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیڕەکەرانی ئاینی موسڵمان لە پارێزگاکەدا لە چاو ناوچەی ئۆتۆنۆمی و سەرجەمی تری پارێزگاکانی تری عێراق زیاترە. بەلاّم هەرچی ئاینزای مەسیحیشە جارێکی دیکە ڕێژەکەی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانی تری عێراق زیاترە، بۆ نمونە لە پارێزگای

* - تێبینی: أ- سنوورە کارگێرییەکان بە پێی سنووری کارگێری ساڵی(١٩٧٧)ە. ب- ڕێژەکان لەلایەن توێژەرەوە دەرهاتوە: مكتب العلوم الاعلامية، التوزيع الديني للسكان العراقيين، مديرية الامن العامة، بدون سنة الطبع، ص١٠-١١.

کـــەرکوك ڕێــژەی مەســیحییەکان(٢,٣٤٪)ە، بـــەڵاّم لـــە ناوچـــەی ئۆتۆنـــۆمی ڕێژەکە(١,٩٢٩٪)و لە سەرجەم پارێزگاکانی تری عێـراق ڕێژەکـە(٢,١٦١٪)ە، هەرچەندە بەشێکی زۆری ڕێـژەی ئاینزاکـانی تـری عێـراق هەردەکەونـە ناوچـە دابڕاوەکانەوە بە تایبەت قەزاو ناحیەکانی پارێزگای نەینەوا.

٤- ئێزدی[*]:-

نوسەر و توێژەرەوان لـە سـەر ناسـنامەی ئێزدیـان و ئاینەکـەیان کـۆك نـین هەندێکیان بـە کوردیـان هـەژمار دەکـەن و بـە پێچـەوانەوە هەنـدێکی تریـان ئەیانخەنە پاڵ نەتەوەکانی تر، هەندێکیان ئاینەکـەیان بـە مـانیی کـۆنی کـورد

---

[*]- هەندێك پێیان وایە کە وشەی ئێزدی لە وشەی یەزدان وەرگیراوە، ئەمەش ناوێکی فارسیە بۆ خوای مەزن، ئەویش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە خوای گەورە لە ئاینەکەیاندا گەورەییەکی ڕەمزی هەیە: شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية، مصدر سابق ص١٨١. وەرگیراوە لە:

Luke,k.c.,mousl and its minorities,.london 1925,p125.

لێکۆڵەری سۆڤیەتی ئـا.ئـا. سمیۆنـۆف. شـایانی سـەرنجێکی تایبەتیـە. دوای ئـەوەی دەقـی کتێبـە پیرۆزەکانی ئێزدیانی لە ئینگلیزیەوە کردۆتە ڕووسی، بۆچوونەکانی وەرگیراوە لـە ئینگلیـزیj.joseph شیدەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە لای ئێزدیان باوەڕێکی موسڵمانانە دەربارەی خوا نادۆزینـەوە ، نـە وەکـو مەسیحیانیش خواکەیان شێوەی عیسای هەیە. تاقە شتێك کە ئێزیدی لە موسڵمانان و مەسـیحی و جولەکەکان نزیك بکاتەوە باوەر بە خودی خوایە، ئێزیدیزم ڕوون و ئاشـکرا نیشـانی داوە کـە خـوای ئەمـان تەنها دونیای خەلق کـردووە بـەس پاراسـتن و بـەڕێوە بردنەکەشـی بەحـەوت خواوەندەکانـەوە سپاردووە.: ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشـو،ل٨٩. وەرگـیراوە لە :

Cemehob a.a"ΠokπohehΛe catahe y ΠepeπheaЗΛatckΛx kypπob-eЗΛπob".eaππetehb cpeπhe-a2ΛatckoΓo ΓocyπapctbehhoΓo yhΛbepcΛteta.1927.n.16.

نزیك ترین بۆچوون لە ڕاستی ئەوەیە کە شوێنکەوتەی ئاینی زەردەشتین لەگەڵ پاراستن و دەست پێوەگرتن بە هەندێك بیرو باوڕی زەردەشتی کۆن.: شاكرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحي الطبيعية والبشرية، مصدر سابق، ص١٨٣. زۆربەی لێکۆڵەرەوان دان بە ڕاستی کتێبەکەی صديق دەمەلۆجی دا دەنێن کە بەرهەمی ژیانیەتی لەگەڵ ئێزیدیەکان بۆ ماوەی٤٠ ساڵ، بەڕای ئەم نوسەرە ئاینی ئێزیدی لەئاینی مانیی وە سەری هەڵداوە و بۆییەکی ئیسلامی وەرگرتووە و لە ئەنجامدا بەو شێوەیەی ئیمڕۆ دەرکەوتوە... ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو. ل٨٩. وەرگیراوە لە: صديق الدملوجي، اليزيديه، الموصل، سنه ١٩٤٩،ل١٧٠. ڕەشید یاسمی دەڵێت سەرجەمی توێژینەوەکانی تایبەت بە ئێزدی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بیروباوەڕەکەیان نمونەیەکی بەجێ ماوی ئاینی کۆنی بەستەڵەکی زاگرۆسن. أحمد شوكت، الشبك الكورد المنسيون، مطبعة وزارة الثقافة، بدون سنة الطبع، ص٢١٧. وەرگیراوە لە: رشید یاسمی، کورد و پیوستگی نژاد و تاریخی او، ٨٤٢ ، ١٤٣٨ .

دادەنێن و هەندێکی کە بە تێکەڵەیەك لە ئاینیەکانی جو و مەسیحی و موسڵمان... بۆ زانیاری زیاتر بە کورتی تیشك دەخەینە سەر هەندێك لەو بۆ چوونانە.

شەمسەدین سامی دەڵێت"ئێزدییەکان کوردن"[1]، هەروەها وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی چارەسەر کردنی کێشەی موسڵدا هاتوە:"حکومەتی تورکی دڵنیایی دا کە ئێزدیەکان ڕەگەزێکی کوردی تایبەتن، کلتوریان هەمان کلتوری کوردەکانی ترە. بەڵام لە دیندا جیاوازن، حکومەتی تورکی پێی وابو کە جیاوازی لە نێوان ئاینی ئێزدی و ئیسلام هەمان جیاوازیە کە لەنێوان کاسۆلیکی و پرۆتستاندا هەیە..."[2]هەروەها مس بیل دەڵێت: ئێزدییەکان بە کوردی دەدوێن و ڕەنگە بنەڕەتیشیان هەر کورد بێت[3]، هەروەها لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ سەبارەت بە ئێزدیەکان دەڵێن:"ئێزدیەکان بەزمانی کوردی قسە دەکەن، بەزمانی کوردیش نوێژ دەکەن و ژمارەیەکی کەم لە کتێبە پیرۆزەکانیان بەزمانی عەرەبی نوسراوە، شێخیش بە کوردی مەراسمیەکان جێبەجێ دەکات و بە کوردیش بانگ دەدەن و پێیان وایە خواش بە کوردی قسە دەکات"[4]. لە ئاماری ساڵی١٩٧٧دا زۆرینەیان بەعەرەب تۆمار کراوان.

٥- شەبەك*:

شەبەك وەك ئاینی ئێزدی بۆ چوونی جیاجیایان لەسەر هەیە، بۆیە هەوڵ دەدەین کە هەندێك ڕاستی بخەینە ڕوو:

ڕەشید بەندەر دەڵێت: شەبەك لە کورد زیاتر هیچی تر نین ڕەنگە هەندێك لە ڕێچکە(مذهب)و ئاینی دەورو بەری کاریگەرییان لە سەری هەبوبێت،

---

[1]- شەمسەدین سامی، کوردو کوردستان لەیەکەم ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

[2] - لجنة عصبة الأمم، تقريرحول الحدود العراقية- التركية، مصدر سابق، ص٥٧.

[3]- المس بيل، تأريخ العراق القريب، ت. جعفر الخياط، مطبعة دار الكتب- بيروت، سنة١٩٧١، ص١٥٧.

[4] - لجنة عصبة الامم، تقريرحول الحدود العراقية - التركية، مصدر سابق، ص٥٨.

* - پێ دەچێت ناوی شەبەك لە وشەی(شوانکارە)وەرگیرابێت، شوانکارە هۆزێکی کوردیە:متين، الشبك - الشاه بگ، چاپخانەی روناکبیری، ٢٠٠١، ل٦. وەرگیراوە لە: دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثالث عشر، ص١٥٥.

هەندێکیان لە ڕێی تەکیەو ڕێگای سۆفیەتیەوە چووبێتنە ناو ئاینەکەوە، وەك شیعەکان لە عاشورا دا جل و بەرگی ڕەش لە بەر دەکەن و سەردانی شوێنە پیرۆزەکان دەکەن لە نەجەف و کەربەلا و سامراو، خۆیان بەساقەی ئیمامی عەلی و پێشەواکانی تر(ایمان)دەکەن و لێیا ئەپاڕێنەوە. ئەمەش ئەوەیەکە لە جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەودەکرێت، بەلاّم تێکەلاّو کردنیك لە نێوان ئەمان و قزلّباشی و بەکتاشی و سارلی و ئەهلی هەق هەیە لەلایەن توێژەرەوان... شەبەکەکان شانازی بەکوردبونی* خۆیانەوە دەکەن و لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە تووشی گۆڕینی ناسنامەیان بون بۆ عەرەبی و بەشێك لەخێزانەکانیان لە سالّی ١٩٥٧ڕاگوێزراون. لە سالاّنی نێوان ١٩٨٨-١٩٨٩ بەتەواوی ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگای زۆرە ملیّ، لە ئاماری سالّی ١٩٧٧دا بەعەرەب تۆمار کراون. شەبەك بە کوردی دەدوێن و زۆرێك لە وشەی کوردی کۆنیان پاراستوە لە زمانەکەیاندا[١].

هەروەها مەتین لە کتێبەکەیدا بە پشت بەستن بە بەلّگەی زانستی و مێژوویی دەلّێت: بە دیالێکتی باجەلانی دەدوێن ئەمیش ئەگەڕێتەوە بۆ دیالێکتی گۆرانی کەیەکێکە لە چوار دیالێکتە کوردییەکە، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە شەبەکییەکان کوردن و دیالێکتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کوردی(دایك).[٢] هەروەها مامۆستاو توێژەر(ئوستن هنری لایارد)کە ناسراوە بە توێژینەوەو گەڕان لەناوچەی موسلّ، دەلّێت: شەبەك دەگەڕێتەوە بۆ پێشینانی کورد کە لە ئێران ژیاون.

٦- ئەهلی هەق:-

ئەهلی هەقیش کۆمەلّێکی تری(ئیتنۆ- ئاینی)ن هەر لە نێو قەوارەی ئیتنۆسی(نەتەوە)ی کوردیدا و لە نشیمەکانی خۆیاندا دوورە پەرێز دەژین،

* - لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا هاتووە کە شاباك مەزهەبی قیسمیّ لە کوردانی موسلّە بە گوێرەی هەندێك لە تەخمیناتی مەئموریتی ئینگلیز نفوسیان ١٠٠٠٠ کەسێکە... ئەمانە لە قەزای سنجاردا لە دێهاتی(عەلی ڕەش، یەکیجە، خەزنە، تاللار...)ساکنن: محەمەد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

[١]- زهیرکاظم عبود، الشبك في العراق، الطبعة الأولى، سلسلة کتب سردم العربي- السلیمانیة، سنة ٢٠٠٦، ص٣٧ نقله من رشید البندر، الثقافة الجدیدة، العدد١٢/١٩٩٣، بتأریخ ٣٠/٢/١٩٩٣، ص١٤٢-١٤٢.

[٢]- متین، الشبك- شاه بگ، مصدر سابق، ص٣٧.

خاوەنی باوەڕێکی ئاینی و گەلێ مۆرك و نەریتی تایبەتی خۆیانن، ناوی ڕاستەقینەیان ئەهلی هەقە، و ئەم ناوەیان لا پیرۆزە بەلاّم بە شێکیشیان لە کوردستانی عێراقدا. (کاکەیی)* یان پێ دەڵێن، لە لایەن پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانیشەوە زێتر بەناوی"عەلی ئیلاهی"ناسراون[1].

ئەهلی هەق مەزهەبێکی کوردی ڕەسەنە لە کوردستاندا سەری هەڵداوە و شوێنە پیرۆزیەکانیشیان هەر دەکەوێتە کوردستانەوە** و زۆربەی تێکستە دینیەکانیشیان هەر بەزمانی کوردییە بە(گۆرانی)، پەیڕەو کەرانی ئەم مەزهەبە کە کورد نین ژمارەیان زۆر کەمە[2].

هەندێك کەس پێی وایە کە سارلیەکانیش هەر کاکەین و شوێن کەوتەی ئاینی کۆنی(دیویسیا)ن، سارلیەکان ناوێکی نوێیە و موسلاّویەکان لێیان ناون، ئەویش لە وشەی بەهەشت بۆ من(صارت لی الجنە) وەرگیراوە و چوونە سەر ئاینی کاکەیی و بە تێپەربوونی کات گۆڕا بە(صارلی)[3]. تێکەڵ کردنی شەبەك و

---

* - وشەی کاکەیی لە وشەی(کاك)ی کوردیەوە وەرگیراوە، بەواتای برا دێت، کاکەییەکان هەندێك شتیان لە ئاینی ئیسلام وەرگرتووە جەژنەکانیان بریتین لە چەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و جەژنی نەورۆز، ڕۆژی هەینی و دوشەممە لایان پیرۆزە، سمێڵیان کورت ناکەنەوە... چینایەتی لە ئاینیاندا هەیە و(پیر) سەرۆکی دینی بەرزە و ئەوانەی کە لە سێ چین پێکهاتوون کە بریتین لە ڕێنموونی کاری ئاینی ومام(بابا )و ئومی... بۆ زانیاری زیاتر لە سەرناسنامە و ئاین و پەیوەندییان لەگەڵ ئاینەکانی ترو چینایەتی لە ئاینەکەیاندا بڕوانە: أ- شاکرخصباك، العراق الشمالي دراسة لنواحیە الطبیعیة والبشریة، مصدر سابق، ص١٨٧-١٨٩. ب- باسیلي نیکیتین، الأکراد، دراسة سوسیولوجیة و تأریخیة،م. نوري طالباني، الطبعة الثانیة، دار الساقي، سنة٢٠٠١، ص٣٢٤. منقول عن محمد مکري (باللغة الفرنسیة مساهمة علمیة في الدراسات الایرانیة، باریس، سنة١٩٧٠، ص٣٧٢-٣٧٥.

[1]- أ- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.ب- سي.جي. ادموندز، کرد وترك وعرب، ت. جرجیس فتح الله، مصدر سابق، ص١٦٨.

** - ناوچەکانی ئەهلی هەق لە ناوچە ململانێدا بریتین: لە دەوروبەری کەرکوکدا ئەمانەن(مەتیق، تۆبزاوە ، عەلی سەرا،جنگلاوە، لهێب، زەنقر، گوندەکانی لای موسڵیش مەتراد، سفەیە، توێلە بەن، هۆردەك، کوڵە بۆر، گەزەکان وکەلەك، گوندەکانی خانەقین بریتین لە مێخاس، شێخ ڕەحیم، پویکە، چەمچەقەل... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧. وەرگیراوە لە هاشم کاکەیی، کاکەیی گۆرانی فۆلکلۆر، کاروان، ٢٨/١٩٨٥, هەولێر.

[2]- (المترجم)، باسیلي نیکیتین، الاکراد، دراسة سوسیولوجیةو تأریخیة، م. نوري طالباني، مصدر سابق، ص ٣٢١,

[3] - متین، شبك- شاە بگ، مصدر سابق، ص٩.

سارلییەکان لە ڕوانگـەی بـیرو بـاوەڕی ئـاینی هەڵەیـەکی گەورەیـە لـە لایـەن نوسەران و توێژەوان ئەمیش لە بەرئەوەی:

١- هەردووکیان لە یەك ناوچە دەژین.

٢- لێکچوونی نزیکی کرمانجییەکەیان کە ئەویش دیـالێکتی گۆرانییـە، سەرەڕای ئەو پەیوەندییە باشەی کە هەیە لە نێوانیاندا و نزیکیان لەو شوێنانەی کە لێی ئەژین، تەنها لە گوندی کبرلی بەیەکەو دەژین، ئەگینا گوندەکانی تریان بریتین لە (زەنگل وەردەك، تل لبن، مجیدیە و کزکان، بساتیلە)[1]، دەسەلآت دارێـتی عوسمانی ئەم ئاینزا جیاوازانەی دابەش کرد بە دەوری شاری موسلّدا، بـەم جـۆرە: شەبەك لە ڕووباری خەوسەر بۆ ڕوباری خازر، گواسترانەوە لە ڕووبـاری خـازەر لـە ڕووی چیای مەقلوب بەرەو زێی گەورە و سارلییەکان لە خۆرهەلآتی شـەبەك بـۆ باشووری گواسترانەوە، بەمەبەستی دروست کردنی بەربەستێکی مرۆیی لە بەردەم هێرشی دەوڵەتی فارسی.[2]

٣ - جوگرافیای ئابوریی ناوچە دابڕاوەکان:

هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بەرپرسـن لـە هێـزی ئـابوری هەریەکەیـەکی جیۆگرافی، هەر هێزی ئابوریشە کە بڕیار لە درێـژەدانی ئـەو یەکـەی ڕامیارییـە دەدات بە مانەوە یان لە ناوچوون، بۆیە دەبینین ئەو هێزە ئابووریە شارەوە مەزنەی کـە سروشـت داویـەتی بـە ناوچـە دابڕاوەکـان، بـووە بـە سەرچـاوەی ئـازار و مەینەتییەکانی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان، کە هاوکات نـەتوانراوە پـەرە بـە توانا مرۆییەکانیش بدرێت تا هاوتا بتوانن وەك پێویست ئابوری ناوچەکە بـەهێز تر بکرێت و لە خۆش گوزەران کردنی دانیشتوانی ناوچە کە دا وەگەڕبخرێت...

جوگرافیای ئـابووری هەریەکـە لـە چـالاکییە جۆربـەجۆرەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسازی و گواستنەوە و بازرگانی و گەشت و گوزار... دەگرێتەوە، هەوڵ دەدەین کە بە کورتی لە هەریەکەیان بدوێن:

[1] -هەمان سەرچاوە، ل٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٥.

**١- كشتوكاڵ و ئاژەڵ داری:**

**كشتوكاڵ ناسنامەی ئابوری هەرێمی كوردستانە بێگومان ناوچە دابڕاوەكان نەك لەم چالاكییە بە دەرنەبووە بەڵكو بەسەرەتاكانی چاندنی كشتوكاڵ دادەنرێت لە ناوچەكەش دا ، هۆكارەكانی جیۆگرافیای سروشتی وەك زۆری سەرچاوەی ئاو و خاكی بەپیت و ئاو و هەوای گونجاو و ئاوەدانی بە دانیشتوان. هۆكاری ئەنجام دانی چالاكی كشتوكاڵی بووە، سوودی ئەم كەرتە دابین كردنی خۆراكە بۆ دانیشتوان، ئێستاش بە كورتی لەم چالاكییە دەدوێین:**

**أ- كشتوكاڵ:**

**تەمەنی زانینی كشتوكاڵ لەلایەن مرۆڤەوە لە كوردستان بە(٩-١١)هەزار ساڵ خەملێندراوە[١]، بۆ نموونە چەرمۆ بە كۆنترین گوندی كشتوكاڵی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دادەنرێت، كە مرۆڤ بۆ یەكەم جار گەنم و جۆی تیاچاندووە[٢]، بەروبومە كشتوكاڵیەكانیش دابەش دەبن بۆ:**

**١ - بەرو بوومی دانەوێڵە:**

**أ - گەنم: چاندنی گەنم زستانەیە واتە لە مانگی تشرینی یەكەمەوە دەست دەكرێت بەچاندنی و لە مانگی ئایاردا دەدوورێتەوە، بە گشتی پشت بە دابارین دەبەستێت، چەندین جۆری جیاواز لە گەنم لەناوچە دابڕاوەكاندا دەچێنرێت بەڵام بەزۆری قەندەهاری(سابیربەگ) لەناوچەی كەركوك دەچێنرێت[٣]، لەناوچە دابڕاوەكان گەنم بە ڕادەیەكی زۆر دەچێنرێت وەك دەشتەكانی كەركوك و موسڵ و جەزیرە... بۆ نموونە لە ساڵی١٩٧٤دا تەنها لە پارێزگای كەركوك(١٣٨٨٠١٤)دۆنم بە گەنم چێنراوە كە(٤٤,٥٣٪)ڕووبەری هەرسێ پارێزگاكەی تری هەرێم بووە، و بەرهەمی هەمان ساڵ(٢٣٢٨٠٤)تەن بووە**

---

١- محەمەد عەبدوڵلاّ، كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی كوردستاندا، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩، ل٢٣٢، وەگیراوە لە جمال رشید، تأریخ الكورد القدیم- هەولێر، سنه١٩٨٠، ل٢٠.

٢ - جان برتولینو، الكرد موطنهم، تأریخهم و قائدهم الموعود الذي تمناه الشاعراحمد خاني، و.جمیل محمد مصطفى، الطبعة الاولى، مطبعة خاني- دهوك، سنة٢٠٠٧، ص٢٢، نقلا عن نود كالستروم السوید،لیس لنا اصدقاء غیر الجبال، ترجمة وتقدیم عبد السلام نعمان، سنة ١٩٨٨، بدون رقم صفحة.

٣- محەمەد عەبدوڵلاّ، كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی كوردستاندا، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

که(٤٢,٢٥٪)ی بەرهەمی هەر سێ پارێزگاکەی بەرهەم هاتوە[١]. ڕوبەری چێنراو بەگەنم لە ساڵی١٩٨٧ لە پارێزگای کەرکوك(٦٤٦٦٠٠)دۆنم بووە کە ٤٤٣٠٠ تەن بەرهەمی بووە کە بڕشتی لە هەر دۆنمێك(٦٨,٤)کیلۆ گرام بووە[٢]، بەلاّم لە ساڵی٢٠٠٣ دا لە پارێزگای کەرکوك٧٦٥١٢٤دۆنم بە گەنم چێنراوە کە بڕی(٤٤٥٤١٦)تەن بەرهەمی هەبووە وبڕی بەرهەم بۆ هەردۆنمێك (٥٨٢)کگم بووە[٣]

ب- جۆ: بەروبوومێکی دیکەی زستانەیە، چاندن و بەرهەم هێنانی بەهەمان ڕێگای بەرهەمی هێنانی گەنمە، بەلاّم جۆ بەرگەی پلەی گەرمی بەرزتر و خاکی شۆرەکات تر و کەم ئاوی زیاتر دەگرێت... لە چەندین بواری جۆراوجۆردا بە کار دەهێنرێت. دووجۆری هەیە، جۆ ڕەشە و جۆی سپی، بەلاّم جۆی ڕەش بلاّوتر دەچێنرێت[٤].بە گشتی لە هەموو ناوچە دابڕاوەکان دەچێنرێت. ڕووبەری جۆی چێنراو لە پارێزگای کەرکوك لەساڵی١٩٨٧ دا(٥٧٤٩٠٠)دۆنم بووە، کە(٢٧٩٠٠)تەن بەرهەمی هەبووە، هەردۆنمێك بڕی(٤٨،٦)کیلۆگرامی بەرهەمی بەردەکەوێت[٥]. بەلاّم لە٢٠٠٣دا بڕی دۆنمی چێنراو(٨٧٤٢٥)دۆنم بووە کە(٢٨٠٥٢)تەنی لێ بەرهەم هێنراوە، کە هەر دۆنمێك (٣٢١)کیلۆی بەردەکەوێت[٦].

---

[١]- سناء العمري، انتاج و استهلاك الحنطة في العراق، دار الحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٠، ص٢٩٩.

[٢]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق، ص٥٦.

[٣]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، بدون مكان طبع، بدون سنة طبع، ص٥٥.

[٤]- محمد عەبدوڵلاّ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦.

[٥]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مصدر سابق، ص٥٦.

[٦]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤،مصدر سابق، ص٥٥.

ت- برنج: بەرهەمێکی هاوینەیە، بە خۆراکێکی سەرەکی دانیشتوانی هەرێم دادەنرێت، لە کەرکوك دەچێنرێت بەلاٚم بە گشتی لە قەزای ئاکرێ و شێخان لەپارێزگای موسڵ دەچێنرێت.[1]

٢- بەروبومی نەختینە (بەروبومی پیشەسازی).

پەموو، بەرووبومێکی هاوینەیە، گرنگی یەکی زۆری هەیە لە ڕووی ئابوریەوە زیاتر لەپارێزگای کەرکوك ڕووبەرێکی فراون بۆ چاندنی ئەم بەرووبوومە تەرخان کراوە لە چاو پارێزگاکانی تری هەرێم، بۆ نموونە ڕووبەری چێنراوی پارێزگاکە لە ساڵی١٩٨٧ دا(٢٠٢٧٠) دۆنم بووە و بڕی(٥٣٤٠)تەن بەرهەم هاتووە کە بەرهەم لە هەر دۆنمێکدا(٢٦٣,١)کگم بووە[2]، لەساڵی١٩٧٥ دا لە ناوچە کوردییەکانی پارێزگای دیالە نزیکەی(١٢٦٣٣)دۆنم چێنراوە..[3]

٣- بەروبوومە ڕۆندارەکان:

أ- گوڵە بەڕۆژە: بەرو بوومێکی هاوینەیە لە پارێزگای کەرکوك بە شێوەیەکی فراوان دەچێنرێت، پاشان پارێزگای موسڵ، لە ساڵی١٩٨٩ دا ڕووبەری(١٥١٢٨)دۆنم لە پارێزگاکە بە گوڵە بەڕۆژە چێندراوە... لە پیشە سازی بەرهەم هێنانی ڕۆندا سوودی لێ وەردەگیرێت...[4]. بەلاٚم لە ساڵی(٢٠٠٣)دا ڕووبەری چێنراو(٢٥٣١)دۆنم بووە کە(١٠٩٦)تەنی بەرهەم هەبووە(٤٣٣,٢)کگم لە هەر دۆنمێکدا بەرهەم هاتووە[5].

---

[1]- محمد عەبدوڵلاٚ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

[2] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق، ص٥٧.

[3]- محمد عەبدولاٚ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ، جیۆگرافیا هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠-٢٤١.

[4]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣-٢٤٤.

[5]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤،مصدر سابق، ص٥٨.

ب- كونجى: بەرهەمێكى هاوینەیە، بۆ گەشە و بەرهەم هێنانى پێوستى بە ئاوو هەواى گەرم هەیە، ناوچە كوردییەكانى پارێزگای دیالە لە بەرهەم هێنانى پشكى سەرەكى وەرگرتووە ، لە سالّى١٩٨٩ دا نزیكەى ١٣٥٥٣٢دۆنم بەم بەرهەمە چێندراوە[1] .

٤ - سەوزە:

سەوزە دەكرێت بە دوو جۆرەوە كە بریتین لە سەوزەى زستانە وەك(خاس و كەلەرم و سپێناخ و پیاز و شێلم و چەوەندەر...)، بەلاّم هەرچى سەوزەى هاوینەیە بریتییە لە(تەماتە وباینجان وبامیە و شوتى و كالّەك ...) ئەمانە لە دەوروبەرى سەنتەرى شارەكان و قەزاكان دەچێنرێن.

٥ - ڕەز و باخچەكان:

بەرلەوەى كە سروشتى كشتوكالّ وەربگرێت، بە شێوەى سروشتى بوونى هەبووە، دارى میوەى ناوچە دابڕاوەكان هەمە جۆرن، بەلاّم سیاسەتەكانى ڕژێمى پێشوو بۆتە هۆى كەم بوونەوەى ڕووبەرى ڕەز و باخەكان ئەمەش بۆتە هۆى كەم بوونى بڕى بەرهەم، بەلاّم ئەو جۆرە میوانەى كە لە ناوچە دابڕاوەكان هەیە بریتین لە خورما و مزرەمەنى و هەنار و هەنجیرو مێو...بڕوانە خشتەى ژمارە(٨).

---

[1]- محەمەد عەبدوللاّ، كشتوكالّ و سامانى ئاژەلّ، جیۆگرافیاى هەرێمى كوردستانى عێراق، سەرچاوەى پێشوو، ل٢٤٤.

## خشتەی ژمارە(٨)

## ژمارەی دار (هەمووجۆرێك) و ڕووبەری بێستان و نێونجی ژمارەی دارەکان لە یەك دۆنم لە پارێزگای کەرکوك لە ١/١/١٩٧٨دا لە چاو سێ پارێزگاکەی تری هەرێم[١]

| پارێزگا | ژمارەی دار | | ڕووبەری بێستان | | ناوەندی ژمارەی دار لە هەر دۆنمێکدا |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.(١٠٠٠)دار | ٪ | ڕووبەر بە(١٠٠٠)دۆنم | ٪ | |
| کەرکوك | ٢٩١٠ | ٥,٥ | ٩ | ٨,٧ | ٣٢٣ |
| سێ پارێزگاکەی تری هەرێم | ٤٩٨٦٦ | ٩٤,٥ | ٩٤ | ٩١,٣ | ١٥٨٤ |
| سەرجەم | ٥٢٧٧٦ | ١٠٠ | ١٠٣ | ١٠٠ | ٥١٢,٣ |

**بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٨)دەبینین ڕووبەرو ژمارەی دارو بێستانەکانی کەرکوك زۆر کەمترە لە ڕووبەر و ژمارەی دارو بێستانەکانی سێ پارێزگاکەی تری هەرێم، بەجۆرێك سەرجەمی ڕێژەی دارەکانی پارێزگاکە تەنها(٥,٥٪)دارەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم پێکدەهێنێت، و ڕووبەری بێستان لە پارێزگاکەدا تەنها(٨,٧٪)ی سەرجەمی سێ پارێزگاکەی هەرێم پێکدەهێنێت. دیارە هۆکاری ئەم جیاوازیە گەورەیە جگە لە هۆکاری ڕامیاری، هۆکاری جیۆگرافیشی لە پشتە کە ڕۆڵی هەبووە لەو دابەش بوونەدا.**

[١]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧ ، مصدر سابق، ص٦٧.

ب - سامانی ئاژەڵ:

لە باری جوگرافیای سروشتی ناوچە دابڕاوەکان(ئاوو هەوا، گژوگیا...) بۆتە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵانی کێوی وەك بزنە کێوی ئاسکە کێوی، جگە لە پەلەوەری کێوی هەمەجۆر، بەدەر لەمانە بەهۆی بوونی لەوەرگا و پاوانی زۆر ناوچەکە لەبارە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵان بۆیە دەبینین چ بە جۆر و چ بە ژمارە ئاژەڵێکی زۆر لەناوچەکەدا بوونی هەیە، جگە لە پەلەوەر و هەنگ، جگە لە بەرهەمی گۆشت، بەهەرمەکانی سپیایی وهێلکە ومو پێست و هەنگوین، سوودێکی زۆر بە ئابوری ناوچەکە دەگەیەنن، لە گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کە لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە بریتین لە:

١- ئاژەڵ:

أ- مەڕ:

دوو جۆر مەڕ هەیە، بریتین لە مەڕی کورد و مەری عەواسی. مەڕی عەواسی کێش و درێژی تاڵە خۆریەکەی لە هی مەڕی کوردی کەم ترە، لە بەخێوکردنی مەڕدا پارێزگای کەرکوك پشکی سەرەکی بەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ساڵی١٩٨٦ دا بڕی(٤٨١٥٢٠ )سەر بووە...[١]

ب- بزن:

بزنیش وەك مەڕ لە ناوچە دابڕاوەکاندا بوونی هەیە، بەلاّم بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر، چوونکە سروشی ناوچەکە بۆ پەروەردە کردنی مەڕگونجاو ترە تا بزن ئەویش بە هۆی گونجاویی پلەکانی گەرما و لەوەڕگای ناوچەکەوە، بۆیە دەبینین ژمارەیەکی کەم لە بزن لە ناوچەکەدا دەبینرێت. بۆ نموونە ژمارەی بزن لە پارێزگای کەرکوك لە ساڵی١٩٨٦دا تەنها(٧١٧٣)سەر بووە.[٢] .

---

[١]- محەمەد عەبدوڵلاّ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٠. وەرگیراوە لە: وەزارەتی نەخشە دانان، دەزگای ناوەندی ئامار، مديرية الأحصاء الزراعي، نتائج مسح الثروة الحيوانية في القطر، ١٩٨٦، ص٥٢ و ٦٥-٦٧.

[٢] - هەمان سەچاوەی پێشوو، ل٢٥١.وەرگیراوە لە ئەنجامی پشکنینی سامانی ئاژەڵی، ساڵی ١٩٨٦، ل٧٠و٨٠-٨٢.

ت- گاو گۆتاڵ:

دوو جـۆر مانگـا هەیـە، مانگـای کـوردی و مانگـای شـەرابی، لـە ناوچـە دابڕاوەکان بەزۆری جۆری دووەم بە خێو دەکرێت لە ساڵی ١٩٨٦دا ژمارەی مانگا لە پارێزگای کەرکوك، گەیشتۆتە (٥٩٣٢٨)سەر. بەڵام بە دەوڵەمەند ترین ناوچە دادەنرێـت لـە زۆری ژمـارەی گامێشـدا، بـە جۆرێـك تـەنها لـە پارێزگـای کەرکوك(١٦٢٧)سەر بووە لە ساڵی ١٩٨٦ دا کـە ئەمـەش بـە قـەدەر ژمـاری گامیشی هەرسێ پارێزگاکەی تری هەرێم بووە[١].

٢ - پەلەوەر:

پەلەوەر لە هەموو شوێنێکی ناوچـە دابڕاوەکـان پـەروەردە دەکرێـت، ئێسـتا شێوەی بازرگانی وەرگرتووە لە پەلەوەرگەکاندا بەخێو دەکرێت.

٢- چالاکیی پیشەسازی:

دانیشـتوانی ناوچـە دابڕاوەکـان وەك بەشـەکانی دیکـەی هـەرێم، خـاوەنی پیشەسازی دەستی بچووك بوون، بەڵگەش بۆ ئـەم ڕاسـتییە دۆزینـەوەی پاشمـاوە دێرینەکانی وەك خشڵ و زێڕو دەفرو هۆکارەکانی جەنگە، بەڵام ئەم پیشەسازییانە لە سەدەکانی ڕابردوو دا گەشەی بەخۆیەوە بینی.

بە تێ پەڕبوونی کات پیشەسازی مام ناوەند و پاشـتر پیشەسـازی گـەورە لـە ناوچەکەدا سەری هەڵدا، بەتایبەت لە پاش دروست بوونی دەوڵەتی عێراق.

تا ساڵی١٩٣٧جگە لە پاڵاوگەی ئەڵوەن ی نزیك خانـەقین کـە پاڵاوگەیـەکی گەوەرەو مۆدێرن بوو هیچ جۆرە پیشەسـازییەکی تـری گـەورە بـوونی نـەبوو لـە ناوچەکەدا بەڵام لە ساڵی١٩٥٠دا ئەنجومەنی ئاوەدانکردنـەوەی عێـراق دامـەزرا کە بەرپرسیاریەتی نەخشەدانان و ئاڕاستەکردنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکاری و بـەرەو پێش بردنی پرۆسەی پێگەیاندنی ئابووریی پیشەسازی خسـتە ئەسـتۆی خـۆی و جـەختی لـە سـەر دامەزرانـدنی پـرۆژەی پێویسـت و بنیادنـانی پەیکـەرە

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢-٢٥٣.

ڕاگیراوەکان(الهیاکل الارتکازیە) دەکردەوە[1]. میری ئەو برە پارەیەی کە تەرخانی کرد بۆ ئەم کەرتە ١٤١,٨ملیۆن دینار بوو، بەلاّم ناوچە دابڕاوەکان تەنها بە ئەنجام دانی ویستگەیەکی کارەبا لە دووبز سوود مەند بوو[2]. بەلاّم لە سالاّنی دواتر دا ئەم کەرتە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بۆ نموونە ژمارەی دامەزراوە بچووکەکانی هەرێم١٤٪ی کۆی دامەزراوە بچووکەکانی عێراق بووە، ١٣,٤٪ی کارگەی ئەو پیشەسازیانەیان پێکهێناوە، بەلاّم پارێزگای کەرکوك بەتەنها٤٠٪ی کۆی دامەزراوە پیشەسازیە بچووکەکانی هەرێمی داگیر کردووە، ژمارەی دامەزراوە بچووکەکانی کەرکوك لەسالّی١٩٧٠ گەیشتە١٥٧٦ دامەزراوە و ژمارەی ئیشکەرەکانی گەیشتە ٣٤٦٥ ، بەلاّم ژمارەی دامەزاروە گەورەکانی٣٤ دامەزراوە بوو ،١٩١٢ کرێکاریش کاریان تیا دەکرد[3]، بەلاّم لە سالّی٢٠٠١ دا ژمارەی کارگەکانی پارێزگای کەرکوك١٢٨٧کە تەنها٢١٥٠ کەس کاریان تیا ئەکرد، ژمارەی کارگە مام ناوەندەکان٨ کارگە بووە لەسالّی ٢٠٠٢ دا کە٨٩ کەس کاریان تێدا کردووە.[4] ، بێگومان ئەمەش دەرئەنجامەکانی ڕامیاری بەعس بوو وەك بە سەربازی کردن و هەلّمەتەکانی ڕاگواستن...

ئەو فاکتەرانەی کە کاردەکەنە سەر دامەزراندنی پیشەسازی بریتین لە:

کەرەستەی خاو و وزەو دەستی کارو بازاڕ و گواستنەوە و سەرمایە. ئەم مەرجانە هەموویان لە ناوچە دابڕاوەکاندا بوونی هەیە، بەلاّم میری جگە لە بەتالاّن بردنی سامانی ئەم ناوچەیە بیری لە بەرەو پێش بردنی ئەم کەرتە نەکردۆتەوە، بۆیە حکومەتی هەرێم دەتوانێت بە پێشخستنی ئەم کەرتە لەم ناوچەیەدا ئابوورییەکی بەهێزو تۆکمە بنیات بنێت، بە چەندین پیشەسازی وەك پیشەسازیی خۆراك و خواردنەوە و پیشەسازی کەرەستەی بیناسازی و پیشەسازی کیماگەری و پترۆکیماویەکان.

---

[1]- سلێمان عەبدوللاّ ئیسماعیل، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان عێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٦.

[2] - هەمان سەرچاوە پێشوو، ل١٩٧.

[3]- هەمان سەرچاوە پێشوو، ل١٩٩-٢٠٠.

[4] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٩٧و ١٠٢.

٣ - گەشت و گوزار:

گەشت و گوزار بەیەکێك لە بنەما ئابوریەکانی تری ناوچە دابڕاوەکان هەژمار دەکرێت، چوونکە بەشداری دەکات لە داهاتی نیشتمانی بە هۆی گونجاوی بنەما سروشیتەکانی وەك: بەرزی و نزمی و سەرچاوەی ئاوی (کانیاوی تەندرستی و گەڕاو کانزایی)ئاژەڵ و باڵندەی کێوی... جگە لە بنەما مرۆییەکانی وەك: شوێنەواری مێژوویی و ئاینی(مەزاری ئاینی، مەزارگەکان)وجگە لە دەوڵەمەندی ناوچەکە بە فۆلکلۆر و پیشەسازی دەستی نەتەوە جیاجیاکانی ناوچە دابڕاوەکان... و زۆربوونی شوێنە گەشت و گوزاریەکان(ئوتێل و چێشتخانە و گازینۆ..)، سەرەڕای پێش کەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە گەیاندن، ئەمانە هەمووی لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی چالاك بوونی گەشت و گوزارن لە ناوچەکەدا. بەلاّم سیاسەتەکانی ڕژێمە عێراقییەکان ئەم کەرتەی توشی ئیفلیج بوون کردبوو، بۆ نموونە ژمارەی ئوتێلەکان لە شاری کەرکوك لە ساڵی١٩٨٦ دا ٤١ ئوتێل بووە کە١٤١٠٦٣[1] گەشتیاری تێدا دابەزیوە بەلاّم لە ساڵی٢٠٠٣ ژمارەی ئوتێلەکان دابەزیوە بۆ٤٠ ئوتێل و ژمارەی گەشتیارە دابەزیوەکان بووە بە ٩٢٥٦٩ گەشتیار[2]بەگەڕاندنەوەی ئەم ناوچانە و بەرقەرارکردنی ئاسایش و پێش خستنی گەشت وگوزارلەم ناوچەیە، دەکرێت داهاتێکی ئابوری زۆر لەم کەرتە بە دەست بخرێت.

٤ - ڕێگای هاتووچۆ:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد پێگەی جیۆگرافی و دیاردە جوگرافییە سروشتییەکانی دی، کوردستانی کردۆتە ڕێگوزەرێك بۆ تێ پەڕبوونی نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بەلاّم هۆکارە سروشتییەکانی وەك بەرزو نزمی و ڕووبەری ئاوی، ڕادە و جۆری پەیوەندییەکانی لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا دیاری کردووە.

---

[1]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق، ص١٤٨-١٤٩.

[2]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٥٠-١٥١.

بەلاّم کەمیی بەرزو نزمی ناوچە دابڕاوەکان یارمەتیدەر بووە بۆ چالاك کردنی هاتوو چۆ(چ ڕێگاکانی هاتووچۆ بێت یان هۆکارەکانی گواستنەوە)لەنێوان خودی ناوچەکەو لە نێوان بەشەکانی تری کوردستان و بەشەکانی تری عێراقی عەرەبی، جگە لە ولاّتانی تری هەرێمی، بێگومان ئەمانەش هەمووی کاریگەریی دەبێت لە پەرە پێدانی سەرجەم بوارەکانی ئابوری و کۆمەلاّیەتی و ڕامیاری و سەربازی.

لە ناوچە دابڕاوەکاندا هەموو جۆرەکانی ڕێگای گواستنەوە بوونی هەیە، دەتوانین زۆر بە کورتی ئاماژەیان پیّ بکەین، بریتین لە:

ڕێگای وشکانی:

پێگەو هۆکارە سروشتیەکان. ناوچە دابڕاوەکانی کردۆتە ڕێگایەکی سەرەکی لە گواستنەوەی هەمەجۆر، بەلاّم چ ڕێگاکانی گواستنەوە، چ هۆیەکانی گواستنەوەش زۆر سەرەتایی بوون، لە سەدەی ڕابوردوودا بەتایبەتی پاش داگیرکاری بەریتانییەکان و دروست بوونی دەولّەتی عێراق، ڕێگای وشکانی هەمەجۆر(شەقام، هێلّی ئاسن) فراوانی بەخۆیەوەی بینی، بێگومان ئەمەش زیاتر هۆکارە ڕامیاری و سەربازییەکان لە پشت ئەم ئامانجەوە بوون، نەك هۆکاری ئابوری. لە ئێستادا ڕێگا وشکانییەکان بریتین لە ڕێگای قیرتاو کراوی نێودەولّەتی و سەرەکی و لاوەکی. بڕوانە خشتەی ژمارە (٩)[١]. جگە لەوەی کە هۆیەکانی هاتوچۆی وشکانی(ئۆتۆمبیل) چ بە ژمارە چ بەجۆر لە فراوان بوون دا بوون، بۆ نموونە لە سالّی٢٠٠٣ دا ژمارەی ئۆتۆمیلی هەمەجۆر لە پارێزگای کەرکوك گەیشتوتە (٥٢٣٦٣) ئۆتۆمبیل[٢]، بەلاّم لە هەرێم دا تەنها ناوچە دابڕاوەکان خاوەنی هێلّی ئاسن بووە، لە سالّی١٩٤٩ دا هێلّێك لە جۆری مەتری ڕاکێشراو شاری کەرکوك و هەولێری بەیەکەوە دەبەستەوە و درێژیەکەی٤٣٣کم بوو[٣]، هەر ئەو هێلّە چەند خەت و لقێکی لیّ دەبووەوە بەرەو جەلەولا و خانەقین

١- محمد ازهر سعيد السماك و اخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٤٧٨.

٢ - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٧٨.

٣- محەمەد عەبدوللاّ عومەر، گواستنەوەو هاتوچۆ، سەچاوەی پێشوو، ل٢٧٢. وەرگیراوە لە: احمد حسون السامرائي و عبدخليل فضيل، جغرافية النقل والتجارة الدولية، مطبعة دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، سنة١٩٩٠، ص١١٥.

**که درێژییەکەی٢٩ کم بوو، لقێکی دیکـەش بـەرەو کۆمپانیـای نـەوتی عێـراق دەچوو که درێژیەکەی ١٦کم بوو.[١]**

**خشتەی ژمارە(٩)**

**ژمارە و درێژیی ڕێگا نێودەوڵەتییە سەرەکییەکان لەناوچە دابڕاوەکان لە ساڵی١٩٥٧دا[٢].**

| ژمارەی ڕێگا | درێژی کم | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | ٥٢١ | بەشێکی لە شاری موسڵەوە بەرەو تەل کوچەك لە سوریا درێژ دەبێتەوە در |
| ٢ | ٥٥٤ | لە بەغداوە دەست پێ دەکات بەرەو – کەرکوك - هەولێر - موسڵ. |
| ٣ | ٣٠٢ | سەعدیە لە پارێزگای دیالەوە شانبەشانی زێی دیالە تا - سلێمانی- کەرکوك. |
| ٤ | ١٧٨ | بەغداد شانبەشانی دیالە - خانەقین - مونزریە - ئێران. |

**لە دواییدا هێڵێکی دیکەش ڕاکێشرا بۆ بەیەك بەستنەوەی کەرکوك و بێجی و حەدیسە کە٢٥٢ کم بوو بڕیاریش وابوو هەتا سلێمانی بچێت[٣]. لە ساڵی٢٠٠٢دا لەهێڵی (بەغداد- بێجی- کرکوك)٥٧ هەزار گەشتیار سـوود مەنـد بـووە لـەم خزمەت گوزارییە جگە لە گواستنەوەی١٤٩ هەزار تەن لـە کـەل و پـەل، بـەڵام لەساڵی٢٠٠٣ دا دابەزیوە بۆ ١٣هەزار گەشتیار و١٧هـەزار تـەن کـەل و پـەل[٤]. بەڵام هەرسێ شارەکەی تری هەرێم لە خزمەت گوزاری شەمەندەفەر بـێ بەشـە، هەروەها ڕێگەیەکی تری گواستنەوەی تریش لە ناوچە دابڕاوەکان بـوونی هەیـە ، ئەوەیش بریتییە لە بۆری نەوت کە لـە ڕووی ئابوورییـەوە کـەمترین بڕلـە پـارەی تێدەچێت لە گواستنەوەی نەوت و گـازا دا.. بـۆ نموونـە گواسـتنەوەی نـەوت بـە**

---

[١]- هەمان سەچاوەی پێشوو،ل٢٧٢.

[٢]- محمد ازهر سعيد السماك و اخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٤٧٨.

[٣]- هەمان سەچاوەی پێشوو،ل٢٧٢. وەگیراوە لە: وزارة النقل و الموصلات، المنشأ العامة للسكك الحديد العراقية، هيئة تنفيذ مشروع خط كركوك، بيجي- حديثة.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٨٦.

بۆری١٠/١ی تیچوونی گواستنەوەی شەمەندەفەری تێدەچێت[1]. بڕوانە خشتەی ژمارە(١٠).

**بڕوانە خشتەی ژمارە(١٠).**
**هێڵی بۆریی گواستنەوەی نەوتی کەرکوك[2]**

| جۆر | ساڵی دروست کردن | لە | بۆ | درێژی بە میل | تیرە بە ئینج |
|---|---|---|---|---|---|
| نەوت | ١٩٥٢ | کەرکوك | بانیاس | ٥٥٤ | ٣٢/٣٠ |
| نەوت | ١٩٦١ | کەرکوك | تەرابلوس | ٥٣٢ | ٣٢/٣٠ |
| نەوت | ١٩٤٩ | کەرکوك | حدیپە کی تری | ١٥٠ | ١٦ |
| نەوت | ١٩٣٥ | کەرکوك | تەرابلوس | ٥٣٢ | ١٢/١٠ |
| نەوت | ١٩٥٢ | کەرکوك | حدیپە کی تری | ١٥٠ | ١٢/١٠ |
| گاز | ١٩٥٢ | کەرکوك | تی -١ | ٤٢١ | ١٦ |
| نەوت | ١٩٥٢ | عەین زالە | بیجی کی تری | ١٣٤ | ١٢,٧٥ |

بوونی فڕۆکەخانە لە پارێزگای کەرکوك، زیاتر بۆمەبەستی سەربازی بەکارهاتووە هەروەها لە قەزای تەلەعفەریش فڕۆکەخانەیەکی تری سەربازی هەیە، و لەم ساڵانەی دوایشدا بەتایبەت پاش پرۆسە، فراوان بوونیکی زۆر لە پەیوەندییە تەلی و بێ تەل یەکاندا ڕوویان داوە وەك هێڵی تەلەفۆن و خزمەت گوزاری ئینتەرنێت. بەڵام هەرچی ڕێگای ئاوی ناوچە دابڕاوەکانە بەهۆی سروشتی تۆبۆگرافی ناوچەکە سوودێکی زۆر کەمی لێ دەبینرێت لە بواری گواستنەوەدا، بۆ نموونە ڕووباری دیجلە پاش ئەوەی لە شاری موسڵەوە دەکشێت بەرەو فەتحە ٣١٥ کم دەبڕێت، لە شاری موسڵ لێژیەکەی دەگاتە ١ :١٨٠٠، خەڵکەکە ڕووبارەکە بۆ مەبەستی گواستنەوە بەکار دەهێنن بەتایبەتی بۆ ئەو ئامێرانەی کە پانییان

[1] - عبدالمنعم عبدالوهاب و آخرون، جغرافية النفط والطاقة، مصدر سابق، ص١١٨.
[2] - طارق شكر محمود، اقتصاد النفط العراقي، مصدر سابق، ص٤٣.

**١,٢٥-١,٧٥م و بارەکەیان٠ ٣٥-٥٥٠ تەنە[*]، بەڵام لە بەشی کۆتایی زێی گەورە سوودی لیٚ دەبینرێت بۆ گواستنەوە، هەرچی ڕووباری زێی بچووك و سیروانە زۆر بەکەمی سوودی لیٚ دەبینرێت بۆ گواستنەوە[١].**

---

[*] - پێدەچێت کیلۆگرام بێت نەك تەن(توێژەر).

[١] - محەمەد عەبدوڵڵا عومەر، گواستنەوەو هاتوچۆ، سەچاوەی پێشوو، ل٢٧٣-٢٧٤.

# بەشی دووەم

## گرنگیی جوگرافی و ئابووریی ناوچە دابڕاوەکان

له بەشی پێشوودا جیۆگرافی و ئابوری ناوچە دابڕاوەکانمان دەست نیشان کرد ، لێرەدا هەوڵ دەدەین لە گرنگی جیۆگرافی و ئابوریيەکەی بدوێین. ناوچە دابڕاوەکان بە پڕ داهاترین و گرنگترین ناوچە لە هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت چ لە بواری جیۆگرافی دا بێت یان لەبواری ئابوری، نەك لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەڵکو لە سەر ئاستی عێراقیش...

لە باری جیۆگرافی(شوێن، ڕووبەر، کەرەستەی خاو، دانیشتوان...) ، ئابوریيەکەی(پیشەسازی و کشتوکاڵ...)بەگشتی سەنگێکی ڕامیاری بەهێزی پێ بەخشیوە، بۆیە ئەم هەرێمە بە درێژایی مێژوو داگیرکراو بووە، بوونی نەتەوە و کەمایەتییە جیاوازەکان سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە، بەلاّم دۆزینەوەی نەوت پێگەی ڕامیاری و ئابوریيەکەی بەهێزتر کرد ، بۆیە دەبینین لە سەرەتای سەدەی ڕابووردوو لە لایەن ئیستعماری بەریتانییەوە داگیردەکرێت و پاشتر لە بەر هەمان هۆکار دەی لکێنن بە عێراقی عەرەبییەوە، پاشتر ئەمەریکا هەژموونی خۆی بە سەر ئەم ناوچەیەدا دەسەپێنێت. بۆ ڕوون کردنەوە زیاتری گرنگی ئەم ناوچەیە، بە باشی دەزانم کە ورد تر لێی بدوێین...

## باسی یەکەم

## گرنگی جیۆگرافیی ناوچە دابڕاوەکان

جیۆگرافیای ناوچە دابڕاوەکان تایبەتمەندییەکی زۆری بەخشیوەتە ئەم هەرێمە، ئەمەش گرنگییەکەی زیاتر کردووە، چ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت یان لە لەسە ئاستی هەرێمی یان لەسەر ئاستی عێراقی، بۆیە وڵاتانی زل هێز لە هاوکێشە ڕامیاری و داگیرکارییەکانیان دا گرنگی یەکی زۆریان بەم هەرێمە داوە، بۆیە لێرە هەوڵ دەدەین بە کورتی لە هەریەکێك لە دیاردە جیۆگرافیەکان بدوێن و گرنگییەکەشی ڕوون بکەینەوە:

### یەکەم - دیاردەی جیۆگرافیای سروشتی:

هەر هەرێم و یەکەیەکی ڕامیاری لەم جیهانەدا دیاردە سروشتییەکانی لە هەرێمەکانی دیکە جیاوازە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر هێزو توانای ڕامیاری و ئابورییەکەی، ناوچە دابڕاوەکانیش وەك هەر هەرێمێکی تر کۆمەڵێك خەسڵەت و سیفاتی هەیە کە هێزێکی تایبەتی پێ بەخشیوە(چ بە بەهێز بوون بێت یان لاواز بوون)لە خوارەوە زیاتر لە سەری دەدوێین:

١- شوێن Location:

گرنگی شوێن لە گونجاویی ئەو شوێنە دێت لە کارگێڕی و بەرگری و فەرمان ڕەوایی کردن[١] ، هەروەها گرنگییەکی گەورەی ستراتیجی و ئابوری نێودەوڵەتی

---

[١]- علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، الطبعة الثانية، درا الفكر العربي- القاهرة، ٢٠٠١، ص١٠٤.

هەیە[1]، لەو هۆکارە گرنگانەشە کە کاریگەری دەبێت لە سەرئاڕاستەی دانیشتوان و هەڵسوکەوتی ڕامیاری[2]، هەروەها کاریگەری هەیە لە سەرهێز و ڕامیاری ناوەوە و دەرەوە[3]ی یەکەیەکی ڕامیاری.

کوردستان لە ناویشیدا ناوچە دابڕاوەکان لە ڕووی جیۆگرافییەوە لە نیوەگۆی باکووری زەوییە و کەوتۆتە باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا، دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێ چوونکە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، نێوان هەرێمەکانی فارس و عێراق و ئەنادۆڵ جیادەکاتەوە، واتا لە نێوان فارس و عەرەب و تورکدایە، لە هەمان کاتدا، پردێکی ستراتیژی لە نێوان ئەوروپا و زەریای هندی دروست دەکات، چوونکە تەواوکەری هەرێمی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستە، لەهەمان کاتدا خاوەن جیۆستراتیژیەکی گرنگە لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، کەنداوی عەرەبی و پەیمانی ناتۆ[4]، جگە لەوەی کە کەوتۆتە نێوان وڵاتە پیشەسازییەکانی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپاو ئەمەریکا، بۆیە شوێنی هەرێم بە شوێنێکی فرە ستراتیجی دادەنرێت لە جیهان و لە هاوکێشە ڕامیارییە جیهانییەکاندا، بەتایبەتی لە ئێستادا هەندێك وڵات لە کەرتی پیشەسازی مەدەنی و سەربازی هەنگاوی گەورەیان ناوە وخاوەنی ئابوریەکی بەهێزو ژمارەی دانیشتوانی زۆرو سەنگی ڕامیاری و سەربازی بەهێزن وەك وڵاتی ڕووسیا وچین و یابان و ئەمەریکا و هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەوەی کە گرنگیەکەی زیاتر کردووە جگە لە دەوڵەمەندی هەرێمەکە و بوونی کۆگای سەرچاوەکانی وزە، نزیکییەتی لە ئاوە گەرمەکان و بەندەرو بازارە جیهانیەکان. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٥). شوێنی ناوچە دابڕاوەکان دابەش دەکەین بۆ سێ بەش کە ئەوانیش بریتین لە :

---

[1] - طه عبد العليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، ١٩٨٩، ص١٩٢.

[2] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص٨٩.

[3] - صباح محمود محمد و آخرون، الجغرافيا السياسية، بدون معلومات اخرى، ص٢٩.

[4] - فوئاد حەمە خورشید، جیۆپۆلتیك... دابەشکردنی کوردستان، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە ٢٨، ساڵی٢٠٠٩، ل٦.

أ – شوێنی ئەسترۆنۆمی Astronomical Location :

شوێن بە گوێرەی ئەسترونۆمی هۆکارێکی نەگۆڕە لە سەر ڕووی زەوی مەگەر بە گۆڕینی سنووری ڕامیاری چ بە کشان بێت یان چوونەوە یەك[1]، دیاری کردنی هێڵەکانی پانی گرنگترە لە دیاری کردنی هێڵەکانی درێژی لەبەر ئەوەی هێڵەکانی پانی کاریگەریان لە سەر ئاووهەوا دەبێت، کاریگەریان لە سەر جیاوازی چالاکی مرۆیی لەسەر ڕووی زەوی و چالاکی ڕامیاری دەبێت[2]، وەك دەزانین ناوچە دابڕاوەکان کەوتۆتە نێوان هێڵەکانی درێژی(''١٨ '٢٣ °٤١ – ''٣٠ '١٨ °٤٦)خۆرهەلأت و بازنەکانی پانی(''٣٦ '٣٩ °٣٢- ''٠٢ '٠١ °٣٧)باکوور، ئەمەش گرنگی ڕامیاری ناوچە دابڕاوەکانی زۆر ڕوو لە هەلکشان کردووە لە بەر ئەوەی کەوتۆتە نیوەگۆی باکوور، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کەوتۆتە بازارەکانی جیهانی و ناوەندی بازرگانی جیهانی و سەرچاوەی شارستانیەت[3]، جگە لەوەی کە کاریگەریی هەبووە لە سەر سەرجەم دیاردەکانی جیۆگرافیای سروشتی وەك(جیۆلۆجی و بەرزو نزمی و دەرامەتی ئاو و ئاووهەواو جۆری خاك و دەرامەتی سروشتی)و تەنانەت لە هاتنی کۆمەڵە مرۆییە جیاوازکانیش، کەواتە ئەم هۆکارە کاریگەری هەبووە لەسەر دەوڵەمەند بوونی هەرێمەکە لە بنیات نانی ئاواکاری و بەهێزبوونی ئابوری و بنیات نانی شارستانیەت، بەلأم لایەنە نەرێنیەکەی ئەوەبووە کە هەمیشە جێ ی چاو تێ بڕینی داگیرکەران بووە و هەمیشە خاك و گەلەکەی لە لایەن بالأ دەست و کۆلۆنیالی جیهانیەوە داگیر کراو بووە.

پ- شوێنی ستراتیجی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان:

بە هۆی شوێن و گرنگی ناوچە دابڕاوەکان وەك بەشێکیش لە هەرێمی کوردستان، دەبینین دەکەوێتە چوارچێوەی زۆرێك لە تیۆرە جیۆپۆلەتیکییەکان* و

---

[1] – طه عبد العليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص١٩٢.

[2] – علي احمد هارون، اسس الجغرافيا السياسية، مصدر سابق، ص٨٩.

[3] – صبري فارس الهيتي، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيوبولتيكية، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر و التوزيع- عمان، سنة ٢٠٠١، ص٣٤.

* – ناوچە دابڕاوەکان وەك بەشێك لە کوردستان دەکەونە ناو چوار چێوەی ئەو تیۆرو بیرو بۆچوونانەی کەلە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە بۆ زانیار زیاتر بڕوانە: أ- صبري فارس الهيتي، الجغرافيا السياسية

ناڕاسته خۆ ئاماژەی پێ کراوە، وەك تیۆریی هێزی ووشكانی و تیۆری سپایكمان یان تیۆری كەنارRimland theory by spykman و تیۆری هێزی ئاسمانی و تیۆری كەسایەتی ناوداری ڕامیاری ساموئێل كۆهین(Cohen)وبیرو باوەڕی زبیغنیو برجنسكی ڕاوێژكاری سەرۆكی ئەمەریكای پێشوو(كارتەر)بۆ كاروباری ئاسایشی نەتەوەیی.

٢- سنوور Boundary:

سنووری ناوچە دابڕاوەكان لە باكوور لەگەڵ بەشەكەی تری باشووری كوردستانە بە درێژایی(١٠٣٨)كم درێژ دەبێتەوە، هەرچی سنووری خۆرهەلاّت و باشوورو خۆرئاوایە لەگەڵ هەرسێ ولاّتی(ئێران- عێراق- سوریا)درێژ دەبێتەوە، بەدرێژی(٤٩٩ - ١٢٥٤- ١٩٦)كم، ئەمەش سوود و زیانی ڕامیاری و ئابوری و ئاسایشی هەیە. بە پێی جۆری پەیوەندییان لەگەڵ هەرێم و بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابوریان. لە كاتی ئاشتیدا سوودی ڕامیاری هەیە بەوەی كە دەتوانرێت لەچەند لایەكەوە درێژە بە چالاكیە ئابوری و زانستی و ڕۆشنبیرییەكان بدرێت كەئەمەش كاریگەری دەبێت لە سەر پەیوەندییە ڕامیارییەكانی هەرێم، ئەگەر لەگەڵ یەكێك لەو ولاّتانە پەیوەندییەكانی هەرێم دژواربێت ئەوا دەتوانرێت لەگەڵ یەكێك لە ولاّتەكانی تر درێژە بەچالاكییە ئابوری و ڕامیاری... كان بدرێت، بەلاّم لەكاتی دژواری پەیوەندی دا لایەنە نەرێنییەكەی ئەوەیە بە گران كۆنترۆڵی ئەو سنوورانە دەكرێت و پێویستی بە هێزی مرۆیی و مادی و تەكنەلۆجی زیاتر دەبێت، وەك ئێستا دەی بینین ولاّتانی دەوربەر توانیویانە تیرۆریست و تەقەمەنی لەو سنوورانەوە ئاودیو بكەن بۆ ئەنجام دانی كاری تێكدەرانەوە و دروست كردنی ئاژاوە لەنێوان پێكهاتەكانی ئەم هەرێمەدا.

٣- شێوە:

شێوە كاریگەری هەیەی لە سەر پەیوەندی دەرەوەی ڕامیاری و ئابوری و پەرەسەندنی ناوخۆیی هەریەكەیەكی ڕامیاری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی

---

مع تطبیقات جیوبولتیكیة، مصدر سابق، ص ١٨٨. ب- طه عبدالعلیم رضوان، الجغرافیة السیاسیة المعاصرة، مصدر سابق، ص١٦٠-١٦١.

کاروبارەکانی[١]، ئەگەر سەیری نەخشەی ناوچە دابڕاوەکان بکەین دەبینین شێوەی ناوچە دابڕاوەکان شێوەیەکی نا ئەندازەیی هەیە، لە هەندێك شوێن زمانەی خاکی عێراقی عەرەبی دێتە ناو ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام لە هەندێك شوێنی تر زمانە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو خاکی عێراقی عەرەبی، ئەمەش لایەنی نەرێنی ئەوەیە ناتوانرێت قولاًیی ستراتیجی هەبێت، لەکاتی جەنگدا دوژمن بە ئاسانی دەتوانێت زمانەکانی ناوچە دابڕاوەکان لە یەکدی دابڕێت و داگیری بکات.

٤- ڕووبەر Area:

ڕووبەر گرنگی یەکی گەورەی ئابوری و ستراتیجی هەیە و ڕەهەندی زۆری تایبەتی هەیە ئەگەر شوێن و بارودۆخە سروشتیەکەی لەبار بێت ئەمانە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی بەهاکەی[٢]، ڕووبەری هەر یەکەیەکی ڕامیاری کاریگەریی گەورەی هەیەی لەسەر لایەنەکانی ئاووهەواو دەرامەتی ئاو و بڕوجۆری کانزا سروشتیەکان و بڕو جۆری بەرهوومی کشتوکاڵی هەمەجۆرو بەرزونزمی و گرتنەخۆی ڕێژەیەکی دیاری کراو لە دانیشتوان و ئەنجام دانی چالاکی هەمە جۆر، ڕووبەر کاریگەریی هەیە لە سەربوونی دەرامەتێکی هەمەجۆر و ئۆقرەگرتنی ژمارەیەکی زیاتر لە دانیشتوان و ئامادەکردنی تواناو هەلی وەبەرهێنانی هەمەجۆر کەئەمەش دەبێتە هۆی گەشە کردنی زیاتری ئابوری و ڕامیاری[٣]... دیارە ڕووبەری هەر یەکەیەکی ڕامیاری لە مێژوودا کەوتۆتە سەر بارودۆخی ڕامیاری وتوانای پارێزگاری کردن لە خۆی و پاراستنی سنوورەکانی و ئەو شالاًوە دوژمن کاریانەی کە کراوەتە سەری و توانای بۆ فراوان بوون.[٤] بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم گرنگی یەکی یەکجار زۆر دەبەخشێت بە هەرێم بەوەی کە ڕووبەری هەرێم لە(٤٢٠٠٠)کم[٢] دەبێت بە(٨٣٨٢٧)کم[٢]، واتە (٤٩,٩٪ )[*]ی خاکە داگیرکراوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی:

---

[١] - صباح محمودمحمد و آخرون، الجغرافيا السياسية، مصدر سابق، ص٤٣.

[٢] - طه عبدالعليم رضوان، الجغرافيا السياسية العاصرة، مصدر سابق، ص٢١٢.

[٣] - صبري فارس الهيتي، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيوبولتيكة، مصدر سابق، ص٤٧.

[٤] - علي احمد هارون، أسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٠٢.

[*] - لە باسی یەکەم دا گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە ناوچە دابڕاوەکان(٦٣,٨٤٪)ڕووبەری هەرێم پێکدەهێنێت، لە پاش ئاسایی کردنەوەی سنورە کارگێڕیەکان بۆ ساڵی ١٩٦٨، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێك لەو ڕووبەرە لە دەستوری عێراقدا بە بەشێك لەهەرێمی کوردستان ناسێنراوە وەك ئاکرێ و چەمچەماڵ و کەلار و بەشێك لە کفری... بۆیە لێرەدا ڕووبەرەکەمان بە(٤٧,٧٧٪ ) داناوە.

## نەخشەی ژمارە(١٥)
## نەخشەی ناوچە دابڕاوەکان بە پێی وولآتانی دەوروبەر




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە:أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی( arcview3.3) .

b- http://www.un.org/Depts/Cartographic/map/profile/westasia.pdf

أ- دروست بوونی قولایی ستراتیجی بۆ بەشـەکانی هـەرێم و پێـدانی هـەلی زیاتر بۆ پارێزگاری کردن لە بەشەکانی تری کوردستان لە کاتی جەنگدا...

ب - دەبێتە هۆی بەخشینی برو جۆری دەرامەتی کشتوکاڵی و کانزایی هەمە چەشنە و دروست کردنی کارگەی هەمەجۆرکە ئەمـەش کاریگـەری دەبێـت لـە بەهێز بوونی ئابوری هەرێم و دروست کردنی بناغەیەکی بەهێز و پتەو بۆ گەشە کردنی ئـابوری هـەرێم و بـەخێو کردنـی ژمارەیـەکی زۆرترلـە دانیشـتوان کـە ئەمانەش کاریگەرییان دەبێت لە سەر سەنگ و بەهێز بوونی تـەرازوی ڕامیـاری هەرێم.

ت - فراوان بوونی ڕووبەری هەرێم بە واتـای هەمەچەشـنەیی بـەرزو نزمـی زیاتر دێت، کاریگەریی دەبێت لە سەر جیـاوازی ئاووهـەوای هـەرێم و دابـارینی هەمەجۆری و زۆربوونی سەرچاوەکانی ئاو کە ئەمانەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئابوری هەرێم.

پ- فراوانی ڕووبەری هەرێم بەمانای دابەش بوونی ئاسۆیی نیشتەجێ بـوونی دانیشتوانی هەرێم دێـت، بـەواتا دابـەش بـوونی دانیشـتوانی هـەرێم بـە سـەر ڕووبەرێکی فراوانتر دا کە ئەمەش لە ڕووی ڕامیاریەوە بە هێز دادەنرێت.

ج- زیادبوونی دانیشتوانی هەرێم، دەبێتە هۆی زیاد بوونی دەستی کار و بیری زانستی و هێزی بەرهەم هێنەرکە دەبنە هۆی بەهێزکردنی چالاکی ئابوری هەرێم و بەهێز کردنی ئابوری هـەرێم و زیـاد بـوونی ئـەو کەسـانەی کـەتوانای چـەك هەڵگرتنیان هەیە و پاراستنی هەرێم لـە هێرشـی داگیرکـەران، کـە ئەمانـەش سەنگێکی ڕامیاری زیاتر دەدەن بە هەرێم.

٥- پێکهاتەی جیۆلۆجی:

پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچـە دابڕاوەکـان دەرئـەنجامی بـەردی دایـك و جوڵـە جیۆلۆجیەکانە لە قۆناغە جیاوازەکانـدا... ئەمـەش کاریگـەری هـەبووە لەسـەر جۆری خاك و دابەش بوونی کانزاکان(بەتایبەتی کانزا نافلزیەکان بـە ڕێژەیـەکی زۆر بوونی هەیە لە ناوچەکەدا )و بەرزونزمی و هەموو ئەو دیاردە جیۆگرافییانەی تر کە بەرزو نزمی لێیان بەرپرسە... ئەمەش کاریگەریی هەیـە لەسـەر دروسـت کردنـی نشـینگەکان و ئـابوری ناوچـە دابڕاوەکـان و چـالاکییە سـەربازییە

جۆربەجۆرەکانی دی، جگە لەوە کە دەتوانرێت دامەزراوەی هەمەجۆر و بەنداوی قەبارە جیاواز و جۆگەی ئاودێری و فرۆکەخانە دروست بکرێت.

**٦- بەرزوونزمیTopography:**

بەرزونزمی بە بلاوترین دیاردەی سروشتی دادەنرێت[1]، کاریگەریی هەیە لە سەر لایەنەکانی بەرهەم هێنان و سەربازی و ڕامیاری، بۆ نموونە دەشتەکان بە هەبوونی سەرچاوەی ئاوی کاریگەرییان دەبێت لە سەر بەرهەمی کشتوکاڵی جگە لەوەی کاریگەریی هەیە لە سەر هەمەجۆری بەرهەم و کەوتنی تیشکی خۆرو ئاراستەی باو بڕی دابارین،[2]جیاوازی بەرزو نزمی ناوچە دابڕاوەکان زیاتر لە(١٤٠٠)مەترە، بەگشتی بەرزونزمی کاریگەریی هەیە لە سەر فرەیی ئاووهەوا و سەرچاوەی ئاو دابەش بوونی دانیشتوان و فرەیی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و ڕووەکی سروشتی... کە ئەمانەش کاریگەریان دەبێت لە دروست کردنی هاوینە هەوار لە ناوچەکە و ڕاکێشانی دراوی بیانی بۆ هەرێمەکە، بە پێچەوانەشەوە لە زستاندا دەتوانرێت لە هەمان بواردا سوودی لێ ببینرێت.

جگە لەوەی بوونی دەشت لە ناوچە دابڕاوەکان بۆتە هۆی زۆر بوونی بەروبوومی کشتوکاڵی و دابین کردنی خۆراك بۆ دانیشتوان و دابین کردنی بەرهەمەکانی دی بۆ پیشەسازی، جگە لەوەی کە هەموو جۆرە چالاکییەکی کەی دانیشتوان لە دەشتەکاندا ئاسانترە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لە بانەکان و هەندێك ناوچەی تر بووە بە لەوەڕگایەکی زۆر گونجاو بۆ بەخێو کردنی ئاژەڵی هەمەجۆر وەك بزن ومەڕ و مانگا.

**٧- خاك :**

بە گشتی خاکی ناوچە دابڕاوەکان پێکهاتوە لە خاکی پێکهاتە قووڵ و مام ناوەند و خاکی سور و خاکی ئەسمەر وخاکی بەردینی تەنك، فرە جۆری خاکی ناوچە دابڕاوەکان بە واتای بەرهەم هێنانی هەمە جۆری بەروبوومی کشتوکاڵی

---

[1] - عبدالمنعم عبدالوهاب وصبري فارس الهيتي، محاضرات في الجغرافية السياسية، بدون معلومات أخرى، ص٥٤.

[2] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص٩٩-١٠٠.

وبوونی فره بەرهەمی کانزایی  دێت، کە ئەمــەش دەبێتــە هــۆی دابــین کــردن و بەهێز کردنی ئاسایشی خۆراك و پێگەی ئابوری هەرێم.

**٨- ئاووهەوا (Climate) :**

ئاووهەوا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستە خۆی کاریگەری هەیە لە سەر دیاری کردنــی بــە هــای هەریەکەیــەکی ڕامیــاری[1]، ئاوهــەوا  کاریگــەریی هەیــە لــە ســەر پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیــەك، چــوونکە کاریگــەریی هەیــە لەســەر چــالاکی مرۆڤ[2]، سەرەڕای پێشکەوتنێکی زۆری مــرۆڤ لــەم ســەردەمەدا بــەلاّم نــەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواو کۆنترۆڵی ئاووهەوا بکات، لە توانای مرۆڤ دا نییە بڕی بــاران زیاد بکات یان کەمی بکات یان کۆنترۆڵی گەردەلول بکات.[3] ئاووهــەوای ناوچــە دابڕاوەکان پەیوەستە بە بەرزونزمی و شوێن و ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکــان ، بۆیــە دەبینین جیاوازی بەرزو نزمی بۆتە هۆی  پێدانی ئاووهەوای جیــاواز کــە ئەمــەش کاریگەریی دەبێت لە سەربنیات نانی ئاواکاری و دروســت کردنــی شارســتانییە جۆربەجۆرەکان لە قۆناغەکانی مێژوودا، هــەروەها دەبێتــە جۆراوجــۆری چــالاکی دانیشتوان وەك جۆراو جۆری پیشەسازی و کشتوکاڵی، جگــە لــەوەی کــە دەبێتــە هــۆی دروســت بــوونی لــەوەڕگای سروشــتی و بــەروبوومی ڕووەکــی سروشــتیی هەمەجۆرو ئاژەڵ و باڵندەی کێوی. ئاووهەوای هەرێم ئاووهەوایەکی مــام ناوەنــدە ئەمەش هانی هەموو جۆرە چالاکیەکی ئابوری و سەربازی  دەدات کە ئەمانــەش چ بە دابین کردنی خۆراك بێت بۆ دانیشتوان یان فەراهەم کردنی بنەماکانی تــری گەشت و گوزار بێــت ســوودێکی زۆر بــە ئــابوری هــەرێم دەگەیــەنێت، کەواتــە هێزێکی زۆری فرەلایەنەی بەخشیوەتە هەرێم.

**٩- سەرچاوەی ئاو Water Resources:**

سەرچاوەی ئاو پەیوستە بە بڕی دابارین و پێکهاتەی جیۆلــۆجی و بــەرزونزمی ناوچــە دابڕاوەکــان، وەك بۆمــان دەرکــەوت بــە ناوچــە دابڕاوەکانــدا ســالاّنە نزیکەی(٢٠,٧٢)ملیارم[3] تەنها ئاوی سەر زەوی گوزەر دەکات، کــەدەتوانرێت لــە

---

[1] - صبري فارس الهيتي، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيوبولتيكية، مصدر سابق، ص٦٤.
[2] - صباح محمود محمد و آخرون، الجغرافيا السياسية، مصدر سابق، ص٥١.
[3] - علي احمد هارون، أسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص٩٧.

بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی بەکار بهێنرێت، جگە لە شیرینی و سازگاریەکەی کە بۆتە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوان، گرنگی ڕووبار دەوەستێتە سەر سروشتی ڕووبارەکە لە درێژی و پلەی لێژی (انحدار)و توانای ڕووبارەکە لە هەڵگرتنی کێشی دیاری کراو و کۆتایی هاتنی ڕووبارەکە[1]. جگە لەوەی کە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێرزەوی، ئەمە جگە لە هەمەجۆری ئاوی ژێرزەوی وەك ئاوی کانزایی و ئاوی گەڕاو، کە سوودێکی زۆری دەبێت لە پێشخستنی کەرتی گەشت و گوزار،جگە لەوەی کە دەتوانرێت لە کاتی تێك چوونی پەیوەندی لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا وەك کارتێکی فشاریش بەکار بهێنرێت، لە بەرامبەر هەندێك دەست کەوت چ ڕامیاری بێت یان ئابوری... لە کاتێکدا کە ناوەڕاست و باشووری عێراق پێداویستان بە ئاو زیاتر دەبێت و زیاتر گرفتاری ئاو دەبن. ئەگەر حکومەتی هەرێم ڕامیارییەکی ژیرانە و زانستیانەی هەبێت بۆ سەرچاوە ئاوییەکان دەتوانێت ئاسایشی ئاوی هەرێم بەهێز ترو پارێزراو تر بکات.

**١٠- دەرامەتی کانزایی Minerals Resources:**

کانزاکان دەرئەنجامی هۆکارو گۆڕانە جیۆلۆجیەکان و جۆری پێکهاتەی بەردەکانن، وەك لە بەشی پێشوودا ڕوونمان کردەوە ناوچەکە بەزۆری بە کانزا فلزی و نافلزییەکان بەناوبانگە، بەتایبەتتر کانزا نافلزییەکان و بەتایبەتریش نەوت و گاز... بوونی ئەم کانزا بەنرخانە و زۆری بڕەکەی و چاکی جۆرەکەی و کەمی تێچوونی لە بەرهەمی هێنان، سەنگی ڕامیاری و ئابوری ئەم هەرێمەی سەنگین تر کردووە لە ڕامیاری دەرەوەی وڵاتاندا بەتایبەت تر وڵاتانی پیشەسازی حساباتی تایبەتی بۆ دەکرێت، هەربۆیە دەبینین هەرێمەکەمان بە ئێستاشەوە هەمیشە داگیرکراو بووە و هەمیشە بە گڕی ئەم سەرچاوەی وزەیە خەون و ئاواتی گەلی کوردی پێ لەبار براوە و خاکەکەشی بە سوتماك کراوە و گەلەکەشی پێ لە ناوبراوە... جگە لەوەی کە بە بنەمایەکی بەهێزی ئابوری هەرێمیش دەژمێردرێت لەکاتی گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر هەرێم، چوونکە لە ئێستادا تەنها نەوتی

[1] - هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

کەرکوك زیاد لە(١٨٪)ی سەرجەمی داهاتی عێراق پێکدەهێنێت[١]، دەتوانێت خەونی سەربەخۆیی کورد بکاتە ڕاستی، ئەویش بە بەکارهێنانی لە خزمەتی دۆزی نەتەوایەتی و نیشتمانی جگە لەوەی کە دەتوانرێت وەك سەرچاوەی سووتەمەنی چ بۆ بنیات نانی کارگە یان بۆ هۆیەکانی هاتووچۆ یان کشتوکاڵ یان گەرم کەرەوە سوودی لێ ببینرێت...

١١- ڕووەکی سروشتی Natural Vegtation :-

ڕووەکی سروشتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی دەوڵەت و ئابوری و پیشەی دانیشتوانەکەی.[٢] ڕووەکی سروشتی ناوچە دابراوەکان دەرئەنجامی بەرزو نزمی و ئاووهەواو جۆری خاك و سەرچاوەی ئاوە، گونجاوی ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێ کرد بۆتە هۆی بوونی ڕووەکی هەمەجۆر لەم ناوچەیە، چ دارستان بێت یان دارو دەوەن یان ڕووەکی ستیبس... بەروبوومی هەندێك لەم ڕووەکانە بۆتە هۆی دابین کردنی سەرچاوەی خۆراك بۆ دانیشتوان، جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی دابین کردنی کەرەستەی خاوی پیشەسازی، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان وەك چارەسەری پزیشکی بەکار دەهێنرێت، جگە لەوەی بۆتە پاوانێکی باش و گونجاو بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵان، هەروەها دەبێتە هۆی بەخشینی دیمەنێکی سەوزی جوان کە سروشتێکی جوان بە ناوچە دابڕاوەکان دەبەخشێت کەرتی گەشت و گوزار دەبوژێنێتەوە...

## دووەم - گرنگیی جوگرافیای مرۆیی ناوچە دابڕاوەکان :

هۆکارە مرۆییەکان گرنگترین هۆکارن کە کاریگەرییان هەیە لە سەر دەوڵەت، زۆربەی گرفتە ڕامیارییەکان کە جیهانی گرفتار کردووە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی مرۆیی، بەبێ هۆکاری مرۆیی کارایی هۆکارەکانی دی نایەتە بوون[٣]، جوگرافیای مرۆیی ناوچە دابڕاوەکانیش گرنگییەکی زۆری هەیە چ بۆ ناوچە دابڕاوەکان بێت یان بۆ هەرێم، بۆ نموونە کاتێك کە باسی گروپەکانی تەمەن دەکەین ڕێژەی تەمەن جیاوازەکانی ناوچە دابڕاوەکان دیاری دەکەین، بە

[١] - توانا، بەغداد کەرکوك پەراوێز دەخات، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٩، ٣ی ئابی٢٠٠٩، ل٣.
[٢] - طه عبدالعليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص٢٢٤.
[٣] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٦٣.

هۆی ئەمەشەوە ڕێژەی دەستی کارکەرو ڕێژەی ئەو کەسانەی کەتوانای چەك هەڵگرتینان هەیە، ڕێژەی منداڵان، دەزانین، بە هۆی ئەمەشەوە دەگەینە ئەنجام ئایا دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان گۆمەڵگایەکی پیرە یان لاوە... یان کاتێك ڕێژەی زیاد بوون دیاری دەکەین ئاستی گەشەمان بۆ دەردەکەوێت لێرەدا هەوڵ دەدەین کە وردتر لێی بدوێین:

١ - دانیشتوان :

دانیشتوان گرنگترین پێکهێنەری دەوڵەت و بەنرخترین دەرامەتە[١]، دانیشتوان پێکهێنەری بنەڕەتی دەوڵەتە، جگە لەوەی کە هێزی دەوڵەت تا ڕادەیەك پشت بەدانیشتوان دەبەستێت، ئەو وڵاتانەی کە فراوان بوون و پێش کەوتوون و بەهێزبوون تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان بە دانیشتوانەکەیان بەستووە. بەلاّم زۆری دانیشتوان هەمیشە سەرچاوەی هێز نابێت ئەگەر لایەنەکانی تری وەك ئاستەکانی زانستی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و گیانی مەعنەوی بەرزو تەماسوکی ڕامیاری و زۆری توانای کاری وەبەرهێن... فەراهەم نەبووبێت[٢]،بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان زیاد لە دوو ملیۆن کەس لە دانیشتوان دەگەڕێتەوە سەر هەرێم، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر بەهێز بوونی سەنگی ڕامیاری دانیشتوانی هەرێم. بۆ زانینی گەشەی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٤٧-١٩٨٧)، بڕوانە خشتەی ژمارە(١١).

[١] - طه عبدالعليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص٢٣٥.

[٢] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٦٣.

## خشتەی ژمارە(١١)
## گەشەی دانیشتوان و ڕێژەی سەدیی زیاد بوون
## لە ناوچە دابڕاوەکان لە نێوان ساڵانی
## (١٩٤٧-١٩٥٧و١٩٥٧-١٩٨٧)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | گەشەی دانیشتوان نێوان دوو ئامار | ڕێژەی زیاد بوون (٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[١]- | ٦٤٣٨٠٦ - | ٢١٩٤٦٤ | ٣٤ |
| ١٩٥٧- | ٨٦٣٢٧٠- | ٨٦٣٧٧٩ | ١٠٠ |

هەروەها لە خشتەی ژمارە(١٢)ژمارە و ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک لە نێوان ساڵانی(١٩٤٧-٢٠٠٧)دا ڕوون کراوەتەوە.

---

[١]-أ- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص٦-٩و ٢٦-٢٨و٤٨-٤٩و٨٠-٨١و٩٠-٩١و١٠٣-١٠٧و١٢٢و١٤٠و٣٢٥-٣٢٦.ب- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، لواء بغداد- لواء حلة - لواء الدليم - لواء كربلاء - لواء الكوت -لواء ديالى، مصدر سابق، ص٢٣١و٢٦٣-٢٦٦و٢٨٨-٢٩٠.

[٢]- أ- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي السليمانية وكركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٤٧. ب- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة،المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي ديالي و الكوت، مصدر سابق، ص ٥-٦و١٤٣. ت- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مصدر سابق، ص٣- ١١و٣١و٢٠٥.

[٣]- أ- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة التأميم، بدون اسم مطبعة، سنة١٩٨٨، ص٧٤. ب- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة صلاح الدين، بدون اسم المطبعة، سنة ١٩٨٨، ص٨١. ت- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة السليمانية، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٨٨، ص٨٢. ث- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة ديالى، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٨٨، ص٨٢. ج- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة اربيل، بدون اسم المطبعة، سنة ١٩٨٨، ص٨١. ح- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة نينوى، بدون اسم المطبعة، ١٩٨٨، ص٨١-٨٢.

## خشتەی ژمارە(١٢)
## ژمارە و ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی پارێزگای[*] کەرکوك لە نێوان ساڵانی(١٩٤٧-٢٠٠٧)دا.

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | بڕی زۆربوون | ڕێژەی زۆربوون(٪) |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[١] | ٢٨٦٠٠٥ | | |
| ١٩٥٧[٢] | ٣٨٨٨٣٩ | ١٠٢٨٣٤ | ٣٦ |
| ١٩٧٧[٣] | ٤٩٥٤٢٥ | ١٠٦٥٨٦ | ٢٧,٤ |
| ١٩٨٧[٤] | ٦٠١٢١٩ | ١٠٥٧٩٤ | ٢١,٣٥ |
| ١٩٩٢[٥] | ٦١٣١٠٠ | ١١٨٨١ | ٢ |
| ١٩٩٧[٦] | ٧٥٣١٧١ | ١٤٠٠٧١ | ٢٢,٨ |
| ٢٠٠٤[٧][*] | ٨٥٤٤٧٠ | ١٠١٢٩٩ | ١٣,٤ |

[*] - لە بەر نەبوونی زانیاری پێویست لەسەر قەزاو ناحیەکانی ناوچە دابڕاوەکان، توێژە ناچار بووە لێرە بەدواوە زانیاریەکانی پارێزگای کەرکوك وەك سەمپڵێك بەکاربهێنێت بە هەمان ڕووبەری پارێزگاکە لەو ساڵەی کە ئاماژە بە ئامارەکەی کراوە.

[١] - المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧ لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص١٠٣-١٠٧و١٢٢-١٢٥و١٣٠-١٣٦و١٤٠-١٤٢.

[٢] - الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧لوائي السليمانية و كركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٤٧.

[٣] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مطبعة وزارة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، بدون سنة الطبع، ص٢٦.

[٤] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧ محافظة التأميم، مصدر سابق، ص٧٤.

[٥] - الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي الاحصاء، سنة١٩٩٣،ص٣٦.

[٦]-جمهورية العراق، وزارة التخطيط و التعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، بدون اسم المطبعة و سنة الطبع، ص٥٢.

[٧] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤،مصدر سابق، ص٤٥

[*] - شۆڤێنیزمی عەرەبی لە کارەکانی وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی عێراقی فیدراڵیش دا ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێك لە داتاکانی تایبەت بە ئامارەکانی ناوچە دابڕاوەکان، هەر لە سەر پێشبینی

| ڕێژەی زۆربوون(٪) | بڕی زۆربوون | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١٥٦٢٨ | ٨٧٠٠٩٨ | ٢٠٠٥[١] |
| ٣,٦ | ٣١٤٨٠ | ٨٨٥٩٥٠ | ٢٠٠٦[٢] |
| ١,٨٢ | ١٦٠٦٩ | ٩٠٢٠١٩ | ٢٠٠٧[٣] |

**ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە(١١)دەبینین لە ماوەی نێوان ساڵی(١٩٤٧-١٩٥٧) بە ڕێژەی(٣٤٪)زیادی کردووە، بەڵام لەماوەی سێ دەیەدا ڕێژەی زیاد بوون دەبێت بە(١٠٠٪)جگە لەوەی لەم ماوەیەدا سەدان هەزار کەس لە ڕەگەزی کورد و تورکمان لە ناوچەکە دەرکران دەبوایە ڕێژەکە زۆر کەمی بکردایە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو پرۆسە بەرفراوانەی هێنانی هاوردە بووە هۆی پڕکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانە دەرکراوەکە و زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانیش ئەگەر بڕوانین لە ڕێژەی زیاد بوونی ساڵانی(١٩٤٧-١٩٥٧)و(١٩٥٧-١٩٧٧)و(١٩٧٧-١٩٨٧)ی خشتەی ژمارە(١٢)دەبینین ڕێژەکان بەردەوام دادەبەزێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:**

**١- پاڵپشتی کردنی شۆڕشی چەکداری کوردی لەلایەن دانیشتوانی کەرکوکەوە و هەڵگرتنی چەك.**

**٢- دەرکردنی هەزاران ڕۆڵەی ئەو شارە لە کورد و تورکمان و بەکار هێنانی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی...**

**٣- دابڕینی قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلارو کفری و دوزخورماتوو لە پارێزگاکە بە دانیشتوانەکانیشیانەوە...**

**٤- بەردەوامی جەنگی عێراق - ئێران کە ڕۆڵەکانی گەلی عێراق سوتەمەنی جەنگەکە بوون و بێ شك ڕۆڵەکانی پارێزگای کەرکوکیش لەم قوربانی دانە بە دەر نەبوون .**

---

سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ئەنجام دراوە و هیچ بەهاو ئاماژەیەکیان بۆ گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو نەکردووە، و ڕاستکردنەوە دیمۆگرافیەکانی تایبەت بە مادەی ١٤٠ی دەستووریان بەهەند وەرنەگرتووە...

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦،مصدر سابق، ص٥٦.

[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية لاسنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٥.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، بدون مكان الطبع، بدون سنة الطبع، ص٥٢.

بەلاّم دابەزینی ڕێژەی زیاد بوون لە نێوان سالاّنی ۱۹۸۷-۱۹۹۲دا دەگەڕێتەوە بۆ:

۱- کەمیی ماوەی نێوان ئەو دوو بەروارە بە(٥)سالّ لە چاو بەروارەکانی تر کە(۱۰)سالّە.

۲- بوونە قوربانی هەزارەها کەس لە ڕۆلّەکانی پارێزگای کەرکوك لە ئەنجامی شکستی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە کوەیت و دەرپەڕاندنیان لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە...

۳- ڕاپەرینی کەرکوك لە۲۱ی ئازاری۱۹۹۱ و بێ سەرو شوێن کردنی هەزارەها کورد لە لایەن حکومەتی عێراق و ئاوارە کردنی دەیان هەزار کەس لە نەتەوەی کورد بۆ شارە ئازاد کراوەکانی دیکەی هەرێم.

بەلاّم زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك لەماوەی(۱۹۹۲-۱۹۹۷)کە دەکاتە تەنها(٥)سالّ دەگەڕێتەوە بۆ فراوان کردنی پرۆسەی هێنانی عەرەب لە ناوەڕاست و باشووری عێراق... بەلاّم ئامارەکانی لە دوای ۲۰۰۳وە واتە ڕووخاندنی حکومەتی بەعس، دەکرێت نادیدە بگیرێت لە بەر ئەوەی ئاماری گشتی لە عێراق نەکراوە و وەزارەتی پلان دانانی عێراقیش لە بەرهۆکاری ڕامیاری داتاکانی لە سەر ڕۆشنایی سەرژمێری سالّی ۱۹۹۷ دەرهێناوە...

بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەرهەرێم، بەواتای زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی:

۱- لە سەر ئاستی هەرێم:

ا- زیاد کردنی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم، سەنگی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە سەنگین تردەکات:

ب - زیاد بوونی ژمارەی مندالاّن بەمانای زیاد بوونی هێزی کاری دواڕۆژو هێزی کاری بنیات نەرو ئاواکاری ولاّت و سەرچاوەی هێزی ئایندەی هەرێم دێت. کە ئەمانەش ڕۆلّیان دەبێت لە:

۱- لە بواری کشتوکالّ: دەتوانن ژمارەیەکی زیاتر لە هێزی کاری هەرێم لەم کەرتە دا کار بکەن و بڕو جۆری بەرهەم زیاد بکەن.

۲- لەبواری پیشەسازی: بنیات نان و بەگەڕخستنی کارگەی هەمەجۆرو زیاد کردنی جۆر و بڕی بەرهەم.

٣- لەبواری گەشت و گوزار دا دەبنە هۆی پێش خستنی ئەم کەرتەو دابین کردنی کارمەندی شارەزا لەم بوارەدا کەسوودی دەبێت لە بەهێزکردنی ئابوری و رامیاری حکومەتی هەرێم.

٤- لە بەر ئەوەی کە توانای منداڵ خستنەوەیان هەیە، دەبنە هۆی خستنەوەی منداڵی زیاترو زیاد کردنی دانیشتوانی هەرێم.

٥ - لەکاتی جەنگیشدا داکۆکی کارو بەرگری کاری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و حکومەتی هەرێم دەبن.

٢ - لە سەر ئاستی عێراق:

أ- کاریگەری دەبێت لە سەر زیاد کردنی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراق. کە ئەمیش رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد.

ب- دەبێتە هۆی زیاد کردنی برە بوودجەی ساڵانەی هەرێم، ئەمیش کاریگەری دەبێت لە سەر کەم کردنەوە و نەهێشتنی ئاسەواری کاول کاری هەرێم و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێم و بوژانەوەی کەرتی گەشت و گوزار...

١- پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان:

وەك لە بەشی پێشوو بۆمان روون بووەوە لە ناوچە دابڕاوەکاندا نەتەوە و کەمایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوری دەژین، بەڵام بە رێژەی جیاواز کە دەتوانین لەم لایەنانەوە لێیان بدوێین:

أ- پێکهاتەی تەمەن:

مەبەست لێی دابەش کردنی دانیشتوانی یەکەیەکی دیاری کراوە بەسەر گروپە تەمەنە جیاوازەکاندا، مەبەست لێی دیاری کردنی تەمەنی دانیشتوانی ئەو یەکە رامیارییەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی زانینی رێژەی زیاد بوونی ئایندە و رێژەی کەسانی بەرهەم هێنەر و هێزی وڵات پارێز لە مەترسی ناوخۆ و دەرەوە و رێژەی ئەو کەسانەی کە پێویستان بە خزمەت کردنی کۆمەڵگا دەبێت: بڕوانە خشتەی ژمارە(١٣).

خشتەی ژمارە (١٣)

**ڕێژەی گروپی تەمەنە جیاوازەکان لە ناوچە دابڕاوەکان لە نێوان ساڵانی١٩٤٧-١٩٥٧ لە(٪)**

| ساڵ | گروپی تەمەن لە نێوان (٠-١٩) ساڵ | گروپی تەمەن لە نێوان (٢٠-٥٩)ساڵ | گروپی تەمەن لە نێوان (٦٠ساڵ بەرەو ژوور) | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[١] | ٥١,٦ | ٣٩,١ | ٩,٣ | ١٠٠ |
| ١٩٥٧[٢] | ٥٣,٦ | ٣٩ | ٧,٤ | ١٠٠ |

به ڕەچاوکردنی خشتەی ژمارە(١٣)دەبینین لەساڵی١٩٤٧دا زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان منداڵن، لەدوای ئەمانیش هێزی کار دێت کە نزیکەی(٤٠٪)کۆمەڵگا پێك دەهێنن. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان کۆمەڵگایەکی لاو بووە، وە لەهەمان کاتیش دا کۆمەڵگایەك بووە دەستی هێزی کاری زۆر بووە. جگە لەوەی کە لە وەرگرتنی ڕێژەکانیش دا لەو ئامارە دا ڕێژەیەکی کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینەی دانیشتوان وەرگیراوە و هەژمارکراوە، بۆ نموونە لەکاتی وەرگرتنی ڕێژەی گەنج دا دەبوایە گروپی تەمەنی نێوان(١٨-٦٤)ساڵ وەربگیرایە، بەلاَم لە بەر نەبوونی ئاماژەی وورد بە گروپی تەمەن لە ناوچە دابڕاوەکان نەتوانراوە لەو گروپە تەمەنە دیاری کراوانەدا ڕێژەکان وەربگیرێت..بەلاَم لەساڵی١٩٥٧دا ڕێژەی گروپی تەمەن منداڵان بە ڕێژەی(٢٪)زیاد دەکات، بەلاَم تا ڕادەیەك ڕێژەی هێزی کار نەگۆڕ بووە، بەلاَم هەرچی گروپی تەمەن بە ساڵا چوانن بە بڕی(١,٩٪)ڕێژەکەیان کەمی کردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی ژمارەی گروپی تەمەن منداڵان و باش بوونی

---

[١]- أ- المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، أحصاء السكان لسنة١٩٤٧لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص٦-٩و٢٦-٢٨و٤٨-٤٩و٨٠-٨١و٩٠-٩١ و ١٠٣-١٠٧و١٢٢و١٤٠و٣٢٥-٣٢٦. ب- المملكة العراقية،وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،لواء بغداد - لواء حلة - لواء الدليم - لواء كربلاء - لواء الكوت - لواء ديالى، مصدر سابق، ص ٢٣١و٢٦٣-٢٦٦و٢٨٨-٢٩٠.

[٢]- أ- المملكة العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي السليمانية وكركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٤٧. ب- المملكة العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مصدر سابق، ص٣-١١و٣١و٢٠٥.

باری تەندروستی و بەرز بوونەوەی ئاستی تەندروستی و خزمەت گوزاری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ...

بەگشتی، گروپی تەمەن منالاَن و هێزی کار لە ساڵی ١٩٥٧دا نزیکەی(٩٢,٦٪) سەرجەمی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکانی پێك هێناوە، بەلاَم ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتیە لە گروپی تەمەن بەسالاَچوان.

بۆ زانینی ڕێژەی گروپە جیاوازەکانی تەمەن لە پارێزگای کەرکوك بڕوانە خشتەی ژمارە(١٤).

خشتەی ژمارە(١٤)

ژمارەی و ڕێژەی گروپە جیاوازەکانی تەمەن لە پارێزگای کەرکوك لە نێوان ساڵانی(١٩٤٧-٢٠٠٥)

| ساڵ | گروپی تەمەن (ساڵ) | | | ڕێژە (%) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | (کەمتر لە ٥-١٩) | (٢٠-٥٩) | (٦٠و بەرەو ژوور) | (کـەمتر لـــە ٥-١٩) | (٢٠-٥٩) | (٦٠و بەرەوژوور) | سەرجەم |
| ١٩٤٧[١] | ١٤٨٩٨٩ | ١١٣٧٢٥ | ٢٣٢٩١ | ٥٢,١ | ٣٩,٨ | ٨,١ | ١٠٠ |
| ١٩٥٧[٢] | ٢٠٨٦٢٢ | ١٥٣٥٤٥ | ٢٦٦٧٢ | ٥٣,٦ | ٣٩,٥ | ٦,٩ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧[٣] | ٣٤١٠٤٤ | ٢٢٦٣٦٧ | ٣٣٨٠٨ | ٥٦,٧٢ | ٣٦,٦ | ٥,٦٢ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٥[٤]* | ١٤٣٧٧٤ | ١٠٨٦٩٩ | ١١٢٥٨٩ | ٥٤,٥ | ٤١,٢ | ٤,٣ | ١٠٠ |

**بە ڕەچاوە کردنی خشتەی ژمارە(١٤)،دەگەینە ئەو ئەنجامـەی کـە منـداڵانی خوار تەمەنی٢٠ ساڵ زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك پێك دەهێنن و ڕێژەکەیان لە نێوان(٥٢,١-٥٦,٧%)، هەروەها گروپی تەمەنی هێزی کـار لـە نێوان(٣٦,٧-٤١,٢%)ە، بەڵام ئەگەر سەرنجی ڕێژەی گروپی هێزی کار بدەین لـە**

---

[١] - المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، وزارة الشؤون الاجتماعية، احصاء السكان لسنة١٩٤٧ لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص ١٠٣-١٠٧و١٢٢-١٢٥و١٣٠-١٣٦و١٤٠-١٤٢.

[٢] - المملكة العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٤٧.

[٣] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، الجهازالمركزي لاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة التأميم، مصدر سابق، ص٧٤.

[٤]- الجمهورية العراقية، وزارةالتخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥، بدون اسم المطبعة، ٢٠٠٦، ص٢٠.

* - لەو داتایانەی کە لەوەزارەتی پلان دانانی عێراقیەوە بڵاودەکرێنەوە جیاوازی لە ژمارەی داتاکـان هەیە بۆ هەمان ساڵ لە دوو بڵاو کراوەی جیاواز دا بۆ نمونـە، لـە( المجموعـە الاحصـائیە السـنویە ٢٠٠٥-٢٠٠٦)، بۆ ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بە(٨٨٥٩٥٠)دانراوە بڕوانە ل(١٠)، بەڵام لە (المجموعة الاحصائية السـنوية ٢٠٠٥)ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگـای کـەرکوك بە(٢٦٣٧٧٢٣)کەس دانراوە، جیاوازی نێوان ئەو دوو داتایە دەکاتە(١٧٥١٧٧٣)کەس، واتە جیاوازی ڕێژەی دانیشتوان لەو دوو ئامارەدا بۆ هەمان ساڵ لە پارێزگـای کـەرکوك(١٩٧,٧%)کەسـە. جگـە لەوەی کە هەردوو داتاکە لە گەڵ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بە پێـی کۆبـوونی خـۆراك جیاوازە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

ساڵی١٩٨٧دا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(٣٦,٧٪)دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵگیرساندن و بەردەوامی جەنگ لەگەڵ کورد وئێران... سروشتی هەموو جەنگێکیش وایە بەگشتی گروپی تەمەن لاو دەبنە سوتەمەنی ئەو جەنگە، بەلاّم ڕێژەی گروپی تەمەن بەساڵاچوان دادەبەزێت و ڕێژەکە لە(٨,١٪)لە ساڵی١٩٤٧دەبێت بە(٤,٣٪)لەساڵی٢٠٠٥دا، دیارە زۆر بوونی ڕێژەی گروپەکانی منداڵ و لاو بۆ زۆری ژمارەی لە دایك بوون و باش بوونی بواری تەندروستی و ئابوری دانیشتوانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی، دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی دانیشتوانێکی زیندوون و لە گەشەی خێرادان.

ب- پێکهاتەی جۆری:

مەبەست لە پێکهاتەی جۆری دیاری کردنی ڕێژەی ڕەگەزی نێرە بۆ ڕەگەزی مێ، ئەمەش بە دابەش کردنی سەرجەمی نێرەکان بەسەر مێیەکاندا ڕێژەکە دەردەهێنرێت، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٥). کە دابەش بوونی پێکهاتەی جۆری ناوچە دابڕاوەکان دەست نیشان کراوە:

خشتەی ژمارە(١٥)

ڕێژەی ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ لە قەزاو ناحیەکانی ناوچە دابڕاوەکان بە پێی لیوا یان پارێزگا

| ساڵ | پ. کەرکوك | پ. نەینەوا | پ. هەولێر | پ. دیالە | پ. واست | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٨٢,٦ | ٨٦ | ٨٨,٩ | ١١٤,٣ | ١٠١,٥ | ٨٦ |
| ١٩٥٧ | ١٠٣,٩ | ١٠٢ | ٩٦,٨ | ١٠٣,٨ | ١٠٦ | ١٠٢,٨ |
| ١٩٨٧ | ١٠٢,٢ | ١٠٢,٢ | ٩٥,٧ | ١٠٠ | ١٠٣ | ١٠٢ |

**بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(١٥) دەبینین لە ساڵی١٩٤٧ تێکڕای ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ لە ناوچە دابڕاوەکان(٨٦٪)بووە، ناتوانین زۆر پشت بە دروستی ئەم ئامارە ببەستین، لە بەر کۆمەڵێك هۆکار وەك: یەکەم سەرژمێری فەرمی بووە کە لە عێراقدا کراوە، جگە لەوەی کە کوڕەکان لە ترسی بە سەرباز کردنیان بە کچ تۆمارکراون.. بەلاّم لەساڵی١٩٥٧دا ڕێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ(١٠٢,٨) وە لەساڵی١٩٨٧جارێکی تر ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(١٠٢) دیارە**

---

[١] -أ- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص٢٠و٣٣و٥٣و٨٥و٩٥و ١١٨و ١٢٥و ١٣١و١٤٨و٢٣١. ب - المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، لواء بغداد - لواء حلة - لواء الدليم - لواء كربلاء - لواء الكوت - لواء ديالى ، مصدر سابق، ص٢٣٤و٢٧٤و٢٩٦.

[٢] - أ- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي السليمانية وكركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٥٧. ب- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي ديالي و الكوت، مصدر سابق، ص٥-٩و١٤٣-١٤٦.ث - الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مصدر سابق، ص٣- ١٤.

[٣]-أ- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط،الجهازالمركزي لاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة التأميم، مصدر سابق، ص٧٤. ب-الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة صلاح الدين، مصدر سابق، ص٨١. ت- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة السليمانية، مصدر سابق، ص٨٢، ث- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة ديالى، مصدر سابق، ص٨٢. ج-الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة اربيل، مصدر سابق، ص٨١. ح- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة نينوى، مصدرسابق، ص٨١-٨٢.

ئەمەش بە هۆی بارودۆخی جەنگەوە بووە، بەلاّم هەرچۆنێك بێت زۆر لە ڕاستیەوە نزیکن. بۆ زانینی ژمارە و ڕێژەی ڕەگەزی نێر ومێ لە پارێزگای کەرکوك بڕوانە خشتەی ژمارە(١٦).

خشتەی ژمارە(١٦)

ژمارە و ڕێژە(٪)ی ڕەگەزە جیاوازەکانی تەمەن لەپارێزگای کەرکوك لە نێوان سالأنی١٩٤٧-٢٠٠٧

| ساڵ | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ڕێژەی ڕەگەزی نێر(٪) | ڕێژەی ڕەگەزی (٪)مێ | ڕێژەی ڕەگەزی نێر بۆ مێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[١] | ١٢٩٣٦ | ١٥٦٦٤٠ | ٤٥,٢ | ٥٤,٨ | ٨٢,٦ |
| ١٩٥٧[٢] | ١٩٨١١ | ١٩٠٧٢٧ | ٥١ | ٤٩ | ١٠٣,٩ |
| ١٩٧٧[٣] | ٢٧٣٥٩ | ٢٢١٨٣٤ | ٥٥,٢ | ٤٤,٨ | ١٢٣ |
| ١٩٨٧[٤] | ٣٠٤٩٨ | ٢٩٦٢٣٨ | ٥٠,٧ | ٤٩,٣ | ١٠٣ |
| ١٩٩٢[٥] | ٢٩٥٣٠ | ٣١٧٨٠٠ | ٤٨,٢ | ٥١,٨ | ٩٣ |
| ١٩٩٧[٦] | ٣٧٢٤١٦ | ٣٨٠٧٥٥ | ٤٩,٤ | ٥٠,٦ | ٩٧,٨ |
| ٢٠٠٤[٧] ٧ | ٤٢٩٢٠٧ | ٤٢٥٢٦٣ | ٥٠,٢ | ٤٩,٨ | ١٠١ |

[١]- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة١٩٤٧، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل المصدر نفسه، ص ١٠٣-١٠٧و١٢٢-١٢٥و١٣٠-١٣٦و١٤٠-١٤٢.

[٢] - الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مصدر سابق، ص١٤٦-١٤٧.

[٣]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٨، مصدر سابق ، ص٢٦.

[٤] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة التأميم ، مصدر سابق، ص٧٤.

[٥] - الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق ، ص٣٦.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٢.

[٧] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٤٥.

| ساڵ | ڕەگــەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ڕێـــــژەی ڕەگــــەزی نێر(٪) | ڕێـــــژەی ڕەگـــــەزی (٪)مێ | ڕێژەی ڕەگەزی نێـر بـۆ مێ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥[١] | ٤٣٧٤٣٧ | ٤٣٢٦٦١ | ٥٠,٣ | ٤٩,٧ | ١٠١ |
| ٢٠٠٦[٢] | ٤٤٥٧٧٣ | ٤٤٠١٧٧ | ٥٠,٣ | ٤٩,٧ | ١٠١ |
| ٢٠٠٧[٣] ٣ | ٤٥٤٢١٤ | ٤٤٧٨٠٥ | ٥٠,٣ | ٤٩,٧ | ١٠١,٤ |

**به ڕەچاوکردنی خشتەی ژمـارە(١٦)دەبیـنین لـە سـەرژمێری سـاڵی١٩٤٧دا ڕێـژەی ڕەگـەزی نێـر بەرامبـەر هـەر١٠٠ کەسـێك لـە ڕەگـەزی مـێ دەکاتە(٨٢,٦)دیارە هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو سـەردەمانەدا ئاسـتی هۆشیاریی دانیشتوان بە گشتی نزم بووە، لە ترسی هۆکاری سەربازی کوڕەکانیان بە کچ تۆمار کردووە. بەڵام لە ماوەی نێوان هـەردوو سـەرژمێری سـاڵی١٩٥٧-١٩٧٧ڕێژەی ڕەگەزی نێر بۆ هەر(١٠٠)مێ یەك بەرز دەبێتەوە لـە(١٠٣-١٢٣)، وەك دەزانین لە ساڵی١٩٦١وە شۆڕشی ئەیلول دەست پێ دەکات، شۆڕش هەنـدێك کات دامەزراوە نەوتییەکانی شاری کەرکوکی کردۆتـە ئامـانج، لـە بـەر ئـەوەی داهاتی گەلی کوردو سەرچاوەی مەینەتییەکانی بووە و جگە لەوەی پشکی شێری داهاتی عێراقیش پێکدەهێنێت...بۆ پاراستنی دامەزراوەکان و پاراستنی لە هـەر ڕاپـەڕینێکی نەتـەوەیی کـورد ،میری گـەورەترین سـەربازگەو زۆرتـرین سـەربازو ئاسایشی لەم پارێزگایە داناوە، وەك دەزانین سەربازی میری لە ڕەگەزی نێر بـوون، ئەمە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی زۆر بوونی ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی(١١١,٤٪)لەچـاو ساڵی ١٩٤٧دا.**

**بەڵام هۆکاری نزم بونەوەی بەردەوامی ئەم ڕێژەیـە لـەنێوان سـاڵانی(١٩٧٧-١٩٩٢)دەگەڕێتەوە بۆ لە ناو چوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی ئەم پارێزگایـە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە چ بە ئەنفال کردن بێت یان بە ڕاگواستن یان بە ڕێگـەی**

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٦.
[٢] -المصدر نفسه، ص٥٥.
[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للأحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٥٢.

جۆراوجۆری دیکه بێت وەك دانه پاڵ شۆڕش یان تیا چوون له جەنگەکانی نێوان(بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد- حکومەتی بەعس)و جەنگی هەشت ساڵەی(عێراق- ئێران)و جەنگی گەردەلولی بیابان(عێراق - هاوپەیمانان)و پاشان ڕاپەڕینی ئازاری١٩٩١، بەلاّم دەبینین له ئەنجامی کەمێك جێگیر بوونی بارودۆخی ڕامیاری ڕێژەی ڕەگەزی نێر له ساڵی١٩٩٧دا بەرز دەبێتەوە، هەرچی داتاکانی ساڵی٢٠٠٤و دواترە، له ڕاستی پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکەوە دوورە، چونکه له دوای ساڵی ١٩٩٧سەرژمێری له پارێزگاکەدا نەکراوە، سەرجەم داتاکانی دانیشتوان له لایەن وەزارەتی پلان دانان بلاّو کراونەتەوە، ئاماری ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە بنەما بۆ پێش بینی کردنی ژمارەی دانیشتوانی ئێستا، جگه لەوەی کە سەرجەم گۆڕانە دیمۆگرافیەکانی پارێزگاکەی به هۆی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و مادەی ١٤٠دەستور نادیدە گرتووە.

ت- پێکهاتەی ژینگەی دانیشتوان:

مەبەست لێی زانینی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچه دابڕاوەکانە بە سەر ناوەندە شارستانیەکان و گوندەکان دا، ئاشکرایه کە تەنها پارێزگای کەرکوکە بە سەرجەمی پارێزگاکە دەکەوێتە سنووری ناوچە دابڕاوەکانەوە، بەلاّم یەکە کارگێڕییەکانی که له سەر ئاستی قەزا یان ناحیه بەشداری دەکەن له ناوچە دابڕاوەکاندا، له خشتەی ژمارە(١٧)، ئەم ڕاستیەمان بۆ دەرکەوێت:

خشتەی ژمارە(١٧).

دابەش بوونی ژینگەی ناوچە دابڕاوەکان لەنێوان ساڵانی١٩٤٧-١٩٨٧.

| ساڵ | ڕێژەی شارستانی | ڕێژەی گوند نشین | سەجەم |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[1] | ٢٧,٢٣ | ٧٢,٧٧ | ١٠٠ |
| ١٩٥٧[2] | ٣٠,٣ | ٦٩,٧ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧[3] | ٥٨,٤ | ٤١,٦ | ١٠٠ |

**بەڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(١٧)، دەبینین لە ساڵی١٩٤٧دا دانیشتوانی گوندنشین ڕێژەی(٧٢,٧٧٪) دانیشتوانی پێك هێناوە بەلاّم لە ساڵی١٩٨٧دا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ(٤١,٦٪)، واتە لەماوەی ئەو دوو بەروارە دا بە ڕێژەی(٣١٪)دابەزیوە، ئەمەش بۆ سیاسەتەکانی ڕاگواستن و گوند وێران کردن و ئاوارەبوون دەگەڕێتەوە، بەلاّم لەسالاّنی دواتر ئەم ڕێژەیە زیاتریش دادەبەزێت ئەویش بەهۆی ئەنجام دانی شالاّوەکانی ئەنفال، بۆ زانینی دابەش بوونی ژینگەی پارێزگای کەرکوك بڕوانە خشتەی ژمارە(١٨).**

## خشتەی ژمارە (١٨)
## دابەش بوونی ژینگەی پارێزگای کەرکوك

[1] - أ- المملكة العراقية،وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة،احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص ٦-٩٥ و ٢٢٥-٢٣١. ب - المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧،لواء بغداد - لواء الحلة - لواء الدليم - لواء كربلاء-لواء الكوت- لواء ديالى، مصدر سابق، ص١٠٦-١٤و٢٣١-٢٣٤و ٢٦٣-٢٩٦.

[2] - أ- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي السليمانية وكركوك، مصدر سابق، ص١٤٥. ب- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي ديالي و الكوت، مصدر سابق، ص٩و١٤٦. ت - الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي الموصل و اربيل، مصدر سابق، ص ١٤و٣١و ٢١٠.

[3] -أ- الجمهوريه العراقيه، الجهازالمركزى لاحصاو، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ محافظة التأميم، مصدر سابق، ص٧٤. ب-الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ محافظة صلاح الدين، مصدر سابق، ص٨١. ت- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة السليمانية، مصدر سابق، ص٨٢. ث-الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة ديالى، مصدر سابق، ص٨٢. ج- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ محافظة اربيل، مصدر سابق، ص٨١.ح- الجمهورية العراقية، الجهاز المركزي لاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة نينوى، مصدرسابق، ص٨١-٨٢.

| سالٚ | ژمارەی شارنشین | ژمارەی گوند نشین | رێژەی شارنشین(٪) | رێژەی گوند نشین (٪) | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٧[١] | ٩٣٨٧٨ | ١٩٢١٢٧ | ٣٢,٩ | ٦٧,١ | ١٠٠ |
| ١٩٥٧[٢] | ١٥٢٧٨٧ | ٢٣٦٠٥٢ | ٣٩,٣ | ٦٠,٧ | ١٠٠ |
| ١٩٧٧[٣] | ٣٤٧٤٣٧ | ١٤٧٩٨٨ | ٧٠,١ | ٢٩,٩ | ١٠٠ |
| ١٩٨٧[٤] | ٤٥٣٢٨٥ | ١٤٧٩٣٤ | ٧٥,٤ | ٢٤,٦ | ١٠٠ |
| ١٩٩٧[٥] | ٥٣٠٩٢٦ | ٢٢٢٢٤٥ | ٧٠,٥ | ٢٩,٥ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٤[٦] | ٥٩٤٣٢٩ | ٢٦٠١٤١ | ٦٩,٦ | ٣٠,٤ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٥[٧] | ٦٠٣٩٧١ | ٢٦٦١٢٧ | ٦٩,٤ | ٣٠,٦ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٦[٨] | ٦١٣٧١٣ | ٢٧٢٢٣٧ | ٦٩,٣ | ٣٠,٧ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٧[٩] | ٦٢٣٥٤٨ | ٢٧٨٤٧١ | ٦٩,١ | ٣٠,٩ | ١٠٠ |

**بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(١٨)دەبینین ڕێژەی شارنشین بەردەوام لە بەرز بوونەوەدایە، بە تایبەت ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە(١٨)بکەین دەبینین لە**

---

[١] المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، مصدر سابق، ص١٠٣-١٠٧و١٢٢-١٢٥و١٣٠-١٣٦و١٤٠-١٤٢.

[٢] - الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مصدر سابق، ص١٤٥.

[٣] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٢٦.

[٤] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧لمحافظة التأميم، مصدر سابق، ص٧٤.

[٥] - جمهورية العراقية، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٢.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٤،مصدر سابق، ص٤٥.

[٧] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٦.

[٨] - هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

[٩] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٥٢.

ساڵی١٩٤٧-١٩٨٧ڕێژەکە لـە(٣٢,٩- ٧٥,٤٪)زیـاد بـووە، زیـاد بـوونی ئـەم ڕێژەیەش دەکاتـە زیـاد لـە(١٢٩٪)، ئەمـەش بـە هـۆی ڕامیـاری حکومـەتی عێراقیەوە بوو، هەرچی دانیشتوانی گوندەکانی کوردو تورکمان هەبوو هـەمووی ڕاگواست بۆ پارێزگاکانی تری عێراق یان بۆ ناو شاری کەرکوك، جگە لە بیانوی پشتێنەی ستراتیجی کە ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەیەکی بەرچـاو لـە ڕێژەی گوندنشین، سەرەڕای ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لەبەر ئەوەی داهاتێکی زۆری لە ڕێی نەوتەوە دەست دەکەوت مەبەستی بوو سەرچاوەی دارایی ئەو گوندنشینانە وشك بکات و هەموویان بۆ دابین کردنی بژێوی چاویان لە دەستی میری بێت و لە بوارەکانی حرس جەمهوری و جاش و ئاسایش کار بکەن.

بەڵاّم لە دوای داگیر کردنی کوێت و سـەپاندنی گـەمارۆی ئـابوری بـە سـەر عێراق دا میری ناچار بوو کە عێراقییەکان هان بدات بۆ ئەوەی کـە ڕووبکەنـەوە گوندەکان و کاری کشتوکاڵ بکەن، بەمەبەستی دەستە- بەرکردنی بەروو بـوومی خۆراك، بەڵاّم لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی ئۆردوگـا سـەربازیەکانی لە گوند و زەوییە کشتوکاڵییەکان جـارێکی تـر زۆرێـك لـە گونـد نشـینەکانی پارێزگاکە چوونەوە سەر پیشەکەی خۆیـان ئەمـەش بـووە هـۆی بـەرز بوونـەوەی ڕێژەی گوندنشینەکان.

ب- پێکهاتەی ئاینی:

ئاین ئاوی ژیانی دڵـی زینـدو ویـژدانی حەقـە لـە نەفسـی مرۆڤایەتیـدا[١]، پێویستە ئاین ڕێنوێنی کەر(هدی) بێت بۆ خەڵکی و ببێتە هۆی بەرز کردنـەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وشارستانی و مرۆڤایەتی، زۆرێك لە شەڕەکان کە دروست بـوو، کێشە ئاینیەکان هۆکاری دروست بوونیان بووە[٢]، هەروەها دەشێت کێشـەکان لـە ناو خودی وڵاّتێکیش دا هەر بەهۆی دینەوە بێـت[٣]. ئەگـەر سـەیری ئامارەکـانی ساڵی ١٩٤٧و١٩٥٠بکەین دەبینین بە ڕێژەی جیاواز ئاینزا لە ناوچـە دابڕاوەکـادا هەیە، بەڵاّم پەیڕەکەرانی ئاینی ئیسـلام بەشـێکی سـەرەکی ئاینزاکـانی ناوچـە دابڕاوەکان پێکدەهێنن کە ڕێژەکەی تێکـرا لـەو دوو ئامـارەدا دەکاتـە(٨٢٪)ی

[١] - طه عبدالعليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص٢٦٢.
[٢] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٦٥.
[٣] - هەمان سەرچاوە، ل١٦٥.

ئاینزاكانی تر، به گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكـان ئـاینزا جیاوازەكـان دەتـوانن بـە ئاشتی و خۆشەویستی بـژین وەك چـۆن ئـاینزا جیاوازەكـان لـە بەشـەكەی تـری هەرێمی كوردستان بە سەربەستی دەژین و سروت و فرمانە ئاینییـەكانی خۆیـان بە جێ دەهێنن، بەڵام مانەوەی بارودۆخەكـە بـەم شـێوەیە دڵ خـۆش كـەر نییـە چوونكە وەك بینیمان گروپە تیرۆرستییەكان لە هەوڵی بەردەوام دان لـە دروسـت كردنی جەنگێكی ئاینی بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ناوچەكە ئاسایش و ئـۆقرەیی بەخۆیەوە نەبینێت. باشترین نموونەش دەركردنی دەیان هەزار مەسیحی و شـەبەك بوو لەپارێزگای موسڵ*.

ج - پێكهاتەی نەتەوەیی:

زمان بە گرنگترین هۆكاری لێكگەیشتن وتێكەڵاوبون و ئینتیما دادەنرێت لـە نێوان تاك یان كۆمەڵ[1]، زمان بە هۆكاری پەیوەست كردن دادەنرێـت كـە دەبێتـە هۆی یەك بوونی گەلەكان و دەبێتە هۆی دروست بوونی نەتەوە، هەروەها هۆكاری دەربڕین و گواستنەوەی بیرو شارستانیەتیشە[2]، كەواتە زمان بـەهێزترین هۆكـاری بەستنەوەی مەعنەوییە لە نێوان تاكەكان كـە بەیـەك زمـان گفتوگـۆ دەكـەن و بیروبۆچوونیان نزیكە[3]، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد نەتەوەی كورد زۆرینەی

* - لە هەموو ئەو شوێنانەی كە لە ژێركارگێڕی حكومـەتی فیـدراڵ دان ڕۆژانـە هێـرش و دەست درێژی دەكرێتە سەر ئـاینزا جیاوازەكـان بـە تایبـەتی مەسـیحیەكان بـۆ نموونـە جگـە لـە هەوڵـە بەردەوامەكان بۆ تیرۆركردنی كەسایەتیە ئاینیەكان، شوێنی پەرستنەكانیشیان دەتەقێننەوە، بۆ نموونە لە تەمووزی ٢٠٠٩تەقینەوە لە كەنیسەی ماریوسف لە كەرادەو لە مەنسـور ئـەنجام درا لـە شـاری بەغداد، چەندین قوربانیو بریندرای لێكەوتەوە.بۆ زانیاری زیاتر:

http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010100&rnr=239&anr=30537

بۆیە باشترین ناوچە كە مەسیحیەكان و ئاینزاكانی تری هەرێم كە بتوانن بە سەربەستی و بە بێ ترس بژین و مەراسیمە ئاینیەكانی خۆیان جێ بەجێ بكەن هەرێمی كوردستانە، جگە لـە دەسـت درێـژی بەردەوام لە لایەن گروپە تیرۆرستییەكان بۆ سەریان و لەو ژمارە زۆرەی پەیڕەوكەرانی ئاینی ئیسلامدا دەتوێنەوە ئەگەر لە حكومەتی فیدراڵدا بن، بۆیە باشترە كە زۆر بە جدی داوای جـێ بـەجێ كردنـی مادەی١٤٠ی دەستووری عێراق و گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی كوردستان بكەن.

[1] - طه عبدالعليم رضوان، الجغرافية السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص٢٧٢.

[2] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٦٧.

[3] - محمد عبد الغني سعودي، الجغرافيا السياسية المعاصرة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، سنة١٩٩٧، ص٦٨.

دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان پێکدەهێنێت، بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان هەمە ڕەنگی نەتەوایەتی و ئیتنی لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت کە ئەمەش دەتوانرێت بە ئاڕاستەی بەهێز کردنی کلتورو بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لە نێوان تاکەکان سوودی لێ ببینرێت*، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر نەتوانرێت بەرەو ئەم ئاڕاستەیە ببرێت ئەوا دەبێتە سەرەتای کێشەیەکی درێژخایەن کە سەرئەنجام زیانی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و جیۆگرافی بەدواوە دەبێت.

## سێیەم - گرنگیی جیۆگرافیای ئابوریی ناوچە دابڕاوەکان:

مەبەست لێی ئەو چالاکیەیە کە ڕۆژانە تاکەکان پێوەی خەریك دەبن بەمەبەستی دابین کردنی داهات، و دەستەبەر کردنی ژیانیان(چالاکی کشتوکاڵ، پیشەسازی،خزمەت گوزاری)جۆروجۆری چالاکی دانیشتوان پەیوەستە بە ئاستی زانستی و مێژوویی وئاینی و کۆمەڵایەتی و جیۆگرافی، بێگومان دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان بە کارو چالاکی جۆراوجۆرەوە خەریکن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی ناوچە دابڕاوەکان هەموو هەوڵەکانی خۆیان بۆ لە ناوبردن و دەرکردن و دەستەمۆکردنی خەڵکەکەی بووە، هیچ کاتێك ئامارێکی وردو زانستی ئەو ناوچانە لە هیچ ڕوویەکەوە نەکراوە، زانیاری تەواو لەبەر دەست دا نییە بۆ دیاری کردنی پیشە و چالاکییان، چالاکی ئابوری پارێزگای کەرکوك بە نموونە وەردەگرین:

١- چالاکیی کشتوکاڵ:

هەندێك لە گوندنشینانی پارێزگای کەرکوك وەك زۆرێك لە ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق بە پیشەی کشتوکاڵەوە خەریکن، بۆ زانینی ژمارە و ڕێژەی کارکەرانی ئەم کەرتە لە پارێزگاکە، بڕوانە خشتەی ژمارە(١٩).

---

* - وەك دەزانین نەتەوەی تورکمان بەزۆری لە ناوچە دابڕاوەکاندا کۆبوونەتەوە، بە گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم ڕەنگە لە دوای نەتەوەیی کورد بن بە نەتەوەی دووم لە هەرێم!، جگەلەوەی کە لە دەستوردا مافە ڕامیاری و نەتەوایەتی و کلتورییەکانیان چەسپیوە، سەرەڕای ئەوەی کە کلتور و داب و نەریت... یان لەگەڵ نەتەوەیی کورد نزیك ترە وەك لە نەتەوەیی عەرەب سەرەڕای ئەوەی کە زۆرترین پەیوەندی خوێنیان لەگەڵ نەتەوەیی کورد هەیە هەردوولاش قوربانی سیاسەتەکانی حکومەتە عێراقیە عەرەبیەکانن، بۆیە بە گەڕانەوەیان بۆ سەرهەرێم سوودمەندی زیاتری نەتەوایەتی و فەرهەنگی... دەبن.

**خشتەی ژمارە(١٩)**

**ژمارە و ڕێژەی(%)ی کارکەرانی کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگای کەرکوك بە بەراود بە پارێزگاکانی تری عێراق بەبێ سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لەساڵی٢٠٠١دا[١].**

| پارێزگا | نێر | مێ | هەموی | ساڵ | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | (کەمتر لە١٦) | | (١٦-٦٤) | | (٦٤زیاتر) | | دیاری نەکراو | |
| | | | | ژ. | (%) | ژ. | (%) | ژ. | (%) | ژ. | (%) |
| کەرکوك | ٢٠٠٩٢ | ٢٢٣٩ | ٢٢٣٣١ | ٧٥ | ٦,٨ | ١٨٠٠٢ | ٥,٥ | ٣٤٣٤ | ٤,١ | ٨٢٠ | ٧,٣ |
| پ. تری عێراق | ٣٨٠٨٦٩ | ١٨٥٦٤ | ٣٩٩٤٣٣ | ١٠٢٨ | ٩٣,٢ | ٣٠٦٦٧٧ | ٩٤,٥ | ٨١٣٤٥ | ٩٥,٩ | ١٠٣٨٣ | ٩٢,٧ |
| سەرجەم | ٤٠٠٩٦١ | ٢٠٨٠٣ | ٤٢١٧٦٤ | ١١٠٣ | ١٠٠ | ٣٢٤٦٧٩ | ١٠٠ | ٨٤٧٧٩ | ١٠٠ | ١١٢٠٣ | ١٠٠ |

وەك لە خشتەی ژمارە(١٩)دەبینین ڕێژەی کارکەرانی کەرتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکە لە چاو پارێزگاکانی تری عێراق دا زۆر کەمە، ڕێژەی نێری کارکەر لەم کەرتە تەنها(٥%)و ڕێژەی مێی کارکەر(١٠,٨%)ی سەرجەمی پارێزگاکانی تری عێراق پێکدەهێنێت، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێت کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕەگەزی نێر بە کاری ترەوە خەریك بوون.

**٢- چالاکی پیشەسازی:**

پیشەسازی بە واتای هێز دێت چ ئابوری بێت یان ڕامیاری یان سەربازی یان کۆمەڵایەتی یان زانستی، توانای پیشەسازی هەر وڵاتێك هۆکارێکی دیاری کراوە لە توانا ڕامیارییەکە. ناتوانرێت توانایەکی سەربازی پێکبهێنرێت ئەگەر

[١]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الأنمائي، الجهاز المركزي للأحصاء و تكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية لغاية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص١٠٥.

پیشەسازیەکی بەرهەم هێن، کەل و پەلی جەنگی و پێداویستییەکانی جەنگی بۆ دابین نەکات[1]، هەربۆیە دەبینین وڵاتە بەهێزە گەورەکانی ئەمرۆ، وڵاتانی پیشەسازین، چوونکە هیچ ڕامیاریەك چ بەرگری بێت یان هێرش کردن هیچ کاریگەرییەکی نابێت ئەگەر لەلایەن پیشەسازی کەل و پەلەکانی جەنگەوە پشتیوانی نەکرێت[2].

لە ناوچە دابڕاوەکان پیشەسازی بوونی هەیە، بەڵام نەك لەگەشە کردن بەڵکو لە پاشەکشەی بەردەوام دایە، پارێزگای کەرکوکیش لەم بەرەو پاش چوونی کەرتی پیشەسازییە بەدەر نییە، بێگومان فاکتەری ڕامیاری فاکتەرێکی زۆر بەهێزە بووە لە چالاك نەکردنی ئەم کەرتە چ لە سەردەمی حکومەتی بەعسی هەڵوەشاو بێت یان لەسەردەمی حکومەتەکانی عێراقی فیدراڵدا. بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٠).

خشتەی ژمارە(٢٠)

ڕێژەی کارکەرانی کەرتی پیشەسازی لە پارێزگای کەرکوك بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق بەبێ پارێزگاکانی تری هەرێم لەساڵانی٢٠٠٤و ٢٠٠٥[3].

| ساڵ | کەرکوك | پ.تـــــری عێراق | ڕێژەی(٪)ی پارێزگای کەرکوك لە چاو پارێزگاکانی تری عێراق |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ٣٦٥٤ | ٦٢٣٥٢ | ٥,٥ |
| ٢٠٠٥ | ٢٢٧٧ | ٣٥٤٩٩ | ٦ |

بە سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٢٠) دەبینین کارکەرانی کەرتی پیشەسازی لە ساڵی٢٠٠٥بە بەراورد لە چاو ساڵی٢٠٠٤بەڕێژەی(٣٧,٧٪)دابەزیوە، جگە لەوەی لە پارێزگاکانی تری عێراقیشدا بەڕێژە(٤٣٪)دابەزیوە، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە بارودۆخی ئاسایش و ڕامیاری و ئابووریەوە لە عێراق دا.

بە هۆی سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقەوە، ناوچە دابڕاوەکان لەکەرتی پیشەسازیدا زۆر هەژارن، بەڵام لە بەر بوونی کانزای

---

[1] - علي احمد هارون، اسس الجغرافية السياسية، مصدر سابق، ص١٨٥.
[2] - محمد عبد الغني سعودي، الجغرافيا السياسية المعاصرة، مصدر سابق، ص١١٥.
[3]- هەمان سەرچاوە، ل١٣٨-١٤٨.

هەمەجۆرو سەرچاوەی کانزایی هەمەجۆرو بوونی دەستی کارو سەرچاوەی وزە، دەتوانرێت ئەم پیشەسازییە لە سەرجەم کوردستان پەرەی پێ بدرێت چ لەبواری سەربازی بێت یان لە بواری سیڤیلی، ئەمەش دەبێتە بەهێزبوونی ئابوری هەرێم و جگە لەوەی کە پارەی هەرێم ناچێتە دەرەوە و دەتوانرێت ئەم کەرتە زۆر پێش بخرێت تا پارەی گران بەهاش ڕاکێشێتە ناو هەرێم، لە کاتی ئاشتی دا دەتوانرێت لە بواری بەهێزکردنی ئابوری و خۆش گوزەرانی خەڵکی دا بەکاربهێنرێت، بەلاّم لە کاتی جەنگیشدا دەتوانرێت کەل و پەلی جەنگی و بەرگریکردن بەرهەم بهێنێت.

**٣- کەرتی خزمەت گوزاری لە پارێزگای کەرکوك:**

ئەم کەرتە لە پارێزگای کەرکوك و سەرجەم پارێزگاکانی تری عێراق زۆر بلاّوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١).

خشتەی ژمارە(٢١)

دابەش بوونی چالاکی ئابوریی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ٢٠٠٥[١]

| پارێزگا | چالاکی کشتوکاڵ | | چالاکی پیشەسازی | | چالاکی خزمەت گوزاری* | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.کارکەر | ڕێژە(٪) | ژ. کارکەر | ڕێژە(٪) | ژ. کارکەر | ڕێژە(٪) |
| کەرکوك | ٢٢٣٣١ | ٢،٦ | ٢٢٧٧ | ٠,٣ | ٨٤٥٤٩٠ | ٩٧,١ |

بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(٢١)، دەبینین زۆرترین چالاکی ئەنجام دراو لە پارێزگاکە، بریتییە لە چالاکی خزمەت گوزاری کە ڕێژەکەی(٩٧,١٪)ە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعس خەڵکانێکی زۆری نامۆی بەم پارێزگایە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێناوە، زۆرینەی ئەم خەڵکانە مووچەخۆری بەعس بوون تەنها کارێك بیان کردایە کارکردن بوو بۆ

[١] - هەمان سەرچاوە، ل١٣٨،١٠٥،٥٦-١٤٨.

* - لەبەر ئەوەی ئاماری کشتوکاڵی٢٠٠١ هەبوو، ئاماری پیشەسازی٢٠٠٥ هەبوو، ژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠٥لەبەردەست بوو لە پارێزگای کەرکوك و هیچ زانیاریەکی کەش نەبوو سەبارەت بەناوچە دابڕاوەکانی تر بۆیە ناچار بووین ئەنجامی ئاماری کتشوکاڵی٢٠٠١وەك خۆی لە ساڵی ٢٠٠٥ بەکار بهێنین، بەلاّم بێگومان ئەم ڕێژەیە کەم تر دەکات.. چوونکە ئێستا بە گشتی چ بەهۆی بارودۆخی ئاووهەوا یان ئاسایش یان ئابوری یان ڕامیاری کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق دا زۆر دواکەوتووە...

بەرژەوەندییەکانی بەعس، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری لە کورد و تورکمانی لەم پارێزگایە ڕاگواست، بێگومان ئەمانە زۆرینەیان خاوەن پیشەی جیاجیا بـوون بـە تایبەت پیشەی کشتوکاڵ...

حکومەتی عێراقی فیدراڵیش هیچ هەنگاوێکی نـەناوە بـۆ کـەم کردنـەوەی ئازارو مەینەتییەکانی ئەم پارێزگایە، بۆ نموونە تا ئێستا مادەی١٤٠ی چارەسـەر نەکردووە، تا ئێستا کێشەی موڵکیەتی چارەسـەر نـەکردووە.. هـیچ پڕۆژەیـەکی نوێی پیشەسازیشی ئەنجام نەداوە، جگە لەوەی بەردەوام خـەڵکانێکی زۆر دەکـات بە چەکدارلە پارێزگاکـە، وەك سـەرباز، ئیسـناد، سـەحوە، بـارودۆخی ڕامیـاری عێراق...هتد، ئەمانـە هـەموویان کاریگـەرییان هەیـە لەسـەر کـەم بوونـەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و زیاد بوونی کارکەرانی کەرتی خزمـەت گوزاری و زیاد بوونی بێکاری لە پارێزگاکەدا.

بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێـژەی بێکـاری لـە سـەرو تەمـەنی ١٥ سـاڵ (١٧,٩١٪) بووە، ئەگەر چی ئەم ڕێژەیە نزمترە لە چاو بێکاری بۆ هەمان تەمەن لە پارێزگاکانی تری عێراق کە(١٩,١٪)بووە[١].

[١] - هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

## باسی دووەم

## گرنگیی ئابوریی ناوچە دابڕاوەکان

جگە لە گرنگیی جیۆگرافی ناوچە دابڕاوەکان، ئابوریەکەش سەنگی ڕامیاری پڕبایەخ تر کردووە، ئەوانیش خۆیان لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار و ڕێگەی هاتوو چۆ دەبینێتەوە، بەهاو گرنگی ئابوری ناوچە دابڕاوەکان لە سەدەی ڕابووردوو دا بە شێوەیەکی نیمچە ستونی ڕووی لە هەڵکشان کرد، بەلاّم گرنگییەکەی لەم سەدەیەدا بەشێوەیەکی ستوونی تەواو دەبێت و لە سەدەی ڕابووردوو بە بەهاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی لە جیهاندا داواکاری لە سەر خۆراك و سەرچاوەی وزە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوون دایە، جگە لەوەی دانیشتوانی هەرێم و عێراقیش بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیاد بوون دایە، و پێداویستییە بژێوی و ڕۆژانە و چالاکییەکانیان بەردەوام لە زیاد بوون دا دەبێت، پێشخستن و گرنگی دانی زیاتر بەم کەرتە دەبێتە هۆی:

١- گەڕانەوەی ئەو دراوە گران بەهایەی کە لە کڕینی بەروبوومی خۆراکی و پیشەسازی دا خەرج دەکرێت.

٢- دابین کردنی خۆراکی دانیشتوان، واتە دابین کردنی ئاسایشی خۆراك، جگە لەوەی کە دەتوانرێت بەرهەمی زیادە بنێردرێتە دەرەوە، ئەمەش بەمانای بەهێز بوونی ئابوری هەرێم دێت، و ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی ڕامیاری هەرێم لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە...

٣- لە کاتی جەنگیشدا هەرێم ناکەوێتە ژێر فشاری ئابوری و ڕامیاری هیچ ولاّتێك، جگە لەوەی کە دەتوانرێت کەل و پەل و پێداویستییەکانی جەنگی و گواستنەوە... بەرهەم بهێنرێت بۆ پاراستنی کییانی هەرێم.

بـۆ زیـاتر ڕوونکردنـەوەی ئـابوری ناوچـە دابڕاوەکـان و ئاشـنابوونمان بـە گرنگیەکەی بە کورتی لە هەر یەکێك لەم لایەنانەی خوارەوە دەدوێین:

یەکەم : کشتوکاڵ:-

گرنگی کشتوکاڵ لە دابین کردنی سەرچاوەی خۆراك و دابین کردنی کەرەستەی خاوی پیشەسازی و دابین کردنی بەروبومی پزیشکی و جوان کاری دێت، بۆ زیاتر ڕوون کرنەوەو گرنگی ئەم بەرو بوومانە لە خوارەوە لە هەریەکەیان دەدوێن:

١- بەروبومی ڕووەکی:

بـەروبوومی ڕووەکـی بەگشـتی بەروبومـەکانی(دانەوێڵـە، پیشەسـازی، پاقلەمەنی، ڕۆن دار، سەوزە، ڕەز و باخ)ەکان دەگرێتـەوە کـە بـە بڕبـڕەی پشـتی ئابوری هەر یەکەیەکی ڕامیاری دادەنرێت، ناوچە دابڕاوەکان بە ڕێژەی جۆراو جۆر بەشداری لە بەرهەم هێنانی ئەم بە بەروبوومانە دەکات، جگە لەوەی کە بڕشـتی بەروبوومەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی کە جیاوازە، بە جیاوازی هۆکارە ڕامیاری و مرۆیی و سروشتییەکان، هەندێك لەو بەروبوومانە لـە دانیشـتوانی ناوچـەکە زیاد دەبێت و دەتوانرێت پێداویستی دانیشتوانی هەرێمیشی پـێ پڕبکرێتـەوە ... بەلاّم هەندێك بەرو بوومی تر لە پێداویستی دانیشتوانی ناوچـەکە کـەمترە، لـە خوارەوە بە کورتی لە هەر یەکەیان دەدوێین:

أ- بەروبوومی دانەوێڵە:

بڕو جۆری و ڕووبەری چێنردراو بـە دانەوێڵـە و بڕیشـتی دانەوێڵـە و ناوەنـدی بەرهەمی دانەوێڵە لە یەك دۆنم دا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی کە جیـاوازە، دیـارە ئەمـەش کۆمـەڵێك هۆکاری سروشتی وەك ئاو و هەواو سەرچـاوەی ئـاوو هۆکـاری مرۆیی وەك و بارودۆخی ڕامیـاری و بـاری ئـابوری و بـازار و ئاسـتی شـارەزایی جوتیار... لێـی بەرپرسـە، بـۆ ڕوون کردنـەوەی زیـاترو پیشـان دانـی گرنگـی و بارودۆخی بەرهەم هێنان لە خوارەوە بە کورتی لە هەر یەکەیان دەدوێین:

### ١-   گەنم :

بۆ زانینی بارو دۆخی بەرهەم هێنانی گەنم لە پارێزگای کەرکوک[١] لە چاو سێ پارێزگاکە هەرێم و باقی پارێزگاکانی عێراق بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٢).

#### خشتەی ژمارە(٢٢)

#### ڕووبەری چێندراو بەرهەم و بڕشتی بەرهەمی گەنم لە پارێزگای کەرکوک و سێ پارێزگاکەی هەرێم و باقی پارێزگاکانی عێراق

| ساڵ | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | | | بەرهەم (تەن) | | | بڕشت (کگم/دۆنم) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق |
| ١٩٦٧[٢] | ٧٠٤٠٠٠ | ٩٦٧٠٠٠* | ٥٦٩٦٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ١٢٠٠٠٠ | ٦٩٠٠٠٠ | ٧١ | ١٢٤ | ١٢١ |
| ١٩٧٨[٣] | ٦٣٦٣٠٠ | ١١٤٥٨٠٠ | ٤٢٠٠٥٠٠ | ٥٥٩٠٠ | ٢٠٦٢٠٠ | ٦٤٧٧٠٠ | ٨٨ | ١٨٠ | ١٥٤ |
| ١٩٨٧[٤] | ٦٤٦٦٠٠ | ١١٣٢١٠٠ | ٣١٠٢١٠٠ | ٤٤٣٠٠ | ٢٩٣٦٠٠ | ٣٨٤٣٠٠ | ٦٨,٤ | ٢٥٩,٣ | ١٢٤ |
| ١٩٩١[٥] | ١٠٥٥٨٥٧ | ٣٠٧٨٢٣٠ | ٥٩٣٤٤٢١ | ١٤٥١٩٠,٧ | ٥١٢١٣٥,٧ | ٨١٩٠٧٤ | ١٣٧,٥ | ١٦٦,٤ | ١٣٨ |
| ٢٠٠٣[٦] | ٧٦٥١٢٤ | - | ٦٠٨٩٨٠١ | ٤٤٥٤١٦ | - | ١٨٨٣٧٨٢ | ٢١٤ | - | ٣٢٢,٧ |
| ٢٠٠٤[١] | ٦٤٠٣٦٠ | - | ٥٥١٨٨٦٣ | ٢٣٦٦٧٣ | - | ١٥٩٥٤٦٥ | ٣٦٩,٦ | - | ٢٩٢,٤ |

---

[١] - لە بەر نەبوونی زانیاری و داتای تەواو لە سەر سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان ناچارین پارێزگای کەرکوک بە هەمان ڕووبەر و یەکەی کارگێرییەکانی لە هەمان ساڵی ئاماژە پێکراو دا وەربگرین.

[٢] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة١٩٦٧، مطبعة الحكومة- بغداد، ١٩٦٨، ص١٣٥.

* - تەنها هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، لە بەر ئەوەی لەم ساڵەدا دهۆك قەزایەك بوو لە پارێزگای نەینەوا و نەبوو بوو بە پارێزگا.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٦٥.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مصدر سابق، ص٥٦.

[٥] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق، ص١١٢.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٥٥.

| ساڵ | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | | | بەرهەم (تەن) | | | بڕشت (کگم/دۆنم) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق |
| ٢٠٠٥[٢] | ٧٧٩٦٠٤ | - | ٥٦٣١٠٥٩ | ٣٤٢٧٠٣ | - | ١٨٨٥٦٥٩ | ٤٣٩,٦ | - | ٣٤١ |
| ٢٠٠٦[٣] | ٥٦٤٩٠٢ | - | ٥٤٨٩٢٠١ | ٢٤٠٧١٨ | - | ٢٠٤٥٥٩٣ | ٤٢٦,١ | - | ٣٧٤ |
| ٢٠٠٧[٤] | ٨٢١٣٤٥ | - | ٥٤٥٨١٦٩ | ٢٨٩٠٨٤ | - | ٩١٣٦٩٣ | ٣٥٢ | - | ٣٥٠,٧ |

**به سەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٢٢)دەبینین، ڕووبەری چێنراو بە گەنم لە ساڵی ١٩٦٧دا(٧٠٤٠٠٠)دۆنمە ئەمەش دەکاتە(٧٢,٨٪)ی ڕووبەری چێندراوی هەرێم و(١٢,٣٪)ڕووبەری چێندراوی باقی پارێزگاکانی تری عێراقە، بەلاّم بەرهەمی پارێزگاکە ڕێژەی،(٤١,٦٪)ی بەرهەمی هەرێم و(٧,٢٪)بەرهەمی عێراقی پێکهێناوە، تێکڕای بەرهەم کەمترە لە چاو ڕووبەری چێنراو بە بەراورد لەگەڵ هەرێم و عێراق* ئەمەش بە هۆی کەمیی بڕشت لە یەك دۆنمدا، بەلاّم لە ساڵی١٩٧٨دا ڕووبەری چێندراو لە پارێزگاکە دادەبەزێت بۆ(٩,٦٪)سەرجەمی ڕووبەری چێنراو لە چاو پارێزگاکانی تری عێراق، ئەمەش بەهۆی دابڕاندنی سێ قەزایە لە پارێزگاکە، بەلاّم بڕی بەرهەم لەچاو بەرهەمی پارێزگاکانی تری عێراق زیاد دەکات و ڕێژەکە دەبێت بە(٨,٦٥٪)بەرهەمی گەنمی عێراق، بڕی بەرهەم لە چاو ڕووبەری چێندارو بە هەرێم(٥٥,٪)بە(٢٧٪)ە. جارێکی کە بەرهەم ڕووی لە کەم بوون کردووە ئەمەش بەهۆی کەمی بڕی دابارین لە پارێزگاکە کە بڕی دابارین لە هەمان ساڵ دا ٢٠٠-٤٠٠[٥]ملم بووە.**

---

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٧٠.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

[٣] - هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٦٦.

* - نەتوانرا ڕێژەی دابارین لە پارێزگاکەدا فەراهەم بکرێت، بۆیە نازانرێت دابەزینی ناوەندی بەرهەمی پارێزگای کەرکوك لە دۆنمێکدا لە چاو هەرێم و عێراق چەندە.

[٥] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٢١.

له ساڵی١٩٨٧دا ڕووبەری چێندراو لـە پارێزگاکـە بـە بـەراورد بـە هـەرێم وعێـراق(٥٧,١%)(٢٠,٨%)بـووە، بڕشـتی بەرهـەمیش لـە چـاو هـەرێم و عێراق(١٥%)(١١,٥%)بووە. دابەزینی بەرهەم بەهۆی دابەزینی ڕێـژەی دابـارین بووە لە پارێزگاکەدا، چوونکە تەنها(١٠٠[1])ملم بووە لە هەمان ساڵەدا. بەڵام لە سـاڵی١٩٩١دا ڕێـژەی ڕووبـەری چـێندراوبە ڕووبـەری چـێندراوی هـەرێم و عێراق(٣٤,٣%)(١٧,٧%)بووە، وەك دەبینین ڕووبەری چێندراو لە پارێزگاكە لـە چاو ساڵی١٩٨٧دا بە ڕێژەی(١٦٢,٣%)زیاد دەکـات ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری بووە لە سەر عێراق، ڕێـژەی بـڕی بەرهـەم لـە چـاو هەرێم و عێراق(٢٨,٤%)(١٧,٧%)بووە.

له ساڵی٢٠٠٣و ٢٠٠٤ و٢٠٠٥و٢٠٠٦و ٢٠٠٧ ڕێژەی ڕووبەری چێندارو لە پارێزگاکـە لـە چـاو ڕووبـەری چـێندراوی پارێزگاکـانی عێـراق بریتییـە لە(١٢,٦%)(١١,٦%)(١٣,٨%)(١٠,٣%)(١٥%).بەڵام بڕی بەرهەم بریتییە لە (٢٣,٦%)(١٤,٨%)(١٨,٢%)(١١,٨١%)(١٥,١%)بەرهەمی پارێزگاکانی تری عێراق، ڕووبەری چێندراو ساڵ لە دوای ساڵ داویەتییە کەمی بە هۆی خراپی بارو دۆخی ئاسایش و باش بوونی بارودۆخی ئابوری جوتیاران.. بەڵام لە چاوبەشەکانی تری عێراق ڕێژەی بەرهەم زیادی کردووە، ئەویش بە هـۆی زیـاد بـوونی بڕشـتی بەرهەم لە یەك دۆنم دا.

٢- جۆ:

بۆ زانینی بارودۆخی بەرهـەم هێنـانی جـۆ لـە پارێزگـای کـەرکوك و سـێ پارێزگاکەی هەرێم و باقی پ.عێراق، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٣).

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق، ص٣٥.

## خشتەی ژمارە (٢٣)
## ڕووبەری چێندراو بڕشت و بڕی بەرهەمی جۆ
## لە پارێزگای کەرکوك و سێ پارێزگاکەی هەرێم وباقی پارێزگاکانی عێراق

| ساڵ | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | | | بەرهەم ( تەن ) | | | بڕشت ( کگم/ دۆنم) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پ. کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٦٧[١] | ٢٠٥٠٠٠ | ٤٦٧٠٠٠* | ٣٦٧٠٠٠٠ | ٢٤٠٠٠ | ٦٧٠٠٠ | ٧٦٤٠٠٠ | ١١٧ | ١٤٣,٥ | ٢٠٨ |
| ١٩٧٨[٢] | ٢٦٨٠٠٠ | ٤٦٧٥٠٠ | ٢١٢١٨٠٠ | ٢٩٧٠٠ | ٨٨٣٠٠ | ٤٩٩٢٠٠ | ١١١ | ١٨٩ | ٢٣٥,٣ |
| ١٩٨٧[٣] | ٥٧٤٩٠٠ | ٤٦٤٥٠٠ | ٤٨٢٧٥٠٠ | ٢٧٩٠٠ | ٧٤٥٠٠ | ٦٤٠٥٠٠ | ٤٨,٦ | ١٦٠,٤ | ١٣٢,٧ |
| ١٩٩١[٤] | ٧٩٩٦١٠ | ٦٧١٥٨٩ | ٨١٧٧١٣٧ | ٢٥٠٣٦,٨ | ١٠٤٤٠٧,٢ | ٦٣٩٠٠٧,٣١٥٥٥٥ | ٣١,٣ | ١٥٥,٥ | ٧٨ |
| ٢٠٠٣[٥] | ٨٧٤٢٥ | - | ٤١٦٥٥٢٠ | ٢٨٠٥٢ | - | ٨٣٢٣٦٤ | ٣٢١ | - | ١٩٣,٥ |
| ٢٠٠٤[٦] | ٦٤٠٣٦٠ | - | ٣٧٨٧٤٤٨ | ٢٣٦٦٧٣ | - | ٧٩٦٤١٢ | ٣٦٩,٦ | - | ٢٠٩,٩ |
| ٢٠٠٥[٧] | ٩٢٣٠١ | - | ٤١٦٠٩٨٣ | ٢٣٥٧٣ | - | ٧٣٠٨٦٤ | ٢٥٥,٤ | - | ١٧٤ |
| ٢٠٠٦[٨] | ١١٥٥٣٢ | - | ٣٩٨٨٤٣٤ | ٣٢٣٣٢ | - | ٨٨٦٩٧٥ | ٢٧٩,٩ | - | ٢٢٠ |

---

[١]- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٧، مصدر سابق، ص١٣٥.

[*] - تەنها هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، لە بەر ئەوەی لەم ساڵەدا دهۆك قەزایەك بوو لە پارێزگای نەینەوا و نەبوو بوو بە پارێزگا.

[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٦٥.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مصدر سابق، ص٥٦.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢،المصدر سابق، ص١١٢.

[٥] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٥٥.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٧٠.

[٧] - المصدر نفسه، ص٦٩.

[٨] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٦٨.

| ساڵ | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | | | بەرهەم ( تەن ) | | | بڕشت ( کگم/ دۆنم) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پ. کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| [١]٢٠٠٧ | ١٥٢٧٢٨ | - | ٤٢٢٢١٥٥ | ٣٥٤٥٥ | - | ٧١٢٨٣٦ | ٢٣٢,١ | - | ١٦٦, |

به سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٢٣)دەبینین ڕێژەی ڕووبەری چێندراوی پارێزگای کەرکوك لە ساڵی١٩٦٧(٤٣,٩٪)ڕووبەری هەرێم و(٥,٥٨٪)ڕووبەری عێراقە، بەلاّم ڕێژەی بەرهەم(٣٥,٨٪)بەرهەمی هەرێم و(٣,١٪)بەرهەمی عێراقە، لەساڵی١٩٧٨دا ڕووبەری چێندراو بە جۆ لە پارێزگاکە زیاد دەکات بە ڕێژەی(٣٠,٧٪)ساڵی١٩٦٧،بەلاّم ڕێژەی ڕووبەری چێندراو لە چاو ڕووبەری چێندراوی هەرێم وعێراق بریتییە لە(٥٧,٣٪)(١٢,٦٪).بەلاّم لە ساڵی١٩٨٧دا جارێکی کە بە ڕێژەی(١١٤,٥٪)ڕووبەری چێندارو زیاد دەکات لە چاو ساڵی١٩٧٨، بەلاّم ڕووبەرەکەی لەچاو هەرێم و عێراق بریتییە لە(١٢٣,٧٪)(١٢٪) و ڕێژەی بەرهەمیش بریتییە لە(٣٧,٤٪)(٤,٣٪)بە هۆی کەمی بڕشت لە هەر دۆنمێکدا.

لەساڵی١٩٩١دا ڕووبەری چێندراو لە پارێزگاکە بە ڕێژەی(٣٩٪)ساڵی١٩٧٨ زیاد دەکات، بەلاّم لە هەرێم و عێراقیش ڕووبەری چێندراو جارێکی کە زیاد دەکات و ڕێژەکەی لە چاو هەرێم و عێراق بریتییە(١١٩٪)(٩,٨٪)، ڕێژەی بەرهەمیش(٢٤٪)(٣,٩٪)یە، دابەزینی ڕێژەی بەرهەم لەچاو ڕووبەر بە بەراورد بە هەرێم و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی بڕی بەرهەم لە یەك دۆنمدا.

بەلاّم لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ڕێژەی ڕووبەری چێندراوی پارێزگاکە لە چاو ڕووبەری چێندراوی باقی پارێزگاکانی تری عێراق بەجۆ لەساڵەکانی٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ و٢٠٠٦ و٢٠٠٧بریتییە لە (٢٪)(١٧٪)(٢,٢٪)(٣٪)(٣,٦٪)و ڕێژەی بەرهەمیش(٣,٣٪)(٣٠٪)(٣,٢٪)(٣,٦٪)(٥٪)بەرهەمی باقی پارێزگاکانی

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٦٦.

تری عێراقی پێکهێناوه، زیاد بوونی ڕێژەی بەرهەم لە چاو ڕێژەی ڕووبەر زیاد بووه، ئەمەش بە هۆی زۆری بڕی بڕشتە لە یەك دۆنم دا، جگە لەوەی کە بارودۆخی بەرهەم هێنانی جۆ لە پارێزگاکە پەیوەستە بە هەمان بارودۆخی پێشوو کە ئاماژەمان پێ کرد بۆ بەرهەمی گەنم. لەبەر ئەوەی چاندنی دانەوێڵە لە ناوچە دابڕاوەکان پشت بە داباریین دەبەستێت و ئەو ناوچانەش دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر، بۆیە دەبینین بەردەوام بڕشتی بەرهەم لە یەك دۆنمدا گۆڕانی بە سەردا دێت...جگە لەوەی کە وەزارەتی کشتوکاڵیش هیچ پلانێکی نییە لە چاندنی جۆر و بڕی بەربومی کشتوکاڵی، هەرجوتیارێك لە ویستی خۆی ئەو بەرووبومە دەچێنێت کە لە بازاردا نرخی بەرزبووه... بۆیە دەبینین بەردەوام ڕووبەری چێندارو لەپارێزگای کەرکوك گۆڕانی بە سەردا دێت.

٣- گەنمەشامی:

بە پێی ئاماری ساڵی١٩٧٨، ڕووبەری چێندراو لە پارێزگای کەرکوك(٣٠٥٠)دۆنم بووه، بەلاّم لەهەرێم و عێراق(٤٢)(١٢٧٧٦٠)دۆنم بووه بەبەراورد ڕێژەی ڕووبەری چێندراو لە پارێزگاکە(٧٢٦٢٪)هەرێم و(٢,٤٪)ڕووبەری چێندراوی باقی پارێزگاکانی تری عێراق بووه، بڕی بەرهەم لە پارێزگاکە(١٦٦١)تەن بووه، بڕی بەرهەم لە هەرێم و عێراق(٢٦)(٩٤٠٧٨)تەن بووه واتە بڕی بەرهەمی کەرکوك(٦٣٨٨٪)بەرهەمی هەرێم و(٢,٦٪)بەرهەمی عێراق بووه، یەکەی بڕشت لەپارێزگاکە(٥٤٤,٦)کگم/دۆنم-ە، بەلاّم لە هەرێم و عێراق(٦١١)(٥٠١,٥)کگم/دۆنم-ە[1]، بەلاّم ڕووبەری چێندراو بە گەنمە شامی پایزە لە ساڵی ٢٠٠٥دا(٥٨٢٥٥) دۆنم بووه، بڕی(٣٠٧٢٩)تەن بەرهەم هاتووە ناوەندی بڕشت بۆ هەر دۆنمێك( ٥٢٧,٥)کگم بووه[2].

---

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٧١.

[2]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الأنمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥، مصدر سابق، ص٢٨.

٤- چەڵتوك(برنج):

بە گشتی ڕووبەری چێندراو بە چەڵتوك لە ناوچە دابڕاوەكان كەمە لە بەر ئەوە بڕی بەرهەمیش كەم دەبێت، بۆ نموونە لە ساڵی١٩٦٧دا ڕووبەری چێندراو بە چەڵتوك لە پارێزگای كەركوك(٧٤٩٠)دۆنم بووە، لە هەرێم و عێراقیش(١٣٠١٥)(٥٤٢٧٣٥)دۆنم بووە واتە بەرێژەی ڕوبەری(٥٧,٥%)ی هەرێم و(١,٤%)عێراق بە چەڵتوك لە پارێزگای كەركوك چێندراوە، بڕی بەرهەم(٣٢٨٠)تەن بووە ،بەلاّم لە هەرێم(٥٩٢١)تەن و لە عێراقیش (٢٩٩٢٥٧)تەن بووەو بڕشتی ساڵانە لە پارێزگاری كەركوك(٦٨٤,٧)كگم/دۆنم بووە بەلاّم بڕشتی یەك دۆنم لە هەرێم(٧٩٠,٥)كگم لە عێراق(٥٥١,٤)كگم بووە[1]، لە ساڵی ١٩٧٧دا لە هەموو پارێزگای موسڵ بڕی بەرهەم هێنراوی چەڵتوك(٣٣٨٥)تەن بووە ئەویش لە هەردوو قەزای ئاكرێ و شێخان بووە.[2] لە ساڵی١٩٧٨ ڕووبەری چێندراو لە پارێزگای كەركوك(٣٠٠)دۆنم بووە ،(١٤٠)تەن لەچەڵتوك بەرهەم هاتووە و بڕی برشت بۆ هەر دۆنمێك (٤٦٦,٧)كگم بووە، بەلاّم ڕووبەری چێندراو لە هەرێم(٦٠٠٠)دۆنم و لە عێراق(٢١٢٥٧٠)دۆنم بووە و بڕی بڕشت لە هەرێم(٣٠٢٠)تەن و لە عێراق(١٦٨٧٩٠)تەن بووەو لە هەرێم دا(٥٠٣,٤)كگم/دۆنم و لە عێراق (٧٩٤)كگم/دۆنم بەرهەم هاتووە.[3]

ب- بەروبوومی پیشەسازی:

ڕووبەری چێندراو بە پەموو لە قەزا كوردییەكانی پارێزگای دیالە لە ساڵی ١٩٧٥دا(١٢٦٣٣)دۆنم بووە، بەلاّم لە ساڵی١٩٨٩ دا لە پارێزگای كەركوك ڕووبەری چێندراو(١٨١٧٩)دۆنم بووە، بڕی بەرهەم(١٠٧٣٧)تەن بووە[4]،بەلاّم لە ساڵی ١٩٧٨دا ڕووبەری چێندراو بە لۆكە لە پارێزگاكەدا(١٤٣٤٦)دۆنم بووە

[1] - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة١٩٦٧، مصدر سابق، ص١٣٧.
[2] - محەمەد عەبدوڵلاّ، كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی كوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.
[3] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٦٨.
[4] - محەمەد عەبدوڵلاّ، كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی كوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩-٣٤٠.

و(٣٢٠٣)تەن بەرهەم هـاتووە، و بڕشـتیش(٢٢٣)کگـم/دۆنم بـووە[1]، هـەروەها ڕووبەری چێندراو بە لۆکە لە ساڵی٢٠٠٥ لە پارێزگـای کـەرکوك(٦٠٢٦٩)دۆنم بووە کە و بڕی(٢٦٧٤٧)تەن بەرهەم هاتوە کە بڕشـتی یـەك دۆنم(٤٤٣,٨)کگـم بووە[2]. دەبینین بە بەردەوامی ڕووبەری چێندراو بە پەموو لـە پارێزگـای کـەرکوك زیاد دەکات، دیارە ئەمە دەگەڕێتـەوە بـۆ داواکـاری زۆر لـە سـەر بـەرووبوومی پەموو، زیاد بوونی بڕی بڕشتیش لە دۆنمێکدا دەگەڕێتەو بۆ زیاد بوونی شارەزایی جوتیار لەبەرهەم هێنانی پەموو و پێشکەوتنی هۆکاری بەرهەم هێنان.

ت - بەروبوومە پاقلەییەکان[3]:

بەپێی ئاماری ساڵی١٩٧٨لە پارێزگای کەرکوك(١١١)دۆنم بە نۆك چێندراوە بەلاّم لەهەرێم(٢٤٦١٢)دۆنم و لە عێراق(٣٢٧٧٠)دۆنم بووە و بڕی بەرهـەم لـە پارێزگای کەرکوك و هەرێم و عێراق بریتی بووە لـە (٦)(٢٧١٦)(٣١٠٥)تـەن، ناوەندی بڕشتیش بۆ هـەر دۆنمێـك تـەنها(٥٤,٦)(١١٠,٣)(٩٤,٨)کگـم بـووە ڕووبـەری چـێندراوی لـە هـەمان سـاڵی ئامـاژە بـۆ کـراوی پارێزگـای کەرکوك(٤٥,٠٪)هەرێم و(٣,٠٪) عێراق بـووە، بەرهـەمیش(٢٢,٠٪)هـەرێم و(٢,٠٪)عێراق بووە.

هەروەها ڕووبەری چێندراو بە نیسك لەهەمان ساڵدا لە کەرکوك و هـەرێم و عێـــــراق(٣٣٦)(٢٢٧٠٧)(١٥٦٨٧) دۆنم بـــــووە و بـــــڕی بەرهەم(٢٠)(٤٧٠٩)(٣٧٦٦)تەن بەرهەم هێنـراوە، ناوەنـدی بڕشـت بـۆ هـەر دۆنمێك(٥٩,٥) (٢٠٧,٢) (٢٤٠)کگم بووە، بەلاّم ڕووبەری چێندراو بە ماش لە هەمان ساڵدا(٥)(٨٢٩)(٣٦٢٢٠)دۆنم بووە،بڕی بەرهـەم(٢) (١٠٧)(٥٠٥٧) تەن بووە و ناوەندی بڕشتیش بۆ هەر دۆنمێك(٤٠٠)(١٢٩)(١٣٩,٦)کگم بووە.

---

[1] - جمهورية العراق، وزارةالتخطيط ،الجهاز المركزي للاحصاء ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٧٠.

[2] - جمهورية العراق، وزأرة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥، مصدر سابق، ص٢٨.

[3] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٦٦و٦٩.

پ-   بەروبوومە چەورەکان:

ڕووبەر چێندراو بە کونجی لە پارێزگای موسڵ لە ساڵی١٩٧٧دا نزیکەی(٦٩٢)دۆنم بووە، لە کاتێکدا بەرهەم (٩٨)تەن بووە[1]، بڕشتی هەر دۆنمێکیش(١٥٥,٨)کگم بووە، بەلاّم ڕووبەری چێندرا بە کونجی لە پارێزگای کەرکوك و هەرێم و عێراق(١١٩)(٨١٨)(٧١٣٥٤) دۆنم بووە، و بڕی بەرهەم(٩)(١٢٤)(٨٥٠١)تەن بووە و بڕشتی هەردۆنمێك(٧٥)(١٥١,٦)(١١٩)کگم بووە.[2]

گوڵەبەڕۆژەش یەکێکی ترە لەو بەرو بوومانەی کە لە ناوچە دابڕاوەکان بەڕێژەیەکی زۆر دەچێندرێت، بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری بارودۆخی بەرهەم هێنانی گوڵەبەڕۆژە لە پارێزگای کەرکوك بەبەراود لەگەڵ سێ پارێزگاکەی هەرێم و باقی پارێزگاکانی تری عێراق. بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٤).

[1]- محەمەد عەبدوڵلاّ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٤.

[2] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء ١٩٧٨، مصدر سابق، ص٦٩.

## خشتەی ژمارە (٢٤)

## ڕووبەری چێندراو بڕی بەرهەم و بڕشتی بەرهەمی گوڵەبەڕۆژە لە پ. کەرکوك وسێ پ. هەرێم و باقی پ. عێراق لە هەر دۆنمێکدا (کگم)

| ساڵ | ڕووبەری چێندراو (دۆنم) | | | بەرهەم (تەن) | | | بڕشت (کگم/دۆنم) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨[١] | ١٥ | ٩٣١٠ | ٨٦٦٦* | ٢ | ٣٢٨٠ | ١٤٣٦ | ١٣٣,٣ | ٣٥٢,٣ | ١٦٥,٧ |
| ١٩٩١[٢] | ٣٦٨٧ | ٣١١٥١ | ٤٤٧٧٧ | ١٦١٣ | ٧٣٢٣ | ١٢٢٦٥ | ٤٣٧,٦ | ٢٣٥ | ٢٧٤ |
| ٢٠٠٣[٣] | ٢٥٣١ | - | ٧٨٨٩ | ١٠٩٦ | - | ٢٧٢٩ | ٤٣٣,٢ | - | ٣٥٠,٧ |
| ٢٠٠٤[٤] | ٤١٠٠ | - | ٣٢٦٨٢ | ١٧٩٤ | - | ١٢٠٨٥ | ٤٣٧,٦ | - | ٣٧٣ |
| ٢٠٠٥[٥] | ٢١٢٨٥ | - | ٤١٢٢٦ | ٩١٣٨ | - | ١٤٠٠٣ | ٤٢٩,٣ | - | ٣٦٦ |
| ٢٠٠٧[٦] | ١٣٥٧١ | - | ٣٤١٥٧ | ٥٩٥٠ | - | ١٢٦١٥ | ٤٣٨,٤ | - | ٣٨٥,٥ |

به سەرنج دان لە خشتەی ژمارە(٢٤)دەبیـــنین، ڕووبــەری چــێندراو بــە گوڵــە بەڕۆژە لەساڵی١٩٧٨دا کەمترین ڕووبەر بووە، بە جۆرێك تەنها ڕێژەکە (١٦,٠٪) ی هەرێم و(١٧,٠٪) عێراق بووە، بۆیە بەرهەمیش هەر زۆر کەم بووە، بەڵاّم لــە ســـــاڵی١٩٩١دا ڕووبـــــەری چـــــێنراو زیـــــاد دەکـــــات بـــــۆ(٣٦٨٧)دۆنم ئەمەش(١١,٨٣٪)(٨,٢٪) هەرێم وعێراق پێکدەهێنێت، بەڵاّم ڕێـژەی بەرهــەم (٢٢٪)و(١٣,١٥) تــەن بەرهـــەمی هـــەرێم و عێـــراق پێکـــدەهێنێت. لـــە

---

[١]- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٧٢.

* - بەرهەمی گوڵە بەڕۆژەی عێراق کۆی هەردوو بەرهەمی بەهارەو پایزەیە.

[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق، ص١١٥.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الأنمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٥٨.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٧٤.

[٥] - هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٦٧.

ســـاڵی٢٠٠٣و٢٠٠٤و٢٠٠٥و٢٠٠٧دا ڕووبـــەری چـــێندراوله پارێزگاکـــەدا (٣٢٪)(١٢,٥٪)(٥١,٦٪) (٣٩,٧٣٪)ی سەرجەمی ڕووبەری چێندراوی عێراقی پێـــك هێنـــاوە، بـــەلاّم بـــڕی بەرهـــەم لـــە پارێزگاکـــەدا (٤٠٪)(١٤,٨٪)(٦٥,٢٥٪)(٤٧,١٪)بەرهەمی عێراقی پێك هێناوە.

ج - سەوزە:

ڕووبەری چێندراو بە سەوزە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کە جیاوازە، بە هـۆی جیاوازی داواکاری لە سەری و ڕووبـەری تـەرخان کـراو بـەلاّم بەگشـتی هـەموو جۆرەکانی سەوزە چ زستانە بێت یان هاوینە لە قەراغی ناوەنـدە شارسـتانییەکان لە ناوچە دابڕاوەکان دەچێندرێت... لە پارێزگای کەرکوکیش سەوزە دەچـێندرێت، وەك (باینجان و تەماتەو خەیارو بیبەر و فاصولیا و سلّق و قەرنابیت و کەلەرم و سپی ناخ و پیاز...). بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٥).

لە خشتەی ژمارە(٢٥)دا دەبیـنن کـە(١١٥٠٥٣)دۆنم لـەپارێزگای کـەرکوك کراوە بە سەوزە و بڕی( ١٨٧٧٦٨) تەن لە سەوزەی هەمە جـۆر بەرهـەم هـاتوە، ناوەندی بڕشتی هەر دۆنمێك(١٦٣٢)کگم بووە .

لە ناوچەکانی موسڵ ئەو ڕووبەرانەی کە بـۆ سـەوزە تـەرخان کرابـوون، لـە دەوروبەری(٢٥٠٥٠)دۆنم بووە و بەرهەمی گشتیشـی لـە سـەوزەی هەمـە جـۆر نزیکەی(٦١١٢٣٨)تەن بووە لە ساڵی١٩٧٧ دا، لە ناوچەکانی دیالەش ڕووبەری تەرخان کراو بۆ جۆرەکانی سەوزە لە کەژی ١٩٧٥دا (١٠٣٩٧)دۆنم بووە[١]. بـەلاّم بۆ سەوزەی زستانە بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٦)کە ڕووبەری چێندرا و بەرهـەم لـە ناوچە موسڵ ڕوون کراوە تەوە.

[١]- محەمەد عەبدوڵلاّ، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

## خشتەی ژمارە(٢٥)

## ڕووبەری چێندراو و بڕشت و بەرهەمی ناوەندی هەندێك سەوزە لە پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ٢٠٠٥[١]*

| ناوی بەرهەم | ڕووبەری چێندراو دۆنم | % | بەرهەم(تەن) | % | ناوەندی بڕشت دۆنم /کگم |
|---|---|---|---|---|---|
| لوبیا | ٣٥٧٠ | ٦٧ | ١٥٨٢ | ٢,١ | ٤٤٣ |
| پاقلەی سەوز | ١٥٠٨٨ | ١١٢ | ٣٠٤٥٧ | ١٥,٦ | ٢٠١٨,٦ |
| شووتی تجمیعی** | ١٧٩٩٠ | ٩٤ | ٣٠٤٥٧ | ٥ | ١٦٩٤ |
| خەیارتجمیعی | ١٢٤٥٥ | ٥,٦ | ٢٥٤٦٨ | ٤,٨ | ٢٠٤٤,٨ |
| تەماتە تجمیعی | ١٩٣٩٥ | ٧,٢ | ٣٩٨٩٢ | 42, | ٢٠٥٦,٨,٨ |
| بیبەری تجمیعی | ٣٢٣٥ | ١٠,٦ | ٥٤٣٢ | ٧,١ | ١٦٧٩,١ |
| پیازی سەوز | ٤٧٠٠ | ٣,٣ | ٤٩٤٦ | ١,١ | ١٠٥٢,٣ |
| سلقی تەجمیعی | ٥٧٥ | ٣,٤ | ١٤١٩ | ٤,٤ | ٢٤٥٧,٨ |
| هی تر | ٣٨٠٤٥ | - | ٤٨٠٩٧ | - | - |
| سەرجەم | ١١٥٠٥٣ | - | ١٨٧٧٦٨ | - | ١٦٣٢ |

---

[١] - الجمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٥، مصدر سابق، ص٢٩.

* - ڕێژەکان هەڵەن ڕاستیەکەی بەم جۆرەیە، بۆ ڕووبەر چێندراو(٢,١و١٣,١و١٥,٦و١٠,٨ و١٦,٩و٢,٨١و٤,١و٥,٠و٢٢,١)، بەلاّم ڕێژەی بەرهەم بەم جۆرەیە(٠,٨٤و١٦,٢٢ و١٦,٢٣و١٣,٦و٢١,٢٤و٢,٩و٢,٦و٠,٧٦و٢٥,٦١). ناوەندی بڕشتیش بەم جۆرەیە(٤٤٣,١٣و٢٠١٨,٦٢و١٦٩٤و٢٠٤٤,٨و٢٠٥٦,٨١و١٦٧٩,١٣و١٠٥٢,٣٤و٢٤٦٧,٨٢و ١٢٦٤,٢١).

** - مەبەست بەروبومی زستانە و هاوینەیە .

**خشتەی ژمارە(٢٦)**

**ڕووبەرو بەرهەم هێنانی سەوزەی زستانە لە ناوچە*ی موسڵ لە ساڵی ١٩٧٧دا.[١]**

| قەزا | پانتایی | ٪ | بەرهەم/تەن | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ئاکرێ | ٤٠ | ٤,١ | ٩٢ | ٣,١٥ |
| شێخان | - | - | - | - |
| تەلکێف | ٤٨٦ | ٤٩,٨ | ٢٢٤٤ | ٧٦,٨٧ |
| حەمدانیە | ٢٦٠ | ٢٦,٦ | ١٩٥ | ٦,٧ |
| تەلەعفەر | ١١٢ | ١١,٥ | ٢٥٢ | ٨,٦٦ |
| شەنگار | ٧٨ | ٨ | ١٣٥ | ٤,٦ |
| سەرجەم | ٩٧٦ | ١٠٠ | ٢٩١٩ | ١٠٠ |

**ز- ڕەز و باخ :**

**وەك لە بەشی پێشوو دا ئاماژەمان پێ کرد ، گشت ناوچە دابڕاوەکان هەموو جۆرە میوەیەکی لێ بەرهەم دێت، بەڵام ڕووبەری چێندراو بڕی بەرهەمی داری میوەکان بە پێ ناوچەکان دەگۆڕێت.**

**بۆ نموونە ژمارەی دار هەنجیرەکان لە پارێزگای نەینەوا بە نزیکەی(٢٧١)هەزار دار دەخەملێندرێت، گرنگترین شوێنی چاندنی قەزای شەنگارە، دارەکانی بە شێوەی دارستانێکی چڕ دەڕوێن و پشت بە باران بارین دەبەستێت.[٢]بەڵام لە قەزای مەندەلی(١٣٤١٢٠) دارخورما و(٩٥٠٨٢) دار پرتەقاڵ و(١٧٥٣٦)دار لالەنگی هەیە[٣] بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر،بڕوانەخشتە ژمارە(٢٧).**

---

*- مەبەست ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوایە، کە ئێستا بەشێکن لە ناوچە دابڕاوەکان.

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦. وەرگیراوە لە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای نەینەوا، تۆماری ڕێکخراوەکانی ئامار لە ماوەی ١٩٥٨-١٩٧٧دا، بە بێ زانیاری تر.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨. وەرگیراوە لە خطاب العاني، (جغرافیة العراق الزراعیة) القاهرة، ١٩٧٢، ص٢٦٧.

[٣]- هەمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩. وەرگیراوە لە خالص الاشعب، گرفتی ئاوی مەندەلی، گۆڤاری کۆمەڵەی جیۆگرافی عێراق، بەرگی (٥)،چاپخانەی ئەسعەد - بەغداد، ساڵی١٩٦٩، ل٢٦.

بــه ڕەچــاو کردنـــی خشـــتەکە دەبیـــنین ژمـــارەی داری میوەکـــانی نێـــوان ساڵانی(١٩٧٨-١٩٨٧)وەکو یەکە، گۆڕانی تێدا ڕوو نەداوە لە ماوەی١٠ ساڵدا، ئەمەش بـۆ ڕامیـاری حکومــەتی بــەعس دەگەڕێتــەوە، کـە دەیویسـت هــەموو گوندەکان چوڵ بکات و دانیشـتوانەکەی دوور بخاتــەوە لــە زێـدی خۆیـان، نــەك خزمــەتیان بکــات و هاریکارییــان بکــات لــە بەرهــەم هێنــانی بــەرو بــوومی کشتوکاڵی، بەڵام لـە سـاڵی ١٩٨٩دا مـیری بـە ئاواتەکـەی دەگـات و زۆربــەی گونـــدەکانی پارێزگـــای کـــەرکوك چـــۆڵ دەکـــات و لـــە ژێرنـــاوی جیـــاواز دا دانیشتوانەکەی ڕادەگوێزێت بەرەو هەرێم و شارەکانی باشووری عێراق و هاتوچۆی گوندەکانیشـیان قەدەغــە دەکـات، بۆیــە دەبیـــنین لــەماوەی تــەنها(٢)ســاڵ دا (٢٩٠٠١٨١)دار لە ناو دەچن و دەفــەوتێن، کـە دەکاتــە(٩٩,٦٥٪)ســەرجەمی ژمارەی داری ڕەز و باخەکانی پارێزگاکە لە سـاڵی١٩٨٧دا، بــەڵام زیـاد بــوونی ژمارەی داری ڕەز ومیوەکان لە دوای ساڵی١٩٨٩وە بـۆ هێنــانی زیـاتری هــاوردە عەرەبەکان و داگـیر کردنـی مـاڵ و مـوڵکی کـوردو تورکمانــە ڕاگوێزراوەکــان دەگەڕێتەوە، بەشێکی کەم لە ڕەزو باخەکانیان بوژانــەوە، بــەڵام لــەماوەی شــەش ساڵی ڕابوردوو دا حکومەتی فیدراڵ هەمان هەڵوێستی نێـوان سـاڵانی ١٩٧٨-١٩٨٧ی بەعسی هەبووە بەرامبەر پارێزگای کەرکوك و کـاری بـۆ بووژاندنــەوەی کەرتی کشتوکاڵی ئەم پارێزگایە نەکردووە؟!

٢- سامانی ئاژەڵ :

ئاژەڵ:

سامانی ئاژەڵی بە تەواوکەری سامانی کشتوکاڵی ناوچە دابڕاوەکان دادەنرێت، بەهای ئابوری ناوچە دابڕاوەکان زیاتر دەکـات لــە خـوارەوە زیـاتر لــەم ســامانە دەدوێین:

وەك لە بەشی پێشوو ئاماژەمان پێکرد شوێن و ئاو هەواو جۆری خاك بەگشتی ناوچەکەی کردۆتە پاوانێکی گەورە بۆ لەوەڕانـدنی ئـاژەڵان، بــەڵام مــەڕ پشـکی سەرەکی ئاژەڵەکانی ناوچە دابڕاەکان پێك دەهێنێت، بۆ زانیاری زیـاتر لــە ســەر

ژمارەی ئاژەڵەکانی پارێزگای کەرکوك لە چاو پارێزگاکانی هەرێم و پارێزگاکانی تری عێراق، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢٨).

وەك لە خشتەی ژمارە(٢٨)دەبینین مەڕ بەرزترین ڕێژەی لە چاو ئاژەڵەکانی تر پێکهێناوە، هۆکاری زۆری ژمارەی مەڕ لە پارێزگای کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی ئاوهەوای پارێزگاکە بۆ بەخێوکردنی مەڕ، جگە لە کشان(زحف)ی بەردەوامی عەرەبی هاوردە بۆ ناوچەکە، وەك دەزانین بەشێکی زۆری ئەو عەرەبانە بەکاری ئاژەڵ داریەوە خەریك بوون و پیشەی سەرەکیشیان لەوەڕاندی مەڕبووە، پاشان بزن بە پلەی دووەم دێت..

ژمارەی مەڕ لەساڵی١٩٦٧دا لەپارێزگای کەرکوك،(١١٦,٩٪)مەڕەکانی هەرێم(٧,١٪)مەڕەکانی عێراق پێکدەهێنێت. بەلاّم لە سالاّنی دواتر دا پاش گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن بەعیسەکان و گۆڕانکاری سنووری کارگێڕی و تاوانەکانی ڕاگواستن ... ژمارەی مەڕەکانی پارێزگاکە کەم بووە بە جۆرێك لە نێوان سالاّنی(١٩٦٧-١٩٨٦)نزیکەی(٣١٪)ی سەرجەمی مەڕەکانی پارێزگاکە کەمی کرد.

**خشتەی ژمارە(٢٧)**

**ژمارەی هەندێك لە دارە میوەکانی پارێزگای کەرکوك و سێ پارێزگاکەی هەرێم و باقی پارێزگاکانی عێراق**

| ساڵ | مزرەمەنی | | | | | | سێو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨[1] | - | - | - | ١٢٠٠ | - | ١٠٣٣١٨٠٠ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧[2] | - | - | - | ١٢٠٠ | - | ١٠٣٣١٨٠٠ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩[3] | - | - | - | ٣٩ | - | ١٥٩١٠٤ | - | - | - | - | - | - |

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٧٥.

[2] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق ، ص٦٨.

[3] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٦٤.

| ساڵ | مزرەمەنی | | | | | | سێو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ٢٠٠١[1] | ٣٩ | - | ٣٥٩٢٥ | ٢٢٥٦ | - | ١٠٣٥٣٣٤٠ | ١١٠ | - | ١٧٣٩٨ | ٢٨٦١٠ | - | ٢١٤٧٧٢ |
| ٢٠٠٧[2] | ٣٩ | - | ٣٥٩٢٥ | ٢٢٥٦ | - | ١٠٣٥٣٣٤٠٠٠٠ | ١١٠ | - | ١٧٣٩٨ | ٢٨٦١٠ | - | ٢١٤٧٧٢٩ |

| | ناوك ڕەق | | | | | | مێو | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨[3] | - | - | - | ١٠٩٨٠٠ | ٣٦١٨٣٠٠ | ٧٧٤٠٨٠٠ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧[4] | - | - | - | ١٠٩٨٠٠ | ٣٦١٨٣٠٠ | ٧٧٤٠٨٠٠ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩[5] | - | - | - | ١١٦٤ | - | ١٠٣١٥ | - | - | - | ٨٠٩٣ | - | ١٥٧٢٠٨ |
| ٢٠٠١[6] | ٨٧ | - | ١٦٩٥٣ | ٥٧٣٠ | - | ١٤٣٨٠٢٠ | ٩٦ | - | ١٦٠٨٦ | ٢٨٠٣٧ | - | ١١٠١٧٠٣٥ |
| ٢٠٠٧[7] | ٨٧ | - | ١٦٩٥٣ | ٥٧٣٠ | - | ١٤٣٨٠٢٠ | ٩٦ | - | ١٦٠٨٦ | ٢٨٠٣٧ | - | ١١٠١٧٠٣٥ |

---

[1] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٨٤-٨٥.**

[2] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٧٧-٧٨.**

[3] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص٧٥.**

[4] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق ، ص٦٨.**

[5] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٦٤.**

[6] - **جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٨٤-٨٥.**

[7] **-جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٧٧-٧٨.**

| سالّ | چواله (اللوزيات والمكسرات) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | - | - | | - | - | |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ٣ | - | ٦١٦ | ٤٨٧ | - | ٨٦٩٠٨ |
| ٢٠٠٧ | ٣ | - | ٦١٦ | ٤٨٧ | - | ٨٦٩٠٨ |

| سالّ | میوەی تر | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.خاوەندارێتی | | |
| | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکو ك | کەرکوك |
| ١٩٧٨ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ |
| ٢٠٠٧ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ |

| سالّ | میوەی تر | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.خاوەندارێتی | | |
| | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك |
| ١٩٧٨ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ |
| ٢٠٠٧ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ | ١٠٨ |

| ساڵ | خورما | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.خاوەندارێتی | | |
| | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك |
| ١٩٧٨ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ |
| ٢٠٠٧ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ | ٧٠ |

| ساڵ | دار بۆ بەرهەمی تەختە | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.دارەکان | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨ | - | - | - | ٢٣٦١٦٠٠ | ٢٣٤٦٧٨٠٠ | ٩٣٠١٣٠٠ |
| ١٩٨٧ | - | - | - | ٢٣٦١٦٠٠ | - | - |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | - | - | ١٥٥٣ | - | - | ٦٤٠٠٣٤ |
| ٢٠٠٧ | - | - | ١٥٥٣ | - | - | ٦٤٠٠٣٤ |
| ساڵ | دارو دەوەنی جوانی | | | | | |
| | ژ.خاوەندارێتی | | | ژ.خاوەندارێتی | | |
| | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك | کەرکوك |
| ١٩٧٨ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٧ | - | - | - | - | - | - |
| ١٩٨٩ | - | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |
| ٢٠٠٧ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ |

| سەرجەم | | |
|---|---|---|
| پ. کەرکوک | سێ پ. هەرێم | باقی پ. عێراق |
| ٢٩١٠٢٠٠ | ٤٩٨٦٦٥٠٠ | ٧١٨٧٢٥٠٠ |
| ٢٩١٠٢٠٠ | ٤٩٨٦٦٥٠٠ | ٧١٨٧٢٥٠٠ |
| ١٠٠١٩ | - | ٧٢٠٧٣٩ |
| ٨٥٣٢٠ | - | ٤١٨٦٢٥٣٨ |
| ٨٥٣٢٠ | ٢,٠٪ی عراق | ٤١٨٦٢٥٣٨ |

## خشتەی ژمارە(٢٨)

## ژمارەی ئاژەڵەکان لە پ. کەرکوک وسێ پ. هەرێم و باقی پ.عێراق (سەر)[١]

| ساڵ | مەڕ | | | بزن | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوک | هەرێم | عێراق | پ.کەرکوک | هەرێم | عێراق |
| ١٩٦٧[٢] | ٧٠٠٠٠٠ | ٥٩٨٧٣٤[٣] | ٩٧٤١٤٧١ | ٣٠٠٠٠٠ | ٥٩٠٥١٢ | ٩٥٤٩٧٦ |
| ١٩٧١ | ٤٧٢٢٠٤ | - | - | ١٩٦٩٠٤ | - | - |
| ١٩٧٨[٤] | ٤٧٣٥١٣ | ٧٥٠٤٢٧ | ٨٤٩٩٣٦٩ | ١١٤٥٦١ | ٥٣١٤٣٧ | ١٤١٢٣٣٠٧ |
| ١٩٨٦ | ٤٨١٥٢٠ | - | - | ٧١١٧٣ | - | - |
| ٢٠٠١ | ٥٥٣٤٣٣ | - | - | ٥٤١٤١ | - | - |

١ - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتنكلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية لمحافظة كركوك٢٠٠٥، مصدر سابق، ص٣٠.

٢ - الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة١٩٦٧، مصدر سابق، ص١٨٠.

٣- تەنها هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، لە بەر ئەوەی لەم ساڵەدا دهۆك قەزایەك بوو لە پارێزگای نەینەوا و نەبوو بوو بە پارێزگا.

٤ - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء١٩٧٨، مصدر سابق، ص٨٧.

| ساڵ | مانگا | | | گامێش | | | حوشتر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٦٧ | ٩٠٠٠٠ | ٠٥٩٨٨ | ٥٨٩٣٥ | ٢٢٠٥ | ٣٤٧٥ | ١٨٩٤٢ | ٤٠٠٠ | ٤٧ | ١٩٧٧٩٢ |
| ١٩٧١ | ٥٨٦٦٠ | - | - | ١١٠٢ | - | - | ٢٠٠ | - | - |
| ١٩٧٨ | ٤٨٤٦٤ | ٣١٩٩٩ | ١٧١٥٤ | ١٨٥٠ | ١٩٨٤ | ٦٦٥١٨ | - | - | - |
| ١٩٨٦ | ٥٩٣٢٨ | - | - | ١٨٢٧ | - | - | - | - | - |
| ٢٠٠١ | ٧٢٠٦٢ | - | - | ١٣٢٦ | - | - | ٧٣٤ | - | - |

**بزن- یش لە ساڵی١٩٦٧دا ڕێژەی(٥٠,٨٪)(٣١,٤٪)بزنی هەرێم وعێراقی پێك هێناوە، بەلاّم لە ساڵی١٩٧٨دا ڕێژەکە دەبێت بە(٢١,٥٪)(٠,٨٪)ی بزنی هەرێم و عێراق ،جگە لەوەی کە لە نێوان ساڵی١٩٦٧-١٩٨٦دا بە ڕێژەی(٧٦,٢٪)دادەبەزێت. ئەمەش لەبەر هەمان هۆکارەکانی پێشوو.**

**بە ڕەچاو کردنی خشتەکە دەبینین ئاژەڵەکانی دیکەش ژمارەکەیان کەم بۆتەوە ئەمەش لە بەر هەمان هۆکارەکانی پێشوو.**

**دووەم: پیشەسازی**

**پێشتر ئاماژە بە بوونی کەرتی پیشەسازی کرا لە ناوچەکەدا، تا سەرەتای سەدەی ڕابوردوو پیشەسازی سووك لە ناوچەکەدا بوونی هەبووە، بەلاّم پاش هاتنی بەریتانییەکان و دواتر، دروست کردنی دەوڵەتی عێراق و دەرهێنانی نەوت چەندین پیشەسازی لە ناوچەکەدا بنیات نرا، لێرەدا هەوڵ دەدەین کەمێك لەم کەرتە بدوێین:**

**ژمارەی کارگە کەورەکان لە ساڵی١٩٦٦دا لە پارێزگای کەرکوك(٤١)کارگە بوو، کە(١٧٧٣)کرێکارکاریان تیادا کردووە، بڕی بەهای بەرهەم(١٧٢١٣٧١)دینار چاپی سویسری بووە[1]، بەلاّم ژمارەی سەرجەمی**

[1] - جمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء والدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٧، مصدر سابق، ص١١٢٨.

**کارگـــەکان لـــە پارێزگـــای کـــەرکوک لـــە ســـاڵی ٢٠٠٤دا(٨٠٧)کارگەیـــە و(٣٤٢٤)کـــەس کـــاری تێـــدا دەکـــەن و بـــڕی بـــەهای بەرهـــەمیان دەگاتـــە (٥٣٦٨٧٣٩٥)هەزار دینار، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر جۆری کارگەکان و ژمارەی کرێکارەکان و بڕی بەهای بەرهەمیان لە خوارەوە زانیـاری زیـاتر دەدەیـن بڕوانـە خشتەی ژمارە(٢٩).**

**خشتەی ژمارە(٢٩)**

**ژمارەی کارگە و کرێکارو بەهای بەرهەم(هەزار دینار)بۆ پیشەسازی مام ناوەند لە پ.کەرکوک و سێ پ.هەرێم وباقی پ.عێراق لە نێوان ساڵەکانی (١٩٩١-٢٠٠٦)**

| ساڵ | ژمارەی دامەزراوە | | | ژمارەی کرێکار | | | بەهای بەرهەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق | کەرکوک | هەرێم | عێراق |
| ١٩٩١[1] | ١ | - | ٢٢٠ | ١٧ | - | ٣٢٤٦ | ٣٩٩ | - | ١٠٩٩٨٧ |
| ٢٠٠٢[2] | ٨ | - | ٧٢ | ٨٧ | - | ١١٥٠ | ٢٨١٢٥٠ | - | ٩٩٩٠٨٩١ |
| ٢٠٠٣[3] | ١١ | - | ٦٨ | ١٣٣ | - | ١٢٧٤ | ٨٨٠٠٨٧ | - | ١٠٩٢١١٨١ |
| ٢٠٠٤[4] | ١٧ | - | ٧٥ | ٢٣٠ | - | ١٤٣٨ | ٢٩٦٣٧٢٨ | - | ٢٠٧٠٧٠٤٦ |
| ٢٠٠٥[5] | ١٣ | - | ٦٣ | ١٧٧ | - | ١٢٢٠ | ٣٥٠٧٠ | - | ٢٤٣١٣٥٧٦ |
| ٢٠٠٦[6] | ١٣ | - | ٣٩ | ١٨٥ | - | ٧٧٥ | ٣١٦٧٤١٥ | - | ١٦٣٤٨٣٢٠ |

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق، ص١٦٤.

[2] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص٩٧.

[3] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص١٤٠.

[4] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي ، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص١٣٩.

[5] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص١٣٨.

[6] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص١١٦.

به ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(٢٩)دەبینین ڕێژەی کارگە مام ناوەنـدەکان لـە پارێزگای کەرکوك زیادی کردووە، بۆنموونە لە ساڵی ١٩٩١دا، تەنها(١)کارگـەی مام ناوەند لەپارێزگاکەدا بوونی هەبووە، ئەمـەش دەکاتـە(٤٥,٠٪)سـەرجەمی کارگـەکانی عێراق،بـەلاّم لـە سـاڵی٢٠٠٦دا ژمـارەی کارگـەکان دەبێـت بە(١٣)کارگە و ڕێژەکـە زیـاد دەبێـت بـۆ(٣٣,٣٪)ی سـەرجەمی کارگـەکانی عێراق. و داهاتیش بە بەردەوامی ڕوو لە زیاد بوون دەکات...

بۆ زانینی ڕێژەی ژمارەی کارگە بچووکەکان لە پارێزگای کەرکوك بە بـەراورد بە هەرسێ پارێزگاکەی تری هـەرێم و بـاقی پارێزگاکـانی تـری عێـراق. بڕوانـە خشتەی ژمارە(٣٠).

**خشتەی ژمارە(٣٠)**

**ژمارەی کارگە و کرێکارو بەهای بەرهەم(هەزار دینار)بۆ پیشەسازی بچووك لە پ.کەرکوك وسێ پ.هەرێم وباقی پ.عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨ - ٢٠٠٦)**

| ساڵ | ژمارەی کارگە | | | ژمارەی کرێکار | | | بەهای بەرهەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٦٦[١] | ١٦٦٢ | ١٧٤٢* | ١٩١٦٥ | ٣٠٩٠ | ٣٣٢٣ | ٣٩٧١١ | ٥٧٣٢٦٧٦٠٠ | ٥٠٨٤٦٧٦٦٠٠ | ٧٨٦٥٠٠٢٨٠٠ |
| ١٩٧٨[٢] | ٧٢٨ | ٣٨٦٣ | ٣٥٩٨٨ | ١٤٣٩ | ٨١٧٦ | ٨٣٢٥١ | ١٤٧١٥٠٠٠٠ | ٢٣٥٠٥٠٠٠٠ | ٣٧١٦٥٥٠٠٠٠ |
| ١٩٩١[٣] | ١٩٧٦ | - | ٣٨٤٢٢ | ٤٠٧٤ | - | ٨٠٥٩٣ | ٤٢٣٠٥ | - | ١٧٥٩٩٢٨ |
| ٢٠٠١[٤] | ١٢٨٧ | - | ٦٧٨٠٣ | ٢١٥٠ | - | ١٤٠٥٧٤ | ٥٣٧٠١٣٥ | - | ٤٦٤٢٣٧٨٣٤ |
| ٢٠٠٣[١] | ٥٣٤ | - | ١٧٣٩٥ | ١٥٢٦ | - | ٤٨٦٨١ | ١٢٨١٥٠٨٤ | - | ٤٠٠٩١٤٧٩٣ |

[١] - جمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٧، مصدر سابق، ص١٢٨.

* - تەنها هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، لەبەر ئەوەی لەم ساڵەدا دهۆك قەزایەك بوو لە پارێزگای نەینەوا و نەبوو بوو بە پارێزگا.

[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص١٢٢.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق، ص١٦٩.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٠٢.

| ساڵ | ژمارەی کارگە | | | ژمارەی کرێکار | | | بەهای بەرهەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ٢٠٠٤[2] | ٨٠٧ | - | ١٦٧٩٢ | ٣٤٢٤ | - | ٦٠٩١٤ | ٥٣٦٨٧٣٩٥ | - | ٧٦٢٢٩٠٤٥٠ |
| ٢٠٠٥[3] | ٥٠٤ | - | ٩٥٨٤ | ٢١٠٠ | - | ٣٤٢٧٩ | ٤٦٣٧٨٦٢٤ | - | ٦١٢٢٧٦٧٣٧ |
| ٢٠٠٦[4] | ٦٤٨ | - | ١٠٩٧٢ | ٢٧١٢ | - | ٤٣٧٨٢ | ١٢٧٢٠٣٤٧٧ | - | ١٠٥٣٢٠١٧٤٣ |

**بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(٣٠)دەبینین کە ژمارەی کارگە بچووکەکان بەردەوام لە کەم بوونەوەدایە، بۆ نموونە لە ساڵی١٩٦٦دا کارگە بچووکەکانی پارێزگای کەرکوك(١٦٦٢)کارگە بووە، واتە(٩٥,٤٪)(٨,٧٪)کارگەکانی هەرێم و عێراقی پێك هێناوە بەلاّم لە ساڵی١٩٨٧دا ژمارەی کارگەکان بە ڕێژەی(٥٦٪)کەم دەکات و دەبێت بە(٧٢٨)کارگە، ڕێژەکەی لەچاو هەرێم و عێراق دەبێت بە(١٨,٨٪)(٢٪)بێگومان ئەمەش هۆکاری ڕامیاری لە پشت بووە، لە دوای پرۆسەی ئازادیەوە جۆرێك لە گەشە کردنی بە خۆیەوە دەبینێت، لە ساڵی ٢٠٠٦دا ژمارەی کارگەکان دەبێت بە(٦٤٨)کارگە، و(٦٪)ی کارگەکانی عێراق پێکدەهێنێت.بەلاّم بە گشتی ژمارەی کارگەکان ڕوو لە کەم بوونە، ئەگەر بەراوردی ژمارەی کارگەکانی سالاّنی(١٩٦٦-٢٠٠٦)بکەین دەبینین کارگەکان بە ڕێژەی(٦١٪)کەم دەکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە لە سایەی ڕژێمی بەعسەوە بەسەر کەرکوك هات وەك ڕاگواستن و بەسەربازی کردن و بە بەعسی کردن.... کۆکردنەوەیان لە کەرتی خزمەت گوزاری بەمەبەستی خزمەت کردن بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێم...**

**ژمارەی کارگەکانی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٥دا(٢١٠٦)کارگە بووە و بڕی داهات(١٧٢,٦٦٥,٣١٠)ملیۆن دینار بووە، بەلاّم لە ساڵی٢٠٠٦ ژمارەی کارگەکان دەبێت بە(٢٨٢٦)کارگە و داهات لە هەمان ساڵ**

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص١٤٩.

[2] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدرسابق، ص١٤٨.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل١٤٧.

[4] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٧، مصدر سابق، ص١٢١.

دا(٣٣٩,٦٣٥,٨٧٦)ملیۆن دیناربووه[١]، ژمارەی کارگەکانی کەرتی تایبەتی هەرێم لە ساڵی٢٠٠٧دا ٣٣٦٣کارگە بووە(٢٤٢٢٩)کرێکار کاریان تێدا کردووە بڕی دەست مایەیان(124,017,656,873)هەزار دینار بووە[٢]. لە ساڵی٢٠٠٨دا، ژمارەی کارگە گەورەکان لە هەرێم دا(٨٥)کارگە بووە واتە ڕێژەی(٤,٦٪)کارگەکان، کارگەی مام ناوەندەکان(٢١٦)کارگە بووە واتە(١١,٦٪)کارگەکان، و کارگە بچووکەکان(١٥٦٢)کارگەبووە واتە بەڕێژەی(٨٣,٨٪)ی کارگەکان[٣]... پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی لەهەرێم دەگەڕێتەوە بۆ هاریکاری حکومەت و سەقامگیری ئاسایش و دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان... گرنگترین پیشەسازی لە ناوچە دابڕاوکان بریتییە لە پیشەسازی پەترۆکیماوی:

## پیشەسازیی پەترۆکیمایی

پیشەسازی پترۆکیماییەکان بە گرنگترین پیشەسازی ناوچە دابڕاوەکان دادەنرێت، و بە یەکێك لە گەورەترین شا دەمارەکانی ئابوری نەك هەرێم بەڵکو عێراقیش هەژمار دەکرێت، پیشەسازی نەوت یەکێکە لەو پیشەسازییانەیە کە بە گەڕان و پشکنین دەست پێدەکات تا بەبازاڕ گەیاندنی بەرهەمەکان کۆتایی دێت، کە ئەوانیش خۆیان لەپاڵاوگە نەوتیەکانی دەبینێتەوە کە بریتین لە پالاوگەی نەوتی ئەلوەند کەلە ساڵی١٩٢٧ لێدراوە و ڕۆژانە(٤٢٥٠)بۆشك(بەرمیل-تویژەر)بەرهەم هێنراوە پاشان لە دواییدا بۆتە(٦٠٠)تەن لە ساڵێکدا[٤]، هەروەها پالاوگەی کەرکوك لە ساڵی١٩٢٩ دروست کرا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە بوونیات نرا بە وزەی بەرهەم هێانی سالانە(١٥٠)هەزار تەن نەوتی خاو بۆ بەرهەمی هێنانی نەوتی سپی و زەیتی سوتەمەنی و زەیتی گاز[٥]، پاشان لە ساڵی١٩٧٧دا فراوان کرا،

[1]_ http://www.mop_krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsIndustry&id=404

[2]_ http://www.mop_krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsIndustry&id=470

[3]_ http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14751&LinkID=69

٤ - محمد ازهر السماك و آخرون، العراق دراسة اقليمية، مصدر سابق، ص٢١٣.

٥ - سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان عێراقدا، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢١. وەرگیراوە لە: عبد خلیل فضیل واحمد حبیب رسول، جغرافیة العراق الصناعیة، چاپخانەی زانکۆی موسڵ، ساڵی١٩٨٤، ص٢٠٩.

ئێستا(٤٢)ملیۆن گالۆن نەوتی سپی و(٣٠)ملیۆن گالۆن زەیتی گاز و(١٠٧)ملیۆن گالۆن نەوتی ڕەش بەرهەم دەهێنێ[١]. جگە لە کارگەکانی تری پترۆکیمیاوییەکان[*]کە چ پێکهێنەرەکانی نەوت و گازی سروشتییان تیا بەکار دێت وەك کەرەستەیەکی خاو وەك پرۆژەی پۆختەکردنی گۆگرد لە گازی سروشتی کێڵگەکانی کەرکوك و دەرهێنانی پرۆبان و پرۆبینی پاشماوەی گازەکە و ناردنی بۆ کارگەی تاجی(١٢٠)هەزار تەن لە گۆگرد و(٢٨٥)هەزار تەن لە ئەلبوتو گاز بەرهەرم دەهێنێت و ڕۆژانە(٨٢)ملیۆن پێ چوارگۆشە گازی تیا بەکار دەبرێت.[٢]لە ٢٠٠٩دا بڕیار لەسەر دروست کردنی پالاوگەیەکی نەوت لە خۆرئاوای کەرکوك درا، بە توانای بەرهەم هێنانی ١٥٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.[٣]

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نەوتی بەرهەم هێنراوی هەندێ لە کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە دابڕاوەکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٣١).

---

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.

[*] - نەوت و گازی سروشتی گرنگی یەکی لە ڕادەبەردەیان هەیە چوونکە سەدان جۆر لە بەرهەمی تریان لێ ئامادە دەکرێت بۆ نموونە: ٣٥٠ مادەی کیمیاوی سەرەکی تەواو یان پێکهاتەی نەوت بەکاردەهێنرێت لە ئامادەکردنی بەرهەمی هەمەجۆرکە بە(١٥٠٠)بەش پۆلێن دەکرێن. حكمت سامي سليمان، نفط العراق، مطبعة دار الرشيد للنشر، سنة١٩٧٩، ص٢٦٨.

[٢] - عبدالمنعم عبدالوهاب و اخرون، جغرافية النفط و الطاقة، مصدر سابق، ص٤٣٢.

[٣] - عیمران قانوونی، ڕۆژانە ١٥٠هەزار بەرمیل دەپاڵێوی.. پرۆژەی دروستکردنی پالاوگەیەکی نەوت لە کەرکوك دەستی پێکرد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٣٢٣٢)،٢٣ی تەمووزی٢٠٠٩،ل٤.

## خشتەی ژمارە(٣١)

## بەرهەمە نەوتییەکانی هەندێك لە کێڵگەکانی ناوچەدابڕاوەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠-١٩٩٤/هەزار بەرمیل[1]

| کێڵگە | لە نێوان ساڵانی | هەزار بەرمیل | |
|---|---|---|---|
| | | ڕۆژانە | بەرهەم |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی عەین زالە | ١٩٧٥-١٩٥٢ | ٢٧٠-٦٠ | ١٩٦٧٢١٩١ |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی کەرکوك* | ١٩٩٧٥-١٩٤٦** | ١٧٣٤٥-٢٠٠ | ٧٩٠٢٥٠٧٧٧ |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی بای حەسەن | ١٩٧٥-١٩٦٠ | ٦٠٠-٨٣ | ١٩٨٢٨٦٢٩ |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی خۆرهەڵاتی نەفت خانە | ١٩٩٤-١٩٤٠*** | ١٨٢-١٥ | ١٣٠٠٣٤٢ |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی خۆر ئاوای نەفت خانە | ١٩٥٧-١٩٤٠**** | ١٢٢-٤ | ٢١١١٥٩٥ |
| بەرهەمی نەوتی خاوی کێڵگەی نەوتخانە | ١٩٨٦-١٩٤٠***** | ١٤٠٩-١٩ | ٣٦٩٥٤٨٩٢ |

[1] - عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیا ئابوریی نەفت لە کوردستاندا،چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢، ل٣٤٢-٢٥٤. بەدەست کاریەوە، وەرگیراوە لە( oil&gas journal,dec,1940-1994.1940-1975.1946-1975.1941-1977.1952-1975.1960-1975.1977-1986.)

* - قەبارەی نەوتی یەدەگی کەرکوك لە کێڵگە بەرهەم هێنراوەکان(١٥٤٧٢,٤٥٦)ملیۆن بەرمیل، و لە کێڵگە دۆزراوەکان(٣١٣٠)میلیۆن بەرمیلە، واتە ئەم پارێزگایە زۆر دەوڵەمەندە بەنەوت، ئەگەر کێڵگەی نەوتی نوێ لەم پارێزگایەدا نەدۆزرێتەوە، ئەوا ئەو نەوتەی لە پارێزگاکەدا هەیە ڕۆژانە یەك ملیۆن بەرمیلی لێ دەربهێنرێت ئەوا بەشی(٥٠)ساڵی تر دەکات..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سلوی توفیق محمد، صناعة استخراج وتكرير النفط في محافظةكركوك للمدة(١٩٧٣-٢٠٠٣)دراسة في جغرافية الصناعة، رسالة مقدمة الي مجلس كلية الاداب في جامعة صلاح الدين/اربيل كجزء من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية، غير منشور، ٢٠٠٧،ص١١٣.

** - داتای ساڵانی١٩٤٠-١٩٤٦ لە بەردەست دا نەبووە.

*** - داتای ساڵانی١٩٤٠-١٩٤٦و١٩٥٦-١٩٥٧و١٩٩٤ داتا لە بەردەست دا نەبووە.

**** - داتای ساڵانی١٩٤٠-١٩٤٦و١٩٥٠-١٩٥١ لەبەردەست دا نەبووە.

***** - داتای ساڵانی١٩٤٠-١٩٤٦لەبەردەست دا نەبووە.

## سێیەم : گەشت و گوزار

بۆ زانینی بارودۆخی گەشت وگوزار لە چەند ساڵێکی جیاواز لە پارێزگای کەرکوك بە بەراورد بە سێ پارێزگاکەی تری هەرێم و باقی پارێزگاکانی تری عێراق بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٢).

بە ڕەچاو کردنی خشتەی ژمارە(٣٢)دەبینین ئەم کەرتە لە پارێزگای کەرکوك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دواوەوەیە، بارودۆخی ئێستای نا جێگیری ئاسایش و ڕامیاری کەرکوك یارمەتی دەر نییە بۆ بە گەڕخستنی پیشەسازی گەشت و گوزار ڕاکێشانی گەشتیاران بۆی، بۆ زانینی ڕێژەی گەشتیاران لە پارێزگای کەرکوك لە نێوان ساڵانی(١٩٧٨ -٢٠٠٦)بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٣).

ئەگەر بڕوانین لە خشتەی ژمارە(٣٣)، بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی گەشتیارەکان لە ساڵی١٩٧٨دا بەرزترین ڕێژەی پێکهێناوە. بەڵام لەساڵانی دوا تردا ڕێژەکە دادەبەزێت ئەویش بە هۆی ئەوەی عێراق لە جەنگدا بووە، بەڵام بە ڕووخانی حکومەتی بەعس و دابین کردنی جۆرێك لە ئازادی، ژمارەی دابەزیوەکان لە ئوتێل وشوێنە گەشت و گوزارییەکان ساڵ لە دوای ساڵ لە بەرزبوونەوەدایە، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان دا ئەم کەرتە لەچاو شوێنەکانی تری عێراق دا گەشەیەکی یەکجار گەورەی بە خۆیەوە بینیوە و سەدان هەزار کەس گەشتی بۆ کردوون، بۆ نموونە تەنها ئوتێل ومۆتێلەکانی هەرێم زیاد لە١٥٣[١] ئوتێلەلە ساڵی ٢٠٠٩دا،بەڵام تەنها لە شاری سلێمانی دا(٢٩٥)شوێنی گەشت[٢]و گوزاری جۆراوجۆر هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش و پەرەدانی حکومەتی هەرێم بەم بوارە، بەڵام بە گشتی

---

[١]- أ- زانیاریەکانی سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای گەشت و گوزاری سلێمانی وەرگیراوە لە بەرواری ٩ی ئەیلولی٢٠٠٩.

b_ http://www.hawlergov.org/articles.aspx?page=articles&c=Hotels&id=205

c_ هەمان سەرچاوەی پێشوو

http://www.hawlergov.org/articles.aspx?page=articles&c=Hotels&id=205

d_ http://www.duhokgov.org/kurdi/index.php?action=hotels

[٢] - زانیاریەکانی سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای گەشت و گوزاری سلێمانی وەرگیراوە لەبەرواری ٩ی ئەیلولی ٢٠٠٩. سەرچاوەی پێشوو.

گەشتیارە دابەزیوەکان عێراقین. بۆ زانینی بارودۆخی گەشت گوزار لەپارێزگای کەرکوک لە نێوان ساڵانی(١٩٧٨-٢٠٠٦)بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٤).

**خشتەی ژمارە(٣٢)**

**ژمارەی ئوتێلەکانی پ.کەرکوک وسێ پ.هەرێم و باقی پ.عێراق بە پێی پۆڵێنی پلەکانیان لە نێوان ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٦).**

| ساڵ | پلە | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | سەرجەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نایاب | | | یەکەم | | | دووەم | | | سێیەم | | | چوارەم | | | پێنجەم | | | هی تر | | | | | |
| | ٥ئەستێرە | | | ٤ئەستێرە | | | ٣ئەستێرە | | | ٢ئەستێرە | | | ١ئەستێرە | | | گشتی | | | | | | | | |
| | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. | ک. | ه. | ع. |
| ١٩٩١[1] | ١ | - | ١ | ٤ | - | ٦ | ١ | - | ٦ | ٦ | - | ١ | ٢ | - | ٧ | ٢ | - | ٧ | - | - | ٣ | ٤ | - | ١ |
| ٢٠٠٣[2] | ١ | - | ٢ | ٣ | - | ٥ | ٣ | - | ٩ | ٣ | - | ١ | ١ | - | ١ | ٢ | - | ٤ | ٠ | - | ٠ | ٤ | - | ٨ |
| ٢٠٠٤[3] | ١ | - | ٣ | ٤ | - | ٤ | ٢ | - | ٩ | ٤ | - | ١ | ٢ | - | ١ | ٢ | - | ٢ | ٠ | - | ٠ | ٣ | - | ٨ |
| ٢٠٠٥[4] | ٠ | - | ٥ | ٤ | - | ٣ | ٢ | - | ٧ | ٤ | - | ٨ | ٢ | - | ٨ | ٢ | - | ٣ | ٠ | - | ٠ | ٣ | - | ٦ |
| ٢٠٠٦[5] | ٠ | - | ٣ | ٤ | - | ٣ | ١ | - | ٩ | ٤ | - | ٧ | ٢ | - | ٨ | ٢ | - | ١ | ٠ | - | ٠ | ٣ | - | ٤ |

[1] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط ، الجهاز المركزي للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٩٢ ،مصدر سابق، ص٢٢٠.

[2] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٥١.

[3] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٤٥.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٥٤٤.

[5] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٤٤٧.

## خشتەی ژمارە( ٣٣)

## ژمارە شوێنە گەشتیاریەکان و ژمارەی ژوورو ژمارە و خێزانە دابەزیوەکان لە پارێزگای کەرکوك و سێ پارێزگاکەی هەرێم و باقی پارێزگاکانی تری عێراق لە نێوان سالأنی(١٩٧٨-٢٠٠٦).

| سال | سەرجەمی شوێنە گەشت و گوزاریەکان | | | ژمارەی ژوور | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دابەزیوو | | | هی تر | | |
| | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٩٧٨[١] | ٣١ | ١٠٤ | ١٢٥٠ | ٦٩١ | ١٦٤٤ | ٢١٤٠٥ | ٦٤ | ٢٤٧ | ٢٤٦٠ |
| ١٩٨٧[٢] | ٤١ | ١١٠ | ١٦٢١ | ٩٤٦ | ٢٤٦٦ | ٣٧٢١٦ | ١٨٧ | ٣٨٠ | ٤٣٨٣ |
| ٢٠٠٣[٣] | ٤٠ | - | ٨٥٤ | ٩٠٥ | - | ٢٠٣٢٠ | ٢٥٧ | - | ١٥٣٥ |
| ٢٠٠٤[٤] | ٣٦ | - | ٨٠٢ | ٨٦٢ | - | ٢٢٣٥١ | ١٤٦ | - | ١٧٣٣ |
| ٢٠٠٥[٥] | ٣٨ | - | ٦٧٧ | ٨٣٤ | - | ٢١٣٧٢ | ١٣٠ | - | ١٨٠٣ |
| ٢٠٠٦[٦] | ٣٦ | - | ٤٦٩ | ٧٨٦ | - | ١٤٢٧٢ | ١١٨ | - | ١٠٧٦ |

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص١٥٩.

[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مصدر سابق، ص١٤٨.

[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٥٠.

[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٤٣.

[٥] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٢.

[٦] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٤٤٦.

| ژماره خێزانی تایبەت بە دابەزیوو | | | خێزانی دابەزیو (جێگە /نەفەر) | | | ژمارەی دابەزیو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق | کەرکوك | هەرێم | عێراق |
| ١٨٤٥ | ٤٦٨٤ | ٦٠٢٠٢ | ٤٩٤٣٩٧ | ٨٥٥٨٣٢ | ١٣٣٨٩٧٧ | ١٤٣٤١٠ | ٤٠٣٩٩٩ | ٣٠٨٢٩٤٠ |
| ٢٤١٩ | ٥٩٣٧ | ٩١٦٧٦ | ٥٢٨١٥٣ | ٥٤٥١٤٤ | ١٧٧٥٥٠٥ | ١٤١٠٦٣ | ٢٥٢٤١٧ | ٣٢١٢٩٦٥ |
| ١٩٣٢ | - | ٤٨٣٤٠ | ١٦٣٨٦٧ | - | ٨٠٠٩٧٩٠ | ٩٢٥٦٩ | - | ٢٥٦٢٩٩٤ |
| ١٨٤١ | - | ٥٠٥٨٥ | ٢٠٨٩٢٣ | - | ٤٠٣٩٦٩٠ | ١٢٠٦٤٧ | - | ١٧٥٧٥٩٨ |
| ١٧٩٤ | - | ٤٦٨٣٢ | ٢٢٤٩٢٠ | - | ٣٤٤٣٤٠٤ | ١٠١٩٨٤ | - | ١٩٠٠٦٢٣ |
| ١٦٨٨ | - | ٣٣٦٢٠ | ٢٣٥٨٤٨ | - | ٣٦٩٢١٧١ | ١٣١١٧٢ | - | ١٣٠٢٩٠٨ |

## خشتەی ژمارە(٣٤)
## دابەش بوونی میوانانی دابەزیو لە ئوتێلەکان بە پێ ناسنامە

| ساڵ | عێراقی | | |
|---|---|---|---|
| | ك. | هـ. | ع. |
| ١٩٧٨[١] | ١٣٨٤١٤ | ٣٨٩١٨٧ | ٢١٧٤١١٢ |
| ١٩٨٦[٢] | ١٠٧٠٨٢ | ٢٢٥٩٢٧ | ١٨٦١٨٣٧ |
| ١٩٩١[٣] | ٨٥٦٤٧ | - | ٢٣٣٧٦٥٤ |
| ٢٠٠٣[٤] | ٩١٠٦٦ | - | ١١٦٩٠٩٤ |
| ٢٠٠٤[٥] | ١١٩٦٨٣ | - | ١٣٧٦٧٢٨ |
| ٢٠٠٥[٦] | ١٠١٨٧٦ | - | ١٧٩٧٨٧٨ |
| ٢٠٠٦[١] | ١٣١١٧٠ | - | ٧٨٥٠٨٣ |

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٨، مصدر سابق، ص١٦٠.
[٢] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٧، مصدر سابق، ص١٤٩.
[٣] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مصدر سابق، ص٢٢٥.
[٤] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٤، مصدر سابق، ص١٥٤.
[٥] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠٠٥-٢٠٠٦، مصدر سابق، ص٥٥١.
[٦] - هەمان سەرچاوە، ل٥٥٠.

| سالّ | عەرەب | | |
|---|---|---|---|
| | ك. | هـ. | ع. |
| ١٩٧٨ | ٣٣٤٦ | ١١٠٠٦ | ٥٨٢٨٨٦ |
| ١٩٨٦ | ٣٠٩٩٨ | ٢٤٧٢٥ | ١٠٨٤٤١٣ |
| ١٩٩١ | ١٨٢٧ | - | ٣٧٠٥٤٨ |
| ٢٠٠٣ | ٢٢٧ | - | ٣٣٥١٧١ |
| ٢٠٠٤ | ٧٥٢ | - | ٦٦٧٦ |
| ٢٠٠٥ | ١ | - | ٢٥٠٣ |
| ٢٠٠٦ | ٢ | - | ٣١٤٩ |
| سالّ | بيانى | | |
| | ك. | هـ. | ع. |
| ١٩٧٨ | ١٦٥٠ | ٣٨٠٦ | ٧٦٩٩٨٥ |
| ١٩٨٦ | ٢٩٨٣ | ١٧٦٥ | ٢٦٦٧١٥ |
| ١٩٩١ | ٢٧١ | - | ٤١٠٢٧ |
| ٢٠٠٣ | ١٢٧٦ | - | ١٠٥٨٧٢٩ |
| ٢٠٠٤ | ٢١٢ | - | ٣٧٤١٩٦ |
| ٢٠٠٥ | ١٠٧ | - | ١٠٠٢٤٢ |
| ٢٠٠٦ | - | - | ٥١٤٦٧٦ |
| سالّ | سەرجەم | | |
| | ك. | هـ. | ع. |
| ١٩٧٨ | ١٤٣٤١٠ | ٨٥٥٨٣٢ | ٢٤٨٧٦٩٧ |
| ١٩٨٦ | ١٤١٠٦٣ | ٢٥٢٤١٧ | ٣٢١٢٩٦٥ |
| ١٩٩١ | ٨٧٧٤٥ | - | ٢٧٤٩٢٢٩ |
| ٢٠٠٣ | ٩٢٥٦٩ | - | ٢٥٦٢٩٩٤ |
| ٢٠٠٤ | ١٢٠٦٤٧ | - | ١٧٥٧٥٩٨ |
| ٢٠٠٥ | ١٠١٩٨٤ | - | ١٩٠٠٦٢٣ |
| ٢٠٠٦ | ١٣١١٧٢ | - | ١٣٠٢٩٠٨ |

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، مصدر سابق، ص٤٥٠.

به سەرنج دانی خشتەی ژمارە(٣٤) دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی کــە گەشــتیارە عێراقییەکان پشکی شێر لەو گەشتیارانە پێك دەهێنین کە سـەردانی پارێزگـای کــەرکوکیان کــردووە، بــە جۆرێــك ڕێژەکــەیان لــە نێــوان(٧٦٪ - ١٠٠٪) پێکدەهێنێت، بەلاّم پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس جۆرێك لە ئازادی باڵی بەسەر عێراقدا کێشا، ئەمە بووە هۆی ڕاکێشانی هەندێك گەشتیار، بەلاّم لــە ئــەنجامی سەرهەڵدانی کارە توندو تیــژی و تیرۆرســتییەکان لــە پارێزگاکــەدا بــووە هــۆی وەستانی گەشت کردنی بیانیەکان بــۆ پارێزگاکــە، ئەوانەشــی کــەدەهاتن زیــاتر ڕۆژنامە نوسان بوون بۆ ڕووماڵ کردنی بارودۆخی ئاسایش و ڕامیــاری پارێزگــای کەرکوك دەهاتن یان ئاوارەی عێراقی گەڕاوەبوون. جگە لــەوەی کــە زیــاد بــوونی گەشتیارە عێراقییەکان لەپارێزگاکانی تری عێراق، لەو گەشتیارانەن کە گەشتی ئاینییان ئەنجام داوە، و پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا و بەغدا پشــکی شــێریان لەم گەشــتیارانە بەردەکــەوێت.. کەواتــە دەتــوانین بڵــێین کــە عێــراق ولاّتێکــی گەشتیاری نییە و هەرگیز ئەم کەرتە لە بارودۆخێکی وەهادا پێش ناکەوێت.

سێیەم: گواستنەوەو گەیاندن:

مەبەست لە گواســتنەوە هۆکارەکــانی وشــکانی وئــاوی و ئاسمــانی و ڕێگــەو بانەکان دەگرێتەوە، بەلاّم گەیاندن مەبەست لە تەلەفۆن و ئینتەرنێت و پۆســت... دەگرێتەوە، کە کاریگەریی ڕاستەخۆی هەیە لە ســەر جوولاّنــەوەی ئــابوری هــەر یەکەیەکی ڕامیاری(چ بۆ گواستنەوەی بەرهەم بێت یان بۆ ڕاپی کردنی مامەڵــە بازرگانییەکان...)

بەلاّم ڕێگای وشــکانی قیرتــاو کــراو پشــکی شــێرو ســەرەکی لــە ڕێگاکــانی هاتووچۆی ناوچەکە دابڕاوەکان پێك دەهێنێت چ لە ناو خــۆی ناوچــە دابڕاوەکــان بێت یان بەستنەوەی بە بەشەکانی تری هەرێم یان بــە بەشــەکانی تــری عێراقــی عەرەبییەوە بێت یان بە ولاّتانی هەرێمی. بۆ زانیاریی ڕێگاو بانی ناوخۆیی ناوچــە دابڕاوەکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٥) و نەخشەی ژمارە(١٦).

## خشتەی ژمارە (٣٥)
## تۆری ڕێگاو بانی وشکانی ناوچە دابراوەکان [1]


| | بەشەکانی ڕێگاو بانەکان لە یەکە کارگێڕییەکان دا | قیرتاو (کم) | چەو ڕێژ(کم | خاک و خۆڵ | پردەکانی سەر ڕێگاکە |
|---|---|---|---|---|---|
| | **پارێزگای سلێمانی** | | | | |
| ١ | چەمچەماڵ – سلێمانی | ٦٥ | | | شیوەسور/تەیناڵ / کەندەکەوە / قلیاسان |
| ٢ | چەمچەماڵ –دەربەندیخان – عەربەت – سلێمانی | ١٤٠ | | | کەلار٢ / کەلار/ برلوت – عیسایی /دەربەندیخان /ئاوەخوێڕی /کۆمۆك /تۆپ / خانە / تازەدێ/ بۆنگلە / باوەنوور/ قەترە / دارەدۆین / دیوانە / قەرەگۆل . |
| ٣ | سەنگاو – قەراغ | ٣٠ | | | |
| ٤ | چەمچەماڵ – سەنگاو | ٥١ | | | |
| ٥ | ئاغجەلەر- دوورێیانی تەکییە | ٥٣ | | | |
| ٦ | کەلار – تیلەکۆ | | | ٤٠ | |
| | **پارێزگای هەولێر** | | | | |
| ١ | مەخمور- هەولێر | ٦٢ | | | قەتەوی. |
| ٢ | قەرج – مەخمور | ١٥ | | | |
| | **پارێزگای دهۆك** | | | | |
| ١ | ئاكرێ - پردی حسێنیە | ٣٣ | | | حسێنیە |
| ٢ | ئاكرێ – پردێ قەندیل | ٣٨ | | | قەندیل |
| ٣ | ئاكرێ – دینارتە | ٣٥ | | | |
| ٤ | ئاكرێ – کویلان | ١٢ | | | |

[1] - خەبات عەبدوڵلا، بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیا عەسکەری کوردستانی باشوور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧-٢٤٧. بەدەست کاریەوە.

| بەشەکانی ڕێگاو بانەکان لە یەکە کارگێرییەکان دا | | قیرتاو (کم) | چەو ڕێژ(کم | خاك و خۆڵ | پردەکانی سەر ڕێگاکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | ئاکرێ – شەرمن | ١٥ | | | |
| **یارێزگای کەرکوك** | | | | | |
| ١ | کەرکوك – حەویجە | ٥٨ | | | |
| ٢ | حەویجە – ریاز | | | ١٥ | |
| ٣ | کەرکوك – قادر کەرەم | ٦٥ | | | |
| ٤ | کەرکوك – داقوق | ٢٧ | | | |
| ٥ | کەرکوك – دورێیانی کۆیە | ١٢ | | | |
| ٦ | کەرکوك – یردێ | ٣٩ | | | |
| ٧ | کەرکوك – قەرەهەنجیر | ٢٠ | | | |
| ٨ | دوریانی کۆیە – یردێ | ٢١ | | | |
| ٩ | کەرکوك – شوان | | | | |
| ١٠ | کەرکوك – دویز | ٣٨ | | | |
| **ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە یارێزگای موسڵ** | | | | | |
| ١ | موسڵ – شەنگار | ١٢٠ | | | |
| ٢ | موسڵ – تەلەعفەر | ٦٩ | | | |
| ٣ | موسڵ – ئەلکیش | ٤٧ | | | |
| ٤ | موسڵ – شێخان | ٤٣ | | | |
| ٥ | موسڵ – ئاکرێ | ٨٩ | | | |
| ٦ | موسڵ – تەلکوجك | ٦٥ | | | |
| ٧ | ئاسکی کەلەك – دورێیانی | ٢٠ | | | |
| ٨ | دوریانی ئاکرێ – موسڵ | ١٨ | | | |
| ٩ | موسڵ – ئالوکە | ٦١ | | | |
| ١٠ | تەلەعفەر – شەنگار | ٥٦ | | | |
| ١١ | شێخان – ئەترۆش | ٢٤ | | | |
| ١٢ | دوریانی ئاکرێ – ئاکرێ | ٧٣ | | | |
| ١٣ | ئاکرێ – زفنا | ١٠ | | | |
| ١٤ | دوریانی مریبە – مریبە | ٣٨ | | | |
| ١٥ | مریبا – ئاکرێ | ٥٠ | | | |

| ژ | بەشەکانی ڕێگاو بانەکان لە یەکە کارگێڕییەکان دا | قیرتاو (کم) | چەو ڕێژ(کم | خاك و خۆڵ | پردەکانی سەر ڕێگاکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای دیالە | | | | | |
| ١ | قزلربات – جەلەولا | ١١ | | | |
| ٢ | خانەقین - قزلربات | ٢٩ | | | |
| ٣ | خانەقین – سنووری ئێران | | | | |
| ٤ | خانەقین – شارەبان | ٤٠ | | | |
| ٥ | خانەقین – مەندەلی | ٧٨ | | | |
| ٦ | شارەبان – بەلدروز | | | ٤٣ | |
| ٧ | جەلەلا – کفری | | | ٥٥ | |
| تۆڕی ڕێگاو بانی ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین | | | | | |
| ١ | دوزخورماتو – ئامرلی | ٤٠ | | | |
| ٢ | دوزخورماتوو – سلێمان بەگ | ٢٠ | | | |
| ٣ | دوزخورماتوو – قادر کەرەم | | | | |
| تۆڕی ڕێگاو بانی ناوچە کوردستانییەکانی سەر بە پارێزگای واست | | | | | |
| ١ | بەدرە – زرباتیە | | | ١١ | |

## نەخشەی ژمارە ١٦
## نەخشەی ڕێگای ئۆتۆمبێل و بۆریی گواستنەوەی گاز و نەوت لە ناوچە دابڕاوەکان




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە:أ-خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(** arcview3.3 **).**

**ب- هاشم یاسین حمد امین و هی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق÷ عێراق و جیهان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.**

C_ Saad z. jassim and mohamad al_gaiani, Hydrocarbons, Geology of iraq, geology of iraq,op.cit.p22.

# بەشی سێیەم

## چارەسەرە رامیاری و دەستورییەکانی
## کێشەی ناوچە دابڕاوەکان

لەم بەشەدا لە هەموو ئـەو هەنگاوانـە دەدوێـین کـە ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکەکانی عێراق بەرامبەر بە دۆزی کورد ناویەتی، چ لە چارەسەرکردنی گـرفتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و هاوولاتی بوون بێـت یـان لـە بوارەکـانی دەسـتوری و یاسایی، یان لە بوارەکانی ئاوەدانی و دارایی... لەم بەشە دا تیشك دەخەینە سـەر هەنـدێك لـەو چارەسـەرانە. وە نـەبێت مـیری دەسـت پێشـخەر بووبێـت لـە چارەسەرکردن و جیّ بەجیّ کردنی داواکانی گـەلی کـورد. بـەڵکو زەوت کردنـی مافە بەردەوامەکانی گەلی کورد لە لایەن دوژمنانەوە، گەلی کوردی ناچـار بـە خەباتی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی کردووە، مکوڕی گەلی کورد لـە سەر بە دەست هێنانی مافە نیشتمانی نەتەوەییەکانی، و درێژە دان بـە خـەبات، توانراوە لەقۆناغە جیاوازەکاندا هەندێك ڕووبەری جیـاواز لـە خـاکی کوردسـتان ئـازاد بکـات، فشـارێکی ڕامیـاری و سـەربازیی زۆر لـە سـەر فـەرمان ڕەوا عێراقیەکان دروست بکات، ڕژێم-یش چ بە هۆی تەکتیکی سیاسی یان بە هـۆی شکستی سەربازی لە بەرەکانی جەنگدا، ناچار بووە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی گەلی کوردا بکات و وەك لایەنێکی گفتوگۆکار دانی پێدا بنێـت، هەنـدێك لـە مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گـەلی کـورد بـە فـەرمی بناسـێت، پـەنا بـۆ چارەسەری ڕامیاری و دەستوری گەلی کورد ببات ، لێرە دا هەوڵ دەدەین لـە دوو باس دا ودتر لە چارەسەرە یاسایی و دەستورییەکان بدوێین:

# باسی یەکەم
# چارەسەرە رامیاری و دەستوورییەکانی
# کێشەی ناوچە دابڕاوەکان* پێش ساڵی٢٠٠٣

وەك لە بەشەکانی پێشوودا بۆمان ڕوون بووەوە، هەندێك لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان وەك داهاتی جەنگ بەسەر لایەنە براوەکانی جەنگدا بەش کرا و باشووری کوردستان(ولایەتی موسڵ)یش بەر بەریتانیا کەوت و لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقی تازە دروست بووەوە، بە دەر لە خواست و ویستی دانیشتوانەکەی[1]، نەك ئەوەش بەڵکو دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان لە سادەترین مافەکانی بەمرۆڤ بوونیان بێ بەش بوون، بە جۆرێك بە توندترین شێواز چەوسێنرانەوە و دەربەدەر کران و مافەکانیان خورا، گۆڕینی ڕژێمەکان و فەرمان ڕەواکان نەك نەبووە هۆی وەستانی ڕامیارییە دژبە مرۆڤایەتییەکانیان بەرامبەر بە گەلی کورد، بەڵکو توندتر دەکەوتنە وێزەی

---

* - مەبەست لە چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەکان بۆ ناوچە دابڕاوەکان، چارەسەری یاسایی و دەستووری و ڕامیاری ..ە بۆ ئەو ناوچانە بە خاك و گەلیەوە(مافی نەتەوەیی، کلتوری، ڕۆشنبیری، دەستووری، ئابوری... )

[1]- ولسن لە کتێبەکەیدا نوسیوویەتی بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی گەلی کوردەوە(پرنس فەیسەڵم کرد بە شای عێراق). هەموو ناوچە کوردنشینەکان دژی هەڵبژاردنی فەیسەڵ بوون. کوردیش سەری بۆ عێراق دانەدەنەواند و دژی ئەو بڕیارە بوون. هەروەها دەڵێت((بەرگری کورد بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کرا تا ناوەڕاستی مانگی ئەیلول ئەوەندەی ئینگلیز کوژرا زۆر لەوە زیاتربووکە لە ساڵی(١٩١٩-١٩٢٠) دا لێی کوژرا. کاتێك سوپای دیسپلینداری بەریتانیا هێرشی بردە سەر خێڵە کوردییەکانی باکوور))..بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان،و. فەرید ئەسەسەرد، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ساڵی ١٩٩٨،ل١٦١.

دانیشتوانەکەی، خاك و سامانیان داگیر دەکردن و سامانەکەشیان بەتالآن دەبردن و گەلەکەشیان لەناودەبردن، ئەم تاوانانە لە سەردەمی فەرمان ڕەوایەتی ڕژێمی بەعسدا گەیشتە لووتکە، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان و مرۆییەکان و بەکار هێنانی لە خزمەت کردنی(پلان)ی سیاسەتێکی ورد و تۆکمەو ژیرانە بۆ لەناو بردنی خاك و گەل و سڕینەوەی مۆرکی کوردستانی بوونیان.

سەرکردایەتیی کوردیش هەمیشە خەباتی گفتوگۆکردن یەکەم دەستپێکی خەباتیان بووە لە پێناوی گەڕاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی چ(خاك بێت یان مافی نەتەوەییی و هاوولآتی بوون...) بەلآم زۆری هێزی دەسەلآت(ئابوری، ڕامیاری، سەربازی...)ی ڕژێمەکان ئەم هەولآنەیان بە هەند وەرنەگرتووە، بەناچاری کورد ڕێگەی دووەم و چەك و ڕوو بەڕووبونەوەی هەڵبژاردووە..

لێرەدا هەوڵ دەدەین وردتر لە چارەسەرە یاساییی و دەستوورییەکان لە پێش ساڵی٢٠٠٣دا بدوێین:

## یەکەم: قۆناغی سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان - سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان:

بۆ ڕوونکرنەوەی زیاتری ناوچە دابڕاوەکان و چارەسەرەکان باشترە لە چەند کاتێکی جیاوازدا لیّ بدوێین : -

١- سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم - کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم:

لەم ماوەیەدا لەبەر ئەوەی کە سەرجەمی ڕووبەری کوردستان لە ژێر دەسەلآتی عوسمانیەکاندا بووە، کەواتە سەرجەمی کوردستان(ویلایەتی موسڵ)دابڕاو بووە لە دەسەلآتی کوردی، دەتوانین بە ناوچە دابڕاوەکان ناوی بەرین. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١٧)

سەرەتای هەوڵی کورد بۆ گەڕانەوەی ناوچە داگیراکراوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان کە داوا کراوە بە دروست کردنی کیانێکی

ڕامیاری بۆ گەلی کورد کە سەرجەمی ولایەتی موسڵ[*] بگرێتە خۆی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی شەریف پاشا.

سەرەتای هەوڵەکانی شەریف پاشا دەگەڕێتەوە بۆ سالأنی سەرەتای جەنگ. شەریف پاشا دوای ئەوەی لە ساڵی(١٩١٤) پەیوەندییەکی ناکام لەگەڵ ئینگلیزەکان دا دەکات، لەکۆتایی جەنگ سەر لە نوێ پەیوەندییان لەگەڵ دەکاتەوە لە(٣حوزەیرانی١٩١٨)لە مارسلیا سێربرسی کۆکس-ی کۆمیسەری ولأتی بەریتانیا و بەرپرسی کارو باری دۆڵی دوو ڕووبار دەبینێ و لەم دیدارە دا بە سێر برسی کوکس دەڵێ"بەریتانیا هەر لە ئێستاوە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدات و بێ چ دوو دڵی و ڕاڕایەك موسڵ بکات بە مەڵبەندی ئیدارەی کوردستان"، هەڵبەتە موسڵ کەوتبووە شوێنێکەوە پێدەچوو بەر فەرەنسا بکەوێت... پاشان بۆ هەمان مەبەست پەیوەندیی لەگەڵ فەڕەنسییەکان دەبەستێت[1]. ویڵسن لە کتێبەکەیدا لە سەری دەڕواو دەڵێت پێشنیازەکانی شەریف پاشا بەو جۆرە بوو کە بەڵێن و یارمەتی بدرێت کەئۆتۆنۆمی بدرێت بە کوردستان لە ژێر چاودێریی بەریتانیادا... شەریف پاشا زۆر پەلەمان لێدەکات کە دەست و برد و خێرا ئەو داخوازییانەی بە جێبهێنرێت و چاوەڕوانی کۆنگرەی ئاشتی[**] نەکەن و داوای ئەوە

---

[*] - عێراق تا ساڵی(١٨٦٩)لە یەك یەکەی کارگێری پێکهاتبو ئەویش پاشایەتیی بەغداد بو، بەلأم لە ساڵی (١٨٧٩)ولایەتی موسڵی لێ دروست بوو وە لەساڵی(١٨٨٤)ولایەتی بەسرەش دروست بوو... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: م.أ.منتشاشفیلي، العراق في سنوات الانتداب البریطاني، مصدر سابق، ص٢١. پاش ئەوەی کە مدحت پاشا لە ساڵی(١٨٦٩-١٨٧٢)دا دەسەلأتی گرتە دەست، دەستی کرد بە چاکسازی... لە ناویشدا یاسای ویلایەتەکان وەك ویلایەتی بەغداد و موسڵ، ویلایەتی موسڵ سنوورەکەی بریتیی بوو دیار بەکر و وان لە باکوور دەوڵەتی فارس لە خۆرهەلأت و سەنجەقی دیرزوور لە خۆر ئاوا و ویلایەتی بەغداد لەباشوور، دەکەوتە نێوان هێڵەکانی(٢,٣٤-٢,٣٧)ی باکووری زەوی، ڕووبەرەکەی(٩١٠٠٧)کم٢ بوو، پێکهاتەی ولایەتی موسڵ پاش ساڵی١٨٧٩ بەم شێوەیە بوو: ١- لیوای موسڵ: لەم قەزایانە(ئامێدی، دهۆك، سنجار، ئاکرێ، زاخۆ)پێکهاتبوو. ٢- لیوای کەرکوك: لەم قەزایانە پێکهاتبوو(هەولێر، ڕەواندوز، کفری، کویسنجاق، ڕانیە). ٣- لیوای سلێمانی پێکهاتبوو لە قەزاکانی(بازیان، شارباژێر، جاف، مەرگە، گوڵ عەنبەر): نجم عمر السورجي، مصیر ولایة الموصل(کردستان الجنوبیة)مابعد عام٢٠٠٠، الطبعة الثانیة، بدون اسم المطبعة - السلیمانیة، سنة١٩٩٩، ص٣٩،٢٩.

[1] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و.حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٤،ل٢٦.

[**] - شەریف پاشا بەردەوام لەگەڵ بەرپرسان و باڵیۆزان و سەرۆکی ئەنجومەنی کۆنفرانسی ئاشتی هەوڵەکانی ئاشتبونەوە لەگەڵ بۆگۆس نۆبار پاشا و سەرکردەکانی ئەورووپا چڕ کردەوە، بۆ زانیاری

دەكات خواروی كوردستان نە بەستریت بە میسۆپۆتامیاوە، بەڵكو ئەیەویٚ ئۆتۆنومی بدریٚ بە كورد و ئیٚمە كۆنترۆڵی بكەین و لە ژیٚر چاودیٚری ئیٚمەدا بن[1].
بۆ بینینی ئەو نەخشانەی كە شەریف پاشا پیٚشكەشی كۆنگرەی ئاشتی و پەیمانی سیڤەری كرد بڕوانە نەخشەكانی ژمارە(٢٠،١٩،١٨).

چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەكان لەم ماوەیەدا دەتوانین لەم خالآنەدا دەست نیشان بكەین:

لەم ماوەیەدا چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەكان بریتی بوون لە ڕاگەیاندن و لیٚدوان و گەلاڵە نامە... چ لە سەر ئاستی تاكە كەس یان دەوڵەت یان هاوپەیمانی ڕاگەیەندراوە، كە بریتین لە: -

أ- پاش ئەوەی لە(١١ی ئازاری ١٩١٧)شاری بەغداد داگیركرا[2].جەنەڕاڵ مۆد پەیامیٚكی خویٚندەوەو ڕایگەیاند"... كە ئیٚمە ڕزگاركەرین نەك داگیركەر"[3].
بەپیٚی ئەم پەیامە بوایە دەبوایە گەلی كورد و هەموو گەلانی ژیٚر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئازاد بكرانایە.

ب- لەكانوونی دووەمی ساڵی(١٩١٨)دا وودرو وڵسن[*]ی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەوكاتە گەلاڵەنامەیەكی ڕاگەیاند لە چواردە خاڵ پیٚكهاتبوو، كەبەندی دوانزەهەمینی تایبەت بوو بە ولآتانی ڕزگاركراوی ژیٚر دەسەلآتی

---

زیاتر بڕوانە: بە بیٚ ناوی دانەر، نامە دیپلۆماتیەكانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەكانی بەریتانیا و فرانسا، وەرگیٚرانی لە فرنسیەوە: نەجاتی عەبدولآ، لە بلآو كراوەكانی بنكەی ژین، سلیٚمانی، ساڵی ٢٠٠٨، ل٣٧-٢١٨.

[1] - م. ر.هاوار، شیٚخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان، بەرگی دووەم، جاف پریٚس، بلاك ڕۆز، لەندەن، ساڵی١٩٩١،ل٧.

[2] - علي ناصرحسين، المقاومة العراقية للاحتلال البريطاني(١٩١٤-١٩١٧)، المفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة - بغداد، سنة٢٠٠٢، ص١٢٨.

[3] - مصطفى عبدالقادر النجار، عهد الانتداب، العراق في التاريخ، دارالحرية للطباعة- بغداد، سنة ١٩٨٣، ص٦٦٤.


[*] - وڵسون، تومـاس ودرو(Wilson,Thomas Woodrow)(١٨٥٦-١٩٢٤)بیست و هەشتەمین سەرۆكی وولایەتە یەكگرتووەكان بووە لە نیٚوان ساڵانی(١٩١٣-١٩٢١)لە سەر لیستی دیموكراتەكان... ڕۆڵیٚكی مەزنی هەبوو لە دامەزراندنی ڕیٚكخراوی كۆمەڵەی گەلان... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیان و هەرچوارده بڕگەكە لە بیرو باوەڕەكەی بڕوانە: عبد الوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، الجزء السابع، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة ١٩٩٤،ص٢٤٦-٢٤٧.

**ئیمپراتۆریەتی عوسمانی داوای ژیانی ئاسایی بێ مەرج و سەربەستی ڕەهای دەکرد بۆیان[1][*] بەڵام بەرژەوەندییە ئابوری و رامیاری و سەربازی و جیۆگرافییەکان هۆکار بوون لە بەردەم جێ بە جێ نەکردنی ئەو بەڵێنانە.**

[1] - حامد محمود عیسی، القضیة الكردیة في العراق من الاحتلال البریطاني الی الغزو الامریكي(١٩١٤-٢٠٠٤)، الطبعة الاولی، مكتبة مدبولي- القاهرة، سنة٢٠٠٥، ص١٠٤.

[*] - بۆ زانیاری زیاترلە سەر بەندەکانی گەلاڵەنامەکەی ودرۆ ولسن بڕوانە: أ- كمال مظهر احمد، كردستان في سنوا ت الحرب العالمیة الاولی، ت. محمد الملا عبدالكریم، مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد ، سنة١٩٧٧، ص٣١٩-٣٢٠ . ب- احمد محمد امین قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضیة الكردیة في العراق١٩٢٥/١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم - السلیمانیة، سنة٢٠٠٧، ص١٦.

**نەخشەی ژمارە(١٧)**
**نەخشەی ویلایەتی موسڵ**




سەرچاوە: أ- نجم عمر السورجی، مصیر ولایە الموصل(كردستان الجنوبیە)ما بعد عام ٢٠٠٠، مصدر سابق، ص ٣١. بە دەست کاریەوە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arcview3.3).

-b
٢٠٪of٢٠٪http://www.moerakrg.org/gallery/gallery_slideshow.asp?strPictureGalleryName=Atlas
&strSlide=no (arcview3,3٧٩&intPictureCategoryNr=١١٤٣٨Kirkuk&intPictureNr=

## نەخشەی ژمارە(١٨)

## نەخشەی شەریف پاشا بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی بالاّی کۆنگرەی ئاشتی


## لە ( ١ ی ئاداری ١٩٢٠ )




سەرچاوە: - وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ، ل١٧٤.

## نەخشەی ژمارە(١٩)


## نەخشەی یاداشتی یەکەمی شەریف پاشا بۆ پەیمانی سیڤەر



سەرچاوە: - فوئاد حەمە خورشید، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

**نەخشەی ژمارە(٢٠)**

**نەخشەی سنوری تەرخانکراو بۆ دەسەلاتداریتیی شێخ مەحمودی حەفید**



سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە : أ- نجم عمر السورجی، مصیر ولایه الموصل(کردستان الجنوبیه)مابعد عام ٢٠٠٠، مصدرسابق ، ص ٣١. بە دەست کاریەوە، بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arcview3.3).

-b of٢٠٪http://www.moerakrg.org/gallery/gallery_slideshow.asp?strPictureGalleryName=Atlas ٪٢٠=Kirkuk&intPictureNr&intPictureCategoryNr=١١٤٣٨ ٧٩) &strSlide=no arcview3,3

٢ - کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان - سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان:

پاش ئاگر بڕی موندرۆس ی(٣٠ تشرینی یەکەمی١٩١٨)علی ئیحسان پاشا لە موسڵەوە بروسکەیەکی کرد بۆ شێخ مەحمود داوای لێکرد کە بە ناوی دەوڵەتی عوسمانییەوە فەرمان ڕەوای ناوچەی سلێمانی بکات[1]، کەواتە پێدانی ناوچەی سلێمانی بەشێخ بەشێوەیەکی فەرمی نەبوە، ناوچە دابڕاوەکان هەموو ولایەتی موسڵ بووە.

سەرەڕای ئەوەی کە شێخ چەند جارێك حوکمڕانی کردووە و دەوڵەتی کوردی ڕاگەیاندوە، بەلاّم ئەو ڕووبەرەی کە بەفەرمی دانی پێدا نرا لە نێوان ڕووباری سیروان - زێی گەورە دا بوو(٤٨٩٦١)کم٢ بوو،واتە (٥٣,٨٪)*** ی سەرجەمی ڕووبەری ولایەتی موسڵ، واتە سەرجەم ئەو ڕووبەرەی کەدەکەوتە دەرەوەی ئەو سنوورە بە ناوچەی دابڕاو دادەنرا، کە دەیکردە(٤٢٠٤٦)کم٢،جگە لەوەی کە هەرگیز دەسەلاّتی نەگەیشتۆتە ئەو سنوورە و جگە لەوەی کە بەلێنەکەشیان لە تەکتیکێکی ڕامیاری زیاتر نەبوو، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢١). بەلاّم پاشتر و پاش داگیر کردنی ولایەتی موسڵ، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دەسەلاّتداری شێخ دیاری کرا، لەخۆرهەلاّت تا سنووری ئێران و لە باکوور تا زێی گەورە و لە باشوور ڕووباری سیروان و لە خۆرئاوا ڕووباری دیجلە(هەرێمەکە ڕاست لیواکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێری دەگرتەوە، واتە قەزاکانی پشدەرو شارباژێڕو هەڵەبجە و ناوەندی سلێمانی و چەمچەماڵ و کفری و دوزخورماتوو ناوەندی کەرکوك*، مەخموور و کۆیەو ڕانیە و شەقلاّوەو ڕەواندوز و زێبارو ناوەندی

---

[1] - عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة العرفان- صيدا، سنة ١٩٥٧،ص١٩٧، ص٢٠و٢٠٠.

*** - ڕێژەکەی توێژەر بە پشت بەستن بە: نجم عمر السورچي، مصير ولاية الموصل(كردستان الجنوبية) مابعد عام(٢٠٠٠)، مصدر سابق، ص٣٩. و بە پشت بەستن بە نەخشەی ولایەتی موسڵ توێژەر پێی گەیشتوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc view3.3).

* - بە سەنجەقی کەرکوك ووتراوە شارە زوور،(شارەزووریش هەرێمێکی کوردستانە)، پاش چاکسازییە کارگێڕییەکان لە ساڵی(١٨٦٧)و دروست کردنی ولایەتی موسڵ، سەنجەقی شارەزووریش بریتی بووە لە( کەرکوك ، ئەربیل، ڕانیە، ڕەواندوز، کۆیە، صلاحیە)پاش ئەوەی کە کاروبار ئاڵۆزتربوو(فراوان تربوو) شارەزوورخرایە سەر سەنجەقی سلێمانی، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شارەزوور و مێژووی شارەزوور بڕوانە: احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثامن عشر، دار المعرفة بيروت، بدون سنة الطبع، ص٤١٨-٤٢١.

هەولێرو ناحیەی نێروەڕێکانی قەزای ئامێدی و لیوای موسڵ. ئـەوە سـنوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بوون. لای باکووری، بێگوومـان هەر بە سەروی هەمـان ئـەو ناوچـانەی پێشـووی ویلایـەتی موسـڵ کۆتـایی پـێ هـاتووە، سـنووری لای باشووریشی، کەم و زۆر لە کفری تێ نە پەڕاندوە، بەو پێیە قـەزاکانی خانـەقین و مەندەلی و بەدرە دەرهاوێژرا بوون، قەزای زێبار و ناحیەی نێروە رێکان و هەردوو ناحیەی برادۆست و مێرگەسووری سەر بە قەزای ڕەواندوز دەبـن کـە ئـەو بڕیـارە گرتوونیەوە بەشێکی ناوچەی بادینان پێك دەهێنن و خەڵکەکەیان بـە کرمـانجیی باکوور دەدوێن، ئەوانی تـر تێکـڕای بـریتین لـە ناوچـەی سـۆرانی کوردسـتانی جنوبی)[1]، جگە لە چەند ناوچەیەکی تـری ڕووبـەر نـەزانراوو دوورە دەسـت کـە دەسەڵاتی هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی تێدا بوو هێشتا دەسەڵاتی حکومـەت(چ بەریتانیا بێت یان عێراق)ی پێنەگەیشتبوو، وەك هۆزەکانی بارزانی و زێباری.

بەڵام ئەم ڕووبەرە بەردەوام فراوان بوون و چوونەوەیەکی بە خۆیەوە بینیوە بـۆ نموونە لە شوباتی ساڵی(١٩١٩)دا شێخ توانی دەسەڵاتی بگەیەنێتـە کـەرکوك و کفری و ڕەواندوزیش، بەڵام لە مارسی(١٩١٩)دا سنووری دەسـەڵاتی شـێخ کـەم کرایەوە بە جۆرێك تەنها(٦٥٠٠- ٧٠٠٠)کم$^{2}$ی بە دەستەوە مایەوە.

ماوەی دەسەڵاتداریتی دووەم دەسەڵاتی فەرمان ڕەوایی شـێخ لـەوە فـراوان تـر نەبوو، بەڵکو لە(شوباتی ١٩٢٣)دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتداریتی شێخ دراو لە(ئایاری ساڵی١٩٢٣)دا کۆتایی بە دەسەڵاتی شێخ هێنرا.

---

[1] - سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان١٩١٨-١٩٢٤ چاپی دووەم، بنکەی ژین- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦، ل١١.

پاش ئەوەی شێخ حکومەتی سێیەمی پێك هێنا، مەندوبی سامی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا و عێراقی بەنامەیەك بەشێخ گەیاند، شێخ دەتوانێت لە شاری سلێمانی بمێنێتەوە و هیچ پەیوەندییەك نامێنی لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەوان پێیان ڕاگەیاند کە هەموو ڕێوشوێنێك گیراوەتە بەر بۆ جیاکردنەوەی قەزاکانی (ڕانیە، قەلاّدزێ، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، قەرەداغ، سەنگاو، ناحیەی ماوەت لە سلێمانی)، هەروەها ناشبێت دەست وەربداتە کاروباری دێهاتەکانی ساداتی سەرگەڵو، وەلاّمی شێخ بۆ نامەکەی مەندوبی سامی بەردەوامی بو لە چەسپاندی دەسەلاّتی لەو ناوچانە و دەسەلاّتێکی زۆری لەو ناوچانە بۆ پەیدابووەوە[1]. لە سالاّنی دوایی دا و پاش بە هێز بوونی حکومەتی عێراق، دەسەلاّتی بەسەر زۆرێك لە ڕووبەری کوردستاندا کشا.

کەواتە پاش ئەوی کە ولایەتی موسڵ لە ساڵی١٩٢٦ دا بەفەرمی لکێنرا بە دەوڵەتی عیراقی تازە دروست بووەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەلاّتی فراوان دەبوو لە هەرێم دا بە جۆرێك لە هەندێك لە چیاکان و لە ناوچەکانی شۆڕش نەبێت میری دەسەلاّتی بەسەر هەموو کوردستاندا دەکشا[*] بێگومان ئینگلیزەکانیش یارمەتی دەرێکی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و هەواڵگری... گەورەی دەوڵەتی عێراق بون.

دەتوانین چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەکان لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە کە بریتین لە: -

أ- لە(٧ی تشرینی دووەمی١٩١٨)دا هێزی هاوپەیمانان لێدوانێکیان دا کە ناسرا بە لێدوانی(ئینگلیزی - فەرەنسی) تیایدا ڕایانگەیاند کە ئامانجی هێزەکانی هاوپەیمانان ڕزگارکردنی گەلانی ژێر دەسەلاّتی تورکەکانەو دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆیە بۆیان[2]...

---

[1] - وەلید حەمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.محەمەد نوری تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧-١٤٩.

[*]-ئەگەر دەوڵەتی عێراقی هەژمونی سیاسیو سەربازی... لە هەندێك شوێن دا نەبوبێت ئەوا لەڕووی کارگێری و جیۆگرافیەوە بە فەرمی سەر بە دەوڵەتی عێراق بووە. نەك دەسەلاّت و شۆڕشی کوردی.

[2] - بۆ زانیار زیاترلە سەر لێدوانە هاوبەشەکەی(ئینگلیزی- فەرەنسی)بڕوانە: أ - احمد محمد قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق١٩٢٥/١٩٤٥,مصدر سابق، ص١٦. ب - أ. م. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الاحتلال البريطاني، مصدر سابق، ص٣٩١.

ب- مێجەر نوئێل پاش ئەوەی مژدەی ڕزگاربوونی لەیەخسیری و سەربەستی دا بە هەزاران لــە دانیشــتوانو عەشــیرەتەکان، ناوچــەی قەڵــەم ڕەویــی دەســەڵاتی شێخیشی دیاری کرد کە لە نێوان زێــی گــەورەوە رووبــاری ســیروان لــە بــاکوورو باشوور، سنووری ئێران و ڕووباری دیجلە لــە خۆرهــەڵات و خۆرئــاوا، نامەیــەکی مەندوبی سامی کە بە زمانی فارسی نوسرابو گەیاندە دەستی شــێخ کــە تیایــدا هاتبوو"لەحکومەتی صاحب جەلالەوە فەرمانم پــێ درا پێتــان ڕابگەیــەنم، لــەم ڕۆژانەدا لێدوانی - سەربەستی - استقلال - ی کوردستان تــەواو ئــەبێت. کــورد سەربەخۆ و ئێوەش بە حکمدار ناسراون[1].

ت- لە ساڵی(١٩١٩)بەریتانیا کۆمەڵێ بڕیاری دەرکرد کە لەبەرژەوەند گەلی کورد بوو، وەك[2]: لە٧مایس ١٩١٩وەزارەتــی دەرەوەی بــەریتانیا دەســەڵاتی دا بــە نوێنەرەکانی خۆی لە عێراقدا بەوەی کەزەمانەت بدەن بەکورد، کە بەریتانیا کەم تەرخەمی ناکات بەرامبەر بە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کوردەکان و ناشــبێتە دوژمنیان، هەروەها لە هەمان ڕۆژ لە وەزارەتی دەرەوەی بــەریتانیا دەســەڵات درا بە(مەندوبی باڵا - مەندوبی سامی)لە بەغدا(عەقیــد وڵســن)کــە معامەلــەی ویلایەتی موسڵ وەك هەرێمێك لە هەرێمەکانی عێراق بکات و بە تەنیشــتیەوەی دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت.

پ- ڕاگەیاندی پەیمانی سیڤەر* لە نێوان تورکیا و وڵاتانی هاوپــەیمانان... بــە پێی بڕگەکانی(٦٢،٦٣، ٦٤)کورد مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هــەبوو، ئەمەی خوارەوە دەقی بڕگەکانە ئەوەی کە تایبەت بووبە کوردستان[1]:

---

[1] - ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی شەفیق- بەغدا، ساڵی١٩٦٨، ل٢٠-٢١.

[2] - وەلید حەمید، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢.

* - پەیمانی سیڤەر: بریتیبە لەو پەیمانەی کە(١٠ی ئابی١٩٢٠)لەنێوان تورکەکان و بەریتانییــەکان و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(وەك چاودێر)و فەرەنسا و ئیتالیاو ژاپۆن و ئەرمینیا وبــەلجیکا و یۆنــان وحیجــازو پۆلۆنیــا وپورتوگــاڵ و ڕۆمانیــا و دەوڵــەتی ســرب - کــروات- ســلۆڤینی(پاشــان یۆگسلافیای لێ پێکهــات) چیکۆســلۆفاکیا و نوێنــەری کــوردیش بــە شــێوەی چــاودێر بــۆ ڕاوێــژو ڕونکردنەوەی هەندێك گیروگرفتی نێوانیان لەگەڵ ئەرمینیا بەشداربوون. پەیمانەکــە لــە شارۆچــکەی سیڤەر لە فەرەنسا مۆرکرا کەلە(١٣بەش و ٤٣٣)خاڵ پێکهاتبوو بەپێی بڕگەکانی(٦٢، ٦٣، ٦٤)لە بەشی سێیەم کە بە شێکی تایبەت بو بەناوی (کوردستان)وە تۆمار کراوە، بڕیــاری دروســت کردنــی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی درا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- حامد محمود عیسی، القضیة الكردیة في العــراق مــن الاحــتلال البریطــاني الى الغــزو الامریكــي، مصــدر ســابق، ص١٢٠. ب - نجم عمــر

**بڕگەی (٦٢):**

کۆمسیۆنێك پێکدێت لە نوێنەری سێ دەوڵەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا، و لە ئیستەنبوڵ نووسینگەیان بۆ دەکرێتەوە، لە ڕۆژی مۆرکردنی پەیماننامەکەوە تاوەکو شەش مانگ لەسەر ڕۆشنایی بڕگەی ٢٧خاڵەکانی٢ و ٣ی بەشی دووهەم، بکەونە نەخشەکێشان بۆ دیاریکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی پێکبێت لە ناوچە بەزۆری کوردنشینەکانی نێوان کەناری ڕۆژهەلاّتی ڕوباری فوڕات و خوارووی مەرزەکانی باشووری ئەرمینیا (پاش دیاری کردنی)و باکووری مەرزی تورکیا لەگەڵ سوریاو میسۆپۆتامیا، گەر هاتو جیاوازی بۆ چوونیان لە سەرخاڵێك کەوتە نێوان ئەوا هەرلایەك کێشەکە ڕووبەڕووی دەرباری دەوڵەتی خۆی بکاتەوە، پێویستە لە پلانەکەدا گەرەنتی پاراستنی مافی ئاسوری و کەمە نەتەوەییی و ئایینەکانی تری دانیشتووی ئەو هەرێمە بەرچاو بگرن، بۆیە پێویستە کۆمسیۆنێك لە نوێنەرایەتی بەریتانیا و فەرەنسا، ئیتالیا ، ئێران و کوردەکان پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان"ئەگەر پێویستی کرد" بچنە شوێنەکانی مەبەست و دەستکاری سنووری نێوان تورکیا و ئێران بکەن بەو شێوەیەی لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم پرۆتۆکۆلەدا بگونجێت.

**بڕگەی(٦٣):**

دەوڵەتی عوسمانی لە ئێستاوە بەڵێن دەدات کە بڕیاری دوو کۆمسیۆنی یەکەم و دووهەمی دیاریکراو لە بڕگەی٦٢ی ئەم بڕیارنامەیە، تا ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنیەوە پەسەند و جێبەجێ بکات .

---

السورچی، مصیر ولایة الموصل(کردستان الجنوبیة)مابعد عام ٢٠٠٠، مصدر سابق، ص٥٩. ت - کمال مظهر احمد، في سنوات الحرب العالمیة الاولی، مصدرسابق، ص٣٤٤. پ – زیا گۆیگئالب، سالأنی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت، و. لە فارسیەوە م. گۆمەیی، سوید، سالّی١٩٩٨، ل١٠٦.ج- منذر الموصلي، عرب واکراد رؤیة عربیة للقضیة الکردیة، الطبعة الاولی، مطبعة دارالغضون- بیروت، سنة١٩٨٦. ص٩٠.

[1]- زیا کوێگئالب، سالأنی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١-١٠٢.

بڕگەی(٦٤):

ئەگەر کوردەکان ئەو هەرێمەی بڕگەی(٦٢)ی ئەم پەیمانە دەیگرێتەوە لەماوەی یەك ساڵدا لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارنامەیەوە بتوانن بەڵگە نیشانی فیدراسۆنی نەتەوەکان بدەن کە ڕێژەی زۆری دانیشتوانی هەرێم حەز بەسەربەخۆیی دوور لەدەوڵەتی تورکیا دەکەن، و ئەگەر کۆمسیۆنی ڕاوێژکارانیش ئەو سەربەخۆییە بەشایستە بزانن و بڕیاری پێبەخشینی بۆ دەرکەن، ئەوا تورکیا هەر لە ئێستاوە بەڵێن دەدات بڕیارەکانی کۆمیسیۆن جێبەجێ بکات و دەستبەرداری گشت مافێکی خۆی بێت لەو هەرێمە، چەندو چونی ئەو دەستبەرداریەش پەیماننامەیەکی نێوان تورکیا و هێزە هاو پەیمانە سەرەکیەکان دیاری دەکات.

لەکاتی دەستبەرداربوندا، ئەگەر ئەو کوردانەی لەبەشێکی خاکی کوردستان کە تا ئەمڕۆ بەشێکی ویلایەتی موسڵ پێکدێنێ ویستیان بەئارەزوی خۆیان لەگەڵ حکومەتی سەربەخۆی کورددا یەك بگرنەوە، حکومەتی عوسمانی تەگەرە دروست ناکاو هاوپەیمانەکانیش دژی ناوەستنەوە.

ئەگەر ورد بینەوە لە بڕگەی(٦٢)بە دروست کردنی هەرێمیکی ئۆتۆنۆمی لە ناوچە کورد نشینەکانی کەناری خۆرهەلاتی فورات... ولایەتی موسڵیشی بەردەکەوت چوونکە نەتەوەی کورد لە ویلایتی موسڵ زۆرینە بون. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٢).

ج- لە(٢٥ی تشرینی یەکەمی١٩٢٠)دا بەریتانیا فەرمان ڕەوایەتییەکی کاتی، بە سەرۆکایەتی عەبدول ڕەحمان گەیلانی دروستکرد[١]. لە ویلایەتەکانی بەسرەو بەغداد... مەندوبی سامی سیڤیلی بەریتانی لەبەغدا لەوکاتەدا لە ڕاگەیاندنێکدا دانی نا بەمافی ڕەوای ویستی کورددا لە ڕەتکردنەوەی لکاندنی زۆرە ملێی بەدەسەلاتدارێتیی بەغدادەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ[٢].

---

[١] - ياسين طه طاهر العسكري، مؤتمر القاهرة والمسألة الكردية في العراق، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٨١٥.

[٢] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، مصدر سابق، ص٥٧.

**نەخشەی ژمارە ٢١**

**نەخشەی دەوڵەتی کوردستان بە پێی بەندەکانی**

**( ٦٢ ، ٦٣، ٦٤ ) پەیمانی سیڤەر**




**سەرچاوە:- فوئاد حەمە خورشید، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.**

**ح- له ڕاسپاردەی ژمارە/بی/٧٧٠١ ی ڕاسپاردەکانی وەزارەتی هیندا لە بەرواری٢٠ کانونی دووەمی١٩٢٠، لە خاڵی(٥)دا داوای دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکات بۆ باشووری کوردستان.[١]**

**خ- له کۆتایی نۆفەمبەری ساڵی[*]١٩٢٢ دا ڕاگەیاندنی ئینگلیزی- عێراقی هاوبەش بلاّو کرایەوە، مافی بە کوردەکانی سنووری عێراق دەدا دەوڵەتێکی کوردی دروست بکەن[**].**

**د- لە ڕۆژی١١تەموزی ساڵی١٩٢٣ دا ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە بەخشینی پۆستە کارگێڕییە زمانەوانی و ئاینییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە کردبوو.[٢]**

---

**[١]- وەلید حەمدی، کوردو کوردستان له بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١-٧٢.**

**[*] - له(٢ی تشرینی دووەمی١٩٢٢)دا وەفدێکیان(شاندێکی کوردی)لەگەڵ کۆمیسەری بالاّدا له بەغداد کۆبۆوە، ئەم وەفده لەو دانیشتنەدا داوای کرد: سەربەخۆیی کوردستان به ڕەسمی بناسرێ، هەموو ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان کورده دەبێ بەشێك بن له کوردستانی خواروو و لیژنەیەك بۆ دیاری کردنی سنووری نێوان کوردستان و عێراق پێك بێ، شێخ مەحمودیش به پلەی(حکمدار)ی کوردستان بناسرێ و سەرئەنجام ئەو کەسانەی له خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئێستا، هەڵدەبژێردرێن، ناوکی ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان پێك بهێنن: دیڤید ماکداویڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢،ل٣٥٣.**

**[**]- وەك له بروسکەی ژمارە(٨٠٤)ی ڕۆژی(١٦ تشرینی دووەم)مەندوبی سامی کە بۆ وەزیری موستعمەرەکانی ناردوە دەردەکەوێت که مەبەست لەم بەیانه تەنها هەوڵێکی تەکتیکی یە و بۆ ڕاکێشانی کوردەکانه بەلای بەریتانیا و چەکێکی کوشندەیه بەرامبەر بە جموجولێ تورکەکان و بەربەستێکی له باریشه بۆ هەموو خەتەرێکی چاوەڕوان کراو... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ولید حەمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.**

**[٢]- أ- بێ ناوی دانەر، کوردستان له بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، و. سەلمان عەلی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٥، ل١٣. ب- وەلید حەمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.**

شێخ-یش بەمەبەستی دروست کردنی کییانێکی کوردی لە هەوڵی بەردەوامدا بوو، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بە ڕووسەکان و تورکەکانەوە کرد، دیارە ڕووسەکان. وەلاَمیان نەرێنی بوو بۆ شێخ و دەسەلاَت داریەکەی، بەلاَم تورکەکان بەمەستی بەدەست هێنانی پشتگیری ڕامیاری و دروست کردنی پشێوی لە ولایەتی موسڵ و هاندانی کوردان لەدژی ئینگلیز، بە هۆی ئوزدەمیرەوە چەند بەڵێنێکیان بە شێخ مەحمود دا، لەوانە دروست کردنی دەوڵەتی کوردی کە سنووری باشووری بەرزاییەکانی حەمرین بێت*.

هەروەها لە ساڵی١٩٢٣ دا ئۆزدەمیر و شێخ لە سەر(دە)خاڵ ڕێکەوتن کە لە خاڵی یەکەم دا دەوڵەتی تورکیا بەڵێنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەدات بە شێخ و لە خاڵی سێیەم دا سنووری ئەو ڕووبەرە دیاری کرابوو کە لە باکوور لەگەڵ قەزای شەمدینان و لەباشوور جەبەل حەمرین و لە ڕۆژهەلاَت تا سنووری ئێران و لە ڕۆژئاواش تا ڕووباری دیجلە بوو...

ژ- لیژنەی کۆمەڵەی گەلان پاش سەردانی کردنی ناوچەی ململانیَ(ولایەتی موسڵ)لە نێوان تورکیا لە لایەك و بەریتانیا و عێراق لە لایەکی تر، لە دەرئەنجامی کۆتایی دا دوو پێشنیاریان کرد لە پێشنیاری دووەم دا داواکرابوو کە(پێویستە ڕەچاوی ویستی کورد بکرێت بە تایبەت لە دانانی فەرمان بەری کورد لە بەڕێوە بردنی کارو باری ڕۆژانە و موڵك و ماڵ و ڕێکخستنی کارو باری داد و فێرکردن لە خوێندنگاکان، هەروەها زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە ڕایی کردنی ئەو کارو بارانە.[1]

---

* - پاش ئەوەی کە بیَ متمانەیی لە لای شێخ دروست بوو بوو بەرامبەر بە بەڵێن و پەیمانەکانی ئینگلیز شێخ لە هەوڵی بەردەوام دا بوو لە پەیوەندی بەردەوامدابوو لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە شێخ لێی ڕادەبینین کە دەتوانن یارمەتی گەلی کورد بدەن بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی، ئەمە ئامانجی هەموو کوردێك بوو، بەریتانیا دوای دورخستنەوەی شێخ مەحمود داوای لە سەید تەها کرد یارمەتیان بدات لە دورخستنەوەی تورکەکان لە ڕەواندوز و ناوچەکە. سەید تەها هەندێك داوای هەبوو ئەمەی لەبەغداد بەڕەسمی پێشکەشی کاربەدەستانی ئینگلیز کرد، کەبریتی بون لە پێنج خاڵ، لە خاڵی یەکەمدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یەك پارچەی کردبوو، وە خاڵی سێیەم دا سووربوونی خۆی لە سەر دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی کردبووەوە لەسەر بنەمای کۆماری: ڕەفیق حلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣،ل٦٣.

[1] - لجنة عصبة الامم، تقريرحول الحدود العراقية- التركية، مصدر سابق، ص١١١.

ر- له گوتەی(٢ی کانونی دووەمی١٩٢٦)سەر وەزیـردا هـاتوە کـە((...دەبـێ مافی کوردەکان بدەین، کارمەندەکانیان لە خۆیان بن، زمانیان زمـانی ڕەسمییـان بێ، منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا فێری زمانی خۆیان بـبن. ئـەرکی سەرشـانمانە مافەکانیان بدەینێ))[1].

ز- لە ساڵی١٩٢٦یشدا بۆ درێژەدان بە سیاسەتی تەفرەدان هەردوو دەوڵـەتی بـەریتانی عێـراق سـەبارەت بەمەسـەلەی کـورد ڕاگەیانـدنێکی تایبـەتیان دەرکرد.ئینگلیز و عێراقییەکان لە و ڕاگەیاندنەدا وتبویان کە ((دەوڵـەتی پایـە بەرزی شای بەریتانیای مەزن و دەوڵەتی عێراق دان بـەوە دا دەنـێن کـە کـوردی عێراق مافی پێکەوەنانی حکومەتێکی کوردییان لە چوارچێوەیی ئەو دەسـتورەدا هەیە))هەر لە هەمان ڕاگەیاندندا بڵاو کرابۆوە کە(لەنزیکترین دەرفەتـدا کـورد دەتوانێ دەسەڵات و حکومەتەکەی دیاری بکاتو سنووری دەست نیشان کا، ئـەم هەڵوێستە سەبارەت بەمەسەلەکانی تریش هەمان هەڵوێستە))[2].

س- لە١٨ شوباتی١٩٢٦ دا دەوڵەتی عێراق جارێکی تـر بـە ئاشـکرا مافـە نەتەوەییەکانی کوردی سەلماند، بەڵام پاشان بۆ گەلی کورد دەرکەوت کە هـەموو ئەو بەڵێن و وتارانە هەربۆ لە خشتە بردنی گەلە[3].

ش- کوردەکان بەردەوام داوای مافە نەتـەوەیی و نیشـتمانیەکانیان دەکـرد[*]. نوری سەعید بۆ ئەوەی پشتگیری کوردەکان بە دەست بهێنێت لـە سـەر بەسـتنی پەیمانێك لەگـەڵ بـەریتانیا(پـەیمانی١٩٣٠)بڕیـاری بەخشـینی هەنـدێك مـافی

---

[1]- بێ ناوی دانەر، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، سەرچـاوەی پێشـوو، ل١٤.

[2]- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

[3]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

[*] - لەمانگی شوباتی ساڵی١٩٢٩ دا هەندێك لە پەرلەمان تارانی کـورد وەك جمـال بابـان و حـازم شەمدین ئاغا و حەمە بەگی جاف و اسماعیل ڕەواندوزی و سیف الله خەندان و حەمەساڵح بەگی حمە عەلی بەگ داوایەکیان دایە سەرۆك وەزیران لە بارەی مافەکانی گەلی کوردەوە کە ئەم خاڵانـەی لـە خۆ گرتبوو: ١- یەکێتیەکی ئیدارەی کوردستان دروست بکرێت کە وڵاتەکانی کـەرکوك و هـەولێرو سولەیمانی بگرێتەوە و ئەمانە هەموو پێکەوە بن، لیوایەك لە قەزا کوردەواریەکانی(موسڵ)دروست بکرێت و چاودێری کردنی کارو باری ئەم یەکێتییە ئیداریە لە ژێر فەرمانی موفەتیشـێکی کـوردی گشتیدا بێت... بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدرایەوە...بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: عەلائـەدین سـەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کۆماری مهاباد، ئەتڵەس چاپ- تاران، ساڵی٢٠٠٥،ل١١٥.

نەتەوەیی و فێرکردن و کارگێڕی بەخشی بەکورد و تورکمان[١] بەلاّم لە پەیمانەکەدا بە هیچ جۆرێك باسی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی تێدا نەکرابوو[٢].

ص-حکومەتی عێراق لە ژێر فشاری داواکارییەکانی گەلی کوردو زەمینە خۆشکردن بۆ بە ئەندام بوونی ولاّتەکە لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلاندا (یاسای زمانە خۆجێییەکانی) ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١ی لە (٢٣/٥/١٩٣١)دا دەرکرد[٣].

## دووەم: سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان - سەرەتای تاك جەمسەربوونی جیهان (سستمی نوێی جیهانی)

تایبەت مەندی ئەم ماوەیە بە ڕێکخراو بوونی شۆڕشەکانی گەلی کورد بوو لە داوا کردنی ماف و سەربەستییەکانیان، نەمان یان کاڵ بوونەوەی هۆکارەکانی جیۆگرافیای سروشتی وەك دووری یان بەرزو نزمی... و نەمانی جیاوازی لە نێوان گۆڤەرو کرمانجەکاندا، چەندین ڕێکخراوی ڕامیاری هەمەجۆر پەیدا بوون کە داکۆکیان لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد، ئەم ڕێکخراوانە جەماوەرێکی زۆریان لە دەور کۆبووەوە و زۆر بەتوندی دژی داگیر کەرانی کوردستان وەستانەوە، بە جۆرێك لە زۆر کاتدا حکومەتی عێراقی بە گفتوگۆی مەرج داریش ڕازی بووە و لە دانوستانەکاندا هەندێك لە داواو مافە نەتەوەییەکانی کورد چەسپییوە. ئێستاش وورد تر و لە چەند ماوەیەکی جیاوازدا لە ناوچە دابڕاوەکان و چارەسەرەکانی دەدوێین:

### ١- سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان - سەرەتای بە کۆمار بوونی عێراق (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨):-

ئەگەرچی لەکاتی جیاوازداو ڕووبەری جیاواز لەخاکی هەرێم ئازاد کراوە، بەلاّم سەرجەمی ڕووبەری هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا بە ناوچەی دابڕاو

---

[١]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩، ل٥٠-٥٣.

[٢] - عەزیز شەمزینی، جولاّنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

[٣]- شورش حسن عمر،حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة، رسالة مقدمة الي مجلس كلية القانون بجامعة السليمانية و هي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في القانون العام، غير منشورة، السنة ٢٠٠٤، ص ٥٥. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی بەکار هێنانی زمانی کوردی و عەرەبی لەناوچە کوردیەکان و دەقی یاساکە بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

**دادەنرێت... لەبەر نەبوونی ڕووبەرێکی فەرمی دان پێدانراوی عێراقی یان نێودەوڵەتی...**

**ناوچە ئازادکراوەکان لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی نافەرمی بەردەوام سنوورە جوگرافییەکەی گۆڕانی بە سەردا هاتووە لە هەندێك کات دا لە چەند لوتکە چیایەك تێ پەڕ نەبوە لە هەندێك کاتدا فراوان تر بوە بۆ هەندێك شارو شارۆچکە.**

**چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکان بۆ چارەسەر کردنی ناوچە دابڕاوەکان:**

**پاش ئەوەی ڕژێمی پاشایی بەردەوام دەبێت لە زەوت کردنی مافە نەتەوەییی و نیشتمانیەکانی گەلی کورد، جارێکی تر شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە [*]، لێرە بە دواوە مەلا مستەفا سەرکردایەتی شۆڕش دەکات و درێژە بە شۆڕش دەدات[1]، یەکەم چارەسەر دەگەڕێتەوە بۆ پاش دەست پێ کردنەوەی جەنگی ساڵی١٩٤٣ پاش ئەوەی ڕژێم لە جەنگەکان دەشکێت داوای گفتوگۆ دەکات، لە پایزدا گفتوگۆ دەست پێ دەکات ولە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێك دەکەون[2]:-**

---

[*] - چەندین پارتی ڕامیاری دروست بون لەم سەردەمەدا بە پرۆگرام و بۆچوونی جیاجیا لەپێناوی ئازادی کوردستاندا کاریان دەکرد وەك شۆڕش و ڕزگاری و پارتی دیموکرات... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پارتە کوردیەکانی پێش جەنگی دووەمی جیهان و دوای جەنگ بڕوانە: ناهض حسن جابر الراوي، مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، مطبعة الشهيد ازاد هورامي، سنة٢٠٠٦، ص٨٧-٨٩.

[1]- مەلا مستەفا پاش ئەوەی بە دەست بەسەرکراوی لە باشووری عێراقەوە دەهێنرێتەوە بۆ سلێمانی و لەوێ لە ژێر چاودێری دا دەبێت، لە(١٢تەموزی ١٩٤٣)دا هەڵدێت و خۆی دەگەیەنێتەوە بارزان وجارێکی کە درێژە بە شۆرش دەدات..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعودالبارزاني، البارزاني و الحركه التحرريه الكرديه، بدون اسم المطبعة، كردستان، سنه١٩٨٦، ص٥٥. لە ٢٨ی تشرینی یەکەم١٩٤٣ دەوڵەتی عێراق دەستی کرد بە هێرش کردن بۆ ناوچەی شۆڕش، بارزانی بو بە دیارترین کەسایەتی کوردی، لە ساڵی١٩٤٥بە هێرش بردنی بارزانیەکان بۆ سەر بنکەی کانی ڕەش جارێکی تر شۆڕش دەستی پێ کردەوە و لە٢٤ی ئابی ساڵی١٩٤٥ ڕژێم هێرشی زەمینی و هەوایی... دەست پێکرد.. جەنگ مانگ و نیوێکی خایاند...جارێکی تر پاش گەڕاندنەوەی بارزانیەکان لە ئێران لە ساڵی١٩٤٧ شەڕ لە نێوان جاشەکان و سوپای عێراق بەسەرۆکایەتی لیوا مستەفا راغب و بارزانییەکان ڕوویدا لە چیای پۆتین..لە(١حوزەیرانی ١٩٤٧)دەوڵەتی عێراق لە لێدوانێکدا کۆتایی هێنانی جەنگ و هەڵاتنی یاخی بووەکانی بۆ ئێران ڕاگەیاند... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسن مصطفى، البارزاني و حركات بارزان١٩٣٢-١٩٤٧، الطبعة الثانية، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، السنة ١٩٨٣، ص٥٥-١٧٣.

[2] - مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية انتفاضة برزان الأولى١٩٣١-١٩٣٢، مصدر سابق، ص٥٧.

**١- دروست كردنی ویلایەتێكی كوردی لە ویلایەتەكانی(كەركوك و سلێمانی و ئەربیل و قەزا كوردییە-كانی لیوای موسڵ وەك دهۆك، ئاكرێ، شێخان، شەنگار، زاخۆ، ئامێدی، قەزاكانی خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە).**

**٢- بە فەرمی كردنی زمانی كوردی لە ناوچەكەدا.**

**٣- دانانی جێگری وەزیر لە نەتەوەی كورد لە هەموو وەزارەتەكان.**

**نوری سەعید لە(٣ی حوزەیرانی١٩٤٤)دەستی لە كار كێشایەوە، پاچەچی وەزارەتێكی نوێی پێكهێنا و ڕایگەیاند كە پاپەند نیە بە بەڵێنەكانی ڕێكەوتننامەكە بە بیانووی ئەوەی كە ئەم ڕێكەوتنە لەگەڵ كابینەی وەزارەتەكەی پێشووی كراوە، دیارە ئەمەش سیناریۆی بەریتانییەكان بوو كە ڕێكیان خستبوو، ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرساندی شۆڕشی ساڵی١٩٤٥[١].**

**٢ - سەرەتای بەكۆماری بوونی عێراق - گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسیەكان(١٤ی تەموزی ١٩٥٨- ٨ی شوباتی١٩٦٣).**

**ناوچە دابڕاوەكانی لەم قۆناغەدا بریتی بوون لە سەرجەم ڕووبەری هەرێمی كوردستان، بەو ناوچە فراوانەشەوە كە شۆڕشی ئەیلول ئازادی كرد. لەبەر ئەوەی ئەو ناوچە دابڕاوە چوارچێوەیەكی یاسایی و دەستووری نەبوو بەڵكو بە هێزی چەك و خوێنی پێشمەرگە و گەلی كورد ئازادكرابوو.**

**پاش ڕوودانی كودەتا[*]بە سەركردایەتی عەبدول كەریم قاسم و ڕووخاندنی دەوڵەتی پاشایی عێراق لە ڕۆژی(١٤ی تەموزی١٩٥٨)و بەكۆماری بوونی عێراق[**]، ڕژێمی نوێ چەندین هەنگاوی نا بە ئاڕاستەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی گەلی كورد، لە٢٠ی تەموزدا بەندكراوەكانی ئازاد كرد**

---

[١] - أ- ناهض حسن جابر الراوي، مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، مصدر سابق ، ص ٣٨٥-٣٨٦. نقلا عن: صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد، سنة٢٠٠٣، ص٨٩. ب- مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، انتفاضة برزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، مصدر سابق، ص٥٧.

[*] - لە ڕاستیدا تەنها كودەتا نەبوو بەڵكو شۆڕشیش بوو... عیسمەت شەریف وانلی، كوردستانی عێراق، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت، و. م. گۆمەیی، چاپی دووەم، بەبێ ناوی چاپخانە- سوید، ساڵی٢٠٠٢، ل٢٧٢.

[**] - بۆ زانیار زیاترلە سەر چۆنیەتی ڕودانی كودەتاو چۆنیەتی پێكهێنانی حكومەتی نوێ... بڕوانە: تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، ت. زينة جابر ادريس، الطبعة الاولى، دار العربية للعلوم، سنة٢٠٠٦، ص٢٠٧-٢٢٥.

وەك(شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ لەتیفی حەفید و گۆرانی شاعیر.[1] سەرەڕای مافە هاونیشتمانییەکان بە پێی دەستووری کاتی هەموو هاوولاتیان یەکسانن لە ماف و ئەرکدا... یەکەم چارەسەری یاسایی و دەستووری دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ساڵی بە کۆماری بوونی عێراق لە ساڵی١٩٥٨دا، لە(٢٧ی تەموزی)ی هەمان ساڵدا دەستووری کاتی نوسرایەوە، لە بەندی سێی دا هاتوە(قەوارەی عێراق لە سەر بنەمای هاوکاری ڕاوەستاوە لە نێوان هەموو هاوولاتیاندا بەڕێز گرتنی مافەکانیان و پارێزگاری لە ئازادییەکان، عەرەب و کوردیش لەم نیشتمانە دا شەریکن و دەستور مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراق دا بۆ مسۆگەر دەکات)[2].پێداگری عەبدولکەریم قاسم-یش بوو بەندی سێیەمی دەستووری کاتی دانرا کە لە(٢٧ی تەمووز)ی ئەو ساڵە دا دەرچوو و بۆ یەکەمین جار لە مێژوویی عێراقداو بگرە لە مێژوویی کوردستانیشدا دان بە هاوبەشی عەرەب و کورد لە یەك نیشتماندا نرا[3]. بەغدا ڕێگەی بە گەڕانەوەی بارزانی دا، لە(٦تشرینی یەکەمی١٩٥٨)بە فڕۆکە بۆ بەغداد دەگەڕێتەوە وەکو سەرۆکی دەوڵەتێك لەلایەن جەماوەری پڕ جۆش وخرۆشەوە پێشوازی دەکرێ[4]،هەروەها ئازادی ڕۆژنامەوانی هەبوو. لە نیسانی١٩٥٩[*] دا ڕۆژنامەی خەبات دەرچوو

---

[1]- أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ساڵی٢٠٠٤، ل٢٩. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

[2] -أ- زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف ، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستورە عێراقییەکاندا.سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧-٢٦٠: ب- نبیل عبدالرحمن حیاوي، دساتیر الجمهوریة العراق، مصدرسابق، ص٧.

[3] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٠.

[4] -أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦١، ب - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

[*]- لەم ساڵەدا شۆڕشگێرە کوردەکان و شیوعییەکان وەك هاوکاریەك بۆ قاسم دەستیان بە سەر موسڵ دا گرت و یاخی بوونی عەرەبە ناسیۆنالیستەکانیان دامرکاندەوە... دیڤید ماکداویڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩-٣٣٠.

پاشان یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی لە٣٠ی ئەیلولی١٩٥٨ دەرچوو، لە ٦کانوونی دووەمی١٩٦٠ قاسم مۆڵەتی حزبی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا .[١]

لە هەیڤی(١ ساڵی١٩٦٠)دا قاسم لە دیدارێکی دۆستانەدا داوادەکات(بەپەلە)ئەو مادەیەی کەدەڵێت یەکێك لە ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان"بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی عێراقدا"لابرێ[٢] بەڵام تێکچوونی پەیوەندی پارتی و قاسم دەگەڕێتەوە بۆ پاش هاتنەوەی بارزانی لە سۆڤیەت لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٦١ دا [٣]. لە شوباتی هەمان ساڵدا بارزانی ویستی عەبدولکەریم قاسم دڵنیا بکاتەوە و گومانەکانی نەهێڵێت، کە بارزانی و پارتی هیچ نیازێکی خراپیان بەرامبەر ئەو نیە، بەڵام هیچ دادی نەداو ئەنجامێکی نەبوو[٤]، پاش ئەوەی قاسم دەستی لە تەختی دەسەلات گیر بوو، بوو بە دیکتاتۆرێکی سیا دۆست و لە گشت بەڵێنەکانی پێشووی پاش گەز بووەوە[٥]، پاشان ڕژێمی قاسم، عومەر دەبابەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەگرێت و بۆ باشوور دووری دەخاتەوە و بلاوکراوە کوردییەکان یەك لە دوای یەك دادەخات و ڕژێم کەوتە ڕاوە دوونانی پارتی و بڕیارێك کەلە لایەن فەرماندەی سەربازی دەرچوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی خەبات و دەست گرتن بە سەر هەموو بارەگاکانی پارتی و فەرمانی گرتن و بەندکردن بۆ ئەندامانی پارتی دەرچوو[٦]، لە هەیڤی(٣ ی ساڵی١٩٦١)دا

---

١ - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨-٢٦٨.

٢- دیڤید ماکداویل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٣. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

٣ -أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥)، بەش سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.

٤ - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

٥ - عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢-٢٧٣.

٦ -أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١. ت- دیڤید ماکداویل، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤١.

**ساڵی(١٩٦١)دا پەیوەندی نێوان قاسم و بارزانی بە کردەوە تێك دەچێت و دەگەڕێتەوە بۆ بارزان[1]، لە ئاخری حوزەیرانی ساڵی١٩٦١ دا کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بڕیار دەدات کە یاداشتێك بدرێت بە عەبدولکەریم قاسم و سەرۆك وەزیران و فەرماندە سەربازییەکان[2].**

**لە یاداشتەکەدا سکالاٌ کرابوو لە سیاسەتی قاسم لە(١٩)خاڵدا ئاماژەی پێ کرا بوو، خۆی لە لایەنەکانی ڕامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و کارگێڕیو ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەلاٌیەتی و دەستووری دا دەبینیەوە وەك پشت کردنە بەڵێنەکانی١٤ تەمووزو ڕێگرتن لە جێ بە جێ کردنی مادەی سێ و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگاکان و سوکایەتی کردن بە شۆڕشی کورد و ناو بردنیان بە بەکرێ گیراو. لە یاداشتەکەدا هاتووە بۆ ڕزگارکردنی ولاٌت لە مەترسیەکی گەورە لە ناخەوە هەڕەشە لە یەکێتیی نیشتمانی دەکات و داوا لە حکومەت کرابوو کە داواکاریەکانیان جێ بە جێ بکات کە لە(١٣)خاڵدا خۆی دەبینییەوە کە بریتی بوون لە پیادە کردنی تەواوەتی مادەی سێی دەستووری عێراق و وەدی هێنانی یەکسانی تەواو لەنێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لە هەموو ڕوویەکەوە وەك دوو نەتەوەی برا لە سایەی دەوڵەتی عێراقدا و بەفەرمی کردنی زمانی کوردی لە هەموو فەرمانگە ڕەسمییەکان لە کوردستان و لابردنی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی کە دەرهەق بە کورد پەیڕەو دەکرێن و بە دیموکراسی کردنی ولاٌت و چەندین داوای تری لە بوارەکانی ئابوری و کشتوکاڵ و یاسایی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و دەستووری و کارگێری و سەربازی...[3]، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا ئەگەر قاسم ڕازی نەبوو بە داواکان ئەوا گەلی کورد ڕوو بەڕوو بوونەوە هەڵبژێرێ. لە١٢ی تەمووزی١٩٦١دا جەلال تاڵەبانی گەیشتە بارزان بۆ گفتوگۆی ئەو بڕیارە، بارزانی داوای چاوەڕوانی کرد[4]، شەڕ لە بارو دۆخێکی ئاڵۆزدا لە نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان دەست پێ دەکات لە١٥ی**

---

[1]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.
[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١-٢٧٢.
[3]- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١-٢٧٧.
[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

تەمووزی١٩٦١دا بارزانی ژمارەیەك چەكدار بۆ سەر زێبارییەكان دەنێرێ و شەڕو پێكدادان تا١٩ی تەمووزی١٩٦١ بەردەوام دەبێت و زێبارییەكان پەنا دەبەنە بەر توركیا[1]، قاسم بە دەسەڵاتی بێ ڕكەبەری مەلا مستەفا لە كوردستاندا خۆش حاڵ نەبوو، كەم كەم كەوتە دروست كردنی پەیوەندی لەگەڵ دوژمنەكانی ئەو بۆ نموونە سورچی و هەركییەكان، [2]جەنەڕاڵ قاسم ژێراو ژێر چەك و پارەی بە زێبارییەكان دەدا[3].

لە ٦ی ئەیلول دا شۆڕش بڕیاری دا بە مانگرتنی گشتی بە بۆنەی یادی خۆپیشاندانەكەی ٦ی ئەیلولی١٩٣٠ ی سلێمانی، گەلی كوردیش مانگرتنێكی گەورەی كرد كە مەبەست لێی بە ئاگا هێنانەوەی قاسم بوو لەوەی كە هێزەكانی بنێرێتە كوردستان[4]، سەرۆك خێڵەكان هەڵوێستێكی یەكگرتو لە نێوانیاندا نەبوو، نە بەرژەوەندی نەتەوەییش هانی دان، سەرەڕای ناكۆكی لە نێوان ئەم خێڵ و ئەو خێڵ بەهۆی خراپی جێ بەجێ كردنی یاسای چاكسازی كشتوكاڵ پاشتر هەندێك لەم سەرۆك خێڵانە هاتنە پاڵ شۆڕش و هەندێكی تریان پاڵیان دایە پاڵ حكومەت. سەرۆك خێڵەكان دەربەندی بازیان و دۆڵی خەلەكانیان گرت لە(١١ی ئەیلول١٩٦١)، ڕژێم فڕۆكەی هەستاند و بۆردومانی كردن و بە هێزی پیادە بە ئاسانی ڕێگاكەی كردەوە، نەك هەر لە نێو تێكڕای خێڵەكاندا، تەنانەت لە ناو هیچ تاكە خێڵێكیشدا یەك هەڵوێست نەبوو، لە قۆناغەكانی سەرەتای شۆڕشدا بیروڕای جیاجیا و بەش بەش هەبوو، بەرژەوەندی تایبەتی خێڵەكی ڕۆڵێكی دیارتر و بەهێز تری هەبوو و بە سەر هەستی نەتەوەییدا زاڵ و لە پێش داخوازییە نیشتمانییەكانەوە بوو، سەرباری ئەمەش دوژمنایەتی كۆن و ناكۆكی بەرپای نێوان ئەم خێڵ ئەو خێڵ دەبوو بە هۆی ئەوەی كە هەندێ لەخێڵەكان كە خێڵە ناحەز و نەیارەكانی خۆیان دەدی لایەنی شۆڕش دەگرن، ئەوان دەچوونە پاڵ

---

[1] - كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

[2] - دیڤید ماكداویڵ، مێژووی هاوچەرخی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٥.

[3] - كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

[4]- أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەش سێیەم، بەرگی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣-٣٤. ب- كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

دەسەڵات. وەکو ڕووداوەکان دواتر دەریان خست خێڵەکانی سەر بەحکومەت، بوون بە سەرە ڕمی ڕووکراوە لە پێشمەرگەکانی شۆڕش، لە مەوە بوو دەکەوتنە پێش سوپای حکومەتی عێراقەوە و لەکاتی پەلاماردانی پێشمەرگەدا ڕێگەیان پیشانی سوپا دەدا لەمەشەوە بو ناوی جاش لەم چلکاو خۆرانە نرا[1] .

لە ناوچەی هەولێریش جەنگاوەرە پارتیەکان(پێشمەرگە)کە هەواڵی روداوەکانی ناوچەی سلیمانییان پێ گەیشت وایان بە باش زانی بگوێزنەوە بۆ چیای سەفین ئەمانە هەمووی بە سەرکردایەتی مەحمود کاوانی و حەمید کاوانی بوو، لە دهۆکیش هێزە حزبی و گەریلاکان هێرشیان کردە سەر زاخۆ و ئازادیان کرد بەڵام بەدەست شۆڕش گێرەکانەوە نەمایەوەو لێی کشانەوە[2]، قاسم لە لایەن یارمەتی دەرەکەیەوە(عەبدولسەلام عارف)و ناسیۆنالیستەکانی دیکەی عەرەب کە دەیان ویست بچێتە ناو کۆماری یەکگرتوی عەرەب لە ژێر گوشاردا بوو، ناسیۆنالیستەکانی عەرەب دژی ئەو مامەڵە بە ڕووکەش باشەی قاسم بوون لەگەڵ کوردەکان، بەتایبەت پێشوازی کردن لە مەلا مستەفا بۆ وڵات، قاسم حەزی لێ نەبوو لە بەرامبەر گۆشاری ناسیۆنالیزمی عەرەب دا سەر دابنەوێنێ و بە دڵنیاییەوە نەیدەویست لە کۆمارە ڕوو لە گەشەکەی یەکگرتووی عەرەبیدا لە بەرامبەر ناسردا ڕۆڵی دووەم بگێڕێ، لەگەڵ هەندێکیش نەیدەویست بەم زوانە مەیدان بۆ کوردەکان چۆڵ بکات.[3]

ڕێبەرانی حیزب بەتایبەت ابراهیم ئەحمەد لە بەغداد دەمێنێتەوە و درێژە بە گفتوگۆ لەگەڵ قاسم دەدەن[4] هەموو بیروڕاکان لەوە دا هاودەنگن کە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١سەرەتای شۆڕشی مەزن بوو[5]، لە١٦ی ئەیلول سوپای عێراق

---

[1]- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[3] - دیڤید ماکداویل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٧.

[4] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

[5] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥.

هێرشی کرد بۆ سەر بارزان[1]، لە بەغداش عەبدولکەریم کۆنگرە بەناوبانگەکەی خۆی لە٢٤ی ئەیلولی١٩٦١دا گرت و تیایدا جاڕی دا کە یاخی بوونەکە بڕاوەتەوە، جاڕی نابوت بوونی کورد و هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دا[2]، پاش ئەوەی سوپا لە هەردوو بەرەی مێرگەسور و پێرێس شکا بەڵام جەنگاوەران لە بارودۆخێکی سەختدابوون ڕۆژ بەڕۆژیش سەختتر دەبوو، شێخ ئەحمەدی بارزانی پاش ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی وای بەباش زانی بەمەبەستی ڕێخۆش کردن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قاسم جاڕی وەستانی شەڕ لە بەرەی بارزان دا بدات... قاسم ئەم هەنگاوەی ناو نا(دەخالەت)... پاشان قاسم داوای لە شێخ ئەحمەد کرد کە بچێت بۆ بارزان و سوپا چووە گوندی بارزان و مێرگەسور، بڕیار درا بارزان بکرێتە ناوچەی ئارام، قاسم ئەم کارەی بە سەرکەوتنێکی ستراتیجی گەورە دانا کەوا بارزان کرا بە ناوچەی بێ لایەنی ئارام[3]لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان تا مانگی ئازاری١٩٦٢بە شێوەیەکی جدی بەشداری شەڕەکان ناکات[4].

لە سەرەتای دەست پێکردنی بزوتنەوە چەکداریەکە تا ١١ی تشرینی دووەمی١٩٦٢ زۆر ناوچە ئازاد کران، جگە لە ناوەندی شار و قەزا و هەندێك لە ناحیەکان نەبێت، ئەم ناوچانە ئازاد کران(کانی ماسی، گلی، سندی، دۆسکی، ناحیەی سەرسەنگ، دۆڵی زاوێتە، ئەتروش، سەری باعەدرێ، بەرواری ژێری، مزوری ژێرێ، نەهلە، سەری ئاکرێ، گەلی بێخمە، و سەرانسەری بادینان، سەری لوتکەی بەردی، گوندی بێشی، گەلی دۆڵی لیزیش، ناوچەی نێوان دوو سنووری باشووری بەرزێوە، باکووری کێلەکان، گەلی ڕەژوو کەریان، ناحیەی گەلاڵە، ڕایات و حاجی ئۆمەران، ڕێگەی ڕەواندوز- هاملتۆن، ناوچەی چیغەدەری، دۆڵی مەیدان، باڵەکیان، ناحیەی هیران، چیای سەفین، سەرانسەری ناوچەی خۆشناوەتی

---

[1] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٨-٣٩.

[2] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.ب- دیڤید ماکداویل، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤١.

[3] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠-٤١.

[4] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦.

و شارۆچکەکانی پێنجوێن، ناحیەی تەق تەق، ناحیەی چوارتا، بەمۆ، سەرتەك، ناوچەی خانەقین، تاوەگۆزی، شەمیران، نەورۆلی، هەورامان، بناری سورێن، ناوچەی شارباژێر و عەین زالە... بە کۆتایی هاتنی ساڵی١٩٦٢ شوێنە ستراتیجییەکان لە هەرێمی کوردستان کەوتبوونە دەست لە شکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سنووری ئێران و عێراق لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران و سنووری عێراق و تورکیا لە دالانپەڕەوە تا زاخۆ هەمووی لە ژێر دەستی هێزەکانی شۆڕشدا بون[١] شارەکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و کۆیە بە شەوانە لە ژێر دەسەلاًت و حوکمی پێشمەرگە دا بوون[٢]، ڕژێم نزیکەی(٤٠٪)ی بوجەی عێراقی بۆ سوپا تەرخان کرد[٣]، شۆڕشی کورد شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو لە هەرێمی کودستان بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان نەتەوە یان ئاینە جیاوازەکان. شایانی باسە مەسیحییەکان و ئاشورییەکان یارمەتی شۆڕشیان دا بە مادەو بە گیان[٤].

ڕژێم پاش شەڕی زاوێتە ڕاچەنی، کاتێ مەودا سیاسییە ڕاستەقینەکانی ئەو شتەی بۆ دەرکەوت کە لە کوردستاندا ڕووی دا، قاسم توشی جۆرە سەر لە بەردانێك بوو کە نە چاوەڕوانی بوو نە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا دایبابوو، بڕیاری دا چارەسەرێکی جیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگی بدۆزێتەوە، نامەیەکی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی نارد کە ئامادەیە لە بارزانی خۆش بێ و ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبووەشێنێتەوە... سەرئەنجام عەمید حەسەن عەبود فەرماندەی لیوای پێنج لە(١٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٦١)دا شوێنێکی لە نزیك سەرسەنگی دیاری کرد بەلاًم بارزانی لە نزیك گوندی بامەڕنی مایەوە. بارزانی نەچووە ئەو شوێنە هەر

---

[١]- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٩٤.

[٢]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠. هەروەها دانا ئادەم شمیدت ئەڵێت: هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تا(٨ی شوباتی ١٩٦٣)توانیان دەسەلاًتی خۆیان بە سەر هەموو زەویەکانی دەوروپشتی خانەقین و سلێمانی کەرکوك و هەولێردا بگرن...بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:- دانا ئادەم شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان، و.بۆ عەرەبی: جەرجیس فەتحوڵلاً، و. بۆ کوردی: ئەبووبەکر سالح اسماعیل،چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بلاًوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ساڵی٢٠٠٨ل ١٥٧.

[٣] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠

[٤] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٣-٥٥.

زوو عەبودیش شوێنەکەی بەجێ هێشت و ٤ فڕۆکە هاتن شوێنەکەیان زۆر بە توندی بۆردومان کرد[١]، پاشان شەڕ دەستی پێ کردەوە.

لە ٤ی شوبات دا سالّح یوسفی نێردرا بۆ ئەوەی لەگەڵ علی سالّح سەعدی ڕازگری گشتی سەرکردایەتی قوتری بەعس کۆبێتەوە لەو کۆبوونەوەیەدا سەعدی بۆ نوێنەری شۆڕشی دووپات کردەوە کە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتا جاری ئۆتۆنۆمی[*] بۆ گەلی کورد دەدەن[٢] پاشان قاسم هەولّی گفتوگۆی لەگەڵ بارزانی دووبارە کردووە کۆمەڵێك سەرۆك خێڵی کوردی نارد لە ١٥ی ئازای١٩٦٢ لە گوندی شاهیا چاوی بە شاندەکە کەوت جارێکی دیکە بارزانی لەو گفتوگۆیانەدا داوای مافی کوردی کردەوە[٣].

لە نێوان بەعسییەکاندا ڕێکخراوێك بەنێوی"ئەفسەرانی ئازاد"دروست دەبێت کە پەیوەندی لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشی کورد دەکەن لە (٢٨ی نیسانی١٩٦٢)ئیبراهیم ئەحمەد سیاسەتی هاوکاری هێزی نەیاری قاسم قبوولّ دەکات بەلاّم لە نامەیەکی دوور و درێژدا مەرجەکانی کورد لەم هاوکارییە دووپات دەکاتەوەو داوا دەکات بەر لە هەموو شتێك ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان

---

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦١-٦٢.

[*] - ئۆتۆنۆمی:لە (Enciclopedia Ttreccani)ی ئیتالّیدا بنەڕەتی چەمکی ئۆتۆنۆمی وشەیەکی یۆنانی کۆنە لە هەردو وشەی(Auto)بەمانای خود و(Nomia)بەمانای یاسای دێت، لە مانایا بەواتای دانانی یاسا بۆ خود دێت، یان خۆ فرمان ڕەواکردنی خۆدێت، بۆزانیاری زیاتر لەسەر چەمکی ئۆتۆنۆمی بڕوانە: محمد الطاهر محمد، القضیة الکردیة و حق تقریر المصیر، الطبعة الأولی، مکتبة مدبولی، سنة٢٠٠٨، ص١٥٣-١٥٥. کەواتە خۆڕێبەری بریتییە لە سیستمی بەڕێوە بردن، چەمکێکی دەستور، کارگێری و ڕامیاریە، جۆرێکە لە سەربەستی ڕامیاری و کارگێری.. لە بەڕێوە بردنی ناوچەیەکی دیاری کراو، دەسەلاّتەکانی ڕەهایە و لەو چوارچێوە تایبەتمەندیەی کە بۆی دیار کراوە پەیوەندیشی لەگەڵ ناوەندا بە چەند یاسایەکەوە ڕێکخراوە... ئەم سستمی بەڕێوە بردنە تایبەتە بە ولاّتە فرە نەتەوەکان، یان گەلانی ژێر دەستەی داگیرکەر...

[٢] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥ )، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

[٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

قبولّ بكەن[1] ، كوردەكان بە نوسين ئەو بەلّێنەيان پــێ نادرێـت بــەلاّم ئەفســەرانی ئازاد لە هەيڤی ئابی١٩٦٢ لەڕێگەی فوئاد عارفەوە ئەم بەلّێنەيان پێ دەدرێ.[2]

لە تەمووزی١٩٦٢ ڕژێم داوای گفتوگۆی كرد ، دەست پێشخەری ئەم جـارە لــە لايەن عەميد مەحمود عەبدول ڕەزاق فەرماندەی فيرقەی دوو بوو. نامەيــەكی بــۆ بارزانی نووسی بو كە سەرۆك كۆمار ئامادەيە بۆ گفتوگــۆ، بــارزانيش ئامــادەيی خۆی پيشان دا بۆ گفتوگۆ.[3]

كۆمەلّێك ئەفسەر پەيوەندييان بە بەرپرسێكی پارتيــەوە كردبــوو كــە پــارتی هاريكارييان بكات بۆ كودەتا لــە ١٥ی تشــرينی دووەمــی١٩٦٢لــە مەكتــەبی سياسی ئاراستەی بارزانی كــرا، ڕێكخراوەكــە خۆيــان ناونــابوو(انقـاذ العـراق)و بەلّێنيان دا بو كەعێراق بكەن بە چوار كەرتی لا مەركەزی، هەرچــوار ليواكــەی باكووری عێراق بكەن بە يەكێك لەو كەرتانە و زمانی خوێنــدن زمــانی كــوردی بێت بەلاّم دانی نەنابوو بە ئۆتۆنۆمی دا بۆ كوردستان[4] ، سەرئەنجام لە٨ی شوباتی سالّی١٩٦٣ دا كودەتا بە سەرحكومەتەكەی قاسم دا كرا...

٢ - سەرەتای دەسەلاّتی بەعسييەكان - سەرەتای گرتنــە دەســتی دەســەلاّت لەلايــەن عەبــدول ســـەلام عارفـــەوە(٨ی شـــوباتی١٩٦٣- ١٨ی تشـــرينی دووەمی١٩٦٣)*

---

[1]- أ - دڤيد ماكداويلّ، مێژوويی هاوچەرخی كورد ، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٦. ب - كريس كۆچێرا، كــورد لــە ســەدەی نــۆزدەو بيســت دا، سەرچــاوەی پێشــوو، ل٢٩٠. وەرگــێراوە لــە ئــەريك رولــو، لوموند١٢/٣/١٩٦٣.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

[3] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد (شۆڕشی ئــەيلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشــی سێيەم، بەرگی يەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.

[4] - بۆ زانياری زياتر لەسە بيرۆكە و بەلّێنی گروپەكە بڕوانە: مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاريخوازی گەلی كورد (شۆڕشی ئەيلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بــەش ســێيەم، بــەرگی يەكــەم، سەرچــاوەی پێشــوو، ل٢٩٣-٢٩٦.

* - كودەتای(٨)ی شوبات بەرهەمی ڕێكەوتنێك بوو لە نێوان حزبی بەعس و ئەفسەرانی نەتەوەيی و ناســريەكان، ئەمانــە لــەكاتی ئامــادەكردنی كودێتاكــەدا پەيوەنــدييان بــە پــارتی ديمــوكراتی كوردستانيشەوە كرد و گفتيان دا سەرجەم داخوازيەكانی شۆڕشی كورد لە بارەی مافە سياســيەكانی گەلی كوردەوە جێ بەجێ بكەن... بەمەرجێ شۆڕشی كورديش يارمــەتيان بــدات و شــەر بووەســتێ و پەلاماری سوپا نەدەن و هەرچی تر كە بارو دۆخەكە پێويست بكات، يارمەتی و پشتگيری لەسنووری توانا و دەسەلاّتدا، داواشيان كرد بە سەركەوتنی كودەتا بروسكەی پشتگيريان بۆ لێ بدەن، مەسعود بارزانی دەلّێت زۆر دوور بو كە ئەو كودێتايە سەر بكــەوێ ئەگــەر پــارتی ديمــوكراتی كوردســتان و

پاش ڕوودانی کوردەتا لە(٨ی شوبات)، بارزانی یەکلایەنە ئاگر بڕی ڕاگەیاند، پاش خوێندنەوەی بەیانی[**] ژمارە(١)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش[***] لە ڕۆژی یەکەمی کودەتا هیچ باسێکی مافەکانی گەلی کورد نەلە نزیك نەلە دوور تێدا نەبوو[1]، عەبدول سەلام عارف ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتی شۆڕشی بێ ناوهێنانی ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی نێوبراو و بێ ئاماژە کردن بە کوردستان ڕادەگەیەنێ، بۆیە هەندێك لایەنگری بارزانی دەیانەوێت دەم و دەست، دەست بەسەر شارەکانی سلێمانی و کەرکوك دا ... بگرن لە ڕژێمی تازەی بکەنە واقیع بەلاّم بارزانی دەیەوێت هەموو ڕێگاکانی گفتوگۆ تاقی بکاتەوە[2]. لە(١٨ی شوبات)دا جەلال تالّەبانی بە سەرۆکایەتی شاندێك بەمەبەستی گفتوگۆ بەرەو بەغداد بەڕێکەوت[3]، جەنەراڵ تاهیر یەحیا کە لە ساڵی(١٩٦٢) خۆی لە نێو(ئەفسەرانی ئازاد)و کوردەکاندا بوو عوزرخوایی دێنێتەوە بۆ ئەو بەلّێنانەی بە کورد دراو جێ بە جێ نەبوون، بەبیانوی ئەوەی کە" لەو کاتە بەولاوە ژمارەیەك لەناسیۆنالیستییەکان هاتونەتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە زۆریان کەیفیان بە ئۆتۆنۆمی نایەت"[4].

پاش ئەوەی کە تاهیر یەحیا لە(٤ی ئازار)گەیشتە لای بارزانی و بارزانی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی داواکراوی دایە دەست شاندەکەو کۆتایی مانگی ئازاری دانا

---

بارزانی سەرۆکی پارتی لەگەڵ عەبدولکەریم دا مابونایە بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠-١٢و١٠١.

[**] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣-٣٠٤.

[***] - ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پێکهات لە ١٢ ئەفسەری بەعسی و ٤ ئەفسەری نەتەوەییی عەرەب..تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٢٣٤.

[1] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

[2] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥، وەرگیراوە لە کەمال جابر، حیزبی سوسیالیستی بەعسی عەرەبی، ساڵی١٩٦٦، بەبێ هیچ زانیاریەکی تر. ئەریك رولو، لوموند١٢/٣/١٩٦٣

[3] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣-١٠٤.

[4] - کریس کوچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦ وەرگیراوە لە: ئەریك رولو، لوموند،٢٠/١١/١٩٦٣

وەك دوا وادە بۆ ئاگر بەست و پاشتر شاندێکی میللی هات بـۆ لای بـارزانی، لـە سەر چەند خاڵێك ڕێکەوتن، داخوازی کورد لە(٨)خـاڵ پێکهـاتبوو[١]، لـە خـاڵی یەکەمدا داوای (دەست بەجێ ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان کرابـوو لەگـەڵ دانـی وێنەیەکی دان پیانانەکە و دەسـتووری کۆمـاری عێـراق بـە ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان و پەخش کردنی لە ئیستگەی بەغداو بڵاوکردنەوەی لـە ڕۆژنامـە فەرمییەکان، هەروەها لە خـاڵی دووەمـدا داوای دیـاری کردنـی بەرزاییـەکانی حەمرین وەك باشووری کوردستان کرابوو...

بارزانی ماوەی سێ ڕۆژ بۆ وەڵام دانەوە دادەنێت، بەڵام دەوڵەتی بەغدا دەڵێـت ئەم داخوازیانە قابیلی قبوڵ نین[٢]، بەڵام بە گەڕانەوەی شاندەکە لە(١١ی ئـازار)و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندێك کەتیایدا هاتبوو ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە سـەر بنـەمای ناناوەنـدێتی دان بەمافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـوردا دەنێت...[٣]پاشان وەك ئـەوەی کـە بەیاننامەکـە هـیچ شـتێکی ئـەوتۆی تیانـەبوو گفتوگۆکان هیچ شتێکیان لێ نەکەوتەوە... پاش پرس و ڕاوێژ لەگـەڵ مەکتـەبی سیاسی و ناوەندی و سـەرکردایەتی شـۆڕش و ڕۆشـنبیران و سـەرۆك خێڵـەکان و نوێنەری نەتەوەو ئاینزاکانی کوردستان، کە(٢٠٠٠)کەس دەبوون کۆنگرەی کۆیە دەبەستن کە لە(١٨-٢٢ ئازاری)ی خایاند و چەند بڕیارێك درا* کەسەرجەم مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە خۆ گرتبـوو، لـە خـاڵی شەشـەمدا ناوچەکانی کوردستان دەست نیشـان کرابـوون کـە بـریتی بـوون لـە لیواکـانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوك و ئەو قەزاو ناحیانەی کـە زۆرینـەی کـوردن و لـە لیوای موسڵ و دیالە تیایدا نیشتەجێ بوون...

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر داخوازیەکانی کورد بڕوانە: أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد( شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچـاوەی پێشـوو، ل ١٠٥-١٠٦.ب- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٨.

[٢]-أ- کریس کوچێرا، کـورد لـە سـەدەی نـۆزدە وبیسـت دا، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٢٩٩. ب دیڤیـد ماکداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤٨-٦٤٩.

[٣] -أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

* - بۆزانیاری زیاتر لە سـەر بڕیارەکـانی کـۆنگرەی کۆیـە بڕوانـە : مسـعود بـارزانی، بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچـاوەی پێشوو، ل٣٠٥-٣١١.

یاداشتەکە لە(٣٠ی ئازار)دا بە جەلال تاڵەبانی دا نێردرا بۆ بەغدا، لەپاشان دەرکەوت کە ڕژێم خۆی لە گفتوگۆ دەدزێتەوە کاتێك کەباس بهاتایە سەر ئۆتۆنۆمی و پاشە ڕۆژی سیاسی کوردستان... یەکسەر ڕژێم داوای ڕادەست کردنی چەکی لە پێشمەرگە دەکرد. پاشان جارێکی تر وەفدێکی میللی هاتن بۆ لای بارزانی کە جارێکی دیکەش پێداگری لە سەر کورستانی بوونی کەرکوك کرایەوە، بەلاّم پاش چەند ڕۆژێك لە گفتۆگۆ دەرکەوت ڕژێمی نوێ نایەوێ چارەیەکی دادپەروەرانە بۆ پرسی کورد دابنێ، چوونکە لەوە دڵینا ببوون کە هیچ شتێك نەماوە ترسی بۆ ڕژێمی نوێ هەبێت بەتایبەت پاش کودەتا سەرکەوتووەکەی بەعسییەکان لە سوریا هەمیشە خۆیان لەگفتوگۆ دەدزیەوە بەبیانوی سەرقاڵی عێراق بەگفتوگۆی عێراق- سوریا- میسر. پاش ماوەیەك[**] خۆیان ئامادە کرد بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و پەیوەندییان بە ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵە کوردو عەرەبەکانەوە کرد و چەکداریان کردن و هەموو جۆرە یارمەتیەکیان دەدرا، جاشە کوردەکانیان ناونا (سوارەی سەلاحەدین وجاشە عەرەبەکانیشیان ناونا سوارەی خالیدی کوڕی وەلید)و پاشان گەمارۆی ئابووریيان خستە سەر کوردستان و لە بەیاننامەی(١٠حوزەیران١٩٦٣)دا بڕیاری ئەنجام دانی پرۆسە سەربازیەکان هاتبوو، سەرەڕای ئامادەکردن بە(٢٣)ڕووداوی دەست درێژی کە ئەوان خۆیان ئەنجامیان دابوو و دەیان خستە پاڵ پێشمەرگە. شەڕ دەستی پێ کردەوە، بەلاّم ڕژێم لە شەوی(٩/١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣)تاوانی گەورەی خۆی ئەنجام دا کە(٥٠٠٠ )کەسی لە خەڵکی شاری سلێمانی گرت و(٨٦) کەسی لێ هەڵبژاردن و زیندە بە چاڵی کردن... بەم جۆرە شەڕ تا(١٨ی تشرینی دووەم) بەردەوام بوو[1].

---

[**] - پاش قۆناغێکی کورت لە ئاگر بەست، دەست بەجێ پاش وەرگرتنی ئەو چەکەی بە پەلە لە لەندەنی خواست، پارتی بەعس بوژایەوەو، عەبدول سەلام شالیار بوو لەم حکومەتەدا و لە(١٠جونی١٩٦٣)شەڕی کوردستانیان دەست پێ کردەوە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤-٢٧٥.

[1] -أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨-١٥٣. ب- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٠.

٣ - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن عەبدول سەلام عارفەوە — هاتنە سەرکاری عەبدول ڕەحمان عارفەوە (١٨تشرینی دووەمی١٩٦٣ - ١٣نیسانی١٩٦٦).

لەم ماوەیەدا ڕووبەری ناوچەی ئازاد کراوەکان لەسەر دەستی شۆڕشی کوردی گەیشتە دەیان هەزار کیلۆمەتر دووجا، عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت"لە نێوان سالاّنی(١٩٦٤-١٩٧٥)نزیکەی(٣٥٠٠٠-٤٠٠٠٠) کیلۆمەتر دووجا "ئازاد کراو لە ژێردەسەلاّتی شۆڕش دابوو. بەلاّم لە بەر ئەوەی کە بڕیارێکی دان پێدانراوی فەرمی نەبوو بەو ڕووبەرە ئازاد کراوەدا کەواتە لەم سەردەمەدا سەرجەم ڕووبەری هەرێم بە ناوچە دابڕاوەکان دادەنرێت.

عارف پێش کودەتا پەیوەندی بە بارزانییەوە کردبوو کە خۆی ڕابگرێ* بەرامبەر بە سوپای بەعسیەکان تا کودەتا ئەنجام دەدات**...[١]پاش ئەوەی عارف بەیارمەتی سوپاو سەرکردەی فیرقەکان، کودەتای بەسەر بەعسیەکاندا کرد و لە دەسەلاّت دوری خستنەوە وەك پیشەی هەمیشەیی ڕژێمە ساواکانی عێراق پەنای بۆ گفتۆگۆ برد. لە(٩ کانونی یەکەمی ١٩٦٣)سەلام هەوڵێکی گفتۆگۆی دا و بارزانیش قبوڵی کرد پاش هاتوچۆی بەردەوام و دانیشتنی بەردەوام لەنێوا هەردوولادا، لە(١٠ی شوبات)گەیشتنە ڕێکەوتنێك، پەیماننامەکە لە نۆ خاڵ پێکهاتبوو، لەخاڵی یەکەمدا حکومەت دانی بەمافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکاندا لە چوارچێوەی گەلی عێراق دا دەنێت وچەسپاندنی لەدەستووری کاتیدا... چەند خاڵێکی تر کە تایبەت بوو بە بواری کارگێری و دارایی و ئاسایش و ئاوەدان کردنەوە...[٢]پاشان چەند گفتوگۆیەکی تر ئەنجام درا، ڕێبەرانی

---

* - بۆ پێشکەوتنەکانی شۆڕش لەم سەردەمەدا لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ڕامیار سەربازی... بڕوانە :عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

** - بۆ زانینی چۆنیەتی کودەتاکە و هۆکارەکانی کودەتا و ململانێکانی نێوان بەعسیەکان و عەبدول سەلام... بڕوانە: تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٢٣٨-٢٣٩.

[١] - دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥١، دیدو بۆچوونی عەلی سالّح سەعدی، سکرتێری گشتی بەعس، جواد، عێراق مەسەلەی کورد، ل١٥٥.

[٢] -أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)،بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

پارتی دیموکراتی کوردستان پێیان وابوو حکومەتی نویٚ پاش کودەتا لە ڕووی ڕامیاریی‌و سوپاییەوە لاوازە و خوازیاری ئەوە بوون کە شەڕ توند بکریٚ تا لە ڕووی هێزەوە دانوستان لەگەڵ دەوڵەت بکریٚ، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە قەڵادزیٚ لەگەڵ جەنەڕاڵ بارزانی کۆبونەوە لە سەر هەمان پرس بەلاٚم هیچ ئەنجامێکی نابێت و کەلێنی نێوان ڕابەر و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پتر فراوان دەبێت[1]بارزانی دەڵێت ڕێکەوتنەکە لە شەڕ ڕاوەستانێك زیاتر نیە، بڕیار دەدات ئەوانەی کە وا لایەنگیری مەکتەبی سیاسی دەکەن لە سەر کار لابرێن[2]، مەکتەبی سیاسی کۆن لە(٤-٩ی نیسانی ١٩٦٤)کۆنگرەی ماوەت دەبەستن و بەیاننامەیەك لە(١٩نیسان)بلاٚو دەکەنەوە بە ناونیشانی(ئایا ڕێکەوتنی عارف- بارزانی پەیمانی ئاشتیە یان تەسلیم بون؟)، بەیاننامەکە لە١٣ لاپەڕە پێك هاتبوو، بارزانی بەوە تاوان باردەکەن کە بیٚ ئەوەی دەوڵەت مافی گەلی کورد بسەلمێنێت ئاگر بەستی کردووە هەروەها بە کارئاسانی کردن بۆ گەڕانەوەی سوپا و کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کورد تاوان باریان کردبوو، هەروەها بارزانیان بە گەورەترین خەتەر بۆ شۆڕشی کورد ناوبردبوو...[3]لە کۆنفرانسدا بڕیاری لە کارخستنی بارزانی درا...[4]لە دەستووری(٢٩نیسانی ساڵی ١٩٦٤)ی حکومەتەکەی عەبدول سەلامدا هاتوە"... دەستور دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا دەنێت لە چوار چێوەی گەلی عێراقی یەکگرتوی نەتەوەیی پراکتیکیدا"[5] پاشان لە مانگی تەموز جەنەڕاڵ بارزانی شەشەمین کۆنگرەی بەست لە ڕانیە بە ئامادەبوونی٩٠٠ کەس... چەند بڕیارێك درا[6]پاشان کارگەیشتە هەڵگیرساندنی جەنگی براکوژی. لە ناوەڕاستی تەمووزدا بارزانی بە هێزێك چوو بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە تا ئەوکاتە لە ژێردەسەلاٚتی حزب دا بوو،

---

[1] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

[2] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

[3] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١.

[4] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠-١٧١.

[5] - زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستووری عێراقییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

[6] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤.

له(١٧ی تەموز)لـە ئـەنجامی شـەڕو ململانـێ کوژاروێـك و برینـدارێکی لـێ کەوتەوە[1]پاشان لە(١٨ی تەموز)دا خۆیـان کـرد بـە ئێرانـدا...[2]دواتـر بڕیـاردرا کەناوچە ئازاد کراوەکان ڕێکبخرێن و پاشان بە ئامادەبوونی سەرکردە و مەکتەبی سیاسی و ناوەندی و ڕۆشنبیران لە(٤ی تشرینی یەکـەم)بڕیـاری دروسـت کردنـی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش درا و یەکـەم هـەنگاوی ئەنجومـەنی شـۆڕش پێدانی یاداشتێك بوو بـە حکومـەت، لـە(١١ ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٦٤)دا یاداشتەکە پێشکەش کرا، لە یاداشتەکەدا بارزانی گلەیی لە ڕژێم کردبوو بەوەی لەپاش ٩مانگ لە ئاگر بەست پاپەند نەبووە بەو بەڵێنانەی کەلە ئاگر بەسـت دا هاتبوو... سەرەڕای ئـەوەی لـە١٧خاڵیشـدا سـەرجەم داخوازییـەکانی کـورد داوا کرابوو: لەخاڵی دووەم لقی (أ) داوا لە حکومەت کرابو"یەکـە کارگێڕییـەکانی کوردستانیان بەم شێوەیەی دیاری کردبوو، لیواکانی هەولێر وکەرکوك و شـێخان و قەزای زاخۆو دهۆك و ئاکرێ و ئامێدی وشەنگارو تەلەعفەرو خانەقین وهـەموو ئەو قەزا و ناحییانەی کە زۆربەی کوردیان تیادا دادەنیشێت کە لیواکانی موسـڵ و دیالــە دەگرێتــەوەو ئــەو یەکــە کارگێڕیانــەش بەویلایەتــەکانی کوردســتان ناودەبرێن...[3]پاشتر چەند نامەیەك و سەردانێکی تری شـاندی هـەردوولا درێـژەی هەبوو، لە(١٢ی ئازاری ١٩٦٥)دا بارزانی نامەیەکی(١٣)خاڵی نارد بۆ سـەرۆك وەزیران (تاهیر یەحیا)، لە خـاڵی(١٣)دا داوای دیـارکردنی ناوچـە کوردیـەکان کرابــوو لەســەر بنچــینەی ســنووری جــوگرافی کوردســتانی عێــراق هــەروەها لەخاڵەکانی تردا داوای هـەمواركردنی دەسـتورو گەڕانـەوی عـەرەبی هـاوردە و دروست کردنی لیوای دهۆكو سەرجەم مافەکانی تری گەلی کوردی کرابـوو[4]لـە لایەن عێراقەوە دەست پێشخەری کراو شەڕ دەستی پێکردەوە، بـەکردەوە سـوپای عێراق(٤٠-٥٠)هەزار سەرباز بە پشتیوانی فڕۆکـەی میـك... لـە کوردسـتاندا

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٤- ٣٢٤. بەگوتەی ژ. پ. وینو، ڕۆژهەلاَت، ل١٠٦.

[2] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشـی ئـەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشـی سێیەم، بەرگی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١-١٨٢.

[3]- أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشـوو، ل٦٦٥٤-٦٥٥. ب- مسـعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)،بەشی سێیەم، بـەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٣-٣٦٢.

[4]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥١-٣٥٢.

لەشەڕدا بوون[١] پاشان سەرکردایەتی بەشەڕهاتووی کورد پێکهاتنەوە و هاتنەوە کوردستان و بەڵام پاشتر هەندێکیان بە(٢٠٠٠)کەسەوە چوونە ناو حکومەتی عێراقەوە، بۆیە وەزیری بەرگری لیوا ڕوکن عبدول عەزیز عوقەیلی نەخشەیەکی سەربازی پتەوی بەناوی(توكلت على الله) دارشت و بڕیاری دا لە(١٥ی نیسان) دەست بەجێ بەجێ کردنی بکات[٢].

٤ - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن عەبدول ڕەحمان عارفەوە - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن بەعسیەکانەوە(١٣ی نیسان١٩٦٦-١٧ی تەموزی١٩٦٨).[*]

لەم ماوەیەدا دەتوانین بلّێین کە ڕووبەری ناوچە ئازاد کراوەکان و هەر هەمان ڕووبەری ڕژێمی پێشوو بوو، ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکانیش هەرهەمان ڕووبەری پێشووی بوو، ئەویش بەهۆی نەبوونی بریارێکی فەرمی ڕامیاری چ لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بێت یان لە لایەن ولاّتانی نێودەوڵەتیەوە بەو ڕووبەرەی کە ئازاد کرابوو لە دەستی شۆڕشدا بوو.

بە گرتنە دەستی کورسی دەسەلاّت لە لایەن عەبدول ڕەحمان عارفەوە، بارزانی تاك لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند(بۆ ئەوەی ڕژێمی نوێ بتوانێ بیرلە داخوازیەکانی کورد بکاتەوە)[٣]، عارف پیاوێکی بێ دەسەلاّت و ئاشتی خواز بوو لە(٢٨ی نیسانی ١٩٦٨)لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوای ئاشتی کرد و لە(٢٨ی نیسان)دا ئەحمەد موسای نارد بۆ لای بارزانی بۆ گەلاّڵە و داوای لێ کرد بکەونە گفتوگۆ و بارزانیش ڕازی بوو، ئەفسەرەکانی سوپا نیگەران بوون لەم دەست پێشخەریەی عارفو داوای جێ بەجێ کردنی پلانی(توكلت على الله)یان لێ کرد کە کاتی خۆی پاشیان خستبوو بە تایبەت پاش ئەو دووبەرەکییەی کە لەناو

---

[١]- أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣١. ب- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٥. بەڵام ماکداوێل ژمارەی سەبازەکان بە(١٠٠٠٠٠)هەزار سەرباز و هێزی پێشمەرگە بە(١٥٠٠٠)دەخەملّێنێت.

[٢]- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد( شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤-٢١٣.

[*] - بۆزانیار زیاتر لە سەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت و گۆڕانگاریە وەزاریەکان لە سەردەمی عارف و گفتوگۆکان لەگەڵ کوردەکان و کودەتا بەسەر عارف بڕوانە: تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق، مصدر سابق،ص ٢٥١-٢٥٧.

[٣] - دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٦.

پارتیدا ڕووی دا وعارفیش ڕازی بوو بۆ جێ بەجێ کردنی پلانی شەڕ، شایانی باسە هەندێك سەرکردەی عەرەب و حزبی شیوعی یارمەتی پارتییان دەدا لە جەنگەکەدا(حەوت لیوا و ١٥٠٠٠جاش[*])هێرشیان دەست پێ کرد[1]پاش شکاندنی سەختی سوپا لە چیای هەندرێن چەندین هەفتە لە جەنگی ڕوو بەڕوو بونەوەی ڕاستەوخۆ[2]، حکومەت هیچ هیوایەکی دەستخستنی هیچ سەرکەوتنێکی سوپایی نەما و دوا فڕوفێڵی خۆی بەکارهێنا، نە سوپا سوودێکی بەخشی نە ئەو کوردانەی پاڵیان دابووبە ڕژێمەوە بە فریا گەیشتن ناچار گەڕانەوە بۆ شێوە کۆنە خوو پێوە گرتووەکەی خۆیان، نەخشەی(توکلت علی الله)فەشەلی هێنا[3]، ڕژێم وەفدێکی لە بەغداوە نارد بۆ گەلاڵە پاشتر شاندێکی گەلی نارد لە کوردو عەرەب و تورکمان پێکهاتبون مافی گفتوگۆیان لەسەرۆك کۆمارەوە پێ درابو و پێشنیاریان کرد کە وەفدێك بچێت بۆ بەغداد[4]، لە(٢٦ی تەموزی١٩٦٦)دا دوای چەند جارێك لە هاتوو چۆ لەنێوان بارەگای بارزانی و بەغدا سەرۆك وەزیرانی عێراق لە تەلەفزیۆنی عێراق ئاشتی و ڕێکەوتن ڕادەگەیەنێ"مافی نەتەوەیی کورد"لە چوارچێوەی" لا مەرکەزی"بە ڕەسمی ڕادەگەیەنی[5].

بەیاننامەکە لە(١٣)خاڵ پێکهاتبوو حکومەت دانی بەبوونی نەتەوەیی کوردا نابوو، سەرەڕای پیشان دانی ئامادەیی حکومەت بۆ دانانی بەیاسای پارێزگاکان لەسەر بنچینەی(لامەرکەزی)و بەفەرمی کردنی زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردی تیایە و بەشداری کردنی کورد بەڕێژەی خۆی لە ئەنجومەنی نوێنەران و هاوبەشی پێکردنی کورد لە پلە و پایە

---

[*] - بۆ زانینی جۆر و ئەو تاوانانەی کە جاشەکان ئەنجامیان دەدا بڕوانە: مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥-٢٢٦.

[1] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٦. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤-٢٢٦.

[2]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦.

[3] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٧.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧.

[5] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧. ب- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٧.

گشتییەکان بە پێی ژمارەی دانیشتوان و مافەکانی خوێندن و ڕۆژنامەوانی و دارایی و بەردانی زیندانیان و گەڕاندنەوەی فەرمان بەران و کارمەندە هەڵهاتووەکان لە وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری[*] هەروەها یاداشتێك[**] درا بە حکومەت لە(١٢)خاڵ دا سەرجەم تاوانکاریەکانی ڕژێم ئاماژەی پێ کرابوو. لە(٧ی تشرینی یەکەم)دا وەفدێك کە پێك هاتبوو لەعەقید عبدول هادی ڕاوی و فەتاح سەعید شاڵی... چوون بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە حکومەت نیازی نیە چەك لەجاشەکان دابماڵێت، تاهیر یەحیا بە نهێنی نامەیەکی بۆ بارزانی نارد ڕایگەیاندبوو کە ئەفسەرەکانی سوپا بەتوندی دژی داماڵینی جاشەکانن و سەرۆك کۆماریش لە ژێر کاریگەری ئەواندایە و بیانوی هێنابووەوە بۆ ئەوەی نەیتوانیوە ئەو گفتە جێ بەجێ بکات کە دابوی پێی، چوونکە پرسەکە بە تەواوەتی لە دەست ئەو دەرچووە[1].

هۆکاری هەڵگیرساندنی جەنگی نوێی ڕژێمی نوێ بوونی جاشەکان بوو کە ڕژێم وای دەزانی تەرازووی شۆڕش لاسەنگ بووە، بە جۆرێك چالاکی جاشەکان بۆ ڕژێم وای لە ڕژێم کرد پشت بکاتە جێ بە جێکردنی بەیانی(٢٩ی حوزەیران)[2].

٥- أ - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسیەکانەوە- نسکۆی شۆڕشی ئەیلول(١٧ی تەمووزی١٩٦٨ - ئازاری١٩٧٥)لە سەردەمی بەعس دا:

پێش ئۆتۆنۆمی ڕاگەیەندراوی ڕژێم و دەست پێ کردنەوەی جەنگ بەگشتی روبەری ناوچە ئازادکراوەکانی دەیەی ڕابوردو

---

[*] - بۆ زانیاری زیاترلە سەر بڕگە و بەندەکانی بەیاننامەکە بڕوانە: مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩-٢٩٠.

[**] - لە کۆنگرەی حەوتەم دا کە لە(١٥-٢٠تشرینی دووەمی ١٩٦٦)لە گەلاڵە بەسترا بە ئامادەبوونی(٢٤٥ )نوێنەر، کۆمەڵێك بڕیار درا وەك: بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازاد کراوەکان و بڕیار درا یاداشتێك بنوسرێت بۆ سەرۆکی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوای جێ بەجێ کردنی بەیانی٢٩ حوزەیران بکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە دەستوورێکیش بۆ شۆڕش دانرا... بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کۆنگرەی حەوتەم و ڕاسپاردەکان بڕوانە : هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٤-٣٥٠.

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

نزیکەی(٣٥٠٠٠)کیلۆمەترچوارگۆشەبوو کە ئەمەش[1] دەیکردە(٤١,٨٪)سەرجەمی خاکی هەرێم، واتە ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی دەسەلاّتی شۆڕشی کورد بوون بریتی بوون لە(٤٨٨٢٧)کیلۆمەتر دووجا، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٢).

نەخشەی ژمارە (٢٢)

نەخشەی ناوچە ئازادکراوکانی شۆڕشی ئەیلول

ڕووبەر(٣٥٠٠٠-٤٠٠٠٠)کم٢



سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە:أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بەبێ ناونیشـان)، هـەرێمی کوردستان عێراق ، سەرچـاوەی پێشـوو، سـاڵی ٢٠٠٦. بـە بـەکارهێنانی بەرنامـەی( arcview3.3) . ب- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کـورد (شۆڕشـی ئـەیلول١٩٦١- ١٩٧٤)، بـەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

**لە پاش ڕاگەیاندنی تاك لایەنەی ئۆتۆنۆمی کە ڕژێـم بـە فـەرمی دانـی بـە کوردسـتانی بوونیـدا نـا، ڕووبەرەکـەی(٣٢٦٦٠)کیلۆمـەتر دووجـا بـوو دەیکردە(٣٩٪)ی سـەرجەمی خـاکی کوردسـتان و تـەنیا بـریتی بـوو لـە سـێ پارێزگای هەرێم کە ئەوانیش(سـلێمانی، هـەولێر، دهـۆك)بـوون ، واتـە ناوچـە دابڕاوەکـان بـریتی بـوون لـە سـەرجەمی پارێزگـای کـەرکوك و قـەزاو ناحیـە کوردییـەکان پارێزگاکـانی(موسـڵ، دیالـە، واسـت)ڕووبەرەکـەی (٥١١٦٧)واتە(٦١٪)ی سەرجەمی هەرێمی کوردستان بـوو بـەلاّم لـە سـالاّنی دواتردا ڕووبەرەکەی گۆڕانی بەسەرداهات. بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٦)و نەخشـەی ژمارە (٢٣).**

**خشتەی ژمارە(٣٦)**

**بەراوردی ڕووبەرو ڕێژەی ڕووبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ناوچە دابڕاوەکان لە ساڵانی(١٩٧٤) بە بەراود لەگەڵ ڕووبەری هەرێم**

| ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لـە ساڵی | ڕووبەرەکەی | ڕووبەرەکەی لە چاو ڕووبەری هەرێم(٪) | ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان | ڕووبـەری ناوچـە دابڕاوەکان لە چاوە ڕووبەری |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | هەرێم (٪) |
| ١٩٧٤ | ٣٢٦٦٠[1] | ٣٩ | ٥١١٦٧ | ٦١ |

**پاش ئەوەی کودەتا کرا بەسەر عەبدول ڕەحمان عــارف دا و ناردیــان بــۆدەرەوە، لە(٢٠تەمووز)دا سەرۆك وەزیرانی نوێ(عەبدول ڕەزاق نایف)نامەیەکی بە ساڵح یوسفی دا نارد بۆ بــارزانی داوای لێکــرد دوو کــورد دەســت نیشــان بکــات بــۆ کابینەی نوێ[2].**

## نەخشەی ژمارە (٢٣)

## نەخشەی ڕووبەری ئۆتۆنۆمی ساڵی١٩٧٤

ڕووبەر(٣٢٦٦٠)کم²



سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە:أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٦. بە بەکارهێنانی بەرنامەی( arcview3.3). ب- جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء-بغداد، بدون سنة طبع،ص٣٤-٣٦

لە ٣٠ی تەمووزدا بەعسیەکان کودەتایەکی تریان کرد بە سەر عەبدولڕەزاق نایف و ڕەوانەی دەرەوە کراو ئیبراهیم داودیش کەوەزیری بەرگری بوو نێردرا بۆ دەرەوە.[١]

تا کۆتایی ساڵی (١٩٦٨) شەڕ ڕووی نەدا، بەلاّم شەڕ لەگەڵ جاشەکان بەردەوام بوو[٢]، پاش ناردنی نامەی سوپاس گوزاری بە ساڵح یوسفی دا بۆ سەرۆك کۆمارو حەردان تکریتی لە ئەنجامی ئەو هاریکاریەی کە پێشکەش بە شێخ ئەحمەدی بارزانی کرا لە کاتی نەخۆشییەکەی بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە، ساڵح یوسفیان گرت، بەم جۆرە دەرگای لێگەیشتن و گفتوگۆ لە یەکتر داخرا.[٣]

لە(١/٢ ئازاری ١٩٦٩)شۆڕش لە دامەزراوە نەوتییەکانی باکووریدا...[٤]شەڕ هەموو بەرەکانی گرتەوە مەکتەبی سیاسی کۆن(ئەوانەی پاڵیان دابوو بەمیریەوە)لە سەرەتای شوبات تا کۆتایی ساڵی١٩٦٩ لە هەموو شەڕەکان لەپێش سووپاوە بوون جاشەکان ناوی(موالی) یان لێ نرا واتە(دۆست)لە ساڵی١٩٦٩جاشەکان بە گوێرەی لیستی مووچە ژمارەیان گەیشتە(٩٠٠٠)کەس[٥]، لە مەو بەدوا جەماعەتی(الثورة) دەبنە مایەی فیتنەو هۆی شەڕو ئاژاوە، بەشی زۆریان لەو بەکرێ گیراوانەبوون کە لەبەرخاتری(١٤)دینارەکە لەدەوریان خڕبووبونەوە (١٥٠)کەسیان کوردی ئێرانی بوون[٦].

لە ئەیلولی١٩٦٩ دا ڕژێم وەفدێکی یەکێتی قوتابیانی نارد بۆ لای بارزانی بەمەبەستی دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی پرسی کورد... حکومەت خۆی پاپەند کردبووەوە بە ڕێکەوتنی(٢٩ی حوزەیران)، لە(٢٤ی

---

[١] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٤. ب- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول(١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

[٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧-٢٥٨.

[٤] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.

[٥] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، چا پی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٤، ل٧-١٢.

[٦] - کریس کوچێرا، کورد لە سەردەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥.

تشرينی یەکەم و١٤و ١٨ی تشرینی دووەم)ئەحمەد حەسەن بەکر، عەزیز شەریفی نارد بۆ گفتوگۆ، بارزانی و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ڕازی بوون، لە(٢٠تشرینی دووەم)دا وەفدی کوردی چوون بۆ بەغداد و لە هاتوچۆو گفتوگۆ بەردەوام بوو، لە(٣١کانونی یەکەم)کاتێك کە شاندی گفتوگۆی ڕژێم هات بڕیاری ئاگر بڕ درا بەلاَم ئەم ئاگر بڕە(باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن)ی نە دەگرتەوە، بۆیە لە(١ی کانونی دووەمی ساڵی١٩٧٠)لە (باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن)درا...[١]

لە ١٢ی مانگ دا سەدام بە سەرۆکایەتیی شاندێك چوو بۆ ڕەواندوزو لە لایەن بارزانییەوە پێشوازی کرا، سەدام داوای کردبوو کەپارتی یارمەتی بدات تا پێکەوە خۆی لە سەرکردایەتی قایم بکات لە بەرامبەردا پرسی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارە سەر بکات و(باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن)چەك بکات، داواکرا پێشمەرگە بەناوی پاسەوانی سنوور بهێنێتەوە و چەکە قورسەکانی تەسلیم بکرێتەوە.[٢]

لە(٢٣- ٢٥ کانونی دووەمی١٩٧٠)ناوچەکانی دۆڵی خەلەکان و شوان و شێخ بزێنی و گەرمیان و قەراغ لە باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن پاك کرانەوە(١٤٠٠) کەسیان لێ بەدیل گیرا و ژمارەیەکی زۆریش کوژرا، بەم بۆنەیەوە سەدام نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی نارد بۆ ئیدریس بارزانی[٣].

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە(١١ی ئازاری ١٩٧٠)بەیانێکی بلاَوکردەوە لە(١٥)خاڵ پێکهاتبوو بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی حەوتەمی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە ڕێگەی هەموو ئەو بەیانانەی کە لە ڕۆژنامەوانیەوە لەلایەن دەسەلاَت داری شۆڕشگێڕیەوە دەرچوون، دان بەبوونی شەرعی نەتەوەیی کوردا نراوە ئەم ڕاستییەش بەشێوەیەکی یەکجاری لە دەستووری هەمیشەیی دا دادەنرێت، هەروەها کۆمەڵێك بڕیاری تر دران وەك دامەزراندی زانکۆی سلێمانی و کۆڕی زانیاری کورد و داننان بە هەموو مافێکی ڕۆشنبیری و زمانی نەتەوەیی کوردو بەشداری کردن لە فەرمان ڕەوایی و

---

[١] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢-٣١.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

گەڕاندەوەی دانیشتوانی گوندە عەرەب و کوردییەکان بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان و هەموارکردنی دەستوورو دانانی کوردێك لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆمارو دەرچوونی یاسای پارێزگاکان و بەشداری کردنی کورد لە دەسەڵاتی یاسادانان بە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە چاو ڕێژەی دانیشتوانی عێراق بەشێوەیەك هەموار دەکرێت کە لەگەڵ ئەم بەیان نامەیەیدا بگونجێت. هەروەها لە پاشکۆی نهێنی بەیاننامەکەدا کە لە(١٢)خاڵ پێکهاتووە و واژۆی بارزانی پێوەیە دان بەزۆرێك لەمافە نەتەوەیییەکانی گەلی کوردا نراوە وەك داننان بەبوونی نەتەوەیی کورد لە عێراق دا و دابین کردنی هەموو مافە نەتەوەییەکان و بەفەرمی کردنی زمانی کوردی لەناوچە کوردیەکان دا و پێدانی ئۆتۆنۆمی و گەڕاندنەوەی فەرمانبەرو سەربازو دامەزراندنی پێشمەرگە و کردنیان بە پاسەوانی سنوورو دانانی کوردێك بە جێگری سەرۆك کۆمارو ئەنجام دانی سەرژمێری لەدوای ساڵێك لە ئیمزاکردنی بەیاننامەکە و دروست کردنی لیژنەیەکی باڵا بۆ ئەم بڕگانە.* لە پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمیدا دان بە زۆربەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردا نرا بۆ نموونە:

لە خاڵی(أ)ی مادەی یەکەمدا هاتووە"ناوچەی کوردستان ئۆتۆنۆمیی دەبێت..."

هەروەها لە خاڵی(ب)ی هەمان مادەدا هاتوە"ناوچەکە بەوە دیاری دەکرێت زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردن و ئەمین داری گشتی سنووری ناوچەکە، بە گوێرەی ئەوەی لە بەیاننامەی١١ی ئازاردا هاتوە، دەچەسپێنێ، تۆمارەکانی ئاماری گشتی دانیشتوان لەساڵی١٩٥٧ دا بە بنچینەی دیاری کردنی سنووری نەتەوەییی زۆرینەی ڕەهای دانیشتوان دادەنرێت لەو شوێنانەی کە ئاماری گشتییان تیا ئەنجام دەدرێت...** پاشان وەزارەتەکانی(دەوڵەت و کاروباری باکوور،

---

* - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار... بڕوانە: أ- محمد الطاهر محمد، القضية الكردية و حق تقرير المصير، مصدر سابق، ص ٢٨٧-٢٩٣. ب- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد( شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٤-٣٤٤.ت- قسم الدراسات لمجلة الفكر المعاصر، حول الحكم الذاتي لأكراد العراق، العدد الأول، السنة١٩٧٤، ص١٥٧-١٦٣.

** - پرۆژە یاسای ئۆتۆنۆمی لە(٣)بەش پێك هاتبوو، بەشی یەکەم بنچینەکانی ئۆتۆنۆمی بوو(بنچینەی گشتی و بنچینیەی داراییەکان)و لە بەشی دووەم دا دەستەی ئۆتۆنۆمی بوو(ئەنجومەنی یاسادانان وئەنجومەنی ڕاپەڕاندن)، بەشی سێیەم(پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ناوەند و کارگێری

کار، کشتوکاڵ، شارەوانی)درا بە کورد[1]. پاشتریش باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن داوایان کرد کە بارزانی لێیان خۆش بێت لە مانگی تەمووز - ١تشرینی یەکەمی١٩٧٠ هەموویان گەڕانەوە ناو پارتی.[2]

لە دەستووری هەمان ساڵدا دان بە هەندێك لەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا نرا وەك لە خاڵی(ب) مادەی حەوتەم دا هاتووە کە"لە ناوچە کوردنشنیەکاندا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانێکی فەرمییە، و لە بڕگەی(ج)ی مادەی هەشتەمدا هاتووە کە" ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن بە پێی ئەوەی یاسا تەبایی دەکات بە پێی یاسا خاوەنی ئۆتۆنۆمی دەبن"[3]بەلاّم ئەوەی کە تەگەرەی بنەڕەتی دەخستە بەردەم جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو لە هەیڤی تشرینی یەکەمی١٩٧٠ کاربەدەستان لێ دەبڕین لە جێ بەجێ کردنی ئەو سەرژمێرییەی کە قەراربوو ناکۆکی و جیاوازییەکان، بەتایبەتیش چارەنوسی کەرکوك، یەکلایی بکاتەوە دوای بخەن بۆ بەهاری ساڵی١٩٧١. [4]

چەند ساڵێك تێ پەری بەلاّم ڕژێم خۆی لە بەڵێنەکانی دزییەوە و سەرژمێری هەر ئەنجام نەدرا بارو دۆخ لەنێون هەردوولا دا ئاڵۆز بوو متمانە لە نێوان هەردوولادا نەما. کۆچێرا دەڵێت"سەرانی کورد بە بێ دەنگی بێ ئەوەی کە بیکەن بە هەلا حکومەتێکیان لە(٩) وەزارەتخانە دروست کرد و کاروباری خۆیان پێوە بەڕێوە دەبرد[*]".

---

ئۆتۆنۆمی)بوو، پرۆژە یاساکە لە٢٠ خاڵ و ٦٩ لقی جیاواز پێکهاتبوو... بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بڕگەکانی دەستور بڕوانە: أ- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥-٣٥٣. ، ب- محمد الطاهر محمد، القضية الكردية و حق تقرير المصير، مصدر سابق، ص٢٩٤-٣٠٢.

[1]- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٥٩.

[3]- زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف ، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستوورە عێراقییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧و٢٨٠.

[4]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢. ب - دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٢-٦٨٣.

[*] - بۆزانیاری زیاتر لەسەر وەزارەتە کوردیەکان و چۆنیەتی بەرێوەبردنی کارەکان و وەزیرە کوردەکان... بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩.

هەروەها دەڵێت"پایزی ساڵی١٩٧٤ دەکاتە لووتکەی دەسەڵاتی جەنەراڵ بارزانی بەسەر پانتایی(٣٥٠٠٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە و یەك ملیۆن دانیشتوان جگە لە پەنابەران".[١]

پاش گفتوگۆ دانیشتن و نامە گۆڕینەوەی بەردەوام لە نێوان شۆڕش و ڕژێم لە سەر شێوەی وویستراوی ئۆتۆنۆمی لە(١٥و١٦ی شوباتی ١٩٧٤)دا، سەرکردایەتی پارتی لەقەسرێ کۆبوونەوە و بڕیاردرا بەهیچ جۆرێك دەست لە کەرکوك و ناوچەکانی تر هەڵنەگیرێت و مامەڵە لە سەر دەرکردنی ئەم ناوچانە لەسنووری ئۆتۆنۆمی نەکرێت[٢].

بارزانی باوەڕی بەشا نەبوو بەلاَم پێی وابوو هاتنە پێشەوەی ئەمەریکا ڕێگری لەوە دەکرد، شا دەستی لێ بەربدات[٣].

پاش ئەوەی لە(٧ی ئازار)شاندێکی کوردی دەچن بۆ گفتوگۆ لە بارەی ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ سەدام کەوتنە گفتوگۆ پاش ئەوەی کە هاتنە سەر باسی گیروگرفتی کەرکوك ئیدریس دەڵێت" دەست هەڵگرتن لە کەرکوك و خانەقین و شەنگار کارێکی نەکردەنییە و ناتوانین قبوڵی بکەین، لەگەڵ خستنەڕووی چەند پێشنیارێکی کوردی بۆ چارە سەرکردنی پرسەکە، بەلاَم سەدام دەڵێت"ئەم پێشنیارانە پەسەند نین و دەدرێنە دواوە، تەنیا دەروویەك ماوەتەوە ئەوەیە ڕازی بن بە ئۆتۆنۆمی بەو داڕشتنەی کە ئێمە دامان ناوە و مۆڵەتی(١٥)ڕۆژتان هەیە لەم ماوەیەدا هیچ بزوتنەوەو کارێکمان نابێ، پاش ئەوە، ئەوەی پێی ڕازی نەبێت ئێمە بە دوژمنی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین"[*].

شەوی(١١/١٢ی ئازاری ١٩٧٤)بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش جێ بەجێ بوو یاسای ئۆتۆنۆمی لە ڕادیۆی بەغداوە خوێندرایەوە، سەرکردایەتی

---

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٩.

[٢] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

[٣] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٨. ب- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧.

[*] - بۆ زانینی خاڵە ناکۆکەکانی گفتوگۆی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی عێراق بڕوانە: -أ- دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩٢-٦٩٣. ب- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩٠-٢٩٢.

شۆڕش وتەیەکی بەدوا دا بلاّو کردەوەو ئەوەی تێدا بوو کە بەو دارشتنە ڕەسمییە ڕازی نییە و وتی"ئەو یاسایە یاسایەکی کلك و گویّ کراوە ئۆتۆنۆمییەکی سەر کاغەزەو ناکردەیە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەلە دروشمی(دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان دەست بەردار نابیّ، ئەمە دروشمێکی نویّ بوو جێگەی دروشمی کۆنی(دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی گرتەوە"، لە١٠ی مانگ دا ئیحسان شێرزاد و دارا تۆفیق* وەلاّمی سەرکردایەتی پارتیان بردەوە بۆ بەغداد ئیتر پەیوەندی لە نێوان هەردوولا پچڕاو دۆخەکە بە هەنگاوی پەلە بەرەو ڕوو بە ڕوو بوونەوە دەڕۆی،[١] لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی(١٣ی ئازاری ١٩٧٤)دا ڕێکەوتنەکەی بە تاکتیك لە قەڵەم دا بەو پێیەی مەبەست لیّ ی ئەوەیە ڕژێم ئامانجە ستراتیجیەکانی خۆی پیّ بهێنێتە دی[٢]،(١٥ی نیسانی١٩٧٤)هێرشی زریّ پۆشەکانی عێراقی بۆ سەر زاخۆ دەستی پیّ کرد لە(٢٤ی نیسان)دا، ڕژێم قەلاّدزیّ بۆردومان دەکات و(١٣٠)کەس دەکوژێت لە(٢٦)ی هەمان مانگ بۆردومانی هەڵەبجەدەکات و(٤٣)کەس دەکوژێت..[٣] لە(٢٤ ئەیلول ١٩٧٤)دەزگای ناوچەی ئۆتۆنۆمی دامەزراند و هاشم عەقراوی کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی جیّ بەجیّ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و لە(٥ ی تشرینی یەکەم) دەوڵەت لە مەراسیمێکی ڕەسمی دا یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سازدا[٤]، لە(٢٧ی ئازار)دا

---

* - کریس کۆچێرا دەڵێت وەفدی کوردی دەربارەی کەرکوك(٣) پێشنیاریان کرد ئەوانیش یان ئەوەتا سەر بەناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت و لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە بەڕێوە ببرێت، یان پارێزگای کەرکوك بکرێت بە دوو بەشەوە حەویجە و قەرەتەپە بدرێت بە دەوڵەت. یان پارێزگای کەرکوك بەشێوەی سەرەوە دابەش بکرێت و بەلاّم بۆ شاری کەرکوك وەزع و حاڵەتێکی تایبەت لە بەرچاو بگیریّ لەم حاڵەتەدا دەبیّ ئەم گۆڕانکاریانە لە پڕۆژە یاسای ئۆتۆنۆمیدا بگونجێنریّ کە لە لایەن پارتییەوە پێشنیارکراوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤-٣٨٥.

[١] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم ، سەرچاوەی پێشوو،ل١١٣.

[٢] - بۆزانیاری زیاتر لە سەر دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١٣٧.

[٣] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٢-٣٩٣.

[٤] - أ- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣. ب - کریس کۆچێرا، کورد لەسەردەی نۆزدە وبیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٨.

لێپرسراوەکانی پارت و سەرکردەکانی لەشکر لەو دیو سنوور پەڕینەوە.* پاشان لەساڵی ١٩٧٥دا کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هێنرا**.

٦- ب- نسکۆی شۆڕش - سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان(ڕووخانی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت) یان(سەرەتای سستمی نوێی جیهانی):

ناوچە دابڕاوەکان بریتی بوو لەو ڕووبەرەی کە بەفەرمی لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو ئەگەر چی ناوچەی ئۆتۆنۆمیش لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بەڕێوە دەبران. وەك دەزانین ڕژێم لەبەر هۆکارەکانی ڕامیاری و ئاسایش وئابوری... بەردەوام گۆڕانکاری لە سنووری یەکە کارگێڕییەکاندا ئەنجام داوە بۆیە دەبێت لەم ماوەیەدا لەدوو کاتی جیاواز دا ناوچە دابڕاوەکان دەست نیشان بکەین، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٧). نەخشەکانی ژمارە(٢٤,٢٥).

خشتەی ژمارە(٣٧)

ڕووبەرو ڕێژەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دابڕاوەکان لە ساڵانی(١٩٨٠،١٩٧٦)بە بەراود لەگەڵ ڕووبەری هەرێم.

| ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی | ڕووبەرەکەی | ڕووبەرەکەی لە چاو ڕووبەری هەرێم(٪) | ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان | ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان لە چاو ڕووبەری هەرێم(٪) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٦ | ٣٧٢٨٤[١] | ٤٤,٤٨ | ٤٦٥٤٣ | ٥٥,٥٢ |
| ١٩٨٠ | ٣٦٨٩٦[٢] | ٤٤ | ٤٦٩٣١ | ٥٦ |

* - ژمارەی کوردی عێراقی ئاوارە لەئێران گەیشتە(٣٠٠٠٠٠ )کەس(٢٥٠٠٠-٤٠٠٠٠)پێشمەرگە بوون، عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٣.

** - زیانە گیانی و ماڵیەکانی جەنگ بەم شێوەیە بوو لە هێزی پێشمەرگە(١٥٣٥)شەهید و(٢٣٦٠)بریندار، هەروەها(١٤٩٣)کەس لە خەڵکی سیڤیل شەهیدو(١٩٥٢)، بریندارجگە لەوەی کە(٤٣٩٩)هێرشی ئاسمانی کراوەتە سەر کوردستان، جگە لە دەست دانی٩ دۆشکە و دوو تۆپی٣٠ملمی دژە باڵە فرە... هەروەها زیانەکانی سوپای عێراق بریتی بوو لە(١١٦٨٠) کوژراو و(١٨٢٧٠)بریندار و ٢٣٠دیل وتێك شکاندنی٢٩٦ تانك گوێزەرەوە و خستنە خوارەوەی٣٩ باڵە فرەو تێکشکاندنی٩٦ تۆپ و٥٧٧ سەیارەی جۆراوجۆر... بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ٤٢٧-٤٢٨.

[١] - جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٦، مصدر سابق، ص١٧.

[٢] - هەمان سەرچاوە، ل٣٤-٣٦.

**نەخشەی ژمارە(٢٤)**
**سنوری ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆڕشی ئەیلول و**
**ناوچەی ئۆتۆنۆمی ساڵی١٩٧٦**

ڕووبەر(٣٧٢٨٤)کم$^{2}$



سەرچاوە:کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ-خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشـان)، هـەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، ساڵی ٢٠٠٦، بە بەکارهێنانی بەرنامـــــەی(arcview3.3).ب-الجهاز المركزي للاحصاء ، المجموعة السنوية ١٩٧٦، مصدر سابق، ص٣٤-٣٦. ت- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ - ١٩٧٤)، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکـەم، سەرچـاوەی پێشوو، ل٥١.

## نەخشەی ژمارە (٢٥)
## سنوری ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆڕشی ئەیلول و ناوچەی ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٨٠

ڕووبەر(٣٦٨٩٦)کم[٢]



سەرچاوە: کاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ-خليل اسماعيل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستانی عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەکارهێنانی بەرنامەی( arcview3.3).ب- الجهاز المركزي للاحصاء ، المجموعة السنوية ١٩٧٦، مصدر سابق، ص٣٤-٣٦. ت- مەسعود بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ – ١٩٧٤) ، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥١.

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ڕژێم دەستی گرتەوە بەسەر هەموو کوردستاندا، پاشان لە سالآنی(١٩٧٥- ١٩٧٦)چەندین پارتی تری کوردی دروست بوون کە هاندان و یارمەتی دەرەکیش ڕۆڵیان لەم دروست بوونەدا هەبوو، ئەم پارتانە دەستیان کرد بە چالاکی لە دژی حکومەتی عێراق، لەناوخۆشیاندا ناکۆك بوون و نەیار بوون*، بەجۆرێك بەو هاوپەیمانییەی کە دروستیان دەکرد و بەو دەوڵەتانەی کە یارمەتییانی دەدان لەگەڵ پارت و هاوپەیمانە کوردییەکانی تردا دەجەنگان، بۆ نموونە پارتی یارمەتی ئێرانی وەردەگرت[1]، لە دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەجەنگا، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتیش ئەو یارمەتییانەی کە لە سوریا و لیبیا وەری دەگرت لە ساڵی١٩٨٠** لە شەڕی دژی پارتی بەکاری هێنا، لەم شەڕو ململانێیانە کاریگەری پارتیزانی لە دژی ڕژێم تا پلەی سفر کەم بووەوە.[2]

* - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دروست بون و ناکۆکیەکانی پارتە کوردییەکان بڕوانە، عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە ونیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥-٣٢٦.

[1] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٥.ب - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، دار روشنبير للنشر والتوزيع، سنة٢٠٠٨، ص١٤٠.

** - پاش ئەوەی ڕژێم لە ساڵی١٩٨٠ لە ڕێکەوتننامەی جەزائیر پاشەکشەی کرد و لە هەمان ساڵدا شەڕ لە نێوان هەردوو لا دەستی پێکرد تا١٩٨٨جەنگ بەردەوام بوو تا لە ساڵی١٩٨٨ دا ئاگر بەستیان کرد، سەرەڕای بە دیل گیرانی(٦٠٠٠٠)سەربازی عێراقی و کوژرانی(٢٠٠٠٠٠)کەس وجگە لەبریندار بوون و شێوانی دوو ملیۆن کەسی تر... سەرەڕای داتەپینی ئابوری عێراق.. بوو بە ژێر باری قەرزێکی(١٠٠) بلیۆن دۆلارەوە کە(٤٠)بلیۆن دۆلاری بۆ جبەو چەکوچۆڵی سەربازی بوو، وێڕای داڕووخانی ژێرخانی ئابوری عێراق کە بە(٢٠٠)بلیۆن دۆلار مەزندە دەکرا، سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ ڕازیی کردنی ئۆپیك بۆ بەرزکرنەوەی نرخی نەوت... عێراق بە بەهێزترین سوپای پڕچەکی ناوچەکە لە شەڕەکە هاتە دەرەوە، خاوەنی یەك ملیۆن سەرباز بوو، نزیکەی بە هەمان ژمارەش سوپای میللی پاڵپشتی ئەکرد، خاوەنی(٤٥٠٠)تانك و(٤٠٠) فڕۆکەی جەنگی... بوو بۆ دەست گرتن بەو سوپایەوە پێویستی بە حەوت لە سەر هەشتی هەموو هەناردەی نەوتی عێراق بوو ئەمەش قورساییەکی زۆر بوو بە سەر ئابوری عێراق، کە پێشتر بە دەست قەرزەوە دەیناڵاند... بۆ زانیاری زیارتر بڕوانە: أ-تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٢٥. ب- لیام ئەندرسن و گاریپ ستانسڤیلد، ئایندەی عێراق دیکتاتۆری، دیموکراسی، دابەش بوون؟، و. کامیار سابیر، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی٢٠٠٨، ل١٠٨.ت- پیتەر گالبرێس، کۆتایی عێراق، و. لە عەرەبییەوە: سۆران عەلی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم ، ساڵی ٢٠٠٨ ،ل٢٦.

[2] - دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠٩-٧١٧.

**له شوباتی١٩٨٣ سوریا و لیبیا(١٩)گروپ و حزبیان ڕازی کرد بۆ ئەوەی کـە لە دژی عێراق یەکبگرن، بەلاّم ئەنجامێکی نـەبوو[١]،لـە تـەموزی سـالّی١٩٨٣دا هێزەکانی ئێران بەیارمەتی هێزەکانی پارتی دیموکرات توانیان دەسـت بـە سـەر حاجی ئۆمەران و پێنجوێن دا بگرن...[٢]مەبەسـتی ئێرانییـەکان لـەم عەمەلیاتـە لێدانی بەغداد بوو لە لایەك و لێدانی حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بـوو کـە پشـتگیری لـە حزبـی دیمـوکرات دەکـرد لەلایـەکی تـرەوە، چـوارتا و پێنجـوێنیش داگیرکـران، سـەرەڕای هەڵکەنـدنی بارەگاکانی یەکێتیش لەسەر سنوور[٣].**

**لە سالّی١٩٨٢دا عێراق زەبری کوشندەی لێکەوت[٤]، سەدام چـەند کەسـێکی نارد بۆ پەیوەندی کردن بـە مەسـعودو ئیـدریس بـارزانی و ڕێبـەری حزبـەکانی دیکەوە، دانوستان لەگەڵ بارزانیەکان ئەنجامێکی نەبوو، چوونکە حەزی نەدەکرد ئەو هەنگاوانە هەڵهێنێ کە پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـۆ نیـاز پـاکی داوای دەکرد[٥].**

**لە تۆڵەی یارمەتی پارتی بۆ ئێرانییەکان ڕژێم(٨٠٠٠)بارزانی لە ڕەگەزی نێر لە تەمەنی ١٣ بەرەو سەر گرت لە کۆمەڵگەکانی دیانا و قوشـتەپەو حـەریر..[٦] کە عوبەیدولاّی کوڕی مەلا مستەفاشیان تیابوو کەببووە جاش، لـە وتـاردانێکی سالّی١٩٨٣ سەرۆك سەددام حوسێن گومـانێکی ئەوتۆی نەهێشـتەوە لـەوەی کـە**

---

**[١]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨.**

**[٢]- أ- تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣١٩. ب - هـادي علـي، الشـعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٥.**

**[٣]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٩.**

**[٤]- لەم ساڵەدا ئێران زەویە داگیر کراوەکانی سالّی١٩٨٠ی ڕزگار کردەوە،(٤٠٠٠٠) سەربازی عێراقی دیل کرد. داهاتی نەوتی عێراق لە٢٦ ملیۆن دۆلارلەسـالّی١٩٨٠ دابـەزی بـۆ ٩ ملیـۆن دۆلار لـە سالّی١٩٨٢ دا و ڕێژەی قەرزەکانی سەریشی گەیشتە٢٥ ملیۆن دۆلاربۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٠٩.**

**[٥]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢١.**

**[٦]- أ- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصـدر سـابق، ص١٤٥. ب- تشارلزتريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣١٩.**

بەسەر بارزانییەکان هاتوە"ئەوان خیانەتیان لەولاّت و خیانەتیشیان لە پەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن"[1]

دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسم لوو[*] ڕێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە هاوپەیمانی عێراق بوو تاڵەبانی هاندا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێم چوونکە بە هۆی جیاوازی بیروباوەڕی ڕامیارییەوە یەکێتی لەگەڵ ئێران ناکۆك بوو، تاڵەبانی بەو ئیجابیاتانە ڕازی کرد کە دانوستان لەگەڵ عێراقدا بکات...[2] داخوازیەکانی یەکێتیی نیشتمانی بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوو لە:

١- سنووری جوگرافی کوردستان و فراوان کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەك کەرکوك و خانەقین و شەنگارو مەندەلی بگرێتەوە...

٢- ئاسایی کردنەوەی هەلومەجی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە تەعریب کراوەکانی وەك کەرکوك وخانەقین و شەنگار... دێهاتە ڕاگوێزراوەکان...

٣- لابردنی پشتێنەی ئاسایشی سنووری تەرخان کردنی(٣٠٪)ی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان...

سەدام لە سەرهەندێ مەسەلە بە هیچ شێوەیەك ئامادەی سازش نەبوو، یەکێك لەوانە چارەنوسی ئەو ناوچانە بوو کەناکۆکیان لە سەر بوو وەك کەرکوك.[3]

بەپێی ڕاپۆرتەکان سەدام بە تاڵەبانی گوت"تۆ پێ لەسەر کورد بوونی کەرکوك دامەگرە، ئێمەش پێ لەسەر کورد نەبوونی داناگرین"[1] هەروەها ئامادە

---

[1] - میدلّ ئیًست وۆچ، جینۆساید لە عێراق داو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد،و. سیامەند موفتی زادە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خاك، ساڵی١٩٩٩، ل١٠٧-١٠٨ وەرگیراوە لە: ڕۆژنامەی(العراق)، ١٣ی ئەیلولی١٩٨٣.

[*] - عەبدول ڕەحمان قاسم لوو، لەگەڵ ئەبو سەحانی گەورە کاربەدەستی هەواڵگری ڕژێم بە دوو هەلیکۆپتەر هاتن بۆ زێخان.. و دەستەی ڕاوێژکاری یەکێتیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ گفتۆگۆ...نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، ساڵی١٩٩٩، ل١٠.

[2] - دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٢. هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٠-١٤١.

[3]- أ- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناوبازنەدا، سەچاوەی پێشوو،ل١١. ب - دیڤید ماکداویڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٣-٧٢٤.

نەبوو جەبەل شەنگارو خانەقین و مەندەلی بخاتە ناو چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی چوونکە بە شێوەیەکی زۆر ترسناك لە سنوورەکانی سوریا نزیك بوو، لەم داخوازیانەی تاڵەبانی، سەدام تەنها بە پەیوەست کردنی ئاکرێ و کفری بەناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە ڕازی بوو، سەرەڕای ئەوەی ئامادەی چەك کردنی جاشەکانیش نەبوو...[2] خاڵی ناکۆکی یەکێتی و ڕژێم ناکۆکی سیاسی(بەشداری کورد لەدەسەلاتی ناوەند و دەسەلاتی حوکمی زاتی...)و خاك(دیاری کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی...)بوو، هەموو ئەو ناوچانەی نەوتیان تێ دایە ئەبێ لە قەڵەمڕەوی حوکمی زاتی دابڕێن و لە کورد چۆڵ بکرێن. بیانووەکەی ئەوەیە: سامانی سروشتی موڵکی هاوبەشی هەموو گەلی عێراقە ئەبێ بە دەست دەسەلاتی ناوەندیەوە بێت، هەموو ئەو ناوچانەی بۆ پاراستنی سنووری عێراق و بەغدادی پایتەخت لە هێرشی دەوڵەتانی دراوسێ و جولانەوەی کورد پێویستن ئەبێ لە قەڵەم ڕەوی حوکمی زاتی دابڕێن و لە کورد چۆڵ بکرێن و بیانوەکەی ئەوەیە: پاراستنی عێراق ئەرکی دەسەلاتی ناوەندییە، لە بەر ئەوە ئەبێت ئەو ناوچانە بەدەست حکومەتی ناوەندییەوە بێ، هەموو ئەو ناوچانەی کە بەکەڵکی کشتوکاڵ دێن لە نێوان کوردو عەرەب دا، ئەبێ لە قەڵەم ڕەوی حوکمی زاتی دابڕێت و لە کورد چۆڵ بکرێن، بیانوەکەی ئەوەیە بۆ دابین کردنی گوزەران بۆ ئەو جوتیارانەی لە خواروی عێراق، زەویەکانیان ئەبێتە شۆڕەزارکە ئەمەش ئەرکی حکومەتی ناوەندیە. پاش چەند کۆبونەوە و خولی گفتوگۆ، ئەگەر چی شەڕی پێشمەرگە و جاشەکان بەردەوام بوو بەلاَم جۆرێك لە ساردی کەوتبووە گفتوگۆکانەوە... بەلاَم ڕژێم تەگەرەی دروستکرد لە ئیمزاکردنی ئەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێکەوتبون بە بیانوی"هێشتا بابەتی جەبهەو پەیماننامە تەواو نەبووە، ئەبێ ئەویش بڕێنینەوە"... سەرئەنجام یەکێتی لە ١٥ی کانوونی دووەمی١٩٨٥دا کۆتایی گفتوگۆی ڕاگەیاند..[3]

---

[1]- أ- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناوبازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١. ب- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٤. وەرگیراوە لە: لۆمۆند ١٤- ١٥ی تیشرینی یەکەم ١٩٨٤.

[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٤.

[3] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢-٨٤.

له سێدارەدانی بیست سەربازی هەڵهاتوو کەنیوەیان ئەندامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوون و تەقە کردن لە خوێندکارانی خۆپیشاندەرو کوشتنی مامەڕیشەی فەرماندەی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پایزگای کەرکوك و یەکێکی ترلە فەرماندە سەرەکییەکانی کوردستان لە لایەن جاشەکانەوە لە ١٦ی شوباتی١٩٨٥دا[1]. ئەمانە هۆکاری تری پێك نەهاتن و گەڕانەوە بوو بۆ شەڕو ململانێ.

ئەگەرچی یەکێتیی نیشتمانی ڕووبەرووی بارودۆخێکی زۆر دژوار بووەوە، بەهۆی دانوستانی لەگەڵ ڕژێم دا پشتگیریی سوریاو لیبیا ی لە دەست دابوو، یەکێتی بە تەواوی تیامابوو، دەیویست لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیك بێتەوە،[2] ئێرانیش لە دژی ڕاوەستا، تورکیاش لە دژی هەموو دەستکەوتێك بوو کە کورد بەدەستی بهێنێ[3].

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان سەردانی تاڵەبانییان کردو پێشنیاریان کردبوو کە یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی دی بۆ ئاشت بوونەوە دەست پێشخەری بکات[4]. دانوستان لەم هەوڵ و کۆششانەدا ئەنجامێکی لێکەوتەوە لە ساڵی١٩٨٦بەیاننامەیەك* لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوو کە لە سەر چەند خاڵێکی سیاسی و سەربازی و ڕاگەیاندن ڕێکەوتن.[5]

تاڵەبانی لەگەڵ عەلی ئەکبەر ڕەفسنجانی** سەرۆکی ئەنجومەنی ئێران کۆبووەوە گفتی دا کە یارمەتی خۆی لە حزبی دیموکراتی کوردستان ببڕێت لە ساڵی١٩٨٦[1].

---

[1]- أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥٦. ب- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩-٨٠و ٨٥-٨٧.

[2] - دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٦.

[3] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

* - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پرۆژەی هاوکار نێوان ی. ن .ك. و پ. د. ك. و خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١-٢٠٢.

[5] -أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٦. ب- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١-٢٠٣.

** - ناوی تەواوی(عەلی ئەکبەر هاشمی بهرەمانی)یە، لەساڵی١٩٣٤ لە گوندی بهرەمانی شاریکرمان لەدایك بووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی١٩٧٩،

ئێرانییەکان سوور بوون لە باکووری خۆرئاوای(کوردستانی عێراق)بەرەیەکی تری جەنگ بکەنەوە بەمەبەستی بلاوەپێکردنی هێزەکانی عێراق[2]، بۆ دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق لەبەرەی خواروو، پارتی دارایی و چەکی لە ئێران وەردەگرت، بەو مەبەستەی هێزەکانی عێراق لەبەرەی خواروو دوربخاتەوە و سەرنجی عێراق بەرەو کوردستان ڕابکێشێت تا ئێران بتوانێ خەتی بەرگری بەرەی بەسرە تێك بشکێنی و شەڕ بەسەرکەوتن بگەیەنێ[3].بەگشتی زۆربەی زۆری چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد لایەنگری ئێران بوون[4].

بەکردەوە پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی تەواوی ناوچە سنووریەکانی لە خاپوورەوە بەرەو ڕۆژهەلات لە هەندێ شوێن تا قولایی(٧٥)کیلۆمەتر بەرەو خوار لەبەردەست دابوو... یەکێتیش لە ناوچە شاخاویەکانی نزیك ڕەواندوز بەرەو خوار تا سنووری پێنجوێنی لە ژێر دەست دابوو، لەدەوروبەری سلێمانیش خەریکی شەڕی گەورە بوو، دەرەوەی شارەکان تەنیا بە ڕۆژ لە ژێر کۆنترۆلی هێزەکانی حکومەتدابوو، چالاکی پێشمەرگە گەیشتە ئالتون کۆپری و کەرکوك ودوزخورماتوو کفری[5]... یەکێتی ویستی زەرەرێکی زۆر بە دامەزراوە نەوتیەکانی عێراق بگەیەنێت، بەو تۆپانەی کە ئێران پێ ی دابوو لە تشرینی یەکەم پالاوگەی نەوتی کەرکوکی بۆردومان کرد چوونکە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی ئابوریی عێراق بوو[6].

لە٧ی تشرینی دووەمی١٩٨٦دا ئیدریس بارزانی و تالەبانی و بە ئامادەبوونی نوێنەری ئێران بەمەبەستی دروست کردنی هاوپەیمانییەك لەتاران کۆبونەوە دوای مانگێك پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەشداری

---

چەندین پۆستی وەرگرتووە... پاشتر بووە بە سەرۆکی ئێران و پاشتر بووە بە بەرپرسی "ئەنجومەنی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام"... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(١٩٩١) ئەلقەی٧، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە١٥٦، لە ١١ی شوباتی ٢٠٠٨، ل٥.

[1] - دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٦.

[2] - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٣.

[3] - دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٦.

[4] - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٤.

[5]- دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٦-٧٢٧.

[6] -أ- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٦، ب- دیڤید ماکداوێل، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٧.

کردن لە کۆنفرانسی حزب و کۆمەڵی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە تاران چەند نوێنەرێکیان نارد لە مانگی شوباتی١٩٨٧دا پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی بەیانامەیەکی هاوبەشیان بلاو کردەوە کە مەبەستی ئەوانی لە دروست کردنی(بەرەی نیشتمانی کوردستان)و(بەرەی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆن)ڕادەگەیانـد، لەمەیدانی سەربازیدا پەیمانیان دا هێزی پێشمەرگە یەك خەن، لەمانگی ئایاری١٩٨٧بەرەی کوردستانی کە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان و پاسۆك و حزبی شیوعی و حزبی زەحمەت کێشان و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری)بوون بووە واقیع. و فەرماندەی هاوبەش بۆ چالاکی سیاسی و عەسکەری دامەزرا...[1]ڕژێم چەندین تاوانی دڕندانەی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل و منداڵ ئەنجام دا.[2]

لەمانگی ئایاردا ڕەواندوز و شەقلاوە دەگرن و لە مانگی حوزەیراندا ئەتروش و عەین سوفنێ ئازادکران. لە٢٩ ئازاری١٩٨٧سەدام(عەلی حەسەن مەجید)[*]ی ئامۆزای کرد بە فەرماندەی باکوور لەگەڵ پێدانی دەسەلاتێکی ڕەها بەسەر

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٧-٧٢٨.

[2]- أ- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٢٨-٧٢٩. ب- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٥٠. نقلا عن أبو حكمت(مذكرات يوسف حنا يوسف، القيادي في الحزب الشيوعي العراقي سابقا)ص١٠١.

[*] - ناوی عەلی حەسەن ئەلمەجیدە، لە ساڵی١٩٤١ لە دایك بووە،لە ساڵی١٩٦٨ پەیوەندی کردەوە بە پارتی بەعسەوە ، لە ساڵی١٩٨٧ دا هەستا بە ئەنجام دانی پرۆسەی ئەنفال و بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، زیاتر لە(١٨٢٠٠٠) کوردی ئەنفال کردووەو(٤٥٠٠) گوندی کوردستانی خاپور کردووە... لە(٢١ی ئابی٢٠٠٣)دەست گیرکرا، بەچەندین تاوانی دژە مرۆڤایەتی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە حوزەیرانی٢٠٠٧ سزای مەرگی بە سەردا سەپێندراوەو لە١٦ی حوزەیرانی٢٠٠٩ دانی بە تاوانەکەیدا نا بەلام تا ئێستا ئەو بڕیارە لە بەر هۆکاری ڕامیاری جێ بەجێ نەکراوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی مەجید بڕوانە: أ-محمد حسين، علي المعاضدي، تاوانی سەردەم، و. تەییب عارف ئەبوبەکر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانە، ساڵی٢٠٠٧، ل١٨٠-١٨٢. ب- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(١٩٩١)بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(١٥٠)، بەرواری٣ی شوباتی٢٠٠٨، ل ٥. ت- تەها عەبدوڵلا، عەلی کیمیایی دانی نا بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٩٩)، ١٧ی حوزەیرانی٢٠٠٩،ل١.

هەموو دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەت دا.[1] لەمانگی نیسان چەکی کیمیاوی لە دۆڵی دوکان دژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکارهێنا[2] و بۆتێك شکانی هێزی پێشمەرگە سیاسەتی(سوتماك) و هاوکات ڕاگواستن و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی گرتە بەر[3]، لەو فرمانانەی کە دەری کرد بڕیاری ژمارە (٢٨/ ٣٦٥٠)لە(٣حوزەیرانی١٩٨٧)دا و بڕیاری (٤٠٠٨)ی(٢٠ حوزەیران)دا بڕیاری ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی بە ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیاند، و فرمانی دا کە شەوو ڕۆژ بۆردومانی کوێرانەی ئەو ناوچانە بکرێن.[4]

ڕژێم لە هاوینی١٩٨٦ دا بەجدی کەوتە دروست کردنی هێزی (جاش) یان (فورسان)کە ژمارەیان گەیشتە (١٥٠٠٠٠)و ڕەنگە نزیکەی(٢٥٠٠٠٠)[5].

لە کانونی دووەمی١٩٨٨دا هێزەکانی ئێران بەرزاییە ستراتیجییەکانی زاڵی سەر(بەماوەت)یان گرت لە ڕووباری قەلاچوالان تێپەڕین و بەغدا کەوتە بەر هەڕەشەیەکی جیددیتر، نفوزی قووڵی هێزە کوردییەکان و ئێران لە کوردستاندا لە بەهاردا و پێشڕەوییان بەرەو دەشتی میسۆپۆتامیا و بەرەو ڕووباری دیالە، بووە مەترسەیەکی جدی ، سەدام پەیامێکی نهێنی نارد بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و داوای دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆی کرد، بەلاّم تاڵەبانی ئەم مەسەلەیەی پەیوەست کرد بە لە سەرکار لاچوونی سەدام[6].

پاش ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی عێراق کە ئێران توانای سەربازی لاواز بووە تا هێرش بکاتە سەر عێراق، هەندێك لە هێزەکەی کێشایەوە پاش ئەوەی هەموو توانا سەربازی و داراییەکان خرانە بەردەستی عەلی حەسەن مەجید دەستی کرد

[1] -أ- تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدرسابق، ص٣١٨. ب- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥-٢٠٦ .ت- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٦.

[2] - دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد ، سەرچاوەی پێشوو ،ل٧٣٠.

[3]- أ- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣١. ب- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٧. نقلا عن مەريوان فاروق سلوغلت و بيتر سلوغلت،من ثورة الي دكتاتورية العراق منذ ١٩٥٨ ، ت. مالك النبراس، منشورات الجمل، سنة ٢٠٠٣، ص٣٥٢.

[4]- جۆناتان- سی ڕاندڵ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩.

[5]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٢.

[6]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣٨.

**به پرۆسەی ئەنفال[*] لە سەرەتای شوبات تـا کۆتـای ئـەیلولی١٩٨٨(٨) پرۆسـەی ئەنفالی لە سەرجەم کوردستان دا دەست پێ کرد.[١]**

**ئـەنفال: بـریتی بـو لـە پرۆسـەیەکی وێـران کـردن و لـەناوبردنی ژیـان و بـوون(مـرۆڤ، ئـاژەڵ، دارودرەخـت...) لـە زۆربـەی زۆری گونـدەکان و هەنـدێك شارۆچکەی کوردستان، بە پشتیوانی هێزی زەمینی و ئاسمانی و بە بـەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. لەم شالاوە بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجیـد بـە ٨ قۆنـاغ لە( شوبات تا ئەیلولی١٩٨٨) بەڕێوە چوو ، بە دەیان هەزار هاوولاتی کورد لـە رەگەز و تەمەنی جیاجیا رەوانەی بیابانەکانی مەرگ[**] کران، جگە لە وەی وەك لە راپۆرتی هـەواڵگری پارێزگـای کـەرکوك دا دەردەکـەوێت(١٨)کیژۆڵـەی کـورد رەوانەی مەلهاکانی میسرکراون[***] ، کە کاریگەرییەکی یـەکجار زۆری لـە سـەر دەروونی و سیاسی تاکی کورد هەبوو.**

---

**[*] - پرۆسەی ئەنفال کوردە فەیلیەکانیشی گرتەوە لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوو(١٥٠٠٠) گـەنجی فەیلی بێ سەر و شوێن کران بە پێی هەنـدێك دۆکیۆمێنـت لـە تاقیگـەگانی چـەکی کیمیـاوی دا تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاویان لە سەر کراوە. بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە، سـۆران کـەریم، گەنجـە فەیلیەکان لە تاقیگەی چـەکی کیمیاییـدا شـەهیدکراون، رۆژنامـەی ئاسـۆ، ژمـارە(٩٠٠)، ٢٥ی کانوونی دووەمی٢٠٠٩.ل٥.**

**[١] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کـورد، سەرچـاوەی پێشـوو،ل٧٣٨-٧٤٣ . ب- هـادي علي، الشعب الکردي و السیاسات الدولیة في القرن العشرین، مصدر سابق، ص١٥٦-١٦٠.**

**[**] - لە بڕیاری ژمارەی(٢٦) ی ساڵی٢٠٠٨ ی سەرۆکایەتی کۆمـاری عێـراق هـاتوە"اعتبـار مـا تعرض له الشعب الکردي في کردسـتان العـراق مـن مـذابح و قتـل جمـاعي هـو ابـادة جماعیـة بکـل المقیاس"بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

=arabic&id=6163&type=documents //

www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language

**[***] - لـە راپـۆرتی ژمـارە(١٦٠١)ی(١٠کـانوونی یەکـەمی١٩٨٩)ی بەڕێوەبەرایـەتی هـەواڵگری پارێزگـای کـەرکوك کـەبۆ بەڕێوەبەرایـەتی موخابـەراتی گشـتی کـراوە، ئامـاژە بـە نـاو و تەمەنی(١٨)کیژۆڵەی ئەنفال کراوی کورد کراوە کە رەوانەی مەلهاکانی میسرکراون کەتەمەنیان لە نێوان (١٤-٢٩) ساڵدایە..بۆ زانیاری زیـاتر بڕوانـە: محمـد رەئـوف عبـدالعزیز، ئـەنفال و رەهەنـدە سۆسیۆلۆجی یەکانی، بەبێ ناو شوێنی چاپخانە، ساڵی٢٠٠٥، ل٧٥-٧٧.**

له کۆتایی شوبات دا جەلال تاڵەبانی بە فەرمی ڕژێمی بە ئەنجام دانی جینۆساید تاوان بار کردبوو، ڕژێم( ١،٥ )ملیۆن کەسی گواستبووەوە و(١٢)شارو شارۆچکەو زیاتر لە(٣٠٠٠)گوندی وێران کرد[1]. پارێزگای کەرکوکیش بەدەر نەبوو لەم هەڵمەتە دژە مرۆڤانەیە[*]، بڕوانە خشتەی ژمارە(٣٨)

[1]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو،ل٧٣٩. وەرگێراوە لە دەیلی تەلەگراف(٤ ئازای ١٩٨٨) .

[****]- لیوا ڕوکن وەفیق سامەڕائی لە کتێبەکەیدا(حطام البوابة الشرقية)لە لاپەرە(١٠٤)دادەڵێت"ڕۆژی ١٦ی مارت(٥٠) فڕۆکەی هێرشی زەمینی کە هەریەکەیان (٤)بۆمبای(٥٠٠) کیلۆگرامی کیمیاویان هەڵگرتبوو، هەڵەبجەیان بۆمباران کرد. بەو پێیە(٢٠٠)تۆن گازی ژەهراویان بەسەر هەڵەبجەدا باراند"بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناوبازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦.(دەکاتە١٠٠ تۆن نەك ٢٠٠تۆن، توێژەر)لەو بۆردوومانەدا ئاماژە بە شەهید بوونی٥٠٠٠ هاولاتی و بریندابوونی هەزارانی تر دەکرێت، (٧٠،٧٩%)ی قوربانیانی هەڵەبجە منداڵ و قوتابی و ئافرەت بوون... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێژەی توێژە جیاوازە شەهیدەکانی شاری هەڵەبجە بڕوانە: سالم حەمەخان و زانا ئەحمەد، (٥١%)ی کیمیابارانی هەڵەبجە منداڵ بوون، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٣٣)، ١٦ی ئازاری٢٠٠٩،ل١.

### خشتەی ژمارە(٣٨)

### دێهاتە ڕاگوێزراوەکان لە پارێزگای کەرکوک لە(١٩٦٣-١٩٨٨)[١]

| قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی دانیشتوانی ڕاگوێزراو |
|---|---|---|---|---|
| کەرکوک | قەرەحەسەن | ٤٥ | ٢٤٢٩ | |
| | قەرە هەنجیر | ٤١ | ٢٣١٠ | |
| | ئاڵتوکۆپری | ٣١ | ٢١٨٢ | |
| | شوان | ٧٠ | ٢٦٥٠ | |
| | سەرجەم | ١٨٧ | ٩٥٧١ | ٦١٣٩٤ |
| چەمچەماڵ | ناوەند | ١٩ | ٥١٦ | |
| | سەنگاو | ٧٠ | ٢٦١٩ | |
| | ئاغجەلەر | ٧٥ | ٦٧٣١ | |
| | سەرجەم | ١٦٤ | ٩٨٦٦ | ٥١٧٩٧ |
| دوزخورماتوو | ناوەند | ٩ | ١٠٥٨ | |
| | تاووغ | ٦ | ٨٦٠ | |
| | قادرکەرەم | ٨١ | ٤٠٥٥ | |
| | نەوجوول | ٣٩ | ١٩٦٩ | |
| | سەرجەم | ١٣٥ | ٧٩٤٢ | ٤١٦٩٦ |
| کفری | سەرقەڵا | ٢٥ | ٩٨٢ | |
| | کۆکز | ٢٦ | ١٧٢٧ | |
| | جەبارە | ٣٠ | ١٦٣٧ | |
| | سەرجەم | ٨١ | ٤٣٤٦ | ٢٢٨١٧ |
| کەلار | ناوەند | ١٦ | ١١٧٤ | |
| | پێباز | ٥٢ | ١٠٤٥ | |
| | تیلەکۆ | ١٣١ | ١٦٥٩ | |
| | سەرجەم | ١٩٩ | ٣٨٧٨ | ٢٠٣٦٠ |
| سەرجەمی گشتی | | ٧٦٦ | ٣٥٦٠٣ | ١٩٨٠٦٤ |

[١] - حكومة اقليم كوردستان، وزارة شؤون مناطق خارج الاقليم، تقرير حول التغييرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، بدون معلومات اخرى، غير منشور، ص٣٩.

له(٢٢ی تەمووز)دا ئێران ڕایگەیاند کە بڕیاری(٥٩٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قبوڵ دەکات، لە مانگی ئاب دا بڕیاری شەڕ ڕاوەستانی جێ بەجێ کرد.

ڕژێم تا کۆتایی شەڕ نزیکەی(٤٠٠٠)گوندی وێران کرد و بەلای کەمەوە(١,٥)ملیۆن کەسی بەزۆرە ملێ لە شوێنەکانی دیکە نیشتەجی کرد بوو[*]تا تەواو بوونی مانگی ئابی ١٩٨٨(٦٠٠٠٠)کورد بەرەو تورکیا چوون، ژمارەی پەنابەران لە ئێران گەیشتە(٢٥٠٠٠٠)کەس، بێ موبالەغە سەدام گەلی کوردی ڕەشە کوژی کرد[١]. جگە لەوەی٤٥٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی کوردستانی لە ژیانی مرۆیی قەدەغەکردبوو.[٢]

تا مانگی ئابی١٩٨٨ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان بە تەواوەتی کەوتنە دەست ڕژێمی بەعس...[٣]

لە کانوونی یەکەمی١٩٨٩دا لە کۆنگرەی دەیەمی پارتی دا بڕیاری درێژەدان بە خەبات لە دژی ڕژێم درا، یەکێتیش چەندین بارەگای لەسەر سنور دانا بوو، لەوێوە درێژەی بە هێرشەکانی خۆی دەدا. بەم شێوەیە کۆمەڵێك چالاکی کرد و تا دەشتی هەولێر و ناو شاری کەرکوکیش درێژ بووەوە.[٤]

سێیەم: سەرەتای تاك جەمسەربوونی جیهان - سەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق(٢٠ی ئازاری٢٠٠٣).

لەم ماوەیەدا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی گەلی کوردا لە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا، پانتایی یەکی زۆری لە خاکە داگیرکراوەکەی ئازاد کرد بە هەندێك لەو ناوچانەشەوە کە بە درێژایی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق داگیرکراو بوو. لەم ڕاپەڕینەدا نزیکەی(٤٢٠٠٠)کیلۆمەتر دووجا بەیەکجاری لە خاکەکەی ئازاد کرد و کەوتە دەست شۆڕش گێڕەکان واتە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر

---

[*] - بەپێ ڕاپۆرتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاماری وێران کاریەکان بەم شێوەیە بوو: وێران کراو( ٣٨٣٩) گوند،(١٧٥٧)خوێندگا(٢٤٥٧) مزگەوت(٢٧١) بنکەی تەندروستی، خێزانی راگوێزراو(٢١٩٨٢٨) واتە نزیکەی(١،٥)ملیۆن کەس، دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤٤.

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤٣-٧٦١.

[٢] - پیتەر گالبرێس، کۆتایی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٣] - تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٢١.

[٤]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦١-٧٦٢.

**دەسەلاٌتی ڕژێم تەنها(٤١٨٢٧)کیلۆمەتر دووجا بوو، بەلاٌم ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان ڕووبەرێکی فراوانتر بوو، لەبەر ئەوەی کە تەنها ڕووبەری ئۆتۆنۆمی ساڵی١٩٨٠ بەفەرمی دانی پێدا نرابوو، کەواتە ڕووبەری ناوچە داگیرکراوەکان بریتی بوو لە(٤٦٩٣١)کیلۆمەتر دووجا، واتە (٥٦٪)ی سەرجەمی خاکی هەرێم. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٦).**

**پاش ئەوەی کە جەنگی ئێران کۆتایی هات و ڕژێمی عێراقیش بوو بوو بە ژێر قەرزێکی زۆرەوە ئابوریەکەشی داتەپی بوو نزیکەی یەك ملیۆن سەربازی هەبوو کە بەو ئابورییە تەپیوە بۆی بەڕێوە نە دەبرا... سەرئەنجام لە(٢ئابی١٩٩٠) سەدام دەوڵەتی کوەیتی داگیرکرد.. پاش سەرکێشی ڕژێم لە بڕیارەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ کشانەوەی لە کوەیت... بە هێزی سەربازی(گەردەلولی بیابان)[*]ی هاوپەیمانان لەکوەیت دەرکرا[1]**

**پاش شکستی سوپای عێراق لە کوەیت لە(٢٨ی شوبات)، کوردەکان لە (٥ی ئازاری١٩٩١)ڕاپەڕین و تا(٢١ی ئازار) سەرجەم پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بەشێکی زۆر لەپارێزگای کەرکوك ئازدا کران. سەدام نامەی بۆ مام جەلال و کاك مەسعود نارد، تیایدا گلەیی و هەڕەشە و داوای کشانەوەی هێزەکان و دەست پێ کردنی گفتۆگۆی کردبوو کە تەنیا کەرکوك مابوو ڕزگار بکرێت، سەرکردایەتی کوردیش ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ گفتوگۆ...[2]**

---

[*] - پێشی دەوترێت جەنگی ڕزگار کردنی کوەیت، لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە پێی دەوترا(دایکی جەنگەکان): ئەم جەنگە لە نێوان عێراق و هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە بوو(٣٠)ولاٌت، بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا، و بە ڕەوایی پێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵسان بە جەنگەکە، پاش ئەوەی کە عێراق کوەیتی داگیر کرد لە ٢ی ئەیلولی١٩٩٠، هاوپەیمانان توانییان بەهێز لە کۆتایی شوباتی ١٩٩١دا، عێراق لە کوەیت دەرپەڕێنن...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.marefa.org/index.php/حرب_الخليج_الثانية

[1] - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٧٢-١٨٢.

[2]- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١) بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(١٥٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل٤و ٥.

## نەخشەی ژمارە (٢٦)

## سنوری ناوچە ئازادكراوەكانی هەرێمی كوردستان لە بەهاری١٩٩١

ڕووبەر(٤٢٠٠٠)كم٢



سەرچاوە:كاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە: أ- خلیل اسماعیل محمد و ئەوانی تر،(بە بێ ناونیشان)، هەرێمی كوردستان عێراق ، سەرچاوەی پێشوو، بە بەكارهێنانی بەرنامەی ( arcview3.3).

b-http://www.moera-krg.org/kurdish/index.php

له‌٢٨ی ئازاردا هێزی عێراق به‌ بۆردومانی چڕ شاری که‌رکوکی گرته‌وه‌..و به‌ره‌و سلێمانی هه‌ولێرو دهۆك كشا، له‌ ئه‌نجامی ئه‌و تاوانه‌ درندانه‌یه‌ی كه‌ پێشتر ئه‌نجامی دابوو نزیكه‌ی دوومليۆن كه‌س ئاواره‌ بوون و به‌ره‌و سنووره‌كانی ولاَتانی دراوسێ ڕه‌ویان كرد، له‌ مانگی نیساندا نزیكه‌ی دوومليۆن په‌نابه‌ر له‌سنووره‌كانی ئێران و توركیا بوون[1].

پاش ئه‌و فشاره‌ زۆره‌ی ڕاگه‌یاندنه‌كان و ڕه‌ئی گشتی جیهان له‌ سه‌ر ولاَتانی هاوپه‌یمانان... له‌ (٥ی نیسان)دا ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان به‌مه‌به‌ستی ڕێگرتن له‌ كاره‌ توندوتیژییه‌كانی به‌غدا بڕیاری(٦٨٨)یان په‌سه‌ند كرد و ئه‌وبڕیارنامه‌یه‌ كه‌(سه‌ر كوت كردنی خه‌ڵكی مه‌ده‌نی له‌ زۆربه‌ی ناوچه‌كانی عێراق و كوردستان مه‌حكوم كرد...)، ئه‌م بڕیاره‌ له‌ دوو ڕووه‌وه‌ بڕیار نامه‌یه‌كی مێژوویی بوو له‌ كۆمسیۆنی دادوه‌ری كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان له‌ ساڵی(١٩٢٥-١٩٢٦)به‌ دواوه‌ ئه‌مه‌ یه‌كه‌مین جار بوو ناوی كوردان ده‌هێنرا و به‌م شێوه‌یه‌ بارو پێگه‌ی ئه‌وانی له‌ گۆڕه‌پانی نێوده‌وڵه‌تی به‌رز كرده‌وه‌[2].

هه‌روه‌ها ئه‌مه‌ یه‌كه‌مین جار بوو ڕێكخراوێكی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان له‌سه‌ر مافی خۆتێ گه‌یاندن له‌ كاروباری ولاَتێكی ئه‌ندام سور ده‌بوو، به‌لاَم ئه‌نجومه‌نی ئاسایش ئاگای له‌وه‌ بوو بڕیار نامه‌ی ناوبراو به‌ پێی به‌شی(٧)ی په‌یمانامه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان به‌ زامننامه‌ی جێ به‌ جێ كردن نا به‌ستێته‌وه‌[3].

له‌ كۆتایی هه‌فته‌ی یه‌كه‌می مانگی نیسان زیاتر له‌(٢٥٠٠٠٠)كه‌س گه‌یشتبونه‌ توركیا، توركیا مۆڵه‌تی په‌نابه‌رێتی نه‌دا به‌ كورده‌كان، ئۆزال داوای كرد ناوچه‌ی ئاسایشیان له‌ ناو خاكی عێراقدا بۆ دروست بكرێت[4].

---

[1] - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١١٨٧.

[2] - أ- دیڤد ماكداوێڵ، مێژووی هاوچه‌رخی كورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٧٢. ب- تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٣٦. ت - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٩١-١٩٣. نقلأعن: فاضل الزهاوي، حرب الخليج و انتفاضة كوردستان العراق، السليمانية، سنة ٢٠٠٤، ص١٥٧-١٦١.

[3]- دیڤید ماكداوێڵ، مێژووی هاوچه‌رخ كورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو،ل772. ب- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٩٣. نقلاعن: فاضل الزهاوي، حرب الخليج و انتفاضة كوردستان العراق، السليمانية، سنة ٢٠٠٤، ص١٥٧-١٦١.

[4]- دیڤید ماكداوێڵ، مێژووی هاوچه‌رخی كورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٧٤.

پاش ئەو چەند پێکدادانەی کە لە هاوینی١٩٩١دا ڕووی دا لەناوچەی کەلار کە بووە هۆی ئاوارە بوونی هەزارەها کەس، خۆرئاوای نیگەران کرد نەبا درێژە بکێشێت، لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، چەکوشی ئامادەیان دامەزراند بەمەبەستی پاراستنی کوردەکان لەسەرو هێڵی( ٣٦ )[1]و تا ئەو هێڵە لە فڕینی فڕۆکەکانی عێراق قەدەغە کرا.

لەمیانەی خۆتێ نەگەیاندنی هاوپەیمانان بۆ ڕێگاگرتن لە شکستی هێزەکانی کورد ، کۆڕەوی خەڵکی مەدەنی، بەرەی کوردستانی هەروەك خۆی لە(١ی نیسان)ڕایگەیاندبوو ناچار بەگفتوگۆی لەگەڵ سەدام کرد[*2].

ئەو بابەتانەی کە پەیوەست بوون بە دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە لایەنی ڕژێم سوور بوون لە سەر مانەوەی شاری کەرکوك لەدەرەوەی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ شارەکانی شەنگارو خانەقین و مەندەلی بەو بیانووەی کە شاری سنووری و ستراتیجین...[3 **]

---

[1] - أ- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٩٧.
ب- دیڤید ماکداوێڵ ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧٤.

[*] - لە(١٢ی ئایاری ١٩٩١)، ڕژێم پڕۆژە یاسایەکی ئۆتۆنۆمی بڵاو کردەوە بەناوی پڕۆژە یاسای خۆڕێبەری بۆ کوردستانی عێراق لە ساڵی١٩٩١ بەلام لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی دا نەگەیشتنە ڕێکەوتن لە سەری، بەپێی خاڵی یەکەم بڕگەی -٢- ئەو ناوچانەی کەزۆرینەی کوردە ناوچەکەی دیاری دەکات و هەروەها پرۆسەی ئامار ئەنجام دەدرێت وەك لە بەیانی ١١ ی ئازاردا هاتوە کە پشت بە تۆماری ئاماری ساڵی١٩٥٧ دەبەسترێت هەروەها لە مادەی دوو خاڵی- ١- هاتووەکە "زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی زمانی فەرمین لەناوچەکەدا"... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد الطاهر محمد، القضية الكردية و حق تقريرالمصير، مصدر سابق، ص٣١٠-٣٢٠.

[2] - دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧٤.

[3]-أ- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٩٨-١٩٩. ب - دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧٦.

[**] - بۆزانیاری زیاتر لە سەر ڕەوتی گفتۆگۆ و ئەندامانی گفتۆگۆ و خولەکانی گفتۆگۆ و پڕۆژەی بەرە و حکومەتی عێراق و تەوەرەکانی گفتۆ گۆ بڕوانە: أ- عطا الطالباني، عندما تتكلم الارقام، موضوعات حول مفاوضات الجبهة الكردستانية مع الحكومة المركزية، الطبعة الاولى، سلسلة مطبوعات وزارة الثقافة، سنة٢٠٠٠، ص ٦-٢٦. ب - نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەڵقەی٤، ژمارە(١٥٣)، ٦ی شوباتی٢٠٠٨، ل٤. ت- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەڵقەی(٥)، ژمارە(١٥٤)،٧ی شوباتی٢٠٠٨، ل٤-٥. پ- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەڵقەی ٦، ژمارە(١٥٥)،١٠شوباتی٢٠٠٨، ل٥. ج - نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە،

بەرە لەم کاتەدا ئامادەبوو سەودایەك قبوولْ بکات، ڕایگەیاند کە ئامادەیە بە کۆنترۆڵ کردنی نـەوت لـە بەرامبـەر بـەڕێوەبردنی شـاری کـەرکوك لـە لایـەن کوردەکانەوە، حکومـەتی بەغداش داوای لە کوردەکـان کـرد هـەموو پەیوەنـدیی لەگەڵ بێگانەدا بپچڕن.[1]

پارتی ئەیویسـت درێـژە بـە گفتوگـۆ بـدرێت بـە ڕەچـاو کردنـی بـارودۆخی کوردستان... بەلاّم یەکێتی و هەندێك پارتی تر دژی گفتوگۆ بوون... لـە کۆتـایی حوزەیرانی۱۹۹۱ بەغداد داخوازیـەکانی زیـاد دەکـرد*. بـە ڕادەسـت کردنـەوەی چەکی قورس و ڕاگرتنی ڕادیۆکانی بەرە و بچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکانی بەرە لەگــەڵ بێگانــەدا، ســەدام حسـێن داوای کـــرد ڕێبـــەرانی کـــورد بچـــنە نـــاو حکومـەت...[2]

لە سەرەتای تەموزدا بەرە بەڕەسمی ڕایگەیاند کە هیچ ڕێکەوتنێك لـە دەرەوەی دەقی(دیموکراسی بۆ هەموو عێـراق)جـێ بـەجێ نابێـت، هێزەکـانی حکومــەت کوردو تورکمانەکانیان لە ناوچەکانی ژێردەسەلاّتی حکومەت دەرکرد و جوتیاران و خەڵکی مەدەنی عەرەبیان لە  شوێن نیشتە جێ کردن[3].

لەمانگی ئەیلول و تشرینی یەکەم دا چەند شەڕێك ڕووی دا، یەکەم جـار لـە دەوروبەی کەرکوك پاشان لە سەرەتای تشرینی یەکەم لە دەوروبەری کفری و کەلار و سلێمانی.. سوپای عێراق(۵۰۰۰)کەسی لە دەست دا واتە فرقەیەکی تەواو[4].

سەدام لە کۆتایی تشرینی یەکەم ئابلۆقەی ئابووریی خستە سـەر کوردسـتان و لەمانگی تشرینی دووەمدا پێکداادانی زۆرتر لـە ناوچـەی هـەولێر ڕوویـدا، لـە سەرەتای کانونی دووەم دا نوێنەرانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتیی

بەشی۷، ژمارە۱۵٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٤-٥. ح- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(۱۹۹۱)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەشی۸، ژمارە(۱۵۷)، ۱۲ی شوباتی۲۰۰۸،ل۵.

[1] - دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل۷۷٦.

* - تاریق عەزیز لە گفتۆگۆکەدا بە نوێنەری کوردی گوتبو ڕێکەون ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ ئەمەریکا بکەین ومەیکەن بە دەردەکەی ساڵی۱۹۷٤.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(۱۹۹۱)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەڵقەی ۹،ژمارە(۱۵۸)،۱۳ی شوباتی۲۰۰۸، ل٤.

[2] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل۷۷٦-۷۷۸. ب - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص۲۰۰-۲۰۱.

[3]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل۷۷۹.

[4]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل۷۷۹.

نیشـــتمانیی کوردســـتان لـــە دیمەشـــق لەگـــەڵ نوێنـــەرانی تێکـــڕای حزبـــەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق یەکیان گرت تا بنچینەیەك بۆ دروست کردنی حکومەتێکی عێراقی لە دەرەوە داڕێژن[1].

لە ١٩ی ئایاردا هەڵبژاردنی گشتی کرا کە ڕووداوێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد و بزوتنەوەی دیموکراتی لە عێراق [2] بەڵکو لە ناوچەکە بە دونیـای دەرەوەی نیشان دا کە کۆمەڵێکی ڕۆژهەڵاتی دەتوانێ هەڵبژاردنی فرە حزبی بە ئاشـتیانە بە ئەنجام بگەیەنێ.[3]

ئەنجومەنی نیشتمانی لە(٤ی حوزەیران١٩٩٢)یەکەم کۆبوونەوەی خـۆی کـرد. لە(٥ی تـەمووز)دا حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ڕاگەیـەنرا[4] ئـەویش لـەو ڕووبەرەی کە ئـازاد کرابـوو کـە ڕووبەرەکـەی(٤٢٠٠٠)کیلۆمـەتر دووجـابوو[*]، ئەنجومـەنی نیشـتمانی لـە(١٠٥)کورسـی پێکهـاتبوو کـە(٥)کورسـی بـۆ ئاشوریەکان[5]بوو، لە پڕۆژە دەستووری ساڵی١٩٩٢ دا بڕیاری فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان درا[6].

بەڵام هەر زوو پارتە کوردستانییەکان(چ لە سەر ئاستی کوردستان بێـت یـان ناوخۆ)خۆ بەخۆ کەوتنە شەڕی یەکـدی. لـەکانوونی یەکـەمی سـاڵی١٩٩٣ لـە نێوان بزوتنەوەی ئیسـلامی و یـەکێتیی نیشـتمانی و پاشـان لـە ئایـاری١٩٩٤

---

[1]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨٠.

[2] - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص٢٠٧.

[3]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨٦.

[4] - أ- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص٢١٠.
ب- دیڤید ماکداوێڵ ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧٨.

[*] - ئەم ڕووبەرە پێکهاتبوو لە٢٣ قەزا لە هەرسێ پارێزگای دهۆك و سلێمانی و هەولێرو بەشێك لە پارێزگاکانی مووسڵ وکەرکوك و دیالە:خەسرۆ گۆران، کورد لە پارێزگـای مووسـڵ، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ساڵی٢٠٠٣، ل٢٩و٣٢.

[5]- أ- نـاهض حسـن جـابر الـراوي، مفهـوم السـلطة في فكـر الاحـزاب السياسـية الكرديـة العراقيـة المعاصرة، مصدر سابق، ص٩٨-٩٩.
b-http://www.perleman.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament-History1992

[6] - نوري طالباني، مشروع دستور اقليم كوردستان، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٩٢، ص٧.

لەنێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات شەڕ ڕوویدا... لە ساڵی ١٩٩٥دا کوژراوەکان گەیشتە هەزارەها[١]

پاشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ئیدارەی جیادا لە هەولێرو سلێمانی دابەش لە ساڵی١٩٩٨دا بە ناوبژیوانی کردنی ئەمەریکا ئاگربڕ و ڕێکەوتن لەنێوان هەردوو پارتە سەرەکییە بە شەڕ هاتووەکەی کوردستاندا کرا[*].

درێژە پێدانی جەنگی ناوخۆ و ئابلۆقەی سەختی ئابوری و بێ کاری سەدان هەزار کەسی ڕەوانەی تاراوگە(دەرەوە)کرد، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لە سەر دانیشتوان و ڕامیاری و سەربازی ژێرخانی ئابوری بەجێ هێشت، سەرەڕای ئەوەی نێومالّی خۆیان ڕێکنەخستەوە و خۆیان بۆ ئەگەرە پێشهاتەکان ئامادە نەکرد.

پاشتر و پاش هاوکاری نەکردنی تیمی چەکە کۆکوژەکانی عێراق[**]، عێراق نیگەرانی کۆمەڵگای جیهانی زیاد کرد... پاشان هاوپەیمانان بڕیاریاندا کەهەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان یەك خەن. پاشتر دوو کۆنگرە لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن و سەلاحەدین کرا وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ ڕووخاندنی ڕژێم. لە خالّی٩ی بەیانی ڕامیاری کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا لە لەندەن کە تایبەت بوو بە ناوچە دابڕاوەکان بەم شێوەیەی هاتوە: گەڕانەوەی ئاوارەکان و گێڕانەوەی سامانەکانیان. و گێڕانەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی پێشووی خۆیان و گەڕانەوەی

---

[١] - أ- ناهض حسن جابر الراوي، مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، مصدر سابق، ص٩٩- ١٠١. ب - تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٥٢.

[*] - ڕێکەوتنەکە لە واشنتۆن لە نێوان مەسعود بارزانی سەرۆکی پ.د.ك. و جەلال تالّەبانی سکرتێری گشتی ی.ن.ك. و بە ئامادە بوونی دافید ویلّش جێگری یاردەدەر لە مەکتەبی کاروباری خۆرهەلاّتی دوری وەزارەتی دەرەوە لە(١٧ ئەیلولی١٩٨٨) واژۆکرا... لەسەر چەندین برگە پێکهاتن وەك ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ و پێکهێنانی کارگێڕییەکی ناوەند بە پشت بەستن بە ئەنجامی هەلّبژاردنی ساڵی١٩٩٢ و بە هاوبەشی کۆنترۆڵ کردنی داهاتی گومرگی و کارکردن بۆهەلّبژاردنی نوێ... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، أ- محمد الطاهرمحمد، القضية الكردية و حق تقرير المصير، مصدر سابق، ص٣٢٣-٣٢٦. ب - ناهض حسن جابر الراوي، مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، مصدر سابق، سنة٢٠٠٦، ص٣٤٩-٣٥٦. پاش ئەوەی کە لە ساڵی٢٠٠٥ کابینەی پێنجەمی یەکگرتوی حکومەتی هەرێم دامەزرا بەلاّم تا بەرواری(٦ی نیسانی ٢٠٠٩) وەزارەتەکانی داریی، پێشمەرگە، ناوخۆ هەر یەکیان نەگرتەوە..

[**] - لە تشرینی دووەم جارێکی دیکە ڕژێم نکۆڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بەگەڕانەوەی پشکێنەرانی چەکە کۆکوژەکان بۆ عێراق، کە بە پێی بڕیاری ژمارە(١٢٤٨) ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرابوو: تشارلز تريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٦٧.

## باسی دووەم
## چارەسەرە رامیاری و دەستوورییەکانی
## کێشەی ناوچە دابڕاوەکان پاش ساڵی ۲۰۰۳

لەم باسە دا باس لە فەرمان ڕەواییە جیاوازەکانی پاش ڕوو خاندنی ڕژێمی بەعس دەکەین، هەروەها تیشك دەخەینە سەر ئەجەندا و کارنامەی حکومەتەکانیانو ئەو هەنگاوانەی کەناویانە بۆ لابردنی ئەو ستەمەی کە لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کراوە، هەروەها باس لە سەرجەم ڕێگە چارەکان دەکەین چ ڕامیاری بێت یان دەستوری لە چارەسەری ئەم پرسە، هەروەها باس لە هەندێك ماددەی دەستوری تایبەت دەکەین بەم بوارە، چ دەستوری کاتی بێت(یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە)یان دەستوری هەمیشەیی وەك مادەی(٥٨)ی دەستوری کاتی و مادەی(١٤٠)دەستوری هەمیشەیی...جگە لەوەی باس لە چۆنیەتی دروست کردنی لیژنەی تایبەت بەم بوارە دەکەین لەلایەن حکومەتە عێراقییەکان، بەتایبەتی لە سەردەمی نوری مالکی کە بە پێ ی دەستوری کاتی بەرپرس کرابوو لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەتەواوی، هەروەها تیشك دەخەینە سەر کاری لیژنەی مادەی(١٤٠)و هەڵوێستی هەندێك لایەنی ڕامیاری عێراقی و کوردستانی لە سەر ئەم بابەتە. بۆ زیاتر تێگەیشتنی چارەسەری ناوچە دابڕاوەکان لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، باشترە ئەم قۆناغە دابەش بکەین بۆ چەند ماوەیەکی جیاواز، کە ئەوانیش:-

**١- سەرەتای پرۆسەی ڕزگاریی عێراق(ماوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان)- پێکهێنانی حکومەتی دکتۆرئەیاد عەللاوی .**

**٢- ماوەی حکومەتی دکتۆر ئەیاد عەللاوی - پێکهێنانی حکومەتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری.**

**١- ماوەی حکومەتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری- پێکهێنانی حکومەتی نوری مالکی.**

**٢- ماوەی حکومەتی نوری مالکی - ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.**

**١- سەرەتای پرۆسەی ڕزگاریی عێراق - سەرەتای حکومەتی دکتۆر ئەیاد عەللاوی:-**

**پاش ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی مل کەچ نەبوو بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و هاوکاری کردنی لیژنەی پشکێنەرانی چەکە کۆکوژەکان، بە پێی بڕیاری(١٤٤١)ی ئەنجومەنی ئاسایش لەمەڕ هاریکاری نەکردنی عێراق بۆ لیژنەی پشکێنەران و پێشێلکاری کردنی بڕیارە نێودەڵەتییەکان، پێویست بوو سەدام حسێن* ڕوو بە ڕووی سەرئەنجامێکی خراپ ببێتەوە، پاش ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا مۆڵەتی شەش هەفتەیان دا بە سەدام بۆ**

* - سەدام ناوی تەواوی (سەدام حسێن ئەلمەجید)ە لە خێزانێکی هەژار لە بەرواری(٢٨ ی ئەپرلی١٩٣٧) لە گوندی عوجەی هەشت کیلۆمەتری خواروی تکریت لە دایك بوە، بەکەمێك پێش یان پاش لە دایك بونی سەدام باوکی سەری هەڵدەگرێت و بەجێیان دەهێڵێت، دایکیشی(صبحە طلفاح المصلات)خەریکی فاڵ گرتنەوە بووە(مستبصرة) پاشان شووی کردۆتەوە بە پیاوێك بەناوی حەسەن ئیبراهیم، مانای صدام بە سکون لە سەر پیتی(د)بەمانای شەڕانی یان شەڕەنگێز دێت، بۆ درێژەدان بە ژیانی لە ساڵی١٩٤٧ دەچێتە ماڵی خاڵی(خەیروڵڵا تلفاح)، لە بەر ڕووتەنی و هەژاری خاکەکەی عوجە، بە پەناگە بۆ چەتەو جەردە و ڕێگرو دز ناوی دەرکردبوو(الدوبا). سەدام بەمنداڵی لەسەرکاری دزی کردن لە بەندیخانەی منداڵاندا گیراوە، تا ناوەندی خوێندوە لە ساڵی١٩٥٧دا پەیوەندی کردووە بە پارتی بەعسەوە، لە کودەتای ساڵی١٩٦٨ دا کراوە بە بریکاری ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمار، لە ساڵی١٩٧٤ دالە ڕێکەوتنی١١ ی ئازار پەشیمان بووەوە، لەساڵی١٩٧٩دا دەبێت بە سەرۆك کۆمار... ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەبوو لە جینۆسایدو مەینەتییەکانی گەلی عێراق..، لە بەرواری(٣٠کانونی یەکەمی٢٠٠٦)لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە کێشەی کوشتنی(١٤٨)کەسی دانیشتوی شارۆچکەی دوجێل لە سێدارە درا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژیانی سەدام بڕوانە: محمد حسین علي المعاضیدي، تاوانی سەردەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥-١٨٠.

ئـەوەی کـە قەیرانەکـە بـە شـێوەیەکی دیبلۆماسـی چارەسـەر بکرێـت، بـەڵام ئەنجامێکی نەبوو[١]، سەرئەنجام هاوپـەیمانان لـە بەرەبـەیانی(٢٠ ئـازاری٢٠٠٣) هێرشی زەمینی و ئاسمانییان کردە سەر ڕژێمی بەغداو لـە(٩نیسـانی٢٠٠٣)بـە داگیرکردنی بەغدا (ڕووخاندنی پەیکەری سەدام لە گۆڕەپانی فـیردەوس)کۆتـایی بەتەمەنی٣٥ ساڵەی فەرمان ڕەوایی دیکتاتۆریی بەعس هێنرا.

پاش ئەوەی هێزی هاوپەیمانان و بە هاوکاری هێـزی پێشـمەرگە لـە ڕۆژی(٩ی نیسان) کۆتاییان بـە سـەردەمی دیکتـاتۆری ڕژێمـی بـەعس هێنـا دەسـەڵاتی کوردیش گەیشتەوە ئەو پەڕی سنووری باشوورو وباشووری خۆرئاوای هـەرێم، بـە درێژایی خەباتی چەکداری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بۆ یەکەمین جار سەرجەم ڕووبەری هەرێمی کوردستان ئازاد کـرا. واتـە لـەم ماوەیـەدا(سـەرەتای پرۆسە)ڕووبەرێك نەبوو بە ناوی ناوچە دابڕاوەکـان.. ئەگـەر چـی لـە فـۆڕمێکی فەرمیدا نەبوو؟!

لـەم بارودۆخـەدا ڕێگـا بۆهەنـدێك لـە دانیشـتوانە ڕاگـوێزراوو دەرکـراوو دوورخراوەکان والآبوو بۆ ئەوەی بێ ترس بتوانن بچنەوە سەر زێدی بـاوو بـاپیرانی خۆیان کەلە مێژ بوو لە لایەن ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە دەستی بـە سەردا گیرابو و دابەش کرابـوو بەسـەر عەرەبـە هاوردەکانـدا، هەنـدێکیش لـەم ئاوارانە ئەوەندە پەرۆش بوون بۆ گەڕانەوە بۆ سەرخاکی زەوت کراویـان، سـەرەڕای ئەوەی هەندێکیشیان نشینگەکانیان یان مـاڵی عـەرەبی هـاوردەی تیـابوو یـان ڕووخێنرابوو، ناچار لە شوێنە گشتییەکاندا نیشتەجێ دەبوون، یان ناچار دەبـوون کە لە ژێرخێمە یان خانۆچکەیەکی بچووکدا بژین کە خۆیان دروستیان دەکـرد... حکومەتی هـەرێمیش پـە پێـدانی قـەرەبوو(بڕێـك پـارە)هـانی هەنـدێك؟! لـە ئاوارەکانی دا بۆ گەڕانەوەو گواستنەوەی کۆبوونی خۆراکیان.

لەئەنجامی ئەو بۆشاییە کە لەبوارەکانی ئاسـایش و کـارگێڕی و ڕامیـاری و سەربازی و سەروەرێتی لە عێراقدا دروست بووبوو، دەسەڵاتی هاوپەیمانان فەرمان ڕەوایەکی کاتیی سەربازی بۆ عێراق دانا ئەویش (جەنەڕاڵ جەی گارنەر)بوو* کـە

---

[١] - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، واشنتۆن و لەندەن مۆڵەتی شەش هەفتە دەدەن بەبەغدا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٢٩٨٠)، ٣ی شوباتی٢٠٠٣، ل١و١١.

* - جەی گارنەر: جەی مونتگامری گارنەر لە( ١٥ی نیسانی١٩٣٨)لـە دایـك بـووە، جەنـەڕاڵێکی خانەنشین بوو، سەرۆکی بەگری ستراتیجی و بۆشایی ئاسمان و هێزی پیادە بووە... لە پاش ساڵی١٩٩١

**لە(٢١ ی نیسان -٦ی ئایاری٢٠٠٣)دا دەسەلأتی سەرۆکی کارگێڕیی سیڤیلی کاتی لە عێراق گرتە دەست... سەرکردایەتی کوردی بۆ بە یاسایی کردنی گەڕانەوەکان لە کۆبونەوەکانیان لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا لەم پرسە دوواون و ڕێکەوتنیان ئەنجام داوە بۆ نموونە هەرمانگێك پاش ڕووخانی ڕژێم: وەفدی بەدواداچوونی ڕاستییەکان کە پێکهاتبون لە بالێۆزو دیبلوماتی ئەمەریکای ناسراو بە(بیل ئیکتن)و ئەندامێتی(جۆزیف کوگاسیان)و(ستانیس پۆلاك)لە هەولێر لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کۆبونەوەیەکیان ساز کردو دواتریش لە سلێمانی چاویان بە کۆسرەت ڕەسول علی کەوت و لەگەڵ هەردوو لادا گەیشتنە شێوازێکی لێك تێگەیشتن... بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان [*] .**

**أ- ماوەی فەرمان ڕەوایی پۆڵ بریمەر (٦ی ئایاری٢٠٠٣ - ٢٨حوزەیرانی ٢٠٠٤):-**

**نزیکەی مانگێك بەسەر ئازادکردنی عێراق دا تێ پەڕیبوو کە پۆڵ بریمەر بوو بە فەرمان ڕەوای کاتیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق‌و شوێنی جەی گارنەری**

---

**وەك بەرپرسی سستمی ڕۆکێتی پاتریۆتی دژە موشەك دیاری کرا لە جەنگی کەنداوی دووەم و پاشان دەست نیشان کرا بۆ بەدوادا چوون و پاراستنی پەنابەرە کوردەکان(ئاوارەکان)بۆ باکووری عێراق، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق جەی گارنەر وەك سەرپەرشتیاری نوسینگەی یارمەتی مرۆیی و دووبارە بنیات نانەوەی عێراق لە ماوەی(٦ ئەپرل -١٢مارسی ٢٠٠٣)دەست بە کاربوو... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

a_http://ar.wikipedia.org/wiki

http://www.marefa.org/index.phpb_⁄ **جي_غارنر**

c_http://ar.wikipedia.org/wiki⁄**سلطة_الائتلاف_المؤقتة**

**[*] - ئاژانسەکان، لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوك کوردو ئەمەریکیەکان ڕێکدەکەون ڕۆژنامەی هاولأتی، ژمارە(١٢٣)، ١٤ی مایسی٢٠٠٣، ل ١. هەروەها بە پێی بڕیارێکی هێزەکانی هاوپەیمانان کە لە لایەن کاپتن(کۆندالیزە)وە لە(٢٨ی تەموزی٢٠٠٣)دەرچوە داوا لە قایمقامی قەزای دوز دەکات کە لە ماوەی(٥) ڕۆژدا(٤٥٠)خێزانی عەرەب کە کۆن ڕژێم لەو ناوچانەدا نیشتەجێ ی کردون بگوازرێنەوە بۆ باشووری عێراق، بەپێی ئەم بڕیارە دەبێت هەریەك لە گوندەکانی(قوشابە، مەرعی، قوتان چەخماخە)لە لایەن سەرۆك عەشیرەتەکانی بەتیری(کازم نەهاتی)کە عەشیرەتەکە خاوەنی(٤٥٠)خێزانە چۆڵ بکرێت بدرێتەوە دەستی کوردەکان، ئەم عەشیرەتانە لە ساڵی١٩٧٤ هێنراونەتە ئەم ناوچانە و ڕووبەری ئەو زەویانەی کەتیایاندا نیشتەجێن(٣٠٧٠)دۆنمە. هادی مستەفا قائمقامی دوبز دەڵێت"ئەم زەویانە موڵکی کوردن و تاپۆی عوسمانیان هەیە هەندێکیش موڵکی تورکمانە". بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پ.کەرکوك،٤٥٠خێزانی عەرەب لە دبس دەردەکرێن، ڕۆژنامەی هاولأتی، ژمارە(١٤٨)، ٥تشرینی دووەمی٢٠٠٣، ل١.**

گرتەوە، بریمەر دەسەلاتی ڕەهای هەبوو لە عێراق دا، چەند یاسایەکی دەرکرد کە تایبەت بوون بە هەڵوەشاندەوەی هێزی بەرگریی عێـراق کەنزیکـەی(٥٠٠٠٠٠) سەربازی هەبوو، سەرەڕای دەرکردنی بڕیارەکانی ژمارە(١٧و ٣٩و٤٠ و ٤٩..) کە تایبەت بوون بە بوارەکانی وەبەرهێنان و لابردنی کۆت و بەند لە سەر کۆمپانیـا بیانییەکان و ڕێ دان بە کۆمپانیا بیانییەکان بـۆ خاوەنـداری کردنـی کۆمپانیـا عێراقییەکان و دابەزاندنی باج لە سەرکۆمپانیاکان بە ڕێژەی(١٥٪-٤٠٪).*

پاشان لە سەر فەرمانی پـۆل برایمـەر ئەنجومـەنی فـەرمان ڕەوا**لـە عێـراق دروست کرا کەلە(١٣ی تەموزی ٢٠٠٣ — ١ی حوزەیرانی٢٠٠٤)بـەردەوام بـوو، پاشتر ئەنجومەنی ئاسایش بـە بڕیـاری(١٥١١)دانـی بـە(ڕەوا) شـەرعی بـوونی ئەنجومەنی حوکم دانا[١]و کۆمکاری عەرەبیش لەحوزەیرانی٢٠٠٤دا بـە نوێنـەری ڕاستەقینەی عێراقییەکانی ناساند لە بەر ئەوەی[٢]، ئامانجی سەرەکی لە دروسـت کردنی ئەنجومەن زەمینە خۆش کردن بوو بۆ نوسینەوەی دەستووری کاتی عێراق، سەرەڕای ئەوەی لەماوەی دەسەلاتی ئەنجومـەنی فـەرمان ڕەوا دا چـەند بڕیارێـك

---

* - برایمەر:بول برایمەرلە ساڵی١٩٤١ لە دایك بووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەری زانکۆی هارڤاردە لە بواری کارگێری کار، لەساڵی١٩٦٦دا چۆتە بواری ڕامیاریەوە، لە١٩٧٦-١٩٧٩جێگـری بـاڵیۆزو پاشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە ئۆسلۆ... پاش٢٣ساڵ لە کاری دبلۆماسی، چوە کۆمپانیای کیسنجر ئەسۆشەیتس... لە(٦ی ئایار)بۆش بە سەرۆکی کارگێڕی سیڤیل دای مەزراند بۆ ئـاوەدان کردنـەوەی عێراق... کتێبێکی نوسی بەناوی(My year in iraq). بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

a_http://www.aljazeeratalk.net/forum/archive/index.php/t-7397.html

b_http://www.marefa.org/index.php/ بول _بريمر

** - ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا: بریتییە لەو ئەنجومەنەی کە لە(٢٥)کەسایەتی عێراقی لە نەتـەوە و ئاینزای جیاجیا پێکهاتبوو، لە(١٣)شیعی و(٥)عەرەبی سونی و(٥)کـوردی سـونی و(١)مەسـیحی و(١)تورکمان پێك هاتبون، یەکەم کۆبونەوەی لە(١٣ تـەموزی ٢٠٠٣)ئەنجامـدا ،(١٢)کەسـایەتی دیاری عێراق لە نەتەوەو ئاین زای جیاجیا نزیکەی ساڵێك فـەرمان ڕەوایـی عێراقیـان کـرد، چـەند بڕیارێك درا لەم ماوەیەدا وەك بڕیاردان لە سـەر ڕێکـەوتنی(١٥ی تشـرینی دووەمـی٢٠٠٣)لەگـەڵ لایەنی ئەمەریکی بۆ دیاری کردنی ماوەیەکی دیاری کراو بۆ گەڕاندنەوەی دەسەلات بۆ عێراقییەکان ونوسینەوەی دەستووری کاتی(یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوە)دا بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوی کەسایەتیەکان و ماوەی فەرمان ڕەواییان بڕوانە:

a_http://www.aljazeera.net/NR/exeres/B398998FEAEF4ba3-ac31e3f12205a9c3.htm

b_http://ar.wikipedia.org/wiki

٦١٧_http://aawsat.com/leader.asp?section= 3& issueno=93728&articl=246779

618_http://ar.wikipedia.org/wiki سەرچاوەی پێشوو

دەرکران وەك یاسای ڕیشەکێش کردنی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی و دانانی دەستور و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران، لێرە بەدواوە بارودۆخی ئاسایشی عێراق بەخێرایی هەنگاوی نا بەرەو هەڵدێر، گروپە تیرۆرستییەکان(ڕێکخراوی جۆربەجۆر)و بەعسیەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان گێڕا لە خراپ بوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراق بەتایبە لە مانگی ئابی٢٠٠٣ چەندین کاری تیرۆرستی ئەنجام درا..بۆ نموونە لە(١٩ی ئابی٢٠٠٣ سیرجیۆ دیمیلۆی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان تیرۆرکرا...)

ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا دەری کردن لە ماوەی[*] دەسەلاتەکەیدا کە کوردستان و ناوچە تازە ئازادکراوەکان و دانیشتوانەکەی وەك سەرجەم عێراقییەکانی دی سوودمەند دەبون لێی(٤)بڕیار بوو کە بریتی بوون لە[١]:

بڕیاری ژمارە(٥٠)لە ڕێکەوتی(٢٩ی ئەیلولی٢٠٠٣): -

(پوچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و ڕێنمایی و فەرمانانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش و لایەنە فەرمییە عێراقییەکانی دیکەوە دەرچوون بەمەبەستی گۆڕینی ڕەوشی دیموگرافی و باری سیاسی لە عێراق).

---

[*] - لە(٧ی ئاب)دا ئۆتۆمبێلێکی بە مین چێنراو لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەردەن تەقیەوە، لە١٩ی ئاب ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان تەقیەوە، لە٢٩ی ئاب لەبەردەم مزگەوتی ئیمامی عەلی دا تەقینەوەیەکی تر ڕووی دا... هەر بەم بۆنەیەوە لەکۆبونەوەی دانیشتنی(٤٨٤٤)ی(١٦ تشرینی یەکەم )،بڕیاری(١٥١١)ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو سەرەڕای دەبڕینی پرسەو سەرخۆشی لە عێراقییەکان، نەتەوەیەکگرتووەکان داوای یەك پارچەیی خاکی عێراق و داوای پاراستی یاسایشی بۆ عێراقییەکان دەکرد بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.daccessdds.un.org/doc/UNDOC/GEN/No3/563/89/pdf/no356389.pdf?openelement.

[١] - لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ مەڵبەندی(٢)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ، جێ بە جێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، لە بلاوکراوەکانی لیژنەی هاوبەشی ماددەی(١٤٠) مەڵبەندی(٢)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبێ ساڵی چاپ، ل١١-١٢.

**بڕیاری ژمارە(٥١)لە ڕێکەوتی(٢٩ی ئازاری ٢٠٠٣): -**

**(گێڕانەوەی هەموو دەرکراوە سیاسییەکان و ئەوانەی بەزۆر لە کارو فەرمان لابراون(تەنها بە هۆکاری سیاسی)و گێڕانەوەی دەست بە جێیان بۆ سەرکارو فەرمانەکانیان، لەگەڵ ئەژمارکردنی ماوەی دەرکردنەکانیان بەمەبەستی خزمەت و خانەنشینی و بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە دواتر لە لایەن ئەنجومەنی حوکمەوە دەردەچێت).**

**بڕیاری ژمارە(١١٧)لە ڕێکەوتی(٢٩ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٣): -**

**(١- پووچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو بڕیارو ڕێنمایی و فەرمانانەی کەبونەتە هۆکاری سەندنەوەی ناسنامە یان پوچەڵ کردنەوەی ناسنامەی عێراقییەکان لەساڵی ١٩٥٨ەوە.**

**٢- هەموو ئەو کەسانەی کە ناسنامەیان سڕاوەتەوە یاخود لێیان سەندراوەتەوە بەعێراقی دەژمێردرێن و هەموو مافە یاساییەکانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە بە پێی ئەم ناسنامەیە کە پێشتر بۆ عێراقییەکانی دابین کردبوو).**

**بڕیاری ژمارە(٥)لە ڕێکەوتی(١٣ی کانونی دووەمی٢٠٠٤):-**

**(پەسەند کردنی یاسای پێکهێنانی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی وخانووبەرە).**

**پاشان هەرلە سەردەمی ئەم ئەنجومەنەدا پرۆژە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە داڕێژرا (دەستووری کاتی)[*] ، بەگشتی لە ئەم پرۆژە یاسایەدا**

---

[*] - یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی لە قۆناغی گواستنەوە: ئەم دەستورە لە(٦٢)مادە پێکهاتبوو، بۆ ماوەی گواستنەوە کاری پێ ئەکرا،(٣٠ تەموزی ساڵی٢٠٠٤ - ٣١ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥)واتە تا ئەو کاتەی کە حکومەتێکی هەڵبژێردراو پێك ئەهێنرا بە پێی دەستووری هەمیشەیی. ماوەی گواستنەوەش لە دوو قۆناغ پێکدێت: قۆناغی یەکەم بە پێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی کاتی خاوەن سەروەریەکی تەواو دەست پێ دەکات کە لە ڕۆژی٣٠ مانگی حوزەیرانی٢٠٠٤ دەسەلاَت دەگرێتە دەست... قۆناغی دووەم: دوای پێکهێنانی حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراقی دەست پێدەکات لە پاش هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وەك لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا هاتوە بەو مەرجەی ئەو هەڵبژاردنە لە ڕۆژی(٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤)یان ئەو پەڕی لە ڕۆژی(٣١ی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥)تێپەڕ نەکات کە ئەم قۆناغە بە دروست کردنی حکومەتێکی عێراقی بە پێی دەستووری هەمیشەیی کۆتایی دێت. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە بەندی دووەمی یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا.

کۆمەڵێك دەستکەوتی ڕامیاری دەستووری بۆ عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی تێدابوو، لەمادەی٣ داهاتوە کە ئەم یاسایە بالاترین یاسایە لە عێراق دا و دەبێت سەرجەم عێراق پابەندی بێت، هەروەها لە مادەی(٤)دا هاتووەکە سیستمی فەرمان ڕەوایی لە عێراقدا بریتییە لە سیستمی، کۆماری فیدراڵی، دیموکراتی، فرەیی، دابەشی دەسەلاتەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانی و کارگێڕییە خۆجێیەکاندا دەبێت، و سیستمە فیدراڵییەکەش لە سەر بنەمای ڕاستییە جیۆگرافی ومێژووییەکان دەبێت نەك لە سەر جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لە سەربنەمای بنەچە و نەژادو ڕەگەز و نەتەوە یان ئاین، هەروەها لە مادەی(٦)دا هاتوە کە حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کار دەکات بۆ کۆتایی پێهێنانی هەموو کارە سەرکوت کەرەکانی ڕژێمی پێشوو وەك ئاوارەکردن و لێ سەندنەوەی ناسنامە لە بەر هۆکاری ڕامیاری یان ڕەگەز یان هۆز. هەروەها لەمادەی ٩دا زمانی کوردی بەزمانی فەرمی لە عێراقدا ناسراوەو لە سەرجەم بوارەکاندا وەك وەقائعی عێراقی و بلاۆکراوەکان و ئاخاوتن و خوێندن و دراو... هەروەها لە بەشی دوو لە مافە بنەڕەتیەکاندا کە ١٣مادە لە خۆدەگرێت تاکی کوردیش وەك هەر تاکێکی تری عێراق لە سەرجەم ئەرك و مافەکان یەکسانە، جگە لەوەی لە مادەی(١١)دا لە بڕگەی(ه)دا یاسای(٦٦٦)ی ساڵی(١٩٨٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەڵوەشێنرایەوە کە، بڕیار درا هەرکەسێك ڕەگەزنامەی عێراقی لێ وەرگیرابێتەوە بەعێراقی هەژمار دەکرێت...

هەروەها لەبەشی هەشتەم دا کە تایبەتە بە هەرێم و پارێزگاو شارەوانی و دامەزراوە ناوچەییەکان لەمادەی(٥٢)دا هاتووەکە شێوەی سستمی فیدراڵی لە عێراق بە جۆرێك دادەڕێژرێت کە قۆرخ کردنی دەسەلات لە حکومەتی ناوەندی قەدەغە دەکات، ئەم سستمە دەسەلات بە لێپرسراوە لۆکالەکانی هەر هەرێمێك یان پارێزگایەك دەبەخشێ، عێراقێکی یەکگرتووی وەهاش دەڕەخسێنی کە هاوولاتی بە شێوەیەکی کارا لە کاروباری حوکمدا بەشداری بکاتو مافەکانیشی بۆ دابین دەکات و لە دەست بەسەریش ئازادی دەکات.

هەروەها لەمادەی(٥٣)دا لە خاڵی(أ)دا دان بە حکومەتی هەرێمدا دەنێت وەك حکومەتێکی فەرمی لەو ناوچانەی کە تا(١٩ی مارسی٢٠٠٣)بەڕێوەی دەبرد، کە لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی و کەرکوك و دیالە

**ونەینەوا، ناوی(حکومەتی هەرێمی کوردستان)کە لەم یاسایەدا هاتووە واتا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا. خشتەی ژمارە(٣٩)، نەخشەی ژمارە(٢٧).**

**هەروەها لە مادەی(٥٤)دا لە بڕگەی(أ)دا هاتووە: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵسوڕاندنی ئیش و کارەکانی ئێستای خۆیدا بەردەوام دەبێت بە درێژایی قۆناغی گواستنەوە، تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی خودی حکومەتی فیدراڵەوە، وەك دەقیش لەم یاسایەدا هاتووە، ئەم ئەرك و فەرمانانەش لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت تا بە پێی جۆری هەڵسوڕاندنی کار و بەپێی بڕگەی پێنجەمی بەندی بیست و پێنجەم. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بالاّیی هەرێمایەتی خۆی بە سەر ئاسایشی و ناخۆو هێزی پۆلیس دا بەدەستەوە دەمێنێت و مافی دەبێ باج ومز(الضرائب والرسوم)لە ناو هەرێمی کوردستاندا بسێنێ.**

**ب- دەربارەی بەکارخستنی یاسا فیدراڵیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆی هەیە بەکارخستنی هەر یاسایەك لەو یاسایانە لە ناوچەی کوردستاندا هەموار بکات، بەلاّم ئەمە تەنها ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەقی بڕگەی شەشەمی بەندی بیست و پێنجەمدا و دەقی بڕگەی بەندی چل و سێیەمی ئەم یاسایەدا نەهاتوون کەدەکەونە چوار چێوەی تەنها ئەرکی خۆبەخۆی حکومەتی فیدراڵەوە.**

**هەروەها لەمادەی ٥٨ دا هاتوە: (أ)حکومەتی گواستنەوەی عێراق بەتایبەتیش کۆمسیۆنی بالاّی چارەسەرکردنی ناکۆکی موڵکداری خانوبەرە(الملكية العقارية)و لایەنی دیکەی پەیوەندی دار زۆر بە پەلە هەنگاو دەنێن بۆ لابردنی ئەو ستەمەی* لە ڕەفتارەکانی ڕژێمی پێشوو هاتونەتە گۆڕێ**

---

*** - حکومەتە عێراقییەکان تاوان گەلێکی نامرۆڤانەیان بەرامبەر بە سەرجەم گەلی کورد بەتایبەتی بە دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان ئەنجام داوە، بۆ نموونە تەنها لە پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی دا(٣٦٣٣٠٧)عەرەب هێنراونەتە کەرکوك، جگە لەوەی کە(٨٠)هەزار کورد و تورکمان ناچار کراون تا باری نەتەوایەتی خۆیان بە عەرەب تۆمار بکەن، جگە لەوە کە(١٢٠٣١٦٤)دۆنم زەوییان داگیرکردووە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەمڕۆ دادگاییکردنی (پاکتاوی ڕەگەزی)دەست پێ دەکات و(٩)تۆمەت بار دەبرێنە دادگا، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٤٧)، ٨نیسانی٢٠٠٩، ل١.**

که له گۆڕینی بارودۆخی دانیشتوانی ناوچه گەلێکی دیاری کراو بـۆ نموونـه وەك کەرکوك خۆی دەنوێنێ بە ڕاگواسـتن و دوورخسـتنەوەی خـەڵك لـە جێگانشـینی خۆیان، هەروەها بە هۆی کۆچ پێکردنی زۆرە ملێ لە ناوەوە و دەرەوەی ناوچەکەدا، پاشان نیشتەجێ کردنی خەڵکانی نامۆ بە ناوچەکە و بێبەش کردنی دانیشتوانی لە مافی کارکردن و تصحیح قومیە. بۆ چارەسەر کردنی ئـەو سـتەمە، پێویسـتە لەسەر حکومەتی گواستراوە کە ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر:

١- ئەوەی کەتایبەتە بە نیشـتەجێبووەکانو ڕاگواسـتراوەکان و دەرکراوەکـان و کۆچ پێکراوەکان و کۆچ کردووەکان بۆ ئەوەی کە لەگەڵ یاسای کۆمسیۆنی بـاڵای چارەسەرکردنی ناکۆکی موڵکداریێتی خانووبەرەشدا بگونجێ، هەروەها لەگەڵ جێ بـەجێ کردنـی یاسـایی دیکەشـدا بگـونجێ، پێویسـت دەکـات کـە حکومـەت لەماوەیەکی گونجـاودا دانیشـتوانە ڕاگوێزراوەکـان بگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەرماڵ و موڵکی خۆیان خۆ ئەگەر ئەوەش نەگونجا و نەکرا ئەوە لـەو بـارەدا پێویسـتە لـە سەر حکومەت بە شێوەیەکی ڕەوایانە قەرەبوویان بۆ بکاتەوە.

٢- سەبارەت بەو کەسانەی کە گواسـتراونەتەوە بـۆ ناوچـەو زەویـەکی دیـاری کراو، لە سەر حکومەت پێویستە بە پێی مادەی١٠ی یاسای کۆمسـیۆنی بـاڵای چارە سەری ناکۆکیەکانی مـوڵکداری خانوو بەرە، بۆ دەسـتەبەرکردنی نیشـتەجێ کردنەوەیان جارێکی دیکـە، یـان دەسـتەبەرکردنیان بـە پێـدانی قەرەبوویـەکی دادپەروەرانە لەلایەن دەوڵەتەوە، یان پێدانی زەوی نوێ لەلایەن دەوڵەتەوە لەنزیك شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەو پارێزگایەوە کە لێوەی هاتون قەرەبووی تێچـوونی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە بۆ بکاتەوە.

٣- بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بێ بەش بوون لە دامەزراندن، یا لە هـەلی گوزەرانی تر، ئەویش بە مەبەستی ناچارکردنیان بۆ کۆچ لـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیان لەو هەرێم و زەویانە(ناوچانە)، لەسەر حکومـەت پێویسـتە کـە کـاری نوێیان بۆ فەراهەم بکات لەو هەرێم و زەویانە(ناوچانە).

٤- بەڵام ئەوانەی کە(تصحيح القومية)یـان بـۆ کـراوە لـە سـەر حکومـەت پێویستە بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بڕیارەکانی تایبەت پێـی، ڕێگـەش بـدات بەو کەسانەی زەرەرمەند بوون، مافی ئەوەیان هەبێت لە دیاری کردنی ناسـنامەی نیشتمانیان و مەیلی نەژادی بە بێ هیچ زۆرو فشارێك.

ب- ڕژێمی پێشوو دەستکاریی سنووری کارگێڕیی کردووە هتد... بەمەبەستی هاتنەدی ئامانجە ڕامیاریەکانی. لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی گواستراوەی عێراق پێویستە کە ڕاسپاردە پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی بکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکاریە نا دادپەروەرانەیە. لە کاتێکدا ئەگەر سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ نەیان توانی لەسەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە ڕێك بکەون، لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستە بەکۆی دەنگ هەستێت بە دیاری کردنی دادوەرێکی بێلایەن بەمەبەستی توێژینەوە لە بابەتەکەو پێشکەش کردنی پێشنیارەکان. لە کاتێکدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەیانتوانی لە سەر دادوەرێك ڕێك بکەون، لەسەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێویستە کە داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ دیاری کردنی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی ناسراو بۆ هەڵسان بەو دادوەری کردنە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(٢٧).

### خشتەی ژمارە(٣٩)

### ڕووبەرو ڕێژەی ناوچە ئازاد کراوەکان ساڵی١٩٩١ و ٢٠٠٣ و ناوچە دابڕاوەکان بە پێی ئەو چارەسەرەی کە لە مادەی(٥٨)ی یاسای بەڕێوە بردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، دەستنیشان کراوە

| ناوچە ئازاد کراوەکان لە ساڵی ١٩٩١ | | ناوچە ئازاد کراوەکان لە ساڵی ٢٠٠٣ | | ناوچە دابڕاوەکان پاش ئاسایی کردنەوە(دانیشتوان، سنوری کارگێڕی...) بۆ پێش ساڵی١٩٦٨ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر(کم٢) | ڕێژە لە چاو سەرجەمی خاکی هەرێم(%) | ڕووبەر(کم٢) | ڕێژە لە چاو سەرجەمی خاکی هەرێم دا(%) | ڕووبەربۆ پێش ساڵی ١٩٦٨ بە کم٢ | ڕێژە لە چاو ڕووبەری هەرێمی کوردستان دا (%) |
| ٤٢٠٠[1] | ٥٠,١ | ٤١٨٢٧ | ٤٩,٩ | ٥٢٧٩٤[*] | ٦٢,٩٨ |

[1] - خسرۆ گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.
[*]- بۆ زانینی چۆنیەتی دەرهێنانی ئەو ڕێژەیە بگەڕێرەوە بۆ، ل٣٢.

**ج - چارەسەری کۆتایی ئەو زەوییانەی کەناکۆکییان لەسەرە دوادەخرێت، بە کەرکوکیشەوە، تا جێ بە جێ بوونی ئەو ڕێ و شوێنانەی سەرەوە و ئەنجام دانی ئامارکردنی دانیشتوان بە شێوەیەکی دادوەرانە و ڕەوا، تا ڕۆژی پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی. پێویستە ئەم چارەسەرە بە شێوەیەك بێت لەگەڵ پرنسیپەکانی دادوەرێتی بگونجێت، پێویستە ویستی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەهەند وەربگیرێت.**

**هەروەها لەبەشی نۆیەم دا کە پەیوەستە بە قۆناغی پاش گواستنەوە لە مادەی(٥٩)دا هاتووە: دەستووری هەمیشەیی دەستەبەری ئەوە دەبێت کە جارێکی تر هێزی چەکداری عێراقی ترساندن و تۆقاندی یان سەرکوت کردن ناگرێتە بەر.**

**هەروەها لەبەشی دووەم دا، کە تایبەت بوو بە دامەزراوەکانی حکومەتی کاتی عێراقی و دەسەڵاتەکانی، پاشکۆی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا، حکومەتی کاتی پەیوەست کراوە بە جێ بەجێ کردنی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا.***

**٢ - ماوەی حکومەتی دکتۆر ئەیاد عەللاوی[١] (٢٨ی حوزەیرانی٢٠٠٤** - ٦ی نیسانی٢٠٠٥)[٢]**

---

* - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پاشکۆی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەو بەشەکانی بڕوانە:

http://www.cpa-iraq.org/arabic/government/TAL_Annex-arabic.htm

١ - دکتۆرئەیاد عەللاوی لە ساڵی١٩٤٥ لە بەغداد لە بنەماڵەیەکی شیعە لە دایك بووە، لەساڵی١٩٧٩ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە، لەساڵی١٩٥٨لە ڕێکخستنی حزبی بەعسی هەڵوەشاو بووە، لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ویفاقی نیشتمانیە، لە(١تشرینی دووەم - ٣٠ تشرینی دووەمی٢٠٠٣) ئەندامی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووە، یەکەم سەرۆك وەزیرانی عێراقە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، لەماوەی دەسەڵاتیدا توانی(٨٠٪)ی قەرزەکانی سەرعێراق بسڕێتەوە، هێزی پۆلیس و سەربازی دامەزراند، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کارو چالاکییەکانی لە ماوەی فەرمان ڕەوایەتیدا بڕوانە: ایاد_علاوی/ a_http://ar.wikipedia.org/wiki

b_ http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_3758000/3758823.stm

c_http://ar.wikipedia.org/wiki

** - سەروەری گەڕێندرایەوە بۆ عێراقییەکان.

سەرچاوەی پێشوو, ایاد_علاوی622_http://ar.wikipedia.org/wiki

## نەخشەی ژمارە(٢٧)

## نەخشەی گۆڕانکارییەکانی پارێزگای کەرکوك
## لە نێوان ساڵانی(١٩٣٦-٢٠٠٠)*

### ساڵی ١٩٣٦






### ساڵی ١٩٤٧

* - أ- محمد احسان، وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئازاری ٢٠٠٨، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە ، بیَ ژمارەی ل. ب- رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستور جمهورية العراق، غير منشور، بدون سنة الطبع ، ص١٣-١٦.ت- بە بیَ ناونیشان، بەشی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتێکی بلاَونەکراوە، ل١٧٣.


ساڵی ١٩٥٧ ڕووبەر( ٢٠٣٥٥)کم٢






ساڵی ١٩٦٥ ڕووبەر(١٩٥٤٣)کم٢

## ساڵی ١٩٧٦ ڕووبەر(٩٤٢٦)کم٢




به فەرمانی کۆماری ژمارە(٦٠٨)لە ٦تشرینی دووەمی١٩٧٥. لکاندنی قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار بە پارێزگای سلێمانی و قەزای کفری بەپارێزگای دیالە.٢- دابڕینی ناحیەی داقوق لە توز و لکاندنی بە مەکەزی کەرکوك بە بڕیاری ژمارە(٢٥٦)لە ١٨ی مایسی١٩٧٦ .٣- گۆڕینی ناوی کەرکوك بۆ تەئمیم بە فەرمانی(٤١)ی ٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦...

## ساڵی ١٩٧٧ ڕووبەر(٩٤٢٦)کم٢




به فەرمانی کۆماری ژمارە(٤١)لە ت٢٩کانونی دووەمی١٩٧٦. ١- لکاندنی قەزای دوزخورماتوو بە پارێزگای تکریت, ٢- گۆڕانکاری لە سنوری کارگێڕی گوندەکانی قەزای مەخمور، بەتایبەتی ناحیەکانی کەندیناوە و قەراج و لکاندنی بە ناحیەی دوبز. ٣- دروست کردنی ناحیەی ڕەبیعە لە قەزای ناوەندی کەرکوك بە فەرمانی ژمارە(٦٥٢)لە٣ی تشرینی دووەمی١٩٧٧.

## ساڵی ۱۹۸۷ ڕووبەر(۱۰۲۸۲)کم۲



۱- بە فەرمانی کۆماری ژمارە٥١٤ لە کانونی دووەمی ١٩٨٤,٢- فەرمانی کۆماری ژمارە(٥٠٨) لە بەرواری ١ی کانونی دووەمی ١٩٨٧، هەڵوەشاندنەوەی ناحیەی قادرکەرەم لەقەزای چەمچەماڵی پارێزگای سلێمانی.


## ساڵی ۱۹۹۷ ڕووبەر(۱۰۲۸۲)کم۲



بە فەرمانی کۆماری ژمارە٤٣٤ لە ٢٥ی ئەیلولی١٩٨٩، هەڵوەشاندنەوەی قەزای دوبز و دروست کردنی قەزای داقوق.

## ساڵی ۲۰۰۰

ڕووبەر(۹٦۷۹)کم۲



**بە فەرمانی کۆماری ژمارە(۲٤٥) لە ١٥ی تشرینی یەکەمی۲۰۰۰ ، بە ناحیە کردنی قەزای سەرگەڕان و لکاندنی بە قەزای دوبزەوە.**

ئەمەریکییەکان یەکەم حکومەتی کاتییان دروست کرد بەڕێز دکتۆر ئەیاد عەللاوی سەرۆك وەزیرانی بوو، ئەم حکومەتە بەیەکەم حکومەتی دوای حکومەتی بەعسییەکان دادەنرێت[*]. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش لە بەرواری(٤ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٢)دا پەرلەمانی کوردستان یەکی گرتەوە.[١] هەر لە سەردەمی فەرمان ڕەوایی ئەیاد عەللاویدا بوو کە یەکەم هەڵبژاردنی هەردوو(ئەنجومەنی نیشتمانی)و پارێزگاکان ئەنجام درا لە(٣٠کانونی دووەمی ٢٠٠٥)دا.

ئەیاد عەللاوی لە(٨ی کانونی یەکەمی٢٠٠٤)دا نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیی سیاسی کورد ناردووە، لە دەقی خاڵی یەکەم و دووەمی نامەکەیدا هاتوە[٢]:-

١- ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هیچ کاریگەریەکی لە سەر چارەنوسی کۆتایی شاری کەرکوك نابێت، دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە چارەنوسی ئیداری ئەم پارێزگایە بە پێی ماوەی دیاری کراو لە ماددەی(٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە دیاری بکرێت.

٢- حکومەت پەیوەست دەبێت بە کاریگەرکردنی میکانیزمی جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ماددەی(٥٨)کە دەتوانرێت لە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا جێ بەجێ بکرێت هەروەك یاسا دیاری کردووە، لەم بوارەدا بیروڕا لەگەڵ ئێوەو ئەنجومەنی نیشتمانی کاتی و دەستەی سەرۆکایەتی دەگۆڕمەوە بۆ پێکهێنانی

---

[*] - حکومەتەکەی عەللاوی لە(٣١)وەزیر پێك هاتبووکە، جگە کە دکتۆر ڕۆژ یەکێك بوو لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار و دکتۆر بەرهەم ئەحمەد صالح-یش جێگری عەللاوی بوو، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بە دکتۆر فوئاد مەعسوم سپێردرا...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:أ- ئاژانسەکان پ. هاولاتی، بەبەشداری٨ کورد حکومەتی نوێی عێراق ڕادەگەیەنرێت ، هەفتەنامەی هاوولاتی، ژمارە (١٧٦) ،٢ی حوزەیرانی٢٠٠٤، ل١.

b_http://www.cpa-iraq.org/arabic/government/Listing-Kurdi.pdf

c_http://www.marefa.org/index.php/الحكومة_العراقية_المؤقتة

623_http://www.perleman.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament-History1992

[٢] - لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩-٢٠.

**دەستەیەکی تایبەتمەندی باڵا کەخاوەنی دەسەڵاتی یاسایی و دارایی پێویست بێت بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی(٥٨)لەیاسای ناوبراو بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتی ڕاگواستن و پاکتاوی ڕەگەزی کە ئامانجیان گۆڕینی باری دانیشتوانی شاری کەرکوك بووە.**

**هەروەها هەردوو باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا جۆن نیگرۆپۆنتی و ئیدوارد چاپلن دوو نامە بۆ(مام جەلال*)دەنێرن لە ڕێکەوتی(١٥ی کانونی دووەمی٢٠٠٥)دا تێیدا سیاسەتی وڵاتەکەیان سەبارەت بە حکومەتی کاتی عێراق ڕوون دەکەنەوەو جەخت لە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ی یاسای کاتی دەکەنەوە**.**

**هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق*** لە(٣٠کانونی دووەمی٢٠٠٥)لە سەرتاسەری عێراق ئەنجام درا کە دەبوایە گەل(٢٧٥)نوێنەریان دیاری بکردایە**

---

* - مام جەلال(لە١٢ی نوڤەمبەری١٩٣٣)لە دایك بووە، دەرچوی کۆلیژی یاسای بەغدادە، لە ساڵی١٩٤٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە کردووە، تا ساڵی١٩٦٤، پاشان بە هۆی دوو بەرەکی ناو حزب لە ساڵی١٩٦٤ وە لایەنگیری باڵی بیرۆی ڕامیاری کردووە، پاشان لە ساڵی١٩٦٦ - ١٩٧٠ لەگەڵ ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی لە ناو حکومەتی عێراقی دا بوون، دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو، لەساڵی١٩٧٦ سکرتێری یەکێتی یە تا ئێستا، لەساڵی ١٩٨٧لەگەڵ ئیدریس بارزانی و هەندێك پارتی کوردی تر بەرەی کوردستانییان دامەزراند، پاشان لەگەڵ مەسعود بارزانی پێکهاتنەوە بە ناوەندی ئەمەریکا لە ساڵی١٩٩٨، پاش چوار ساڵ جەنگی براکوژی لەگەڵ پارتی، ئەندامی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووە، وە لە(١- ٣١ی دیسەمبەری٢٠٠٣)سەرۆکی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووە، پاش هەڵبژرادنە پەرلەمانیەکەی ٢٠٠٥، لە نیسانی٢٠٠٥ تا ئێستا سەرۆك کۆمارە لە هەردوو حکومەتەکەی جەعفەری و مالکی، لە سەرەتای تەمووزی٢٠٠٨ وەك جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی ئنتەرناسیۆنال هەڵبژێردرا و نوسەری چەند کتێبێکیشە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

a_http://ar.wikipedia.org/wiki/مجلس_الحكم_العراقي

b_http://www.marefa.org/index.phpجلال_الطالباني

** - بۆ زانیاری زیاتر لە سەردەقی نامەکان بڕوانە: لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١-٢٣و بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).

*** - لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی نزیکەی٨ ملیۆن کەس بەشداری کرد لەکۆی(١٤٣٧٩١٦٩)کەس واتە بە ڕێژەی(٥٨,٦٪)ی دەنگدەران، و ئەنجامەکەش لە(١٣ی شوباتی ٢٠٠٥)ڕاگەیەندرا، لە زۆربەی پارێزگاکان ڕێژەی بەشداریکردن لەنێوان(٧٠-٨٠٪ )بوو، تەنها لە پارێزگاکانی سەلاحەدین(٢٥٪)و نەینەو(١٧٪)و ئەنبار(٢٪)بوو هەڵبژاردن لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەنجام درا.

**بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کە ئەرکی نوسینەوەی دەستووری کاتییان لە ئەستۆ دابوو، لە هەمان ڕۆژیشدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا.**

**ئەیاد عەللاوی لە بەرواری(٩ی شوباتی ساڵی٢٠٠٥)،(٥)بڕیاری دەرکرد، لە خاڵی یەکەمدا فرمانی دا بە دروست کردنی لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و لە خاڵی چوارەم دا بڕیاری دا بە تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی٥٨.[١]**

**٣ - ماوەی دەسەلاّتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری[*] (٧ی نیسانی٢٠٠٥ - ٢٠ی مایسی٢٠٠٦)**

**پاش سەرکەوتنی لیستی ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو لە هەڵبژرادنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی نوێ(حکومەتی گواستراوە)، بەڕێزجەعفەری وەك سەرۆك وەزیرانی نوێ دیاری کرا..لە پرۆتۆکۆلی نێوان لیستی ئیئتلاف و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی دا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ بۆ قۆناغی گواستنەوە و لە خاڵی چوارەمی ڕێکەوتنەکەدا سەبارەت بە جێ بەجێکردنی مادەی(٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا هاتووە" سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتەکانی ڕژێمی لەناوچوو بۆ گۆڕینی**

---

[١] - رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق.توصيات بالتغيرات في الحدود الادارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص٢٠.

[*] - (ابراهيم اشيقر الجعفري)لە(٢٥ی ئازاری١٩٤٧)لە کەربەلا لە دایك بووە، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو چۆتە ڕێکخستنەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی، توشی چەوساندنەوە بووە لەسەر دەستی ڕژێم، ئاوارە بووەو لە ئێران ژیاوە. لە(١ئەیلول- ٣٠ ی ئەیلولی٢٠٠٣)سەرۆکی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووە..جێگری سەرۆك کۆماری حکومەتەکەی عەللاوی بووە، بەیەکەم سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێك کاری باشی ئەنجام داوە، بەلاّم ڕەخنەیەکی زۆریشی لێدەگیرێت لەبەر ئەوەی لە سەردەمی فەرمان ڕەوایەتیدا جەنگ و توندوتیژی تایفی و ئاینی لە ئاستێکی بەرزدا بو، لە ئابی٢٠٠٥ لەسەر پردی الائمە نزیکەی(١٠٠٠)کەس گیانیان لە دەست دا، لە شوباتی٢٠٠٦ مەزاری سامەڕا تەقێندرایەوە... سەرەڕای ئەوەی کە بە هاریکاری کردنی هێزەکانی سەدرو مەهدی تاوان بار دەکرێت... لەبەر نەیاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەیتوانی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران لە حکومەتی هەمیشەییدا و لەحوزەیرانی ساڵی٢٠٠٨ پارتێکی بەناوی(تجمع الوطني) دروست کرد..بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ژیان و کارو چالاکیەکانی بڕوانە:
http://ar.wikipedia.org/wik ابراهيم-الجعفري

باری نەتەوەیی و مەزهەبی و دانیشـتوان لـە ڕێگـای ڕاگواسـتنی زۆرە ملـێ و نیشتە جێ کردنی تاکی نامۆ بە ناوچەکە (هاوردەکان)"[1]:-

١- پەلە کردن لـە ئاسـایی کردنـەوەی بـارودۆخی ناوچـە ململانێکـان بـە کەرکویشەوە، لە ڕێگای گێڕانەوەی ڕاگوێزراوەکان و نیشتەجێ کردنەوەی خەڵکـە نامۆکان کە لەم ناوچانەدا نیشتەجێ کرابوون لە چوارچێوەی سیاسـەتی گـۆڕینی باری دانیشتوان و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بە پێی یاسـای ئیـدارەی دەوڵـەت، ئەوەش بە دابـین کردنـی بوودجـەی پێویسـت بـۆ دەسـتەی ئاسـایی کردنـەوەی بارودۆخی کەرکوك، لە سەر حکومەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە هـەنگاوی خێـــرا بنێـــت بـــۆ جـــێ بـــەجێ کردنـــی خاڵەکانی(١و٢و٣و٤)لەبڕگەی(أ)لەمادەی(٥٨)ی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت بـۆ قۆناغی گواستنەوە، حکومەتی قۆناغی گواستنەوە دەبێ لەماوەی یەکەم مـانگی پێکهێنانی دا هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوە کارابکات ئەوەش بـە دابـین کردنـی بوودجە بۆ دەستەی ئاسـایی کردنـەوەی بـارودۆخی کـەرکوك و دەسـتەی کێشـە موڵکایەتییەکان.

٢- جێ بەجێکردنی تەواوی ماددەی(٥٨)لە یاسای ئیـدارەی دەوڵـەت بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە بـۆ ئـەوەی چوارچـێوەی ئیـدارەی ناوچـە ململانـێ لـە سەرکراوەکان بە پارێزگای کەرکوکیشەوە دیاری بکرێت.

لە سەر دەسـتەی سـەرۆکایەتییە بـۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە پەلـە بکـات لـە پێشکەش کردنی پێشنیارەکانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو دەسـتکارییانەی کـە لـە سنووری ئیدارەی ئەم ناوچانەدا کراون بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی قۆناغی گواستنەوە بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بدۆزرێتەوە کە ئـارەزووی کۆتـایی دانیشـتوانی ئـەم پارێزگایـە بهێنێتـە دی لـە دوای ئاسـایی کردنـەوەو لـەدوای پەسـەند کردنـی دەستووری هەمیشەیی).

پاش ئەوەی کە جەعفەری حکومەتی نوێ ی دروسـت کـرد چـەند بڕیـارێکی دەرکرد وەك بڕیاری ژمارە(٢٣) ساڵی٢٠٠٥ سەبارەت بە پێکهێنـانی لیژنەیـەك بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی مـادەی٥٨ی یاسـای کـاتی بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت بـە

---

[1] - لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ی مەڵبەندی(٢)ی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و لقـی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەو ژیانە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤-٢٦.

سەرۆکایەتی بەڕێز(حەمید مەجید موسا)بەمەبەستی ئاسایی کردنەوە بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان.[1]

هەر لەسەردەمی حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری پڕۆژە دەستووری هەمیشەیی[*] ئامادە کراو ڕۆژی(١٥ی تشرینی یەکەم)دیاری کرا بۆ خستنە بەردەمی گەل بۆ دەنگدان پێ ی بە ویستن بێت یان نەویستن. لەم ڕاپرسیەدا(٩٨٥٢٢٩١)کەس لە کۆی(١٥٥٦٨٧٠٢)کەس کە دەکاتە ڕێژەی(٦٤٪)ی ئەوانە مافی دەنگدانیان هەبوو، ڕێژەی(٧٨٪)ی سەرجەمی دەنگدەران دەنگیان بەبەڵێ بۆ پڕۆژە دەستوورەکە دا. بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٠).

لە دەستووری هەمیشەییدا کۆمەڵێك مافی کوردستانی و نەتەوەییی بەدەست هاتوون کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

لە پێشەکی دەستووری هەمیشەیی دا هاتووە کە"پابەند بوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری دەپارێزێ"هەروەها لە ماددەی یەکەم دا پێناسەی دەوڵەتی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەری کراوە، کە ڕژێمی حوکمڕانییەکەی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی)دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزێت. لە خاڵی دووەمی ماددەی (٢ )دا هاتووە کە ئەم دەستوورە مافی ئاینەکانی تر دەپارێزێت... هەروەها لە خاڵی یەکەم لەمادەی(٤)دا زمانی کوردی

---

[1] - لیژنەکە بە بڕگەی یەکەمی فرمانی ژمارە(١٥ی ساڵی ٢٠٠٥)ی جەعفەری دروست کرا، کە پێك هاتبوو لە ١١ ئەندام و سەرۆکێك بە سەرۆکایەتی حمید مەجید موسا، کە پێنج لە ئەندامەکانی پلەی وەزیریان هەبوو لە حکومەتەکەی خۆیدا، هەروەها لە بڕگەی دوو دا وەزیرو لایەنە پەیوەندی دارەکانی پەیوەست کردبوو بەم بڕیارە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پێکهێنانی لیژنەکەو ناوی ئەندامەکانی بڕوانە: لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ی مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٠.

[*] - دەستووری هەمیشەیی بریتی بوو لەو دەستورەی کەلەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی هەڵبژێردراو نوسرایەوە کە لە پێشەکیەك و شەش بەند پێکهاتبوو کە دابەش کرابوو بەسەر(بنەماگشتیەکان(١٣)ماددە،ماف و ئازادیەکان(٣٣)، دەسەڵاتی فیدراڵی(٦٢)ماددە، بوارەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی(٧) ماددە، دەسەڵاتی هەرێمەکان(١٠)ماددە،حوکمە کۆتایی و گواستراوەکان(١٩)ماددە) کە سەرجەم دەکاتە(١٤٤)ماددە. بۆ زانیاری زیاترلەسەر بەندەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بڕوانە:

http://www.cabinet.iq/dostor.htm

کراوە بەزمانێکی فەرمی لە عێراقدا لەهەموو بوارەکاندا. لە بڕگەی(أ)لـەخاڵی یەکەمی مادەی(٩)دا هەر پێکهاتەیەکی عێراق دەبێت پشکی هەبێت لـە هێـزە چەکدارەکان و دەزگای ئاسایش. لە بڕگـەی(هـ)دا حکومـەت پابەنـد دەبێـت بـە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانەوە سەبارەت بـە نەهێشـتنی بلاّوبونـەوەی و گەشـەکردن و بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی چەکی ناوکی و کیمیاویی. لە مادەی(١٣)لـەخاڵی یەکەم ئەم دەستوورە بە یاسای بالاّ و هـەرە بـەرز دادەنرێـت لـە عێراقـدا و لـە خاڵی(٢) شدا هاتووە کەنابێت یاسایەك دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستوورە بێـت. لە بەندی دوو کە تایبەتە بەماف و ئازادییەکان تاکی کوردستانیش هەمان ئـەو ئەرك و مافانەی هەیە کە خۆی لە(٣٢)ماددەدا دەبینێتـەوە کـە هـەر تـاکێکی عێراق هەیەتی بە پێی بڕگەی(أ)لە خاڵی شەشەم لە مـاددەی(٦١) ئەنـدامانی ئەنجومەن مافی لێپرسینەوەی سەرۆك کۆماریـان هەیـە بـە پێـی بڕگـەی(ج)لـە بڕگـەی(٧)ی هـەمان مـاددە(٢٥)ئەنـدام پەرلـەمان دەتـوانن سـەرۆك وەزیـرو وەزیرەکان بانگێشتی پەرلەمان بکەن بۆ لێپرسینەوە لەکارو بارەکانیان، هەروەها لە خاڵی(١)ی بڕگەی(ب)دا لە خاڵی هەشتەمی هەمان ماددە دا هاتووە سەرۆك کۆمار مافی دەست پێ لەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە.

## خشتەی ژمارە(٤٠)

## ئەنجامی ڕاپرسی لە سەر دەستووری هەمیشەیی عێراق[١]

| ناوی پارێزگا | ژمارەی بەڵێ | ژمارە نەخێر | ڕێژەی بەڵێ | ڕێژەی نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەنبار | ٧٩٠٨ | ٢٥٢٠١١ | %٣,٠٤ | %٩٦,٩٦ | ٢٥٩٩١٩ |
| بابل | ٥١٤٢٠٧ | ٢٩٥٧٢ | %٩٤,٥٦ | %٥,٤٤ | ٥٤٣٧٧٩ |
| بەغدا | ١٦٤٧٧٦٣ | ٤٧٢٨٥٢ | %٧٧,٧٠ | %٢٢,٣٠ | ٢١٢٠٦١٥ |
| بەسرە | ٦٦٣٥٠٠ | ٢٧٥٢٤ | %٩٦,٠٢ | %٣,٩٨ | ٦٩١٠٢٤ |
| دهۆك | ٣٨٥٨٠٨ | ٣٣٩٠ | %٩٩,١٣ | %٨٧,٠ | ٣٨٩١٩٨ |
| دیالە | ٢٤٤٥٣٧ | ٢٣٢٤٤٣ | %٥١,٢٧ | %٧٣,٤٨ | ٤٧٦٩٨٠ |
| هەولێر | ٨٢٥٢٥١ | ٥٣١٩ | %٩٩,٣٦ | %٠,٦٤ | ٨٣٠٥٧٠ |
| کەربەلا | ٢٥٥٦١١ | ٩٠٦٣ | %٩٦,٥٨ | %٤٢,٣ | ٢٦٤٦٧٤ |
| کەرکوك | ٣٤١٤٢٦ | ٢٠١٢٦٢ | %٦٢,٩١ | %٣٧,٠٩ | ٥٤٢٦٨٨ |
| میسان | ٢٤٨٤٥٢ | ٥٦١٥ | %٩٧,٧٩ | %٢١,٢ | ٢٥٤٠٦٧ |
| موسەننا | ١٨٣٢٠٢ | ٢٥٠٨ | %٩٨,٦٥ | %٣٥,١ | ١٨٥٧١٠ |
| نەجەف | ٢٨٩٨٩٨ | ١٢٥٢٢ | %٩٥,٨٢ | %١٨,٤ | ٢٩٩٤٢٠ |
| نەینەوا | ٣٢٢٨٦٩ | ٣٩٥٨٨٩ | %٤٤,٩٢ | %٠٨,٥٥ | ٧١٨٧٥٨ |
| قادسیە | ٢٨٧٤٧٨ | ٩٦٩٨ | %٩٦,٧٤ | %٢٦,٢ | ٢٩٧١٧٦ |
| سەلاحەدین | ٩٣٠٨٦ | ٤١٧٠٦٦ | %١٨,٢٥ | %٧٥,٨١ | ٥١٠١٥٢ |
| سلێمانی | ٧١٦٢١٠ | ٧٥١٣ | %٩٨,٩٦ | %٠٤,١ | ٧٢٣٧٢٣ |
| زیقار | ٤٥٠٥٠٩ | ١٣٢٠١ | %٩٧,١٥ | %٨٥,٢ | ٤٦٣٧١٠ |
| واست | ٢٦٨٠٨١ | ١٢٠٤٧ | %٩٥,٧٠ | %٣٠,٤ | ٢٨,١٢٨ |
| کۆ | ٧٧٤٢٧٩٦ | ٢١٠٩٤٩٥ | %٧٨,٥٩ | %٤١,٢١ | ٩٨٥٢٢٩١ |

[١]- کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ڕاپۆرتێك بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، و. ساڵح محەمەد ئەمین و هی تر، بە بێ ناوی شوێنی چاپ، ساڵی٢٠٠٦، ل٥٠-٥١.

هەروەها لەخاڵی یەکەم مادەی(١١٢)دا هاتووەکە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بەمەرجێك داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەری بە گوێرەی دابەش بوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاری کردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیان لێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێك کە گەشە سەندێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت.

لەخاڵی دووەمی هەمان مادەدا هاتووەکە"حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی سامانی نەوت و غاز بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان.

هەروەها لە مادەی(١١٥)دا هاتووە"هەرشتێك لە سنووری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵ دا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە نا کەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە. ئەگەر ناکۆکی دروست بوو لە سەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە.

لە مادەی(١١٧)ی تایبەت بە هەرێمەکان دان بە دەسەڵاتی ئێستای هەرێمی کوردستان دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی. هەروەها لە مادەی(١٣٤)ی تایبەت بە دادگای تاوانی عێراق هاتووە کە وەك دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لە سەر ئەنجام دانی کارەکانی بۆ چاو خشاندنەوە بە تاوانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو و سەرانی ڕژێمەکە، هەروەها دەستەی باڵای ڕیشەکێش کردنی بەعس وەك دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لە کارەکانی.

لەمادەی(١٣٦)دا هاتوە کە دەستەی داواکاری موڵکداریەتی وەك دەستەیەکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لە ئەنجام دانی کارەکانی، هەروەها لە مادەی١٤٠دا هاتوە:

یەکەم : دەسەلاٌتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواو کردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ماددەی٥٨ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بەهەموو بڕگەکانیەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیارێتیەی لە سەر شانی دەسەلاٌتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتقالیدا کە لە مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەلاٌتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستورە بۆ ئەوەی بەتەواوی جێ بەجێ بکرێت(ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتاییدا ئەنجام دانی ڕاپرسی لەکەرکوك و ناوچەکانی تر، کەناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوولاٌتیان)لە ماوەیەکی دیاریکراودا کەلە مانگی(کانوونی یەکەمی٢٠٠٧)تێ پەڕ نەکات.

هەروەها لە ماددەی(١٤١)دا هاتووە کە"کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی١٩٩٢ وە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون، لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، ئەگەر هەموارنەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بەپێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندی دارەوە، بەمەرجێك پێچەوانەی دەستور نەبێت.

هەروەها لەماددەی١٤٣ دا هاتووە کە"یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی هەڵدەوەشێنەوە لە پاش پێکهێنانی حکومەتی نوێ جگە لە بڕگەی(أ)ی ماددەی(٥٣)و ماددەی(٥٨).

بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەمیشەیی و هەڵبژاردنی(٢٧٥)ئەندامی پەرلەمان، خەڵکی عێراق کە لە بەرواری(١٥ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٥)ڕوویان کردە بنکەکانی دەنگدان ڕێژەی بەشداری لەم پرۆسەیەدا(١٢١٩١١٣٣) کەس بەشداریان کرد واتە(٧٤٪)ی ڕێژەی دەنگ دەران بۆ هەڵبژاردنی(٢٣٠)کورسی و ٤٥کورسیەکەی تریش بۆ لەبری دانراوە تایبەتەکان، سەرئەنجام لیستی هاوپەیمانی کوردستان(٥٣)کورسی و لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان(٥)کورسییان بەدەست هێنا.بڕوانەخشتەی ژمارە(٤١).

جەعفەری لە لایەن سەرکردایەتی کورد و لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە* سەرزەنشتێکی زۆری کرا لەسەر جێ بەجێ نەکردنی ئەو بڕگەو ماددانەی کەتایبەت بوون بە ناوچەی ململانێ، چ لە پرۆتۆکۆلەکە یان لە بڕگەکانی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی ولاَت، بۆیە سەرکردایەتی کورد زۆر بە توندی دژی کاندید کردنە- وەی جەعفەری بوون لە گرتنە پۆستی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەمیشەیی.

**خشتەی ژمارە(٤١)**

**ژمارەو دابەش بوونی کورسیی لیستە کوردییەکان[١]**

| پارێزگا | ژمارەی لیست | ناوی کیان | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی کورسی | ژمارەی کورسی لیستی کوردی | ژمارەی کۆی کورسی پارێزگاکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دیالا | ٧٣٠ | لیستی هاوپەیمانی | ٦٤٣٧٠ | ٢ | ٢ | ١٠ |
| هەولێر | ٧٣٠ | لیستی هاوپەیمانی | ٧٧٢٩٩٨ | ١٢ | ١٣ | ١٣ |
| | ٥٦١ | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٢٩٦٢٠ | ١ | | |
| بەغداد | ٧٣٠ | لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | ٢٦٥٤٢ | ١ | ١ | ٥٩ |
| سلێمانی | ٧٣٠ | لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | ٦٩٦٩٩٩ | ١٣ | ١٥ | ١٥ |

* - بۆ نموونە دکتۆر بەرهەم- یش لە(٢ی تەموزی ٢٠٠٥)نامەیەکی ئاراستەی جەعفەری کرد، لە چوار خاڵ پێکهاتبوو لە خاڵی دووەم دا هانی جەعفەری دابوو هەوڵی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان بدا، بۆ بینینی نامەکە بڕوانە: پ. هاولاتی، لە نامەیەکی تایبەتدا دکتۆر بەرهەم ڕەخنە لە جەعفەری دەگرێت، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٢٣٢)،١٣تەمووزی٢٠٠٥، ل٣.

[١] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣و١٧٣-٢٦٢.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥٦١ | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٨٦٠٧١ | ٢ | | |
| سەلاحەددین | ٧٣٠ | لیستی هاوپەیمانی کوردستان | ٧٣٠٢٦٨٥٣ | - | - | ٨ |
| نەینەوا | | | ١٧٩١٢٧ | ٤ | ٤ | ١٩ |
| کەرکوك | | لیستی هاوپەیمانی کوردستان | ٣١٢٧٥٤ | ٥ | ٥ | ٩ |
| دهۆك | | لیستی هاوپەیمانی کوردستان | ٣٧٧٤٣٧ | ٦ | ٧ | ٧ |
| | | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٢٩٦٥٢ | ١ | | |
| واست | | لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | ١٢٨٢ | ٠ | ٠ | ٨ |
| سەرجەم لەسەر ئاستی پارێزگاکان | | | | | ٤٧ | ٢٣٠ |
| لەکۆی سەرجەمی کورسیەکان | | | | | ٥٨ | ٢٤٥ |

**لەسەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی(٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥)، لیستە براوەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستانیـــــان[*] پێکهێنا، نێچیرڤان بارزانـــــی[**] سەرۆکـــایـــەتی کابینـــــــە تازەکـــــەی دەکرد[***]،**

---

[*] - حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتا لە(٢٧)وەزارەت پێکهاتبوو، لەگـەڵ(٩)وەزیـری هـەرێم، پێکهاتەی حکومەت لە چەند پارتێکی سیاسی ڕەنگدانەوەی پێکهاتە جیاجیاکانی خەڵکی هـەرێمی کوردســتان دەنوێنێــت وەکــو کلــدانی و ئاشــوری و تورکمـــان و کــوردی ئێزیــدی... تــا ڕۆژی٦ی نیسانی٢٠٠٩ سێ وەزارەت یەکی نەگرتبووەوە بەڵام لە ڕۆژی٦ی نیسان هەردوو وەزارەتـی پێشـمەرگە وناوخۆ یەکی گرتەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتەوە... بۆزانیاری زیاتر لـە سـەر ئەنجومـەنی وەزیرانــی هــەرێم و وەزیــرو وەزارەتــەکان و بەرنامــەی وەزارەتەکــەی نیچــرڤان بــارزانی بڕوانــە:
a_http://www.krg.org/articles/detail.asp?rnr=235&lngnr=13&smap=04060000&anr=10924
b_ http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=04020000&rnr=231&anr=16883

[**] - ناوی تەواوی نیچیرڤان ئیدریس مستەفا، لەساڵی١٩٦٦ لەدایك بووە، دەرچوی کۆلێژی زانسـتە ڕامیاریەکانی تارانە، پاش کۆچی باوکی دەستی بە خەباتی ڕامیاری کـرد، لـە سـاڵی١٩٨٩ بـو بـە ئەندامی پۆلێت بیرۆ، لە ساڵی١٩٩٦ بوو بە جێگری سـەرۆکی حکومـەت، لەسـاڵی١٩٩٩ بـو بـە ســەرۆك وەزیرانــی کابینــە چــوار، لــە(٧ی ئایــاری٢٠٠٥)بــو بەســەرۆکی حکومــەتی هــەرێمی کوردســــــــــتان(کابینــــــــــــــــەی پێنجــــــــــــــــــەم).
http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=04050000&rnr=25425

[***] -حکومەتەکەی نیچیرڤان بارزانی کۆمەڵێك ڕەخنەی لـێ گـیرا وەك بـوونی گەنـدەڵی لـە دام و دەزگاکاندا، حکومەت بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی پێکهێنـا لـە(٢٤ی ئەیلولی ٢٠٠٨)لە ٧وەزیر... بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: هاوڕێ ڕەواندوزی، لیژنەی چاکسازیی کارگێری و نەهێشتنی گەندەڵی ڕاپۆرت دەدەنە ئەنجومەنی وەزیران، ڕۆژنامە کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٦٩)، ٥ئەیلولی٢٠٠٨، ل٣.وە لەلایەن ڕێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ تاوانبار کرا بـە پێشـێل کـاری مـــــــافی مـــــــــــرۆڤ.. بـــــــــۆ زانیـــــــــاری زیـــــــــاتر بڕوانـــــــــــە:-
http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=29050

**بەڵام ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری و ئاوەدان کردنــەوەی وڵات، جگــە لەوەی کە بارودۆخێکی هێمن و کەشێکی نموونەیی ئاسایشی لە چاو بەشەکانی تری عێراق پێشکەش بە قەڵەم ڕەوی دانیشتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، جگە لەوەی کە ئـابوری هـەرێم زۆر بوژایەوە بەجۆرێك بە پێی ئاماری وەزارەتی پـلان دانـانی عێـراق: تێکـڕای ڕێـژەی هـەژاری لـە١٥ پارێزگای عێراق دا دەکاتە(٣٢,٢٪)، بەڵام لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم دا دەکاتە(٥٪)، پارێزگای کەرکوك کەمترین ڕێژەی بەردەکەوێت ڕێژەکـەی(١١٪)بـەڵام پارێزگـای موسـەننا بـەرزترین ڕێـژەی بەردەکەوێت ڕێژەکەی(٤٩٪)... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- کوردستانی نوێ، وەزارەتی پـلان دانـانی عێراق: کەمترین ڕێژەی هـەژاری لەهـەرێمی کوردسـتاندایە، ڕۆژنامــەی کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە (٤٨٥٥)، ٢٧نیسانی٢٠٠٩، ل١.ب- ئاسۆ، هەژاری لە کوردستان لە ئاستێکی نزم دایە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٥٩)، ٢٧ی نیسانی٢٠٠٩، ل١٤-١٥. جگە لەوەی کە لە= حکومەتەکەی نیچیرڤان بۆ یەکەمین جار لە مێژوویی دەسەڵاتی کوردی دا بە فەرمی لە ڕێگەی بۆرییــە نەوتیــەکانی عێراقــەوە نــەوتی کێڵگــە نەوتیــەکانی تــاوکی و تەقتــەقی گەیانــد بــە بازارەکــانی دەرەوە بــە گوژمــەی ڕۆژانەی(١٠٠٠٠٠)بەرمیل. ڕێگە دان بە هەنارده کردنی نـەوتی هـەرێم ناڕاسـتەوخۆ دان پیانـانی**

مەسعود بارزانیش[*] بوو بە سەرۆكی هەرێم... دروست كردنی وەزارەتێك بەناوی(وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەروەی هەرێم[**]) بە هەند وەرگرتنی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی لە دیدی حكومەتی هەرێم پیشان دەدا...

٤ - ماوەی فەرمان ڕەوایی نوری مالكی[***]- ڕۆژگاری ئەمڕۆمان(٢٠ی ئایاری٢٠٠٦- بەردەوام)

پاش دروست كردنی یەكەم حكومەت كە بە دەستووری هەمیشەیی كاری دەكرد، پارتە بەشدار بووە سەركەوتووەكان بەرنامەیەكی ڕامیارییان داڕشت وەك ئەجندای حكومەتی نوێ كە لە٣٢خاڵ پێكهاتبوو، لە خاڵی (١)دا پابەند بوونی حكومەتیان بەدەستور ڕاگەیاندبوو، هەروەها لە خاڵی(٧) دا هەموو جۆرە دیكتاتۆریەك و سەركوت كردن و هۆزگەرێتی و ڕەگەز پەرستی قەدەغە كرابوو،

---

حكومەتی فیدراڵە بە گرێ بەستە نەوتییەكانی هەرێمی كوردستان و جگە لەوەی كە سوودێكی ڕامیاری مەزن تری لە پشتە .

[*] - ناوی تەواوی(مەسعود مستەفا)یە لە(١٦ی ئابی١٩٤٦)لەمهابادی كوردستانی خۆرهەڵات لە دایك بووە، پاش ڕوخاندی كۆماری مهاباد لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەكەی دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و ڕژێمیش نەفییان دەكات بۆ بەسرەو بەغداد... لەساڵی١٩٦٢ پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەكات، لە ساڵی١٩٧١لە كۆنگرەی هەشتەم دا بەئەندامی كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، لە(٢٦ نیسانی١٩٧٦)لەگەڵ هەندێك لەهەڤاڵانیدا سەركردایەتیەكی كاتییان بۆ پارتی دیموكراتی كوردستانیان دروست كردەوە كە بەشۆڕشی گوڵان دەناسرێت، لە كۆنگرەی نۆیەم لە مانگی تشرینی دووەمی١٩٧٩ بەسەرۆكی پارتی هەڵبژێردرا، ئەندامی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووەو لە(١نیسان-٣٠نیسانی٢٠٠٤)سەرۆكی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا بووە، لە١٢حوزەیرانی٢٠٠٦، وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەست بەكار بوو ئێستاش هەربەردەوامە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.krp.org/kurd/krp/default.aspx?gid=28&SM=52

[**] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر كارو پڕۆژەكانی وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەروەی هەرێم بڕوانە:

http://www.moera-krg.org

[***] - ناوی تەواوی(نوری كامل محمد حسن المالكی)لە ساڵی١٩٥٠ لە قەزای گویریج ی پارێزگای بابل لە بنەماڵەیەكی ناسراولە دایك بووە.. لەساڵی١٩٧٠ پەیوەندی كردووە بە حزبی دەعواوە، لەساڵی١٩٧٩ڕژێم فرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە، ئاوارە بووەو لە ئێران و سوریا ژیانی بەسەر بردووە، لە نیسانی٢٠٠٣ گەڕاوەتەوە عێراق، چەندین پۆستی لە حكومەتی عێراقیدا وەرگرتووە، پاش ئەوەی كە سەركردایەتی كورد ڕازی نەبوو بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیری حكومەتی نوێ لە لایەن جەعفەری... مالكی لە ئایاری٢٠٠٦ یەكەم حكومەتی هەمیشەیی پێك هێنا...بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی مالكی بڕوانە:

http://www.cabinet.iq/hokoma.htm

[**] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر كارو پڕۆژەكانی وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم بڕوانە:

http://www.moera-krg.org

**هەروەها لە خاڵی(١٢)دا پێشینەدرا بوو بەو ناوچانەی کە زەرەرمەنـد بـوون لـە ئاوەدان کردنەوە، هەروەها لە خاڵی(٢٠)داوای بـەهێزکردنی ڕۆڵـی هەرێمـەکان کرابوو هەوەها لە خاڵی(٢٢)دا هاتوە کە"حکومەت پابەندە بە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ی دەستور ، مادەی ٥٨ی پێشـووی یاسـای بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت بـە هەموو بڕگەکانیەوە کە لە سێ قۆناغدا خـۆی دەبینێتـەوە : ئاسـایی کردنـەوەو ئامار و ڕاپرسی لە کەرکوك و ناوچەکانی دی ململانێ. حکومەت لـە سـەرەتای دروست بوونیەوە هەنگاوی پێویست ئەگرێتەبەر بۆ ئاسـایی کردنـەوەو گەڕانـەوە ئەو قەزاو ناحیەیانـەی کـە لـە کـەرکوك دابـڕاون لەبنەڕەتـدا. ئـەم قۆناغـەش لە(٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧)کۆتایی دێت و قۆناغی ئامار کردن لـە(٣١)ی تـەمووز کۆتـایی دێـت و قۆنـاغی کۆتـایی کـە ڕاپرسـیە لـە(١٥ی تشـرینی دووەم ٢٠٠٧)کۆتایی دێت."**

**هەوەها لە خاڵی(٢٣)دا هاتووە کە"جەخت کردنەوە لە پرەنسیپی هاوسـەنگی و توانا لە بەڕێوەبردنی وڵات و دابەش کردنی بەرپرسـیارێتی و دامەزرانـدن لـە دامـــەزراوە حکومیـیـــەکان و ســـوپاو پـــۆلیس و دەزگـــای ئاســـایش و باڵیۆزەکان..."هەروەها لە خاڵی(٣٠)دا هاتوە"وەستاندنی کاری ڕاگواسـتنی زۆرە ملێ لە سەرجەم وڵاتدا، و گەڕانەوەی کۆچ پێکراوەکان بۆ شوێنی بنەڕەتیان"[1].**

**پـاش ئـەوەی کـە مـالکی ڕاسـپێردرا بـۆ پێکهێنـانی یەکـەم حکومـەتی هەمیشەیی بۆماوەی(٤)سـاڵی ڕۆژژمێـری، مـالکی بەرنامـەی حکومەتەکـەی ڕاگەیاند، ئەوەی کە تایبەت بـوو بـە هـەرێمی کورسـتان بەناوچـە تـازە ئـازاد کراوەکانیشەوە لە بەرنامەی کاری حکومەتەکەی مالکی دا لە خاڵی یەکەمی دا هاتوە کە حکومەت کار دەکات لە سـەر بنـەمای هاوبەشـی بەشـداری کردنـی پێکهاتەکانی عێراق، بە پشت بەستن بەئەنجامـەکانی هەڵبـژرادن. هـەروەها لـە خـاڵی دووەمـدا پابەنـدی خـۆی بـە دەسـتوورەوە پیشـان داوە، لـە خـاڵی(٧)دا دیکتاتۆری و ڕەگەز پەرستی قەدەغە دەکـات. لـە خـاڵی(١٣)ی کارنامەکەیـدا هاتوە کە لەو پلانەی کە داڕێژراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ڕەچـاوی بـارودۆخی ئەو ناوچانە دەکرێت کە خەڵك و خاکەکەی تووشی وێران کـاری بـوون بـە هـۆی سیاسەتی ڕژێمی پێشوو. لە خاڵی(١٤)دا جارێکی کـە جـەخت لـە چـالاکردنی**

---

[1] 630_www.iraqipresidency.net/

ئاوەدان کردنەوەی ئەو ناوچانەی سەرەوە دەکـات... لـە خـاڵی(٢١)دا داوای زیـاد کردنی ڕۆڵی هەرێم و پارێزگاکان دەکات. لە خاڵی(٢٢) دا هاتووەکە "حکومـەت پابەندە بە جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)ی دەستور، کە پێشتر مـاددەی٥٨ بـوو لە یاسای بەڕێوەبردنی وڵات و بە سێ قۆناغ: ئاسایی کردنەوە و ئامار و ڕاپرسـی لە کەرکوك و ناوچەکانی دی ململانێ، حکومەت لە ساتە وەختی دەست بە کـار بوونی هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ ئەنجام دانی ئاسایی کردنەوە، وەك گەڕانـەوەی قەزاو ناحیە دابڕاوەکانی کەرکوك بـۆ بـاری ئاسـایی پێشـوو تـا بـەرواری(٢٩ی ئازاری٢٠٠٧)زایـنی و دەسـت پێکردنـی قۆنـاغی دووەم کـە ئامـارە لـە(٣١ی تەمووزی ٢٠٠٧)و ئەنجام دانی ڕاپرسی کە قۆناغی کۆتاییە لـە(١٥ی تشـرینی دووەمی٢٠٠٧)*.

پاش ئەوەی کە مالکی یەکەم کابینەی حکومەتی هەمیشەیی پێـك هێنـا**. چارەسەرکردنی کۆتایی ناوچە دابڕاوەکانی کەوتە ئەستۆ، بـە پێـی مـادەی١٤٠، دەبوایە چارەنووسی کارگێڕی ئەو ناوچـانە تـا بـەرواری(٣١ی کـانونی یەکـەمی ساڵی٢٠٠٧)یەکلایی بکرایەتەوە.

لە بەیانی(١٥ی شوباتی٢٠٠٧) ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمـاری عێـراق دا لـە خـاڵی حەوتـەم بڕیـار لـە سـەر چارەسـەرکردنی کۆمـەڵێك پـرس درا وەك مادەی١٤٠.***

ئەنجومـەنی وەزیـران بـەفرمانی دیـوانی ژمـارە(٤٦)بـە دانـە(عـدد)ی(م ر ن/٤٨/١٣٧٣)لە بەرواری(٩ئابی٢٠٠٦) لیژنەی مـادەی١٤٠ی پێکهێنـا**** و

---

* - بەرنامەی حکومەتەکەی مالکی پێکهاتبوو لـە٣١ خـاڵ کـە سـەرجەم بوارەکـانی دەسـتووری و کارگێری و ڕامیاری و ئابوری، جوگرافی و ڕۆشنبیری کۆمەلایـەتی... دەگرتـەوە، بـۆ زانیـاری زیـاتر لەسەر بەرنامەی حکومەتەکەی مالکی بڕوانە:

http://www.pmo.iq/index/barnamij002.htm

** - کابینەکەی مالکی لە٣٩وەزارەت پێکهاتبوو، کوردەکان بە(٧)وەزیـر بەشـداریان کـرد، جگـە لەوەی کە جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیر بە د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سـپێردراو، جگـە لـەوەی مـام جەلال-یش وەك سەرۆك کۆمار دیاری کرا..

*** - بەیانەکە لە١٠خاڵ پێکهاتبوو کە سەرجەم لایەنەکانی یاسایی و ڕامیاری دەستووری و کارگێری... دەگرتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=3743&type=documents

**به پێی فرمانی دیوانی ژماره(٨٤)ی عددی(م ر ن/٤٨/٢٨٣٢)ئەحمەد شـەیاع وەك سەرۆكی دەستەی چارەسەری كێشەی خانووبەرە و ئەنوەر حەمیـد بەیرەقـدار سەرۆكی پارتی دادی توركمانی عێراقی و حنان سەعید محسن الفتلاوی بـە پێـی فەرمانی دیـوانی ژمـاره(٢٢٣)بـە عـددی(م رن/٤٨/٧٧٤٣) لەبـەرواری(٣ی تشرینی یەكەمی٢٠٠٧)بۆ لیژنەكە زیاد كرا، سەرۆكی لیژنەكە لەبـەرواری(٤ی نیسان)دەستی لە كار كێشایەوە و لـە ڕۆژی(٣١ی تـەموزی٢٠٠٧)بـەڕێز ڕائیـد جاهد فەهمی سەرۆكی لیژنەكە هەلبژێردرا بە پێی بڕیاری دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرواری(٣١ی تەموزی٢٠٠٧)و بەپێی نوسـراوی گشـتی ژمـاره(ش و /٨/١/١٣٠٩٣)لەبەرواری(٢ی ئابی٢٠٠٧[1]).**

**** - لیژنەكە پێكهاتبوو لە(سەرۆك)هاشم عەبدول ڕەحمان شبلی وەزیـری داد، ئەنـدامان: جـواد پۆلانی وەزیری نـاوخۆ، نـەرمین عوسمـان وەزیـری ژینگـە، جاسـم محمـد جەعفـەر وەزیـری وەرزش و لاوان،(بابەكر سدیق ئەحمـەد و محمـد خلیـل نصـەیف وتەحسـین محەمـەد عـەلی كەهیـە و ئاشـور بینامین(ئەندامانی لە ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك))، محمەد ئیحسان سلێڤانی(نوێنـەری هـەرێمی كوردستان): أ- رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)مـن دسـتورجمهورية العـراق. توصيات بالتغيرات في الحـدود الادارية للمنـاطق المتنـازع عليهـا و مـن ضـمنها كركـوك(المنطقـة الشـمالية)، مصدرسابق، ل٢١. ب - لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠، جێ بەجێ كردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێكـەو ژیانـە، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٣٨-٣٩. وە لیژنەكـە لـە دووەم كۆبونـەوە ڕۆژی(١٢ی ئەیلولی٢٠٠٦)بڕیاری دا بە دروست كردنی ٥ لیژنە(سكرتاریەت، مالی، هونەری، گـەڕان بەشـوێن ڕاستیەكان، و بەدوادا چوون)و كردنـەوە سـێ نوسـینگە لـە كـەركوك(٧٠كارمەنـد)، نوسـینگەی شەنگار(١٠)كارمەند، نوسینگەی خانەقین(١٨)كارمەند. واتە سەرجەم لیژنەی مادەی(١٤٠)بـریتی یە لە(١٠٣)كەس پاشتر لە ڕۆژی١٢ كانونی یەكەم لیژنەی(چارەسەری لیژنەی كێشـەی موڵكیـەتی خانووبەرە)دروست كرا، و بڕی(٢٠٠ملیۆن دۆلاریشیان بۆ تەرخان كرا كاری لیژنەكە بریتی بـوو لـە ئاسایی كردنەوە بارو دۆخ بۆ پێش(١٧ی تەمووزی١٩٦٨)وەك ئاسایی كردنەوەی ناوی شوێنەكان... بۆ ناوی پێشووی خۆی وئاسـایی كردنـەوەی سـنووری كارگێرییـەكان و گەڕاندنـەوەی كارمەنـدە هـاتو ڕۆیشتوەكان بۆ شـوێن و سـەر كـاری خۆیـان چارەسـەركردنی كێشـەی موڵكداریـەتی خانووبـەرەو گەڕاندنەوەی ئەو ڕاگوێزراوو كۆچپێكراو و كۆچ كەرانەی كە ئارەزووی گەڕاندنەوەی ئەكـەن بـۆ ئـەو شـوێنانەی كـە ئـەم بڕیارانـە ئەیگرێتـەوە بـۆ شـوێنی پێشـووی خۆیـان لەگـەڵ قەرەبوكردنـەوە دادپەروەرانەیان و گەڕاندنەوەی هاتووەكان(ئەوانە كـە ناویـان لـە تۆمـاری١٩٥٧ دا نیـە) بـۆ ئـەو ناوچانەی كەلێوەی هاتوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)مـن دستورجمهورية العراق.توصيات بالتغيرات في الحدود الادارية للمناطق المتنـازع عليهـا و مـن ضـمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص٣-٥و٢٧.

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢-٣و٣٠-٣١و٤٧.

پاش ئەوەی لیژنەکە دەست بەکار بوو چەند بڕیارێکی دەرکرد*، وەك[1]: بڕیاری ژمارە(١)لە بەرواری(١٠ی کانونی دووەمی٢٠٠٧)کە تایبەت بوو بە گەڕانەوەی سەرجەم فەرمان بەرە دەرکراوەکانی نەتەوە جیاوازەکان لە(١٧ی تەمووزی١٩٦٨)وە و گەڕانەوەیان بۆ سەر کارو شوێنی پێشووی خۆیان.

بڕیاری ژمارە(٢)ی عددی(٢٤)لەبەرواری(١٦کانونی دووەمی٢٠٠٧)کە تایبەت بووبە گەڕانەوە سەرجەم خێزانە دەرکراو و ڕاگوێزراوەکان کە لە ناوچەی ململانێ دەرکراون یان ڕۆیشتوون لە ئەنجامی سیاسەتی ڕژێمی پێشوولە(١٧ی تەمووزی١٩٦٨)و پێدانی زەوی نیشتەجێ بوون و قەرەبووکردنەوەیان بە(٥)ملیۆن دینار، بەلاّم ئەوانەی لە ناو سنووری شارەوانی کەرکوکن بڕەکەی(١٠)ملیۆن دینار بێت. و دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریێتی خانوو زەوی چارەسەری گشت کێشەکانی خانووبەرە دەکات لەناوچەی ململانێ کەڕژێمی پێشوو دەستی بەسەرداگرتوون.

بڕیاری ژمارە(٣)ی بەرواری(٤)ی شوباتی٢٠٠٧ کە کەتایبەتە بە هاوردەکان: بڕیار درا بە گەڕانەوەی سەرجەم هاتوەکانی ناوچەی ململانێ لەبەرواری(١٧ی تەموزی١٩٦٨)بۆ شوێنی پێشووی خۆیان و پێدانی بڕی(٢٠)ملیۆن دینار و پارچەیەك زەوی و گواستنەوەی تۆماری ناسنامەیان بۆ شوێن بنەڕەتی خۆیان و بە قەرەبوو کرنەوە.

بڕیاری ژمارە(٤)لیژنەکە لە بەرواری(٤ی ئازاری٢٠٠٧)بوو، ئەم بڕیارە سەرجەم گرێ بەستە کشتوکاڵەیەکانی هەڵوەشاندەوە کە مەبەست لێ ی بەعەرەب کردن بوو.

ئەنجومەنی وەزیران لە(٢٩ی ئازار)بڕیاری دا بە جێ بەجێ کردنی پێشنیارەکانی لیژنەی مادەی١٤٠وەك گەڕانەوەی فەرمانبەرە دەرکراوو ڕاگوێزراوەکان، گەڕانەوەی خێزانە دەرکراوو ڕاگوێزراوەکان بۆ ناوچەی ململانێ، قەرەبووکردنەوەیان بە پارچەیەك زەوی لەو ناوچانەی کەلێیان ڕاگوێزراون و پێدانی(٥)ملیۆن دینار، وە(١٠)ملیۆن دیناربۆ ئەوانەی لە سنووری شارەوانی کەرکوکن و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەی خانووبەرەی دەست بەسەردا گیراو،

* - بۆ بینینی هەندێك لە بڕیارەکانی لیژنەکە بڕاوانە پاشکۆی ژمارە(٣).

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٥٦-٩٢.

گەڕانەوەی سەرجەم ئەو هاوردانەی کە ئارەزووی گەڕانەوە دەکەن بۆ شوێنی پێشووی خۆیان و پێدانی (٢٠) ملیۆن دینارو و پێدانی پارچەیەك زەوی و گواستنەوەی کۆبوونی خۆراکیان و سەرجەم بەڵگەنامەی فەرمییان و گواستنەوەی تۆماری باری شارستانییان و هەڵوەشاندەوەی سەرجەم گرێ بەستە کشتوکاڵییەکان کە مەبەست لێیان گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە بووە.

هەروەها لیژنەکە لە (١٣ی ئابی٢٠٠٧) کۆبوونەوەیەکی تریان کرد بڕیاریان دا بە پەسەند کردنی خەرج کردنی قەرەبوو بۆ ئەو خێزانانەی کە هاتون و مادەی١٤٠ دەیان گرێتەوە لە بەرواری (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧).

بڕیای ژمارە(٦)دەرچوو لە (١ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٧)، تایبەت بوو بەکەرتی(٦٣)و(٣٩)ی ناوچەکانی (تسعین)و(حەمزە عەلی)و چەند بڕیارێك درا وەك گەڕانەوەی زەوییە داگیرکراوەکانیان.

لە بەرواری(٣ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٧)نوسراوێك بە نهێنی و تایبەت لە ڕائید فەهی- یەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی وەزیران کراوە بۆ ڕاسپاردنی کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجام دانی ڕاپرسی کە لە(٣١ی کانونی یەکەم)تێپەر نەکات. پاش ئەوەی کە(٨ی تشرینی یەکەم)ئەو نوسراوەیان ئاڕاستە دەکرێت، لەوەڵامیاندا لە(٢٨ی تشرینی یەکەم) کۆمسیۆن ئاڕاستەی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی کردووە. داوای ئامادەکردنی تۆماری دەنگدەرانی کردووە، هەروەها داوای بڕیار دەرکردنی کردووە کە کێ مافی بەشداری بوونی هەیە، و داوای دیاری کردنی سنووری کارگێری و دیاری کردنی پرسیارەکان و دیاری کردنی ڕێژەی سەرکەوتن کراوە لە ڕاپرسی دا. نوسینگەی سەرۆك وەزیرانیش ئەم وەڵامەی هاو پێچ کردووە بۆ لیژنەی مادەی١٤٠ لەبەروری(٤ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٧)...

کارگێڕی کەرکوك سەرەڕای هەندێك کەم و کورتی بەلاّم هەر لەسەرەتای ڕزگار بوونی عێراق کۆمەڵێك کاری باشی کرد بۆ ئاسایی کردنەوەی دانیشتوان، بۆ نموونە[1]:

---

[1]- جەلال جەوهەر، ماددەی(١٤٠)لە نێوان کەمتەرخەمیی کوردو پشتگوێخستنی دەسەلاّتداران لەعێراق و پلانی دوژمناندا !، ڕۆژنامەی هاولاّتی، ژمارە(١٣١)، ١٤ی شوباتی٢٠٠٧، ل١٥.

**١- بەهاوکاری هێزە فرەڕەگەزەکان و حزب و ڕێکخراوەکان، توانی چەند ناوچەیەك تەرخان و دابەش بکات بەسەر ئاوارە گەڕاوەکاندا.**

**٢- لەڕێگای فەرمانگەی خۆراك و بەیارمەتی وەزارەتی بازرگانی توانی، بەشی هەرە زۆری فۆرمی خۆراکی ئاوارەکان بگوازێتەوە لەسەردەمی هەرسێ حکومەتەکەی عێراق دا...**

**پاش ئەوەی کەحکومەتی عێراقی هیچ یەکێك لە قۆناغەکانی مادەی١٤٠ی جێبەجێ نەکرد، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی(١٠ی ئابی ٢٠٠٧)بڕیارێکیان بە ژمارە(١٧٧٠)دەرکرد، بەمەبەستی پێشکەش کردنی ڕاوێژو هاریکاری کردنی عێراقییەکان لە چارەسەرکردنی سنووری کارگێری ناوچەکانی ململانێ، پاش ئەوەی کە هەریەکە لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندییان پیشان دا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٨...*ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیش دانیشتنی ئاسایی(٣٦)ی ڕۆژی(٢٦ی کانونی یەکەمی٢٠٠٧)ی تایبەت کرد بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پێشنیارەکانی ستافان دی مەستورا بۆیە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا"...بۆ دەرخستنی نیاز پاکی و پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی عێراقی و هەست بەبەرسیارێتی، پەرلەمانی کوردستان، ڕەزامەندی لەسەر پێشنیاری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕادەگەیەنێت...)[1].**

**لە بەرواری(١٦ی ئابی٢٠٠٧)یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی**

---

* بڕیاری(١٧٧٠)بریتی بوو لەو بڕیارەی کە لە دانیشتنی(٥٧٢٩)ڕۆژی١٠ی ئابی٢٠٠٧ ئەنجومەنی ئاسایش درا، لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە نوسراوی ژمارە(s/2007/481) لە(٦ی ئابی٢٠٠٧)کە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو بە پێشکەش کردنی یارمەتی عێراق بەمەبەستی دروست کردنی وڵاتێکی بەرهەم هێنەرو گەشاوەو... ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دا بە پێشکەش کردنی یارمەتی و کۆمەك بە عێراقییەکان لە چەندین بواردا بەتایبەت لەخاڵی سێیەمدا هاتوە"... بۆچارەسەر کردنی کێشەی سنووری ناوخۆی ناوچەی ململانێ"... بۆ بینینی تێکستی بڕیارەکە بڕوانە:

http://daccessdds.un.org/doc/UNDOC/GEN/N07/456/02/pdf/n0745602.pdf?OpenElement
634_http://www.perleman.org/Default.aspx?page=articles&c=News-140&id=691

عێراق ڕێکەوتنێکیان[*] مۆرکرد ئەوەی کە تایبەت بـوو بەناوچـە دابڕاوەکـان لـە ڕاپۆرتەکەدا خاڵی حەوتەمی ڕێکەوتن نامەکە دەڵـێ"خێـرا کـردن لـە کۆتـایی پێهێنانی قۆناغەکانی مادەی١٤٠ی دەستورو کارا کردن و هاریکاریکردنی لیژنە دیاری کراوەکان بە جێ بەجێ کردن و هەوڵدان بۆ پاپەند بوون بەخشـتەی کـاتی ماددەی ناوبراو بە بڕگەکانیەوە کەتایبەتن بەچارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوك و ناوچەکانی ململانێ و سنووری پارێزگاکان بەپێ ی دەستوور.

لەبەرواری(٢٤ی کانونی یەکەمی٢٠٠٧)دا ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی[**] کرا لـە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان و پـارتی ئیسلامی عێراقی. ئەوەی کە تایبەت بوو بە ناوچە دابڕاوەکان خاڵی(١١) بوو کە هاتبوو"پاپەند بوون بە مافەکانی گەلی کورد وەك لـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق دا هــاتوە"و لــەخاڵی(١٢)دا هــاتبوو"پاپەنــد بــوون بــە هــەنگاوە دەستوورییەکان لە چارەسەرکردنی گرفتی ناوچە دابڕاوەکان بەپێی ماددەی١٤٠ی دەستور"...

---

[*] - بریتی بوو لەو ڕێککەوتنەی لەنێوان هەریەکـە لـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی دەعوەی ئیسـلامی و ئەنجومــەنی بـالأی ئیسـلامی عێراقـی مـۆرکرا لەبەرواری(١٦ی ئابی٢٠٠٧)، ڕێکەوتنەکە لە پێنج بەش(بواری ڕامیـاری(٤)خـاڵ و لەسەرئاسـتی دەوڵەت(٧)خاڵ و لەبواری ئاسایش(٣)خاڵ و لە بواری ئابوری و خزمەت گوزاری(٣)خاڵ و چۆنیەتی کارکردن لە (١٠)خاڵ) پێکهاتبوو. بۆزانیاری زیاتر لە سەر بڕگە کانی ڕێکەوتنەکە بڕوانـە: أ- بـە بێ ناوی نوسەر، ڕێکەوتنی ستراتیژی بۆ تێکڕای ئۆرگانـەکانی کوردسـتان گفتوگـۆی لـە سـەرکرا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٥٩٨)،١٧ئابی٢٠٠٧، ل١.

b_http://www.pmo.iq/index/10-20.htm

[**] - بریتی بوو لەو ڕێکەوتنەی کە لە(٢٤ی کانونی یەکـەمی٢٠٠٧)لـە هاوینـە هـەواری دوکـان لەنێوان(مەسعود بارزانی(پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان)و جـەلال تاڵـەبانی(یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان)و تاریق هاشمی(پارتی ئیسلامی عێراق)واژۆکرا، ڕێکەوتنەکـە لـە ٢١خـاڵ پێکهـاتبوو، تایبەت بوو بە بوارەکانی ڕامیاری و تیرۆر و ئاشتەوایی نیشتمانی و ئاسایش و بە دیمـوکراتیزەکردنی عێراقی فیدڕاڵی و سەروەری عێراق و یەکخسـتنی ڕامیاریـان سـەبارەت بـە دەوڵـەتانی دراوسـێ و هەموار کردنی دەستورو سەربەخۆیی دادگاکـان... بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانـە دەقـی ڕێکەوتنـە سـێ قۆڵیەکە.

http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=5290&type=interviews

بۆ زانینی کاری لیژنەی مادەی١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق تا بەرواری کانوونی یەکەمی٢٠٠٧، و بارودۆخی ئابورییان و ژمارەی مامەڵەکان و پارەی سەرف کراو، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٢و٤٣)و بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٤)بۆ کاری لیژنەکە و ژمارەی مامەڵەی ئەو هاوولاتییانەی تیادا ڕوون کراوەتەوە کە مادەی١٤٠ دەیان گرێتەوە، تا بەرواری(١ی نیسانی ٢٠٠٨).

### خشتەی ژمارە(٤٢)
### باری ئابوریی* لیژنەی جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠) دەستووری هەمیشەیی عێراق**

| جۆری دابەشکراو | بڕ | بڕی دابەش کراوی کارگێری وموچە | بڕی خەرج کراو بۆ کاروباری موچە | بڕی ماوە ی تایبەت بۆ کاروباری کارگێری و ئابوری | بڕی دیاری کراو بۆ قەرەبوو | بڕی خەرجکراوله بڕی تایبەت بە قەرەبوو | ئەوەی کە بۆ قەرەبوو ماوە | بڕی خەرجکراو | بڕی ماوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕی تەرخانکراو | ٢٩٥٢٠ ملیار دینار | | | | | | | ٤٨٢٨٢٤٥٠ دینار | ٢٩٤٧١٧١٧٥٥٠ دینار |
| بڕی تەرخانکراو بۆ ساڵی ٢٠٠٧ | ٢٧٦ملیار دینار | ٣ملیار دینار | ٢٢٥٢٢١٦٨٠ ملیار دینار | ٢٧٧٤٧٧٨٣٢٠ دینار | ٢٦٤ ملیار دینار | ٤٠٧٠٠ ملیار دینار | ٢٢٣٣٠٠ ملیار دینار | ٤٠٩٢٥٢٢١٦٨٠ دینار | ٢٢٦٠٧٤٧٧٨٣٢٠ دینار |

* - تێبینی: باری ساڵی ٢٠٠٦ لە١٤/١١/٢٠٠٦- ٣١/١٢/٢٠٠٧ ، باری ساڵی٢٠٠٧له١/١/٢٠٠٧- ٣٠/٩/٢٠٠٧ ، باری قەرەبوو لە بەرواری دەست پێکردنی قەرەبوو بووە لە ١/٩/٢٠٠٧-٣٠/٩/٢٠٠٧.

** - رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق.توصيات بالتغيرات في الحدود الأدارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص٨.

## خشتەی ژمارە(٤٣)
## مامەڵەی هاتووو ڕۆیشتوەکان لە بەشی سکرتاریەتی لیژنەی مادەی١٤٠ تا (٤ کانونی یەکەمی ٢٠٠٧*).

| نوسینگە | ژمارەی فۆڕمی دابەش کراو | | ژمارەی فۆڕمی وەرگیراوە | | ژمارەی فۆڕمی تەواو کراو لە لایەن نوسینگەکان کە نێردراون بۆ لیژنەی گەڕان بە شوێن ڕاستییەکان | | ژمارەی فۆڕمی ڕەت کراوە لە لایەن لیژنەی گەڕان بەشوێن ڕاستییەکان کە مەرجەکانیان تەواونەبووە و گەڕێنراونەتەوە بۆنوسینگەکان | | ژمارەی فۆڕمە تەواو بووەکان لەلایەن لیژنەی گەڕان بەشوێن ڕاستییەکان کە مەرجەکانیان تەواونەبووە گەڕێنراونەتەوە بۆ سکرتاریەت | | ژمارەی چەکە تەواو کراوەکان لە لایەن لیژنەی ئابوریەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو |
| کەرکوک | ٢٠٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | ١١٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ٤٠٩٩ | ٢٤٩٩ | ٤١٤ | ٣١٧ | ٣٥٨٥ | ١٤٨٢ | ٥٤٧٥ | ٨٥٠ |
| شەنگار | | ٤٥٠٠٠ | | ٣٢٣٠٠ | | ١٣٠٠٠ | | | | | | |
| خانەقین | | ١٥٥٠٠ | | ٦٥٣٤ | | ١٠٠٠ | | | | | | |
| سەرجەم | ٢٠٠٠٠ | ١٣٥٥٠٠ | ١١٠٠٠ | ٨٨٨٣٤ | ٤٠٩٩ | ١٦٤٩٩ | ٤١٤ | ٣١٧ | ٣٥٨٥ | ١٤٨٢ | ٥٤٧٥ | ٨٥٠ |

**دی مەستورا لە ڕۆژی(٥ی حوزەیرانی٢٠٠٨)بەشی یەکەمی پێشنیاری لیژنەکەی پێشکەشی سەرۆکی کۆماری عێراق(جەلال تالەبانی)کرد، پێشنیاری بۆهەریەك لە قەزای ئاکرێ و حەمدانیەو مەخمورو ناحیەی مەندەلی لە خۆ گرتبوو.**

**ئەنجومەنی نیشتمانی لە ڕۆژی(٢٢ی تەموزی٢٠٠٨)، پرۆژە یاسای هەڵبژرادنی پارێزگاکانیان** پەسەند کرد، بە بێ ئامادەبونی لیستی هاوپەیمانی**

* - المصدر نفسه، ص١٣.

** - یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان کە لە ڕۆژی٢٢ی تەمووز، پەلەمانی عێراقی بە بێ ئامادە بوونی نوێنەرانی لیستە کوردیەکان دەنگیان لە سەر دا، پرۆژە یاساکە لە ٨ بەش و ٥٢ مادە و دەیان خاڵ پێکهاتبوو، بەڵام ئەوەی کە تایبەت بوو بە مادەی٢٤ لە ٨ خاڵ پێك

**کوردستان و لیستی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە کودەتایەکی پەرلەمانی یاسایی دەستووری دەچوو لەدژی مادەی١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی. ئەم هێزەی کەلەپشت ئەم پڕۆژە و بیرۆکەو دەنگدانەوەبوون خۆیان ناو نا بە ( گروپی٢٢ی تەموز) ، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران(مەحمود مەشهەدانی)ڕۆڵێکی خراپی هەبوو لە کارکردن لە پەسەند کردنی پڕۆژە یاساکەدا.**

**لە ڕۆژی(٢٨ی تەمووزی٢٠٠٨)زۆرێك لە جەماوەری شاری کەرکوك لە خۆپیشان دانێکی هێمنانەی جەماوەریدا، پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقەوە پڕۆتستۆکرد، لەکاتی خۆپیشان دانەکەدا خۆکوژێك لەناو خۆپیشاندەراندا خۆی تەقاندەوە.**

**پاش ئەم ڕووداوە ڕاستەخۆ لەبارەگای بەرەی تورکمانییەوە بە فرمانی موقەدەم عیماد[*] تەقە[**] لە هاوولاتیانی خۆپیشان دەر کرا، سەرئەنجام(٢٥) هاوولاتی شەهید بوون(١٨٠)کەسیش بریندار بوون[١].**

---

**هاتبوو: لە خاڵی یەکەم دا داوای دواخستنی هەڵبژاردن دەکات لە کەرکوك هەتا لیژنەی دابەش کردنی پۆستەکان و لابردنی زیادە ڕۆییەکانی کەرکوك کارەکانی تەواو دەکات، هەروەها لە خاڵی دووەدا داوای دابەش کردنی پۆست دەکات لە نێوان هەر سێ پێکهاتەکەی کەرکوك بە ڕێژەی(٣٢٪)بۆ سێ پێکهاتە سەرەکیەکە و ڕێژەی(٤٪)بۆ مەسیحیەکان و لە خاڵی سێیەم دا داوای هێنانی سەرباز دەکەن لە ناوەڕاست و باشوری عێراق و لەبری هێزەکانی کەرکوك و سپاردنی فایلی ئاسایشی کەرکوك پێیان... بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر سەرجەم بەندەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە بڕوانە:**

http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba٤٦s٧a٩٨das٦dasda٧das٤da٦sd٨asdsawewqeqw٤٦٥e٤qweq٤wq٦e٤qw٨eqwe٤qw٦eqwe٤sadkj&file=showdetails&sid=١٩١٠

[*] **- موقەدەم عیماد بەیرەقدار بەرپرسی سەربازی بەرەی تورکمانیە تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس ڕەفیق حزبی و ئەفسەری ئەندازیاری بووە لە سەربازگەی تاجی، دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس پەیوەندییەکەی توندو تۆڵی لەگەڵ موخابەراتی تورکیا هەبووە و کۆمپانیای حەیاتی تایبەت بە پاسەوانی کردنی بە یارمەتی تورکیا دامەزراندوە و ژن و منداڵەکانیشی لە تورکیا دەژین پاش تەقینەوەکە هەڵهات بۆ شوێنێکی نادیارو دادگا بڕیاری دەستگیر کردنیشی داوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ئاوێنە، ئەو ئەفسەرەی بڕیاری تەقەکردنیدا لە خۆپیشان دەرانی کەرکوك بەرەو بەغدا هەڵهات، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە(١٣٣)، ٥ی ئابی ٢٠٠٨، ل١و٣.**

[**] **- ئەنجام دەرانی ئەم کارەش دەستگیر کران، یەکێك لە پاسەوانی بارەگاکە کە دەستگیر کرابوو دانی بەهەموو ڕاستیەکاندا نا، کە(موقەدەم عیماد)ی تۆمەت بارکرد بە فەرمان پێکردنیان بە تەقە کردن لە کاتی ڕوودانی تەقینەوەدا جگە لەوەی کە هەر هەموویان لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە پاشان لە دادگا دانیان ناوە بە وەدا کە لەلایەن موقەدەم عیمادەوە فەرمانیان پێکراوە بۆ تەقە کردن،**

لە(٣١ی تەموزی٢٠٠٨)زیاتر لە سێ یەکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە کۆبونەوەیەکی نائاسـاییدا داوایـان لەسـەرۆکی ئەنجومـەن کـرد کـە پارێزگـای کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردسـتان ئەگـەر حکومـەتی عێـراق پەلـە نەکات لە جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠.[٢]

---

بەلاّم پاشان ئەم گروپە(١٢چەکدارە)بە بڕیاری دادگا لە(٢ی ئازاری ٢٠٠٩) هەموویان ئـازاد کـران بەو بیـانوەی کـە سـکالاکاران لـە ڕێگـەی پارێزەرەکانیانـەوە نـەیان توانیـوە بیسـەلمێنن کـە ئـەو دەستگیرکراوانە تەقەیان لە خۆپیشان دەران کرد"بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:أ- ئاوێنـە، ئـەو ئەفسـەرەی بڕیاری تەقەکردنیدا لە خۆپیشان دەرانـی کـەرکوك بـەرەو بەغـدا هـەڵهات.هەفتەنامـەی ئاوێنـە، ژمارە(١٣٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل١و٣.

b_http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3118

بەلاّم یەکێك لە گیراوە دەستگیر کراوەکان بەناوی(زیاد سوبحی محەمەد)لە دایك بووی١٩٨٧، پاسەوان لە کۆمپانیای حەیات بۆ پاسەوانی لە بارەگا سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی دانی نا بە تەقەکردن لـە خۆپیشان دەران لە سەر داوای بەرپرسی کۆمپانیاکە(مقدم عماد)بووە، لـە دان پیانانەکـەدا دەڵێـت "مقدم عماد پێی ووتین کە تەقینەوە بوو یەکسەر تەقە بکەن"، ئەمەش جگە لەوەی کە خۆیان بـەر پرس دەکات بە تەقە کردن لە خۆپیشان دەران، بەڵکو لـە دان پێدانانەکـەدا ئـەوەش دەسـەلمێت کـە تەقینەوەکەش بە ئاگاداری ئەوان کراوە و خۆیان بەرپرسی تەقینەوەکەشن، بەلاّم ڕێی تێ دەچێت کـە ئازاد کردنیان بڕیاری ڕامیاری بێت. بۆ بینینی دان پێدانانی زیاد سوبحی بڕوانە:

http://www.youtube.com/watch?v=GTzikrbhiNY

[١] - عومەر غەریب،لافیتەی خوێناوی کەرکوکیەکان هەر بە بەرزی شەکایەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٣٦)، ٢٩تەمووزی٢٠٠٨.ل١.

[٢] - محەمەد زەنگەنە، ٢٤ ئەندامی ئەنجوومەن داوا دەکەن کەرکوك بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٩٢٧)، لە ١ی ئابی٢٠٠٨، ل١.

## خشتەی ژمارە(٤٤)
## مامەڵەی هاتووو ڕۆیشتووەکان تا(١ی نیسانی٢٠٠٨*)

| نوسینگە | ژمارەی فۆرمی دابەش کراو | | ژمارەی فۆرمی گەڕاوە | | ژمارەی فۆرمی تەواوکراو لەلایەن نوسینگەکان و نێردراون بۆ لیژنەی گەڕان بە شوێن ڕاستیەکان | | ژمارەی ئەو فۆڕمانەی کە گەڕێنراوە لە لایەن لیژنەی گەڕان بە شوێن ڕاسیتەکان و مەرجەکانیان تیا نیە و گەڕێندراونەتەوە بۆ نوسینگەکان | | ژمارە فۆڕمە تەواو بووەکان لە لایەن لیژنەی گەڕان بە شوێن ڕاستیەکان و نێردراوە بۆ سکرتاریەت و ژمارەی چەکە تەواو بووەکان لە لایەن لیژنەی داراییەوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاتو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو | هاتوو | ڕاگوێزراو |
| کەرکوك و دەوروبەری | ٣٠٠٠٠ | ٨٠٠٠٠ | ٢٤٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | ١٨٠٠٠ | ١٤٥٠٠ | 2500 | 761 | 10700 | 14500 |
| شەنگار(خۆرئاوای دیجلە) | ١٠٠٠٠ | ٦٥٠٠٠ | – | ٢٠٠٠٠ | – | ٨١٠٠ | - | - | - | 18200 |
| خانەقین و دەوروبەری | ١٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ١٣٠٠ | ١٢٤٥٠ | ٢٠٠٠ | ٨٦٠٠ | 50 | 443 | 1600 | 9100 |
| مەخمور(کەندنیاوە ، قەراج، گوێڕ) | ١٢٠٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | – | ١٥٠٠٠ | – | ١٠٥٢٦ | - | - | - | 10526 |
| سەرجەم | ٦٠٠٠٠ | ١٩٠٠٠٠ | ٢٥٣٠٠ | ٩٧٤٥٠ | ١٩٠٠٠ | ٤٧٣٢٦ | 2550 | 1204 | 9000 | 40701 |

* - وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەبێ ناونیشان، بە بێ شوێن و ساڵی چاپ، ڕاپۆرتی بلاۆنەکراوە، بە بێ ژ.ل.

پاش گەڕاندنەوەی پـڕۆژە یاسـای هەڵبـژرادنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـانی بـۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بـۆ هـەموار کردنـەوەی. سـەرئەنجام بـە ژمـارە(٢٨)، لـە بەرواری(٨ی ئۆکتۆبەری٢٠٠٨)ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمـار پـڕۆژە هـەموار کراوەکەی(پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان[*])ی پەسەندکرد.

ئەوەی تایبەت بوو بە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان خاڵی(٢٣)ی ئەو پڕۆژە یاسایە بووکە لە بڕگەکانیدا هاتووە: خاڵی یەکەم:"هەڵبژاردنی پارێزگـای کەرکوك و قەزاو ناحیـەکانی دەوروبـەری ئـەنجام دەدرێ لـە پـاش دابەشـکردنی دەسەلاٌتی کـارگێڕی و ئاسـایش و کاروبـارە گشـتییەکان بـە پۆسـتی سـەرۆکی ئەنجومـەنی پارێزگـاو جێگـری پارێزگـا بەڕێـژەی یەکسـان لـەنێوان پێکهاتـە سەرەکییەکان[**]. پێکهاتـەی زۆرینـەی ئەنجومـەنی پارێزگـا مـافی هەڵبـژرادنی یەکێك لە سێ پۆستی پارێزگارو جێگـری پارێزگـار و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی پارێزگای هەیە.

[*] – بریتی بوو لەو پڕۆژە یاسایەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ئامادە کراو و پاشـان دەنگـی لەسـەر درا... پـڕۆژە یاسـاکە لـە(٥٢)بڕگـە پێکهـاتبوو کـە چـۆنیەتی میکـانیزمی هەڵبـژاردنی پارێزگاکانی عێراقی دیاری کردبوو. ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماریش لـە(٨ی تشـرینی یەکـەمی ٢٠٠٨)پڕۆژەکەی پەسەند کرد... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=6249&type=documents

[**] – بیرۆکەی دابەش کردنی پۆستەکان لەپارێزگای کـەرکوك دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەنجومـەنی عێراقـی عـەرەبی کـەرکوك، لـە پرۆژەیەکیانـدا بـەناوی(پـڕۆژەی پارێزگـای کـەرکوك(دۆخـی تایبـەت)لـە بەرواری٢٩ی تشرینی دووەمی٢٠٠٧، چەندین بیرۆکەیان خسـتۆتە ڕوو، وەك لـە خـاڵی٢ی سسـتمی کارگێڕی ئاماژەیان پێکردووە کە دابەش کردنی هەرسێ پۆستەکە لە نێوان هەر سێ پێکهاتەکەدا بە جۆرێك هەر پۆستێك بۆ هەر پێکهاتەیەك بۆ ماوەی٢ ساڵ لە ماوەی شەش ساڵدا و هەر پۆستێك بـۆ هەر نەتەوەییەك لە هەر خولێکی هەڵبژرادن لە ماوەی سێ خولی هەڵبژاردن لە مـاوەی١٢ سـاڵ، وە لە خاڵی سێی هەمان بابەت دا هاتووە: دابەش کردنی پۆستەکان بۆ هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە بـە ڕێژەی(١٣)ئەندام، و دوو ئەندام و بۆ پێکهاتەکانی دی...لە خاڵی٦ی هەمان بابەت دا هاتوە کە: أ- دابەش کردنی پۆسـت و فەرمانـە کارگێڕییـەکان(الوظـائف الأداریـة)بـە ڕێـژەی(٣٢٪)وە(٤٪)بـۆ پێکهاتە عێراقییەکانی تر...جگە لەوەی کە کەرکوك بە شارێکی کوردسـتانی نـازانن.. بـۆ زانیـاری زیاتر بڕوانە، المجلس العراقي العربي، مشروع محافظة کرکوك(وضع خـاص)، ٢٠٠٧، ل(١-٢)، غـیر منشور.

دووەم: دروست کردنی لیژنەیەك کە پێکهاتبێت لە دوو نوێنەری هەر پێکهاتەیەك لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکانی پارێزگای کەرکوك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بن دوو نوێنەربۆ هەریەکێك لەو سێ پێکهاتەیە لە ئەنجومەن و نوێنەرێك لە پێکهاتەی مەسیحی هەڵدەبژێردرێن تا(١ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨)[*] پشتگیری لە لیژنەکە دەکەن بە یارمەتی دوو پسپۆڕ لە هەر پێکهاتەیەك و نوێنەری هەر گروپێکی پەرلەمانی و وەزارەتی هاوپەیوەند بە ڕاوێژو سەرنج پێدانی جگە لە یارمەتی هونەری لە نەتەوەیەکگرتووەکان و دەبێت بڕیارەکانیان بە ڕێکەوتن بێت و بە جۆرێك بێت کە کاری لیژنەکە پێچەوانەی هیچ ماددەیەکی دەستووری عێراقی نەبێت کە پەیوەندیی بە کەرکوکەوە هەیە و لیژنەکە هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکە بە ئەنجومەنی نوێنەران لە سەر ئەم کارانەی خوارەوە:

أ- چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوك وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە.

ب- دیاری کردنی زیادەڕۆیی لەسەر موڵکی گشتی و تایبەتی پارێزگای کەرکوك پێش و پاش(٩ی نیسانی ٢٠٠٣)و حکومەتی عێراقی هەڵدەستێت بە ڕاست کردنەوەی ئەو زیادە ڕۆییانە بە یاسایەك کە چارەسەری هەموو زیادە ڕۆییەکی سەرجەمی عێراقی پێ بکرێت.

ت- پیاچوونەوەو پشکنینی سەرجەم داتاکان و تۆمارەکانی پەیوەست بە بارودۆخی دانیشتوان بە تۆماری دەنگدەرانیشەوە و پێشکەش کردنی ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەکە ڕێکەوتوون لە سەری بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە پێ ی ئەو ئەنجامەی کە پێی گەیشتوون.

پ- لیژنەکە ڕاپۆرتەکەیان پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەن لە بەرواری(٣١ی ئازاری٢٠٠٩)تێ پەڕنەکات، ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەستێت بە بەدوا داچوون و گەرەنتی کردنی کاری لیژنەکە.

سێیەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەنجام دەدرێت پاش ئەوەی لیژنەکە ئەو پێشنیارانەی کە پێی گەیشتوەو پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی

---

[*] - لیژنەکە لە (١ی تشرینی دووەمی٢٠٠٨- ١ی حوزەیرانی٢٠٠٩)دەست بەکار بوو، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك.

دەكات و پاش ئەوەی كەئەنجومەن لەسەر ئـەو پێشـنیارانە یاسـای تایبـەتی بـۆ دادەڕێژێت بۆ خولێكی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك.

چوارەم: هەردوو حكومەتی فیدراڵی و ناوخۆیی لـە كـەركوك هەڵدەسـتن بـە پێشكەش كردنی هەموو پێداویستییەكان بۆئەنجام دانی كارەكـانی لیژنەكـە بـە پێی دەستور.

پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكی ئێستا لەكارەكانی بەردەوام دەبێت بە پێـی یاسـاكانی بڕیـار لـێ دراو پـێش دەرچـوونی یاسـای ژمـارە(٢١)ی ساڵی(٢٠٠٨)و بارودۆخی كەركوك وەك خۆی دەمێنێتەوە وەك چۆن لە دەسـتوردا ئاماژەی پێكراوە هەتا كاتی ئەنجام دانی هەڵبژاردن تیایدا.

شەشـەم: بـەردەوامی بڕیارەكـانی بڕگـەی دووەم لـە مـادەی(٥٥)ی یاسـای ژمارە(٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك.

حەوتەم: لە حاڵەتێكدا ئەگەر لیژنەكە نەگەیشتنە ئـەنجامێك تـا پێشكەشـی ئەنجومەنی نیشتمانی بكەن، ئەوا ئەنجومەن یاسـایەكی تایبـەت دەردەكـات بـۆ هەڵبژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـای كـەركوك، ئەگـەر ئەمـەش سـەری نـەگرت ئـەوا(ئەنجومـەنی سـەرۆكایەتی و سـەرۆك وەزیـر و سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی نوێنەران)و بە هاوكاری نێودەوڵەتی بەهۆی نەتەوە یەكگرتووەكان مەرجی گونجاو دیاری دەكەن بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن لەكەركوك.

هـەموو ئـەم بەربەسـتە ڕامیـاری و دەسـتورییانە بـۆ شكسـت پێهێنـانی هەنگاوەكانی جێ بە جێ كردنی مادەی١٤٠ بە هەموو بڕگەكانیەوە، بەتایبـەتی ئاسەواری تەعریب كردن لە سەرجەم ناوچـە دابڕاوەكـان بـە گشـتی و پارێزگـای كەركوك بەتایبەتی، ئەگەر ژمارەی فەرمان بەران وەربگرین لە داموو دەزگاكانی حكومەت دا رادە و كاریگەری ئاسەواری تەعریب كردنمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە لـە ئێستادا. بۆ زانینی ڕێژەی فەرمان بـەرانی پارێزگـای كـەركوك بڕوانـە خشـتەی ژمارە(٤٥).

## خشتەی ژمارە(٤٥)
## ڕێژەی بەڕێوەبەرو فەرمانبەری پارێزگای کەرکوك
## بە پێی پێکهاتەی نەتەوەییی*

| ناونیشان | کۆی گشتی | کورد | | عەرەب | | تورکمان | | کلدو ئاشور | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە(٪)** | ژمارە | ڕێژە(٪) | ژمارە | ڕێژە(٪) | ژمارە | ڕێژە(٪ |
| فەرمان | ٤٨٨٦٧ | ٩٠٨٥ | ٥٢,١٨ | ٢٧٨٢٦ | ٩٤,٥٦ | ١١١٥٢ | ٢٢,٨٢ | ٨٠٤ | ٦٥,١ |
| بەڕێوەبەر | ١٢٥ | ٦٣ | ٤٠,٥٠ | ٢٢ | ٦٠,١٧ | ٣٧ | ٦٠,٢٩ | ٣ | ٤٠,٢ |

**ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە(٤٥)بکەین دەبینین سەرجەمی ڕێژەی فەرمانبەرو بەڕێوەبەرانی نەتەوەی کورد لە پارێزگای کەرکوك تەنها(١٨,٦٧٪)ی سەرجەمی فەرمان بەران و بەڕێوەبەرانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، بەلاّم ڕێژەی فەرمان بەران و بەڕێوەبەرانی نەتەوەی عەرەب(٧٧,٢٧٪)ە، هەرچی تورکمانەکانیشن ڕێژەکەیان (٢٢,٨٣٪)ە،ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لە ڕێژەی فەرمانبەرانی کەمایەتیەکانی کلدو ئاشوری، ئەگەر سەرنج بدەین، تەنانەت ڕێژەی فەرمانبەران و بەڕێوەبەرانی نەتەوەی کورد(٤,١٦٪)ی لە فەرمانبەرانی تورکمانیش کەمترە.**

---

* - لیژنەی مادەی١٤٠ی مەڵبەندی(٢)یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەبێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بە بێ ژمارەی لاپەڕە.

** - ڕێژەی فەرمان بەرەکان هەڵەن، ڕێژەکان بەم جۆرەن(١٨,٦و٥٦,٩٤و٢٢,٨٢و١,٦٤)، توێژەر.

له کۆتایی مـانگی تشـرینی یەکـەم، سـەرۆکی هـەرێم و سـەرۆك وەزیرانـی عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی چارە سەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بڕیاریان دا بە دروست کردنی(٥)لیژنە، لە بوارەکانی (شێوازی فەرمان ڕەوایی لە عێراق، سوپاو ئاسایش، نەوت و دارایی، ناوچە دابڕاوەکـان، ڕامیـاری دەرەوەی عێراقی....*لە(١٥ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٨)ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو کۆمـاری عێـراق ڕێککەوتننامەیـەکیان واژۆکـرد بەمەبەسـتی کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق و ڕێکخسـتنی چـالاکیان لە ماوەی مانەوەی کاتییان لە عێراقدا.**

لـە بـەرواری(٣١ی کـانونی دووەمـی٢٠٠٩)لـە(١٤)پارێزگـای عێـراق دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا جگە لـە پارێزگـای کـەرکوك(لـە ناوچە دابڕاوەکان)و هەرسێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەم جارە ژمارەی کورسییەکانی لیستە کوردییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پاشە کشـەدابوو، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە(٤٦)، ئـەویش بـەهۆی بەشـداری چـالاکی لیستەکانی عەرەبە سونییەکان لە هەڵبژاردنـەکان و هەڵـەو کـەم کوڕییـەکانی لیستی کوردستانی...

---

* - دەبوایە کاری پێنج لیژنەکە لە(١٥ی تشـرینی دووەمـی٢٠٠٨)تـەواو ببوایـە و ڕاپۆرتیـان بـۆ سەرانی پارتە ڕامیارییەکان بەرزبکردایەتەوە، بەڵام کارەکانیان بە بن بەست گەیشتوە...
http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=14496&cat=1&title=

** - ئەم ڕێکەوتنەلە(١٥ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٨)لە بەغدا واژۆ کـرا لەلایـەن هۆشـیار زێبـاری وەزیری دەرەوەو ڕایان کرۆکەر باڵیۆزی وولایەتە یـەکگرتووەکان لـە عێـراق، ڕێکەوتنەکـە سـەبارەت بەدیاری کردنی دوا وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بوو لە عێـراق دا، سـەرجەمی بەنـدەکانی لە٣٠ خاڵ پێکهاتبوو، ڕێکەوتنەکە لە١ی کانونی دووەمی٢٠٠٩ دەچووە بواری جێ بەجێ کردنەوە تا سێ ساڵی ئایندە(٢٠١١)بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقـدا کۆتـایی پـێ دەهـات. بـۆ زانیاری زیاتری بەندەکانی ڕێکەوتنەکـە بڕوانـە: أ- اتفـاق بـين جمهوريـة العـراق والولايـات المتحـدة الاميريكية بشان انسحاب قوات الولايات المتحدة من العراق و تنظيم انشطتها خلال وجوددها المؤقت فيه.

http://www.asoxandan.com/Direjeraport.asp?Babet=Tawara&Jimare=5

ب- تایبەت ، دەقی ڕێکەوتنامەی نێوان عێـراق و ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمـەریکا لـە بـارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ڕێکخستنی چالاکییەکانیان لە ماوەی مانەوەی کاتیدا، ڕۆژنامـەی ئاسۆ، ژمارە٨٥٨، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ ،ل٤.

دی مەستورا لە (٢٢ی نیسانی٢٠٠٩)ڕاپۆرتی دووەمی پێشکەشی سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێم کرد.

لە(٣٠ی حوزەیرانی٢٠٠٩)سەرجەم هێزەکانی فرەنتەوە لە شارەکانی عێراق کشانەوەو کۆتاییان بە فرمانەکانیان هێنا.

بەڵاّم پاش تێ پەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەو ماوەیەیدا نەتوانرا مادەکە جێ بە جێ بکرێت*، نەك هەرئەوە بەڵکو پاش تێ پەڕینی زیاتر لە دووساڵ و دە مانگ تا ئێستا قۆناغی یەکەمی مادەی١٤٠جێ بەجێ نەکراوە کە دەبوو لە(٢٩ی ئازاری٢٠٠٧)ئەم قۆناغە جێ بە جێ بکرایە.

ئەگەرلە خشتەی ژمارە(٤٦)بڕوانین دەبینین بەردەوام ژمارەی کورسیەکانی لیستە کوردییەکان لە ناوچە دابڕاوەکان لە کەم بوونەوەدایە، بۆنمونە لە ساڵی٢٠٠٥دا ژمارەی کورسی لیستەکوردییەکان لە پارێزگای نەینەوا(٣١)کورسی بووە،(٧٥,٦٪)ی سەرجەمی کورسیەکانی پارێزگای نەینەوایان پێکهێناوە، بەڵاّم لە ساڵی ٢٠٠٩دا ژمارەکە دەبێت بە(١٢)کورسی و ڕێژەکەشی دەبێت بەتەنها(٣٢٪)ی سەرجەمی کورسی پارێزگاکە،لە پارێزگای سەلاحەدینیش ڕێژەکان لە هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لەنێوان ساڵی٢٠٠٥-٢٠٠٩ بەجۆرەیە(١٩,٥٪)(٧,١٪)...بێگومان هۆکاری کەم بوونەوەی دەنگ و کورسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ بەشداری چالاکی عەرەبە سونییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لە ساڵی٢٠٠٩ و کەمتەرخەمی لیستە کوردیەکان لە خزمەت کردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەو ململانێی پارتایەتی...

* - ڕاستە مادەکە جێ بەجێ نەکراوە بەڵاّم یەکێك لە سوودەکانی ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاّتی ئاوارە(کورد، تورکمان...)بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ژمارەیەکیش هاوردەی عەرەب بچنەوە شوێنی پێشووی خۆیان ،بۆ نموونە تەنها لە پارێزگای کەرکوك لە سەرەتای پرۆسەوە تا ئێستا نزیکەی(٥٣٤٢٠) هەزارخێزانی ئاوارە گەڕاونەتەوە کە ژمارەیان٢٣٧٣٢٠ کەس دەبێت، و (٩٨٧٠)خێزانی عەرەبیش گەڕاونەتەوە شوێنی پێشووی خۆیان کە ژمارەیان(٧٥٧٠٠)کەس دەبێت: ڕاپۆرتێکی بلاّو نەکراوەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی شاری کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە بێ ژمارەی لاپەڕە.

## خشتەی ژمارە(٤٦)
## کورسیەکانی لیستی هاوپەیمانی لەنێوان هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان*

| پارێزگا | سەرجەمی ژمارەی کورسی لە پارێزگاکە لە (٢٠٠٥) | سەرجەمی ژمارەی کورسی لە پارێزگاکە لە (٢٠٠٩) | ژمارەی دەنگی لیستی هاوپەیمانی لە ساڵی (٢٠٠٩) | ژمارەی کوردسی لیستی هاوپەیمان لە ٢٠٠٥ | ژمارەی کورسی لیستی هاوپەیمانی لە٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| نەینەوا | ٤١ | ٣٧ | ٢٧٣٤٥٨<br>٤٦٠٩** | ٣١ | ١٢*** |
| سەلاحەدین | ٤١ | ٢٨ | ١٧٦٥١ | ٨ | ٢ |
| دیالا | ٤١ | ٢٩ | ٦٢٢١٩ | ٧ | ٦ |
| واست | ٤١ | ٢٨ | ٣٩٦١٩٧٣**** | - | - |
| کەرکوک | ٤١ | نەکراوە | | ٢٦ | نەگۆڕاوە |
| سەرجەم | ٢٠٥ | | | ٧٢ | ٤٦ |

* - ڕێژەکان دەرئەنجامن، بۆزانیاری زیاتر لەسەر دەنگی ئەو پارێزگایانە بڕوانە :
ا-http://www.ihec.iq/content/file/Election_results/Winning_over_and_no.pdf

** - ڕێژەکان دەرئەنجامن، بۆزانیار زیاتر لەسەر دەنگی ئەو پارێزگایانە بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشو.

*** - بۆزانینی زیاتری هۆکاری شکستی لیستی برایەتی نەینەوا بڕوانە:سعود هاشم،"گەندەڵی هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنی لیستی نەینەوا بووە: ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٥١٦)، ١٥ی نیسانی٢٠٠٩،ل٤.

**** - لیستی (بزوتنەوەی برایەتی کوردی فەیلی عێراقی).

**پاش گرتنــە دەســتی دەســەڵات لەلایــەن لیســتی حــەدباوە، دابــەش کردنــی پۆستەکان بەسەرئەندامانی لیستی حەدبا، لیستی برایەتی تووشی شـۆك کـرد[1] ، کێشە لەنێوان لیستی برایــەتی و لیســتی حــەدبا دروســت بــوو، تــا کارگەیشــە بایکۆت کردنی١٦یەکەی کارگێڕی لــە پارێزگــای نەینــەوا لەگــەڵ ئیــدارە نــوێ یەکەی موسڵ.[2]**

**نوسینگە کەرکوکی مادەی١٤٠لە بەرواری١٦ی حوزەیرانی٢٠٠٩ نوســراوێکی فەرمی ئاراستەی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی مادەکەی کــردووە لــە بەغــداد، روون کردنەوەیان لە سەر کارەکانی نوسینگەکە و لیژنە فەرعیيەکان داوە لەماوە سێ ساڵی ڕابووردوودا[3] ، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٧) حکومەتی هــەرێم بــەردەوام بوو لە پێشکەش کردنی کۆمەك بەناوچە دابڕاوەکان، بۆ نموونە وەزارەتــی هــەرێم بۆکاروبــاری دارایــی و ئــابوری لــە بــەرواری٦ی تــەمووزی ٢٠٠٩بــە بڕیــاری ١٨٣٩بڕیاری تەرخان کردنی (٥٠٠)هەزار دۆلاری دا بۆ جێ بەجێ کردنی چــەند پڕۆژەیەك لە دووز و قزربات وسەعدیەو جەلەولا و قەرەتەپە وجەبارە[4] .**

**پاش بچڕانی پەیوەندیی نێوان سەرۆکی هەرێم و نوری مالکی بۆ ماوەی زیــاد لــە ســاڵێك[5] ، لــە ســەر بانگهێشــتی ســەرۆك کۆمــار، نــوری مــالکی لــە(٢ی ئابی٢٠٠٩)بە سەردانێك گەیشتە سلێمانی؟!، پاشان گفتوگۆ لە نێوان بەرپرســە کوردەکان و مالکی دەستی پێکرد لە ســەر پرســە هەڵواســراوەکانی وەك ناوچــە دابڕاوەکان و پێشمەرگە ویاسای نەوت و گاز، پاشتر بڕیار لە سەر دروست کردنــی چــەند لیژنەیــەك درا لەگــەڵ دیــاری کردنــی ســەقفێکی زەمــەنی بــۆ کــاری لیژنەکان...[6]**

1-637_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14241&LinkID=66

2-638http://www.xebat.net/article.php?id=25811

3_http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hemereng&jimare=706

4_http://www.pukmedia.com/News/31-08-2009/news36.html

5_http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&article=530008&issueno=11204

6-_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19299&cat=1

## خشتەی ژمارە(٤٧)
## مامەڵەی ئاوارەو هاوردەکان لە پارێزگای کەرکوک

| مامەڵە | ئاوارەی کورد | | عەرەبی هاوردە | | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| | نوسینگە ی کەرکوک | لیژنەی فەرعی کەرکوک | نوسینگە ی کەرکوک | لیژنەی فەرعی کەرکوک | |
| ژمارەی ئەو مامەڵەی وەرگیراون لە لایەن نوسینکەی کەرکوك، ڕەوانەکراون بۆ لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستیەکان. | ٤٨٨٩٤ | ٩٢٣٢٠ | ١٩٥٩٩ | ٢٨٠٠٠ | ١٨٨٨١٣ |
| ژمارەی ئەو مامەلانەی لە نوسینگەی کەرکوك ماونەتەوە و کارەکانیان تەواو نەکراوە. | ٤٣٤٢٦ | | ٨٤٠١ | | ٥١٨٢٧ |
| ژمارەی مامەڵەی ڕەوانەکراو لە لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستیەکانەوە بۆ لیژنەی دارایی. | ٣٩٥٠٣ | | ١٧٣١١ | | ٥٦٨١٤ |
| ژمارەی مامەڵەی گەڕاوە لە لیژنەی بەدوادا چوونی ڕاستیەکانەوە بۆ نوسینگەی کەرکوك بە هۆی بوونی هەڵە تیایاندا. | ٧٦٩١ | | ٢٢٨٢ | | ٩٩٧٣ |
| ژمارەی ئەو مامەلانەی کە لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستیەکان کاری لە سەر دەکەن. | ١٧٠٠ | | ٠ | | ١٧٠٠ |
| چەکی ئامادە کراو لەلایەن لیژنەی دارایی. | ١٤٩٠٩ | | ٩٢٧١ | | ٢٤١٨٠ |
| چەکی ماوە لە لای لیژنەی دارایی. | ٢٤٥٨٨ | | ٧٨٩٧ | | ٣٢٤٨٥ |
| چەکی قەرەبووی دابەش کراو لەلایەن نووسینگەی کەرکوك. | ١٣٨٤٤ | | ٨٤٠٩ | | ٢٢٢٥٣ |
| چەکی گەڕاوە لە نوسینگەی کەرکوك بۆ لیژنەی دارایی. | ١٠٢٥ | | ٨٦٢ | | ١٨٨٧ |

نوری مالکی لە بەیاننامەیەکدا لـە ئـابی٢٠٠٩ دا ڕایگەیانـد، کـە ئـەوەی پەیوەست بێت بە حکومەتەکەیەوە سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ، ئەنجام دراوە لە پێکهێنانی لیژنەو تەرخان کردنی پارە بۆی، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار و

پەرلەمان و دەڵێت:" کێشەی دەستنیشان کردنی سنووری پارێزگا جێناکۆکەکان لە بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراقەو ئەو ئەنجومەنەش ئاماژەی بەوە داوە، کە بە هۆی نەبوونی تەوافقەوە لە نێوان ئەندامەکانیدا ناتوانێت پێشنیاز بکات بۆ دیاری کردنی ئەو سنوورانە".[١]

هەروەها ئۆفیسی خانەقینی لیژنەی مادەی١٤٠، تا مانگی ئابی٢٠٠٩،(١١٢٥٠)چەکی قەرەبووی بەسەر عەرەبە هاوردە و کوردە ئاوارەکاندا دابەش کردووە[*].

لە ڕاپرسیەکی دەستەی نەزاهەی عێراق دا، پارێزگای کەرکوك پلەی یەکەمی وەرگرت لە ڕیزبەندی ئەو پارێزگایانەی کە زۆرترین گەندەڵی تیایدا بلاوە.[٢]

ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی سی و دووەمینی خۆیدا بڕیاری دا، سەرژمێری لە وادەی دیاری کراوی خۆی لە عێراق نەکرێت و حکومەتی هەرێم-یش داوای پاش گەز بوونەوەی لەو بڕیارە کردو بە بڕیارێکی ڕامیاری ناوبرد[٣].

لە بڕیاری ژمارە(٧)، لە بەرواری ٦ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٩، لیژنەی بالای مادەی١٤٠ بڕیاری کردنەوەی چوار نوسینگەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دا بۆ پارێزگاکانی(بەسرە،بابل، میسان،واست).[٤]

لە ٢٥ی تەمووزی٢٠٠٩دا پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم، لیستی کوردستانی پێکهاتبوو لە( ی. ن.ك و پ. د. ك)توانی٥٩کورسی پەرلەمانی لە کۆی١١١کورسی بەدەست بهێنی، بەمەش چانسی دروست کردنی حکومەتیان بەرکەوت، هەروەها مسعود بارزانی-یش ڕێژەی(٧٠٪)ی دەنگە کانی بەدەست

---

[١] - هەستیار قادر،وەزیرێکی کورد، بەدەگمەن لەئەنجومەنی وەزیراندا باس لەکەرکوك کراوە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٥٣٠، ١١ی ئابی٢٠٠٩، ل١.

[*] - لە کۆی١٧٥٦٧خێزانی ئاوارەی کورد١٠١٤١خێزان چەکی قەرەبوویان وەرگرتووە، لەکۆی٦٢٠خێزانی عەرەب ١١٠خێزانیان چەکی قەرەبووکردنەوەیان وەرگرتووە.بۆزانیاری زیاتربڕوانە :
http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15080&LinkID=66

644_a_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14567&LinkID=66

b_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19556&cat=1

645_http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=2197

646_http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=406

هێنا، بۆ خولێکی دیکە بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرایەوە[1]، پاشتریش دکتۆر بەرهەم لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ.

دواتر ڕێکەوتن کرا لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی یەکگرتو و هێزەکانی ئەمەریکا بە بڵاوەپێکردنی هێزی هاوبەش لە ناوچە جێ ناکۆکەکان.[2]

پاش زیاتر لە مانگێك لە کێشمەکێشی نوێنەری پارتە کوردییەکان لە گەڵ ئەندامەکانی تری ئەنجومەنی نوێنەران،لە(٨ی تشرینی دووەمی٢٠٠٩) پڕۆژە یاسای هەڵبژاردن پەسەند کرا بڕیار درا لە پارێزگای کەرکوکیش بە پێی دوا ئاماری وەزارەتی بازرگانی دەبێت، بەلاّم تایبەت مەندی درا بە پارێزگای کەرکوك، بۆ نموونە بە پێی خاڵی سێ ی مادەی٦ی یاساکە، ئەنجوومەنی نوێنەران لیژنەیەك پێکدەهێنێت بۆ پێداچوونەوە بە هەڵەی ئەو زیادانەی کە لە تۆماری دەنگ داندا ڕوویان داوە، هەروەها لە خاڵی چوارەم دا هاتوە"ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك یان هەر پارێزگایەکی تر کە گومان لە تۆماری دەنگدەرانیدا هەیە تا ئەو کاتەی کاری وردبینی کردن لە تۆماری دەنگدەرانەکەیدا تەواو نەبێت، بە ئەنجامی کۆتا دانانرێت و ناشکرێتە بنەما بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە داهاتوودا و(ناشبێت)بە پێشینەیەك بۆ هەر بارودۆخێکی سیاسی یان ئیداری(لەو پارێزگایانەدا)[3].

پاش ئەوەی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار پڕۆژە یاساکەی ڤیتۆکرد[*]، جارێکی تر گەڕێنرایەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، پاش ململانێیەکی توندی ئەندامە کوردەکان لەگەڵ لیستەکانی تری ناو ئەنجومەن، سەرئەنجام دەنگیان بۆ پرۆژە یاساکە دا(جگە لە چەند ئەندامێکی لیستی یەکگرتوی ئیسلامی و چەند

---

[1] - تەها عەبدولاّ، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژرادنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە٤٩٤٥، ٩ی ئابی ٢٠٠٩، ل٣.

648_http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=2371

[3] - ئەنجومەنی نوێنەران،دەقی یاسایی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، و.هێرش ناميق، ڕۆژنامەی ئاسۆ،ژمارە(١٠٩٥)،١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩،ل٥.

[*] - هاشمی پرۆژە یاساکەی ڤیتۆکرد بە بیانوی ئەوەی یاساکە کەم و کوڕی تێدایە و هەروەها ڕێژەی(٥٪)ی کورسیەکان بۆ ئاوارەو کەمایەتیەکان ڕێژەیەکی کەمە، پێشنیاری کرد بکرێت بە(١٥٪).. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.iraqsunnews.com/modules.php?name=News&file=article&sid=9697

ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی)، لە پاش پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و جێگرەکەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، سەرئەنجام لە٦ی کانوونی دووەمی[*] ٢٠٠٩ پرۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی نیشتمانی تێپەڕێندرا[**]، و سەرۆکایەتی کۆماریش لە٩ی مانگ پرۆژە یاساکەی پەسەند کرد[***].

---

[*] - سەرۆکی وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و جێگرەکەی چەندین جار پەیوەندیان بە سەرۆکی هەرێمەوە کرد بۆ تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکان، لەبەرامبەریشدا سەرۆکی هەرێم داوای زەمانەتی کرد لە کۆشکی سپی، چ بە نوسراو بێت یان بە ڕاگەیەندراو بێت، سەر ئەنجام لە٧ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٩، کۆشکی سپی لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا پشتگیری لە مادەی١٤٠ و مادەی ١٤٢ی دەستوری عێراقی کرد: بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی نێوان سەرۆك ئۆباما و سەرۆك بارزانی و بەیاننامەکەی کۆشکی سپی بڕوانە:

a_http://www.whitehouse.gov/the_press_office/Remarks-by-the-Vice-President-at-a-joint-statement-to-the-press-

b_ http://www.whitehouse.gov/the-press-office/statement-press-secretary-passage-iraqs-revised-election-law

[**] - لە بەرواری٦ی کانوونی دووەم پرۆژە یاساکە تێ پەڕێندرا لە ئەنجومەنی نوێنەران کە لە سێ خاڵ پێکهاتبوو، لە خاڵی یەکەم دا بڕیار درا لە بەر نەزانینی دروستی ڕێژەی دانیشتوان لە سەر ئاماری فەرمی ساڵی٢٠٠٥ی وەزارەتی بازرگانی، ژمارەی دانیشتوان هەژمار بکرێت لەگەڵ ڕەچاو کردنی ڕێژەی (٢,٥٪)زیاد بوونی دانیشتوان بۆ هەر پارێزگایەك و بڕیار درا ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت بە (٣٢٥)کورسی. لە خاڵی دووەم دا بڕیار درا ژمارەی کورسیەکانی پارێزگاکان(٣١٠)کورسی بێت لەگەڵ(١٥)کورسی بۆ قەرەبوو. لە خاڵی سێیەم دا بەم جۆرە کورسیەکان بە سەر پارێزگاکاندا دابەش کرابوو: بەغداد(٦٨)، نەینەوا(٣١)، بەسرە(٢٤)،زیقار(١٨)، بابل(١٦)، سلێمانی(١٧)، ئەنبار(١٤)، هەولێر(١٤)، دیالە(١٣)، کەرکوك(١٢)، سەلاحەدین(١٢)، نەجەف(١٢)، واست(١١)، قادسیە(١١)، میسان(١٠)، دهۆك(١٠)، کەربەلا(١٠)، موسەننا(٧). بۆزانیاری زیاتر لە سەر پرۆژە یاساکە بڕوانە:

http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba46s7a98das6dasda7das4da6sd8asdsawewqeqw465e4qweq4wq6e4qw8eqwe4qw6eqwe4sadkj&file=showdetails&sid=3363

[***] - ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە بەرواری٩ی کانوونی دووەمی٢٠٠٩، پرۆژە یاساکەیان پەسەند کرد لە ٨ مادە پێك هاتبوو، لە مادەی شەشەمدا لە خاڵی یەکەم دا هاتوە هەڵبژاردن لە کەرکوك و ئەو پارێزگایانەدا دەکرێت کە گومان لە فۆڕمی دەنگدەران دەکرێت، هەروەها لە خاڵی چوارەمی هەمان مادەدا هاتووە ئەنجامی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوك و هیچ پارێزگایەکی تری جێی گومان هەژمار ناکرێت وەك بنەما بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئاینده یان ڕابووردوو لە هیچ لایەنێکی ڕامیاری و کارگێڕی. تا پرۆسەی ووردبینی ئەنجام نەدرێت... بۆزانیاری زیاتر لە سەر مادەکانی یاسای هەڵبژاردن بڕوانە :

http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=8324&type=documents

# بەشی چوارەم

## هۆکارەکانی بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە رامیاری و دەستورییەکان لە ناوچە دابڕاوەکاندا

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو هۆکارانەی کە بەر بەست بوون لە بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوریەکان بۆ ناوچە دابڕاوەکان، لە هەردوو قۆناغی پێش پرۆسەی ڕزگاری عێراق و پاش پرۆسەی ڕزگای عێراق، هەروەها هەڵوێستی هەریەکە لە حکومەتە عێراقیەکان دەست نیشان دەکەین و پاشان تیشك دەخەینە سەر هەڵوێستی وولاّتانی تری هەرێمی و نێودەوڵەتی... ئاماژە بە هەڵوێستی نەرێنیان دەکەین بە رامبەر دۆزی گەلی کورد، جگە لەوە کە هەڵوێستی گەلی کورد و سەرکردایەتی و پارت و حکومەتی کوردی لە مانەوە و چارەسەر نەکردنی ئەم پرسە دەخەینە ڕوو. ئەم بەشە دابەش دەکەین بۆ دوو باس کە بریتین لە:

## باسی یەکەم
## هۆکارەکانی بەئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە رامیاری و دەستوورییەکان پێش ساڵی٢٠٠٣.

لەم باسەدا لەو هۆکارانە (سروشتی، مرۆیی، ئابوری...) دەدوێین کە بەربەست بوون لە بەئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوریەکان بۆ ناوچە دابڕاوەکان، تا ساڵی٢٠٠٣، لەگەڵ ئاماژە کردن بە ڕۆڵی نەرێنی بەریتانیا و وڵاتانی هاوپەیمان و ڕژێمە عێراقیەکان و هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، جگە لە هەڵوێستی نێگەتیڤی ڕێکخراوە نێودەڵەتیەکان، ئەمەو سەرەڕای ئاماژە کردن بە هەڵەو کەم و کورتیەکانی گەلی کورد و پارتە کوردیەکان.

بەردەوامی دان بە شۆڕش لە قۆناغە جیاوازەکان ئەگەرچی گەلی کوردی بە زۆرێك لە ئاواتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی شاد کرد، بەڵام هەرگیز نەتوانرا سەرجەم ئاواتەکانی گەلی کورد فەراهەم بکات، دیارە ئەویش لەبەر کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و عێراقی و هەرێمیو نێودەڵەتی بووە، ئەم فاکتەرانەش بە ڕادەی جیاواز کاریگەریان هەبووە بۆ لە بار بردنی خەونەکانی گەلی کورد، بە جۆرێك لە هەندێك کاتدا نەك بەربەست بووە لە بەردەم مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بەڵکو کۆتایی بە بزاڤە ڕزگاری خوازییە کوردییەکەش هێناوە کە لە پێناوی ئاواتە کانی گەلی کورددا خەباتی دەکرد.

وەك دەزانین لەم ماوەیەدا بە گشتی نەتەوەی کورد بە مافە نەتەوەییی و نیشتمانیەکانی شاد نەبوو، ئەگەرچی خەباتی چەکداری، ڕژێمە داگیر کەرەکانی کوردستانی ناچار کردووە بۆ پێدانی هەندێك مافی نیشتمانی و نەتەوەییی، بەڵام

بـــۆ ماوەیـــەکی کـــاتی، چـــوونکە دوژمنـــان ئەگـــەر کـــەمێکیش بـــە هێـــز بووبێتن(سەربازی و ڕامیاری و ئابوری..)ئـەوا نـەك لـە بەڵێنـەکانیان پەشـیمان بوونەتەوە، بەڵکو لە جاران دوژمنکارانەتر مامەڵەیان لەگەڵ کورد و دۆزەکەی و شۆڕشەکەی دا کردووە، جگە لەوەی کە خۆمان(گەلی کورد) هەڵمان داوەتە دەست داگیرکەرانی کوردستان و ڕاستەوخۆ یـان نـا ڕاسـتەوخۆ دژی بەرژەوەندییـەکانی خۆمان جەنگاوین و لە هەوڵی شکست پێهێنانی شۆڕشی ئازادی خـوازی گـەلی کورد و ئامانجە نەتەوایەتییەکانی بووین دیارە ئەمەش لە بەر کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری یان پۆستی کارگێری یان سەربازی یان... بـووە، ئەگـەر چـی نابێـت لـە ئەنجامی سەر نەگرتنی چارسەرە یاسـایی و دەسـتوورییەکانی کێشـەکانی گـەلی کورد ڕۆڵی هەرێمی و نێودەوڵەتی نا دیدە بگرین، بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێك لە هۆکارەکان بەباشی دەزانین لە چەند قۆناغێکی جیاواز دا لێ بدوێین کە بـریتین لە:

## یەکەم: سەرەتـای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهـان - سەرەتـای جەنگی دووەمی جیهـان:

لەم ماوەیەدا دەوڵەت نەك مافی نەتەوەیی و کلتوری و ڕۆشنبیری و ئابوری... گەلی کوردی دابین نەکرد بەڵکوو بـە توندترین شـێوە و بـەهاوکاری بـەریتانیا کەوتە وێزەی خاك و گەلی کورد بۆیە دەبینین کـوردیش بـەردەوام لـە خـەبات و شۆڕشدا بووە بۆ بەدەست هێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، بـۆ نموونـە شێخ مەحموود لە ساڵی١٩١٩ -١٩٣٢ بەردەوام بوو لە خەبات، لە ساڵی١٩٣١-١٩٣٢* بەدواشـەوە خـەباتی چـەکداری گواسـترایەوە بـۆ ناوچـەی بادینـان، بـە

* - ناوچەی بارزان وەك یەکێك لەمەڵبەنـدەکانی بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی نیشـتمانی و نەتـەوەیی کوردستان بە تایبەتی لەدوای یەکەمین جەنگی جیهانی و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، پێگەو ڕۆڵێکی بەچاوی لە نێو ئەو بزوتنەوەیەدا هەبووە، دەکرێت گرنگترین هەوڵە دیپلۆماسـیەکانی ئەم بوارە لە سەرەتاوە تا لە سێدارەدانی(شێخ عبدالسلامی دووەم)لە(١٤کانوونی یەکەمی١٩١٤)لە چەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە :یەکێك لەو خاڵانـە وەك هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ژمارەیەك لەو کەسایەتییە کوردانە کە دواتـر ڕابەرایـەتی ڕاپەڕینـە چـەکدارەکانی کوردیـان کـرد وەك(شێخ مەحمودی حەفید)، بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: واحـد عومـەر محێـدین، دانوسـتانەکانی بزوتنەوەی ڕزگـاری خـوازی نەتـەوەیی کـورد حکومەتـەکانی عێـراق(١٩٢١-١٩٦٨)، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان-سـلێمانی، سـاڵی٢٠٠٦، ل٥٨-٥٩. ناوچـەی بادینـان هـەر

ڕابەرایەتی شێخانی بارزان درێژە بە شۆڕش درا. درێژەدان بە شۆڕش (چ ڕامیاری[*] چ سەربازی چ دیبلۆماسی)دەگەڕێتەوە بۆ بێ هیوا بوونی کورد لە بەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی و جێبەجێ نەکردنی گەلاڵەنامەکەی ولْسن و بەڵێن و پەیمانەکانی هاوپەیمانان و پاشتر بەریتانیا وپاشتر کۆمەڵەی گەلان و پاشتر دەوڵەتی عێراقی. دەتوانین لەم خاڵانەدا هۆکارەکان کورت بکەینەوە:-

١- لە سەر ئاستی کوردستان:

أ- هۆکارە سروشتییەکان:

هۆکارە سروشتییەکان کە خۆیان لە بەرزونزمی و پێگەی جیۆگرافیدا دەبیننەوە هۆکارێکی کاریگەر بوون لە دابڕانی گەلی کورد لە ڕووی ڕامیارییەوە، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پلان و کات و ڕەوتی ڕوداوەکان هەبووە بەتایبەتی تا سالانی دەسەلاتی قاسم کاریگەریەکە هەر زۆربووە، بەلاّم لە پاش ڕاپەرین ئەم کاریگەرییە کەم تر بۆتەوە.[**]

ب- هۆکارەکانی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری و زانستی و ئاینی، کاریگەریی زۆر گەورەیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان و پێشهاتە ڕامیاریەکان و ناوچە دابڕاوەکان هەبووە، جگە لە نەبوون یان لاوازی زانستی سەربازی و هونەری جەنگی و کەمی هۆکارەکانی جەنگاندن و نەبوونی دارایییەکی تۆکمە و کەمی ژمارەی پێشمەرگە...

---

لەساڵی١٩١٩ڕاپەڕین لە دژی سوپای بەریتانییەکان و درێژەی هەبوو. لە ساڵی ١٩٩٣ دا شێخ ئەحمەدی بارزان دژی داگیر کەران ڕاپەڕی و داوای ئۆتۆنۆمی و سەلماندنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کوردی کرد. عەزیزشەمزینی، جولاّنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، سەچاوەی پێشوو، ل١٥٩-١٦٩.

[*]- لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك گروپی کوردی دروست بوون کە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان بوو..وەك کۆمەڵەی برایەتی، دارکەر.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩٧.

[**]- بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ بەندی یەکەمی بەشی یەکەم(دژواری دیاری کردنی سنووری باشووری هەرێمی کوردستان).

ت - هۆكاره ڕامیارییه‌كان، هه‌وڵ ده‌ده‌ین ووردتر لێ بدوێین:

١- دووبه‌ره‌كی ناوخۆ* و بوونی سیخوڕو به‌كرێ گیراوانی توركی و به‌ریتانی... بۆ نموونه شێخ عه‌بدولكه‌ریم-ی قادركه‌ره‌م و بابه‌كرئاغا[1] له به‌رژه‌وه‌ندی به‌ریتانیا كاریان ده‌كرد..هه‌روه‌ها جل خواره‌كانیش له به‌رژه‌وه‌ندی تورك.

٢- به‌مه‌رج نه‌كردنی كوده‌تاكه‌ی به‌كر سدقی له به‌رژه‌وه‌ندی و دیاری كردنی سنووری كوردستان به سه‌ر ڕژێمی نوێوه.

٢- له سه‌ر ئاستی عێراق:

ده‌وڵه‌تی عێراق به هه‌موو هه‌وڵێیه‌وه كه‌وته دژایه‌تی كردنی ئه‌و كارگێڕییه كوردییه‌ی كه پێش دروست بوونی ده‌وڵه‌تی عێراقی عه‌ره‌بی دامه‌زرا بوو، به ڕێگه‌ی جۆراو جۆر كه‌وتنه دژایه‌تی كردنی ساده‌ترین مافه‌كانیان به ڕێگه‌ی ڕامیاری و ئابوری و ده‌ستووری و یاسایی و سه‌ربازی... بۆ نموونه:

أ - دان نه‌نان به مافی گه‌لی كورد و ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی شێخ، زۆربه توندی دژایه‌تی كردن و ڕازی نه‌بوون به سه‌ربه‌خۆیی كوردستان و دروست كردنی قه‌واره‌ی كوردی.

ب- له ساڵی١٩٢٤دا واته پاش سێ ساڵ له دروست بوونی سوپای عێراق ده‌ستی كرد به‌هێرش كردنی سه‌ربازی بۆ سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی كوردی و ناوچه كورد نشینه‌كان.

ت - به‌ستنی ڕێكه‌وتننامه‌ی ئابوری و سه‌ربازی و ڕامیاری له‌گه‌ڵ هه‌ندێك له وڵاتانی هه‌رێمی و نێوده‌وڵه‌تی كه یه‌كێك له ئامانجه‌كانی لێدانی ئاواته‌كانی كورد بووه.

پ - پاشگه‌ز بوونه‌وه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراق له به‌ڵێنه‌كانی خۆی و نه به‌خشینی ئه‌و مافانه‌ی كه كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان بۆ گه‌لی كوردی دیاری كردبوو.

---

* - هه‌ندێك له سه‌رۆك هۆزه‌كان له‌گه‌ڵ شێخ ناكۆك بون شێخ پۆسته‌كانی ده‌سه‌ڵات داریه‌كه‌ی به كه‌سه نزیكه‌كانی خۆی پڕكردبووه‌وه. بۆزانیاری زیاتر بڕوانه: دیڤید ماكداوێڵ، مێژوویی هاوچه‌رخی كورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٣٣٩.

[1] - وه‌لید حه‌مدی، كوردو كوردستان له‌به‌ڵگه‌نامه‌كانی به‌ریتانیادا، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل١٣٧.

**١- دروست كردنی جاش و بەكرێ گیراو لە كورد و ئەنجام دانی ڕەشە كوژی لە كوردستان دا.**

**٢- بەردەوامی لە هەوڵەكانی بەعەرەب كردنی ناوچە كوردییەكان بە تایبەتی شاری كەركوك، بۆ نموونە لە ساڵی١٩٣٦ پرۆژەی حەویجەجێ بەجێ كرا كە بەو هۆیەوە ژمارەیەكی زۆر لە عەرەب هێنرایە ناوچەكە و زەویان دابەش كرد بە سەریاندا.**

**لە دەستووری عێراقی ساڵی١٩٢٥[*]دا نەك دان بەمافە نەتەوەییی و نیشتمانیەكانی گەلی كوردا نەنرا؟!، بەڵكو تەنیا ئاماژەیەك بە چەمكی كورد و كوردستانیش نەكرا[**]... سەرەڕای ئەوەی لە مادە گشتییەكانی بابی دەیەم دا لە خاڵی یەكەم دا دەسەلاٌتی دابو بە مەلیك بۆ ڕاگەیاندی ئەحكامی عورفی لە هەر شوێنێكی عێراقدا كە پشێوی تێدا ڕوودات[***].**

**٣- لەسەر ئاستی هەرێمی:-**

**أ - هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر لەسەر داوای توركیا و جێ گرتنەوەی ئەو پەیمانە بە پەیمانی لۆزان.**

---

[*] - ئەم دەستورە لە(٢١ی ئازاری ١٩٢٥)دا نوسراوە. واتە لەكاتێكدا نوسراوەتەوە كە عێراق تەنها لەویلایەتی بەغدا و بەسرە پێكهاتوە، لە(١٦ی كانونی یەكەمی ١٩٢٥)بە بڕیاری كۆمەڵەی گەلان سنووری نێوان عێراق و توركیا دیاری كرا و ولایەتی موسڵ درا بە عێراق. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەستوری ساڵی١٩٢٥بڕوانە زانكۆ دی پۆلی- كۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەكان بۆ مافەكانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەكانی دەستووری عێراقییەكاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-٢٦٨.

[**] - دەستووری ساڵی١٩٢٥ لە سەدو بیست و سێ مادە و حەفتاو شەش خاڵ پێك هاتبوو، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەستووری ساڵی١٩٢٥ بڕوانە: أ- هەمان سەچاوەی پێشوو، ل١١٦-٢٦٠. ب- سی. جی. ادموندز، كرد و ترك و عرب، مصدر سابق، ص٢٥٩-٢٧٤.

[***] - لە بابی دەیەم لەخاڵی یەكەمی مادە گشتیەكاندا هاتوە(لە كاتی ڕوودانی پشێوی یان هەر شتێك لە و بابەتە لە هەر جێگایەكی عێراقدا، یان كاتی ڕوودانی مەترسی لە هێرشی دوژمنكارانە بۆ سەر هەر لایەكی عێراق، پاش ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران مەلیك دەسەلاٌتیان هەیە كە ئەحكامی عورفی بە شێوەیەكی كاتی لە سەرتاسەری ئەو جێگایانەی عێراقدا كە مەترسی پشێوی و هێرشی لێدەكرێت... ڕابگەیەنن.دیارە ئەمە بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ مەبەستی لە جولاٌنەوەكانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردی بووە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- زانكۆ دی پۆلی- كۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەكان بۆ مافەكانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ دەستورە عێراقییەكاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.

ب- دروست كردنی ئاژاوه له باشووری كوردستان و بەكارهێنانی بزاڤی كوردی له خزمەتی بزاڤی توركی دا به ناردنی ئۆزدەمیر بۆ كوردستان.

ت- بەستنی(پەیمانی توركی- عێراقی و بەریتانی)لەساڵی١٩٢٦، لەسەر سیاسەتێكی هاوبەشی دژ به بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كورد ڕێكەوتن كه به ئاشكرا له بەندی١٢ی ئەو پەیماننامەیەدا دەردەكەوێت، سەرەڕای ئەوەی گەلی كوردیان به چەته ناوبردوەو مامەڵەشیان بەخاكەكەیەوە كردووە.[١]

پ- له ساڵی١٩٢٩دا، سەرەڕای ئەوەی ئێران بەفەرمی دانی بەوڵاتی عێراقدا نا، لەساڵی١٩٣٢دا كه فەیسەڵ سەردانی ئێرانی كرد هەوڵی سیاسەتێكی سێ قۆڵی(ئێران- توركیا- عێراق)بەرامبەر به كورد و پێویستی پاراستنی"ئاسایش" لەم دیوی ئەو دیوی سنوورەكان هەرسێ لا به گەرمی پێشوازیان له هەڤاڵبەندێتی ناپیرۆزیان دژی گەلی كورد كرد[٢]

ج- بەستنی پەیمانی سەعد ئاباد[*] لەساڵی١٩٣٧دا.

٤- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:

أ- له(٢٧ كانونی یەكەمی١٩١٨)لیژنەی فەرعی ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا كۆبونەوە بۆ چاوخشاندنەوە به بارودۆخی ڕامیاری لەعێراقدا، لیژنەكە دەسەڵاتی دایه ئارنۆڵد وڵسن بۆ ڕاپرسی كردن بەخەڵكی بۆ زانینی تێڕوانینی ڕامیاریان لەسەر سێ خاڵ كه ئەوانیش:-

---

[١] - جەبار قادر، چەند بابەتێكی مێژوویی كورد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی، ساڵی ١٩٩٩، ل٥٩-٦٠

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥. وەرگیراوە له توفیق السویدی(مذكراتي، نصف قرن من تأريخ العراق والقضیة العربیة) بیروت، ص٢٢٠-٢٣٧.

[*] - پەیمانی سەعد ئاباد: ئەو پەیمانه بوو له نێوان هەریەك له عێراق و توركیاو ئێران و ئەفغانستان مۆر كرا له(٨ی تەموزی ساڵی١٩٣٧)له سەعد ئابادی شەمێرانی نزیك تاران، ڕێكەوتنەكه له ده خاڵ پێكهاتبوو، ئەوەی پەیوەندیی بەكوردە وه هەبوو لەم پەیماننامەیەدا خاڵی حەوتەمه كه تێیدا هاتوە"مۆركەرانی پەیمانەكه سۆز دەدەن هەرلایەنەی له نێوچەی دەسەڵاتی خۆیدا هەموكارێك كه له توانادایه بكا دژی دامەزراندنی دەستەی چەكدار وكۆمەڵ و ڕێكخراو و چالاكییەكانیان كه هەوڵ دەدەن دەزگاكان له نێو ببەن و مەترسی له ئاسوودەیی و ئاسایش دەكەن، جا له نێوچه سنووریەكانی دەوڵەتانی مۆركەری پەیمانەكه بێ یان له هەرجێگایەكی تری ئەو وڵاتانه بێ:هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨. وەرگیراوە له

dustur,cilt19,Ankara 1983 s300-302.

١- دەخوازن دەوڵەتێکی عەرەبی دروست بێت لە باکووری(موسڵ)ەوە تا کەنداوی عەرەبی لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا؟

٢- لەم حاڵەتدا پێتان باشە کە حاکمێکی عەرەبی دابنرێت بەسەرۆکی ئەو دەسەڵاتە؟

٣- لەم حاڵەتەدا کێتان پێ باشە بۆ بوون بەسەرۆك، ئەم ڕاپرسییانە لەکوردستاندا کران(ویلایەتی موسڵ)، ویڵسۆن بەخێرایی دەستی کرد بەڕاپرسی لەگەڵ هەندێك شێخ و کەسایەتی سەرکردە کوردەکان (ئەوانەی کە لایەنگیری ڕامیاری ئینگلیز بوون)بۆچوونی گەلی کورد فەرامۆش کرا، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە ویڵسۆن دەیویست، ئەویش دروستبوونی دەوڵەتێکی عێراقی بوو کە لە هەرسێ ویلایەتەکە بێت. دەسەڵاتی ئینگلیز وایان پیشاندا کەئامانجی کورد سەربەخۆیی نییە. بۆیە کوردەکانی موسڵ و ئێزیدیەکان لەکاتی ڕاپرسیەکەدا بەیاننامەیەکیان دەرکرد لە دژی دروستبوونی کارگێری عەرەبی، بەڵام دەسەڵاتی ئینگلیز گوێیان لەبۆچوونی کورد نەگرت[١].

ب - ئینگلیزەکان کەوتنە کارکردن بۆکەمکردنەوەی هەژمونی دەسەڵاتی شێخ[٢]، سەرەتا بەگۆڕانی مێجەر نوئێل بە مێجەر سۆن دەستی پێ کرد کە لەکانونی یەکەمی(١٩١٨) گەیشتە سلێمانی[٣]، هەروەها هەڵگەڕانەوەی هێزە کوردەکان لەشێخ[٤].

ت- مێجەرسۆن لەبەشێکی ئەو ڕاپۆرتەی کەلە سەر دەسەڵاتی شێخ ناردوویەتی بۆ بەغداد (c.o.730/13-334) لە ڕاپۆرتی ساڵی(١٩١٩)دا دەڵێ" لەمارتی(١٩١٩)دا کەرکوك لابراو بەدروست بونی ئیدارەی هەولێر(کۆیە)ش جیاکرایەوە و خرایە سەر هەولێر... بەو جۆرە لە دوای ئەو لێکپچڕاندنە ئێستا ڕووپێوی ناوچەی سلێمانی لەنێوان(٦٥٠٠- ٧٠٠٠)کم چوارگۆشەدا ماوەتەوە[٥]،

---

[١] - حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٤٦-٤٨.
[٢] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، مصدر سابق، ص٥٧.
[٣] - م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥.
[٤] - ليورا لوكيتز، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، مصدر سابق، ص٥٧.
[٥] - م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٥.

**پ- له ئابی۱۹۱۹دا بەریتانیا ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئێراندا ئیمزا کرد بەپێی مادەی(۱)ی ئەو ڕێکەوتننامەیە، ناکرێ بەریتانیا لایەنگری و یارمەتی پێشکەش بە(کوردستانی یەکگرتوو)بکات[1]...**

**ج- بە پێی ڕێکەوتنی ژمارە ٣٣٣٠/٤ لە بەرواری۲۲ی شوباتی ساڵی۱۹۲۰ی تایبەت بە کارو باری کارگێری لیوای سلێمانی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا(بە لکاندنی لیوای سلێمانی بە عێراقەوە لە بەر هۆکاری شوێن و ئابوری و ڕامیاری و کلتوری هاوبەش)[2].**

**ح - بڕیاری ئایاری ساڵی۱۹۲۰ ی کۆنگرەی سانڕیمۆ بەسەپاندنی ئینتداب، هەنگاوی دووەم بو لە پەشیمان بوونەوەی هاوپەیمانان لە ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە پێی مادەی۲۲ ی جاڕنامەی کۆمەڵەی گەلان...**

**خ- ڕازی بوونی هاوپەیمانان بە داواکەی تورکیا بە گۆڕینی بەندی٦٤ی پەیمانی سیڤەر...[3]**

**د- بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە له۱۲- ۲٤/ئازاری۱۹۲۱دا کە بڕیار درا[*] میر فەیسەڵ لە سەر تەختی پاشایەتی دۆڵی دوو ڕووبار دابنێن و ناوچە کورد نشینەکانی لەگەڵ یەك بخەن و سنووری فەرمان ڕەوایەتیەکەی فراوانتر بکەن.[4]**

**ژ- ڕاپرسییەکەی وڵسن لە ٦ی ئایاری ۱۹۲۱دا، تێیدا ولسن بەیاننامەیەك دەردەکاو لە کوردان دەپرسێت، لە ولاتی عێراقدا چ جۆرە سیستمێکی ئیداری پەسەند دەکەن و ئەم بەیاننامەیە بە جۆرێك داڕێژراوە کە پرسیاری (لە سایەی حوکمی دەوڵەتی عێراق دا دەژین یان جیا دەبنەوە)ی تێدا نیە[**].**

---

[1]- وەلید حەمدی، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوە ی پێشوو، ل٦٢.

[2] - عبدالرزاق الحسنی، تأریخ الوزارات العراقیە، مصدر سابق، ص۲۰. بۆ زانیاری زیاتری هۆکاری لکاندنەکە بڕوانە: المصدر نفسە، ل۲۰-۲۱.

[3]- ولید حمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل۹۷-۹۸.

[*] - لە دەرئەنجامی کۆنگرەی قاهیرەی تایبەت بە لیواکانی باکوور(باشوری کوردستان)هاتوە: کە بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی تر بڕوانە: أ- سی. جی. ادموندز، کرد و ترك و عرب، مصدر سابق، ص۱۱۰.ب- ولید حمدی، کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۳۷.

[4] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦۸.

[**] - بە پێی ئەنجام گیریەکانی ئامادەکاری ڕاپۆرتی ڕەسمی((ناوچە کورد نشینەکان خوازیاری دەوڵەتی کوردین))بەڵام کاتێ لە ۱۸ی ئابی۱۹۲۱ ئەنجامی ڕیفراندۆم بە سەرپەرشتیاری ڕیفراندۆم

**ر- پەیمانی لۆزان لە ساڵی١٩٢٣ کە جێی پەیمانی سیڤەری گرتەوە و کوردی لە خەوی شیرینی سەربەخۆیی ڕاچڵەکاند.**

**ز- پاش ڕەوانەکردنی کێشەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان (لە٣٠ی ئەیلولی١٩٢٤)دا کۆمەڵە لیژنەیەکی[*] پێکهێنا بۆ دیاریکردنی سنوور[١]، لیژنەکە لە(١٦ی کانونی دووەمی ١٩٢٥)سەردانی ویلایەتی موسڵی کرد[**] ...**

**پاشان چەند بڕیارێکیان دەرکرد و موسڵیان لکاند بەعێراقەوە لە(١٦ی کانونی یەکەمی)هەمان ساڵ کۆمەڵەی گەلان بەکۆی دەنگ بڕیاری لکاندنی ویلایەتی موسڵیاندا بەعێراقەوە[٢]،**

**س - بڕیاری لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە لە ساڵی١٩٢٦، لە لایەن کۆمەڵەی گەلان[***]، بەیەك جاری ڕەوایی نێودەوڵەتی دا بە ژێردەست کردنی گەل و خاکی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە.**

---

ڕادەگەێندرێ، ئەوە بەدیار دەکەوێت کە(٩٦٪)ی دەنگدەران دەنگیان بۆ فەیسەڵ داوە دیارە ئەم ئەنجامە زۆر سەیرە زۆر لە ڕاستیەوە دوورە، چوونکە دەبێ ئەوەش حساب بکرێ کە شیعەی باشوور زۆر لە کورد پتر نەیاری فەیسەڵ بوون بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی ئەنجام دانی ڕیفراندۆم بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨-٧٠.

[*] - لیژنەکە پێکهاتبون لە کونت تیلیکی(سەرۆك وەزیرانی پێشووی مەجەر)و مسیواف ویرسن(وەزیری مفەوەزیەی لاسوج)و کۆلۆنێل بولیس(بەلجیکی)، بۆ چۆنیەتی دروست کردنی لیژنەکە و کاتی کۆبونەوەکان و سەردانی ناوچەی ململانێ و لێکۆڵینەوەکان بڕوانە: أ- لجنة عصبة الامم، تقریرحول الحدود العراقیة - الترکیة، مصدر سابق، ص١. ب- مریم عزیز فتاح، تحلیل العوامل التي رسمت الحدود العراقیة - الترکیة، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتیجیة - السلیمانیة، سنة٢٠٠٧، ص٣.

[١] - عزیز قادر الصامانجي، تأریخ السیاسي لترکمان العراق، الطبعة الاولی، دار الساقي- بیروت، سنة١٩٩٩، ص٧٥.

[**] - لیژنەکە ئەم پرسیارانەی لە خەڵکی ناوچەی ململانێ(ولایەتی موسڵ) دەکرد: ئایا ئینگلیزتان پێ باشترە یان تورك؟ ئایا ئەگەر ئینگلیز پاشە کشەی کرد لە عێراقدا ئێوە چی دەکەن؟.. عبدالرزاق الحسني، تأریخ الوزارات العراقیة، مصدر سابق، ص١٩٧.

[٢] - سروة اسعد صابر، کردستان الجنوبیة١٩٢٦-١٩٣٦، دراسة تأریخیة، سیاسیة، الطبعة الاولی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، السلیمانیة، سنة ٢٠٠٦، ص٣٣-٣٤.

[***] - ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان: (League of Nation)ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە لە ساڵی١٩٢٠دا دامەزرا، بە پێی پەیمانی فرسای، بە دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی بەتەمەنی هات... ئەجنداکەی لە پێشەکییەك و ٢٦مادە پێکهاتبوو، لە پێشەکیەکەیدا جەختی لە سەر ئاشتی و داگەری... دەکردەوە لە سەرەتادا لە١٣ولاٌت پێکهاتبوو تاساڵی١٩٣٩ بو بە٢١ ولاٌت، ڕێکخراوەکە لە سێ بەش پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئەمانەتی گشتی و دەستەی

ش - پەیماننامە هەمەجۆرەکانی نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عێراقی بەتایبەت پەیماننامەی ڕامیاری و سەربازی هۆکارێك بوو بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکانی کورد* ...

ص - بەئەندام بوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان و دان پێدانانی نێودەوڵەتی بوو بە لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە.

چ - هەڵوێستی نێگەتیڤی هەریەك لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ولاتە زلهێزەکان بەرامبەر بەگەلی کورد و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دا** و ڕێکەوتنەکانی نێوان تورکیا*** و دەوڵەتی عێراق هۆکارێك بوون بۆ ڕەوایی دان بە چەوساندنەوەی گەلی کورد لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە.

گ - ڕێکەوتنی سەعد ئابادی(٨ی تەموزی ساڵی١٩٣٧)ی نێوان تورکیا و ئێرانو عێراق و ئەفغانستان...[1]

---

دادوەری بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان: محمد بشیر و اخرون، موسوعة السياسية، الجزءالرابع، مصدرسابق، ص١١٢.

* - لە(٨ی شوباتی ساڵی١٩٣١)دا باڵیۆزی بەریتانیە لە بەغدا ك. کۆرنوالیس... یاداشتێکی بۆ وەزیری عێراق جەمیل مەدفەعی ڕەوانە کرد و تێیدا ووتبوی(ئێوە چاك دەزانن کە کۆمەڵەی گەلان بە فیتی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای مەزن ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی بۆ کورد نەسەلماند، پێم وایە بەم زووانەش نوسەرانی یاداشتەکە و دەوڵەتی عێراق بڕیاری کۆمەڵەی گەلانیان پێ دەگات...)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاری و نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

** - بە پێی ڕێکەوتنی هێڵی سوور کە لە(٣١ی تەموزی١٩٢٨)واژۆ کرا ڕێژەی بەشداری کردنی هەریەکێك لە کۆمپانیاکان لە نەوتی بابا گوڕگوڕ بەم شێوەیە بوو، کۆمپانیای دارسی(ئینگلیزی فارسی)و ئەنگلوساکسون(ڕویاڵ دتش/شل و فرنسی، و کۆمپانیای وەبەهێنانی خۆرهەلاتی دووری ئەمەریکا بە ڕێژەی(٢٣,٧٥) وە پێدانی ڕێژەی(٥٪)ی ماوە بۆ کۆمپانیای بەشدارو وەبەرهێنی دیاری کراو کە ئەوەیش کۆمپانیای تایبەت بوو بە کولبنکیان.. نوري عبدالحميد العاني، امتيازات النفط عام١٩٣٢، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٦٩٨-٦٩٩.

*** - دەوڵەتی تورکیا بە ئاشکرا دژی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەستایەوە ئەمە لە ڕێکەوتننامەی ساڵی١٩٢٦هاتبوو، پاش ئەوەی کە بارزانیەکان پەنا دەبەنە بەر تورکیا لە حوزەیرانی١٩٣٢ دا، دەسەلاتدارن لە بەهاری١٩٣٣ دا شێخ ئەحمەد و هاوکارەکانی ڕادەستی حکومەتی عێراقی دەکەنەوە، پاشتر بنەماڵەی بارزانی نەفی کران بۆ باشووری عێراق.

لەم ماوەیەدا خەلیل خۆشەوی درێژەی بەجەنگ دا لە هەمان ناوچە دژ بە دەسەلاتدارنی عێراقی و ئینگلیز. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود بارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية انتفاضة برزان الاولى١٩٣١-١٩٣٢، مصدر سابق، ص٤٥-٥٢.

[1]- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

**دووەم: سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان - سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان (سستمی نوێی جیهان).**

لەم ماوەیەدا (جەنگی سارد) شۆڕشی کورد توانی هەندێك دەستکەوتی ڕامیاری و دەستووری و سەربازی بەدەست بهێنێت، بەلاّم توند ترین زیانی گیانی و ماڵی و سەربازی لێکەوتەوە، جگە لەوەی کە شۆڕش نەیتوانی دوژمن ناچار بکات کە دان بە کوردستان بوونی ناوچە دابڕاوەکاندا بنێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین کە وردتر لەو هۆکارانە بدوێین کە بەربەست و کۆسپ بوون لە بە کوردستان ناساندنی ئەو ناوچانە لە چەند قۆناغێکی جیاواز دا، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم - سەرەتای بەکۆماری بوونی عێراق (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨):

١- لەسەر ئاستی هەرێم:

بەردەوامی هۆکارە کوردستانیەکانی پێشوو بە جاش بوون و یارمەتی دانی کوردە جاشەکانی وەك سورچی و زێباری و برادۆست بە جۆرێك خیانەتی مەحمود ئاغای زێباری و مەحمود بەگی خەلیفە سەمەدی سەرۆك هۆزی برادۆست و فرۆشتنی بەرەی جەنگ بە دووژمن، سوپای عێراق و بەریتانییەکان توانیان سوپای بارزانی بشکێنن و ئاوارەی ئێرانیان بکەن.[1]

٢- لە سەر ئاستی عێراق:

أ - درێژەدان بە ڕامیاری پێشوو وەك جەنگ و چەوساندنەوەی گەلی کورد.

ب - پاش گەز بوونەوە لەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ بارزانی پێی گەیشتبوون.

ت- لە پاش دووەمین هەموارکردنی دەستور لە ساڵی١٩٤٣ دا هیچی لەو بارەیەوە تێدانەبووە. دەستوورەکە دوای هەموارکردنی هەروەکو خۆی مایەوە هیچی لەبارەی گەلی کوردو نەتەوە نا عەرەبەکانی ناو عێراق تێدا نەبوو. وەکو

[1]- دانا ئادەم شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

ئەوەی کە هەر خۆی لە یەك نەتەوەو ئاین و ئاینزا پێکهاتبێت و پرسێکی بەڵگــە نەویست بێت و پێویست بە ئاماژەپێکردنی لە دەستورەکەدا نەکات.[1]

٣- لە سەر ئاستی هەرێمی:

أ - بەئەندام بوونی عیراق لە کۆمکاری عــەرەبی لــە(٢٢ی ئــازاری١٩٤٥[2]). واتە هەژمارکردنی خاك و گەلی عیراق بــە خــاك و گــەلی عــەرەبی و ســڕینەوەی مۆرکی نەتەوەی کوردو کوردستان وکەمایەتییەکانی تر، بەگژداچوونەوەی هەموو مــــاف و هــــەوڵ و چــــالاکییەکی ئازادیخوازانــــەی گــــەلی کــــورد لــــە خاکــــە دابەشــــکراوەکەیدا لــــە دوو وڵاتــــی عــــەرەبی چــــونکە لــــە ئامانجــــەکانی کۆمکــــار"پاراســــتنی بەرژەوەنــــدی عــــەرەبی و پارێزگــــاری کردنــــە لەئاسایشــــی نیشتیمانی عەرەبی"[3].

ب- تورکیا و عێراق جارێکی تــر بناغــەی سیاســەتێکی هاوبەشــیان دانــا، لە٢٨ی فێبریوەری ١٩٤٦دا سەرۆك وەزیر نوری سەعید سەردانی ئەنقەرەی کــردو زۆر بــە نهــێنی کەوتنــە دارشــتنی پــلان دژی جموجــوولّی کــورد، هــەر- ئــەو پەیماننامەیەش بوو بە بەردی بناغەی پەیماننامەی بەغدا[4].

ت - مۆرکردنی پەیمانی بەغدا[*]کــە یــەکێکی تــر لەهــەنگاوەکانی دەوڵــەتی عێراق بوو بەرامبە لەناو بردنی هەوڵە سەربەخۆییەکانی شۆڕشگێرە کوردەکان.

---

[1] - شورش حسن عمر، حقوق الشعب الکوردي في الدساتیر العراقیة دراسة تحلیلیة مقارنة، مصدر سابق، ص٥٦.

667_www. Uruklink.net/uruk?iq-sites.htm# 11

[3] - ابراهیم احمد سعید، مابین الجغرافیة السیاسیة و مخاطر الجیوبولتیك والعولمة، مصدر سابق، ص٢١١.

[4] - جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[*] - پــەیمانی بەغــداد(ســەنتۆ): بــریتی بــو لــە ڕێکــەوتنی هاوکــاری ســەربازی وئاســایش لــە شوباتی١٩٥٥لە نێوان تورکیا و عێراق و لە هەمان ساڵدا بەریتانیا و پاکستان و ئێرانیشی چووە ناو پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشی چووە ناو. مەبەســتی فــەرمی وڵاتــانی خۆرئــاوا لێــی پاراستنی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بوو هەروەها ڕێگرتن لە بلاّو بوونەوەی هــەژمونی سۆڤیەت... لە ئازاری١٩٥٩ عێراقی لێ کشایەوە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ- عبدالوهاب الکیــالي و آخرون، موسوعة السیاسة، الجزء الأول، الطبعة الرابعة، مصدرسابق، ص٥٤٨. ب-تشــارلزتریب، صفحات من تأریخ العراق، مصدر سابق، ص١٩٧. بەلاّم مەبەست لێــی لێــدانی جولاّنــەوە ڕزگــاری

**٤ - لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

**أ - بەریتانیا لایەنێکی سەرەکی بوو لە پارچـە پارچـە کردنـی کوردسـتان و بەرپرسی سەرەکیش بوو لە لکاندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبییەوە.**

**ب - لێـدانی بزووتنــەوەی کــورد و لــەباربردنی خــەونی ســەربەخۆیی، کــە پێچەوانەی هەموو لێدوانەکانی پێش جەنگ و دوای جەنگ بوون...**

**ت - تا پەڕینەوەی دوا پێشمەرگەی بارزانی لە ساڵی(١٩٤٥)، بـەریتانیا بـە هەموو شێوەیەك لە هێزی ڕزگاری خوازی کوردی داوە چ بە سوپای خۆی بە تەنها چ بە هاریکاریکردنی سوپای عێراق، جگە لەوەی لە سەرجەم بوارەکانی ڕامیاری و ئابوری وتەکنیکی دا، یارمەتی عێراق و سوپاکەی داوە.**

**ئەمەریکا وبەریتانیا. ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لـە پـەیمانی بەغـدا، ئامـانجی سەرەکی ئەم پاکتە(پەیمانە) پاراستنی ڕژێـم و سـنوورەکانی تورکیـا و عێـراق و ئێران و پاکستان بوو.[1]**

**٢ - سەرەتای بەکۆماری بوونی عێراق - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاٌت لـە لایەن بەعسیەکانەوە(١٤ی تەمووزی ١٩٥٨- ٨ی شوباتی١٩٦٣).**

**بۆ ڕوون کردنەوەی گرفت و بەربەستەکانی چارەسەرە ڕامیاریو یاسـاییەکان... بۆ ناوچە دابڕاوەکان دەتوانین لە چوار ئاستدا ڕوونیان بکەینەوە کە بریتین لە:**

**١- لەسەر ئاستی کوردستانی :**

**لە سەر ئاستی کوردستانیش دەبێت لـە دوو خـاڵی جیـاوازدا لـە گرفتـەکان بدوێین کە ئەوانیش:**

---

خوازیەکانی ناو خودی ولاٌتە بەشدار بووانی پەیمانەکەش بوو، وەك لـە بەنـدی یەکەمـدا هـاتوە ئـەم پەیمانە بەرگری لە ئاسایش و هێمنی ولاٌتە بەشدارەکان دەکات. بێجگە لە پێداویستییە گشتییەکانی ئەندامان دەتوانن و پێویستە ڕێکەوتنی دووقۆڵی لە نێوان خۆیانـدا ببەسـتن)، هـەروەها بۆزانیـاری زیاتر لەسەر هەڵوێستی ئەو ولاٌتانە لە سەرو هەموویانەوە ئەمـەریکا بڕوانـە: جـەبار قـادر، چـەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢-٧٣.

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

أ- لەسەر ئاستی پارتی ڕامیاری(پارتی دیموکراتی کوردستان):

١- لە ڕووی ڕامیاریەوە

أ- ناوخۆ

١- لە ڕامیاری ناوخۆ جیاوازی بیرو بۆچوون و نەخوێندنەوەی بەرامبەر و تاکرەوەی بڕیار سەپاندن لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و بوونی ناکۆکی*لە نێوان بارزانی ومەکتەبی سیاسی بە تایبەت لە کۆتایی دەسەلاتی قاسم ناکۆکییەکان و کەلێنەکان فراوانتر بوون بە جۆرێك کەلێنی گەورە لەنێوان پارتی و بارزانیدا هەبوو لە سالانی دواتر دا گورزی کوشندەی لە شۆڕشی کورد دا کە تا دەیان سالی دواتریش کاریگەری لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد هەبوو.

٢- هەروەها پارتی نەیتوانی سەرنجی سەرجەم خیلّ و هۆزەکان بۆ لای خۆی و کێشە ڕەواکەی گەلی کورد ڕابکێشێت و پشتگیری تەواوی سەرۆك خێلّەکان وخێلّەکان بەدەست بهێنێت نەك ئەوە بەلّکو هێزی پارتی بۆ دژایەتی کردنیشیان بە کار هێنرا.

٣- نەبوونی ڕێکخستنی تۆکمە لە ڕێکخستنەکانی پارتی دا وەك نەبوونی شانەی سیخوڕی و هەوالّگری و دەزگای تایبەت بەم بوارانە.

ب - لە سەر ئاستی دەرەوە

١- برایم ئەحمەد و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق قایل دەبن کە خالّی ئۆتۆنۆمی لە بەرنامەدا لاببرێ[1].

٢- زۆرجار حەکیمانەو وردبینانە مامەلّە لەگەلّ عەبدولکەریم و ڕژێمەکەی دا نەکراوە، بگرە هەلّەشەیی و سەرەڕۆیی پێوە دیار بوو، ئەو مەترسییانە ڕەچاو نەکراوە کە حکومەتی عەبدولکەریم یان دەخستە مەترسیەوە، بەمەش بیانوویەکی بەهێزیان دایە شۆڤێنییە هەل پەرستەکانی دەوروپشتی قاسم کە

* - بۆ زانینی ڕادەو هۆی ئەو ناکۆکیانە بڕاوانە: أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢- ٢٨٢. ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەش سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[1]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٩.

هیچ سۆز و لایەنگیرییان بۆی نەبوو، زۆرترین ڕادده کینەو بوغزیان بـە جـۆرێکی تایبەت بەرامبەر گەلی کورد و ئاواتە نەتەوەییییەکانی لەدڵدابوو.[1]

٣- نەبوونی هیچ شارەزاییەك و تەنانەت بیرۆکەیـەکیش لـەبارەی بەرژەوەنـدی دەوڵەت و کێشەی نێوانیان و ئاڵۆزی ئەم کێشەیە و دیوی پشتەوەی دروستکردنی بڕیارە چارەسازەکانی دەوڵەتە گەورەکان.[2]

٢- لایەنی ئابووری: گوند نیشینەکان مـەکۆی شـۆڕش بـوون لـە سـەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشەوە، و بەردەوامی خەبات بە شـێوەیەکی گشـتی لـە سـەر خۆراك وخوێنی گوند نشینەکان بوو، واتە پارتی ئابوورییەکی بە هێزی نەبوو تـا بتوانێت گۆڕانی چـەندایەتی و چـۆنایەتی لـە چـەك و تەقەمـەنی بکـات، کـە دەیتوانی ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەبێت لە جەنگەکان و ڕووبەرە ئـازاد کراوەکـان، سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانرا ژمارەیەکی زۆرتر لە هێزی پێشمەرگە ئامادەبکرێـت و ڕێکخستنەکانی پارتی بە شێوەیەکی تۆکمەتر پێ ڕێك بخرێتەوە.

٣- تەکنەلۆجی: نەبوون یان کەمی یان سادەیی هۆیەکانی جـەنگین(چـەك و تەقەمەنی)و ڕاگەیاندن و گواسـتنەوە کاریگـەری لـە سـەر ڕەوتـی جەنگـەکان هەبوو، سەرەڕای نەبوونی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بینراو یان بیستراو کە جەماوەرو پێشمەرگە ڕاپەڕێنێت و هەواڵ و سەرکەوتن بگەیەنێتە جەماوەرو پێشمەرگە.

٤- هونەری: هەژاری لە هونەرەکانی جەنگ و نەبوونی ئەکادیمایی سەربازی.

ب - لە سەر ئاستی جەماوەری:

١- نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و فێرکردن. ئەمانەش ڕاستەوخۆ کاریگـەرییان هەبوو لە سەر ئاستی نەتەوایەتی کە ڕۆڵـی کاریگـەری لـە سـەر ئامانجـەکانی شۆڕش هەبوو.

٢- بەجاش بوونی هەندێك لە سەرۆك خێڵـەکان کـە ڕۆڵێکـی سـەرەکییان لەوەدا دی کە نەیانهێشت پێشمەرگە لە سەرەتادا بە خۆڕاگریان و جـەنگینی بـە ڕاستییان سەرکەوتنی بنەبڕو کاریگەر بە دەست بهێنن.[3]

---

[1] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشـی ئـەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشـی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

**٢ - له سەر ئاستی ڕژێم: -**

**له مادەی(٢ی دەستووری ساڵی ١٩٥٨)دا هاتووە"عێراق بەشێکه له نەتەوەی عەرەب"[1]، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و پارتی کرا پێچەوانەی سەرجەم بەندەکانی سەرچاوەی دەسەڵات و ماف و ئەرکەکانی گشتی بوو له بەشی دوو دا.[2]**

**پاش ئەوەی قاسم پێگەکانی دەسەلاتی خۆی چەسپاند و بە هێز کرد پاش ئەوەی کەوتە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، کەوتە پاشەکشە لە بەڵێنەکان و پێدانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد تەنانەت پێشێلی کردنی مافەکانیشیان وەك لە یاداشتەکەی(٣٠ی تەموزی١٩٦١)ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە دەتوانین ئاماژە بە هەندێك لە سەرپێچییەکانی ڕژێمی قاسم بکەین وەك:**

**ڕاگرتن و جێ بەجێ نەکردنی مادەی سێیەمی دەستور و بە کردەوە ڕاگرتنی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و بێ بەش کردنی زمانی خوێندن لە کوردو دانەمەزراندنی فەرمان بەرانی کورد و دورخستنەوەی فەرمان بەرانی کورد بۆ باشووری عێراق و تەرخان نەکردنی هیچ پڕۆژەیەکی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاواکاری و ڕێزگرتن لەو دەزگایانەی کە دژایەتی گەلی کوردیان دەکرد وپشت کردن لە بەڵێنەکانی (١٤ی تەموز)و نەرمی نواندن لە ڕۆژنامە دەوڵەتیەکان کە باسی تواندنەوەی گەلی کوردیان دەکرد و لە ناو بردنی ڕۆژنامەوانانی کورد و داخستنی ڕۆژنامە کوردییەکانی وەك خەبات و کوردستان و ئازادی و سوکایەتی کردن بە شۆڕشی کورد و ناوبردنی بە بەکرێ گیراو و دژایەتی کردنی نەتەوەیی کوردو گرتن و دورخستنەوەی نیشتمان پەروەران و جیاوازی کردنی ڕەگەزی وخۆ بێ دەنگ کردنی لەتیرۆرکردنی کوردەکانی کەرکوك و ڕەت کردنەوەی دانوستان و پابەند نەبوون بە برگەکانی گفتوگۆ و بەکار هێنانی سیاسەتی تیرۆرکردن و پاشتریش لێدانی شۆڕشی کورد و لەناوبردنی**

[1] -أ- زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لە گەڵ مادەکانی دەستورە عێراقییەکاندا. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨. ب- نبیل عبدالرحمن حیاوي، دساتیر العراق الجمهوریة، مصدرسابق، ص٧.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٨. بۆزانیاری زیاتر لە سەر برگەکانی دەستووری ساڵی١٩٥٨ بڕوانە: المصدر نفسه، ل٧-١٠.

خەڵکی سڤیل و وێران کردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و دروست کردنی دووبەرەکی لە نێو ڕیزەکانی گەلی کورد، ئەویش بەدروست کردنی جاش[*] و وێران کردنی کوردستان.

٣- لە سەر ئاستی هەرێمی:

ولاّتانی هەرێمی ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبوو لە دروست کردنی گێرو گرفت و نا ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە:

أ- ڕژێمی ئێرانی هانی جاشەکانی سۆفی و برادۆستییەکان و هەرکییەکانی دا بۆ هێرش کردنە سەر سیدەکان و دێهاتەکانی موهاجیرەکانی کەس و کاری سەید تەها یان داگیر کرد و سوتانیان[١].

ب - لە(ئەپریلی١٩٦٢)نوێنەرانی تورکیاو ئێران و عێراق لە بەغدا دەستیان کرد بە گفتۆگۆ دژی شۆڕشی (ئەیلولی١٩٦١)لە باشووری کوردستان و پلانی کاری هاوبەشیان دارِشت. هەموو لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێت هاوکاری سوپایی عێراق بکەن دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کاتێ دەست دەکات بە هێرش بۆ سەر کورد، ئێران و تورکیا بڕیاریان دا کە سنوورەکان داخەن بۆ ئەوەی یارمەتی و هاوکاری کوردی ئێران و تورکیا بۆ کوردی عێراق بگرن.[٢]

ت - ئەو گوێ بۆ شل کردنەی شۆڕش هەوڵی بۆ دەدا نەلە لایەن دەوڵەتان و نەلەلایەن ڕژێمەکانی عەرەب و نەلە لایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندن و خاوەن بیرانی عەرەبەوە نەهاتە دی، بگرە هەندێکیشیان هەڵوێستی شك و گومان و سلّ لێکردنەوە، تەنانەت دوژمنانەشیان لە ئاستیا گرتە بەر، هەڵوێستی هەموو ئەم لایەنە عەرەبییانە مایەی نائومێدی بوو بۆ کورد.[٣]

---

[*] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر یاداشتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشکەشی ڕژێمی قاسمیان کردووە بڕوانە: دانا ئادەم شمیدت، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢-١٤٥.

[١]- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[٢] - جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

[٣]- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦-١٧.

٤- له سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

أ- دەوڵەتی سۆڤیەت لەم سەرو بەندەدا سەرچاوەی سەرەکی دابین کردنی چەك و پێداویستییە سوپاییەکانی حکومەتی قاسم بوو.[١]

ب - پاش ئەوەی کە ڕژێمی قاسم زۆر بە توندی کەوتە وێزە و خاکی گەلی کوردستان و بزوتنەوەکەی، نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو سەبارەت بەو تاوانکاریانە کە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرا.

ت - سەرەڕای ئەوەی کە یەکێك لە ئەنجامەکانی جەنگی سارد ئەوەبوو کە نەیهێشت بیرو بۆچوونی دیموکراسی لە جیهاندا بلاو بێتەوە و ڕێی بۆ ڕژێم گەلێکی دیکتاتۆری ملهوڕ چۆڵ کرد کرنگ ئەوە بوو ئەو ولاتە سەر بە خۆیان بێت، ئەمەش کۆسپی سەخت بوو لە ڕێی شۆڕشی ئەیلول دا.

٣ - سەرەتای دەسەلاتی بەعسییەکان- سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن عەبدول سەلام عارف(٨ی شوباتی ١٩٦٣- ١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣).

بۆ زانینی هۆیەکانی بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکان لەم ماوەیەدا وەك ماوەکانی پێشوو دابەشی دەکەین بۆ چوار ئاست، کە بریتین لە:

١- لەسەر ئاستی کوردستان:

أ - سەرەڕای بەردەوامی هەڵە و کەم و کورتیە کوردستانییەکانی سەردەمی قاسم، بەلام هەڵەی زەق و کوشندە لەم ماوەیەدا پێشکەش کردنی کات بوو بە ڕژێمی نوێ تا خۆی بەهێز بکات لە یەکەم ڕۆژی کودەتا و پاش خوێندنەوەی بەیانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانی پێش کودەتا دەبوایە دەست بە سەر هەموو کوردستاندا بگیرابایە و کوردستان بوونی ئەوناوچانە بکرایە بە دیفاکتۆ.

ب - ژمارەیەك کورد بوون بە چاش(سوارەی سەلاحەدین)وەك جاشەکانی زێباری وسورچی و گۆران و هەرکی و شەرەفانی و ئیزیدی و کۆچەر و بەرواری...و جەنگاندنیان لە دژی شۆڕش.

---

[١] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.

**٢- له سەر ئاستی ڕژێم:**

**پابەند نەبوون بە بەڵێنەكانی پێش كودەتا[*] و دروست كردنی حەرەس قەومی[**] كە تاوانی گەورەیان بەرامبەر بەگەلی كورد ئەنجام دا، سەرەرای زیندە بە چاڵ كردن و لەناوبردنی خەڵكی سڤیل و خۆدزینەوە لە گفتۆگۆو پاشان هەڵگیرساندنی جەنگ و وێران كردنی كوردستان و چەندین تاوانی تر.**

**٣- لەسەر ئاستی هەرێمی:**

**أ - كاتێك عێراق و میسرو سوریا لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا ڕێكەوتننامەیان دەربارەی پێكهێنانی كۆمارێكی فیدراڵی عەرەبی بلاّوكردەوە باسی كورد و مافەكانی نەكرابوو.**

**ب - ولاّتانی ناوچەكە ڕۆڵی نیگەتیڤانەیان هەبوو بەرامبەر بە گەلی كورد وخەباتە ڕزگاری خوازەكەی بۆ نموونە: سوریا لیوایەك لەشكری نارد[***] كە لیوای یەرمووك بوو بە سەركردایەتی لیوا فەهد شاعیر كە یەكێك بوو لە لیوا بەهێزەكانی حزبی بەعس لە سوریا... هەروەها بەغدا هاوكاری بەتینیشی لە لایەن دەسەلاّتی ئێران و توركەوە لەگەڵ دەكرا كە هەردوو لایان ئەندامانی پەیمانی ناوەندی سەنتۆ بوون و بە كیۆماڵ و سەرانسوێ ئاسمانی زەمینی(واتە یارمەتی هەواڵگری)یارمەتی عێراقیان دەدا[١].**

---

[*] - ڕژێم بەڵێنەكانی پێش شۆڕشی بەمەبەستی بێلایەن كردنی كورد و وەستانی جەنگ و سارد كردنەوە لە شۆڕش بوو بەمەبەستی سەركەوتنی كودەتاكەیان و بەهێزكردنی پێگەكانی دەسەلاّت و پاشان لێدانی توند تری گەلی كورد بوو. سەرەڕای ئەوەی كەچەندین تاكتیكی بەكار هێنا وەك بەكارهێنانی شاندی میللی كە هیچ دەسەلاّتێكیان نەبوو لە ناوەندە هەستیارەكانی بڕیاردا نەبوون كەئەمەش بۆ كوشتنی كات بوو، دەستی دەستی كردن بە كورد بەناوی گفتۆگۆی یەكێتی عەرەبی، و كاركردن بۆ بەكارهێنانی ئەو یەكێتیە دژ بە بزاف و ئاواتەكانی گەلی كورد.

[**] - حەرەس قەومیەكان ژمارەیان لە(٣٠٠٠٠)كەس تێپەڕبوو بوو لە ژێرچاودێری كۆلۆنێل وەنداوی بوو، بۆ لێدانی شیوعیەكان و دوژمنەكانی بەعس دروست بوو، لە ژێر فەرمانی پارتی بە عس دابوون... تشارلز تریب، صفحات من تأریخ العراق، مصدر سابق، ص٢٣٥.

[***] - عیسمەت شەریف وانلی، كوردستانی عێراق، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

[١]- أ- جەبار قادر، چەند بابەتێكی مێژوویی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.ب- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣-١٢٤.

ت - لەتەموزی ساڵی١٩٦٣، لـە کۆبونـەوەی ئاسـایی(Cento)دا، بڕیـار درا تورکیا و ئێران یارمەتی عێراق لە کاری دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانی باشـووردا بدەن[١].

پ - ئێران ڕێگـای بـە هێـزە عێراقییـەکان دا بـەدوای پێشـمەرگەدا بچـنە نێوخاکییـــەوە. ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی نەتـــەوەیی تورکیـــاش لـــە(١٩ی حـوزەیرانی١٩٦٢)دا، بڕیـاری هاریکـاری سـوپای عێراقـی دژی کـورد دابـوو. تەنانەت ئەفسەرانی تورك لەموسڵ و ئێرانی لە کەرکوك بەشدارییان لەداڕشتن و بەجێهێنانی پلانی هاوبەش دژی کورد دەکرد.[٢]

٤- لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:-

ڕژێم داوای هەرچی چەك و جبەخانەیـەکی بکردایـە پـێ ی دەدرا، سـەرەڕای یارمـەتییە سەربازییەکانی بەریتانیا و ئیسپانیا و پاکستان، بـەریتانیا باڵـەفڕی هۆکەرو هەنتەری فرە کاریگەری لە بۆمباباران کردنی ناوچە چیاییەکان بە ڕژێـم فرۆشـــت، ئیســـپانیاش بۆمبـــای ناپـــاڵمی دا بـــەهێزی ئاسمـــانی عێـــراق و پاکستانیش(٢٠) هەزار گولە تۆپی(٥,٥)و(٥٠)هەزار گولەی تۆپخانەی چیایی و(٢٥)ڕەتڵـی بۆنـارد.[٣]بـەگوێرەی هەنـدێ سەرچـاوە ئەفســەرە ئینگلیزەکـانیش بەشداریان لە کۆمیتـە سـێ قۆڵییەکـەی عێـراق و تورکیـا و ئێرانـدا دەکـرد، ئینگلیز ئامادە بوو کە پێگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەرکوت کردنی کورد بەکاربهێنێ، و ئەمەریکاش لایەنگیری خۆی بە ناردنی(٤٠٠)تۆن چەکەمەنی بـۆ ڕژێمی بەعس دەربڕی لە هەمان مانگی حوزەیراندا[٤]، سەرەڕای بێ دەنـگ بـوونی بەردەوامی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە گشتی لەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلی کورد دەکرا.

---

[١] - جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
[٣] - مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد(شۆڕشـی ئـەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشـی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.
[٤] - جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

٤ - سەرەتای گرتنەدەستی دەسەلاّت لە لایەن عەبدول سەلام عارف - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەلاّت لەلایەن عەبدول ڕەحمان عارف (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ - ١٣ی نیسانی١٩٦٦).

چارەسەر نەبوونی ڕامیاری و دەستووریو کێشەکانی گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین :

١ - لە سەر ئاستی کوردستان:

أ - بەردەوامی و فراوان بوونی فاکتەرەکانی سەردەمی قاسم و بەعس، لەم سەردەمەداو بە جۆرێك جیاوازی لە بیرو بەرژەوەندیە جۆربەجۆرەکان قولّ بووەوە تا کار گەیشتە هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی لە نێوان ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەی کە لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا دەجەنگان، کاریگەری لە زۆرێك لەمافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کرد تەنانەت لە ئایندەشدا.

ب - گفتوگۆنەکردن و ڕاوێژنەکردن بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە سەر پرسە هەستیارەکانی گەلی کورد وەك گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم، بۆنموونە کۆچێرا دەڵێت بارزانی و عبدول سەلام بە نهێنی ئەو ڕێکەوتنەیان کرد[1]لە کاتێکدا نەتوانرا سوود لە هەلە ڕامیارو سەربازی و ئابوریەکانی حکومەتی عێراق وەربگیرێت لە بەدەست خستنی زۆرترین مافە کانی گەلی کورددا، سەرەڕای ئەوەی کە بە چەك بەدەست خرا لە ڕێکەوتنەکەدا لە دەست درا.

ت - لایەنگیری و دانە پاڵ میری لە لایەن هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆن و لێدانی گورزی کاریگەر لەتوانای شۆڕش چ ڕامیاری چ سەربازی چ دەروونی چ کۆمەلاّیەتی چ ئامانج و ئاواتەکان و ڕەوتی گفتوگۆکانی شۆڕش، بە جۆرێك لە گفتوگۆکاندا یەکێك لەمەرجەکانی شۆڕش ببوو بە چەك کردنی جاشەکان، دیارە جێ بەجێ کردنی ئەم مەرجە لەسەر حسابی مەرجەکانی سەر شۆڕش بوو (مەرجە نەتەوەیی و کوردستانیەکان)، دوای ڕوودانی ئەم پڕۆسەیە ڕژێم لە گفتوگۆکان هەڵهات و پلانی(توکلت علی اللە)ی داڕشت بۆ لێدانی شۆڕش.*

---

[1] - أ- تشارلزتریب، صفحات من تأریخ العراق، مصدر سابق، ص٢٤٣. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

* - تشارلزتریب، صفحات من تأریخ العراق، مصدرسابق، ص٢٤٣.

**٢ - له سەر ئاستی عێراق:**

ا - له دەستووری ساڵی١٩٦٤ دا له دەروازەی یەکەم و مادەی(١)دا هاتووه که"گەلی عێراق-یش بەشێکه له نەتەوەی عەرەب، ئامانجی یەکێتیی عەرەبه، و به شێوەیەکی گشتی حکومەتیش دەبێ له زووترین کاتی نزیك و گونجاودا، کار بۆ به دەستهێنانی بکات و به دەست پێك به یەکێتی لەگەڵ کۆماری یەکگرتوو.

له مادەی سێ دا تەنها زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی ناسێندراوه، ئەمه سەرەڕای پێشێڵ کردنی سەرجەم بەندە دەستوورییەکانی تر که پەیوەسته به ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و چالاکی ڕێکخراوەیی و ئازادی نیشتەجێ بوون وەك له بەشی دووی ماف و ئەرکه گشتییەکاندا هاتوه.[1]

ب - داواکردنی گفتوگۆی حکومەتی عارف له ئەنجامی بڕوا بوون بەمافەکانی گەلی کوردو چارەسه کردنی پرسەکەی نەبوو، بەڵکو له ژێر گوشاری جمال عبدول ناسردا بوو بۆ دەست والآبوونی هێزەکانی عێراق و خۆخەریك نەکردنی به کوردەکانەوه,[2]پاشان که هەستی کرد له ڕووی سوپاییەوه بەهێزبووه به تایبەت پاش ئەوەی که زانییان ژمارەیەك له کوردەکان له دژی شۆڕش یارمەتیان دەدەن له به لێنەکانی خۆیان کشانەوەو پلانی(توکلت علی الله)یان دارشت و خۆیان ئامادەکرد بۆ جەنگی نوێ...

**٣- له سەر ئاستی هەرێمی:**

ئێران ڕامیاری دووفاقەی له دژی کورد گرتە بەر بەهەوڵی عیسا پیژمان پارتی کرد بەدوو بەش** و پاشان بۆ قوڵ کردنەوەی کەلێنەکه یارمەتی سەربازی هەردوو لای دەدا تا کار گەیشته هەڵگیرساندنی شەڕی برا کوژی.

---

[1]- أ- زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف، پێوەره نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ به بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستووری عێراقییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨-١٣٣. ب- نبیل عبدالرحمن حیاوي، دساتیر العراق الجمهورية، مكتبة القانونية، مصدر سابق، ص١٣-٢٤.

[2]- کریس کۆچێرا، کورد له سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٨. وەرگیراوه له لوموند١٢/٢/١٩٦٤.

** - عیسا پژمان له ساڵی(١٩٥٨)وەك یاریدەدەری کارداری نیزامی باڵیۆزی ئێران دادەنرێت، سەر به ساواك(سازمان اطلاعات وامنيت كشور)بوو، توانی خۆی له باڵی مەکتەبی سیاسی نزیك بکاتەوه و توانی بگاته مەلا مستەفاش... پاشان توانی به هەوڵه بەردەوامەکانی درز بخاته نێوان مەکتەبی

٤- له سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

بەردەوامی سیاسەتی بێ دەنگی کردن لەو تاوانکاریانەی کەبەرامبەر بە گەلی کورد دەکراو هاریکاری بەردەوام و فرە لایەنەی ڕژێمی عێراق.

٥ - سەرەتای دەسەڵاتی عارف - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکان(١٣نیسانی١٩٦٦- ١٧ی تەمووزی١٩٦٨).

دەتوانین هۆکارەکانی بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرەکان لەم ماوەیەدا بەتایبەت بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەری٢٩ی حوزەیران لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە :

١- کوردستان: سەرەڕای بەردەوامی گرفتەکانی پێشووی:

أ- لەسەر ئاستی پارتی: سەرکردایەتی نەیتوانی کێشەکانی ناوخۆی پارتی بە لێك گەیشتن و گفتوگۆ چارەسەر بکاتو کار بۆ کەم کردنەوە گرفتەکان بکەن لە پێناوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا، بەڵکو بەرژەوەندییە تایبەتییەکان خرایە پێش بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان.

ب- گروپێك لەمەکتەبی سیاسی بیرو توانا و قەڵەمی خۆیان لەبری خزمەت کردن بە دۆزی کورد، لە دژایەتی کردنی گەل و شۆڕشی کورد بە کارهێنا، چوونکە جیاوازی بۆچوون و تاك ڕەوی ڕابەرەکەی بیانو نەبوو بۆ پاڵ دانە پاڵ سەرسەخترین و دڕندەترین دوژمنی گەلی کورد...

ت- هەڵگیرساندنی یەکەم جەنگی براکوژی و بۆ یەکەمین جار و بەشەڕ هاتنی دوو گروپی شۆڕشگێڕی کورد لە سەر جیاوازی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندی تایبەت...

پ- لە ڕێکەوتن نامەکە، لەگەڵ عەبدول ڕەحمان عارف دا بەهیچ جۆرێك باسی ئۆتۆنۆمی و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەکرابوو، لەبەر ئەوە ڕێکەوتنەکە دۆڕاندنی ڕامیاری بوو بە بەراورد بەو سەرکەوتنە جەنگییانەی کە بەدەست هێنرابوو.

---

سیاسی کۆن و ڕابەر، تا کار گەیشتە شەڕی برا کوژی. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هەوڵ و کارەکانی عیسا پژمان بڕوانە: أ- مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥و ١٧٦- ١٧٨. ب- لڤین، عیسا پژمان و سیخوڕەکەی ساواك و ئەندازیاری شکستی شۆڕشی کەرکوك، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٧٣)، ساڵی شەشەم، ١٥ی ئابی٢٠٠٨، ل٨-١٠.

ج- لەسەر چ بنەمایەك زمانی كوردی بەفەرمی دەكرا لەو ناوچانەی كەزۆرینە كوردین؟ بە پێی چ ئامارێك؟!..

**٢- لەسەر ئاستی عێراقی:**

ڕژێم پاش ئەوەی كە ئەندامانی پۆلی بیرۆ دایانە پاڵی هەستی بە گۆڕانی سەنگی سەربازی و ڕامیاری خۆی كرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە لە جێ بەجێ كردنی بڕگەكانی بەیاننامەكە خۆی بدزێتەوە. سەرەڕای ئەوەی كە جاشەكانیشی چەك نەكرد...

وەك لە یاداشتەكەی شۆڕش بۆ ڕژێم هاتبوو، لە(١٢)خاڵدا سەرپێچیەكانی ڕژێم ئاماژەی پێكراوە وەك: چۆڵ نەكردنی ناوچە تەعریب كراوەكان و بە هەمیشە نەكردنی دەستووری كاتی و دەرنەكردنی یاسای پارێزگاكان و كارنەكردن بۆ بە فەرمی كردنی زمانی كوردی...*

**٣- لە سەر ئاستی هەرێمی:**

دەتوانین ئاماژە بۆ ڕۆڵی نیگەتیڤی ئێران بكەین كە چۆن درز و كەلێنی خستە نێوان ڕیزەكانی شۆڕشی كورد و قووڵكردنەوەی كەلێنی نێوان رابەرو ئەندامانی مەكتەبی سیاسی تا گەیشتە ڕادەی شەڕی براكوژی.

**٤- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی :**

بەردەوام بوونی چاوپۆشیەكانی وڵاتانی خۆرئاواو جیهان و زلهێزەكان و ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ.

٦- أ - سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن بەعسیەكان- نسكۆی شۆڕشی ئەیلول(١٧ی تەمووزی١٩٦٨- ئازاری١٩٧٥).

---

* - وەك لە یاداشتەكەدا هاتوە شۆڕش پابەند بووە بە بەڵێنەكانی بەیاننامەكە وەك ڕادەست كردنەوەی چەكە قورسەكانی شۆڕش... هەروەها داوای لەرژێم كردووە پابەند بێ بە جێ بەجێ كردنی پەیماننامەكە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەقی پێشنیارەكە بڕوانە: مسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی یەكەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦-٤٠١.

بەشێك لە گەورەترین دەست کەوتە نەتەوەییی و نیشتمانییەکانی گەلی کورد لەم ماوەیەدا بە دەست هات، بەیانی١١ ئازار مەزنترین دەستکەوتی شۆڕشی کورد بوو لە ساتە وەختی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقییەوە، بەڵام چەند هۆکارێك ڕۆڵی هەبوو لە بە جێ بەجێ نەکردنی بەیانەکە و سەر نەگرتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکان بۆ گەلی کورد، دەتوانین لەم خاڵانە دا ئاماژەیان پێ بکەین:

١- لەسەر ئاستی کوردستان:

أ- لە ماوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دا:

١- نەبوونی ڕێکەوتنی تەواو لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سەرکردایەتی شۆڕش، وەك لە نامەی(٢٦ تشرینی دووەمی١٩٧١)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نێردراوە دەردەکەوێت پێشمەرگە لەناوچەی خانەقین کاری گێرەشێوێنیان کردووە و لەبەرمبەردا شۆڕش لێپێچینەوەی لەگەڵ کردوون*.

٢ - شۆڕش ماوەی گفتوگۆکەی نەقۆستەوە بۆ چەندایەتی و چۆنایەتی کردن چ لە ڕووی سوپا، چ لە ڕووی هەواڵگری، بۆ ڕووبەرێکی فراوانی ئازاد کراو، بۆیە دەبینین شۆڕش لە جەنگەکانی ساڵی١٩٧٤دا ناوچە لەدوای ناوچەی لەدەست دەدا.

٣- هەروەها شۆڕش لە کاتی گفتوگۆدا نەیتوانی لایەنی بەرامبەر ڕازی بکات بە دان نان بە سنووری باشووری هەرێمی کوردستان، بەڵکو دیاری کردنی سنووری کوردستانی سپارد بەئایندەیەکی نادیار...

٤ - درێژی ماوەی دانراو بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی، بە تایبەتی لەگەڵ ڕژێمی بەعس کە شۆڕش تاقیکردنەوەی تاڵی هەبوو لەگەڵی.

٥- نەبوونی هەڵوێست لە ئەنجام نەدانی سەرژمێری لەماوەی دیاری کراو دا، بەمەبەستی دیاری کردنی ناوچە کوردییەکان.

* - بۆ زانینی دەقی نامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئیمزای بارزانی لەسەرە بڕوانە: مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥-٢٩٧.

**٦- پشت بەستنی تـەواو بـە بەڵێنـەکانی ئەمـەریکا وئێـران و وەرنـەگرتنی بەڵێنی نوسراو و نەبوونی پەیماننامە لە نێواندا و وەرنەگرتنی بەڵێنی فەرمی لـە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان کە پشت لە کورد نەکەن.**

**ب - لە کاتی جەنگدا:**

**١- بارزانی لە ڕووداوەکان دابڕابوو کەناڵی زانیاری خەڵکانێکی زۆر کەم بوون ئەندامانی تریش بە کاورباری خۆیانەوە خەریك بوون، جگە لەوەی کە ئەنـدامانی مەکتەبی سیاسی بە دەگمەن بارزانییان دەبینی خۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەوەش کەمتر[1].**

**٢ - سەرەڕای ئـەوەی کـە پـارتی ئیـدی وەکـو حزبێکـی سیاسـی نـەمابوو، دەزگایەکی ئیداری بوو وەکو هەر دەزگایەکی ئیداری ئاسایی کاری دەکرد، دەبـوو ئەو بڕیارانە جێ بە جێ بکات کە لە سەرێ ڕادەهاتن، ڕێکخراوەکانی قوتابییـان و لاوانی کوردیش تەنیا ڕێکخراوی ڕواڵەتی بوون، هۆی هەمـوو ئـەم شـتانە تـەنیا یەك شت بوو لە کوردستانی ئازاد کراوی بارزانی دا لـە هـیچ بـوارو ئاسـتێکدا حیساب و کیتاب و هەڵسەنگاندن و پرسینەوە لە گۆڕێدا نەبوو[2].**

**٣ - نەتوانینی سوود وەرگرتن لە توانای ئەو سەدان هەزار[3] کەسە کـە ئـاوارە بوو بوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش و بەکارنەهێنانـەوەیان لـە بوارەکـانی سەربازی و هەواڵ گری[*] و ڕاپەڕین لە شارەکان و ئەنجام نەدانی چـالاکی جـۆر بـە جۆر، کۆچێرا دەڵێت"ڕێبـەران لـە هـیچ بوارێکـدا ڕێگـەیان بـەو خوێنـدەوار و ڕۆشنبیرانەی کە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو نەدا کە بەشێوەیەکی کاریگـەر لە شۆڕشدا بەشداری بکەن و سوود لە توانا و بەهرەی لاوان وەرنەدەگیرا، ناکۆکی**

---

[1]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٦-٤٠٧.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٧.

[3] - أ- دیڤید ماکـداوێڵ، مێـژوویی هاوچـەرخی کـورد، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٦٩٨. ب - کـریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٥.

[*] - عیسمەت شـەریف وانلـی، کوردسـتانی عێـراق، گـەلێکی پـەژموردە و نیشـتمانێکی پـەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٨.

لە نێوان جەنگاوەران و گوندییان و جوتیاران لە لایەك و خوێندەواران لە لایەکی دی کەزۆربەیان خەڵکی شاربوون گەیشتە ئەوپەڕی..."[**]

٢ - لە سەر ئاستی عێراق :

لە دەستووری ساڵی ١٩٦٨دا هاتوە[١] :-

أ - لە مادەی یەکەمی دەروازەی یەکەم هاتووە"... گەلی عێراق بەشێکە لە میللەتی عەرەب و ئامانجیشی یەکێتیەکی عەرەبی گشتگیرە و حکومەتەکەشی دەبێت هەوڵ بۆ بەدی هێنانی بدات"، لێرە دا گەلی کوردو کە مایەتییەکانی دی بەعەرەب هەژمار کراون.

ب - لە مادەی چواردا تەنها زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی دەست نیشان کراوە، سەرەڕای ئەوەی کە تەرحیل و تەهجیر و قەدەغەکردنی چالاکی پارتی و ئازادی ڕۆژنامەگەری، دژ بە بنەما دەستوورییەکانی ساڵی ١٩٦٨بوو بەتایبەت بەشی سێیەمی ماف و ئەرکە گشتی یەکان...

ت - هەروەها لەدەستووری ساڵی١٩٧٠ لە مادەی(٥)بڕگەی(أ)دا عێراق بە ولاتێکی عەرەبی ناسێنراوە.[٢]

پ - ڕژێم[**] هەرگیز ئەوەیان لەخەیاڵدا نەبوو کە وەکو شەریك بە جۆرێکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ کوردا بکەن، دەیان ویست دەسەلاَت بە هەموو شێوەیەك تا سەرو بێ چەند و چوون لە دەستی خۆیاندا بێت[٣].

---

[*] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هەڵەکانی پارتی و ناکۆکی شارنشین و گوندنشینەکان و جەنگاوەران بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٨.

[١] - أ- نبیل عبدالرحمن حیاوي، دساتیر العراق الجمهوریة، مصدر سابق، ص٢٧-٤٠. ب- زانکۆ دی پۆلی- کۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستووری عێراقییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨-١٣٣.

[٢] - نبیل عبدالرحمن حیاوی، دساتیر العراق الجمهوریة، مصدر سابق، ص٤٣. بۆ بینینی سەرجەم بڕگەکانی دەستور ساڵی١٩٧٠و گۆرانکاریە دەستوورییەکان بڕوانە: المصدر نفسه، ل٤٣-٦٠.

[**] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پاشگەز بونەوەکانی ڕژێم لە بەڵێن و ڕێکەوتنەکان، بڕوانە: عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١.

[٣] - کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٧.

ج -  له(١٤ئازار)دا جاشەكان نارنجۆكێكیان فڕێدایە قوتابخانەیەكی كچانەوە لە سلێمانی، لە(٢١نیسان)دا جاشەكانی لەتۆ زێباری هێرشیان كردە سەربارەگای لقی(١)پارتی.[1]

ح - لە(٦ی كانونی یەكەمی١٩٧٠)هەوڵێكی كوشتن درا بۆ ئیدریس بارزانی لە بەغدا كە لە بەغداد بوو بۆ جێ بە جێ كردنی بەندەكانی١١ی ئازار[2].

خ - چەند یەكەیەكی سوپایی لە تەمووزی١٩٧١ دا بەرێ خست بۆ بارزان تا محمد خالید لە بناری چیا پیرێس دا لێیان هاتە دەست و سوپاكەی شكاند[3].

د - هەروەها لە(٢٩ی ئەیلولی١٩٧١)هەوڵی تیرۆركردنی بارزانی درا لە ڕێگەی ناردنی پیاوانی ئاینی و دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژكراوەوە[4].

ژ- لە كانونی یەكەمی١٩٧١دا ڕژێم نزیكەی(٤٠٠٠٠)كوردی فەیلی[*]ڕەوانەی ئێران دەكات[5].

---

[1] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢.

[2] - أ- كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢. ب- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.ت - دیڤید ماكداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨١.پ- گوینتەر دێشنەر، كورد: گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، و.بۆ عەرەبی: عبدالسلام بەرواری، و. بۆ كوردی: حەمەكەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی١٩٩٩، ل٢٣٢.

[3] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

[4] - أ- گوینتەر دێشنەر، كورد: گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢. ب- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد ( شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨. ت - كریس كۆچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٣. پ- عیسمەت شەریف وانلی، كوردستانی عێراق، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤. ج- دیڤید ماكداوێڵ، مێژوی هاوچەرخی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦٨٣.

[*] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر كوردە فەیلییەكان و هۆكاری دەركردنیان لە لایەن حكومەتی عێراقیەوە بڕوانە: عیسمەت شەریف وانلی، كوردستانی عێراق، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢-٢٨٣.

[5] -أ- كریس كوچێرا، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٣. ب- عیسمەت شەریف وانلی، كوردستانی عێراق، گەلێكی پەژموردە و نیشتمانێكی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢. ت- تشارلز تریب، صفحات من تأریخ العراق، مصدر سابق، ص٢٨٢.

ر - لەو نامەیەی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەحمەد حەسەن بەکری ناردووە لە ساڵی ١٩٧١ دا هانی ڕژێمی داوە بۆ لابردنی ناکۆکییەکان و دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆ هەروەها ئاماژەی بە هەندێك لە سەرپێچییەکانی ڕژێمیش کردووە[**]، ڕژێم هەوڵێکی تری لە(١٥ی تەموزی ١٩٧٢)دا بە مەبەستی تیرۆرکردنی بارزانی[١].

ز - سەرەڕای دەست پێکردنی هێرشی ڕاگەیاندن لە ڕۆژنامەی(الثورة)تۆمەت بارکردنی شۆڕشی کورد... ڕژێم بەردەوام بوو لە ڕاکێشانی هەندێك لەبارزانییەکان بەلای خۆیدا وەك عوبەیدوڵای بارزانی[**]، کەئەوەندەی تر لە خۆی بایی بوو بوو متمانەی بە سەرکردایەتی خۆی زیادی کردبوو[٢].

س - لە(١٨ئەیلولی١٩٧٣)سوپا هێرشی کرد بۆ سەر پێشمەرگە لە قۆش و شەنگار، لە(١٣تشرینی یەکەمی ١٩٧٣)سوپا هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە دەربەندیخان[٣].

ش - بەدرێژایی دوا قۆناغەکانی دانوستان لە(کانوونی دووەم - ئازاری١٩٧٤)ڕێبەرانی بەعس بە تایبەت سەدام حسێن بێ منەتی و سەرسەختی

---

[*] - لە نامەکەدا ئاماژە بە هەندێ لە تاوانەکای ڕژێم کراوە وەك ناردنی سەرباز بۆ کوردستان و چەك کردنی پلە دارە کوردەکان و هەڵمەتی بەرفراوان بۆ گرتن و دورخستنەوە و دەربەدەرکردنی دژی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بێ هیچ پاکانەو هۆیەك، گرتنی هەندێك پێشمەرگە و فڕاندنیان و ئەشکەنجە دانیان ڕێکخستنی پلانێك بۆ تیرۆرکردنی پارێزگای هەولێر... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥-٢٩٧.

[١] - أ- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩. ب- مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧-٧٨.

[**] - عوبەیدوڵای کوڕی مەلامستەفا یەکێك بوو لەو پێنج وەزیرە کوردەی کە حکومەتی عێراق لە کاتی تازە کردنەوەی کابینەی حکومەتەکەی داینا لە نیسانی١٩٧٤دا لە جیاتی پێنج وەزیرەکەی شۆڕش. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وەزارەتەکان و وەزیرەکانی سەر بە بەعس بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەوبیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠.

[٢] - مەسعود بارزانی، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد ( شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

[٣]- کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣.

**خۆ پەسەندی یان دەنواند پێیان وابوو پاش خۆماڵی کردنی نەوت* کەس ناتوانێت خۆی لە بەریان بگرێ و بەگژیاندا بچێت و هەرگیز ئەوەندە زەنگین و پارەدار نەبوون، چونکە نرخی نەوت بوو بە چوار بەرامبەری جاران[1] .**

**ص - ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی تاك لایەنە کە ئەوەش پێچەوانەی ڕێکەوتنی(١١ی ئازار)بوو...[2]**

**چ - بەدرێژایی مانگی(٥ و٦ ی ساڵی١٩٧٤)سوپای عێراق لێکدا لێکدا دەکەوێتە عەرەبانـدنی ناوچە گرنگەکانی ژەنگارو کەرکوك و خانەقین و گوندەکانیشیان بە بلدۆزەر تەخت دەکات و بە بەردەوامی زەوی جوتیارە کوردەکان** بە جوتیارە عەرەبەکان دەدرا.[3]**

**پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی پارتی هەر لە ساڵی١٩٦٣وە شیوعیەکانی پاراست لە قەتل و عامی حکومەتی عێراق، لەم سەردەمەدا لە شۆڕشی کورد هەڵگەڕانەوەو پاڵیان دایە پاڵ ڕژێم.*****

---

* - رژێم بە دروشمی نەوتی(عەرب بۆ عەرەب)نەوتی خۆماڵی کرد، کە نەوتی کەرکوك وخانەقین و عەین زالە، ڕێژەی لە(٨٠٪)نەوتی بەرهەم هێنراوی عێراقی پێك دەهێناو(٧٦٪)ی داهاتی گشتی ولاّتی پێك دەهێنا... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩.

[1]- أ- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٨. ب - عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٨.

[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٠.

** - بە بڕیاری ژمارە(٣٦٩)لە(٣١/٣/١٩٧٥)ڕووبەری(١٣١٥٥٥)دۆنم زەوی دەستی بەسەردا گیراوە، بە بڕیاری ژمارە(٨٣٤)لە(٢٨/٧/١٩٧٦)ڕووبەری(٣٨٢١٨)دۆنم دەستی بەسەردا گیراوە، بەبڕیاری ژمارە(٩٤٩)لە(٢٣ئابی١٩٧٧) ڕووبەری(١٢٣٣٩١)دەستی بەسەردا گیراوە، بەبڕیاری ژمارە(٩٣١)لە ١٩٩٥دا ڕووبەری(٩٠٠٠٠)دۆنم دەستی بەسەردا گیراوە و بە کۆمەڵە بڕیار گەلێکی دی دەیان هەزار دۆنم دەستیان بەسەردا گیراو بەسەر عەرەبە هێنراوەکاندا دابەشکراوە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عارف قوربانی، لە پاکتاوی ڕەگەزیدا ئامارەکان چیمان پێدەڵێن، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٤٧)لە(٨ی نیسانی ٢٠٠٩)، ل٣.

[3]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٣. ب- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٢.

*** - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هەڵوێستی شیوعییەکان بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

**٣ - لەسەر ئاستی هەرێمی :**

**ولاّتانی هەرێمی و عەرەبی رۆڵێکی زۆر نەرێنی و تەنانەت دوژمنکارانەشیان بینی لە نەگەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی و تەنانەت هەڵگیرساندنەوەی جەنگ و کۆتایی پێ هێنانی شۆڕشی کوردیش، بە جۆرێك کە شۆڕشی کوردیان بۆ دەستکەوتە رامیاریو ئابوری و جیوگرافییەکانیان بەکارهێنا[*] ، بۆ نموونە لەکاتی گفتوگۆو هاتو چۆی بەردەوامی نێوان شۆڕش و رژێم کە بەرهەمەکەی مۆرکردنی رێکەوتن نامەی(١١ی ئازار)بوو:**

**أ - شای ئێران لە رێی نامەیەکەوە کە بە شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود دا ناردبووی داوای کردبوو بارزانی هەرچی داوا بکات بۆی جێ بە جێ دەکات[**] لە بەرامبەردا بارزانی واز لە مۆرکردنی رێکەوتننامە لەگەڵ حکومەتی عێراق بهێنێ و سەردانی ئێرانیش بکات، ئاماژەشی بۆ ئەوە کردبوو کە ئەم داوایە رەزامەندی ئەمەریکاشی لە سەرە، لە سەردانی(١٥کانونی دووەمی١٩٧٠)بۆ تاران شا بەبارزانی وتبو کە ئەم رێکەوتنە قازانجی بەعس و سۆڤیەتی تیایە و بەناوی ئەمەریکاوە بەڵێنی زۆری بۆ بارزانی هەڵڕشتبوو[١] ...**

[*] - بۆ نموونە، ئێران بە رێکەوتنی جەزائیر توانی: أ- عێراق لە یەکێتی سۆڤیەت دابڕێت. ب- خواستی بوو ببێت بە پیاوە زلەکەی کەنداو. ت- لەناو بردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کە چاوی پێ هەڵ نەدەهات: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

[**] - یارمەتی دانی ئێران بۆ شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆنیگەرانی شا بۆ دەسەلاّتی سۆڤیەتییەکان لە ناوچەکەدا پاش مۆرکردنی پەیمانی ئاشتەوای سۆڤیەتی- عێراقی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥.

[١] - مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥ بەپێی راپۆرتی هەواڵگری ئەمەریکا لە(٢٢ی ئازار١٩٧٤)، کۆمەکی شا بۆ کوردەکان بەکارهێنانیەتی وەك کاغەزی یاری لە دژی دراوسێکانی...ئەمەریکاش دەیویست بەم هۆیە عێراق دورخرێتەوە لە هەموو جموجوڵێکی جیهانی... عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٨-٢٩٩.

ب - ئێران لە هەوڵی بەردەوام بوو بۆ سەرنەگرتنی ڕێکەوتننامەکە و هەڵگیرساندنەوەی جەنگ[*]، ساواکی ئێران تەقینەوەیەکیان کرد لە کفری، هەروەها ئێران دەیویست لە ڕێگەی جەمیلی محەمەد ئاغا برای فاخیر مێرگەسوری کە ئەو ئەرکە ساواك پێی سپاردبوو بۆ ڕوخاندنی پاشماوەی متمانە و باوەڕ بەیەك کردنی شۆڕش و حکومەتی ناوەند بکشێتەوە بۆ هەڵگیرساندی شەڕ[1].

ت - ڕۆڵی پەیام بەرو ناوەندی وەزیری بەرگری تورکیا لە گەیاندی پەیامی شا بۆ دەوڵەتی عێراق لە هەیڤی تشرینی یەکەمی١٩٧٢کە شا دەیویست عێراق پەیمانی ساڵی١٩٣٧کە دەربارەی شەتاوی عەرەب بوو هەڵبووەشێنێتەوە لە بەرامبەردا ئێران ئامادەیە کارێکی وابکات کە ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێت[2].

پ - ڕۆڵی نەرێنی سەرۆك بومیدیان لە ڕێکەوتنی جەزائیر[*]... پاشتر مۆڵەت پێدانی٥٠ ئەفسەری جەزائیری لە هەردوو دیوی سنوور. جگە لە ڕۆڵی نەرێنی هەریەکە لە تورکیا و میسرو شای ئوردن(مەلیك حسێن)ڕۆڵیان لە نەنجامدانی ڕێکەوتنەکەدا هەبوو[3].

---

[1] - مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەچاوەی پێشوو، ل٨٨-١٠٥. ب- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.

[2] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤.

[*] - ڕێکەوتنی جەزائیر: ئەو ڕێکەوتن نامەیە بو لە نێوان شای ئێران و سەدام حسێن بە بینیی ڕۆڵی ناوەندی و سەرەکی سەرۆك بومیدیان لە(٦ی ئازاری ساڵی١٩٧٥)لە جەزائیر بڕیاری لە سەر دراو لە١٣حوزەیران لە بەغدا واژۆ کرا، کە تایبەت بوو بە لایەنەکانی سنوور(ئاوی، وشکانی)و ئاسایشی سنوور، بە پێی ڕێکەوتننامەکە جارێکی دیکە سنووری ئاوی و وشکانی لە نێوان ئێران و عێراق دا دەست نیشان دەکرێت لە پێناو بنەماکانی سەلامەتی خاك و ڕێزگرتنی سنوورو دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی هەردوو وڵات، سەرەڕای ئەوەی هەردوولا هاریکاری یەکتر دەکەن بە زانیاری هەواڵگری بەمەبەستی ڕێگرتن لە سنوور بەزاندن و ڕادەست کردنی تێکدەران بەیەکتر، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری پاڵنەری ئێران لە مۆرکردنی پەیماننامەکە دەستکەوتنی ڕوبەری جوگرافیا (ئاوی و وشکانی)زیاتر بوو بەمەبەستی فراوان کردنی هەژموونی ئابوری و ڕامیاری و سەربازی و دەروونی... لەبەرامبەریشدا عێراق مەبەستی سەرەکی لە کۆتایی هێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردو جیٚ بە جیٚ نەکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار و کپ کردنی داخوازیەکانی گەلی کوردبوو ئەگەر چی باجی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵاتی و جوگرافی مرۆیی... هەرچەند بێت؟! .بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەندە ئاشکراو نهێنیەکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بڕوانە: أ- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد(شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەچاوەی پێشوو، ل٤٣١-٤٤٣. ب- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٠-٤٢١. ت - محمد الطاهر محمد، القضية الكردية و حق تقرير المصير، مصدر سابق، ص٣٠٣-٣٠٩.

[3] - جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

ج - ڕێگرتنی بارزانی له لایەن مەلیك حسێن و شای ئێران لـە ڕاگەیانـدنی دەوڵەتی کوردی...[1]

٤ - له سەرئاستی نێودەوڵەتی:

لەسەرئاستی نێودەوڵەتی ولاّتانی خۆرئاوا و زل هێـز بەتایبـەت تـر ولاّتـانی هەردوو جەمسەر ڕۆڵێکی زۆر نـەرێنییان بـینی لـە بـەرکارهێنانی شـۆڕش بـۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی[*] خۆیان و بەدی هێنانی بەرژەوەندی زیاتر ئەگەر چـی له سەرحسابی ماف و خوێنی شۆڕشی گەلی کورد بێت، بۆ نموونە:

أ — کیسنجەر [**] دەڵێت سەرۆك(نیکسـۆن)م ئاگـادار کـردەوە کـە کوردەکـان کارێك نەکەن که بزوتنەوەکەیان بگاتە سەرو ئاستی بەرگری.[2]

ب - له بروسکەی پێشەوای سۆڤیەت برجنێڤ بۆ بـارزانی هـاتوە کـە هـانی دەدات بۆ ڕێکەوتن لە بەرئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد کوتەکێکی پشـت شکێن دەسرەوێنێتە ئیمپریالیزم[3].

ت - ئیمـزا کردنـی پـەیمانی دۆسـتایەتی سـۆڤیەت- عێراقـی لـە لایـەن کۆسیگنی سەرۆك وەزیران و سەرۆك ئەحمەد حەسەن بەکر لـە سـەرەتای نیسـانی ساڵی١٩٧٢دا، پاش ئەوەی کە عێراق هەندێك کاری وەبەرهێنان و کـارکردنی دا بە سۆڤیەتییەکان وەك کارکردن لە چاڵە نەوتە گەورەکانی ڕومێلەو ڕێگەدان بـە زەریـا گـەڕەکانی سـۆڤیەت لـە بەنـدەرە عێراقییـەکان و لێوارەکـانی کەنـداو کـارپێکردنی شـارەزاگەری سـۆڤیەت، ئەمانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە هـانی

---

[1] - هێنری کیسنجەر، کارەساتی کورد، و. سەباحی غالیب، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(١) ساڵی(٨)، شوباتی٢٠٠٠، ل١٥١.

[*] - بۆ هۆکاری یارمەتی ئەمەریکا بۆ کوردەکان و چـۆنیەتی یارمـەتی دان و بـڕی یارمەتییەکـە و چۆنیەتی بڕینی یارمەتییەکان بڕوانـە: عیسـمەت شـەریف وانلـی، کوردسـتانی عێـراق، گـەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧-٢٩٩.

[**] - هێنری کیسنجەر(Henry Kissnger)لە ساڵی١٩٣٨ لە ئەلمانیا لـە دایـك بـووە... مامۆسـتای زانکۆ بووە لە ١٩٦٩بووە بەڕاوێژکاری سەرۆك نکسـن و لـە سـالاّنی١٩٦٩-١٩٧٥ وەزیـری دەرەوەی ئەمەریکا بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هێنری کیسـنجەر، کارەسـاتی کـورد، سەرچـاوەی پێشـوو، ل١٦٦.

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

[3]- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خـوازی گـەلی کـورد (شۆڕشـی ئـەیلول١٩٦١-١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

**شیوعییەکان بدەن بۆ چوونە ناو بەرە[*][١] لە دژی شۆڕشی کورد و پاشتر چەندین ڕێکەوتنی سەربازی و ڕامیاری و ئابوری مۆرکران لە دژی گەلی کورد.**

**پ - سەرەك نیکسۆن و کیسنجەر[**] و شای ئێران حەزیان دەکرد کەئەو بارودۆخە و ڕەوشەی کە هەیە وەك خۆی بمێنێ، هیچ یەکێك لەوانە خوازیاری سەرکەوتنی کوردەکان و بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە نەبوون[٢]. پاش ئەوەی کە گەلی کورد دووچاری فشارێکی سەربازی ڕامیاری بووەوە لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی [٣].**

**٦- ب - نسکۆی شۆڕش - سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان(ڕوخانی بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت)یان(سەرەتای سستمی نوێی جیهانی):**

**نسکۆی شۆڕشی ئەیلول نەبوە هۆی کۆتایی پێهێنانی خەبات بەڵکو ژمارەی پارتە خەبات گێڕە کوردیەکان زیادی کرد و خەباتیان دژی ڕژێم توند تر کرد، بەلاّم لە بەر چەند هۆکارێك نەتوانرا چارە سەرە ڕامیاری و دەستوورییەکان بگەنە ئامانج کە دەتوانین لەم خالاّنە دا ئاماژەیان پێ بکەین:**

**١- لەسەر ئاستی کوردستان:**

**أ - بەردەوامی شەڕی ناوخۆ و لە بیرکردنی ستراتیج و ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دروست بوو بوون کە ئەمە گەورەترین و ڕەش ترین هەڵەیە کە کوردەکان بەرامبەر بە خۆیان و نەتەوەکەیان ئەنجامیاندا.**

---

[*] - کوردەکان دوو مەرجیان هەبوو بۆ چوونە ناو بەرەی نیشتمانی کە بریتین لە: -أ- ڕێکەوتنی جاران لەمەڕ ئۆتۆنۆمی. ب - ڕێکەوتنەکەی جاران لەمەڕ دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی: کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢.

[١]- أ-. عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٤. ب- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١-٩٥

[**] - کیسنجەرو ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر یارمەتی عێراق بدرێت بۆ ڕزگاربوونی لەو چقڵی دڕکە کە کوردە، ئەوسا بەغدا لە پاداشتی چاکەی میسر نابێتە تەگەرە لە ڕێی ڕێکەوتنی ئەوان و ئیسرائیل. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

[٢] - کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣-٣٧٤. وەرگیراوە لە ڕاپۆرتی پایك.

[٣] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

**ب - وەرگرتنی یارمەتی دوژمنەکانی وەك ئێران و سوریا... لە پێناوی درێژەدان بە جەنگی کوردستان (چ کوردی یان دوژمن)بێت و وێران کردنی خاك و لە ناو بردنی دەیان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بێجگە لە پیس بوونی ژینگەکەی.**

**ج - بە جاش بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان[*] و جەنگاندنیان لە دژی پێشمەرگە و ئامانجەکانیان و وێران کردنی گوندەکان و یارمەتی دانی ڕژێم لە هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری هەرێم... ئەمەش زیانێکی گەورەی سەربازی و ڕامیاری و ئابوری و دەرونی گەورەبوو لە شۆڕش و گەلی کورد و مافەکانیان.**

**٢ - لە سەر ئاستی عێراق:**

**أ - ڕژێم تەنها لە شکست دا بیری لە گفتوگۆ و دانوستان دەکردەوە، لەکاتی قورس بوونی سەنگی سەربازی و ڕامیاری لە دانوستان دەکشایەوە.**

**ب - ئەنجام دانی تاوانی دڕندانە و ئاوارەکردنی دەیان هەزار کورد لە سەرخاکی خۆیان[**] و بەسوتماك کردنی کوردستان و ڕەشە کوژی کردنی گەلی کورد تەنانەت بۆئەم مەبەستە چەکی قەدەغە کراوی جیهانیشی بەکارهێنا کە دژی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ[***] و سەرجەم بەندەکانی پەیمانی جنێف**

---

[*] - بۆ نموونە قاسم ئاغا یەکێك بووە لە سەرۆك جاشەکانی ڕژێمی پێشوو بە دەستی خۆی(٥٦٩) هاووڵاتی کوردی لە ژن و منداڵ و پیر ئەنفال کردووە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد عوسمان، لە کۆیە نزیکەی٤٠داوای یاسایی لەسەر(قاسم ئاغا)تۆماری دەکرێت، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٢٧)، ١١حوزەیرانی٢٠٠٣.ل ١و٣.

[**] - عەلی حەسەن مەجید لە یەکێك لە کۆبونەوەکانی لەگەڵ کاربەدەستان لە ١ی ئابی١٩٨٨دا دەڵێت"ئێمە داوامان لە پارێزگای موسڵ کردووە کە هەموو ئەو کوردانەی لەوێ دەژین دوریان بخەنەوە بۆ چیاکان بۆ ئەوەی وەك بزن بژین. دایکیان بگێن! بۆچی خۆتان جەنجاڵ وشپرزە کردووە بەمانەوە؟ درێژەی پێ دەدات و دەڵێت" ئێمە لە موسڵ دەرمان کردن بێ هیچ قەرەبووکردنەوەیەك خانووەکانمان تەخت کردن و وتمان ئادەی بڕۆن، ئێمە دەبێت ناوچەکەتان(واتە موسڵ)بە عەرەب بکەین: میدڵ ئێست وۆچ، جینۆساید لەعێراق دا وپەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٠.

[***] - ڕژێمی بەعس هەر(٣٠)خاڵەکەی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤی پێشێل کرد بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەندەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بڕوانە: بڕیاری کۆمەڵەی گشتی٢١٧ هەزار(د-٣)ی ١٠کانوونی یەکەمی١٩٤٨.

بوو[*].. کارکردن بۆ هەڵتەکاندنی ژێر خانی ئابوی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی مۆرکی مرۆڤایەتی و بەردەوامی لە پرۆسەی بە عەرەب کردن و گۆڕینی سنووری کارگێری و ڕاگواستنی کوردان.

٣- لەسەر ئاستی هەرێمی:

أ - جەنگ خستنە کوردستان لەسەر حسابی خاك و خوێنی گەلی کورد و هاندانی کورد لە ڕشتنی خوێنی هاو زمانی خۆی، لە پێناوی بەرژەوەندییە سەربازی و سیاسی و ئابوری و جیۆگرافییەکان.

ب - یارمەتی پارتە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتانی هەرێمی یەوە بۆ فشارخستنە سەر ڕژێم و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو، چوونکە سەرەتای دانوستاندا لەگەڵ ڕژێم، واتای کۆتایی هاتنی ئەم یارمەتییانە بووە.

ت - لەساڵی١٩٨٧ دا ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان عێراق و تورکیا دژی کورد لەباکوور و باشووری کوردستاندا مۆرکرا کە لە(٥)خاڵ پێکهاتبوو، بەگشتی ڕێکەوتنەکە پەیوەست بوو بە سنوور و ئاسایش و هاوکاری نێوانیان وەك دەزانین لە سەر سنووری هەردوولا تەنها گەلی کورد هەیە، وەك لە خاڵی(٣)دا هاتوە هەر دەوڵەتێك مافی سنوور بڕینی دەوڵەتی دووەمی هەبووە.[**]

پ - نەشاردنەوەی ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە کورد و ئامانجەکانی، تەنانەت لە هەندێك کاتیشدا خۆیان ڕاستەوخۆ پرۆسەی سەربازی یان لە دژی پارتە کوردستانیەکانی عێراق لەناو خاکی کوردستاندا ئەنجام داوە، بۆنموونە تورکیا لەساڵی١٩٨٣ دا عەمەلیاتێکی فراوانی بە ڕوکەش بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی یاخی بوانی خۆی لەم دیو سنوورەوە دەست پێ کرد، هێزەکانی تورکیا ڕێکەوتننامەیەکیان لە ساڵی١٩٧٨ لەگەڵ عێراق مۆرکرد بەناوی(ڕاوە دوونانی گەرم). بە مۆڵەتی عێراق لە سنوور ڕەت بوو هاتنە ناو خاکی

---

[*] - ژمارەی گوندە ڕووخاوەکان کەیشتەنزیکەی(٤٥٠٠)گوندو زیاتر لە(١٨٢٠٠٠)مەردمی سیڤیلی بێ چەك لە لاو و پیرو ئافرەت و منداڵی تێدا بوونە قوربانی، لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژە دەستووری هەرێم کوردستان- عێراق، پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق، (٢٢ی ئابی ٢٠٠٦)، ل٣-٤...جگە لە ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس.. جگە لە دەربەدەرکردن و ڕاگوێزان و بەعەرەب کردنی سەدان هەزار کەسی تر.

[**] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر سەرجەمی خاڵەکانی پەیماننامەکە بڕوانە: جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژوویی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

عێراقەوە، تورکیا لەم عەمەلیاتەدا هێزی زەمینی و ئاسمانی بەکارهێنا(١٥٠٠)کەسی دیل کرد کەزۆربەیان بەلای زۆرەوە یاخیبوانی دژی ئەنقەرە نەبوون، بەڵکو خەڵکی گوندەکان بون و هێزەکانی تورك زیانێکی زۆریان بەدوژمنەکانی بەغدا گەیاند و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی و حزبی شیوعی یان وێران کرد و نزیکەی(٣٠٠)پێشمەرگەیان کوشت، و لە مانگی ئاب- یش جارێکی تر دەست درێژی کردەوە[1]، هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیان دا.

ج - کارکردن و هەڕەشە کردنی تورکیا لەعێراق بۆ مۆر نەکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، عێراقی لە هەرجۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتی ئاگادار کردەوە کە دەبێتە هۆی بەستنی تەنیا خەتی بۆری نەوت کە بە تورکیا دا تێ دەپەڕێ.[2]

ح - لە ئاست زۆربوونی ئەو بەڵگانەی کە عێراق چەکی کیمیاوی دژ بەگەلی کورد بە کارهێناوە، جامیعەی عەرەبی پشتگیری تەواوی عێراقی دەکرد، ئەویش لەبەر ناحەزی ئەندامەکانی بەرامبەر بە کەمایەتیە ناعەرەبەکان.[3]

٤- لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

أ- کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نێودەوڵەتیەکانەوە، شەرعیەتیان دا بە جینۆساید*کردنی گەلی کورد بە نەبوونی هەڵوێستێکی توند و ڕاستەقینە بەرامبەر بەتاوانەکانی ڕژێمی بەعس.

---

[1] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١٨. ب- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤١.

[2]- أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٥ .ب- نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لە ناو بازنەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١ . ت- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص١٤٤.

[3] - جۆناتان - سی ڕاندڵ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەییەك، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

* - بە پێی بەندی(١)ی ڕێکەوتننامەی جینۆساید ئەوە دەسەلمێنێ کە"جینۆساید چ لە کاتی ئاشتی یان لە کاتی جەنگدا بەرپابکرێت، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت"، میدڵ ئێست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلامار ئەنفال بۆ سەر کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣. بۆ زانینی زیاتر لە سەرجینۆسایدی گەلی کورد بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل٧-٥٩٧.

ب - کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەموو ئەو هەولاٌنەی کپ کرد کە بۆ ڕاگرتنی کوشتاری کورد، یان بەرپرسیارێتی سەدام حسێن دەدران.[1]

ت - ولاٌتانی پیشەسازی درێژەیان بە پەیوەندییە ئابوری و سەربازی و ڕامیاری... یەکانی خۆیان دا لەگەڵ ڕژێمدا[*]. بۆ نموونە پەیوەندی ئەمەریکا و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٧٥. بەلاٌم لەساڵی١٩٧٩وە بەردەوام کۆمەکی پێشکەش کردووە بە عێراق وەك چەکی کیمیاوی سام و چەکی بایۆلۆژی لە ناوبەر. ڕامسفیلدی نوێنەری سەرۆك ڕیگن بۆ پتەو کردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕژێم دا لە سالاٌنی(١٩٨٣- ١٩٨٤)دووجار سەردانی عێراقی کردووە...جگە لەوەی ئەمەریکییەکان ئاگاردار بون لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی کوردەکان،[2] بەڕێوەبەرایەتییەکەی ڕیگنیش دژی پڕۆژەیەك وەستا کە چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پیران، لەسەر ئەم" شەڕی جینۆساید"ە، بۆ سزادانی عێراق پێشنیاریان کردبوو، ئەویش بەبڕینی ئەو سەدان ملیۆن دۆلارەی وەك قەرزێکی ئاسایی بە بەغدا دەدرا لەگەڵ زۆر زەمانەتی مادیشدا.[3]

---

[1] - جۆناتان- سی ڕاندڵ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەییەك، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

[*] - بۆنموونە، بەریتانیا بەرهەمە نێردراوەکانی خۆی لەگەڵ ڕژێمدا لە(١٧٥)ملیۆن پاوەند لە ساڵی(١٩٨٧- ١٩٨٨) کرد بە(٣٤٠)ملیۆن پاوەن لە ساڵی(١٩٨٨-١٩٨٩)، ساڵێکش تێ پەڕ نەبوو بە سەر کارەساتی هەڵەبجەدا بەریتانیا و فرەنساو ئیتاڵیا و یۆنان و تورکیا و ولاٌتانی ئەورووپای ڕۆژهەلاٌت و ولاٌتانی ئەمەریکای لاتین...لە پێشانگای پیشەسازی و عەسکەری لە بەغدا بەشداربوون، سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئەمەریکا کەرەستەی حەساسی بە عێراق دابوو... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥٠-٧٥١و ٧٥٩-٧٦٠.

[2]- بۆزانیاری زیاترلە سەر پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا بڕوانە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەرشیفی ئەمەریکا:-

a_http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9153&article=208596.

b_http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9157& article=209346.

c_http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9157&article=209292

[3] - جۆناتان- سی ڕاندڵ، کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەییەك، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٥.

**سێیەم: سەرەتای تاك جەمسەر بوونی جیهان- سەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق( ٢٠ی ئازاری٢٠٠٣ )**

پاش ئازاد کردنی ڕووبەرێك لە هەرێمی کوردستان و پاشتر ئەنجام دانی چەند خولێکی گفتوگۆ لەگەڵ میری و پاشتر بنیاتنانی دەسەڵاتێکی کوردی خۆڕێبەری بەلاّم چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکان چارەسەری کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردیان نەکرد لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- لە سەر ئاستی هەرێم:

أ- نەشارەزایی سەرکردە کوردەکان لە هونەر و زانستی" دانوستاندن"و لەهونەرو زانستی"گێڕانی ناکۆکی"و"بەڕێوەبردنی ململانێ"دا و بێ ئاگایی لە بڕیاری(٦٨٨)و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ناو کوردستان و گۆشاری ئەمەریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی بۆ سەر سەدام حسێن و ڕژێمی بەعس بە قازانجی کورد بەکاربهێنن[١].

ب- لە پێشنیاری خاڵی دووەمی ناوچەی خۆڕێبەری دەربارەی کەرکوك، بەرەی کوردستانی سەرەڕای دەست هەڵگرتن لە قەزای حەویجەی کەرکوك و ناحیەی قەرەتەپە[*]ی سەر بەپارێزگای سەلاحەدین پێشنیاری دەسەڵاتەکانی ناوەندی نەوت-یان کردبوو لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی کە دەوڵەت بە ستراتیجییان دەزانێت[٢]، هەروەها دەست لە قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و تەلکیف و باشیکێ وتەلەعفەر و بەدرە هەڵگیرا کە ڕووبەرەکەی (١٨٠٨٦)کیلۆمەتر دووجابوو، دەکاتە(٢٢,٥٪ )[**] سەرجەمی ڕوبەری هەرێمی کوردستان. لە کاتێکدا لە

---

[١] - نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەشی٧، ژمارە(١٥٦)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[*] - ڕاستیەکەی قەرەتەپە لە پارێزگای سەلاحەدین نیە، بەڵکو قەرەتەپە ناحیەیەکی سەر بە قەزای خانەقینە لە پارێزگای دیالە(توێژەر).

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەی پێشنیار کراوی بەرەی کوردستانی بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستان- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەشی٨، ژمارە(١٥٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[**] - لە دەرهێنانی ڕووبەرەکە پشت بەستراوە بە: الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء-بغداد، بدون سنة الطبع، ص١٣-٢٥

یەکەم گفتوگۆ دەرکەوت کە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ڕژێم هیچ ئەنجامێکی نیە کاتێك کە تاریق عەزیز ووتی"ابکوا علی کرکوك کما نبکی نحن علی الاندلس"[1]

ت- زیندو کردنەوەی کۆنە قین لە نێوان حزبەکان دا و هەڵگیر ساندنی جەنگی براکوژی لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا هێشتنەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی حکومەتی هەرێم و یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان بە تەواوی.

پ- دەست گرتنی دوژمنان و هێنانیان بۆ سەرخاکی کوردستان بۆ لێدانی پارتی کوردی نەیاری خۆیان لە پێناوی مانەوەدا.[*]

ج- نەتوانینی ڕازی کردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە هەر دوو کۆنگرەی لەندەن و سەلاحەدین کە خاوەنی بستە خاکێك نەبوون لە عێراقدا لەسەر داننان بەسنووری باشووری هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر بەشداری کردنیان لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا و دووبارە کردنەوەی هەمان سیناریۆی هەڵوێستی شۆڕشی کوردەکان لە گۆڕان کارییەکانی دەسەڵات لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردوودا.

٢ - لەسەر ئاستی ڕژێم:

أ- لە پڕۆژە دەستووری ساڵی١٩٩٠ لە مادەی دوو دا عێراق بە بەشێك لە نیشتمانی عەرەبی ناسێندراوە.. سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کورد کرا دژی هەموو بڕگەکانی بەشی سێیەم بوو کە تایبەت بوو بە ماف و سەربەستی و گرنتییەکانی[2].

---

[1] - عطا الطالباني، عندما تتكلم الارقام، موضوعات حول مفاوضات الجبهة الكردستانية مع الحكومة المركزية عام ١٩٩١، مصدر سابق، ص٦.

[*] - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەست گرتنی داگیرکەران بۆ سەرخاکی هەرێم... بڕوانە، تشارلزتريب، صفحات من تأريخ العراق، مصدر سابق، ص٣٥٣. ب - وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا١٩٩١-٢٠٠٣، ت. نزار ايوب طولي، طبعة الاولى، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، سنة ٢٠٠٨، ص٢٥. پ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩٦. ج- هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص٢٢٠-٢٢١.

[2]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر سەرجەمی بڕگەکانی پڕۆژە دەستووری ساڵی١٩٩٠ بڕوانە: نبيل عبدالرحمن حياوي، دساتير العراق الجمهورية، مصدر سابق، ص٦٣-١٠٠.

ب- وەك پیشەی هەمیشەیی ڕژێمە عێراقییەكان لە كاتی خۆگرتن و سەركوت كردنی ڕاپەرینی باشوورو لێدوانی كاشفیلی بە گەڕانەوەی هێزەكانیان و خۆ بە هێز كردانـدا لـە گفتۆگۆكـان هـەڵهاتن، سـەدان هـەزار كـوردیش بـۆ سنوورەكان هەڵهاتن، سەرەڕای ئەنجام دانی كاری تیرۆرستی و كـاری تێكدەرانـە و كشانەوەی فەرمانگەكان و بڕینی مووچەو ئابلۆقە خستنە سەر هەرێم، سـەرەڕای ئەو تاوانانەی كە ڕژێمە یەك لە دوایەكـەكان ئەنجامیانـدا بەرامبـەر بـە گـەلی كورد ، دژی سەرجەم ڕێكەوتنە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە مافـەكانی مرۆڤـی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و پرۆتۆكۆلەكانی ڕێكەوتنـە تایبەتـەكان بـوو بەرامبەر بە مافە سیڤیلیەكان و ڕامیارییەكان[1] سەرەرای ئەوەی كە دژی سـەرجەم پەیامە ئاسمانیە پیرۆزەكانیش بوو.

ج- هاندانی بەكرێگیراوە كوردەكان بۆ دروست كردن و گەرم كردنـی جـەنگی براكوژی لە هەرێم.[*]

٣- لە سەر ئاستی هەرێمی:

أ- پاش ئەوەی توركیا چووە هاوپەیمانی دژی سەدامەوە ئەگـەر چـی لـە ڕووی داراییەوە زیـانێكی زۆری پێگەیشـت بـەڵام یـەكێك لەبەنـدەكانی ئـەم پەیمانـە بەكارهێنانی بنكەی ئەنچەرلیك بوو لەلایەن هێزەكانی هاوپـەیمانان، بـەڵام بـەو مەرجەی هاوپەیمانان مۆڵەت نەدەن بە كوردەكانی عێراق ئۆتۆنۆمی وەربگرن[٢].

ب-"یەكێتی خاكی عێراق"ئامانجی هاوبەشی هەمو وڵاتانی عـەرەبی بـووە[٣]. بۆیە هەمیشە لەمپەرێك بوون لەبـەردەم بـەدی هـاتنی سـەرجەم خواسـتەكانی گەلی كورددا.

---

[١] - الأمم المتحدة، الاتفاقات الخاصة بحقوق الانسان، بدون اسم المطبعة، بيروت، سنة١٩٦٧، ص٣-٤٧.

[*] - ڕژێـم تـوانی سـەركەووتوبێت لـەو كـارە، بۆزانیـاری زیـاتر لەسـەر چـۆنیەتی كـاركردنی بەكرێگیراوەكانی لە هەڵگیرساندنی جەنگی براكوژی بڕوانە: تایبەت هاوڵاتی، بەپێی بەڵگەنامەكانی حیزبی بەعس رژێم دەسـتی هـەبووە لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕی نـاوخۆدا، هەفتەنامـەی هـاوڵاتی، ژمارە(١٤٠)، ١٠ئەیلولی٢٠٠٣،ل١-٢.

[٢]- دیڤید ماكداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی كورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦٦.

[٣] - وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا١٩٩١-٢٠٠٣، مصـدر سـابق، ص١٢.

ت- لەمانگی کانونی یەکەمی١٩٩١دا، لە دیدەنی وەفدێکی بالاَی ی. ن. ك. دا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نارەزایی خۆی لـە هـەوڵی کـورد بـۆ ئـەنجام دانـی هەڵبـژاردنێکی ئیقلیمـی دەربـڕی، لـەم ڕووەوە تورکـەکان بـەڕەسمی بـە وەفـدە کوردییەکـەیان ڕاگەیانـد کـە ئـەوان دژی ئـەنجام دانـی هەڵبـژاردنی گشـتی و پێکەوەنانی هەر ئیدارەو قەوارەیەکی کوردین، چ بە شـێوەی فیـدراڵی بێـت یـان بەشێوەی ئۆتۆنۆمی[1].

پ- لەمانگی تشرینی دووەمی١٩٩٢دا تورکیا و ئێـران وسـوریا ئیلتیزامـی خۆیان بە یەك پارچەیی عێراق ڕاگەیاند و لـە تشـرینی یەکـەمیش بەڕاشـکاوی دژی بوونی حکومـەتێکی کـوردی بـوون لـە عێراقێکـی فیـدراڵ دا..[2]هـەروەها لە٢٠٠٢ ئەم هەوڵانەیان دووبارە کردەوە.[3]

ج- لە ساڵی١٩٩٥دا سلێمان دیمریل جارێکی دیکە کـەرکوك و موسـڵی بـە بەشێك لە خاکی ولاَتەکەی لە قەڵەم دایـەوە و وتـی" ئـەمڕۆ بـاکووری عێـراق سەرچاوەی نیگەرانیـەکی زۆرە بـۆ تورکیـا، هۆیەکەشـی بـۆ ئـەو سـنوورە نێـو دەوڵەتییە دەگەڕێتەوە کە بە هەڵە کێشراوە، ئەوەی ڕاستی بێت سنووری ئێمە تـا ناوچە سنوورییەکانی کەرکوك و موسڵ درێژدەبێتەوە.[4]

ح- کارکردنی تورکیـا بـۆ قـووڵ کردنـەوە و درێـژە دان بـە شـەڕی نـاوخۆی کوردستان لە ڕێگەی پێدانی چەك بە هەردوو پارتی سەرەکی بەشەڕ هاتوو، جگە لە کاری کوشتن و تەقینەوە، ئەنجام دان، جگە لەوەی کە پارتی میللی تورکمـانی ئۆجاغی تورکمانی و پارتەکانی بەرەی تورکمانی دادەمەزرێنن، [*] سەرەڕای ئـەوەی

---

[1] - یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراق دا(١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)ی ساڵی نۆیەم، ئابی٢٠٠١، ل٥٥.

[2] - أ- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩٢. ب - هادي علي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، مصدر سابق، ص٢١٤.

[3] - ئەلحەیات، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد، تورکیا و ئێران و سوریا هەوڵەکانیان یەك دەخەن، هەفتەنامەی هاولاَتی، ژمارە (٧٧)، ١٧حوزەیرانی٢٠٠٢، ل١. لە ڕۆژنامەی حەیات وەرگیراوە.

[4] - یوسف گۆران، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراق دا(١٩٩٠-٢٠٠٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

[*] - ڕێکخراوی توند ڕەوی ئەرگەنەکۆن: ڕێکخراوێکی توندڕەوی تورکی بوون... بـەهاوکاری هەنـدێك لە کاربەدەستە بالاَکانی تورکیا کاریان کردووە بۆ لـە نـاوبردنی ئـەزمونی کوردسـتان بـە ڕێگـەی جۆراوجۆر وەك پێدانی(٢٤٠٠٠)چەك بە پارتی و یەکێتی... لە کاتی شەڕی ناوخۆدا لەڕێگەی مانگی

نەیشاردەوە کە نیگەرانە لە سەرگرتنی ئاشتەوایی نێوان یەکێتی و پارتی کە بە چاودێری فەرەنسا و دامەزراوەیەکی کوردی بەڕێوە دەچوو، سەرئەنجام لە ڕێی هاندانی هەردوولا بۆ ئمیزانەکردنی ڕێکەوتنەکە لە ئەیلولی١٩٩٤دا توانی شکست بەهەوڵەکان بهێنێت[١].

خ- بەهیچ جۆرێك نە دراوسێکانی عێراق نەولاّتانی خۆرئاوا پێیان خۆش نەبوو کوردستانێکی سەربەخۆ ببینن، هەڵوێستی ولاّتانی خۆرئاوا بەرامبەر بە کورد لە دژایەتی دراوسێکانی عێراقەوە سەرچاوەی گرتبوو لەوانە عەرەبستانی سعودی بەرامبەر بە کورد.

د- ڕێنەدانی سوپای ئەمەریکا لە٢٠٠٢ بۆ تێپەڕینی بە خاکی تورکیا و کردنەوەی بەرەیەکی جەنگی نوێ لەباکوور، نەبا لە ئەنجامی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت[٢].

عەبدوڵلاّ گویل ڕایگەیاند کە مەبەست لەمانەوەی ئەو(٧٠٠٠)سەربازە لە ناو خاکی عێراقدا بۆ چەند مەبەستێکە یەکەمیان ڕێگرتنە لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی، دووەم بۆ ڕێگرتنە لە بەش کردنی عێراق لە لایەن کوردەکانەوە و دەست گرتن بە سەر کەرکوك و موسڵ دا.[٣]

ژ- لە کۆتایی کانونی یەکەمی٢٠٠٢ دا تورکیا داوای لەئەمەریکا کرد کە هێڵێکی سوور بە دەوری هەردوو شاری کەرکوك و موسڵ دا بکێشێت و نەهێڵێت کوردەکان و بەریتانیا بچنە ناوی، ژمارەیەکی کەمیش لە سوپای ئەمەریکییەکان بچنەناوی. هەر بە پێی لێتێگەیشتنی(٥ی شوباتی٢٠٠٣)ی نێوان(تورکیا، کورد، ئەمەریکا) دەربارەی هەردوو شار، لەکاتی داگیرکردنی

---

سوری تورکییەوە، جگە لەوەی لە چوار چێوەی هەمان کاردا بەناوی کاری خێرخوازیەوە قوتابخانەیان کردۆتەوە..و تەلەفزیۆنیان بۆ تورکمانەکان داناوە، هەروەها کاری وەبەرهێنیان لە کوردستاندا ئەنجام داوە و چەندین کۆمپانیایان بۆ ئەم مەبەستە ناردۆتە هەرێم... بە ڕەزەمەندی سەدام بە هەوڵی سەرۆکی گروپەکە بەشی تورکمانی لە تەلەفزیۆنی ئاسمانی عێراق کراوەتەوە... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر گروپەکە و کارە تێکدەرەکانیان لە هەرێم... بڕوانە: گروپی لێکۆڵینەوە، بەپێی بەڵگەنامەکان ئەرگەنەکۆن لە شەڕی ناوخۆدا، (٢٤) هەزار پارچە چەکی بۆ یەکێتی و پارتی ناردووە، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٨٤)، شوباتی٢٠٠٩، ل١٢-١٦.

[١] - وهرام بتروسيان، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا١٩٩١-٢٠٠٣، مصدر سابق، ص١٥-١٦.

[٢] - المصدر نفسه، ص٤٠.

[٣] - المصدر نفسه، ص٦٠.

عێراق دا، هێزەکوردییەکان بۆیان نەبوو بچنە ئەو دوو شارەوە، تەنها هێزە ئەمەریکیەکان بۆیان هەبوو، بە پێچەوانەوە تورکیا مافی خۆتێهەڵقورتانی کاروباری ناوچەکەی هەبوو.[1]

ر- تورکیا(وەلید عەلی)بە ڕەگەز تورکی کرد بە سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە جێگەی(مۆفەق محمد) کە تورکمانی عێراق بوو.[*]

٤ - لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

أ- جەنەراڵ کاشفیلی ڕایگەیاند کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت لە حوزەیراندا(ساڵی١٩٩١) ناوچەکە بە جێ بهێڵێت، ئەمەش هۆکاری کشانەوەی عێراق بوو لە گفتوگۆ لەگەڵ بەرە.[2]

ب- دیاری نەکردنی هێڵی( ٢٤)(بازنەی پانی°٣٤ نەك هێڵی پانی°٢٤ - توێژەر)وەك هێڵی دژە فڕین و دەرنەکردنی هێزەکانی ڕژێم تا خوار ئەو هێڵە، چونکە نەیان ویستبوو کە کەرکوك و ناوچە نەوتییەکان بکەونە ژێردەستی کوردەکان[3].

---

[1] - المصدر نفسه، ص٦٦، نقلا عن:

("Kurdistan observer February", 5,2003)

[*] - بەرەی تورکمانی گروپێکی ڕامیاری دروست کراوی تورکیایە، بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی تورکمانەکان دروست کراوە بەلاَم لەڕاستیدا بۆ پاراستی بەژەوەندەییە هەمە جۆرەکانی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و ئاسایشی تورکیا پێکهێنراوە دانانی ئەم بەرپرسە تورکە لەو پۆستە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی تورکیا لە هەرێم و عێراق پیشان دەدات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاولاَتی، بەرپرسێکی(PMF)دەکرێت بە لێپرساوی لقێکی بەرەی تورکمانی، هەفتەنامەی هاولاَتی، ژمارە(٩٨)، لە١١تشرینی دووەمی٢٠٠٢، ل١.

[2]- دیڤید ماکداوێڵ، مێژوویی هاوچەرخی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧٦.

[3]- نەوشیروان مستەفا، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕوژنامە، بەشی ٩، ژمارە(١٥٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

## باسی دووەم

## هۆکاری بەئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە رامیاری و دەستوورییەکانی ناوچە دابڕاوەکان پاش ساڵی۲۰۰۳.

لەم باسەدا ئەو هۆکارانە دەست نیشان دەکەین کە بوونە بەربەست لە بەردەم نە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان چ لە ماوەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان بێت یان لە ماوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی فەرمان ڕەوا یان لە ماوەی دەسەڵاتی حکومەتە یەك لە دوا یەکە عێراقیەکان بێت، لەگەڵ ئاماژە کردن بە ڕۆڵی نەرێنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی (کۆمار، وەزیران، پەرلەمان)عێراق و پارت و گروپە عێراقیەکان، ئەمەو جگە لە ئاماژە کردن بە ڕۆڵی نێگەتیڤی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و پارت و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمانە بە ڕادەی جیا جیا کاریگەریان هەبوو لە سەر نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی دایك.

پاش پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراقی نوێ، ناوچە تازە ئازاد کراوەکان بەفەرمی نەگەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەمان سیناریۆکانی سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی، لە سەدەی ڕابووردوو لە لایەن هاوپەیمانانەوە دووبارە کرایەوە بەلاّم ئەم جارە بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، جگە لەوەی کە پارتە عێراقییەکانیش بەگشتی چ لەبەر شۆڤێنیزمی عەرەبی بێت یان لە بەر هۆکاری ڕامیاری و هەرێمی، بوونە بەربەست لەبەردەم بڕیاردانی ئەو ناوچانە لە دیاری کردن و یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کارگێری ناوچەکان، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین کە گرفت و بەربەستەکان لە نەگەڕاندنەوەی ناوچە

دابڕاوەکان بە کورتی لە قۆنـاغ و دەسـەڵاتی حکومەتـە جیاوازەکـان دا دەسـت نیشان بکەین:

**١- سەرەتای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق- حکومەتی ئەیاد عەلاوی:**

**ا - فەرمان ڕەوایی پۆل بریمەر(٦ی ئایاری٢٠٠٣ - ٢٨حوزەیرانی٢٠٠٤):**

لە ماوەی فەرمان ڕەوایی بریمەر ناوچە تازە ئازاد کراوەکان نەك بە کوردستان نەناسێنران بەڵکو لە یاسای کاتی بەڕێوەبردنی وڵات دا بۆ قۆنـاغی گواسـتنەوە ناوی(ناوچەی ململانێ)یان بە سەردا سەپێنرا. لێرەدا هەوڵ دەدەیـن گرفتـەکانی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە چەند ئاستێکی جیاواز دا ڕوون بکەینەوە:

**١ - لەسەر ئاستی کوردستانی:**

أ - نەبوونی پلانێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ناوچـە تـازە ئـازاد کراوەکـان لەلایەن هەردوو پارتی کوردی و خاوەنی هـەردوو دەسـەڵاتی ناوچـەیی هـەولێرو سلێمانی.

ب - درێژکردنەوەی ململانێ[*] و جیـاوازی دەسـەڵات و هـەژموونی هـەردوولا بەسەر ناوچە تازە ئازاد کراوەکان و فەرمان کردنی شاری کـەرکوك و ناوچـەکانی دی لە لایەن دوو کارگێڕی کوردیـەوە لـەو شـارو شارۆچـکانە و نەخوێندنـەوەی بڕیارەکانی یەکدی.

ت - نەتوانینی خزمـەت کردنـی پێویسـتی دانیشـتوانی ناوچـە تـازە ئـازاد کراوەکان و دابین نەکردنی بودجەیەکی تایبەتی لەلایەن هەردوو دەسـەڵاتەوە، بـۆ ئەم مەبەستە.

پ — فشار دروست نەکردن لەلایەن دەسەڵاتی کوردەوە، لـە سـەر دەسـەڵاتی هاوپەیمانان لـە ناسـاندنی ناوچـە کوردسـتانییە ئـازاد کراوەکـان وەك سـنووری

---

[*] - لە ئەنجامی ململانێی هەردوو پارت لەسەر پۆستەکان، و نەبونی پلانێکـی هاوبـەش لـە(١٨ی ئایاری٢٠٠٣) ئەفسەرێکی عەرەب وەك بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك دەرچوو...پ. کەرکوك، لەبـەر ململانێ پارتی و یەکێتی عەرەبێك لە هەڵبژاردندا دەردەچێت، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٢٤)، ٢١مایسی٢٠٠٣، ل١.

باشووری هەرێمی کوردستان. نەوشیروان مستەفا دەڵێت "سەرکردایەتی کوردی بێ هیچ ئیعتیزازێ ئەمەیان قبوڵ کرد"[1]

ج - نەتوانینی دەرکردنی هەموو ئەو هاوردانەی کە بە یارمەتی و سیاسەتی ڕژێم هاتبوونە ناوچە کوردستانییە ئازاد کراوەکان، بەمەبەستی تێك دانی دیمۆگرافیای ناوچەکان و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانی بوونیان ...

ح - نەتوانینی چەسپاندنی ناوچە ئازاد کراوەکان وەك بە شێك لەهەرێمی کوردستان لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی دا.

خ - ڕازی بوونی سەرکرادایەتی کوردی بۆ دیاری کردنی سنووری باشوورو باشووری خۆرئاوای هەرێمی کوردستان بە ڕاپرسی خەڵك پاش ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان؟!ئەمە گەورەترین هەڵەی یاسایی و دەستوری و ڕامیاری بوو!!!چۆن دەکرێت سنوری نیشتمانی خۆت بە ڕاپرسی دیاری بکەیت؟ لە کاتێکدا بە درێژایی تەمەنی حکومەتی عێراقی بەردەوام ڕژێمە عێراقییەکان کاریان بۆ بەعەرەب کردنی ئەو ناوچانە کردووە بە جۆرێك هەندێك ناوچە بەهیچ جۆرێك مۆرکی کوردستانی بوونی پێوە نەماوە، خۆ ئەگەر ریفراندۆم ڕێگەیەکی یاسایی و دەستوری زۆر گونجاو بێت بۆ دیاری کردنی چارە نوسی کارگێڕی ئەو ناوچانە ئەوا زۆر باش دەیانزانی کە عەرەبی عێراق چ شیعی بێت یان سوننی هیچ جیاوازیەکیان نییە لە بیرکردنەوە بەرامبەر بەمافەکانی گەلی کورد و زۆر باشیش دەیان زانی کە زۆرینەی هێزە شیعیەکان پەیوەندییەکی زۆر بەتین و مێژووییان بە ئێرانەوە هەیە و پارێزەری بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبن و ئێرانیش هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاوەو باکی بە بەرژەوەندیی کوردی عیراقو مافەکانیان نیە. زیندوترین بەڵگەش فرۆشتنی شۆڕش و هیواکانی گەلی کورد بوو بە شەتولعەرەب لە ساڵی١٩٧٥دا، سەرەڕای ئەوەی دەشیان زانی تورکیا زۆر بەتوندی و ڕاستەخۆ دژایەتی گەلی کورد دەکات و لە ئایندەشدا دەبێت بە مەلۆزم لە بەردەم بەدی هاتنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەزمونی تاڵیشیان لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبوو، جگە لەوەی

[1] - نەوشیروان مستەفا، ئێمەو ئەوان ناکۆکیەکانمان لەسەر چین؟چاپخانەی زەرگەتە، بەبێ شوێنی چاپ، ساڵی٢٠٠٩، ل٢٨.

تاقیکردنەوەی زۆریان لەگەڵ سەرکردە نەیارەکانی حکومەتە عێراقییەکان هەبوو کە پێش دەسەڵات چ بەڵێنێکیان پێ دەدان و هەڵوێستی پاش گرتنە دەستی دەسەڵاتیان چۆن دەبوون بە دێوەزمە بەرامبەر بە ماف و شۆڕش و ئاواتەکانی گەلی کورد.

جگە لەوەی ڕازی بوون چارەسەری ناوچە دابڕاوەکان دوابخرێت بۆ پاش دروست بوونی حکومەتی هەمیشەیی و نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی، ئەمەش بەواتای بەخشینی کات بە حکومەتی عێراقی بۆخۆ بەهێزکردن و کشانەوە لە بەڵێن و دەقە دەستوورییەکان... لە بیرکردنی ڕێکەوتنە ڕامیاریەکان دێت.

بێجگە لەوەی کە سەرکردایەتی و نوێنەری کوردی لە پەرلەمانی عێراق لە کاتی نوسینەوەی دەستووری کاتی، نەیان توانی سنووری باشووری کوردستان دەست نیشان بکەن، ئەگەر بڕیار بوو کە سنووری باشووری کوردستان بەئاسایی کردنەوەی بارو دۆخ بۆ پێش گرتنە دەستی دەسەڵاتی بەعسییەکان دیاری بکرایە بۆ دەبوو سنووری باشووری هەرێم لەسەر ئەنجامی سەرژمێریی ساڵی١٩٥٧ دەست نیشان نەکەن؟ چ پێویستی دەکرد کە لە سەر ئەنجامی پاش ئاسایی کردنەوە و ویستی خەڵکەکە چارەنوسی ئەو ناوچانە دەست نیشان بکرایە؟ بۆ دەبوو چارەنوسی ناوچە دابڕاوەکان بەئایندەیەکی نادیار بسپێردرێ...؟!

٢- لە سەر ئاستی عیراق:

پاش ئەوەی پارتە عێراقییەکانی نەیاری ڕژێم لە میوانی خاکی کوردستانەوە بەیارمەتی هێزی هاوپەیمانان و زۆری ژمارەی هاومەزهەبەکانیان، تونرا بۆیەکەمین جار بگەیەنرێنە لوتکەی دەسەڵات لە عێراقدا لەماوەی چواردە سەدەی ڕابووردودا وەك سەرکردە عەرەبە سووننیەکانی پێشووی خۆیان کە هەندێکیان بە هاوکاری شۆڕشی کوردی گەیشتنە دەسەڵات، کەوتنە دژایەتی کردنی گەلی کورد و سەرەتای ئەو کارەشیان بە هێزی مادە دەستوورییەکان کرد، بۆنموونە بە سەرنج دان لە بڕگەکانی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەبینین:

وەك لە بڕگەی(أ)ی مادەی ٥٣ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەفەرمی ناسێنراوە بۆ ناوچەکانی پێش٢٠ی ئازاری٢٠٠٣، ئەمەش بەواتای دان پیانانی ئەو ڕووبەرەی کە بەدەست کوردەکانەوە بوو، ئەمە ببووە دیفاکتۆ، ئەگەر

کوردەکان ئەو ڕووبەرە ئازاد کراوەیان بە دەستەوە نەبوایە ئەوا ناوچە دابڕاوەکان سەرجەمی ڕووبەری هەرێمی کوردستان نەدەبوو؟. لە بڕگەی(ب)ی هەمان ماددەدا گۆڕین و دەست کاری کردنی سنووری هەر هەژدە پارێزگاکەی عێراقیان قەدەغە کردووە، بە واتای ڕێگرتن لە ئاسایی کردنەوەی سنووری کارگێری ناوچەدابڕاوە دەست کاری کراوەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشوو...ئەمە بە مانای درێژە دان نایەت بە هەمان سیاسەتی ڕژێمی پێشوو؟!.

پاش ڕزگار کردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، لە بۆچوونی پارتە عێراقییەکان دا، هەرێمی کوردستان تەنها ئەو ناوچانەیە کە پێش هەڵمەتە سەربازییەکانی هاوپەیمانان(٢٠ی ئازاری٢٠٠٣)لەلایەن دەسەڵات دارێتی کوردیەوە بەڕێوەبراوە و تەنها دانیان بەو سنوورە جوگرافیەدا نا، جگە لەوەی کە ناوچە تازە ئازاد کراوەکانی کوردستانیان تا(٩ی نیسان)بە کوردستان نە ناساند و بە بەشێك لە عێراقیان هەژماریان کرد و ناوی ناوچەی ململانێیان بە سەردا سەپاند. و پاشان ویسترا بەهێزی بڕگە دەستوورییەکان ماددەی(٥٨)ی چارەنووسی کارگێری ئەو ناوچانە دەست نیشان بکرێت، واتە نەدانی ئەو مافانەی گەلی کورد کە بە درێژایی سەدەی ڕابوردوو خەباتیان بۆ دەکرد، جگە لەوەی کە ڕاستییەکیش هەیە چەسپاندنی ئەو بڕگە دەستوورییانە سەبارەت بە کوردستان بە هەوڵ و کۆششی ئەندامە کوردەکان و پتەوی پێگەی ڕامیاری و سەربازی دەسەڵاتدارێتی کوردی بوو، لەچاو لاوازی پێگەی ڕامیاری و جەماوەری و ئابوری و سەربازی.. پارتە عێراقییەکان.

سەرەڕای دوورخستنەوەی چارە سەری کۆتایی ناوچە دابڕاوەکان بۆ ئایندەیەکی دوور ئەمەش بەواتای خۆ بەهێزکردنی حکومەتی عێراقی و دەست خستنی کات و درێژەدان بە ئازارو مەینەتییەکانی پێشووی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان دێت... جگە لەوەی تەنها لە ساڵی٢٠٠٣ داهاتی نەوتی وڵات(٥,٢)ترلیۆن دیناربووە[1].بەمەش دەتوانرا قەرەبووی بەشێك لە ئاوارە زیان لێکەوتوەکانی ناوچە دابڕاوەکانی پێبکرایەتەوە.

---

[1]-740_http://www.cpa-iraq.org/arabic/regulations/index.html#Orders

٣- لەسەر ئاستی ناوچەکە:

دژایەتی دەوڵەتانی دراوسێ دژبە مافەکانی گەلی کورد هەربەردەوام بوو، بۆنموونە: تورکیا سیاسەتێکی نوێ تری گرتە بەر ئەویش بە چەك دارکردنی بەرەی تورکمانی و مەشق پێ کردنی ئەندامەکانی بەرە بوو لە تورکیا، [1]جگە لە هاندانی شیعەکان بۆ ڕەت کردنەوەی سستمی فیدراڵی کە لە لایەن کوردەوە بانگەشەی بۆ دەکرا.[2]

٤ - لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

ئەمەریکییەکان دوای پرۆسە هەمان سنووری ساڵانی١٩٩١-٢٠٠٣ی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەعسیان دانا بە سنووری نێوان ئیدارەی کوردی و ئیدارەی ئەمەریکی.[3]

ئەمەریکا لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا شارۆچکە کوردنشینەکانی کفری، خانەقین، جەلەولا، دوز خورماتوی لەهەرێمی کوردستان دابڕی و لە ڕووی ئیدارییەوە بەستیانەوە بە پارێزگا عەرەب نشینەکانی دیالە و تکریت.[4]

"پۆل برایمەر گوشاری زۆری خستە سەر سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی دەست بەرداری داواکردنەوەی ئەو ناوچانەش بن، مەسەلەکە دوا بخەن بۆ پاش

---

[1] -هاوڵاتی، بەرەی تورکمانی میلیشیای چەکدار دروست دەکات، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٤٤)، ٨تشرینی یەکەمی٢٠٠٣، ل١.

[2] - ڕۆژنامەی میللیەت، تورکیا شیعەکان دژی کورد هان دەدات، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٥٧) لە ١٤کانوونی دووەمی٢٠٠٤، ل١. وەرگێراوە لە ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی.

[3] - نەوشیروان مستەفا، ئێمەو ئەوان ناکۆکیەکانمان لەسەرچین؟ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[4] - هاوڵاتی، ئەمەریکا کفری و خانەقین و جەلەولا و دوز لە کوردستان دادەبڕێ، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٢٩)، ٢٥حوزەیرانی٢٠٠٣، ل١.

دامەزراندنی حکومەتی عێراق و داڕشتنی دەستور"[1]، جگە لەوەی بە سەرکردە کوردەکانی وتبوو"یەك سانتیمەتر ناخەنەوە سەر هەرێمی کوردستان"...[2]

یەکەم ئاماژەی دژایەتی هاوپەیمانان بۆ کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بە داگرتنی ئالاّی کوردستان دەستی پێکرد لە کەرکوك، کە ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێزبوو بۆ دژوار بوونی ئایندەی کورد لەو عێراقەی کە تا ئەم سەردەمە تەنها سێ پارێزگاکەی هەرێمی پێش پرۆسە نەبێت هیچ دامەزراوەیەکی سەربازی و کارگێری و کۆمەلاّیەتی لە عێراقدا بوونی نەبوو، لەو عێراقەی کە کورد ئەندازیاری کارای دامەزراندنەوەو بنیات نانەوەی بوو.

٢ - ماوەی فەرمان ڕەوایی دکتۆر ئەیاد عەللاوی(٢٨ی حوزەیران ٢٠٠٤-٦ی نیسانی٢٠٠٥):

عەللاویش جگە لەوەی کە بە پێی یاسای کاتی، پەیوەست کرابوو بە جێ بەجێ کردنی بەندەکانی یاسای کاتییەوە بەلاّم کاری نەکرد بۆ لابردن و کەم کردنەوە مەینەتییەکانی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان، هۆکارەکانی نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١- لە سەر ئاستی کوردستان:

أ - درێژەدان بە هەڵەکانی پێشوو، توند کردنی ململانێ ڕامیارییەکان لەنێوان هەردوو پارتی سەرەکی لە ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەتی و هەرێمی کوردستان بەگشتی بۆ نموونە تەنانەت یەکێتی و پارتی لەسەر دانانی بەڕێوەبەری ناحیەی شوان ڕێك نەدەکەوتن، هەریەکەیان دەیان ویست سەر بە لیستەکەی خۆی بێت.*

ب - فشارنەکردن لە سەرحکومەتەکەی عەللاوی لە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، بە تایبەت لە

---

[1] -هاولاّتی، لە ژێرگوشاری ئەمەریکادا ناوچە ئازاد کراوەکان ناخرێنە سەر کوردستان پۆلیس و ئاسایشی کوردستان سەربە هەرێم دەبن نەك حکومەتی ناوەندی چارەنوسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، هەفتەنامە هاولاّتی، ژمارە(١٦٢)، لە ٢٥شوباتی٢٠٠٤، ل١.

[2] - هەستیار قادر، مەحمود عوسمان: بریمەر پێی ووتین یەك سانتیمەتر ناخەنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(٥٥٣)، ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، ل٨.

* - بۆ زانیاری دۆکیۆمێنتی لە سەر ئەم بابەتە بڕوانە: هاولاّتی، یەکێتی و پارتی لەسەر دانانی مدیر ناحیەیەك ڕێناکەون: هەفتەنامەی هاولاّتی، ژمارە(١٨٧)، ١٨ئابی٢٠٠٤، ل١.

مادەی٥٨ دا. فشار نەکردنی نوێنەر و وەزیرە کوردەکان بۆ ناچار کردنی عەللاوی لە هەنگاونان بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی ٥٨.

٢- لە سەر ئاستی عێراق:

پابەند نەبوونی حکومەتەکەی عەللاوی بە بڕگە دەستوورییەکانی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەت مادەی(٥٨)، کارنەکردن بۆ سارێژبوونی مەینەتیەکانی گەلی کوردو تورکمان و ئاشووری و کلدانی، وەك ئاسایی نەکردنەوەی سنوورە کارگێڕییە دەست کاری کراوەکانی سەردەمی بە کۆماری بوونی حکومەتی عێراق تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس و نە ناردنەوەی عەرەبە هاتووەکان و پابەند نەبوون بە بەڵێنەکان کە بە سەرکردە کوردەکانی دابوو.

٣- لە سەر ئاستی ناوچەکە:

وڵاتانی دەوروبەر ڕۆڵی نەرێنی یان هەبوو لە تێکدانی بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان لەڕێی ناردنی گروپە تیرۆرستییەکان.* جگە لەوەی بەئاشکرا دژی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوك بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە تورکیا بە هەموو شێوەیەك دژی گەڕانەوەی کەرکوك بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان تا بەهۆیەوە گرنگیە ستراتیجییەکەی لە دەست نەدات کە بە یەکەم ڕێگوزەری نەوتەکە دادەنرێت بەرەوە بەندەری جیهانی تورکی، جگە لەوەی دەبێتە هۆی فراوان بوونی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و گرفتی کوردی تورکیا ڕەنگە سەر هەڵبدات، لە بەر ئەوە هۆشداری دایە هێزە کوردییەکان لە فراوان کردنی سنووری ناوچەی خۆرێبەری لە باکووری وڵات، تا ناچار نەبێت بە هێز ڕێ لەو هەوڵە بگرێت، سوریاش هاو هەڵوێست بوو لەگەڵ تورکیا لەسەر هەمان پرس، ئەمەش لە لێدوانەکانی ئەسەد دا دەرکەوت کە زۆر بەتوندی دژایەتی لکاندنی کەرکوکی کرد بە هەرێمی کوردستانەوە[1].

---

* - لە بەرواری١٣ی ئازاری٢٠٠٥ تیرۆرستێکی سعودی لەکەرکوك دەستگیرکرا(١٤) قازیفەی پێبوو کە پەیوەست کرابوو بە مادەی(TNT): بەڕێوەبەرایەتی پارێزگای کەرکوك و دەوروبەری بۆ ساڵی ٢٠٠٥، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە.

٧٤٧_http://www.aljazeera.net/NR/exeres/8e175faa-8df0-405f-b6b9-985f772fa568.htm

٤- له سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

فشار نەكردنی هاوپەیمانان بەتایبەتی ویلایەتە یەكگرتووەكان و بەریتانیا لـە سەرحكومەتی عەللاوی لە جێ بەجێ كردنی بڕگەكانی مـاددەی٥٨، هەرچـەندە بەنامە بەڵێنیشیان بەسەرۆك كۆمار دابوو كە پشتگیری لـە جـێ بـەجێ كردنـی مادەی٥٨ دەكەن، وەك دەردەكەوێت ئەم نامانە بۆ دڵنەوایی كردنی سەركردایەتی كورد و پەكنەخستنی پرۆسـەی سیاسـی عێـراق بـوو. لـە ڕاسـتیدا ئەمـەریكا نەیدەویسـت كـەركوك بگەڕێتـەو سـەر هـەرێمی كوردسـتان لـە بـەر ئـەوەی نەیدەویست ئەو كانگا نەوتە زۆرانەی لەكیس بچێت كە یەكێك لـە هۆكارەكـانی جەنگ بوو بـۆ سـەر عێـراق، لـە لایـەكی تـرەوە نـە بـا هـەرێمی كوردسـتان جیاببێتەوە، كە ئەمەش لە بەرژەوەندی هاوسـەنگی سـتراتیجی هـەرێمی نـەبوو، بەتایبەتی لە بەرژەوەندی توركیا نەبوو كە هاوپـەیمانێكی كلاسـیكی ئەمـەریكا بوو، جگە لە پەیوەندییە سارەدەكەی نێوانیان لەو كاتەدا، جگە لەوە كە ترس لـە دڵی عێراقییەكان بوو لە نیەتی ئەمەریكا بەرامبەر بە ئایندەی عێراق، هەروەها واشنتۆن دەیەوێت وەك بزمارێكی داكوتراو وابێت لە ناوچەكەدا، تا لـە ئاینـدەدا لەگەمە هەرێمییەكاندا لە دژی توركیا و سوریاو عێراق بەكاری بهێنێت[1].

٣ - مـاوەی فـەرمانڕەوایی ئیـبراهیم جەعفـەری(٧ی نیسـانی٢٠٠٥ - ٢٠ی ئایاری٢٠٠٦):

جەعفەریش نەك كاری بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان نەكرد وەك لـە یاسـای كاتی جەعفەری پابەند كرابوو پێی، بـەڵكو بـە بەرنامـە كەوتـە كـاركردن بـۆ تـەعریب كردنـەوەی ناوچـە دابڕاوەكـان، جگـە لـەوەی كـە لـە سـەر ئاسـتی كوردستانیانیش كەم تەرخەمی هەبوو، جگە لە ڕۆڵی نەرێنی وڵاتانی هـەرێمی و نێودەوڵەتی، دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە هەندێك لـە هۆكارەكـانی بـە ئـەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەكان ئاماژە پێ بكەین:

---

سەرچاوەی پێشوو

[1] http://www.aljazeera.net/NR/exeres/8e175faa-8dfo-405f-b6b9-985f772fa568.htm

**١- له سهر ئاستی ههرێم:**

**أ - درێژهدان به ململانێکانی پێشووی پارته کوردییهکان له کوردستان و ناوچه دابڕاوهکان...[*]**

**ب- گرفتهکان لهسه ئاستی ههرێم(چ وهك ناوچه ئازاد کراوهکانی پێش پرۆسهی ڕزگاری عێراق یان ناوچه تازه ئازاد کراوهکان)، پارته کوردییهکان به تایبهت ههردوو پارته گهورهکه نهیاریان توند تر کرد بهمهبهستی زیاد کردنی ههژمونی ڕامیارییان لهو ناوچانه.**

**ت - ئهگهرچی سهرکردایهتی کوردی و لیستی هاوپهیمانی، بهفهرمی داوایان له جهعفهری کرد بۆ جێ بهجێکردنی بڕگهدهستوورییهکان و بهتایبهتی ماددهی٥٨، سهرکردایهتی کوردی دژی دانانهوهی جهعفهری بوون لهو حکومهته نوێیهی که پاش پهسهند کردنی دهستووری ههمیشهیی دامهزرا، بهڵام نهیان توانی فشار بخهنه سهر جهعفهری بۆ جێ بهجێ کردنی ماددهی٥٨ که بڕگهیهکی یاسایی و دهستووریش بوو.**

**پ - بهرپرس و نوێنهری پارته کوردییهکان له ناوچه دابڕاوهکان نهیان توانی وهك پێویست خزمهت به دانیشتوانی ناوچه دابڕاوهکان بکهن و لهم بوارهدا کهم تهرخهم بوون.[**]**

---

[*] - دکتۆر مهحمود عوسمان دهڵێت"بهبێ یهکخستنهوهی ئیداره ناتوانرێت له ئاییندهدا شارو شارۆچکهکانی تری وهك کهرکوك ومهخمورو خانهقین و سنجار هتد...بخرێتهوه سهر ههرێم چوونکه ئهگهر ئهم دوو حکومهته یهك نهخرێتهوه کورد چۆن دهتوانێت ئیش بۆ ئهم شوێنانه بکات. ههروهها ئهگهرئهم شوێنانه بخرێنهوه سهر ههرێمی کوردستان سهر بهچ ئیدارهیهك دهبێت لهبهر ئهوه زۆر ئهستهمه بهبێ یهکخستنهوهی ئیداره کار بۆ گهڕاندنهوهی ئهم شوێنانه بکرێت..."پ.سلێمانی، دکتۆرمهحمود عوسمان، یهکنهخستنهوهی دوو ئیدارهکه گهورهترین زیان له کورد دهدات، ههفتهنامهی هاوڵاتی، ژماره(١٦٦)، ٢٤ئازاری٢٠٠٤، ل١

[**] - بۆ زانیاری زیاتر له سهر کهمتهرخهمی بهرپرسه کوردهکان لهئاسایی کردنهوهی ناوچه دابراوهکان و بهتایبهت له پارێزگای کهرکوك بڕوانه دیدار لهگهڵ جهعفهری سهرۆك وهزیرانی پێشووی حکومهتی گواستراوه.. دارا عهبدوڵلا، کورد له سهر ههق بو یان جهعفهری؟ ڕۆژنامهی ئاوێنه، ژماره(٥٠)، ٢٦ی کانونی یهکهمی٢٠٠٦، ل٧.

٢- له سەر ئاستی حکومەتی عێراق:

أ - لەسەر ئاستی سەرۆك كۆمار:

سەرۆك كۆمار نەی توانی دەسەلأت و پێگەی کارگێری و ڕامیاری و کەسایەتی خۆی بەکار بهێنێت لە پێناو کەم کردنەوەی زیاتری ئازاری گەلی کوردی ناوچە دابڕاوەکان(ئەگەر چی مافێکی دەستووریش بوو)، هەروەها سنووردارکردنی ڕامیارییە نەخشە بۆ دارێژراوەکانی جەعفەری سەبارەت بە کارنەکردن بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی ماددەی٥٨ و کارکردن بۆ تەعریب کردنەوەی کوردستان.

ب - لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەران*:

ناڕوونی ونەرمی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هەبوو بەتایبەت لە مادەی١٤٠ دا، کە پشتی بەمادەی٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەولەت دەبەست، جگە لەوەی کە بەسەر حکومەتی هەرێم و نوێنەرەکانی گەلی کورد دا لە بەغدا تیٚ پەڕبوو، بۆ نموونە:

١- سنووری جوگرافی ناوچەی ململانیٚ دیاری نەکراوە.

٢- جۆری ڕاپرسی کردنەکە چۆن دەبێت، چەند هەلبژاردن هەیە لە دیاری کردنی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان؟جگە لە دیاری نەکردنی ئاستی ئەو یەکە کارگێرییانەی کە ڕاپرسییەکەی لە سەر ئەنجام دەدرێت.

٣- دەنگی یەکلایی کەرەوەی ڕیفراندۆم دەبێت چەند بێت؟

٤- ئەگەر لەماوەی دیاری کراودا مادەی١٤٠ جیٚ بەجیٚ نەکرا، چ هەلویستێك وەردەگیرێت و چۆن کاربۆ ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانە دەکرێت، یان بە مانایەکی دیکە پلانی لەبری چی دەبێت؟

ت - لاستیکیی دەستور:

١- جگە لەوەی کە نوێنەرەکانمان نەیان توانی بە بڕگەیەکی دەستووری حکومەتی ئایندە(حکومەتی هەلبژێردراو و جێبەجیٚ کەری دەستووری هەمیشەیی)ناچار بکات بۆ ڕێگرتن لە خۆ دزینەوەی حکومەتی هەمیشەیی لە

---

* - لە ئەنجومەنی نیشتمانی دا کوردەکان بە٧٧ کورسی بەشداریان کرد...

جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)دا، چوونکە لە دەستووری هەمیشەییی دا چەندین جار وشەی (نابێت) بە کار هاتوە، بۆ نموونە تەنها لە مادەی(١٢٦)دا سێجار وشەی(نابێت)بە کار هاتوە، نوێنەرەکانمان دەیان توانی کە هەمان بڕگە بۆ مادەی١٤٠زیاد بکەن بە مەبەستی ناچار کردنی حکومەت لە جێ بەجێ کردنی تەواوی ماددەی١٤٠، و ڕێگرتن لە هەر خۆ دزینەوەیەك بە بیانوی جۆراو جۆر.

٢- نەبوونی مادەیەك یان بڕگەیەکی دەستووری کە لە کاتی جێ بە جێنەکردنی مادەی ١٤٠ ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو ناوچانەی کە بە ناوچەی ململانێ ناونراون بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

پ - لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران:

ا - حکومەتی شیعەی عێراق هەمان ڕامیاری حکومەتە سوونییەکانیان گرتە بەر، دژ بە گەلی کورد و مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، بۆ نموونە لە بەیانە وەزارییەکەی جەعفەریدا ئاماژە بە مادەی٥٨ نەکراوە و باس لە جێ بە جێ کردنی تەواوی مادەی(٥٨)ناکات و سەرەڕای ئەوەی کە دژو ناڕازییە لە دیاری کردنی بودجە بۆ ئاسایی کردنەوەی کەرکوك، جگە لەوەی سەرپێچیشی کرد، لە بڕگەی(٢)خاڵی(٤)، کە دەبوایە پاش مانگێك لە دروست کردنی حکومەت میکانیزمی ئاسایی کردنەوە کارابکات دیارە ئەمەشی نەکرد.*

٢- جەعفەری هەرچەندە پیێ ی وابوو کە فیدرالیەت هێز دەداتە دەوڵەتی فرەجۆرو فرە پێکهاتە، بەلاّم دژی سستمی فیدراڵی عێراق بوو بە بیانوی ئەوەی"کە عەقڵ و هۆشی خەڵك ئامادەنییە وەری بگرێت و دەبێت فیدرالیەت هەڵقولاّوی بیروبۆچوونی خەڵك بێت و بەسەریاندا فەرز نەکرێت"[١].

٣- جەعفەریش وەك عەللاوی پشتی کردە بەندە دەستوورییەکانی تایبەت بە مافی گەلی کوردو کارنەکردن بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو ستەمەی کە ڕژێمی

* - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەقی بەیانە وەزارییەکەی جەعفەری تایبەت بە مادەی٥٨ و بڕگەکانی بەیاننامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دژ بە بەیانە وەزاریەکەی جەعفەری و نامەکانی هەردوو سەرکردە(مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی) بڕوانە : لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠، جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦-٣٢.

[١] - دارا عەبدوڵلاّ، کورد لە سەر هەق بو یان جەعفەری؟ ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە(٥٠)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

پێشوو ئەنجامی دابوو بەرامبەر بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، جگە لەوەی پشتی کردە پاپەند بوونی بەو پرۆتۆکۆڵەی کە لە نێوان لیستی هاوپەیمانی و لیستی ئیئتلاف دا واژۆکرا بوو لە پێك هێنانی حکومەتی نوێ دا بەسەرۆکایەتی جەعفەری، بەتایبەتی ئاسایی کردنەوە بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان.

٤ - جەعفەری نەك نەیویست چارە سەری ئەو ستەمە بکرێت کە ڕژێمەکان بەرامبەر بەو ناوچانە ئەنجامیان دابوو وەك ئاسایی کردنەوە و بە عەرەب کردن و گۆڕینی دیمۆگرافیا...بەڵکو بە بەرنامە و بڕیاری فەرمی کەوتە جێ بەجێکردنی تەعریب کردنی جارێکی دیکەی ناوچە دابڕاوەکان لە ڕێی وەزارەتەکانی (تەندروستی، ناوخۆ، نەوت، داد، بەرگری)، بۆ نموونە بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە(١/١٤/٧١٧٥)لە (٢٠٠٥/٩/١٤)و هەروەها نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی بەغدا ژمارە(١٢٦٧٨)لە (٢٠٠٥/٦/١٩ )بۆ ناردنی هاوولاتییانی عەرەب بۆ شاری کەرکوك، کەخەڵکی کەرکوك نین.[1]کەواتە جەعفەری بە بەرنامە کەوتە کار کردن دژی مادەکانی(٥٨، ٦...).

٣ - لە سەر ئاستی ناوچەکە:

ئەگەر چی هیچ بەڵگەیەکی فەرمی لە بەردەست دا نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ تێوە بگلێنێت لە هۆکاری ئاسایی نەکردنەوەو چارەسەر نەکردنی ناوچە دابڕاوەکان، بەلاّم بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی کەلە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردن و بەڵگەکانی سەردەمی فەرمان ڕەوایی مالکی دەتوانین بڵێین کە ولاّتانی هەرێمی بەتایبەتی ئێران و تورکیا و سعودیەو سوریا... هۆکاری سەرەکی بوون لە فشار کردن لە حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان.

٤- لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاّتانی هاوپەیمان و بە تایبەت ئەمەریکا فشاریان نەکرد لە حکومەتەکەی جەعفەری لە هەنگاونان بە ئاڕاستەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچە دابڕاوەکان و کۆتایی هێنان بە مەینەتییەکانی گەلی کورد و تورکمان... لە ناوچە دابڕاوەکاندا.

---

[1]- ئەحمەد عەزیز، کەرکوك لە نێوان ڕابوردوو وباری ئەمڕۆدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.

**٤ - ماوەی دەسەلاّتی نوری مالکی(٢٠ی ئایاری٢٠٠٦- بەردەوام):**

**ئەگەر چـی دەسـتووری هەمیشـەیی ماوەیـەکی دیـاری کـراوی دانـابوو بـۆ حکومەتی ئاینده کە مادەی١٤٠ جیّ بەجیّ بکات، بەلاّم لە ماوەی دیاری کـراوی خۆی بـەڵکو پـاش تێپـەڕبوونی نزیکـەی٢ سـالّ بـە سـەر کۆتـایی وادەی جـیّ بەجیّکردنی مادەی١٤٠ هەر جیّ بـەجیّ نـەکرا[*]... چـەندین گـرفتی جۆراوجـۆر هەبوون کە ڕۆڵیان هەبوو لە جیّ بەجیّ نەکردنی ماددەی(١٤٠)، هەنـدێك لـەو گرفتانە حکومەت و پارتە کوردییەکان و تەنانەت خـەڵکیش لێیـان بەرپرسـن، بەلاّم بەشی سەرەکی حکومەتی عێراقی(دەسـەلاّتی بڕیـاردان و دەسـەلاّتی جـیّ بەجیّ کردن)بە تایبەتی تر مالکی بەرپرسـە، چـوونکە دەسـتووری هەمیشـەیی پابەندی کردووە بە جیّ بەجیّ کردنی تەواوی بڕگەکانی ماددەکە، جگە لەوەی کە ولاّتانی هـەرێمی و نێودەوڵـەتی و ڕێکخراوەکـانی تـری جیهـانی بـەجۆرێك لـە جۆرەکان بەشدار بوون لـە ئـالّۆزکردنی جـیّ بـەجیّ کردنـی مـاددەی(١٤٠)دا، سەرۆکی لیژنەی جیّ بەجیّ کردنی مادەی١٤٠ دەڵێـت" دواخسـتنی جـیّ بـەجیّ کردنی مادەی١٤٠ هۆکاری ڕامیاری لە دواوە بـوو..."[1] دەتـوانین لـەم خالاّنـە دا ئاماژەیان پیّ بکەین:**

---

[*] - وەزیری ناوچە دابڕاوەکان هۆکاری جێبەجیّ نەکردنی مادەی(١٤٠)دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند خاڵێك کە بریتین لە : ١- وەزعی امنی..٢- تشکیلەی حکومەت.. ٣- ضعفی اداو..٤- هشاشەتی تحالفاتی کردی..٥- تفسیراتی جیاجیا بۆ معادلاتی توافقی سیاسی..٥- نەقەناعەتی اطرافـەکانی غـیر کـورد بـەمادەی ١٤٠..٦- فسـادی ایـداری لـە عێـراق..٧- ضـعفي اداو مجلسـی رئاسـە بەسـەرۆکی کۆماریشەوە..٨- ئەمەریکاش ڕۆڵی نەرێنی هەبوو، یەکێك لە سیفاتی ئەمەریکا ئەوەیە کە فشارلە دۆستەکانی ئەکات بۆ سازش کردن بەرامبەربە دوژمنەکانی لە پێنـاوی بەرژەوەندییـەکانی... دیـدار لەگەڵ دکتۆر محمد احسـان(وەزیـری ناوچـە دابڕاوەکـانی کابینـەی پێنجـەمی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان)، لەبەرواری١٢ی ئابی٢٠٠٨.

751_http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=30479

١- لەسەر ئاستی هەرێم:

أ- لەسەر ئاستی حزبی سیاسی:

١ - ململانێی تەسکی حزبی و دوو ئیدارەیی نێوانیان لە کەرکوك تا ئێستاش بە شێوەیەك لە شێوەکان درێژەی هەیە، زیانێکی زۆری لەپرسی کەرکوك داوە[1]، نەك هەر کەرکوك بەڵکو لە سەرجەم ناوچە دابڕاوەکانی تریش[*].

٢ - یەك نەبوونی گوتاری ڕامیاری کوردی تەنانەت لە سەر ئاستی سەرکردایەتی کوردیش: بۆنموونە سەرۆك کۆمار لەتورکیا بۆ ڕاگەیاندنەکانی تورکیا دروست بوونی دەوڵەتی کوردی بە"خەونی شاعیرانە "[2]ناو دەبات، بەڵام سەرۆکی هەرێم دەیان جار پێ داگری لە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی کردۆتەوە، لێدوانەکەی بارزانی کەمتر لە هەفتەیەك پێش لێدوانەکەی تاڵەبانی بوو جارێکی کە ئەو دەربڕینەی دووپات کردەوە...[3]بێ گومان ئەگەر لە سەرچارەنوسی هەرێمێك هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نەبێت ئەوا لە سەر ناوچە دابڕاوەکانیش هەروا ئەبێت، یان لە کاتێکدا کە سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان(عەدنان موفتی[**])داوا لە ئەمەریکاو ئەو ولاتانە دەکات کەچەك بە عێراق دەفرۆشن، بە مەرج چەك بە عێراق بفرۆشن کە نەبێتە هۆکاری هەڕەشە لە سەر بارودۆخی کوردستان، لە هەمان کاتدا تاڵەبانی داوا لەوەزارەتی بەرگری

---

[1] - قادرعەزیز، بۆمادەی ١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٧)، لە١٣کانوونی دووەمی٢٠٠٨، ل٢.

[*] - بۆنموونە ی.ن.ك.و پ.د.ك. نەك نەیان توانی هەڵەکانی پێشووی خۆیان لە ناوچە دابڕاوەکان دا چاك بکەن، بەڵکو کەوتنە درێژە پێدان و توند کردنی، بۆنموونە پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزکای دیالە(٢٠٠٩) جارێکی تر ململانێ یەکی توند کەوتە نێوان هەردوو پارت بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە کە هەردوو پارتەکە بە یەك لیستیش دابەزیبون.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.moera-krg.org/kurdish/art_detail.php?art_id=1035

=753_http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issueno=11067&article=511339&feature

754 _

a_ http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=1300

b_http://www.krp.org/articles/detail.asp?rnr=&lngnr=13&smap=&anr=20549

[**] - لە کابینەی پێشوی حکومەتی هەرێم.

دەکات" کەنوێترین چەك و ئامێر بۆ سوپای عێراق دابین بکرێت"[1]..وەزیری ناوچە دابڕاوەکان دەڵێت" سیاسەتێکی وازحمان نەبوو لەلایەن هەردوو لامان، بۆچوونی جیا لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبوو"[2].

٣ - پڕنەکردنەوەی پۆستەکەی دکتۆر بەرهەم لە پاش وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم بۆ نزیکەی پێنج مانگ[*]؟!، ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر سەنگی سیاسی کوردی لە بەغداد، دیارە هۆکارەکەشی ڕامیاری بوو...

ب- لەسەر ئاستی حکومەت:

١- سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەو پارتە کوردییەکان هێزێکی جەماوەری گەورەیان لە پشت بوو، بێجگە لەوەی کە خواستێکی زۆری نەتەوەییی هەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠، جگە لەوەی کە بڕگەی دەستووری هەبوو، هەروەها کورد هێزێکی ڕامیاری سەنگین و هێزی پێشمەرگەی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی لە کشانەوەی هەندێك لیستی پەرلەمانی و پێویستی زۆری حکومەتەکەی مالیکی بە هاوپەیمانی کوردستان، جگە لە ڕێکەوتنی چوارقۆڵی وسێ قۆڵی لەگەڵ لیستی بەشدار لە حکومەتی مالکی، سەرەڕای باشی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ هەریەك لە ئەمەریکا وبەریتانیا دا، بەلاّم سەرکردایەتی کوردی نەیان توانی هەموو ئەو هێزانە بکەن بە فشار لە سەر حکومەتی فیدراڵ بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠، چوونکە مادەی١٤٠ تەنها گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان نییە بە تەنها، بەڵکو وەك لە دەستوری هەرێمی کوردستان[**] و دەستووری هەموار

---

[1]-755_ http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=163&cat=1&title=

[2] - دیدار لەگەڵ وەزیری ناوچە دابڕاوەکان لە ١٢ی ئابی ٢٠٠٨. سەرچاوەی پێشوو.

[*] - لە بەرواری١١ی کانوونی دووەمی٢٠١٠دکتۆر ڕۆژ بوو بە جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیری عێراق. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=12872&LinkID=63

[**] - دەستووری هەرێمی کوردستان لە(٢٢ی ئابی٢٠٠٦) ئامادەکرا لە لایەن لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، دەستورەکە پێك هاتبوو لە سێ دەروازە لە(١١٥)ماددەدا(دەروازەی یەکەم: بنەما سەرەتاییەکان(١٧ماددە)، دەروازەی دووەم: مافەکان(٦٠ماددە)، دەروازەی سێیەم: دەسەلاّتەکانی هەرێمی کوردستان(٣٨ماددە). بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژە

**کراوی هەرێمی کوردستانی ساڵی(٢٠٠٩)[*] دا هاتووە لە خاڵی دووەم لە ماددەی دوو، دیاری کردنی سنووری کوردستان لە سەر ئەنجامی جێبە جێ کردنی مادەی(١٤٠) دەستووری فیدراڵی دەبێت[1]. بۆیە دکتۆر مارف عومەر گوڵ وەك پسپۆڕێکی بواری یاسایی پێی وایە"کە کورد هەر لە سەرەتاوە کەمتەرخەم بووە بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ و بەرنامەیەکی ستراتیجی دیاری کراوی نەبووە بۆ سەپاندنی خۆی و بڕیار دان لەسەر مەسەلە چارەنووس سازەکان، هەمیشە چاوەڕوانی بەغدا بووە تا بڕیار بدات، بەڕاستی کورد نەیتوانی کەرکوك بکاتە ئەمری واقیع و وەك شارێکی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.[2]**

**٢ - لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردستانەوە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ نەبووە مەسەلەی ژمارە یەك لە ئاجندەی کاری ئەواندا، بەڵکو گێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لەلایەن ئەو دوو حزبە خرابووە چوارچێوەی حساباتی بەرژەوەندی حزبی هەردوولایان، بۆیە ئەوەندەی شەڕیان لەسەر بودجەو نەوت و دەستکەوتە حزبیەکانی تر دەکرد، ئەو شەڕەیان لە سەر مادەی١٤٠ نەکرد.[3]هەروەها مەحمود عوسمان دەڵێت"کارکردنی سەرکردایەتی کورد لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی حیزبی و ئیدارەیەکی حیزبدا بووە، نەوەك بەرنامەیەکی**

---

دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٢ی ئابی٢٠٠٦، ل٢-٤٨.

[*] - دەستووری هەموار کراوی هەرێم لە لایەن ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستور ئامادەکراو لە(٢٤ی حوزەیرانی٢٠٠٩) لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەند کرا... پڕۆژەی دەستورەکە لە هەشت دەروازە پێکهاتبوو، دەروازەی یەکەم بریتی بوو لە(بنەما سەرەکیەکان(١٧مادە)، دەروازەی دووەم(مافە بنەڕەتیەکان٢١ مادە)، دەروازەی سێیەم(دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ٦١مادە)، دەروازەی چوارەم(داواکاری گشتی٢ ماددە)، و دەروازەی پێنجەم(کارگێڕیە خۆجێییەکان و ئەنجومەنی شارەوانی ٥ ماددە)، دەروازەی شەشەم (دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆکان ٩ماددە)، دەروازەی حەوتەم(حوکمە داراییەکان ٥ مادە)، دەروازەی هەشتەم (کارپێکردنی دەستور و لێکدانەوە و هەموار کردنی٨ ماددە)، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پڕۆژە دەستووری هەموار کراوی هەرێم بڕوانە: لیژنەی پێدا چوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق - پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٢ی حوزەیرانی٢٠٠٩، ل١-٣٩.

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

758_http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=136&cat=1&title=

[3] - قادرعەزیز، بۆ مادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

ڕێکوپێکی نەتەوەیی بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان."[1]

٣- بەرپرس بوونی حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتی لە جێ بەجێ نەکردنی مادەی١٤٠، چوونکە جگە لە هێزی دەستووری، ڕێکەوتنی چوارقۆڵییان هەبوو لەگەڵ پارتی دەسەڵات دارو و ڕێکەوتنی سێ قۆڵیان هەبوو لەگەڵ پارتی ئیسلامی کە هاشمی* ڕێگری کردووە لە ئاسایی کردنەوەی سنووری ناوچە دابڕاوەکان. و ڕێکەوتنی کانونی دووەمی نێوان مالکی و لیستی هاوپەیمانی**، واتە نەیانتوانی بە هێزی دەستووری و ڕامیاری، چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بکەن.

٤- بەرنامە و پڕۆژە و میکانیزمێکی جدی بە دواداچوونی ئەوتۆیان لە بەدواداچوون و جێ بە جێ کردنی ماددەی(١٤٠)دا نەبوو بۆ نموونە لەمانگی(تشرینی دووەمی٢٠٠٦)و لە مانگی حوزەیرانی٢٠٠٧ دا (٢) لیژنەی باڵای بە دوا داچوون، یەکەمیان لە کۆبوونەوەی هەردوولا لە بەغدا و دووەمیان لە دوکان بە سەرپەرشتی خودی سەرۆکی هەرێم دروست کرا، کەچی هەردوو لیژنەکە کارەکانی خۆی ئەنجام نەدا. هەروەها دکتۆر مەحمود عوسمانیش ئەڵێت"کورد بەرنامەیەکی جدی و ڕێکو پێکیان نەبوو بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان، هەڵەو کەم و کوڕی زۆریان هەبوو."[2]

---

1-760_http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=11823&LinkID=63

* - هاشمی لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەڵێت"ئێمە ڕێگە بە دروست بوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ نادەین"بۆ زانیاری زیاتر لە سەر لێدوانەکانی تری هاشمی بڕوانە: نامۆ عەبدوڵا، تارق هاشمی، ڕێگە بە دروست بوونی کوردستانی سەربەخۆ نادەین، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٤٨٩، ١٤ی حوزەیرانی٢٠٠٩.ل٦.

** - ئەم ڕێکەوتنەی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و نوری مالکی کرا، بەوەی نوری مالکی نەچێتە بەرەی هاوپەیمانی(١٢)کوتلەی پەرلەمان کە لە(١٤٥) ئەندام پەرلەمان پێك هاتبوون بۆ دژایەتی کردنی مادەی١٤٠و مافەکانی گەلی کورد، بەڵکو پشتگیری جێبەجێ کردنی مادەی١٤٠ بکات و هەوڵ بدات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان وەك کێشەی گرێبەستە نەوتیەکان و بودجەی پێشمەرگە، لەبەرامبەردا لیستی هاوپەیمانی پشتگیری حکومەتەکەی مالیکی بکەن... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاولاتی، مالکی پاشگەز دەبێتەوە لە دژایەتی کردنی داواکانی کورد لە بەغدا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٨)، ١٦ی کانوونی دووەمی٢٠٠٨، ل١.

٧٦١_http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=11823&LinkID=63

٥ - حكومــەتی هــەرێم(ســەرۆكایەتی هــەرێم و حكومــەت و پەرلــەمان)و نوێنەرەكانی گەلی كورد (ســەرۆك كۆمــارو وەزیرەكــان وئەنــدامانی ئەنجومــەنی نیشتمانی...)لەكاتی گونجاودا (لاوازی حكومەتی مالكی) ، كــارتی دەســتووری و یاسایی(دادگای بالآی فیدرالّی)و ڕامیارییان بە كار نــەهێنا بــۆ ناچــار كردنــی مالكی بۆ پاپەند بوون بە جێ بەجێ كردنی مادەی١٤٠ ، بەڵكو بــە پێچــەوانەوە بە ڕێكەوتنی چوار قــۆڵی بوونــە هــۆی بوژانــەوەی كابینەكــەی لەكاتێكــدا كــە وەزیرەكانی لیستی تەوافق[*] و لیستی عێراقیە[1] و ســەدریەكان لــە حكومەتەكــەی مالكی كشانەوە.

٦- پارەیەكی ئەوتۆ بــۆ خزمــەتی گێڕانــەوەی كــەركوك و ناوچــە دابڕاوەكــان تەرخان نەكراو بەشدارییەكی ئەوتۆیان لە جێ بەجێ كردنی ماددەكەدا نــەكرد و زۆربــەی بەتــەمای بەغــدا لێگــەڕان، ئەمــە لــە كاتێكــدا توانــا هــەبوو كــە بەشدارییەكی بەرچاو لە جێبەجێ كردنی هەنــدێ لــە هــەنگاوەكانی ماددەكــەدا بكەن، وەك گێڕانەوەی ئاوارەو باشكردنی ژیان و گوزەرانیان و گێڕانــەوەی بەشــێك لە عەرەبی هاوردە، ئەو بڕە پارەیەشی كــە بــۆ ئــەنجام دانــی كۆمــەڵێك پــڕۆژەی خزمەت گوزاری لە ناو شاری كــەركوك و شارۆچــكەكانی تــرو ئاوەدانكردنــەوەی دێهاتەكانی دەوروبەریان تەرخانكرا بەشێوەی بەرنامەیەكی گشتگیر و ستراتیژی و لە كەناڵی ڕەسمیەوە سەرف نەكرا.[2] ســەرەڕای كۆمــەكی جۆربــەجۆری حكومــەتی هەرێم بۆ دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەكان.[**]

---

[*] - لەمانگی تەموزی٢٠٠٧ شەش وەزیری لیستی تەوافق لە حكومەتی مالكی كشانەوە وەك پیشان دانی هەڵوێست بۆ جێ بەجێ كردنی داواكاریەكانیان...

[1]- سەركەوت لەتیف و شینوار كۆچەری، بە پێی ڕێككەوتنە چوارقۆڵیەكە، كورد دەتوانێت حكومەتەكەی مالیكی هەڵبووەشێنێتەوە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٨٦٣)، ٢٥ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨، ل٥.

[2] - قادرعەزیز، بۆمادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەكرا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[**] - حكومەتی هەرێم چ لە ڕێی وەزارەتی ناوچە دابڕاوەكان بێــت یــان لــە ڕێــی پارتــە ســەرەكییە كوردییەكان بێت هەر لە سەرەتای پرۆسەوە یارمەتی ئاوارەكان و گەڕانەوەی ئاوارەكــان و كارئاســانی بۆ گەڕاندنەوەیان و نیشتەجێ كردنیان سەر لە نوێ كراوەتەوە بۆ نموونە لە سەرەتای پرۆسەوە تا ئێستا حكومەتی هەرێم(٨٢) گوندی ئاوەدان كردۆتەوە لە پارێزگای كەركوك، جگەلەوەی كە وەك هانــدانی ئاوارەكان بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی باب و باپیریان(ناوچە دابڕاوەكان)بڕی(٧,٥)ملیۆن دینار دراوە بــە هەر خێزانێك، جگە لەوەی كە تا ئێستاش حكومەت موچــەی(٧٠٠٠) مامۆســتای كــەركوك دابــین

**٧- بچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ماوەی ساڵێك[1]، ئەگەرچی بێگومان ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم لە سەر بەرژەوەندی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە بری بچڕاندنی پەیوەندی، فشارکردن لە قازانجی دۆزی نەتەوەییی دەگەڕایەوە چونکە پەیوەندی بڕین، بەمانای پێدانی کات دێت بە عێراق بۆ خۆ بەهێزکردنی.**

**٨- نەمانی وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم[**] لە کابینە نوێیەکەی دکتۆر بەرهەم. نەمان و بچووك کردنەوەی ئەم وەزارەتە بۆ کاری لیژنە یان هەر ناونیشانێکی تر، بەمانای بچووك کردنەوەی قەبارەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان دێت لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم دا.**

**٩- ڕازی بوونی سەرۆکی هەرێم بە٤٣ کورسی بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لە کۆی٣١٠کورسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کە بڕیارە لە7ی ئازاری٢٠١٠ ئەنجام بدرێت لە ژێر فشاری ئەمریکا، و بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و شەقامی کوردی، ئەمەش دەکاتە(١٣,٨٧٪)ی سەرجەمی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، ئەمەش بە ڕێژەی(١,٣٤٪)کەمترە لە چاو کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ساڵی٢٠٠٥ دا کە ڕێژەکەی(١٥,٢١٪)بوو.**

---

**دەکات کە ساڵانە دەکاتە(٧٢)ملیاردینار... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:أ- عومەر غەریب، هاوکاری بەسەر ئاوارە گەڕاوەکاندا دابەشکرا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٥٠)، ٢١نیسانی٢٠٠٩، ل١. ب- عومەر غەریب و هاشم جەمیل، حکومەتی هەرێم(٨٢)گوندی سەر بە کەرکوکی ئاوەدان کردووەتەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٧٠)لە ١٤مایسی٢٠٠٩، ل١-٢.ت- هێدی گەلاڵی، حکومەتی هەرێم٧٢ملیار دەداتە مامۆستایانی کەرکوك، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٣٥)، ٢٨ی تەمووزی٢٠٠٨، ل٣.**

d_http://www.moera-krg.org/kurdish/index.php

**[1] - هاوڵاتی، پێشمەرگەو سوپای عێراق لە مەخمور ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە٥٤٣، ١٩ی تەمووزی ٢٠٠٩، ل٢ وەرگیراوە لە: واشنتۆن پۆست.سەرچاوەی پێشوو.**

**[**] - لە دانیشتنی پەرلەمان لە ڕۆژی ٢٦تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، پڕۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەتی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد، یەکێك لەو وەزارەتانەش وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکانی کابینەی پێنجەم بوو.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە وێب سایتی:**

http://www.moera-krg.org/?lngnr=14&smap=01000000

**ت - ئەنجومەنی نیشتمانی:**

**١- یەكێك لەو هەڵانەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی كوردستان كردی لابردنی ئەو بڕگەیە بوو كە فشاری دەخستە سەر حكومەتی عێراقی بۆ پابەند بوون بە جێ بە جێ كردنی مادەی١٤٠، لیژنەی پێدا چوونەوەی دەستووری هەرێم لە ساڵی٢٠٠٩ بڕگەی٢ی مادەی ٧ی دەستورە هەموار كراوەكەی ساڵی٢٠٠٨ * یان لابرد بە پێی ئەو بڕگەیە حكومەتی هەرێم چاوی دەخشاندەوە بە بڕیاری مافی چارەی خۆ نووسین و دیاری كردنی ئایندە و ناوەندی ڕامیاری، ئەگەر حكومەتی عێراقی سەركەوتو نەبوو یان پاش گەزبووەوە لە جێ بەجێ كردنی مادەی(١٤٠).[١]**

**٢- پەرلەمانی كوردستان هیچ ڕۆڵێكی گرنگی نەگێڕایەوە بۆ مادەی١٤٠، واتە بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەساوە وەك دەزگایەكی بڕیاردان و گفتوگۆكردن لەگەڵ بەغدا یان ناردنی شاند بۆ ئەو مەبەستە، بەڵكو هەمیشە چاوەڕێ بووە سەركردەی پارتە ڕامیاریەكانی كوردستان لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی لە سەر ئەو پرسە بدوێن. و بڕیار بدەن. جگە لەوەی وەك دەزگایەكی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە و نوێنەری گەل و پارێزەی بەرژەوەندیەكانی گەل، ڕوون كردنەوەی پێویستی نەداوە لە سەر هۆكاری جێ بەجێ نەكردنی مادەی١٤٠، داوای هیچ هەڵوێستێكی لەگەڵ نەكردوە!!!**

* - دەستووری هەموار كراو لە(١٩ی ئابی٢٠٠٨)ئامادە كرا لە لایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان، پرۆژەی دەستورەكە لە هەشت بەش پێكهاتوە (مەبادیئی بنەڕەتی(١٧مادە)، بەشی مافی بنەڕەتی(مافی مەدەنی و ڕامیاری(٥مادده)، ومافی كۆمەڵگاو ئابوری(٥مادده)، ومافی نەتەوەییی و ئایینی پێكهاتە جیاوازەكانی هەرێم(٨مادده)، و بەندی چوار(٢مادده)، بەشی دەسەڵاتی هەرێم(پەرلەمانی كوردستان(٢٠مادده)، و دەسەڵاتی جێبەجێ كردن(٤٠مادده)، بەشی چوارەم(٢مادده)، كارگێری ناوخۆیی و ئەنجومەنی شارەوانی(٥مادده)، دەستەو كۆمسیۆنی سەربەخۆ(٢مادده)، بڕیاری دارایی(٤مادده)، بڕیاری تایبەت(٨مادده). بۆزانیاری زیاتر لە سەر پرۆژە دەستووری هەموار كراوی هەرێم بڕوانە: لجنة اعادة النظر في مشروع دستور اقليم كوردستان - العراق، مشروع دستور اقليم كوردستان- العراق، ١٦اب٢٠٠٨، ص٢-٣٥.

[١] - المصدر نفسه، ص٣.

**پ- ناوچە دابڕاوەکان:**

**١- هەڵە و کەم کوڕیەکانی لیستی برایەتی لە پارێزگای کەرکوک[*][١] :**

**أ - حزبایەتی کردن باڵی بەسەر ئەم لیستەدا کێشاوە[**]. لەڕوانگەی بەرژەوەندیی حزبی و شەخسییەوە تەماشای مەسەلەکان دەکەن. جگە لەوە کە هەندێکیان گەندەڵن[***] یان کەسانی نەناسراون... تەنانەت ململانێکان ڕەنگدانەوەی هەبوو لە نێوان پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا کە ئەمەش کاردانەوەی هەبوو لە سەر کارەکان و ئیدارەدانی شارەکە، جگە لەوەی کە زۆرێک لە بەڕێوبەرە کوردەکان نە شارەزاو بێ توانان و کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە... سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئەمنی و بێکاری و ئاوەدان کردنەوە بەرەو خراپتر دەچێت و بەرنامەش نیە بۆ چارەسەرکردنی.[****]**

---

[*] - وەزیری ناوچە دابڕاوەکان دەڵێت:"یەکێتی و پارتی نەیان توانی بەیەکگرتوویی لە کەرکوک کار بکەن، جگە لەوەی کە صراع لە نێوان پارتی و یەکێتی نەبوو لەوێ بەڵام صراعی شەخصی و مەصلەحی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە تاکو ئێستا نەمان توانیوە ئیشەکە بخەینە دەست کەسانی شارەزا، نەمان توانی زیاتر کار بکەین لەو جێگایانە و کەم و کاسیمان زۆرە .. "دیدار لەگەڵ وەزیری ناوچە دابڕاوەکان لە بەرواری ١٢ی ئابی ٢٠٠٨.سەرچاوەی پێشوو.

[١] - بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی(٢)ی ڕێکخستنی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە بێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە، تشرینی یەکەمی٢٠٠٧، ل٧٥.

[**] - یوست هیڵتەرمان دەڵێت"حکومەتی هەرێم هەر لە سەرەتاوە خاوەنی سیاسەتێکی فاشیلانە بووە سەبارەت بە کەرکوک و دەڵێت ئەگەر(ی.ن.ك)و(پ. د. ك)یەك دەنگ بونایە لە سەر ئەمری واقیع و بواری کرداریدا، لە کەرکوک بەیەکەوە کاربکەن، پێشکەوتنی زیاتربەدی بهێنرایە، هەرچەندە لە کەمێك مەسەلە دا هاوڕابوون، بەڵام لە ڕاستیدا پارتی و یەکێتی لە کەرکوک مونافەسەی یەکتر دەکەن و ئەمەش ژیانی لە هەموان ناخۆش کردووە... دەڵێت " هەمیشە لە ڕووی سیاسییەوە شەڕی دەسەڵات دەکەن..."

http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17912&cat=1&title=

[***] - بە گوێرەی ڕاپرسی دەستەی نەزاهەی عێراق، پارێزگای کەرکوک بەیەکەم پارێزگا دەرچوو لە سەر ئاستی عێراق لە گەندەڵیدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a_ http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14567&LinkID=66

b_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19556&cat=1

[****] - بۆ ئەم مەبەستە تاڵەبانی لە سەردانەکەیدا بۆ کەرکوک نیگەرانی خۆی لە بەرامبەر بەرپرسە کوردەکان دەبڕیوە... جگە لەوەی داوای یەکگرتویی لێ کردون.. .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاوڵاتی، تاڵەبانی داوا لە بەرپرسە کوردەکانی کەرکوک دەکات بەخۆیاندا بچنەوە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٩٣)، ٣شوباتی٢٠٠٨، ل١.

ب - نەیان توانیوە تەوافق و پێکهاتن لەگەڵ لیستەکانی تری عەرەبی و تورکمانی بکەن و دەسەڵاتیان پێ بدەن.

ت - بەرنامەی لیستی برایەتی بۆ هەڵبژاردن بریتیی بوو لە(١١)بوار کە لە (٧٢)خاڵدا کۆکرابووەوە، بەڵام پاش نزیکەی سێ ساڵ تەنها (١٤) خاڵی جێبەجێ کراوە.

ج- بێ سەرو بەرەیی و نەبوونی ڕێکەوتن و پلانی هاوبەش لە چارەسەرکردنی ئەم پرسە، هەریەك لەلای خۆیەوە کاری دەکرد، بۆ نموونە وەزیری ناوچە دابڕاوەکان دەڵێت"هەرحزبە لیژنەیەکیان هەبوو، هەردەزگایەك لیژنەیەکیان هەبوو"کە ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی( فەوزایەکی ئیعلامی و تصاریحی متناقض و ناتەنزیمی)"[١].

٢ - لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان:

أ - نە حکومەت نە پارتە سەرەکییەکانی کوردستان نەیان توانی بەیارمەتی هێزی ئاسایش و پۆلیسی ناوچە دابڕاوەکان هەڵمەتی کێوماڵ کردنی ناوچە دابڕاوەکان بکەن لە گەڕان بەدوای تیرۆرستان، و نەیانتوانی پشتێنەیەکی ئاسایش لە باشووری ناوچە دابڕاوەکان دروست بکەن، تا چیتر ئەم گروپانە نەبنە مایەی پشێوی و درێژەدان بە سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو، لە کاتێکدا کورد هێزی دەنارد بۆ پاراستنی ئاسایشی شاری بەغداد بەمەبەستی کەم کردنەوەی ململانێی هۆزگەری، ئاینی... ئەگەر حکومەتی هەرێم کاری بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناوچە دابڕاوەکان بکردایە پێویست تر نەبوو؟ جگە لەوەی خاوەنی دەیان هەزار پێشمەرگە بوو. بۆ نموونە تا ئێستاش لە حەوزەی حەمرین گروپە تیرۆرسیتەکانی لێیە و دەسەڵاتی حکومەت لەوێ بوونی نییە.[*]

ب - بە پێی پێویست نەتوانرا پشتیوانی پێکهاتەکانی تری کەرکوك لە جێ بەجێکردنی مادەی١٤٠ و بەشداریکردنی ڕاستەقینەیان لە ئیدارەی شارەکە و

---

[١] - دیدار لەگەڵ وەزیری ناوچە دابڕاوەکان لەبەرواری١٢ی ئابی ٢٠٠٨.سەرچاوەی پێشوو.

[*] - ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا دەڵێت"کشانەوەی پێشمەرگە لە حەوزەی حەمرین و ناوچە کوردنشینەکانی دیالە نیشانەی دەست بەردار بوونی کوردە لەو ناوچانە، وسپاردنیانە بە قەدەربۆ کوشتوبڕ)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=7708&LinkID=63

دڵنیاکردنیان بۆ بەیەکەوە ژیانی برایانە لەگەڵ کورد، لەشارەکەدا دەستەبەربکرێت.

ت - کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان هەرێم و تورکیا ئەگەرچی لەبەشێکی زۆریدا خەتای لایەنی کوردی تێدا نەبوو، بەلاّم ڕەتکردنەوەی ئالاّی عێراق و مەسەلەی پەلەکردن لە دەرهێنانی نەوت و ئاشکرانەکردنی گرێبەستە نەوتییەکان و نەناردنی داهاتی هەرێم بۆ بەغدا، ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا*، ئەمانە ئەو هەنگاوانە بوون کە کەوتنە سەر حسێبی جێ بەجێ کردنی ماددەی(١٤٠)، ئەمە لەکاتێکدا هەموولایەك دەیانزانی کە جێ بەجێ کردنی ماددەکە لە ساڵی٢٠٠٧دا، پێویستی بە پەیوەندییەکی باش و کەش و هەوایەکی ئارام هەیە لەگەڵ بەغدا و ئەنقەرە لەم ماوەیەدا.[1]

پ - هەرێم تەنها لە بودجەی تەواو کاری عێراق لە ساڵی٢٠٠٨ کە برەکەی(٢١,٥٠٠) ملیار دۆلار بووە، ڕێژەی(١١٪)ی لەوبرە بودجەیە بەرکەوتوە کە دەکاتە(٢,٤٠٠)ملیار دۆلار[2]، حکومەتی عێراقی یەکێك لەو چەکانەی کەدژی مادەی(١٤٠)بە کاری دەهێنێت، چەکی بودجەیە، ئەی بۆ حکومەتی هەرێم بڕی(٦٠٠)ملیۆن دۆلار دابین ناکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەرەبووی ماددەی(١٤٠)کە تەنها دەکاتە(٢٥٪)ڕێژەی بوودجەی تەواوکاری؟!.بۆ دەبێت بەو پارەیە کۆبوونی دەیان هەزارخێزانی ئاوارەی عەرەبی هاوردە لە کەرکوك دوورنەخەینەوە. جگە لەوە دەتوانین دەیان هەزار خێزانی تری ئاوارەی کەرکوکی پێ بگەڕێنینەوە بۆ کەرکوك؟ ئەمەش ئەبووە هۆی سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی دی لە پرۆسەی سەرژمێری جگە لەوەی چارەنوسی

---

* - لە( ١٥ی ئایاری٢٠٠٧) یەکێتی و پارتی نامەیان بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نارد بەمەبەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان، بەلاّم ئەنقەرە "کۆبونەوەی ڕوو بە ڕووی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ڕەتکردەوە"، دروست بوونی ئەم گرژیە دەگرێتەوە بۆ لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم لە کەناڵی ئاسمانی ئەلعەرەبیە لە نیسانی٢٠٠٧، کەوتبووی"گەر تورکیا دەست وەربداتە کاروباری کەرکوك و هەرێمی کوردستان ئەوا ئێمەش بەمافی خۆمانی دەزانین دەست لە کاروباری شارە کوردستانیەکان وەربدەین"بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: هاولاّتی، تورکیا نامەی یەکێتی و پارتی ڕەت دەکاتەوە، ڕوژنامەی هاولاّتی، ژمارە(٣٢٩)، لە(٦ی ئازاری٢٠٠٧)، ل١.

[1] - قادرعەزیز، بۆ مادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی هاولاّتی، ژمارە(٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل,٢

769_http://www.almadapaper.net/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=46272

زۆرێك لە ناوچە دابڕاوەكانی لە ڕاپرسی دا لە بەرژەوەندی كوردستاندا یەك لایی دەكردەوە. ئەمە و بێجگە لەو هەڵبژاردنانەی كە لە ئایندەدا لە ناوچە دابڕاوەكاندا دەكراو لیستە كوردیەكانی بە سەركەوتن دەگەیاند.

ج - كوردستانیان:

كوردستانیانیش كەم تەرخەم بوون لە جێ بەجێ كردنی ماددەی(١٤٠)چ لە سەرئاستی جەماوەری بێت یان لە سەرئاستی ڕێكخراوە سڤیل(مەدەنی)ەكان یان لە سەر ئاستی ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیریەكان چوونكە:

١- تا ئێستاشی لەگەڵ بێت جگە لە خۆپیشاندان دژی ماددەی(24)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكان خۆپیشان دانیان نەكردووە، ئەگەرچی ئەویش لەسەر داوا و خواستی هەردوو پارتە سەرەكیەكە بوو.

٢- ناوەندەكانی زانست و ڕۆشنبیری وەك زانكۆ و پەیمانگاكان و ناوەندەكانی توێژینەوە و كەسایەتیە ڕۆشنبیرەكان وەك پێویست كاریان نەكردووە بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی تایبەت بە مادەی١٤٠و دەست نیشان كردنی گرفتەكان و چارەسەرەكان بەمەبەستی چۆنیەتی هەنگاونان و میكانیزمی جێ بەجێ كردنی مادەی١٤٠ بە جۆرێك كە لە خزمەتی پرسی نەتەوایەتی دا بێت، ئەمە بۆ ڕێكخراوەكانی سیڤیلیش هەروایە، ئەمانەش لەبەر كۆمەڵێك هۆكارن وەك هۆكاری ڕامیاری و ئابوری و كارگێڕی و ڕۆشنبیری...

٣- تا ئێستا جەماوەر و ڕێكخراو سیڤیلیەكان بە ئەنجام دانی چالاكی مەدەنی، مانگرتن، خۆپیشان دان و دەربڕینی ناڕەزایی، نەیان توانیوە فشار لە سەر پارت وحكومەتی هەرێم دروست بكەن بۆ كاركردنی لێبڕاوانەتر لە جێ بەجێكردنی ئەم ماددە دەستوورییە. جگە لەوەی كە حكومەتی یەكگرتووشی ناچار دەكرد لە پەلە كردن لە جێ بەجێ كردنی ماددەكە.

٤- پیاوانی ئاینی نەیان توانیوە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە ئاڕاستە كردنی باوەڕداران لە پرسە نەتەوەییەكان دا بە تایبەتی بۆ مادەی١٤٠و هاندانی باوەڕداران بۆ بە پیرۆز ڕوانین لەم بڕگە دەستوورییە.

٥- جگە لە نزمی هۆشیاریی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، هۆكاری ئاینی و مەزهەبی هۆكارێكی ترە كە دوژمنان هەمیشە بەكاریان هێناوە لە دژی خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانمان، وەك چوونە پاڵی كۆنگرەی نیشتمانی كوردە

فەیلیەکان بۆ نێو ئیئتیلافی وەتـەنی عێراقـی لـە هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەنی نیشتمانی عێراقی و ئەنجومەنی پارێزگاکان دا.[1]

**٢- لە سەر ئاستی حکومەتی عێراقی :**

"حکومەتی هەڵبـژێردراوی عێـراق بەرپرسـە لـە مامەڵـەکردن لـە کێشـە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان پێکهاتەی گەلەکەی"و"ئەرکی بەغدایە کە کوردەکان دڵنیا بکاتەوەو نیگەرانییەکانیان نەهێڵێت.."[*]بەڵام حکومەتی عێراقی بـەردەوام بـووە لـە دروسـت کرنـی گرفـت و ئاسـتەنگ لـە چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ هەرێم دا، بەتایبەتی جێبەجێ کردنی مادەی١٤٠.

**أ- سەرۆکایەتیی کۆمار**

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار بەربەست بووە لە جێ بەجێ کردنی یەکێك لە گرنگترین بڕگەکانی ئاسایی کردنەوە بەوەی کە تا ئێستا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمـار ڕازی نـەبووە بـە واژۆ کردنـی داوای لیژنـەی مـادەی١٤٠ کەلـە ساڵی٢٠٠٧بەرزکرایەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی سنووری کارگێری ناوچە دابڕاوەکان بۆیە ڕائید فەهمی دەڵێت "لە ئێستادا لەمپەری سەرەکی لـە بـەردەم کارەکـانی لیژنەکە دیاری کردنی سنووری ئیدارییە، لە بەر ئەوە دەبێت لە لایـەن دەسـتەی سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانەوە یەکلابکرێتـەوە"[2]. هـەروەها وەزیـری ناوچـە دابڕاوەکـانی هـەرێمی کوردسـتان(کابینـەی پێنجـەم) بـەڕێز د. محمـد احسـان دەڵێت"سەرۆکایەتی کۆماری ئـەدای سیاسـیان زە عیـف بـوو"[3] بەرامبـەر بـە جێبەجێ کردنی مادەی١٤٠.

---

770_a_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=16353&LinkID=66
b_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=20489&cat=1

[*] - وتەی ڕۆبەرت ود (وتە بێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا..)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15010&cat=1&title=

771_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15772&cat=1

[3] - دیدار لەگەڵ وەزیری ناوچە دابڕاوەکان لە بەرواری١٢ی ئابی ٢٠٠٨. سەرچاوەی پێشوو.

سەرۆك كۆمار:

١- بەرێز سەرۆك كۆمار بەپێی برگەی(٦٧)ی دەستوری هەمیشەیی، یەكێك لە هەوڵ و ئەركەكانی پاپەند بوونە بە دەستورو پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەرووەری یەكێتی پاراستنی خاكی عێراق بە پێی برگەكانی دەستور. وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد لە پێشەكی دەستوردا یەكێتی ئازادانەی گەل وخاكی عێراق دەپارێزێت، كەواتە سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ دەبوایە بە لێپرسینەوە پێشنیارەكانی حكومەتی عێراقی بەرەو پاپەند بوون بە دەستور ببردایە، بەلاّم ئەمە نەكرا، ئەگەرمادەی(١٤٠)بە نموونە وەربگرین لە وادەی دیاری كراوی خۆی دا جێ بەجێ نەبوو، لە ئایندەیەكی نزیكیشداجێ بە جێ نابێت.

٢- سەرۆك كۆمار پۆست و پێگەو كەسایەتیە بەرزەكەی خۆی بەكارنەهێنا لە جێبەجێ كردنی مادەی١٤٠ لەوادەی دیاری كراوی خۆی دا و نەگەیشتنی مادەی١٤٠ بەم قەیرانەی ئێستا. وەزیری ناوچە دابڕاوەكانی هەرێم دەڵێت "سەرۆك كۆمار مەوقفێكی حاسمی نەبوو "[1] و لە جێ بەجێ كردنی مادەی١٤٠.

ب - ئەنجومەنی نوێنەران:

١- ئەگەرچی یەكێك لە ئەركەكانی ئەنجومەنی نوێنەران وەك لە مادەی(٦١)ئاماژەی پێكراوە، بریتییە لە چاودێری كردنی دەسەلاّتی ڕاپەڕاندن، بەلاّم سەركەتوو نەبووە لەم بوارەدا و ئەم ئەركەی بە جێنەهێناوە.

٢- جێگیركردنی مادەی١٤٠لە دەستووری هەمیشەییدا بە هەوڵ و كۆششی زۆری نوێنەرەكانی گەلی كورد بووە (چ لە هەرێم بووبێتن یان لە عێراقی فیدراڵ (ئەنجومەنی نیشتمانی...)) لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی دا، بەلاّم لە ڕاستیدا سەركردایەتی كوردو نوێنەرە كوردەكان لەبەغدا دەیان ساڵە لە گەمەی ڕامیاری و دەستووری و سەربازی دان، لەگەڵ سیاسیە عێراقی و هەرێمییەكان. بە چەسپاندنی ئەم برگەیە دەبوایە بیان زانیبایە كە هەرگیز ئەم مادەیە جێ بەجێ ناكرێت، چوونكە حكومەتی عێراقی بەرپرس كراوە لە جێ بەجێ كردنی

---

[1] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەم بڕگە دەستووریە، دیـارە حکومــەتی عێــراقیش لەبــەر کۆمــەڵێك فاکتــەری ناوخۆیی و دەرەکی، نایەوێت ئەم بڕگە دەستووریە جێ بەجێ بکات*.

هەندێك لە پارتە عێراقییەکان پەرلەمانیان وەك دامەزراوەیەکی یاسادانان بە ڕێگای جۆراوجۆر بەکار هێنا لە دژایەتی کردنی مافەکانی گـەلی کـورد، پـاش جێ بە جێ نەبوونی مادەی١٤٠ لـەوادەی دیـاری کـراوی خۆیـدا، هەنـدێك لـە پەرلەمان تارەکانی تورکمانی و لیستە عەرەبییــە جیاوازەکـان مــادەی١٤٠ یـان بە"مادەیەکی مردوو "ناو برد.[1]

٣- سستی نواندن و بــێ هەڵوێســتی پەرلــەمان لەبەرامبــەر خۆدزینــەوەی ئاشکرای نوری مالکی لە جێ بـەجێکردنی ماددەکـەدا، نموونـەش نامــەی ئــەم دوایيــەی لیســتی هاوپــەیمانی کوردســتانە لــە ٢١ی کـانوونی یەکـەمی٢٠٠٧ سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی نوری مــالکی تایبــەت بــە مەســەلەکانی عێــراق ئاڕاستەی کراوە و ڕەخنەی توندی لێگیراوە، لە کاتێکدا بـاس لـەماددەی(١٤٠)و پێشێلکاریەکانی مالکی لە جێبەجێکردنی مادەکە ناکات.

٤- پاش کۆتایی هاتنی وادەی دیاری کراوی جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠، (١٤٥)ئەندام پەرلــەمانی (١٢)قــەوارەی ڕامیــاری لــە ئەنجومــەنی نیشــتمانی هاوپەیمانییەکیان دروست کرد و نەیاری خۆیان بۆ جێ بەجێ کردنی مــادەی١٤٠ و داواکانی گەلی کورد ڕاگەیاند.[2]

٥- لە٢٢ی تەمووزی٢٠٠٨بە بێ ئامادەبوونی لیستە کوردییــەکان پــرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانیان پەسەند کرد*، کـە لـە مــادەی٢٤ هــاتوە: لــە خــاڵی(١)دا داوای دواخســتنی هەڵبــژاردن دەکــات لەکــەرکوك. هــەروەها لــە خـــاڵی(٢)دا داوای دابـــەش کردنـــی پۆســـتەکانی کـــەرکوك دەکـــات بـــە یەکسانی.هەروەها لە خـاڵی(٣)دا داوادەکـات کـە هێـزی سـەربازی ناوەڕاسـت

* - دیداری ڕۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ یوست هڵتەرمان:
http://www.asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=
774_http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=116&cat=1&title=

[2] - هاولاتی، مالکی پاشگەز دەبێتەوە لە دژایەتی کردنی داواکانی کورد لە بەغدا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

* - سەرۆکی هەرێمی کوردستان تأکید دەکاتەوە کە"مادەی٢٤ بۆ نەهێشتن و تەفروتوناکردنی مادەی١٤٠بوو" بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :
www.krg.org/articles/detail.asp?rnr=26&lngnr=13&smap=01010200&anr=25580

وباشــووری عێــراق شــوێنی هێزەکــانی ئاســایش لەکــەرکوك بگرێتــەوە لــە خاڵی(٤)داوا کراوە کە لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ جـێ بـەجێ کردنـی خـاڵی دووەم و پێنجەم. هەروەها لە خاڵی(٥)هاتووەکە ئیشی لیژنەکـە دابـەش کردنـی دەسەڵاتەکان و دیاری کردنی جیاوازییەکان لەسەر مـوڵکی گشـتی و تایبـەت و دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکە پاش٩ی نیسانی٢٠٠٣. *

٦- دژایەتی کردنی هەندێك لە لیستەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران بـە تایبەتی لەو مادده دەستووریانەی کە پێویست بە هەموارکردن دەکات. **

٧- بەپێی برگەی(ج)ی خـاڵی حەوتـەمی مـادەی(٦١)، بیسـت و پێـنج ئەنـدام مـافی ئـەوەی هەیـە بانگهێشـتنامە ئاراسـتەی ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزیرەکان بکەن بۆ لێپرسینەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندیی بە پسپۆری ئەوانـەوە هەیـە، بـەلاّم لـە ئـەنجامی جـێ بـەجێ نـەکردنی مادەیـەکی دەسـتووری وەك مادەی(١٤٠)دا هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، ئەمــەش بـۆ ئـەوە دەگەرێتـەوە کـە زۆرێـك لــە ئەندامــەکانی ئەنجومــەنی نوێنــەران خوازیــاری درێــژە دانــن بــە نەهامەتیەکانی گەلی کورد.

٨- بە پێـی خـاڵی(٢)ی برگـەی(ب)ی خـاڵی هەشـتەمی مـادەی(٦١) ١/٥ی ئەندام پەرلەمان دەتوانن داوای سەندنەوەی متمانە بکـەن لـە سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەلاّم ئەمەش نەکرا؟!.

---

* - ئەمە کودەتایەکی رامیاری دەستووری بوو لە پەرلەمانی عێـراق دژ بـە گـەلی کـوردو ناوچـە دابراوەکان لەلایەن سەرجەم قەوارەکانی ناو پەرلەمانی عێراق جگە لە چەند کەسـایەتیەك نـەبێت، جگە لەوەی لە ناوبردنی هێزی مادەی١٤٠ دەستووریش بوو. سەرەرای ئـەوەی کـە پێشـتر رێکـەوتنی رامیاریش لە نێوان هەندێك لە قەوارەکانی ناو پەرلەمان کرابوو لە سـەر هـەمان پـرس، سـەرەرای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کۆمەڵێك رێ وشوێنی نایاسایی پەیرەو کرد بۆ سەرگرتنی ئـەم پرۆژە بریارە، بەلاّم پـاش چـوونە دەرەوەی ئەندامـەکانی لیسـتە کوردیـەکان ئەنجومـەنی نیشـتمانی دەنگیان لەسەر پرۆژەیاساکە دا، بەلاّم ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە گشتی و بە تایبـەتی مـام جـەلال پرۆژە بریارەکەی ڤیتۆکرد. بۆ زانیـاری زیـاتر لەسـەر برگـەکانی یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکانی رۆژی٢٢ی تەموز بروانە:

http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php

** - لە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا(٥٧)مادە هەیە کە پێویست بەهەموار کردن دەکـات، بـۆ زانیاری زیاتر بروانـە: نـوری تاڵـەبانی، بـێ ناونیشـان، رێبـەری ئـازادی، ژمـارە(٥٣٣)، بـەرواری ٩ئەیلولی٢٠٠٨، ل١٠.

٩- بوونی ئەندامانی حزبی بەعسی هەڵوەشاو لە ناو پەرلەماندا، بە گوێرە خەملاندنی دەستەی ڕیشە کێش کردنی بەعسی حاڵی حازر(٤٠)ئەندامی پێشووی بەعسی لە پەرلەمانی عێراقدا کاردەکەن[1].

١٠ - بەهەند وەرنەگرتنی مادەی١٤٠و بڕیار نەدان لە درێژ کردنەوەی وادەی جێ بەجێ کردنی ماددەکە لە پاش ئەوەی کە لە سەر پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان تا ١ی تەمووزی ٢٠٠٨ درێژ کرایەوە، دیارە ئەمەش مەبەستی ڕامیاری لە پشتە، مەبەست لێی دروست کردنی گێروگرفتی یاسایی و دەستوورییە بۆ مادەی١٤٠. لە کاتێکدا پێش بەسەر چوونی ماوەی کارکردن بە ئالاّی نوێی عێراق حکومەتی عێراق بە فەرمی داوای درێژ کردنەوەی ماوەی ئەو ئالاّ نوێیەی کردووە[*].

ت - هەوڵەکانی نوری مالکی و هەندێك لەوەزارەتەکانی دی:

نوری مالکی دەبوایە مادەی١٤٠ی جێ بە جێ بکردایە، بەلاّم بەکردەوە کاری بۆ جێ بەجێ نەکردنی ئەو مادەیە کردووە، بۆ نموونە دەڵێت "ئیبراهیم جەعفەری لە سەر شاری کەرکوك ئایندەی سیاسی خۆی لە دەست دا، بەلاّم من(مالکی-توێژەر)ئامادەم لە سەر شاری کەرکوك گیانی خۆم لە دەست بدەم"[2]، ئەمەش لەبەر هۆکاری مەزهەبی و نەتەوەیی و هەرێمی و ئابورییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم لێدوانە پێچەوانەی کارنامەی حکومەتەکەی خۆی و مادەی١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقە.

١- هاشم شبلی(سەرۆکی لیژنە)کە لە بەرواری(٤ی نیسانی٢٠٠٧) لە ژێر گوشاری سیاسیدا دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، بەلاّم ئەنجومەنی

---

776_http://www.hewalnews.net/pages/babat325-2.htm

[*] - وەك مادەیەکی دەستووری و بە پێداگری سەرۆکی هەرێم بۆ گۆڕینی ئالاّی بەعسیەکانی عێراق، حکومەتی عێراق تەنها سێ ئەستێرەکەی ئالاّ کۆنەکەی لابرد، لەگەڵ گۆڕینی جۆری ڕێنوسی(اللە اکبر)ی ئالاّ کۆنەکە، بە (الله اکبر)ی(ئالاّکەی ئێستا)، لە بەرواری٢٢کانونی یەکەمی٢٠٠٧ پەرلەمان پەسەندی کرد بۆ ماوەی ساڵێك، بەلاّم حکومەتی عێراقی بە فەرمی داوای درێژ کردنەوە ئەو ماوەیەی کرد، لە کاتێکدا لە پەرلەمانی عێراق نەتوانرا لە سەر ئالاّیەك بگەنە ئەنجام. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لوقمان شێروانی، ئالاّی عێراق بێ بوونی یاسا، درێژ دەکرێتەوە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(١٠٠٥)، ٣٠ی حوزەیرانی٢٠٠٩، ل٤.

[2] - لڤین تایبەت، ئێران لە پشت سیناریۆکانی چارەنوسی شاری کەرکوکەوەیە، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٧٣)، ١٥ی ئابی٢٠٠٨، ل٣٥.

وەزیران تا بەرواری(٢ی ئابی٢٠٠٧) سەرۆکی بۆ لیژنەکـە دیـاری نـەکرد، واتـە پاش کوشتنی ٤ مانگ[١].

٢- بڕیارەکـانی لیژنـەی بـاڵای جێبـەجێکردنی مـادەی١٤٠ زۆر درەنـگ دەرچون، ئەویش دوای هەوڵ و ماندووبوونیکی بەرچاوی سەرکردایەتیی سیاسـیی کوردستان تا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارەکانی پەسەند کرد ئەویش بە دوو قۆناغ و بەهەندێ دەستکارییەوەو دووبارە ماوەیەکی دیکـەش دواخریـەوە ئینجـا ڕەوانەی ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران کرا و بە نوسراوێك لە ڕۆژی(٥ی نیسانی٢٠٠٧)دا بڕیارەکان نێردرانە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق بـۆ ئـەوەی بخرێتە دەنگدانەوە و دیسانەوە سەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان کەوتنـە خـۆ، فریـــای بڕیارەکـــان کـــەوتن و لـــە(١٩ی نیســـانی٢٠٠٧)و بەنوســـراوی ژمارە(ق٢/١/٢٧/٦٧٥٩)بڕیـاردرا کـە هەرچـوار بڕیارەکـەی لیژنـەی بـاڵای مادەی١٤٠ بچێتە بواری جێبەجێ کردنـەوە، واتـە پـاش دواخسـتنی ٤ مـانگ، لیژنەکە لە ماوەیەدا نەی توانی هیچ بڕیارێك بدات.[٢]

٣- لەمانگی ئایاری ٢٠٠٨ بودجەی مادەی١٤٠ کـە بڕەکـەی٣٠٠ملیـۆن دۆلار بووە تەواو بوە، هەرچەندە بەرپرسی دارایی مادەی١٤٠(نەرمین عوسمان)بە فەرمی داوای تەرخان کردنی بودجەی تەواو کاری کردوە بەڵام حکومەتی عێراقی تەرخانی نەکردووە، هەرچەندە نەرمین عوسمان پێ ی وایە کـە هۆکـاری تـەرخان نەکردنی پارە لەدەسەڵاتی سەرۆك وەزیـرو وەزیـری داراییشـدایە، بـەڵام هۆکـاری ڕامیاری لە پشتە[٣]. جگە لەوەی لە بودجەی ساڵی٢٠٠٧ عێراق تـەنها(٤,٥٪)ی بودجەکەی لە بواری ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەیدا خەرج کـردووە[٤]. لـە کاتێکـدا

---

[١] - قادرعەزیز، بۆ مادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[٢]- أ- لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و لقـی(٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ زامنی ئاشتی و پێکەوە ژیانـە، سەرچـاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢. ب- قادرعەزیز، بۆمـادەی١٤٠ لـەوادەی خۆیـدا جـێ بـەجێ نـەکرا، ڕۆژنامـەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[٣] - عومەر غەریب، نەرمین عوسمـان کارەکـانی مـادەی(١٤٠) پێویسـتی بـە فشـاری حکومـەتی هەرێمە، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٧٣٧)، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی٢٠٠٨، ل,١

781_http://m.news.maktoob.com/articles/1538734/page/1-7k

سالْ له دواى سالْ بودجەى حکومەتى عێراق فیدرالْ ڕوو لـە زیـاد بـوون بـووه، بڕوانه خشتەى ژمـاره(٤٨).
بۆیه سەرۆك و جێگرى سەرۆکى لیژنەى مادەى(١٤٠)دەڵێن"لەلایەن دەوڵەتى عێراقیەوه ئیرادەیەك نییه بۆ جێبەجێ کردنـى مـاددەى(١٤٠)[1]، ڕائیـد فـەهمى دەڵێت"تا ئێستا لیژنەکەى قەرەبووى(٤٠٠٠٠)خێزانى کردۆتەوەو هێشتا مەلەفى قەرەبووکردنەوەى نیو ملیۆن کەسى تریش ماوه که لیژنەکـه بـڕى(٦٠٠)ملیـۆن دۆلارى دەوێت بۆ قەرەبووکردنەوەیان"[2]. نەرمین عوسمان دەڵێـت"ئـەو بودجەیـەى که دانراوه بۆ مادەى١٤٠ تەنیا سێیەکى کارەکانى ئەمسالْ(٢٠٠٩) ى پـێ جـێ بەجێ دەکرێت"[3] له کاتێکـدا بەرهـەمى نـەوتى کـەرکوك لـەحوزەیرانى٢٠٠٩ دا(١٥٨٠٠٠٠)بەرمیل بووه ئەمـەش ئەگاتـە(٢٧,٣٪)ى سـەرجەمى نـەوتى بەرهەم هێنراو له عێراق دا[4]، سەربارى ئەمەش، له٧ى حـوزەیرانى٢٠٠٩ دا لـه کۆبونەوەیەکى ئەنجومەنى وەزیرانى عێراق دا پێشنیارێکى وەزیرى دارایى عێراق بووه بڕیار که تایبەته به ڕاگرتنى(١٠٠)ملیار دینار کەبەم دوواییانه پەرلەمانى عێـراق بـۆ بودجـەى سـالْى ٢٠٠٩ى مـادەى١٤٠ زیـادى کـرد.جگـه لـەوەى سەرۆکایەتى کۆمار پەسەندى کرد و له وەقائعى عێراقیشدا بلاْوکراوەتـەوه، ئـەم بڕیاره نایاسایى و نا دەستوورییه به پشت بەستن بـه بەنـدى سـێى مـادەى دووى یاساى بودجەى ئتیحادى ژماره شەشـى سـالْى٢٠٠٩ ئـەم داواکارییـەى وەزیـرى دارایـى سەرپێچـیەکى ڕوون و ئاشـکرایه بـۆ دەسـتورو بەزانـدنى سـنوورى دەسەلاْتەکانى خۆى و ئەنجومەنى وەزیران[5]*.

---

[1] -أ- ژینۆ عەبدوڵلاْ، نەرمین عوسمان، دەوڵەتى عێراق ئیرادەى جێ به جێ کردنى ماددەى(١٤٠)ى نیه، ڕۆژنامەى کوردستانى نوێ، ژماره(٤٨٢٥)، له ١٩ى ئازار٢٠٠٩، ل١.

b_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15772&cat=1 سەرچاوەیپێشوو

783_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15772&cat=1 سەرچاوەى پێشوو

[3] - ژینۆ عەبدوڵلاْ، نەرمین عوسمان: دەوڵەتى عێراق، ئیرادەى جێ به جێ کردنى ماددەى(١٤٠)ى نیه، سەرچاوەى پێشوو، ل١.

[4] -أ- پەیوەندى تەلەفۆنى لەگەلْ دکتۆر علی حسێن بەلۆ، سەرۆکى لیژنەى نەوت و گاز له پەرلەمان عێراق، له ١٥ى حوزەیرانى ٢٠٠٩.

ب- سەعد، توانا، هەناردەى نەوتى کەرکوك دەگاته(٩٠٠)هەزار بەرمیل له ڕۆژێکدا، ڕۆژنامەى ئاسۆ، ژماره١٠٢٧، ٣٠ى حوزەیرانى٢٠٠٩، ل٢.

[5] -أ- عومەر غەریب، ئەنجومەنى وەزیرانى عێراق، (١٠٠)ملیۆن دینارى بودجەى ماددەى(١٤٠)ى ڕاگرت، ڕۆژنامەى کوردستانى نوێ، ژماره(٤٨٩١)، ٨ى حوزەیرانى٢٠٠٩.ل١. ب - سـۆران کـەریم،

**٤- پشت گوێ خستنی ئەنجام دانی پرۆژە خزمەت گوزاریەکان لە ناوچە دابڕاوەکان بە گشتی و پارێزگای کەرکوك بە تایبەتی، بۆنموونە ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە سەر لیستی برایەتی دەڵێت"حکومەتی عێراق هەڵسوکەوتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئیدارەی کەرکوك زۆرخراپ بووە و چەندین وەزارەت هاوکاری ئیدارەی کەرکوك ناکەن، وەزارەتەکان هەر ڕۆژەو کێشەیەك بۆ شارەکە دەدۆزنەوە و چەندین پرۆژەیان پەکخستوە وەك فرۆکەخانە و نەخۆشخانەی٤٠٠ قەرەوێڵەیەکە"هەروەها دەڵێت" لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەستنیشان کراوە، بۆ وەزارەتەکانیش دەبوایە(٤,٥٪)بۆ کەرکوك دیاری بکرایە، کەچی(٠,٠٥٪)دیاری کراوە، ئەگەر چی نوێنەرە کوردەکانمان لە پەرلەمان ئاگادارکردۆتەوە و لەگەڵ وەزیری پلان دانانیشدا قسەمان کردووە... خەلەلێك هەیە لە ڕووی بودجەو و پرۆژەوە، پێویستیشە بەو پرۆژو پلانەدا بچنەوە... ئەگەر وەلامیش نەدرانەوە پێویستە ئیدارەی کەرکوك هەڵوێست وەربگرێت"[١].لە کاتێکدا بە پێی مادەی١١٢ی دەستووری هەمیشەیی دەبێت پشك بۆ پارێزگا بەرهەم هێنەرەکانی نەوت وغاز دیاری بکرێت کە ڕژێم زیانی پێگەیاندوون و بێ بەشی کردوون یان پاشتر زیانی لێ کەوتوە، بەجۆرێك گەشە سەندنێکی هاوتەریب لەگەڵ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات، حکومەتی عێراقی نەك مادەی١١٢ی پشکی زیادەی بۆ ناوچە بەرهەم هێنەکارەکانی نەوت وگاز جێ بەجێ نەکردووە بەڵکو، ناوچە دابڕاوەکانی بە پارێزگای کەرکوکیشەوە فەرامۆش کردووە**.**

---

لوقمان شێروانی، کەمکردنەوەی بودجەی (١٤٠)، نایاسایی و نادەستوورییە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٩٠)، ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، ل١و ٥.

* - بەلاَم پاش چەند ڕۆژێك لە دەرکردنی ئەو بڕیارە بە هۆی هەوڵی جێگری سەرۆك وەزیران(دکتۆر بەرهەم ئەحمەد صالح)ئەو بڕیارە هەڵوەشایەوە.

[١]- سەعد، توان، بەغدا کەرکوك پەراوێزدەخات، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٩، ٣ی ئابی٢٠٠٩، ل٣.

** - سەرجەمی ئەو بودجەیەی کە بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ سەرف کراوە لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٧-٢٠٠٩) لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بریتییە لە (٧٤١٤٢٠٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دینار و بڕی(٦٥٣٢٥٠٠٠٠٠٠٠)ملیۆن دیناری کەش داوا کراوە بۆ قەرەبوو کردنەوە بەلاَم سەرف نەکراوە، بەراورد بە بوودجەی عێراق کە لەو ماوەیەدا کە(٢٢٣٧٢٣٩٣٦٤٩٢٠٠٠)دینار بوە، تەنها بڕی(٠,٣٣٪)دینار لە بوودجەی عێراق بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ سەرف کراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=374&cat=1

## خشتەی ژمارەی(٤٨)

## بودجەی ساڵانەی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بە هەزار دینار

| حکومەت | ساڵ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٥[١] | ٢٠٠٦[٢] | ٢٠٠٧[٣] | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩[٤] |
| عێراقی فیدراڵ | [٥]٥,٨٣١,٦٠٠٠ | ٩٨٢٢,٧٠٠٠[٦] | ٢٨٩٥٨٦٠٨٠٠٠ | ٤٥٣٩٢٣٠٤٠٠٠ | ٢٠٦٤٥٣٠٢٧٦ | ٥٠٧٧٥٠٨١١٩٣[٧]<br>٨٠٤٧٦١٠٩١٩٣[٨]<br>١٣١٢٥١١٩٠٣٨٦ | ٥٠٤٠٨٢١٥٨٣٩ |
| هەرێمی کوردستان(١٧%) | - | [٩]٢,٧٩٧٠٠٠ | ٣٧٤٩١١٧٥٠٠٠ | ٤٢٧٣٨٦٣٥٩٥ | ٥,٩٨٢٣٥٦٠٤٧ | ١٦١٢٢١٥٦,٦٠٤[١٠] | ٨٢٨٣١٧٢٠١٨ |

**٥- دامەزراندنی کەسانێك لە ئەندامانی لیژنەی مادەی١٤٠ کە لە پۆستی تردا کاردەکەن، ئەمەش وا دەکات کە تەنها بەکاری فەرمی وەزارەتەکەی خۆیان خەریك بن و نەتوانن وەك پێویست بپرژێن بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠. جگە لەوەی کە دەتوانرا وەزارەتێك بۆ مادەی١٤٠ دروست بکرێت لەکابینەکەی مالکی دا، یان کەسانێك تەرخان بکەن بۆ بەجێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠ کە**

---

[١] -جريدة الوقائع العراقية، العدد (٣٩٩٦)، ١٧/٣/٢٠٠٥، ص١-٨.

[٢] -جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠١٦)، ٢/٢/٢٠٠٦، ص١-٨.

[٣] -جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٣٦)، ١٢/٣/٢٠٠٧، ص١-١٢.

[٤] -جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤١١٧)، ١٣/٤/٢٠٠٩، ص١-٢٥.

[5-]792_http://www.cpa-iraq.org/arabic/budget/2003budget-arabic.pdf

[6-]793_http://www.cpa-iraq.org/arabic/budget/2004 Summary-arabic.pdf

[٧] - جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٦٧)، ١٣/٣/٢٠٠٨، ص١-١٨.

[٨] - جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٨٦)، ١٥/٩/٢٠٠٨، ص١-١٤.

[٩] - نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئێمەو ئەوان: ناکۆکیەکانمان لەسەر بودجەی هەرێم، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە (٣١٠)، ٢٢ی ئەیلولی٢٠٠٨.ل١.

[١٠] - جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٠٦٧)و(٤٠٨٦)، مصدر سابق.

سەربە نوسینگەی مالكی و نێچیرڤان بارزانی بوونایە، یان هەمان دەسەلأتی وەزیرەكانی عێراقی فیدرالیێ هەبوایە.

٦- بەفیڕۆدانی كات لە لایەن مالكی، مالكی پاش سێ مانگ لە دروست كردنی حكومەتەكەی لیژنەی جێبەجێكردنی مادەی١٤٠ی دروست كرد[١]. كە ئەمەش پێچەوانەی بڕگەی٢٢ ی كارنامەی ڕاگەیەندراوی حكومەتەكەی بوو.

٧- مەكتەبی نوری مالكی خۆی و هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پلان دانان و چەند فەرمانگەیەكی تری حكومەت كەپەیوەندی دار بوون بە جێ بەجێكردنی ماددەكەوە، بەردەوام ئاستەنگییان دەخستە بەردەم جێ بەجێ كردنی بڕیارەكانی لیژنەی بالأی جێبەجێ كردنی ماددەی(١٤٠)، كە لەمەشدا بەرپرسیارێتیەكە بۆ خودی نوری مالكی وەك سەرۆك وەزیران دەگەڕێتەوە.[٢]

٨- سەرپێچی بڕگەی(أ)ی خالی یەكەمی ماددەی(٩)ی كردووە، كەدەبێت هێزە چەكدارەكان دەست وەرنەدەنە كاروباری سیاسی عێراق و نەبنە دەزگایەكی داپلۆسێنەری گەلی عێراق، ئەویش بە ناردنی هێز بۆ خانەقین... كەمەبەستی سیاسی لە پشت بوو، وەك دروست كردنی لەمپەر لەبەردەم جێ بەجێ كردنی ماددەی (١٤٠)دا.

٩- پەشیمان بوونەوە لەدروست كردنی دوو فیرقە لەكورد وەك بەشێك لە سوپای عێراق[*].

١٠- بڕیاردانی مالكی بە دروست كردنی(١٥٦) فەوج و لیوای تایبەت بە خۆی كە سەر بە وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ نەبێت.[**]

---

[١] - قادرعەزیز، بۆمادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەكرا، ڕۆژنامەی هاولأتی، ژمارە(٣٨٧)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[*] - بەپێی یاداشتی لێك گەیشتنی لەنێوان بەغدا و هەولێر لە سالی٢٠٠٧ دەبوایە دوو فیرقەی سەربازی بە(٣٠٠٠)سەرباز لە هەرێمی كوردستان دروست بكرێت و ڕاستەوخۆ لەحكومەتی ناوەندی فەرمان وەربگرێت، بەلأم بەبیانوی كەمی بودجە بەغداد دروستكردنی ئەم دوو فیرقەیەی ڕاگرتووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15945&cat=1

[**] - أ- عادل بەرواری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی ئاسایش وبەرگری دەلێت" مالكی١٥٦ فەوج و ئەولویەی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمەش تەهمیشی وەزارەتی دیفاعە:پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەل عادل بەرواری لە٣ی حوزەیرانی٢٠٠٩. ب- دكتۆرە فائزە

**١١- دروست كردنی هێزەكانی پشتگیری(اسناد)لە عێراق بە گشتی و ناوچە دابڕاوەكان بەتایبەتی[*]، كۆبونەوەی لەگەڵ(٧٠٠)سەرۆك هۆزی عەرەب و كوردی سەرجەم عێراق و ناوچە دابڕاوەكان و بڕیاردان بە كردنەوەی نوسینگەی تایبەتی بۆیان تەنانەت لە هەرێمی كوردستانیش و پەیوەست كردنیان ڕاستەخۆ بە خۆیەوە[1]، جگە لەوەی بە پێی بڕگەی(ب)ی مادەی(٩)دەستووری هەمیشەیی"قەدەغەیە میلیشیای سەربازی دروست بكرێت لە دەرەوەی هێزە چەكدارەكان". جگە لە پێكهێنانی ڕێكخراوێك(لە ناو دەزگای موخابەرات و سوپا و ئاسایشی نیشتمانیدا بەناوی شانە-وە، ڕاستەو خۆ بەستراوەتەوە بە خۆیەوە، سەرەڕای دروست كردنی هێزی تایبەت(قوة خاصة)، هاوشێوەی حەرەس جمهوری جاران بەناوی لیوای بەغداد، هەروەها فیرقەیەكی دروست كردووە بە ناوی(دژە تیرۆر)كە، جل و بەرگی ڕەشیان لە بەردایە، ئەم فیرقەیە ژمارەیان٦٠٠٠ كەسە و هیچ پلە و ڕووتبەیەكی سەربازییان نییە. هاوشێوەی فیدائییەكانی سەدامن، لەلایەن ئەفسەری سوپای پێشوو عێراق بەناوی تالیب شەغاتی سەرۆكایەتی دەكرێت، ئامانجی ئەم هێزە لە ناوبردنی ڕكەبەرەكانی نوری مالكیە، ئەوەش بە هۆی تۆمەت باركردنیان بە تیرۆر و لە ناوبردنیان.[2]**

---

ئەندامی لیژنەی نوسینەوەی دەستور دەڵێت مالكی(٥)لیوای تایبەت بە خۆی هەیە... دیدار لەگەڵ: فائزە جبار باباخان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە٢٦ی ئایاری ٢٠٠٩.

[*] - تەنها لە دەشتی حەمرین(جەلەلاو قەرەتەپە و سەعدیەوجەبارە)حكومەتی عێراق(١٣)نوسینگەی بۆ هێزەكانی ئیسناد كردۆتەوە..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=2182

عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری قەزاو ناحیەكان دەڵێت"بڕیارەكەی مالكی بە پێكهێنانی ئەنجومەنی"ئیسناد"لە پارێزگای كەركوك... مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە چونكە كەركوك لە رووی ئەمنیەوە شارێكی سەقام گیرە و پێویستی بە پێكهێنانی ئەم جۆرە ئەنجومەنانە نیە، لەكەركوك(١١)هەزار پۆلیس هەیە كە هێزێكی گونجاوە بۆ بەڕێوەبردن و كۆنترۆڵكردنی كاروبارەكانی ئەو شارە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=12932&cat=2&title=

b_ http://www.cabinet.iq/details.aspx?NewsNo=850

[1]-800_http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&jimare=3184

[2]-هاولاتی، هەنگاوێك بەرەو دیكتاتۆریەت، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (٥٣٧)، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، ل٢.

**١٢- ناردنی فرقەی(١٢)ی سوپای عێراق بۆ پارێزگای کەرکوک(جگە لەوەی کە فەرماندەی فرقە(عبدالأمیر زید)کۆنە بەعسییە و لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا لەسەر فەرمانی سەدام حسێن نێردرایە پارێزگای کەرکوک، ئێستاش مالکی لە و پۆستە دای ناوە)جگە لەوەی ئەمە پێچەوانەی بڕگەی(ج)ی خالّی(٥)ی مادەی(٦١)ە چوونکە دەبێت لە سەرکردەی فیرقەوە بەرەو سەروو تر ئەنجومەنی نوێنەران دیاری بکات، سەرەڕای ئەوەی ناو براو یاسای ڕیشەکێش کردنی بەعسیەکان دەیگرێتەوە، [1] داواکردنی بۆ چوونە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە لەکەرکوک لە لایەن فەرمانـدەی لیواکەوە* ...[2]لەکاتێکدا وەزیری بەرگری عێراق(عبدالقادر محمد جاسم)و دی مەستورا دەڵێن بارودۆخی کەرکوک پێویست بەناردنی هێزناکات و ناردنی ئەم لیوایە کارێکی هەڵەیە چوونکە بۆتە هۆی نانەوەی ئالۆزی و گرژی لە نێوان نەتەوەکانی کەرکوک دا[3]. سەرەڕای ئەوەی بوونی هێزی پێشمەرگەش لەو ناوچانە بەڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دا بووە تا چارەسەری مادەی١٤٠ دەکرێت[4]، مالکی بڕیاری دا بە کردنەوەی ژوورێکی هاوبەشی ئەمنی کە سەر بە نوسینگەکەی خۆی بێت، دیارە ئەمەش بەمەبەستی پێدانی ڕۆڵی زیاترە بە فیرقەی(١٢)[5]. ناردنی هێزی سەربازی بۆ ناوچە دابڕاوەکان بەواتای جێ بە جێ کردنی خواستی گروپی٢٢ی تەمووز دێت.**

**١٣- ناردنی هێزی عێراقی بۆ مەخمورلە ٢٨ی حوزەیران و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ پێشمەرگە. سەرۆکی حکومەتی پێشووی هەرێم دەڵێت"ئەگەر دوو هەزار جەنگاوەری کورد لە مەخمور نەبوونایە، هێزە عێراقییەکان بە نیازی مانەوە تیایدا هاتبوونە ئەوێ"نیچیرڤان بارزانی ئەو**

---

٨٠٢_http://www.debaath.com/site/page/ajr_h/ho.htm

* - فیرقەیە نەک لیوا.

803_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7767&LinkID=66

٣- أ- عومەر غەریب، کەرکوک پێویستی بە هێزی دەرەکی نیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٤٣)، ٦ئابی٢٠٠٨، ل١-٢.

b_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15666&cat=1

٨٠٥_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15472&cat=1&title=

٥ - عومەر غەریب، مالکی ژورێکی هاوبەشی ئەمنی لە کەرکوک پێکدەهێنێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٨٥٨)، ٣٠ی نیسانی٢٠٠٩، ل١-٢.

جووڵەیەی سوپای عێراق بە "هەڵە تێگەیشتن" نازانێت و بەڵکو بە ئیستفزازکردنی دادەنێت.[1]

١٤- هەڕەشە کردن لەهێزی پێشمەرگە و مامەڵە کردن لەگەڵیدا بە لەیاسا دەرچووان، ڕوو بە ڕوو بوونەوەو لێپێچینەوەی یاسایی و ئەگەر لە دەرەوەی هێڵی شین بوونیان هەبێت.[2]

١٥- کەم کردنەوەی دەسەلاتەکانی سەرۆك ئەرکانی سوپا (بابەکر زێباری) و جوڵە پێکردنی سوپا بە بێ ئاگاداری سەرۆك ئەرکان.[3]

١٦- نەدانی (١٧٪)ی بڕە بودجەی دیاری کراوی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ بەغدا بڕی (٢٦٣) ملیار دیناری نە ناردوە. بریکاری وەزارەتی دارایی عێراقی (فازل نەبی) کێشەکە بۆفشاری ڕامیاری دەگێڕێتەوە نەك یاسایی و دارایی.[4]

١٧- نەدانی بوودجەی ساڵەکانی (٢٠٠٧ - ٢٠٠٨)ی پێشمەرگە، لە بەرامبەردا پێدان و تەرخان کردنی بوودجە بۆ هێزەکانی ئیسناد.*

١٨- داواکردنە یەك لە دوا یەك و بەردەوامەکانی مالکی بۆ بەهێز کردنی ناوەند، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستووری عێراقی فیدڕاڵە بە تایبەتی بەندی پێنجەم کە تایبەتە بە دەسەلاتی هەرێمەکان، و داواکردنی مالکی بە سەرۆکایەتی کردنی سستمی حوکمڕانی عێراق لە بری سستمی پەرلەمانی[5]. کە ئەمەشی پێچەوانەی مادەی (١)ی دەستووری عێراقی فیدراڵە.

---

[1] - هاولاتی، پێشمەرگەو سوپای عێراق لە مەخمور ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە٥٤٣، لە ١٩ی تەمووزی٢٠٠٩، ل٢ وەرگیراوە لە: واشنتۆن پۆست.سەرچاوەی پێشوو.

808_http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=149&cat=1&title=

[3] pna-، زۆر لە دەسەلاتەکانم کەم کراوەتەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٩٥٩)، ٢ی ئەیلولی٢٠٠٨، ل١.

810_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15874&cat=1

* - ئەیاد سامەڕائی (سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی ئێستای عێراقی فیدڕاڵ) و سەرۆکی لیژنەی دارایی پێشوو لەپەرلەمانی عێراق دا دەڵێت "لە بودجەی تەواو کاری٢٠٠٨ بودجە بۆ ئەنجومەنەکانی سەحوە تەرخان کراوە، لە کاتێکدا ئەنجومەنەکانی سەحوە و ئیسناد شەرعیەتی دەستوورییان نییە، حکومەت بودجەی بۆ تەرخان کردوون، بەلام بۆ هێزەکانی پاراستنی هەرێم بودجە خەرج ناکات" بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە بڕوانە: وریا حەمە تاهیر، بودجەی پێشمەرگە بۆ ئیسناد، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (٥٠٢)، ٢٥ی ئازاری٢٠٠٩، ل٥.

811_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17160&cat=2

**١٩- داواکردنی مالکی بۆ بەشداری نـەکردنی لێپراسـراوە کوردەکـان لـە پۆستی سەروو وەزیرەوە، بەو بیانوەی کە کورد بەهەرێم بەشداری دەکـات، نابێـت لە پۆستی وەزیری زیاتر هیچ پۆستێکی تریان هەبێت ...***

**٢٠- ناردنی دوو فیرقەی سەربازی بۆ ناوچە دابڕاوەکـانی پارێزگـای دیالـە بەناوی(مژدەگەلی خێر) لە٢٨ی تەموزی٢٠٠٨ دا و بـەبیانووی پـاك کردنـەوەی ناوچەکە لە تیرۆرستان و ئاگادار کردنەوەی هێزی پێشمەرگە** بۆ کشانەوەیان لـە ناوچەکە؟!*** و هێنانی فرقەی(٥)لە ناوچـەی سـەعدیە لـە١ی ئایـاری٢٠٠٩[١]، داواکردنی فرقەی(١٢)بە چۆڵ کردنی دوو گوندی ئـاوەدان کـراوەی کـوردی لـە ناوچە دابڕاوەکان لە قەزای دوبز کە پێشتر ڕژێمی پێشوو کردبووی بە سەربازگە[٢].**

**٢١- شێخ یەعقوبی یوسف لهێبـی سەرۆك عەشـیرەتی لهێـب لەناوچـەی جەلەولا دەڵێت"بۆ ڕێگرتن لە گەڕاندنەوەی جەلەولا بۆ سەر هەرێم لەچوارچێوەی**

---

* - ئەم لێدوانەی مالکی لە کاتێکدابوو کە پێنج لیژنە بۆ چارە سەرکردنی گرژیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێکهێنرابو، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :

http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=13026&cat=1&title=

** - ئامرلیوای(٣٤)ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، عەمید نازم کەرکوکی دەڵێت: لە١٠ی ئـاب عەلی غیدانی سەرکردەی سوپای پیادەی عێراق لە سەر ڕاسپاردەی نوری مالکی دەڵێت دەبێـت ئـەو ناوچانە(خانەقین و جەلەولا و قەرەتەپە)چۆڵ کەن، جگە لەوەی کە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێـران ڕۆڵی لە دروست کردنی ئەم قەیرانەدا هەبوو ...بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: أ- تایبەت بە ئاوێنە، شـەڕی پێشمەرگەو سوپا لە ئان و سات دایە، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە(١٣٤)، ١٢ی ئابی٢٠٠٨. ل١. ب - مەحمود عوسمان، ئاماژەکانی کێشەی خانەقین، گۆڤاری لڤین، ژمـارە(٧٥)، سـاڵی شەشـەم، ١٥ی ئەیلولی٢٠٠٨، ل٧.

*** - کوردەکان لەم مانگەدا توشی بێ ئومێدیەکی زۆر بوون و هەموو ئەو هیوایانەیان کە هەڵیان چنی بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی بۆ بەدی هاتن بە خێرایی هەرەسیان هێنا، لە٢٢ تـەموز یاسـای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەبێ ئامادەبوونی کورد دەرچوو، جگـە لـە وەی لـە کۆتـایی هەفتەکەشـدا سوپایەکی زۆر ڕوویان کردە ناوچـە هـێمن و ئاسـایش پارێزەکـەی خانـەقین بـەبیانووی پاکردنـەوەی ناوچەکە لە تیرۆرستان حکومەتی هەرێم بۆ وەستاندنی ئەو لـە شکرکێشـیەی حکومـەتی عێراقـی هێزی پێشمەرگەیان ناردە خانەقین، جگە لە پیاچوونەوە بە هەڵوێستی ڕامیارییان لەگەڵ حکومەت و پارتە عێراقییەکان، دکتۆر بەرهەمیش دەڵێت"... کورد لە بەغدا بە هاوپەیمانیەکانیدا چۆتەوە.."-

http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=14508&cat=1

812_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=16876&cat=1

[٢]- أ- ژینۆ عەبدوڵڵا وعومەر غەریب، هێزێکی فیرقەکە داوای چۆڵکردنی گوندێکی کوردیان کرد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٧١)، ١٥ی مایسی٢٠٠٩، ل١.

b_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17159&cat=1

ماددەی ١٤٠ دا، هەروەها بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی کورد لە هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکاندا حکومەت هێزێکی زۆری لە جەلەولا جێگیر کردووە، وتی" لیوایەك سەرباز و چەندین سریەی پۆلیسی فریاکەوتن و ئیسناد کە ژمارەیان زیاتر لە پێنج هەزار چەکداردەبێت لە جەلەولا جێگیر کراون"وتیشی"جەلەولا ناحیەیەکی بچووکەو پێویستی بە نیوەی ئەو ژمارە چەکدارەش نیە"[1].

٢٢- کارکردنی پارێزگای دیالە بۆ دابڕاندنی ناحیەکانی مەندەلی و سەعدیە و قەرەتەپە و جەبارە لە قەزای خانەقین، دەیانەوێت پاش ئەوەی کە ناحیەی مەندەلی دەکرێت بە قەزا ئەو ناحیانەی بخەنە سەر، دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەنجومەنە نوێیەکەی پارێزگای دیالەوە کارەکانیان تەواو بکەن، بەم کارە مەبەستیان دەستبەردار بوونە لە قەزای خانەقین و ڕێگری کردن لە گەڕانەوەی ناحیەکانی سەری بۆ سەر هەرێم[2].

٢٣- چارەسەرنەکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێم[*] بە ڕێگە چارەی ئاشتیانە و دیالۆگ، بە بن بەست گەیشتنی کاری(٥) لیژنەکە(ناوچە دابڕاوەکان، شێوازی فەرمان ڕەوایی عێراق، سوپاو ئاسایش، یاسای نەوت و گاز[**] و ئابوری، ڕامیاری دەرەوەی عێراق).

---

[1]- دڵشاد ئەنوەر، لیوایەك و چەندین فەوجی چەکدار دەبردرێنە جەلەولا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٥٠٨)، ١٨ئازاری٢٠٠٩، ل٢.

[2]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١.

[*] - ئەگەر حکومەتی عێراقی لە سەر ڕامیاری ئێستای بەردەوام بێت، سوود لە هەڵەکانی ڕژێمە پێشوەکان وەرنەگرێت، ئەوا بەرەو ئەنجامەتاڵەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەنگاو دەنێت، بە تایبەتی ئەنجامی ڕژێمی بەعس، جگەلەوەی کە وڵات بە دەیان ساڵ دەبەنە دواوە نەك لە وڵاتانی جیهان بەڵکو لە وڵاتە عەرەبیەکانی دروا‌سێ، جگە لەوەی کە ویژدان و کەسایەتی تاکی عێراقی تێك دەشکێنن و سەرەڕای ئەوەی کە هەزارەها ملیار دۆلار زەرەر بە ئابوری عێراق دەگەیەنن و گەلی عێراقیش توشی کارەساتی تاڵ دەکەن، بۆ نموونە بە پێی تازەترین ئاماری لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سور(١-٣)ملیۆن ژن کاردەکەن لە عێراق لە ئەنجامی لەدەست دانی هاوسەرەکانیان.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3155

[**] - حکومەتی عێراق(بە تایبەتیش حسێن شەهرستانی(وەزیری نەوت))گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێم بە نایاسایی ناودەبات بە دژی دەستووری ناودەبات، بەڵام دکتۆر عەلی بەلۆ سەرۆکی لیژنەی نەوت و غازی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم بە یاسایی ناو دەبات.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=8103&linkID=66

**٢٤- دەست کاری کردنی چەند خاڵێکی گرنگی پڕۆژە یاسای نەوت و گاز لە لایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکاری دەوڵەت، کە پێشتر هەرێم و حکومەتی بەغدا لەسەری ڕێکەوتبوون[1].**

**٢٥- سزادانی ئەو کۆمپانیانەی کە گرێبەستی لەگەڵ هەرێم مۆرکردووە لە لایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە.[2]**

**٢٦- بێ بەش کردنی(٢٦) هەزار خێزانی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی پارێزگای دیالە لە (٣١ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩)، لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا.[3]**

**٢٧- ڕێگری مالکی لە ئەنجام دانی ڕاپرسی لە سەر پڕۆژە دەستووری هەموارکراوی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی تەمووزی٢٠٠٩، ئەویش بە هاندانی جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا.[4]**

**٢٨- ڕێگری وەزارەتی نەوت بۆ گەڕانەوەی کرێکارە کورد و تورکمانە دەرکراوەکان بەبیانوی جۆراو جۆرەوە.[5]**

**٢٩- ڕێگرتن و شەڕ فرۆشتنی فرقەی(١٢)بە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕاوەکان[*].**

---

لە مانگی شوباتی٢٠٠٧، هەر دوو لا لەسەر ڕەشنووسی یاسایەکی نەوت و غاز ڕێکەوتن، بەلاَم دواتر ئەنجومەنی شورای دەوڵەت دەستکاری ڕەشنووسەکەی کردو لەو کاتەوە تا ئێستا یاساکە بە یەکێك لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دادەنرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی عێراقی٣٥ گرێبەستی هاوشێوەی گرێبەستیە نەوتیەکانی هەرێمی لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی وەبەرهێنانی نەوت واژۆکردووە، بۆ زانیاری زیاتربڕوانە: ژینۆ عەبدولاَ، وەزارەتی نەوتی عێراق٣٥ گرێبەستی نەوتی هاوشێوەی هەرێم ئیمزا دەکات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٨٩٧)، ١٥حوزەیرانی٢٠٠٩، ل١.

[1] - هاولاَتی، نامەی د.بەرهەم بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە(٣٣٨)، لە ١٨تەمووزی٢٠٠٧، ل١.

[2] - هاولاَتی، دوای هەڕەشەکانی سەرکردایەتی کورد شەهرستانی بەردەوامە لەسزادانی کۆمپانیاکانی نەوت، ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە(٣٨٣)، ٣شوباتی٢٠٠٨، ل١.

[3]-818_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=13552&cat=1

[4]-819_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=18728&cat=1

[5]-820_http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=49839&LinkID=93

[*]- لە درێژەی بیانو گرتنی هێزەکانی فرقەی(١٢)بە کوردستانیان و دروست کردنی ئاژاوە لە ناوچە دابڕاوەکان، هێزێکی فرقەی(١٢)ڕێگری لە دوو پێشمەرگەی مەڵبەندی موسڵی ی.ن.ك دەکەن و لە ئەنجام دا شەڕو پێکدادان لە نێوانیان دا دروست دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تەها عەبدولاَ،

**٣٠- دەرکردنی ئەو ماڵە کوردە ئاوارانەی لە پاش پرۆسە چوونەتەوە زێدی خۆیان لە جەلەولا، لەلایەن پۆلیس و سوپای عێرقی[١]. دووبارە ئاوارەکردنەوەیان.**

**٣١- بێ ئەنجام بوونی سەردانەکەی مانگی ئابی٢٠٠٩ی مالکی بۆ سلێمانی...جێگری سەرۆك وەزیرانی کابینەی شەشەم (ئازاد بەرواری) دەڵێت"...تا ئێستا نیەتێکی جدی بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە لە بەغداوە بەدی ناکرێت..."[٢]**

**پ - لیژنەی مادەی(١٤٠):**

**١- لیژنەکە لەماوەی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆکەکەی لە بەرواری(٤نیسان- ١٢ی ئابی٢٠٠٧) کۆبوونەوەی نەکرد، بێجگە لە کۆبونەوەی(١٥)ی نیسان.[٣]**

**٢- کەمی ژمارەی ئەندامانی لیژنە کە سەرجەمیان(١١٩) کارمەندە[*]. ئەمەش ژمارەیەکی کەمە بۆ پرسێکی وا هەستیارو کاتی دیاری کراو زۆری ژمارەی ئاوارەو هاوردە، بێگومان بە ژمارەیەکی زیاتری کارمەند دەتوانرا لەکاتێکی کەمتر، باشتر کاروبارەکان بەڕێوە ببرێت.**

**٣- هەڵپەساردنی ئەندامێتی هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی مادەی١٤٠ پاش ساڵی٢٠٠٧، بەبیانووی نەمانی ڕەوایی ئەو مادە دەستوورییە...[٤]**

**لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا دەستەی نەهێشتنی کێشەکانی موڵکداریێتی بەغدا هەنگاوی نەناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە موڵکدارییەکانی شارەکە، جگە لە تەرخان نەکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم کارە، لەکاتێکدا ئەم دەستەیە لە هەندێك لە پارێزگاکانی عێراقدا(٨٠٪)ی ئەو کێشانەی چارەسەر کردووە بەڵام**

---

پێکدادان لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوودەدات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٩٥٩)، ٢٥ی ئابی٢٠٠٩، ل٢.

1-821_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15731&LinkID=66

٢- بەبێ ناوی نوسەر، (ئازارد بەرواری): سەردانەکەی(مالکی) بۆ هەرێم هیچی لە کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا نەگۆڕی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە٦٥٢، ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩، ل٥.

٣ - رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق. توصيات بالتغيرات في الحدود الادارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، مصدر سابق، ص٣.

* - سەرجەمی کارمەندان... لیژنەی ماددەی١٤٠ لە هەرسێ پارێزگای کەرکوك وموسڵ ودیالە.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: المصدر نفسە، ص٤-٦.

٤ - وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بە بێ ناونیشان، بە بێ شوێن و ساڵی چاپ، سەرچاوەی پێشوو.بە بێ ژ.ل.

تا ئێستا لە پارێزگای کەرکوك* لە(١٠٪)ی کارەکان چارەسەر کراوە.[1] جگەلەوەی تا شوباتی٢٠٠٨، لەکارەکانی کێشەی موڵکایەتی لـە کـۆی ٣٦ هـەزار کێشـە تەنها(٥٪)ی چارەسەکراوە.[2]

ج- گروپە ڕامیاری و تیرۆرستییەکان:

گروپە تیرۆرستییەکان ڕۆڵێکی کارایـان گێـڕا لـە سـەرنەگرتنی بەشـێك لـە قۆناغی یەکەمی(ماددەی١٤٠) ئەویش بە حەلاڵ کردنی خوێنی ئـەو کوردانـەی کە دەگەڕانەوە بۆ سەر ماڵ و موڵکە داگیرکراوەکانیان لە ناوچە دابڕاوەکـان یـان کـوردە نیشـتەجێ کـان(شـەبەك** و ئێزیـدی...)ی ئـەو ناوچـانەی کـە گروپـە تیرۆرستییەکان بالاْ دەست بوون، بۆ نموونە تـەنها لـە پارێزگـای کـەرکوك زیـاد لە(١٠)گروپی تیرۆرستی تێدایە کە بـریتین لـە(گروپـی نەقشـبەندی، دەوڵـەتی ئیسلامی، ڕێکخراوی قاعیـدە، ڕێکخـراوی ئەنسـار ئـەل سـوننە، ڕێکخـراوی ئەنسارئەلئیسلام، جەیشـی ڕاشـیدین، جەیشـی ئـیبن وەلـی، جەیشـی ئیسـلام،

---

* - زەوییە کشـتوکاڵییە کێشـەدارەکانی کـەرکوك(٩٠٠٠٠٠)دۆنمـە، لـە(٦٥٠)گونـدی سـنووری کەرکوك کە دانیشتوانەکەیان کورد بوون و بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دابەش کـران بە سەر وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی دارایی عێراق و عەرەبە هاوردەکانی کەرکوك... : فریاد شـوانی، ٩٠٠٠٠٠هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە کەرکوك کێشەیان لە سەرە، ڕۆژنامەی کوردسـتانی نـوێ، ژمارە(٤٩٠١)، ١٩حوزەیرانی٢٠٠٩، ل٥.

[1] - عومەر غەریب، لەماوەی(٥)ساڵدا دەسـتەی نەهێشـتنی کێشـەکانی موڵکـداریێتی نـەیتوانیوە نیـوەی کێشـەکان چارەسـەربکەن، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژمـارە(٤٨١٢)، لـە بەرواری(٤ئازاری٢٠٠٩)، ل٢.

[2] - ئارا ئیبراهیم، بەهۆی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکانـەوە مـادەی١٤٠ جێبـەجێ ناکـات، ڕۆژنامەی هاولاٌتی، ژمارە (٣٩٨)، ٢٠شوباتی٢٠٠٨، ل١.

** - بۆ نموونە لەسەر زاری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاویژکاری شـەبەك لەموسـڵ، " لـەدوای پرۆسـەوە نزیکەی٦٠٠٠خێزانی ماڵە کوردی شەبەك ماڵ و حاڵی خۆیان جـێ هێشـتوە لـە ترسـی هەڕەشـەی تیرۆرستان، و نزیکەی(٦٨٩)کەسیشـیان شـەهید کـردووە"... بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: سـەعید مەموزینی، مووسڵ.. تائێستا٦هەزار ماڵە کوردی شەبەك لە بەر هەڕەشـەی تیرۆرسـتان شـارەکەیان جێهێشتووەو ٦٩٨ کوردی شەبەکیش شەهید کراون، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٨٧٠)، ٥حـوزەیرانی ٢٠٠٨، ل١. بۆ بینینی یەکێك لەو بەیانانەی کە گروپـە تیرۆرسـتیەکان لـە دژی کوردەکـان دەریـان کردووە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٤).

بالّندەکانی بەهەشت، حزبی عەودە، کەتیبەکانی شۆڕشی بیست...)، [1]دەستیان لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە نە پاراست بە گشتی و کوردەکان بە تایبەتتر. بۆ نموونە تەنها لە تەقینەوەی ڕۆژی(١٧ی شوباتی٢٠٠٧ )لە کەرکوك(٨٦)کەس شەهید و بریندار بوون. و لە تەقینەوەی ڕۆژی(١٤ی تەموزی٢٠٠٧)لەشەنگار(٥٠٠) هاوولاّتی شەهید و بریندار بوون، [2]هەروەها لە تەقینەوەیەکی تری تیرۆرستی لە ناحیەی تازە لە٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، (٣٢٧)قوربانی و شەهیدی لێکەوتەوە[3]لە تەقینەوەیەکی تری تیرۆرستی دا لە١٠ئەیلولی٢٠٠٩ لە گوندی وەردەك(٦٢)کوردی کاکەیی بوونە قوربانی...[4]ئەم گروپانە بە ترساندن و تەقینەوەو سەربڕین وموشەك باران کردن بوونە هۆی دروست کردنی ترسێکی گەورە لای دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان بە گشتی و دانیشتوانی کوردی بەتایبەتی، [*]زۆرێك لەم گروپە تیرۆرستیانە لە ناو کارمەند و ئەفسەری حکومەتی عێراقی فیدراڵ بوون، وەك حەجی ڕەحیم-ی بەڕێوەبەری موخابەراتی عێراقی لە شاری موسڵ[5]، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤٩)و(٥٠)، ئەنجامی کارە تاوان کاریەکانی ئەو گروپە تیرۆرستیانەی لە پارێزگای کەرکوك تیا خراوەتە ڕوو وەك نموونە.

---

[1] - ڕێبین فەتاح، ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بە سوڕی متبوندا تێ دەپەڕن، گۆڤاری جیهان، ژمارە٢١، ساڵی یەکەمی٢٠٠٩، ل٢٩-٣٣.

[2]- بەبێ ناوی نوسەر، حکومەتی کوردستان پرسە بۆ قوربانیانی کارەساتەکەی شەنگال ڕادەگەیەنێت، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٥٨٩)، ١٧ئابی٢٠٠٧، ل١.

829_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17970&cat=1

[4] - سید مجید بەرزنجی، تەقینەوەیەك لە گوندی(وەردەك)ی کاکەیی زیاتر لە٦٢ هاوولاّتی مەدەنی بوونە قوربانی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٣٢٧٤)، ١١ی ئەیلولی ٢٠٠٩، ل١.

[*] - تیرۆرستەکان لە ڕێی هەڕەشەوە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە کوردە گەڕاوەکانی جەلەولایان ناچار کرد کە جارێکی کە ناوچەکە چۆڵ بکەنەوە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بابان عبدولکەریم، لە ترسا سەعدیە و جەلەولا بە جێ دەهێڵن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٢٩)، ٢٧ شوباتی٢٠٠٩، ل٣.

[5] - خەبات، دەستگیرکردنی حەجی ڕەحیم بەڕێوەبەری موخابەراتی ئێراقی لە شاری موسڵ بە تاوانی تیرۆر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٣٢٧٤)، ١١ی ئەیلولی ٢٠٠٩، ل١.

## خشتەی ژمارە(٤٩)
## خشتەی قوربانیانی پارێزگای کەرکوک*

| ساڵ | ژمارەی کارە تیرۆرسیەکان | ژمارەی قوربانی هاووڵاتی | ژمارەی کارە تیرۆرسیتەکان لە رۆژێکدا | ژمارەی قوربانیان لە رۆژێکدا |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٠١٤ | ٢١٦ | ٢,٧٧ | ٠,٦ |
| ٢٠٠٥ | ١٨٥٧ | ٥٠٩ | ٥,١ | ١,٤ |
| ٢٠٠٦ | ٢٥٣٨ | ١٠٩٥ | ٦,٩٥ | ٣ |
| ٢٠٠٧** | ٢٧٤٣ | ١٥٣٥ | ٩ | ٤,٢ |
| سەرجەم*** | ٨١٥٢ | ٣٣٥٥ | ٦ | ٢,٣ |

بە ڕەچاو کردنی خشتەکە دەبینین ژمارەی کارە تیرۆرستییەکان بەردەوام لە زیاد بوون دایە، بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٤دا(١٠١٤)کاری تیرۆرستی ئەنجام دراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ کەساڵی جێ بە جێ کردنی مادەی(١٤٠)ە، (٢٧٤٣)کاری تیرۆرستی ئەنجام دراوە ئەمەش دەکاتە زیاد بوونی کارە تیرۆرستیەکان بەڕێژەی(١٧٠,٥٪)لە چاو کارە تیرۆرستیەکانی ساڵی٢٠٠٤. جگە لەوەی کە

---

* - بە سوود وەرگرتن لەم سەرچاوانەی خوارەوە بە دەست کاریەوە(دەرهێنانی ژمارەی تەواو دەرهێنانی ڕێژە):
ا- إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٤ PJCC
ب-إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٥ PJCC
ت-إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٦ PJCC
ث- إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٧ PJCC.

** - ئاماری ساڵی٢٠٠٧ لەنێوان١کانوونی دووەم -٣١تشرینی یەکەمی٢٠٠٧).

*** - بەڵام بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی دەزگاکانی ئاسایش لە پارێزگای کەرکوک ڕێژەی قوربانیانی کردەوە تیرۆرستییەکان لە پارێزگای کەرکوک کەم بۆتەوە بۆ نیوە بەبەراود لە گەڵ ساڵی٢٠٠٧. بۆزانیاری زیاتر لە سەر جۆرو ژمارەی کارە تیرۆرستییەکان و قوربانی و بریندارەکان بڕوانە: سەنتەری هەماهەنگی لە پارێزگای کەرکوک، (٢١٤)کوژراو(٧٢٢)بریندار لەساڵی٢٠٠٨ دا لە کەرکوک، هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە٣١٠، ٣کانونی دووەمی ٢٠٠٩، ل١-٢.

بەردەوامیش ژمارەی قوربانیانی هاوولاّتی ڕووی لە زیاد بوون کردوە بە جۆرێك لە هەر ڕۆژێکدا ژمارەی قوربانیانیانی هاوولاّتی(٢١٦)کەس بووە، بەلاّم لـە سـالّی ٢٠٠٧دا ژمارەکە دەبێت بە(١٥٣٥)ئەمەش بە واتـای زیـاد بـوونی قوربانیـانی هاوولاّتی بە ڕێژەی(٦١٠,٦٪)لە چاو قوربانیانی هاوولاّتی سـالّی ٢٠٠٤ دێـت. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەی کارە تیرۆرستیەکان لـە ڕۆژێکـدا لـە سـالّی٢٠٠٤ لە(٢,٧٧)کاری تێرۆرسـتی بـووە بـە(٩)کـاری تێرۆرسـتی لـە سـالّی٢٠٠٧دا، ئەمــەش بــەمانای زیــاد بــوونی کــارە تیرۆرســتیەکان دێــت لــە ڕۆژێکــدا بــە ڕێژەی(٢٢٥٪)کاری تیرۆرستی، ئەگەر لـە ژمـارەی قوربانیـەکانیش بـڕوانین لـە ڕۆژێکدا دەبینین ژمارەی قوربانیان لە سالّی٢٠٠٤ دا(٠,٦)قوربانی بـووە، بـەلاّم لە سالّی٢٠٠٧دا ڕێژەکە دەبێت بە(٤,٢)قوربانی لە ڕۆژێکدا، ئەمەش بە واتـای زیاد بوونی ڕێژەی(٦٠٠٪)قوربانی دێت لە ڕۆژێکدا.

بەلاّم کوردەکان لە کارە تیرۆرستیەکان دا پشـکی زۆرینـە پێـك دەهێـنن، زۆر ترین قوربانییان داوە لە چاو نەتەوە یان کەمایەتیەکانی تری پارێزگای کـەرکوك دا، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر قوربانیانی کارە تیرۆرستیەکان بە پێی نەتەوە بڕوانە خشتەی ژمارە(٥٠).

خشتەی ژمارە(٥٠)

ژمارەی شەهیدەکان بە پێی نەتەوەکانی پارێزگای کەرکوك*

| کۆی گشتی | ژمارەی کورد | ٪ | ژمارەی عەرەب | ٪ | ژمارەی تورکمان | ٪ | ژمارەی مەسیحی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٣ | ٩٨٩ | ٦,٥٠ | ٨٠٤ | ١٦,٤١ | ١٤٣ | ٣٢٢,٧ | ١٧ | ٠,٨٧٠ |

وەك لە خشتەکەی سەرەوە بۆمادە دەردەکەوێت کوردەکان(٥٠,٦٪)ی سـەرجەم قوربانیەکانی پارێزگای کەرکوك پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا بە سـەرجەم نەتـەوە یان کەمایەتیەکانی تـری پارێزگاکـە ڕێـژەی(٤٩,٤٪) سـەرجەمی قوربانیـانی پارێزگاکە پێك دەهێنن، لێرە دا دەگەینە ڕاستیەك ئەویش ئەوەیە کە بـە پـلان و

* – لیژنەی مادەی١٤٠ی مەلّبەندی٢ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بـە بـێ ناونیشـان، بـە بـێ شوێنی چاپ، ڕاپۆرتی بلاّونەکراوە، بە بێ سالّی چاپ، بەبێ ژمارەی لاپەڕە.

**بەرنامە کار کراوە بۆ تیرۆر کردنی کەسایەتی و هاوولاتیانی کورد لە پارێزگای کەرکوك بە مەبەستی پەك خستنی پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی دانیشتوان لە پارێزگاکە و نەگەڕاندنەوەی کوردەکان بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان، تا بەم هۆیەوە یەکێك لە برگەکانی مادەی١٤٠ کە ئاسایی کردنەوەی دانیشتوانە سەرنەگرێت، جگە لە ناچارکردنی ئاوارە گەڕاوەکانی پاش پرۆسە بۆ سەر موڵك و زێدی خۆیان بۆ جارێکی دیکە ئاوارەبوونەوەیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێم.**

**چەندین گروپی جیاجیا لە پشت ئەم کارەوە بوون وەك ڕێکخراوی قاعیدە و گروپی دەوڵەتی ئیسلامی و گروپی دەوڵەتی یاسا و بەعسیەکان[*]... بەکارە تیرۆرسیەکان و تێکدانی باری ئاسایشی ئەو ناوچانە زەمینەیان خۆش کرد بە سەرنەکەوتنی بەشێك لە قۆناغی یەکەم ئەویش بە: -**

**١- دروست کردنی ئەم کەش و بارو دۆخە بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە لە لایەن ئەو گروپە تیرۆرستیانە و سەپاندنی فەرمان ڕەوایی خۆیان بە سەر بەشێك لەم ناوچەیە وەك قەزاو ناحیەکان، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچانە دابڕێن لە دەسەلاتی حکومەت و دروست کردنی کەشێکی هێمن و ئارام و لەبار بۆ عەرەبە هاوردەکان و نەگەڕانەوەیان بۆسەر زێدی خۆیان.**

**٢- ئەم بارودۆخە بووە هۆی ئاوارەکردنەوەی بەشێکی زۆری لەو ئاوارانەی کە گەڕابوونەوە سەر زێدی خۆیان. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەنجامی هەڵبژاردنی(٣٠کانوونی دووەمی٢٠٠٥)ئەنجومەنی نیشتمانی لە قەزای حەویجە بکەین دەبینین لە کۆی(٤١٨٨٠)دەنگدەر، لیستی هاوپەیمانی تەنها(٦٢)دەنگی بەدەست هێناوە[1]، چوونکە تیرۆرستەکان توانیان(١١٠٠)خێزانی حەویجە ئاوارەی**

---

[*] - عەمید سەرحەد قادر دەڵێت: بە پشت بەستن بە دان پێدانانی تیرۆرستە دەستگیرکراوەکان سەرجەم کارە تیرۆرستییەکان لە لایەن عزەت دوری و ئەحمەد یونسی ئەندامی پارتی بەعس و لێپرسراوی ناوچەی باکوور سەرپەرشتی دەکرێن، کە خۆیان لە دووکۆمەڵەدا خڕکردۆتەوە و ناویان ناوە (الطريقة النقشبندية)و(الجيش الاسلامي)... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سامراء، كبار البعثيين يشرفون على المجموعات الارهابية في المحافظة، مجلة سامراء، عدد(١٤)، ايار٢٠٠٩، ص١٦.

[1] - ڕاپۆرتی بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی(٢)ی ڕێکخستنی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

شاری کەرکوك بکەنەوە.[*] بەمەش گرفتێکی گەورە دروست بوو بۆ بەشێك لە هەوڵ و ئەنجامی ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانە.

٣- جگە لەوەی کە ناڕاستەوخۆ، کوردستان و بەتایبەت ناوچە دابڕاوەکانیان بەعەرەب کردەوە، واتە تەعریب کردەوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو کارە توندو تیژیانەی کە دەیان کرد، بۆنموونە بە پێی ئاماری فەرمانگەی ئاوارە و ڕاگوێزراوی کەرکوك(٤٧٥٠)خێزان کە بەشی هەرە زۆریان لە پارێزگاکانی(دیالە، سەلاحەدین، بەغدا)وە هاتوون کە(٧٥٠)خێزانیان کوردن و(٤٠٠٠)خێزانیان عەرەبن، بەپێی زانیاری ئێمە لە(٧٠٠٠)خێزان زیاترن. ئەگەر بڕوانین ئەو خێزانانە کوردانەی کە هاتوونەتە کەرکوك تەنها(١٥,٨٪)ی سەرجەمی خێزانە عەرەبەکان پێکدەهێنن[١].

ح- لە سەر ئاستی ڕامیاری

١- هەندێك لە پاشماوەکانی بەعس[**] لە پارت و گروپی جیاجیا دا خۆیان ڕێك خستۆتەوەو ئەیانەوێت لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە بگەنەوە بە دەسەلاٚت، بۆ نموونە وەك(ئەنجومەنی گفتوگۆی نیشتمانی عێراقی[***])یان لیستی حەدبا دژایەتی کوردی[****]کردە تەنها پڕۆژە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی

---

[*] - حکومەتی هەرێم بڕی یەك ملیۆن دینار دەدا بەو خێزانانەی کە بگەڕانایەتەوە بۆ حەویجە..بەلاٚم باشتربوو ئاسایشی بۆ ئەو ناوچانە دابین بکردایە وەك لەوەی بە پارە بیەوێت ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی خۆیان...هاولاٚتی، ئاوارە کوردەکانی حەویجە لە کەرکوك بڕی یەك ملیۆن دینار یارمەتی وەردەرگرن، هەفتەنامەی هاولاٚتی، ژمارە(٢٠٩)، لە ٢٦کانوونی دووەمی٢٠٠٥، ل١.

[١] - بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی(٢)ی ڕێکخستنی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

[**] - هەندێك لەوانەی کە پێشتر بەعسی بوون و تاوان بارن بە ئەنجام دانی تاوان دژ بە گەلی عێراق خۆیان کاندید کردووە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی(٣١ی کانونی دووەمی٢٠٠٩)، لیژنەی ڕیشە کێش کردنی بەعس لیستێکی کردووە ناوی٢١ کاندیدی سەرکەوتوی تیایە کە یاسای ڕیشە کێش کردنی بەعس دەیان گرێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥).

[***] - سالح موتلەگ دەلێت بەرنامەی ڕامیاری ئێمەو یاخی بوان(مەبەستی تیرۆرستەکانە)هیچ جیاوازیەکی نیە بەلاٚم ئەوەیە ئێمە چەکدار نین...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://www.iraqcenter.net/vb/15531.html#post58734

[****] - (لیستی حەدبا لە هەڵبژاردنەکاندا جەختیان لە سەر سێ خاڵ دەکردەوە، یەکەم: عروبەی موسڵ هێڵی سورە، دووەم: بوونی هێزی پێشمەرگە لە سنووری نەینەوا نا یاساییە و دەبێت وەدەرنێن، سێیەم: جەختیشیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە مادەی١٤٠ موسڵ ناگرێتەوە...جگە لەوەی کە لە

ئەنجومەنی پارێزگاکاندا و توانی لە کۆی٣٧ کورسی(١٩)کورسی بەدەست بهێنێت. پاشتر دەستی کرد بە دەرکردنی بەرپرسە کوردەکانی پارێزگای موسڵ[1]. ولیستی بەرەی تەوافق، د.عەلاء مەکی ئەندام پەرلەمان لە سەرلیستی بەرەی تەوافق دەڵێت"ئێمە وەکو بەرەی تەوافق لەگەل دواخستنیدا نین، بەڵکو دژی جێبەجێ کردنی خودی مادەکەین"[2]کەمەبەستی ماددەی١٤٠ە. هەروەها کوتلەی عەرەبی کەرکوك و پارتە تورکمانەکانی کەرکوك بە مادەیەکی مردوو و بەسەرچووی ناو دەبەن[3].

٢- گروپە بەعسیەکان و توندڕەوەکان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا توانیان خۆیان بگەیەننە پۆستە هەستیارەکانی عێراقی فیدراڵ، لەوێوە دەسەڵاتەکانیان بەکارهێنا بۆ درێژەدان بە دژایەتی کردنی مافەکانی گەلی کورد چ بە برگەی دەستوریێت یان لە ڕێی دەرکردنی فەرمانە شۆڤێنیەکانیانەوە بێت بۆ نموونە یەکێك لەئەندام پەرلەمانە تیرۆرستەکان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران دا کارێکی

---

پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگادا ١٢کورسی کوردی فەرامۆش کرد، ڕاستە لە ڕووی یاساییەوە دەتوانن ئەو کارە بکەن بەلاّم عێراق لەسەر بنەمای تەوافق بنیات نرایەوە، ئەوەتا لە پارێزگای کەرکوکیش نەتەوەکانی تر داوای دابەش کردنی پۆستەکان دەکەن، .بەلاّم تەنها هۆکار لەم کارە دژایەتی گەلی کوردو کەم کردنەوەی هەژمونی ڕامیاری کوردییە..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:- أ- پ.هاولاّتی، نەینەوا بە جۆرێکی دیکە مێژووی نوێی عێراق ئاڕاستە دەکات، ڕۆژنامەی هاولاّتی، ژمارە(٥١٨)، ٢٢ی نیسانی٢٠٠٩، ل٦. پاش گۆشاری مالکی حەدبا ڕازی بوو بە بەشداری بوونی لیستی برایەتی نەینەوا لەئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بە ڕەت کردنەوەی مادەی(١٤٠)لە کاتێکدا مالکی بە لیستی حەدبای ووتوە کە مادەی١٤٠و بوونی پێشمەرگە و سنووری هەرێم کاری ئێوە نیە بەڵکو کاری حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:- أ- لوقمان شێروانی، دیداری برایەتی و حەدبا بێ ئەنجام بوو، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٦٠)، ٢٨نیسانی٢٠٠٩، ل١. ب - تەها عەبدوڵلاّ، مالکی داوای لە لیستی حەدبا کرد ئیدارەی پارێزگاکە بە تەواوفق پێکبهێنێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٥٦) لە ٢٨نیسانی٢٠٠٩، ل١.پاش ئەوەی لە ساڵی٢٠٠٥ سەرجەم بنکەکانی پۆلیس ڕادەستی تیرۆرستان بوون تەنها دەزگایەکی میری کە تەسلیم نەبوو پارێزگای موسڵ بوو، لەو کاتەدا لەبەر لاوازی هێز و سوپای عێراق داوا لە حکومەتی هەرێم کرا بەشدار بێت لە پاراستنی پارێزگای موسڵ، هەردوو فرقەی(٢و٣)لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامن لە پارێزگاری کردنی شاری موسڵ... ئەگەر چی ئێستا سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراقین. پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ عادل بەرواری لە ٣ی حوزەیرانی,٢٠٠٩

834_http://www.xebat.net/article.php?id=25673

835_http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=10&cat=1&title=

836_http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=52974&LinkID=93

**تیرۆرستی ئەنجام دا* .جگە لەوەی کە ئێستا(٥٠)بەعسی ئەندامی نوێنەرانن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا.[١]**

**٣- شێخ یەعقوب یوسف لهێبی سەرۆك عەشیرەتی لهێب لە ناوچەی جەلەولا دەڵێت"چەند بەر پرسێکی عەرەبی سوونە کە تیایاندایە پەرلەمان تارە، هەوڵی دروست کردنی کێشە دەدەن لە نێوان کوردو عەرەبداو عەرەبەکانی جەلەولا لە دژی کوردەکان هاندەدەن، وتی"هەریەك لە ئوسامە نجێفی وسالح موتلەگ و محەمەد داینیش دەستیان هەیە لە هاندانی عەرەبەکان لە دژی کورد"[٢].**

**٤- هەڵوێستی هەندیك لە پارتە شیعیەیەکان لە هەڵوێستی عەرەبە بەعسیەکان ئەگەر خراپ تر نەبێت باشتر نییە. ئەمانە هەمیشە دژی سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد، وەك بزوتنەوەی سەدریەکان** و حزبی دەعوا(هەرچەندە رێکەوتنی رامیاری کارگێری... هەیە لە نێوان هەردوو پارتی سەرەکی کوردی و حزبی دەعوادا).**

**٥- جگە لە هەڵوێستی هەندێك لە پارتە عەرەبی و تورکمانیەکانی کەرکوك(وەك تەجەموعی عەرەبی و بەرەی تورکمانی)، کە بە هەموو هەوڵیان دەیانەوێت کەرکوك نەگەرێتەوە سەرهەرێم، چ بە بایکۆت کردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت***، چ بە فشار دروست کرن بێت لە سەر حکومەتی**

---

* - تیرۆرستەکە بە هاوکاری محمد داینی ئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی(دیالۆگی نیشتمانی)لە(١٢ی نیسانی٢٠٠٧) لە کافتریایەکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ئەنجامی دا...بەو هۆیەوە کوژراوێك و ٥ برینداری لێکەوتەوە، لە رۆژی(٢٧ی شوباتی٢٠٠٩) لەسەر بریاری دادگا پاش هەڵگرتنی حەسانە لە سەری فرۆکەکەی گەرێندرایەوە بۆ بەغداد کە بەتەمابو بەرەو ئوردن هەڵبێت..بۆزانیاری زیاتر بروانە:

a_http://www.ikhwanonline.com/Article.asp?ArtID=27627&secID=232

b_http://www.iraqcenter.net/vb/45268-page3.html

837_http://www.hewalnews.net/pages/babat325-2.htm

[٢] - دڵشاد ئەنوەر، لیوایەك وچەندین فەوجی چەکدار دەبرێنە جەلەولا، رۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٥٠٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢.

** - نوێنەری نوسینگەی سەدر لەکەرکوك(شێخ رەعد ئەلسەخری) دەڵێت"مادەی١٤٠ ئێکسپایەر بووەو کەرکوك دڵی عێراقە... بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە بروانە:
http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=240&cat=2

*** - بەرەی تورکمانی تا ئێستا سێ جار بایکۆتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کردووە کە دوا بایکۆتیان ساڵێك درێژەی کێشا..بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=160&cat=2

عێراقی چ بە فشار دروست کردن بێت لە سەر هاوپەیمانان و ئەمەریکا چ بە پیشاندانی هەڵوێستی نێگەتیڤانەیان بێت بە نەگەڕاندەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم، بە بیانووی ئەوەی کە کەرکوك شارێکی تورکمانیە یان شارێکی عێراقیە...

٦- خۆ ڕێکخستنەوەی ئەفسەران و پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس لەشاری کەرکوك و پێکهێنانی(٣)لیوای سەربازی توندڕەو، کە لەژێر ناوی(گروپی نەقشبەندی و سوپای خالیدی کوڕی وەلید و سوپای عێراق)خۆیان ناساندوەو سەرقاڵی ڕێکخستن و چالاکین بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی و سەقامگیری پارێزگای کەرکوك.*

٧- دەستەی عولەمای موسلمین لە عێراق لە بەیاننامەی ژمارە(٦٣٨)دا، هەندێك هێز و کەسایەتی تاوانبار دەکەن بە دابەش کردنی عێراق بەیارمەتی هەندێك ولاتی هاوسێ، سەرۆکی هەرێمیش بە یەکێك لەو دابەش کارانە هەژمار دەکات[1]. بێگومان ئەمەش ڕوونترین ئاماژەیە بۆ دژایەتی کردنی دۆزی کورد لە لایەن عەرەب بەگشتی، تەنانەت بە گروپە ئیسلامیەکانیشیانەوە...

٣- لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

لە(٢٣نیسانی٢٠٠٩) سەرۆکی لیژنەی هەرێمەکان و پارێزگاکان لە پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ(هاشم تائی) دواکەوتنی چارەسەری کێشەی کەرکوکی گەڕاندەوە بۆ دەستێوەردانە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان، کە کێشەی کەرکوکیان ئاڵۆز کردووە.[2]هیڵتەرمانیش دەڵێت"هەموو ولاتانی دراوسێ ڕۆڵی سلبی دەگێڕن لەم پرسەدا[3] (پرسی مادەی١٤٠)، سەرۆکی نوێی پەرلەمانی عێراق(ئەیاد سامەڕائی) دەڵێت"ولاتانی ئیقلیمی دەست لە دۆسیەی کەرکوك

---

* - ژمارەی هەر لیوایەك(٧٥٠)چەکداری توندڕەوە... بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: دیدار لەگەڵ عەمید سەرحەد قادر (بەڕێوەبەری قەزاو ناحیەکانی کەرکوك):

http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=16708&cat=1&title=

_http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=30483839

[1] - ئەسوات ئەلعێراق، دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، چارەسەری کەرکوکیان دواخست، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٣١٥٥)، ٢٤نیسانی٢٠٠٩، ل١و١٤.

[3] - ڕۆژنامە، یوست هلتەرمان"حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە خاوەنی بڕیارێکی فاشیلانە بوو سەبارەت بەکەرکوك"، پرد، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٤٩٣، ١٨ی حوزەیرانی٢٠٠٩، ل١-٥,٥

وەردەدەن"[1]، هەروەها دكتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت"ئەمەریكا، بەریتانیا، ولاَتانی عەرەب و توركیا و نەتەوە یەكگرتووەكان، داوا لە كورد دەكەن كە واز لە مادەی١٤٠ بهێنن و ئەو مادەیە قابیلی جێبەجێ كردن نییە وپێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و هەموار بكرێت"[2]بۆ روون كردنەوەی رۆڵی نەرێنی هەرێمی و نێودەوڵەتیەكان لە ناوچە دابڕاوەكان ورد تر لێی دەدوێین:

أ - لەسەر ئاستی هەرێمی:

ولاَتانی هەرێمی هەموو هەوڵەكانیان خستۆتەگەڕ بۆ جێ بەجێ نەكردنی مادەی١٤٠ لە چەند كەناڵێكی جیاوازەوە، چ بەفشارخستنە سەر پارت و حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراقی بێت، یان بە ناردنی گروپی تیرۆرستی[3] بێ یان بە بۆردومان[*] و لەشكر كێشی بێت بۆ عێراق بە گشتی وناوچە دابڕاوەكان بەتایبەتی یان بەفشاركردن لە ولاَتانی هاوپەیمانان بەگشتی و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بێت بەتایبەتی، جگە لەوەی كە پێشێلی سەرجەم

---

842_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=20032&cat=2

843_http://www.moera-krg.org/kurdish/art_detail.php?art_id=3289&cat=1

[3] - ولاَتانی هەرێمی یارمەتیەكی زۆری مادی و لۆجستی گروپە تیرۆرسیتەكان دەكەن، بەمەبەستی رووخاندنی عێراقی نوێ بە رێگای جۆراو جۆر، ئەم گروپانە لەهەوڵی بلاَو كردنەوەی ترس و نائارامی و تێكدانی باری رامیارین لە عێراقدا ئەویش بە هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوانی مەزهەبی شیعە و سوننە، لەنێوان عەرەب وكورد، لە نێوان پێكهاتە ئاینە جیاوازەكان... پاش تەقینەوەكەی رۆژی چوارشەمە(١٦ی ئەیلولی٢٠٠٩)بەردەم وەزارەتی دەرەوە.. بە سەدان كەس بوونە قوربانی، نوری مالكی سوریای تاوانبار كردوو داوای پێكهێنانی گروپێكی نێودەڵەتی كرد بۆ لێكۆڵینەوە لەو تەقینەوانە... پاشتر تەقینەوەی رۆژی یەك شەمە رووی دا لە(٢٥ی تشرینی یەكەمی٢٠٠٩)لە بەردەم وەزارەتی داد، سەدان كەسی تری كردە قوربانی، هۆشیار زێباری دەڵێت بە بەڵگەوە سوریا تێوەگلاوە لە تەقینەوەكانی ئەم دواییە، پاشتر تیمی لێكۆڵینەوەی نەتەوە یەكگرتوەكان بەسەرۆكایەتی(ئۆسكار فرناندز تارانكۆ)لە بەرواری(٢تشرینی دووەمی٢٠٠٩) گەیشتە بەغدا.بۆ زانیاری زیاتری بڕوانە:
أ- كوردستانی نوێ، ووردەكاری نوێ لە بارەی تەقینەوەكەی بەغدا ئاشكرا دەبێت، رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە(٥٠١١)، ٢٨ی تشرینی یەكەمی٢٠٠٩، ل١و٢.

b_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15467&LinkID=67

c_http://www.dengubas.org/NewsDetailN.aspx?id=18162&LinkID=67

d_http://www.dengubas.org/NewsDetailN.aspx?id=18009&LinkID=67

[*] - بۆردومانەكانی ئێران و توركیا بۆ سەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ئاگاداری حكومەتی عێراقە..بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.xebat.net/article.php?id=22939

ماددەکانی(١)و مادەی(١٤٠)ی ... دەستووری عێراقیان کردووە. سەرجەم بنەما هاوسێیەتیەکانی یاسا نێودەڵەتیەکانیان پێشێل کردووە جگە لەوە کە وڵاتانی عەرەبی* خاڵەکانی(٢، ٥، ٦)ی بەڵگەنامەی (میثاق) کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیان پێشێل کردووە. جگە لەوەی کە کۆمکاریش سەرپێچی خاڵی(٢و٣)ی تایبەتمەندیەکانی کۆمکاری عەرەبی کردووە سەبارەت بە عێراق...** بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین کە زیاتر تر لێیان بدوێین:

١- تورکیا:

بە درێژایی حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشان بەکۆماری بوونی تورکیا هەڵوێستیان دژ بە گەلی کورد و مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بووە چ بە بەستنی پەیماننامە بێت لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی چ بە لێدانی ڕاستەوخۆی سەربازی بزوتنەوەی گەلی کورد بێت، ئەم هەڵوێستە نەگۆڕبووە تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیش، وە نەبێت لە پاش پرۆسە گۆڕان لەهەڵوێستی ڕامیاری تورکیا هاتبێت***، بەڵکو لە پاش دروست بوونی حکومەتی فیدڕاڵ، لاوازی حکومەت و نەیاری هەندێك لە پارت و سەرکردە شیعەو سوونەیەکان دژ بەگەلی کورد و پتەوی پەیوەندییان لەگەڵ خودی ئەمەریکا و بوونی نەتەوەی تورکمان**** لە ناوچە دابڕاوەکان و بەکارهێنانی هەندێك پارتی تورکمانی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئابوری و ڕامیاری خۆی دا، توانی دەست بخاتە ناو

---

* - وولآتانی عەرەبیش دەزگا هەواڵگرییەکانیان لە عێراق و ناوچە دابڕاوەکان خستۆتە گەڕ و جگە لە کاری هەواڵگری، کاری تێکدەرانەش دەکەن...

** - اسعد مفرج و لجنة من الباحثين، ميثاق جامعة الدول العربية، السياسة والبلاد العربية، موسوعة عالم السياسة، عدد١٢، نوبل-بيروت، بدون سنة ط، ص٢١٨-٢٢٩.

*** - دژایەتی کردنی گەلی کورد لە لایەن تورکیاوە گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕێ بەخۆیان نادەن وشەی کوردستان بە کار بهێنن، بۆ نموونە لە کۆبونەوە شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و عەبدوڵلا گویل ی سەرۆکی تورکیا لە مانگی ئازاری ڕابوردوو کە لە سەر پرسی ئابوری و ڕامیاری نێوان هەردوولا بەسترا، گویل لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕەتی کردەوە کە وشەی کوردستانی بەکار هێنابێت، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7724&linkID=66

**** - ڕاوێژکاری سەرۆکی تورکیا بۆناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست تورکمانێکی خەڵکی شاری کەرکوکە بە ناوی(ئەرشەد هورمزلی):-

http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=9613linkID=66

کاروباری عێراق و بە پێی پێویست کار بۆ لێدانی بەرژەوەندی گەلی کورد بکات، بە کارکردن بۆ نەگەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان... تورکیا دژایەتی کوردستانێکی سەربەخۆ یان تەنانەت خاوەن حوکمی خۆبەخۆی پایەدار دەکات لەبەر ڕەچاوکردنی ئاسایشی نەتەوەییی خۆی[1].

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە شوباتی٢٠٠٧ جگە لەوەی کە داوای دواخستنی ڕیفراندۆمی کەرکوکی کرد، ئاگاداری هێزە کوردییەکانی کرد ئەگەر بێت و بیانەوێت کۆنترۆڵی شاری کەرکوك بکەن، ئەوا دەستەوستان نابین...[2]چوونکە تورکیا هەرگیز ڕازی نابێت بەلکاندنەوەی کەرکوك بە هەرێمی کوردستان، هیچ پێشنیارێکیش قبوڵناکات کە ببێتە هۆی لکاندنەوەی کەرکوك بە هەرێمی کوردستانەوە.[*]

أ- لەشکرکێشی و بۆردومان:

بەپێی پرۆتۆکۆلی ساڵی١٩٨٧ی نێوان تورکیاو ڕژێمی بەعس، توکیا مافی سنوور بەزاندنی خاکی عێراقی هەبوو. بۆیە بەدرێژایی سێ دەیەی ڕابوردوو تورکیا لەشکر کێشی بۆ کوردستان کردووە، بەلاّم لەشکر کێشی ساڵی٢٠٠٧و مانگی شوبات و ئازاری٢٠٠٨[**]... بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە(ڕامیاری، سەربازی، ئابوری[***]...)بەمەبەستی (داگیر کردنی

---

[1] - (بیکەر- هاملتۆن)، ڕاپۆرتی گروپی دیراسەکردنی عێراق، و.جەمیل عەلی و هتد، چاپی یەکەم، لە بلاوکردنەوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، ساڵی٢٠٠٧، ل١٨٣.

[2] اردوغان-ی/846_ http://news.maktoob.com/article/544762

[*] - دیداری ڕۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ هیلتەرمان... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://www.asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=376

[**] - تورکیا لەم لەشکرکێشیەدا نزیکەی دە هەزار سەرباز و هێزی تایبەت وجاشی بەکار هێنا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی...(٢٥) کیلۆمەتر هاتنە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە ئەم هێرشە بەیارمەتی هەواڵگری ئەمەریکاو یارمەتی لۆجستی ئیسرائیل و ڕەزامەندی مالکی بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرەیدون ئەحمە، بەهێزێکی دە هەزار سەربازیەوە، تورکیا سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاند، ڕۆژنامەی هاولاّتی، ژمارە(٣٩٩)، ٢٤شوباتی٢٠٠٨، ل٤.

[***] - تورکیا بە نزیکەی(١٢٠٠)کۆمپانیا و(٥٠٠٠٠)دەستی کارو(٦)ملیاردۆلار لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن...(٧٥٪)ی ئەو کۆمپانیایانە سەر بە حزبی بزوتنەوەی نەتەوەییی تورك(mhp)ی توندڕەون... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەلکوردیە نیوز، تورکە توندڕەوەکان کوردستانی

چەند ناوچـەیەکی کوردسـتان و پەکخسـتنی پرۆسـە دەسـتوورییەکانی عێـراق بەتایبەت جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠و دروست کردنی گرفت بۆ هەرێم تا جـێ بەجێکردنی مادەی١٤٠ بخاتە پەراوێزەوە یان هیچ نەبێت سەرکردایەتی کورد هان بدات بۆ ئەوەی کە بیر لە سـیناریۆی تـورکی بکەنـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە، دامەزرانـدنی ناوچـەیەکی سـەربازی تـورکی لەهـەرێم تـا بـە نـاوی پشتێنەی ئەمنی کار بۆ جێ بەجێکردنی ئەجندای ئەنکەرە بکات لە کوردسـتان و ڕێگرتن لە فراوان بوون و پەرەسەندنی کارو چالاکی و دەست کەوتـە ئـابوری و سیاسی و ستراتیجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت پیشەسـازی و بەرهەمهێنانی بواری نەوت و کەم کردنەوە و لاواز کردنی ڕۆڵی کورد لە ناوەنـد، پیشان دانی هێز بە ڕووی وڵاتانی ناوچەکەو ناچار کردنی ئەمەریکا بـۆ پێـدانی ڕۆڵی زیاتری تورکیا لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕێگـرتن لـە دابـەش بـوونی عێراق...[1] تا ئێستاش تورکیا هـەر بەردەوامـە لـە بۆردوومـان کردنـی ناوچـە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها لە سێ مانگی یەکـەمی سـاڵی٢٠٠٩ تورکیا(٢٥)هێرشی ئاسمانی و تۆپبـارانی کردۆتـە سـەر ناوچـە سـنوورییەکانی هەرێمی کوردستان.[2] ئەمەو جگە لەوەی بـە پێـی ڕاپـۆرتی نێـردەی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق بـۆ ناوچـەکە کـە هێـزە سـەربازیەکانی تورکیـا چـەکی قەدەغەکراوی جیهانیشی بە کارهێناوە لـە بۆردوومانەکانـدا[3]، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە(٥١)، جگـە لـەوەی کـە تورکیـا نزیکـەی (١٣)بنکـەی سـەربازی و(٣٢٣٥)ئەفسەرو سیخوڕو جەندرمەی تورکی لە کوردستاندا هەیە..[4]

---

عێراق بنیاتدەنێنەوە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٥١٣)، ٥نیسانی٢٠٠٩، ل٥. وەرگـیراوە لـە سـایتی ئەلکوردییە نیوز.

[1] - ڕێکخراوی هەنگاو، پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای شـادی بۆچامەنی هونەری، بەبێ ساڵی چاپ، ل٥١.

848_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=8090&LinkID=66

[3] - تایبەت، لە هەرێمی کوردستان١٣ بنکەی سـەربازی و ٣٢٣٥ئەفسـەر و سـیخورو جەندرمـەی تورك هەن، گۆڤاری لیڤین، ژمارە ٧١، ١٥ی تەموزی٢٠٠٨، ل٤-٥.

[4] - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤-٥.

**خشتەی ژمارە(٥١)**

**خشتەی بۆردومان‌و دەستدرێژیی* تورکیا بۆ سەر هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٧****

| ك٢ | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | ت١ | ت٢ | ك١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| - | ٥ | ٦ | ١٠ | ١٥ | ١٦ | ٢٦ | ١٣ | ٦ | ٢٠ | ٢٢ | ٣٠ |

**ب- ڕامیاری:**

**١ – بۆ نموونە تورکیا لە پاش ڕزگارکردنی عێراق کەوتە یارمەتی دانی پارتە تورکمانییەکان(هەندێك بەرەی تورکمانی بە شوعبەی ئیستخباراتی تورکیا لە عێراق دا ناو دەبەن)*** و بەکارهێنانی لە دژی خواستەکانی گەلی کورد، لەم بوارەشدا یارمەتیەکی زۆری ئەم پارتانەی داوە چ بەدروست کردن و پێدانی پارەو پول بێت یان چ بە بەخشینی چەك و تەقەمەنی بێت یان بە مەشقی سەربازی و دروست کردنی ڕایەڵەی ڕامیاری و هەواڵگری و سەربازی لەنێوانیاندا، ئەم گروپانە بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر**

---

* - هەموو جۆرە دەست درێژیەکی(تۆپ باران و موشەك باران و بوردومانی تەیارە و ئاسمان بەزاندن و سنوور بەزاندن...) دەگرێتەوە ئەمەش پێشێلکاریە بەرامبەر بەپەیمانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکەوتننامەی ساڵی١٩٢٨، و پێشێلکاری خاڵەکانی کۆنگرەی لاهای١٨٩٩، و پێشێلکاری چوار ڕێکەوتننامەکەی جینێف ی ساڵی١٩٤٩، و پێشێلکردنی مادەی٢٤و ٢٥ لاهای ساڵی١٩٠٧... بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: - ڕێکخراوی هەنگاو، پەلامارەکانی سووپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧-٦٨.

** - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩-٣٣.

*** - تورکیا دەیەوێت هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر هەژمونی خۆی بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ نموونە، دەیەوێت لە ڕێگای بەرەی تورکمانی هەموو ئەو ئەمانجانە بەدەست بێنێت، جگە لەوەی کە تورکەکان دەیانەوێت لۆبیەکی گەورە دروست بکەن لە ناو عەرەبە شۆڤیەنییەکان و خەڵکانێکی زۆریان بە پارە کڕیوە و لە هەوڵی بەپارێزگاری کردنی دوزخورماتوو تەلەعفەردان تا لەگەڵ کەرکوك بتوانن هەرێمێکی پێ دروست بکەن... جگە لەوەی پارتی عەدالە و تەنمیە لە ڕێی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەندێك لە پارتە ئیسلامیەکان دەیەوێت بگەنە پەرلەمانی کوردستان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاوڕێ کەریمی، "تورکیا هەر شوێنێك داگیربکات ناچێتە دەرەوە، ئەوە بڕیارێکی تایبەتی مەجلیسی ئەمنی عەسکەری تورکیایە"، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٩٩)، ٢٤شوباتی٢٠٠٨، ل٥.

هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنن، نەك تەنها ئەوە بەڵکو تورکیا کاری ڕاهێنانی بە ئەندامانی ئەو گروپانە کردووە بۆ ئەنجام دانی کاری تیرۆرستی.

٢ - ئەحمەد ئۆغلۆی* گەورە ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ کاروباری دەرەوە، ڕیفراندۆمی بە "هۆکارێکی زۆر ترسناك" ناو برد، سەبارەت بە ئەنجامی هەوڵەکانی ولاتەکەیشی بۆ پەکخستنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق دەڵێت "مادەی ١٤٠ وەك بۆمبێکی دروستکراو درایە دەست عێراقییەکان، بەلاَم خۆشبەختانە لەگەڵ ئەمەریکاو هاوپەیمانانی دیکە توانیمان ڕیفراندۆم دوا بخەین"[١].

٣- لەمانگی ئازاری ڕابووردوو تورکیا و ئەمەریکا لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ گروپە چەکدارە یاخیە عێراقییەکان دا کۆبوونەتەوە، هۆشیار زێباری دەڵێت "ئەو کۆبوونەوەیە شۆك بوو بۆ حکومەتی عێراق..."[٢] ئەمەش بە مانای پتەوی پەیوەندیی نێوان تورکیا و گروپە یاخییەکانە دێت کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی عێراق سورە، لە ناویشیدا ڕۆڵەکانی ناوچە دابڕاوەکان.

٢- کۆماری ئیسلامی ئێران:

ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لە گەڵ پارتە نەیارەکانی ڕژێمی پێشوو، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئێران بەهۆی ئەو هێزە عێراقییانەوە توانی هەژمونی ڕامیاری و سەربازی خۆی بسەپێنێت بە سەر حکومەت و تەواوی دامەزراوەکانی عێراقدا. بۆ نموونە میسال ئالوسی سەرۆکی پارتی ئومە دەڵێت "حەسەن کازمی قومی باڵیۆزی ئێران لە بەغدا بە ملیۆنان دیناری خستۆتە بەردەستم و چانسێکی زۆری پێداوم بە پێدانی پۆستی بەرز لە حکومەتی عێراقیدا لە بەرامبەر هاوکاری کردنی حکومەتی تاراندا، هەروەها پشتگیری لە ئەمەریکییەکان دەکات کە دەڵێن ئێران بەرتیلی داوە بە ئەندام پەرلەمانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.[٣] بە گشتی دەتوانین کاریگەریی نەرێنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ناوچە دابڕاوەکان لەم خالآنەدا ڕوون بکەینەوە:

---

* - ئێستا وەزیری دەرەوەیە.

١ - هێمن لهۆنی، "بەهاوکاری ئەمریکا توانیمان ڕیفراندۆمی کەرکوك دوا بخەین"، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە (٣١٠)، ٢٢ئەیلولی٢٠٠٨، ل١.

http://www.pukmedia.com/News/24-07-2009/news05.html_978

852_http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=12618&cat=2

**أ- له سەر ئاستی كۆماری ئیسلامی ئێران:**

مەنوچەهر موتەكی وەزیری دەرەوەی ئێران لە كۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی دراوسێی عێراق لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی٢٠٠٧ دا سەبارەت بەكەركوك وتی" پێویستە ماددەی١٤٠ی دەستووری عێراق بۆ ماوەی دوو ساڵ دوابخرێت"[*].

**ب- پارت وحكومەت:**

گومانی تێدا نییە زۆربەی پارتە شیعییەكان پەیوەندییەكی توند و تۆڵیان لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران دا هەیە، چوونكە زۆرێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی حكومەتی عێراقی جگە لەوەی كە لە ئێرانەوە درێژەیان بە بەخەبات دەدا دژی ڕژێم، یارمەتی و كۆمەكی سەربازی و ئابوری...یان لە كۆماری ئیسلامی ئێران وەردەگرت، بۆیە شتێكی سروشتییە كە كۆماری ئیسلامی ئێران فشار لەو پارت و گروپانە بكات بۆ دژایەتی كردنی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان بۆ سەر هەرێمی كوردستان، تاكو هەرێمە دەوڵەمەندەكان بە نەوت نەكەونە ژێركۆنترۆڵی هەرێمی كوردستانەوە كە بناغەیەكی بەهێز دەبێت لە دروست كردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی كوردی. بۆ نموونە ئێران فشاری لە لیستی ئیئتیلاف كردووە كە نابێت یاسای هەڵبژاردنەكان(ئەنجومەنی پارێزگاكان)و بڕگەی تایبەت بە كەركوك لە بەرژەوەندیی كورد پەسەند بكرێت[١]. بێگومان ئەوانیش دژی هەموو جۆرە جوداخوازی یەكی گەلی كوردن، بەمەبەستی بەردەوامی دان بە سەركوت كردن و چەوساندنەوەی كوردستانی ژێر

---

[*] - دوای ئەو لێدوانەی موتەكی، دكتۆر بەرهەم جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق وەڵامی موتەكی دایەوە و لە لێدوانێكیدا ڕایگەیاند: ئایندەی كەركوك عێراقییەكان دیاری دەكەن بە پێی دەستور و بۆ هیچ لایەك نیە خۆی تێهەڵقورتێنێت، لەبەر ئەوەی ئەوە كێشەیەكی عێراقیە و ئەو لێدوانە دەست وەردانە لە كارو باری عێراق و خزمەتی پەیوەندیی نێوان عێراق و ئێران ناكان. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

a_

http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=14&smap=01010100&rnr=81&anr=21200

b_ http://www.sotaliraq.com/iraqnews.php?id=792

[١] - تایبەت گۆڤاری لڤین، ئێران لە پشتی سیناریۆكانی چارەنووسی كەركوكەوەیە، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٧٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل,٣٥

دەسەلاٌتی خۆی، هێزی بەدر و سوپای مەهدی ڕاستەخۆ لەلایەن هێزی پاسداران و سوپای قودسەوە مەشقیان لەناو ئێران دا پێ دەکرێت و تازەترین چەکی پێشکەوتوویان پێ دەدرێ، جگە لە بلاٌوە پێکردنی تۆڕێکی فراوانی هەواڵ گری ئێرانی لە عێراقدا. لە سەرەتای ساڵی٢٠٠٥دا بەیان جەبر، سەرکردەی دێرینی سوپای بەدر بوو بە وەزیری ناوخۆ لە حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەریدا، لە ژێر دەسەلاٌتی بەیان جەبردا وەزارەت بڕێکی زۆری هێزەکانی لەوانەش پۆلیس ئاخنران لە پلە دارانی سوپای بەدر لە پلەکانی سەرەوەدا و سوپای مەهدی وەك دەرەجەدار و پلە ناوەندییەکان، [1] جگە لەوەی کە ئێران بۆ بەدی هاتنی بەرژەوەندییەکانی هەرگیز مەزهەبی لە بەرچاو نەگرتووە، بۆ نموونە: ئێران بەشێوەیەکی زۆر فراوان یارمەتی هەمەجۆری[**] چەکدارەکانی قاعیدە دەدا لە پارێزگای دیالە جگە لە گرووپی کوردی ئەنسارولئیسلام...[2] جگە لەوەی کە لە ڕۆژی(٤ی ئابی٢٠٠٧)دەست گیرا بە سەرچەندین جۆر لە چەك و تەقەمەنی ئێرانی لە پارێزگای کەرکوك[3]، ئێران لە ساڵی٢٠٠٨ چەند ڕێنماییەکی ئاراستەی ئەو پارتە عێراقییانە کردووە کە لایەنگری تارانن بۆ دارشتنی پلانێك بەمەبەستی سنووردار کردنی دەسەلاٌتی کورد لە بەغداد و بچووککردنەوەی قەوارەی کورد لە عێراقدا، هەروەك جەخت لە سەر ئەوەش کراوەتەوە نابێت کارێك بکرێت کە هاوپەیمانی کوردستان لە حکومەتی عێراق بچێتە دەرەوە، بەلاٌم پێویستە مانەوەیان بەشێوەیەك بێت کە بەتەواوی لە ژێرچەکوشی لیستی ئیئتلافدا بن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی ئیئتلاف بن... [4]

---

855_ http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=١٦٩&cat=١

[**] - دەیان بار لە مین و موشەك وتەقەمەنی لە سنووری پارێزگای دیالە بەتایبەت خانەقین دەستی بەسەرداگیراوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

http://wna-news.com/inanews/news.php?item.21031.1

[2] - هاولاٌتی، ئێران، هاوکاری چەکدارانی قاعیدە دەکات لە باقوبە، ڕۆژنامەی هاولاٌتی، ژمارە(٣٤١)، ٢٩تەمووزی٢٠٠٧، ل١. ب - (بیکەر- هاملٹۆن)، ڕاپۆرتی گرووپی دیراسەکردنی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

[3] - ڕووداوی مانگانەی ساڵی٢٠٠٧ی ناوەندی ڕێکەوتن و هاوبەشی(pjcc)، ڕاپۆرتی بلاٌونەکراوە، بەبێ ژمارەی ل.

[4]- ڕۆژنامەی خەبات، ئێران داوا لە پارتە عێراقییەکانی لایەنگری دەکات، دەسەلاٌتی کورد لە بەغدا سنوورداربکە، ژمارە(٢٩٥٩)، ٢ی ئەیلولی٢٠٠٨، ل١و١٢.وەرگیراوە لە: ئاژەنسەکان.

هەموو هەوڵەکانی ئێران بۆ تێکدانی باری ئاسایشی عێراق و بەرەو پێشچوونی پرۆسەی ڕامیاری بووە لە وڵاتدا، بەمەبەستی شکست پێهێنانی هەوڵەکان ئەمەریکا بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقێکی فیدراڵ، لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر، بەڵام ناردنی گروپی تیرۆرستی بۆ ناوچە دابڕاوەکان بووە هۆی:

١ - ئاسایی نەکردنەوەی گۆڕانە دیمۆگرافیەکانی ڕژێمی پێشوو، ئەمەش بەواتای درێژە پێدانی نەهامەتییەکانی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان و درێژە دان بەپرۆسەی ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی ڕژێمی بەعس دێت، ئەمەش کاریگەرییەکی تری خراپیشی ئەبێت لە کەم کردنەوە دەنگی لیستە کوردیەکان، لەو ناوچانە لە هەڵبژاردنەکاندا.

٢ - جێ بەجێ نەکردنی مادەی١٤٠ بەمانای ناڕاستەوخۆ هاندانی بەغدا و هەولێر بۆ قووڵکردنەوەی ململانێکان وئاڵۆز بوونی ڕەوشی ڕامیاری عێراق دێت.

٣ - جگە لەوەی کە چەندین جاریش پاسدارانی ئێران سنووریان بەزاندووە و بەقوڵایی چەند کیلۆمەترێك هاتوونەتە ناو خاکی هەرێم.[*] وتە بێژی هێزەکانی پاسەوانی سنووری دیالە ئاشکرای کرد کە پاسدارەکانی ئێران لە ناوچەی مەندەلیەوە چەند کیلۆمەترێك هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە و سێ مەخفەری هێزەکانی پاسەوانی سنووری دیالە یان کۆنترۆڵ کردوەو تێیدا جێگیربوون.[**]

ت- تۆپ باران کردنی ناوچە سنوورییەکان:

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەمان تەکتیکی ڕامیاری تورکیای پەیرەو کرد بە جۆرێك ڕێکەوتنی دوولایەنە هەبووە لە بۆردومانی هەرێمی کوردستان وەك لە بۆردومانەکانی ساڵانی٢٠٠٨-٢٠٠٩...

---

[*] - دڵشاد ئەنوەر، ئێران لە مەندەلییەوە چەند کیلۆمەترێك خاکی هەرێمی بەزاندووە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٧٩)، ١٢ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٧، ل١.

[**] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هاتنە ناوەوەی ئێران لە سنووری پارێزگای دیالەوە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١.

**پ- لەسەر ئاستی هەرێمی:**

**لەسەر ئاستی هەرێمی هەمیشە لە کارکردندا بووە لەگەڵ وڵاتانی تری هەرێمی بەتایبەت سوریا و تورکیا .. بەمەبەستی دووپات کردنەوەی نەیارییان بۆ نەگەیشتنی گەلی کورد بە مافە زەوت کراوەکانی خۆی.**

**٣- لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی:**

**کۆمکاری عەرەبی هەمیشە چاوی لە هەموو کارەسات و مەینەتیەکانی گەلی کورد داخستووەو. لەدوای پرۆسەی ڕزگاری عێراقیشەوە درێژەیان بەو هەڵوێستەیان داوە، بۆ نموونە لە کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی لە قەتەر دژی بەشداری سەرۆك کۆمار(جەلال تاڵەبانی)بوون لەبەر ئەوەی کوردە![١] کە سەرۆك کۆمار بەرپرسیاری یەکەمە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتیکردنی عێراق لەناوەندە نێودەوڵەتییەکان.[٢] بەعسیەکان یارمەتی هەمەجۆر لە وڵاتی میسر وسعودیەوە وەردەگرن...[٣]جگە لەوەی کە سعودیە تەقەمەنی ناردوە بۆ کەرکوك بۆ ئەنجام دانی کاری تیرۆرستی[*]، کۆماری سوریاش لەو وڵاتانە بەدەر نەبووە بۆ دژایەتی کردنی گەلی کورد بۆ نموونە سوریا بە هاندان و بەکرێ گرتنی هۆزە عەرەبەکان لە ناوچە دابڕاوەکان، دژایەتی گەلی کورد دەکات، مانگانە بە بڕی(٥)ملیۆن دینار بۆ هەر سەرۆك هۆزێك لە ناوچەکانی جەلەولا و سەعدیە دەنێرێت بۆ ئەوەی دژایەتی کورد بکەن، [٤]جگە لە مەشق پێ کردن و ناردنی گروپە تیرۆرستەکانی وڵاتانی تری عەرەبی بۆ ناو خاکی عێراق، [٥]سەرەڕای ئەوەی هەندێك لە کارە تیرۆرستییەکان لە شارەکەدا لە لایەن سوریەکانەوە ئەنجام**

---

[١] - کۆمکاری عەرەبی لە٢٢وڵات پێکهاتوە، ساڵانە لەیەکێك لەوڵاتە عەرەبییەکان کۆبونەوەی باڵا دەبەسترێت، هەر ساڵە وڵاتێك(وڵاتی خانەخۆێ)دەبێتە سەرۆکی، کۆنگرەی ئەم ساڵ لە٣٠- ٣١ی ئازاری٢٠٠٩ لە دۆحە بەسترا.. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە :

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3310

[2-]86٠_http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=37823&linkID=126

[٣] - هاوڵاتی، میسرو سعودیە پاڵپشتی حزبی بەعس دەکەن سەردانی وەفدێکی بەعسیش بۆ کوردستان دوا کەوت، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٤١)، ٢٩تەمووزی٢٠٠٧، ل١-٢.

[*] - ئاماری قوربانیانی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای کەرکوك بۆ ساڵی٢٠٠٧.

862_http://www.hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=3305&linkID=7894

[٥] - (بیکەر-هامڵتۆن)، ڕاپۆرتی گروپی دیراسەکردنی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣-١٨٤.

**دەدرێت[**] و برایمەر سەبارەت بە سوریا دەڵێت"ئەوانە خەڵکی خۆکوژی سعودیەو یەمەن و میسرو باکووری ئەفەریقایان ڕێکخستووە"[1].**

**ب- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

**ئەمەریکا و هەر وڵاتێکی تری داگیرکەر ئامانجی درێژە پێدانی بەرژەوەندییە ئابوری و ڕامیاری و سەربازییەکانە، داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، بۆ بەدەست خستن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەبوو، ڕادەی هاوپەیمانی و پەیوەندییە ڕامیاری و سەربازییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ وڵات و لایەنی بەرامبەر دەوەستێتە سەر برو ماوەی بەرژەوەندییەکانی بۆ پاراستنی ئەم بەرژەوەندییانە هەموو ڕامیارییەك دەگرێتە بەر، بۆ نموونە: وەك پیشەی هەمیشەیی ئەمەریکا ویستویەتی سازش بە دۆستەکانی بکات لەبەرامبەر دوژمنەکانی، پیتەر گالبریس دەڵێت" ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوام خراپەی بەرامبەر بە دۆستەکانی لە عێراق دەکرد لە هەوڵێکی نائومێدانەدا بۆ ڕازی کردنی دوژمنەکانی"[2]، بۆ نموونە گروپی کرایسس گروپ پێ ی وایە" کە پەیوەندییەکانی کورد لە ساڵی٢٠٠٣جیاوازە لە پەیوەندی ساڵی٢٠٠٧، واتە ئەمەریکا کەوتۆتە ڕووبەڕوو بونەوەیەکی سیاسیانە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە کەرکوك و موسڵ و دیالە"[**]، جگە لەوەی لە ڕێکەوتنی کشانەوەی هێزەکانی نێوان ئەمەریکاو عێراق هاوشێوەی ڕێکەوتنەکانی نێوان دەوڵەتی عێراق- بەریتانیایە و هیچ ئاماژەیەك بە ناو بۆ ماف و بەرژەوەندییەکانی کوردیش نەکراوە.**

---

[*] - تیرۆرستێکی سوری لە ڕۆژی( ١مایسی٢٠٠٩)بەپشتێنێکی بۆمب ڕێژکراوەوە دەست گیرکرا، بەنیاز بوو لە مزگەوتێکی حوسەینییەدا خۆی بتەقێنێتەوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: خەیام کاوە، توانا حەمەنوری، بەر لەخۆ تەقاندنەوەی، تیرۆرستێك بە پشتێنێکی بۆمبڕێژکراو دەستگیر دەکرێت، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٦٣)، ٣ مایسی٢٠٠٩، ل٤.

864_http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3640

[2] - پیتەرگالبریس، کۆتایی عێراق، و. لەعەرەبییەوە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

[**] - کرایسس گروپ(گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی)گروپێکی ناحکومەی نێودەوڵەتیە، ئیڤان گارێر سەرۆکی گروپەکەیە، کۆرنۆنیك جێگریەتی، یۆست هیلتەر مانیش جێگری نوسەری گروپەکەیە، کاردەکات بۆ نەهێشتنی قەیران و کێشە لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان تێدایە... بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە:

http://www.asoxandan.com/Direjeraport.asp?Babet=Raport&Jimare=1338

**بەهۆی فشارەکانی ئەمەریکا و پەیوەندییە تەلەفۆنەکانی ئۆباما و بایدنەوە بوو لە سەر سەرۆك كۆمار و سەرۆکی هەرێم، بۆ تێ پەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، لە کاتێکدا کۆشکی سپی پشتگیری لە مادەی ١٤٠ دەکات، پشتگیری خۆشی بۆ مادەی١٤٢ی دەستوریش دەردەبڕێت، کە دەشێت هەر بەو مادە دەستوریە، مادەی١٤٠ لە ناو ببرێت. دەپرسین، لە ماوەی(٤)ساڵی ڕابووردوو ئەمەریکا بۆ کاری بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠نەکرد؟ ئەگەر وەك ڕابوردوو پشتگیری لە جێ بە جێ کردنی مادەی١٤٠ نەکات، ئەوا بە مانای هاندانی حکومەتی ئایندەی عێراق(حکومەت، پارت...)و ولاَتانی تری هەرێمی دێت بۆ پشت کردنە ماددەکەو دژایەتی کردنی مافە نیشتمانیو کوردستانییەکانی گەلی کورد[*]...**

**١ - لیژنەی لێکۆڵینەوەی عێراق[١] (Iraq Study Group )یان(لیژنەی بیکەر- هاملتۆن)[**]:**

**لیژنەی بیکەر- هاملتۆن پاش ئەوەی کە توێژینەوەیان( The Iraq Study Group Report)کرد لە بارودۆخی عێراق، لیژنەکە(٧٩)ڕاسپاردەیان دا بە حکومەتی ئەمەریکا بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی پرۆسەی ئاسایشی عێراق و خۆرهەلاَتی ناوەڕاست، بەلاَم بۆ کوردەکان ڕاچەنین بوو لە خەوی شیرین و لەو هیوا زۆرەی کە بە ئەمەریکایان هەڵچنیبوو، سەرەڕای ئەوەی کە لیژنەکە سەردانی کوردستانیان**

---

[*] - بۆ بینینی دەقی ڕاگەیاندنەکەی واشنتۆن بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٦).

[١]- ئەم لیژنەیە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمەریکاوە دروست کرا لە(١٥ی ئازاری٢٠٠٦)لە چەند ئەندامێکی پەرلەمانی سەر بە هەردوو پارتی(کۆماری و دیموکرات)بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق، و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك لە کۆتایی ساڵ، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو گرفتانەی کە توشی عێراق هاتبوو، پێشی دەوترێت لیژنەی بیکەر- هاملتۆن: لەبەر ئەوەی ئەم لیژنەیە لە جیمس بیکەر و لی هاملتۆن و چەند کەسێکی تر پێکهاتبوو... بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.marafea.org/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=12699

[**] - جیمس بیکەر: لەپارتی کۆماریە، لەسەردەمی بوشی باوك دا وەزیری دەرەوە بووە، پێشتریش سەرۆکی دەزگای کۆشکی سپی بووە لەسەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان دا. لی هاملتۆن: لە٢٠ی نیسانی١٩٣١ لە دایك بووە ولە پارتی دیموکراتییە، لیژنەی لێکۆڵینەوە بووە لە ڕووداوی١١ی سێپتەمبەر، تاساڵی١٩٩٩ کاری کردووە لەپەرلەمان واتە بۆ ماوەی٣٤ ساڵ. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:- سەرچاوەی پێشوو

http://www.marafea.org/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=12699

نــەكرد كۆمــەڵێك پێشــنیاریان كــرد دژی دەســتووری عێــراق و مــادەی١٤٠و خواستەكانی گەلی كورد بوو، لــە ڕاســپاردەی(٢)دا داوای بەشــداری پێكــردن و ڕۆڵگێڕانی ولاٚتانی هەرێمی لە یەك پارچەیی خــاكی عێــراق و دەســتگیرۆكردنی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕێكەوتنێكی فرە لایەنە لە ســەر كــەركوك دەكــەن؟!.. كــە ئەمە پێچــەوانەی مــادەی(١)ی دەســتووری عێراقــە، ڕاســپاردەی(٢٨)داوای بــە ناوەنــدی كردنــی كــەرتی نــەوت كــراوە!!! ئەمــەش پێچــەوانەی بەنــدەكانی مادەی(١٤١)ە، هەروەها لە ڕاســپاردەی(٣٠)كــەركوكیان بــە بەرمیلــە بــاروت چواندووە داوای ئەنجام نەدان و داواخستنی ڕیفراندۆمیان كردووە لە ســاڵی٢٠٠٧، تا بەرمیلە باروتەكە نەتەقێتەوە جگە لەوەی داوای بەنێودەوڵەتی كردنی كێشــەی كەركوكیان كردووە ئەمەش پێچەوانەی مادەی(١٤٠)ی دەســتووری عێراقــە، لــە ڕاسپاردەی(٣٢)دا ئێزیدییەكانیان لە كورد دابڕیوە. لــە ڕاســپاردەی(٣٥)دا داوا لەئەمەریكا دەكەن كە گروپە یاخییەكان بگەڕێننەوە ناو حكومــەت وەك ســەدرو سەركردەی میلیشیاكان ویاخی بووەكان كەمەبەستی بەعسیەكانە، كــە ئەمــەش پێچەوانەی مادەی(١٣٥)ە، هەروەها لە پێشەكی بەشــی هێزەكــان و ســوپا داوای زیاد كردنی هێزەكانی ئەمەریكا كراوە.[1]

ب- لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم:

١- ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆی فەرماندەی سوپای ئەمەریكا لە عێراق دەڵێــت"بــوونی هێزەكانی پێشــمەرگە لــە ناوچــە جێناكۆكــەكان بەتایبــەت كــەركوك وموســڵ نایاساییە وپێویستە لە نێوان حكومەتی هەرێم وبەغدادا یــەكلایی بكرێتــەوە،[2] ئەمە لە كاتێكدایە كە ڕێكەوتنی نێوان بەغدا و هــەولێر لــە ســەر ئــەم پرســە هەیە و ئۆدێرنۆ خۆی بێ ئاگا دەكات لەم ڕێكەوتنە.

٢- هەڵوێستی ئەمەریكا لە سەر پرسی مادەی١٤٠ و كــەركوك وەك بەشــێك لە ناوچە دابڕاوەكان، هەڵوێستێكی دڵخۆشــكەرە نیــە، بــۆ نموونــە ئــەم نــەرێنی هەڵوێستە لە هەڵوێستی كەسایەتییەكی سیاسی وەك هاوارد كیگنی كونســوڵی ئەمەریكا لە كەركوك ڕەنگ دەداتەوە بــۆ نموونــە، كــیگن دەڵێــت"مــادەی٢٤ی

---

[1]- (بیكەر- هاملتۆن)، ڕاپۆرتی گروپی دیراسەكردنی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨-٣٠٤.

[2] - فەلاح نەجم، وەزیری پێشمەرگە وەلاٚمی ئۆدێرنۆ دەداتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(٤٣٩)، لە٢٩ئازاری٢٠٠٩، ل١.

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە، جگە لەوەك کە دەڵێت ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەستووری نییە، هەروەها دەڵێت دەبێت هەموو کەسێك لە ژێر دەستوردا بێت و بەشێوەیەکی یەکسان مافی خۆی وەربگرێت، دەبێت کورد کیبریائی خۆی بیربچێتەوە، و سەیری ئەوە نەکات ژمارەی چەندە، (مەبەستی شەرعیەت دانە بەمادەی٢٤ی یاسای پارێزگاکانی کودەتای٢٢ی تەمووز). هەروەها دەڵێت هەموو کات ئەمەریکا پشتگیری لە دەستور دەکات بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی ویست و ئارەزووی خەڵك شتێکی تری بوێت یاخود ئامانجێکی تری هەبێت، ئەوە بە تەئکید ئەمەریکا پشتگیری لە ڕەغبەت و ویستی ئەو خەڵکە دەکات (مەبەستی ئەوەیە ئەگەر نەتەوەکانی تر هەر داوایەکیان هەبێت، ئەگەر پێچەوانەی دەستووریش بێت ئەوا بۆیان جێ بە جێ دەکات.."[1]، ئەمەش پێشێل کردنی سەروەری عێراق و دەستورەکەیەتی.**

**٣- ئەدمیراڵ مایکڵ مۆڵنی فەرماندەی دەستەی ئەرکانی ئەمەریکا لە سەردانێکی دا بۆ شاری کەرکوك لە١٣ی تەمووزی٢٠٠٩دا، ڕایگەیاند واشنتۆن هیچ چارەسەرێکی پێ نییە بۆ کەرکوك، چارەسەری کێشەکانی بە دانیشتوانەکەی سپارد لە کاتێکدا کە ئەمەریکییەکان چوونە بۆسنەوە. ئایندەی ڕامیاری بۆسنەیان بە گروپە رکەبەرەکان نەسپارد، بەڵکو سەرۆك کلینتۆن وتوێژی ئاشتی دایتۆنی ساز کردو ڕیچارد هۆڵبرۆکیش ڕێکەوتنەکەی بەئەنجام گەیاند هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە،[2] ئەی بۆ ئەمەریکا بەم هەنگاوە هەڵنەستا لە کەرکوك؟!.**

**ت - کرایسز گروپ(**International Crisis Group**):**

**هەندێك لە ڕاپۆرت و توێژینەوەکانی پەیمانگاو زانکۆو دامەزراوەکانی تری توێژینەوەی جیهانی ڕۆڵێکی خراپیان هەبوو لە تیژکردنی ئەو لایەنانەی کە دژایەتی مافەکانی گەلی کورد دەکەن، بۆ نموونە لە (١٩ی نیسانی٢٠٠٧)کە**

---

[1] 869_http://asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=**٣٥٩**

**[2]- أ- ئاژانسەکان، ئەمەریکا: چارەسەرمان بۆ کەرکوك پێ نیە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠١٦، ١٥ی تەمووزی٢٠٠٩، ل٢.**

**ب- ڕۆیتەرس، هێزەکانی ئەمەریکا داوای ڕێکەوتن لە لایەنە سیاسیەکانی عێراق دەکەن، بلاوکراوەی میترۆ، ژمارە٢١، ١٥ی تەمووزی٢٠٠٩، ل١٠.**

**ت- تۆماس فریدمان، مالاوا عێراق، بەهیوای سەرکەوتن، بلاوکراوەی میترۆ، ژمارە٢٢، لە ١٦ی تەمووزی ٢٠٠٩، ل١٤. وەرگیراوە لە** the new yourk times

بەفەرمی زیاد لە(٧)مانگی مابوو بۆ کۆتایی هاتنی ماوەی دیـاری کـراوی جـێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ پێشنیار دەکات کـە بـە"دۆزینـەوەی بـەدیلی١٤٠یـان کەرکوك بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ"[١]...ئەمــەش پێچـەوانەی مـادەی(١٤٠)ی دەستووری عێراقە. جگە لەوەی کە هیلتەرمان لە ئایاری٢٠٠٧دەڵێت:"بەئـەنجام گەیاندنی ڕیفراندۆم لە٢٠٠٧ دا، میتۆدێکی گونجـاو نییـە، هـەروەها چارەسـەر نییە بۆ دیاری کردنی سنووری هەرێم، بەڵکو دەبێتە هۆی تونـد و تیـژی زیـاتر، دوا جار بۆ شەڕی ناوخۆ سەر دەکێشێت"[٢]. هەروەها لە ڕاپـۆرتێکی دورو درێـژی تردا بـە ناونیشـانی (OIL FOR SOIL : TOWARD A GRAND BARBANIN ON IRAQ AND THE KURDS)پێشنیار دەکات بۆ کوردەکان بۆ دەست هەڵگرتن لە کەرکوك بۆ ماوەی١٠ ساڵ و کردنی کەرکوك بە هەرێمێکی سەربەخۆ لەو ماوەیە دا، هەروەها داوای جـێ بـەجێ کردنـی مـادەی٢٣ی پـرۆژە یاسـای ئەنجومـەنی پارێزگاکان دەکات و داوای دابەش کردنی پۆستەکانی کەرکوك دەکـات بـە سـەر عەرەب و تورکمان و کورد و مەسـیحی دا بـە پێـی هاوکێشـەی(٢٤، ٢٤، ٤٨، ٤٪)یان(٢٣، ٢٣، ٤٦، ٨٪)، جگە لەوە کە چەندین پێشنیاری تـری تیایـە بـۆ تیمی(Unami)و حکومەتی هەرێم و هاوپەیمانان و حکومەتی عێراق...[٣]

پ - نەتەوە یەکگرتووەکان:

لە پێشنیاری یەکەمی نێردراوی نەتەوە یـەکگرتووەکان دا(وەرەقـەی زانیـاری بنەڕەتی دەربارەی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق سـەبارەت بـە سـنووری نـاوخۆی ناوچـەکانی ململانـێ لـە عێـراق)[*]کـە لـە (٥ی

[١] - هاوڵاتی، گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشنیاری بەدیلێك بۆ ماددەی١٤٠ دەکات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٢٣)، ٢٥نیسانی٢٠٠٧، ل١.

[٢]- هێمن حسێن، ئەنجام دانی ڕاپرسی لەسەر کەرکوك لە کۆتایی٢٠٠٧ دەبێتە هۆی هەڵگیرسـاندنی شەڕی ناوخۆ، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٥٢)، نیسانی٢٠٠٧، ل ٦-٧.

[٣] - گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، نەوت بەرامبەر بە زەوی بەرەو ئاڵووێری گەورەی نێوان عێراق و کوردەکان، و. سابیر عەبدوڵا کەریم، ڕاپۆرتی بڵاو کراوە، ل٤.

[*] - ڕاپۆرتی یەکەمی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لـە٣١ پـەڕە پێـك هـاتبوو پشـتیان بـە چـەند پێوەرێك بەستبوو لە بڕیارەکانیان دا وەك (پێوەری ڕاستی (معایر التقصي)و مێـژوویی و کـارگێری نوێ و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە ئـازاری٢٠٠٣ وپێشـکەش کردنـی خزمـەت گـوزاری لەلایـەن حکومەتـەوە وپێکهاتـەی دانیشـتوان و هەڵبـژاردنی٢٠٠٥ وبـارودۆخی کۆمەلایـەتی و ئـابوری و بارودۆخی ئاسایش و ڕاوێژو سەردانی مەیدانی نێردەکە بۆ ئەو چـوار ناوچـەیەو کۆبوونـە وە لەگـەڵ

**حوزەیرانی٢٠٠٨)پێشكەشی حكومەتی عێراقیان كرد، سەبارەت بە قەزاكانی ئاكرێ وحەمدانیەی سەر بە پارێزگای موسڵ و قەزای مەخموری سەر بە پارێزگای هەولێر و ناحیەی مەندەلی سەربەقەزای بەلدروزی پایزگای دیالە.**

**(ستاڤان دی مەستورا[*])نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان پێشنیاریان كرد كە قەزای ئاكرێ لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە بەڕێوە ببرێت، قەزای حەمدانیە سەربەپارێزگای نەینەوا بێت لە كاتێكدا لە ڕاپۆرتەكەیدا هاتووە كە ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتوان تیایدا لە نێوان ئاماری ساڵی١٩٩٧و ژمارەی دانیشتوانی ساڵی٢٠٠٨(٥٠٪)یە، ئەمانەش ئەو ئاوارە مەسیحیانەن كەلە ترسی توندو تیژی لە بەغداوە هەڵهاتوون و لەم قەزایە نیشتە جێ بوون، سەرەڕای ئەوەی كە بە تایبەت شەبەكێكی(پەیڕەو كەرانی ئاینی شەبەك) زۆر لەترسی تیرۆرستان ناوچەكانیان چۆڵ كردووە و پەنایان بردۆتە بەر ناوچەكانی هەرێمی كوردستان، جگە لەوەی كە لە هەمان ڕاپۆرتدا هاتووە كە ڕژێمی بەعس نزیكەی(٤,٧٥)ملیۆن مەتر لە زەوی كلدو ئاشوریەكانی لە قەزاكەدا دابەش كردووە بە سەر كەس و كاری قوربانیانی جەنگی عێراق ئێران بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچەیە لەماوەی ساڵانی١٩٨٠- ٩نیسانی٢٠٠٣)**

**هەروەها پێشنیاریان كرد كە قەزای مەخمور لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە بەڕێوەببرێت جگە لە ناحیەی قەراج نەبێت باشترە بە پارێزگایەكی تری عێراقیەوە**

---

ئەنجومەنی قەزاو ناحیە و سەرۆكی هۆزو كۆمەڵگا و ئەو ڕێوشوێنانەی كە لەسەر بڕوان(اجراءات بناء الثقة). پێشنیارەكان تایبەت بووبە قەزای ئاكرێ و مەخمور و حەمدانیە و ناحیە مەندەلی لەقەزای بەلدروز.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، بدون اسم المؤلف، ورقة معلومات اساسیة حول عمل بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق بشأن الحدود الداخلیة المتنازع علیها في العراق، بدون مكان و سنة طبع، ص١-٣١.

[*] - ستافان دی مەستورا(Staffan de Mistura): لە(٢٥ی كانونی دووەمی١٩٤٧)لە ستۆكهۆلم لە دایك بووە، زیاد لە٣٦ ساڵە لە پۆستی جۆراوجۆر لەنەتەوە یەكگرتووەكان كار دەكات، لە زۆرێك لەوڵاتە كارەسات بارەكان كاری كردووە وەك(ئەفغانستان، عێراق، لبنان، ڕوواندا، سۆماڵ، سوودان، یوغسلافیای پێشوو، بەحەوت زمانی زیندو دەئاخڤێت(عەرەبی و ئیسپانی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و فەرەنسی وئینگلیزی و سویدی)لە (١١ی ئەیلولی٢٠٠٧) بانكی مۆن وەك نوێنەری خۆی بەسەرۆكایەتی لیژنەیەك(UNAMI)ناردی بۆ عێراق بە مەبەستی پێشكەش كردنی پێشنیار بۆ چارە سەر كردنی كێشەی ناوچەی ململانێ.. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

a_http://en.wikipedia.org/wiki/Staffan_de_Mistura

b_http://www.un.org/News/Press/docs//2007/sga1091.doc.htm

بلكێنرێت، و ناحیەی مەندەلیش لەلایەن حكومەتی عێراقیەوە بەڕێوەبرێت، جگە لەوەی پێشنیاری بۆ قەزای بەدرەش نەكردبوو بەو واتایەی كە كوردستانی نییە ... لە كاتێكدا ڕژێمی بەعس لە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی١٩٧٤ دا قەزای مەخمورو ئاكرێی لە چوارچێوەی یاسای ئۆتۆنۆمیدا دەست نیشان كرد، جگە لەوەی پێشنیارەكەی لەگەڵ بنەماكانی مادەی(١٤٠) نەدەگونجا، چونكە:

١- ئاسایی كردنەوە لەو ناوچانە دا نەكراوە(سنووری كارگێڕی، دانیشتوان...)*

٢- پرس و ڕاوێژ بە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچە دابڕاوەكان نەكراوە.

٣- ڕاوبۆچوونی ولاّتانی دەوروبەری عێراقی وەرگرتووە لە سەر جێ بەجێ كردنی مادەیەكی دەستووری كە ئەمەشی پێچەوانەی ماددەی(١)ی دەستووری عێراقە، جگە لەوەی كە پێشنیاری دووەمی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەكان پێش ئەوەی كە پێش كەشی عێراقی بكات، پێشكەشی توركیای كردووە[1]؟! ئەمەش بێ لایەنی و ڕاست گۆیی لیژنەی(UNAMI)دەخاتە ژێر پرسیارەوە و پێچەوانەی بڕگەی(ب)ی مادەی(٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە. كە دواتر بووبە مادەی(١٤٠).

دیمەستورا لە(٢٢ی نیسانی٢٠٠٩)ڕاپۆرتی دووەمی پێشكەشی سەرۆكایەتی كۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی هەرێم كرد، ئەوەی تایبەت بوو بە پارێزگای كەركوك چەند پێشنیارێكی كردووە وەك: گەڕانەوە بۆ دەستوور وەك خاڵی یەكەم لەگەڵ كێشەی كەركوك، پێك هاتن و ڕێكەوتن لە نێوان پارتە عێراقییەكان، ئەنجام دانی ڕاپرسی دڵنیایی، بەهەرێم كردنی پارێزگای كەركوك بە یەكە كارگێرییەكانی ئێستایەوە.[2]

جگە لەوەی كە نەتەوەیەكگرتووەكان لە ڕاگەیەندراوی خۆی دا ئەنجام دانی ڕاپرسی لە سەر چارەنووسی شاری كەركوك بە هۆكارێك بۆ دروست بوونی شەڕ و

---

*-بۆ زانینی ڕووبەری ناوچە تەعریب كراوەكان بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٧).

874_http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=123447

875_http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=236

تازە کردنەوەی کێشەکان دادەنێن[1]، دەیانەوێت کەرکوك پارێزگایەك بێت لە چوارچێوەی عێراق دا[2].

جێ بەجێ نەکردنی تەنانەت قۆناغی یەکەمی مادەی١٤٠پاش دووساڵ و دە مانگ، بە بن بەست گەیشتنی کاری پێنج لیژنەکە و بێ ئەنجام بوونی کاری لیژنەی مادەی(٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و بێ ئەنجام بوونی کاری لیژنە دروست کراوەکان پاش سەردانی مالکی بۆ سلێمانی و ئەنجام دانی هەڵە یەك لە دوا یەکەکانی حکومەتی عێراقی یەکگرتوو، سەرۆکایەتی(کۆمار، وەزیران)هەندێك وەزارەت و ئەنجومەنی نوێنەران بەرامبەر بە ناوچە دابڕاوەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان. و بەهێزبوونی ڕۆژ لەدوا ڕۆژی حکومەتی فیدراڵ لە ڕووی سەربازی و تەکنەلۆجیای جەنگی* و نەگۆڕان لە عەقڵیەتی عروبەی عێراقی و گەڕانەوەی سەدان ئەفسەری بەعسی بۆ ناو سوپا** . و بەردەوامی دەست تێوەردانی هەرێمی و سووربوونی سەرکردایەتی کوردی بە پابەند بوون بە جێ بەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی دەستور بەمادەی(١٤٠)یشەوە... ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی و گەڕانەوە بۆ سیناریۆکانی سەدەی ڕابوردوو لە نێوان بەغدا و هەولێرلە ئارادایە، بەتایبەت پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەم ڕاستییەش لە لایەن سەرکردە کوردەکان و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکاوە ئاماژەی پێ دەکرێت.***"ئەگەر فیشەکێك لە

---

[1]-876-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=51460&LinkID=93

[2] - بۆتان شێروان، دەنگ و باس، نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات ڕاپرسی لەسەر کەرکوك نەکرێت، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٢، ٢٣ی تەمووزی٢٠٠٩، ل٢.

* - سوپای عێراق لە١٤ فیرقە پێکهاتوە، لەساڵی٢٠٠٨ پێشەنگی وڵاتانی چەك کڕیوە، بایی(١٢,٩٧)ملیاردۆلار چەك و کەل و پەلی سەربازی کڕیوە. جگە لەوەی کە لەساڵی٢٠٠٣-٢٠٠٨ لە ڕیزبەندی پێنجەمی ئەو وڵاتانە بووە کە چەکیان کڕیوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=34500&linkID=93

** - حکومەتی عێراقی نوسینگەی لە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکان کردۆتەوە، چەندین کەسایەتی دیارو ئاینی و بەرپرسی ڕاسپاردووە بۆ گەڕانەوە و هاندانی بەعسیەکان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو سوپا.
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15814&cat=2

*** - نیچیرڤان بارزانی زیاد لە جارێك سەرنجی گشتی بۆ ئەم دۆخە هەستیارەی ئێستا ڕاکێشاوە، جگە لەوەی ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ(فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق)و ڕۆبەرت کاسلین فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری عێراق و دینس بلێر بەڕێوەبەری گشتی(CIA)، ئاماژە بە جەنگی ئایندە دەکەن لەنێوان کوردو عەرەب(لە ڕاستیدا جەنگی کورد و عەرەب نییە بەڵکو جەنگی نێوان

ناوچەکەدا بتەقێنرێت دەکرێت شەڕێك لەناوچەکەدا هەڵگیرسێنیّ"[*]. پاش ئەوەی کە سەرۆکی هەرێمیش دانی نا بە سنووورداری سەبریان بەرامبەر بە چارەسەر نەکردنی کێشەکانیان لە لایەن بەغداوە[١]. هەروەها دەڵێت"ئەوەی یاری بە مادەی ١٤٠ی دەستور بکات یاری بەچارەنوسی عێراق دەکات..[٢]و عێراقیش ئامادە نییە مادەی١٤٠ جێبەجیّ بکات، لە بەرئەوەی پشتگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە بەتایبەت ئەمەریکا وەك لە لێدوانی ئۆدێرنۆدا دەردەکەوێت و دەڵێت "عێراق شەریکی هەمیشەیی ئەمەریکایە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.."[٣]بارزانیش لە ڕێوەڕەسمی متمانە بەخشین بە کابینەی شەشەمی هەرێمی کوردستان لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩لە لێدوانێکدا وتی"ئێمە ڕازی نابین هیچ تایبەتمەندییەك بۆ کەرکوك دابنێن و کەرکوك جیا بکرێتەوە لە هەڵبژاردن، یا وەکو پارێزگایەکانی تر دەکرێت، یان ئێمە ڕازی نابین و چیش دەبیّ با ببـیّ"[٤].

---

شۆڕشی کوردو دەسەلاّت داریّتی عێراقـە...)ئەگـەر چارەسـەر بـۆ کێشـەی کـەرکوك نەدۆزرێتـەوە. بەتایبەت پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لـە عێـراق و نـاردنی فیرقـەی١٢ بـە سـەرۆکایەتی فەرماندەیەکی کۆنە بەعسی و گۆڕینی فیرقەی٤ کەزۆرینەی کـورد بـوو، و ئـالۆزکردنی بـارودۆخی کەرکوك، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ- بە بیّ ناوی نوسەر، ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ لە کەرکوك کارتی سور بەرز دەکاتەوە، هەفتەنامەی هـەواڵ، ژمارە(٣١٨)، ساڵی هەشتەم، ٢٨ی شوباتی٢٠٠٩، ل١-٢.

b_http://www.xebat.net/article.php?id=23309

c_ http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15086&cat=2

d_http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7790&LinkID=66

[*] - ئەمە ووتەی ووتە بێژی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە(جەبار یاوەر) بۆزانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی هەستیاری شاری کەرکوك...بڕوانە:

http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hemereng&jimare=520

[1]878_http://www.asharqalawsat.com/details.asp?section=1&issueno=1106&article=510716&feature=&article=

[٢] - بەبیّ ناوی دانەر، سەرۆکی کوردستان: یاریکردن بە ماددەی١٤٠ یاریکردنە بە چارەنوسی عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٢٣٢، ٢٣ی تەمووزی ٢٠٠٩، ل١.

[٣]- سەهین نوعمان، ئێراق شەریکێکی هەمیشەیی ئەمەریکایە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٢٦٢، ٢٨ی ئابی٢٠٠٩، ل٢.

[4]-881_http://www.perleman.org/Default.aspx?page=articles&c=News-Main&id=6746

# ئه نجام

لــه كۆتــایی توێژینەوەكــە و بــە پشــت بەســتن بــەو زانیاریانــەی كــە لــە توێژینەوەكەدا خراونەتە ڕوو، بە پشت بەســتن بــەو ڕاســتییانەی كــە توێــژەر لــە توێژینەوەكەدا پێیان گەیشتوە، ئاماژە بە هەندێك خاڵ دەكەین، دەتوانین بە هێڵە گشتییەكانی توێژینەوەكەی دابنێین، ئەوانیش بریتین لە:

١- ئەو پەڕی سنووری باكووری عێراقی عەرەبی لە(هیت- تكریت)تێ نە پەڕیوە یان هەرگیز لە چیاكانی حەمرین تێ نەپەڕیوە.

٢- بە پشت بەستن بە دەیــان سەرچــاوەی مێــژوویی جیــۆگرافی و ئامــاری ودۆكیۆمێنتی دەست بە سەرداگیراوی ڕژێمــی بــەعس و نەخشــەی زۆر دەگمــەنی سەدەكانی ڕابوردو و لێدوان و بیرو بۆچوونی كەسانی ڕامیاری و ئەكادیمی كوردی و عەرەبی و توركی و بێگانە. دەتــوانین ســنووری باشــوورو باشــووری خۆرئــاوای كوردستان بەم جۆرە دیاری بكەین: لە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق - سوریا لــە خاڵی سنووری باشووری قەزای شــەنگار بــە ئاراســتەی خۆرهــەڵات دەكشــێت و پاشان سەرجەمی قەزای تەلەعفەر لە خــۆ دەگرێــت، بــە ســنووری خۆرهــەڵاتی قەزای تەلەعفەردا هەڵدەكشــێت تــا دەگاتــە ڕووبــاری دیجلــە بــە درێــژی و بــە قوڵایی"ناوەڕاستی ڕووباری دیجلە"بەرەو باشوور ئاڕاستە وەردەگرێت تا دەگات بــە خاڵی سنووری ناوەندی پارێزگای موسڵ پاشان بە درێژایی ســنووری خۆرهــەڵاتی قەزای ناوەندی موسڵ(سنووری باكووری خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی قەزای ناوەندی موسڵ)بەردەوام دەبێت تــا جــارێكی تــر دەگاتــەوە بــە ڕووبــاری دیجلــە، دیسانەوە(قوڵایی) ناوەڕاستی ڕووباری دیجلە دەبێت بە سنووری جیاكەرەوەی نێوان هەرێم و عێراقی عەرەبی... تا دەگات بە دەربەندی فەتحە، لە وێشەوە بە دامــێنی بە رزاییەكانی حەمریندا بەرەو باشووری خۆرهەڵات بەهێڵێكی ڕاست دەكشێت تا دەگات بە سنووری باشووری خۆر ئاوای قەزای خانەقین لە وێشەوە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنووری باكووری خۆرئاوای قەزای مەندەلی و بەدرێــژایی ســنووری قەزاكە بەردەوام دەبێت تا دەگات بە سنووری قەزای بەدرە، بە درێــژایی ســنووری قەزاكە درێژ دەبێتەوە بەرەو سنووری نێو دەوڵەتی تا بەخاڵێك بــە ســنووری نێــو دەوڵــــەتی عێــــراق- ئێــــران دەگــــات. ســــەرجەمی ڕووبــــەری هــــەرێمی

کوردستان(٨٣٨٢٧)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی(٣٨' ٤١° - ' ٣٦ ٤٦°)خۆرهەلاّت و بازنەکانی پانی('٦٦ ٣٢° - ' ٣٦ ٣٧°)باکوور .(١٩,٨٣٪)ی ڕووبەری عێراق پێکدەهێنێت، خاکی هەموو ئەو نەتەوەو کەمایەتییانەی تریشە کە لەگەڵ کورد دا دەژین.

ناوچەدابڕاوەکان بریتییە لە هەموو ئەو ڕووبەرە جیۆگرافی(یەکە کارگێڕی)انەی کە دەکەونە چوارچێوەی خاکی کوردستان و لەدەرەوەی دەسەلاّتی فەرمی دان پێدانراوی کوردی دابوون. لە ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠دا ناوچە دابڕاوەکان بریتی بوون لەو یەکە کارگێڕییانەی کە لە دەرەوەی ناوچە ئۆتۆنۆمی بوو کە میری بەفەرمی دانی پێدانا... ڕووبەرەکەی لە ساڵی١٩٧٤دا بریتی بوو لە (٥١١٦٧)کم٢، لە ساڵی ١٩٧٦دا(٤٦٥٤٣)کم٢ و لە ساڵی١٩٨٠(٤٦٩٣١)کم٢ بوو. ئەمەش لە ئەنجامی گۆڕانکاری بەردەوامی میری دێت لە سنووری کارگێڕی ڕووبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەلاّم لە پاش ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ئازاری١٩٩١دا نزیکەی ڕووبەری(٤٢٠٠٠)کم٢ ئازاد دەکرێت، بەلاّم پاش دروست کردنی عێراقی فیدڕاڵ و دان نان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لە بڕگەی (ا)ی مادەی ٥٣ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و پاشان مادەی(١٤٠)دەستووری هەمیشەیی، ناوچە دابڕاوەکان بریتی بوو لەو ناوچانەی کە مادەی١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەیگرێتەوە کە بریتین لە: سەرجەمی قەزاکانی کەرکوك، حەویجە، دوز(دبس)، داقوق(پارێزگای کەرکوك)، سەرجەمی قەزاکانی ئێستای چەمچەماڵ و کەلار(پارێزگای سلێمانی)قەزای دوزخورماتوو، ناحیەی زاب(پارێزگای سەلاحەدین)، قەزاکانی کفری و خانەقین ، بەلەد ڕوز( پارێزگای دیالە)، سەرجەمی قەزای بەدرە(پارێزگای واست)، سەرجەمی قەزای مەخمور(پارێزگای هەولێر)، سەرجەمی قەزاکانی حەمدانیە، شەنگار، تەلەعفەر، تەلکێف، شێخان، ئاکرێ ، ناحیەی قەحتانیە لە قەزای بەعاج ،ناحیەی باشیکێ لە ناوەندی قەزای موسڵ (پارێزگای نەینەوا). پاش ئاسایی کردنەوە کە قۆناغی یەکەمی جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠، بریتیین لە:

١- لیوای کەرکوك قەزاکانی(کەرکوك، کفری، حەویجە، چەمچەماڵ، دوز).

٢- لیوای هەولێر(قەزای مەخمور).

٣- لیوای دیالە( قەزاکانی خانەقین، مەندەلی).

٤- لیوای کوت( قەزای بەدرە).

٥- پارێزگای دهۆك (قەزای ئاکرێ).

٦- پارێزگای موسڵ(سەرجەمی قەزاکانی" شەنگار، شێخان، تەلەعفەر، "و ناحیەی زاب( قەزای شەرقات) و ناحیەی حەمدانیە، تەلکیف، بەعشیقە( قەزای موسڵ)".

ڕووبەری ناوچەی ململانێ(٥٢٧٩٤)کم٢، سەرجەمی(٦٢,٩٨٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و(١٢,٤٩٪)ی ڕووبەری خاکی عێراق پێکدەهێنێت، دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی درێژی(″١٨ ′٢٣ °٤١ – ″٣٠ ′١٨ °٤٦)خۆرهەڵات و بازنەکانی پانی(″٣٦ ′٣٩ °٣٢- ″٠٢ ′٠١ °٣٧)باکوور.

٣- جیۆلۆجی ناوچە دابڕاوەکان وەك بەشێك لە گۆی زەوی بە چەندین گۆڕانی جیۆلۆجی گەورەدا تێ پەڕیوە کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی(بەر لە کامبری- ساینۆزۆیك)واتە(٢٠٠٠ملیۆن ساڵ- ئێستا)، سەر ئەنجام ئەم پێکهاتەیەی جیۆلۆجیا و شێوەی ڕووی زەوی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی لێ پێك هاتوە، لە ئەنجامدا خاکی جۆراو جۆر وەك خاکی لێوارەکانی خۆرهەڵات و دەشتی پانکەیی و خاکی ناوچەی نیمچە شاخاوی... لێ پێك هاتوە. کە سوودەکەی لە هەمەجۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و هەمەجۆری کەرەستەی خاوی کانزایی و چالاکی هەمە جۆری مرۆییدا دەردەکەوێت، هەروەها بەرزوونزمی جۆراوجۆری تێدا دەبینرێت، بەگشتی جیاوازی بەرزو نزمی ناوچە دابڕاوەکان زیاد لە(١٤٠٠)م ،و پێکدێت لە چیا و نیمچەچیا و دەشت و بان و دۆڵ، بۆ نموونە چیاکان نزیکەی(٦٪)ی ناوچەدابڕاوەکان پێکدەهێنن، بەلاّم ناوچەی نیمچە شاخاوی نزیکەی(٨١٪)ی ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان پێکدەهێنێت و هەرچی دەشتەکانیشە(١٣٪)ی ناوچە دابڕاوەکان پێکدەهێنێت.

٤- جیاوازی بەرزو نزمی وشوێنی جیۆگرافی... بۆتە هۆی پێدانی ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست و ئاوو هەوای گەرمەسێر. بەگشتی هەموو جۆرەکانی دابارین لەوەرزی زستاندا لە ناوچە دابڕاوەکاندا دەبارێت و ئەمەش بۆتە هۆی زۆر بوونی ئاوی ژێرزەوی(کانی و کارێز و سەرچاوە...)و ئاوی سەرزەوی(ڕووبارو چەم و بەنداو..) کەساڵانە زیاد لە٢٠ ملیار م٣، تەنها ئاوی سەرزەوی بەم ناوچەیەدا گوزەر دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم ناوچەیە بە دەرامەتی ئاوی

دەوڵەمەندە و دەتوانرێت سوودێکی ڕامیـاری و ئـابوری زۆری لـێ ببینرێـت لـە کاتێکدا ئەگەر بە پلانێکی زانستییانە بەڕێوەببرێت.

٥- بە هۆی لە باری خاك و ئاو هەوای ناوچەکە و بوونی دەستی کارو بـوونی سەرمایە... دەتوانرێت کشتوکاڵی هەمەجۆری تیا بچێنرێت بەتایبـەتی دانەوێڵـە کە دەتوانێت زیاد لە بەشی دانیشتوانی هەرێم بەرهەم بهێنرێت، جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆرو هەمەچەشنە لە میـوە لـە ناوچـەکەدا هـەن، سـەرەڕای ئـەوەی ناوچەکە بۆتە پاوانێکی فراوان بۆ بەخێوکردنی ئـاژەڵی هەمـە جـۆر بەتایبـەتی مەڕ.

٦- کانزاکان: فلـزی(خاوەکـانی ئاسـن و کـانزای نیشـتوی قوڕقوشـم ...)و نافلزی(نەوت و گازی سروشتی ومەڕمـەڕ و خـەڵوزی بـەرد و گـۆگرد و جبسـۆم ئەنهایدرایت...)بە ڕێژەیەکی زۆر بوونیان هەیە لەم ناوچـەیەدا بەتایبـەت کـانزا نافلزییەکان، بەتایبەتی ئەو کانزایانەی کە سەرچاوەی سووتەمەنین وەك نـەوت و گازی سروشتی بۆیە ئەگەر ئەم ناوچانە گەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان دەبێـت بە بنەمایەکی زۆر بەهێز بۆ بنیات نانی ئابورییەکی زۆر بـە هێـز لـە دروسـت کردنی دەوڵەتی کوردی.

٧- کوردەکان دانیشتوانی کۆن و ڕەسەنی ناوچـەکەن، سـەرەڕای ئـەنجام دانـی پرۆسەکانی بەعەرەب کردنیش بەڵام تـا ئێسـتاش زۆرینـەی دانیشـتوانی ناوچـە دابڕاوەکان پێك دەهێنن.

٨- عەرەبەکان ئەو کۆمەڵە مرۆییەن کە لە نـەوەی سـامی کـوڕی نـوح- ن، نوێن بەم خاك و ناوچەیە، فتوحاتی عـەرەبی لـە سـەدەی حەوتـەمی زایـنی بـە وەرچەخان دادەنرێت لە هاتنی گەورەترین گروپی عەرەبی بۆ کوردستان و خستنی بارگە وبنەو بەعەرەب کردنی کوردستان بە بیانوی بڵاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دا بە بەرنامە کار بۆ دەرکردنی کوردەکان و هێنـانی عەرەبەکان کرا لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە و تەنانەت بە عەرەبی وڵاتـانی تری عەرەبیش پرۆسەی بەعەرەب کردن ئـەنجام درا، بۆیـە لـە هەنـدێك قـەزا و ناحیەی ناوچە دابڕاوەکان، عەرەب ئێستە زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێـك دەهێـنن وەك حەویجەو بەدرە... چونکە تا ئێستا پرۆسـەی ئاسـایی کردنـەوەیان تێـدا جـێ بەجێ نەکراوە.

٩- تورکمانەکان بریتیین لە گروپێکی ئیتنی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون، عەباسییەکان وەك جەنگاوەر لە سوپاکەیاندا بەکاریان هێناون و لەسەردەمی عەباسییەکاندا ڕوویان کردۆتە عێراق، تورکمانەکانی ئێستا نەوەی سەربازەکانی سەردەمی عەباسییەکانن، پاشانیش عوسمانییەکان بەمەبەستی پاراستنی ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ئێران و بەغداو موسڵ نیشتەجێیان کردوون، باشترین شوێن بۆ نیشتەجێ بوونیان دەشتەکانی حەمرین و دەشتی هەولێر بوو، لە بەر ئەوەی لە دەشتەکانی تورکستان دەچێت. پاشان پیشەکەیان لە سەربازییەوە گۆڕدرا بۆ شارستانی و کشتوکاڵ. شوێنی نیشتەجێ بوونیان بریتییە لەو هێڵەی لە تەلەعفەرەوە دەست پێ دەکات و بە پشتێنەیەکی ڕاست بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەکشێت تا دەگات بە مەندەلی.

١٠- ئاشورییەکان: گروپی سامین سەرەتای هاتنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین، لە باکووری عێراق نیشتەجێ بوون، ئیمپراتۆریەتییەکی مەزنیان دامەزراند لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٠-٦١٢پ.ز.)، لە پاش جەنگی یەکەمی جیهان، هەزارەها لە ئاسوری وئەرمەنییەکان لە تورکیاوە لە ترسی کوشتن و چەوساندنەوە پەنایان بۆ خاکی کوردستان هێناوە لە کوردستان نیشتە جێ بوون.

ئەگەر بێت و ئاشتەوایی لە نێوان تاکەکانی ئەم گروپە ئیتنییانە دروست بکرێت ئەوا بەهێز دەگەڕێتەوە بۆ هەرێم، ئەم فرە ڕەنگی و فرە کلتورییە دەبێتە هێز بۆ هەرێم، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر نەتوانرێت ئاشتەوایی ڕاستەقینە لە نێوان ئەم گروپانەدا دروست بکرێت، ئەوا دەبێت بە سەرچاوەی لاوازی و کێشمەکێشی نەتەوایەتی درێژخایەن کە لە ئایندەدا گرفتی ڕامیاری و سەربازیی... زیاتری لێدەکەوێتەوە.

١١- فرە ڕەنگی و فرە کلتوری و فرە نەتەوەیی ناوچە دابڕاوەکان ڕەنگ دانەوەی لەسەر بیرو باوەڕی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەبوو بۆیە دەبینین کە موسڵمان و ئێزدی و مەسیحی و جولەکە و سابیئە ...بوونیان هەیە، بە پشت بەستن بە هەندێك سەرچاوەی زانستی و مێژوویی، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئاینزاکانی ئێزدی و شەبەك و ئەهلی حەق لە نەتەوەی کوردن، بەپێی ئاماری ساڵی١٩٥٧ی ناوچە دابڕاوەکان پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلام نزیکەی٨٨٪ و ئێزدییەکان لە٧٪و پاشان مەسیحی یەکان٤,٥٪ ... ی سەرجەمی ئاینزای

دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، دەشێت ئاڵۆزی باری ئاسایش و ڕامیاری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لە سەر ئایین بێت، بۆیە تیرۆرستان دەیانەوێت سوود لە فرە ڕەنگی بیروباوەڕی ئاینی یان لە فرە نەتەوەییی ناوچەکە ببینن تا بتوانن بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە خراپ تر بکەن و ئاڵۆزی زیاتر ناوچەکە بگرێتەوە، تا بەو هۆیەوە مادەی١٤٠ جیٚ بەجیٚ نەکرێت.

١٢- پیشەسازی هەمەجۆر(بچووك، مام ناوەند، گەورە)لە ناوچە دابڕاوەکاندا بوونیان هەیە، بەلاّم لە ئێستادا پیشەسازی بچوك بەرەو کەم بوونەوە دەچێت، بەلاّم پیشەسازی مام ناوەندی بە شێوەیەکی زۆر هێواش هەنگا وبەرەو پێشەوە دەنێت، ئەمەش لە ئەنجامی بارودۆخی ئابوری و بازرگانی و ئاسایش-ە، بەلاّم لە ناوچەکەدا پیشەسازی گەورە بەتایبەت پیشەسازی پەترۆکیماوی بوونی هەیە بەلاّم بە ژمارەیەکی کەم، دیارە میری لە بەر هۆکاری نەتەوەییی و ڕامیاری ئەم ناوچەیە وەك بەشێك لە کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی شارستانی و پیشەسازی پشت گوێی خستبوو، بەلاّم لە ئایندەدا دەتوانرێت ناوچەکە بکرێت بە ناوچەیەکی پیشەسازی، بە هۆی بوونی سەرچاوەی ووزە و بوونی کەرەستەی خاو و هێزی کار.. دیارە ئەمەش بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم و پلانی زانستی و ئابوری حکومەتی هەرێم دەتوانرێت ئەم خواستە بهێنرێتە دی.

١٣- بەهۆی بارو دۆخی جەنگ(عێراق- کورد)و(عێراق - ئێران)و(عێراق- کوەیت).. و ڕاپەرینی کوردان و پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراق و کردەوە تیرۆرستییەکان بارودۆخی ئابوری، ڕامیاری... لە ڕووی گەشت و گوزارەوە پاشاگەردانییەکی گەورە ڕووی لەم ناوچەیە کردووە، بۆیە ساڵ لە دوای ساڵ ئەم کەرتە بەرەو دواوە چووە، بەلاّم بە هۆی بوونی بنەما سروشتی و مرۆییەکان لە ناوچەکەدا دەتوانرێت ناوچەکە بکرێت بە شوێنێکی گەشتیاری تا بەهۆیەوە داهاتێکی گران بەها بۆ کوردستان دابین بکرێت.

١٤- ڕێگاکانی ناوچە دابڕاوەکان هەمەچەشنەن وەك ڕێگای وشکانی(ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەرو ئاوی و ئاسمانی بۆری گوێزەرەوە...)بەلاّم ڕێگای وشکانی بلاّوترینە و هۆیەکانی گوستنەوەی وشکانی پشکی شێر لە هۆیەکانی گواستنەوە پێك دەهێنێت، هەرچی بۆری گوێزەرەوەیە بۆ گواستنەوەی سوتەمەنی بەتایبەت نەوت بەکار دەهێنرێت بۆ ولاّتانی دراوسیٚ و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، هەرچی ڕێگای ئاوی هەیە، سوودەکەی لە بواری گواستنەوە و

هاتوو چۆدا زۆر سنووردارە، بەلاّم لە ناوچەکەدا دوو فڕۆکە خانە هەیە(کەرکوك، تەلەعفەر)کە ڕژێم لە بواری سەربازی بەکاری هێناوە، بە پێشخستن و هەمەجۆری ئەم کەرتە، ڕۆڵی گەورەی دەبیت لە سەر سەرجەم لایەنەکانی ئابوری و سەربازی و ڕامیاری... بەتایبەت شوێنی هەرێم بە گوێرەی وشکانی و ئاو بە شوێنێکی داخراو دادەنرێت ئەمەش بە خالێکی نێگەتیڤ دادەنرێت بۆ ئایندەی ڕامیاری و کارگێڕی هەرێم، هەمیشە دەکەوێتە ژێرکاریگەری و سازش(ڕامیاری و سەربازی و ئابوری...)ی ولاّتانی دراوسێ.

١٥- بە خۆ بە دەستەوەدانی شێخ مەحمود خەباتی چەکداری لە لیوای سلێمانی کۆتایی دێت، بەلاّم ئەمە مانای کۆتایی شۆڕش ناگەیەنێت، بەڵکو بارزانییەکان لە لیوای هەولێر سەرکردایەتی شۆڕش دەگرنە ئەستۆو تا ساڵی١٩٤٥ لە خەبات بەردەوام دەبن لە گەڵ هەردوو سوپای بەریتانی و ڕژێمی عێراقی دەجەنگن بە جۆرێك لە ساڵی١٩٤٣نوری سەعید بە ناچاری مل بۆ داخوازییەکانی شۆڕشی کوردی دەدات و لە سەر کۆمەڵێك خاڵ ڕێکدەکەون وەك:"دروست کردنی ویلایەتێکی کوردی کە لە وویلایەتەکانی(کەرکوك و سلێمانی و ئەربیل و قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ وەك دهۆك، ئاکرێ، شێخان، شەنگار، زاخۆ، ئامێدی و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە"جگە لەمافە کلتوری و کارگێڕی یەکان.

١٦- شۆڕشی ئەیلول گرنگی یەکی یەکجار زۆری هەیە لە مێژوویی بزافی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لەبەر ئەوەی:

أ- قوتابخانەیەك بوو بۆ دروست کردنی کەسایەتی ڕامیاری کوردی و پەروەردەکردنی تاکی کوردی بە هەستی نیشتمانی بەرزو پاك و جۆش دانی گەل بۆ خەبات و قوربانی و زیندوو کردنەوەی بەرگری نەتەوەیەك و فەوتانی نەتەوەییەك،

ب- شۆڕشی ئەیلول بە مانای کاڵ کردنەوەوە زاڵ بوون دێ بە سەر دیاردە سروشتیەکانی وەك بەرزو نزمی(چیا و دۆڵ و بان)...

ت- شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێکی سیاسی، سەربازی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی بوو، شۆڕشی ئەیلول بە مانای کاڵ کردنەوەی جیاوازی کرمانج و گۆڤەرەکانی کوردستان دێت(چوونکە بەربەستی کرمانجی بادینی و سۆرانی تێك شکاند)،

جگە لەوەی کە بە مانای تێپەڕاندی نەتەوایەتی و ئـایینی دێـت لـە کوردسـتان، چوونکە شۆڕش گێران تەنها کورد نەبوون بۆ نموونە عەرەب و تورکمان، موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی... لە خۆ گرتبوو، هەروەها شۆڕشێك بوو بـۆ کـاڵ کردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان تـاکی کـورد و خـەبات گێـڕان بـۆ نموونـە چەندین پێشمەرگەی ئـافرەت هـەبوون وەك مارگرێـت و لـەیلا قاسـم. شۆڕشـی ئەیلول شۆڕشێکی تر بوو بۆ تێـك شـکاندنی سـنووره دەسـت کردەکـانی نێـوان پارچەکانی کوردستان، کوردی پارچەکانی تری کوردستان لە ڕیزی ئـەو پـارت و بزافە بوون... کەواتە شۆڕشی ئەیلول زەرورەتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلی کورد.

١٧- سەرکردایەتی شۆڕشی کورد خەباتی دیبلۆماسی بە باشـترین شـێوازی چارەسەرکردنی دۆزی کورد زانیوە، بۆیە هیچ کاتێك دانوستانی ڕەت نەکردۆتەوە، تەنانەت زۆر کات بە بێ داواکاری هێزی داگیرکەر ئاگر بەستی کردووە تەنانـەت هەندێك کات لە لوتکەی هێزدا پێشوازیان لە هەوڵی ئاشـتی کـردەوە، کـە لـە سەرجەم بارودۆخەکاندا داواکاری گفتوگۆی ڕژێمەکان مەرامی تاکتیکی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری... لە پشت بووە.

١٨- بەدی نەهاتنی ئاواتەکانی شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم : لە سەر ئاستی کوردستان :

أ- بەرزوونزمی، ماوە(دووری)، ئاووهەوا کە کاریگـەریان لـە سـەر ڕەوتـی جەنگەکان و شکست و سەرکەوتنەکان هـەبووە، چـوونکە ئەگـەر لـە شـوێنێك جەنگ هەبوایە ئەوا کاتێکی زۆری دەویست تا هێز بە فریایـان دەکـەوت، جگـە لەوەی کە بارودۆخی ئاووهەوایی(بەتایبەت بەفربارین) کاریگەری لە سەر کـاتی جەنگ و ئەنجامی جەنگەکان هەبوو.

ب-لە سەر ئاستی پارتی:

(ناوخۆ)

جیاوازی بیرو بۆچوون و تاك بڕیاری سەرکردایەتی پـارتی و بەرژەوەنـدی تاکـە کەسی و مەست بـوون و خـەون بیـنین بـە پۆسـتی کـارگێڕی و حزبـی و دووری سەرکردایەتی پارتی لە یەکترو نـەبوونی ڕێکـەوتنی گفتوگـۆی پێویسـتی پـێش وەخت(ڕاوێژی بەردەوام)، هۆکار بوون لە دوولەت بوونی پارتی، و پاشتر جـەنگی

ڕەشی برا کوژی، بێگومان ئەم دوولەت بوونە کاریگەری هەبوو لە سەر هەستی کوردایەتی و شۆڕش و مافەکانی گەلی کورد و ڕووبەری ناوچە دابڕاوەکان...

ت- کەمی و سادەیی هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن و هۆکارەکانی جەنگی پێشمەرگە، و نەبوونی زانستی جەنگی و هونەری جەنگاندن و نەبوونی ئابورییەکی بەهێز...

(دەرەوە)

نەشارەزایی هونەری دانوستان وبەپلان کارنەکردن بۆ بەڕێوەبردنی خولەکانی گفتوگۆ، بڕواکردن و پشت بەستن بەو بەڵێنە زارەکییانەی کە لە لایەنی ئەمەریکا و ئێران و سەرکردەی کودەتا چیەکانی پێش دەسەلآت پێیان دەدرا.

پ- نەخوێندەواری و هەژاری دوو دەردی کوشندەی خەڵکی کوردستان بوون، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لە سەر ڕەوتی شۆڕش و ئەو ئامانجانەی کە بۆی تێ دەکۆشا.

ج- بەجاش بوونو خزمەت کردن بە داگیرکەران ڕیشەیەکی قووڵی لە مێژووی نەتەوەیی کوردا هەیە، هەر لە هاتنی بەریتانییەکان و دەرکردنی تورکەکان(سەرەتای توێژینەوەکە)بەجاش بوون هەبووە لە کوردستان، جاشەکانیش ئەو کەسانە بوون بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمەتی دوژمنانیان کردووە، دژی نەتەوەکەی و خاکەکەی، کوردە جاشەکان بریتی بوون لە(جل خوارەکان وهێزی ئەلیفی و هێزی میری وجاشی زێباری و سورچی... و سوارەی سەلآحەدینی ئەیوبی و فورسان و ڕاوێژکارو تەناتەن لە دوای ڕاپەڕینیش کۆمەڵێك خەڵکی تر بە مۆدێلێکی تر جاشایەتی و گۆڕایەڵیان بۆ دوژمن(عێراق، ئێران، تورکیا...)دووپات کردەوە، هەندێك لە پلەی سکرتێر یان ئەمیر یان ئەندامانی پۆلێت بیرۆ یان وەزیر یان ئەندام پەرلەمان... دا بوون.

دووەم: لە سەر ئاستی عێراق:

أ- بەهێزیی دوژمن و زۆریی ژمارەی سەربازو بەکارهێنانی ئابوری دزراوی ناوچە دابڕاوەکان لە دابین کردنی جۆراو جۆری چەك و تەقەمەنی زۆر کوشندەی دژی مرۆڤایەتی.

ب-بەکارهێنانی گفتوگۆ وەك تـەکتیك بـۆ سـاردکردنەوەی شۆڕشـی کـورد، چوونکە مێژوو دەری خستووە گەلی کورد لە کاتی ئاشتی دا خۆ بە خۆ بەردەبنـە وێزەی یەك، بۆیە گروپێك یان زیاتر ناچار بووە لە پێناوی مانەوەیدا پەنا بۆ میری ببات. یان ڕژێمەکان توانیویانە کۆمەڵێك کەس لە کوردەکان بکڕن جگە لـەوەی لەم کاتەشدا ڕژێمەکان توانیویانە لە لایەنەکانی ڕامیـاری و سـەربازی وئـابوری خۆیان بەهێزبکەن... لە کاتی بەهێزیشدا ئاگر بڕیان پێشـێل کـردووەو تونـد تـر کەوتوونەتە چەوساندنەوەی گەلی کورد.

ت-لە ناوبردن و تیرۆرکردن و بەعەرەب کـردن و هێنـانی عـەرەبی هـاوردە و دەرکردن و ڕاگواستن و برسی کردن وکوشتنی بەکۆمەڵ و دەسـت بەسـەرداگرتنی ماڵ و موڵکی کورد و نانبڕینی خەڵك و گۆڕینی سنووری کـارگێڕی و بەبەعسـی کردن... لەو تاوانانە بوون کە ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکان ئەنجامیان داوە.

پ-ئامادەیی پیشان دان بۆ هەموو جۆرێك لـە سـازش کـردن، تـەنها لەبـەر ئەوەی شۆڕشی گەلی کورد لـە نـاو بچـێت، وەك واژۆکردنـی ڕێکـەوتن نامـەی جەزائیر.

سێیەم: لە سەر ئاستی ناوچەکە:

وڵاتانی ناوچەکە زۆر بە توندی کەوتنە کـارکردن و دژایـەتی کردنـی گـەلی کورد و خواستەکانیان وەك:

أ- ڕێکەوتنی ئەپریلی١٩٦٢ی نێوان عێراق و ئێران دژی شۆڕشی ئەیلول و کۆبوونەوەی(Cento) لەتەمووزی١٩٦٣دا، بڕیار درا کە تورکیا و ئێران یارمـەتی عێراق بدەن دژی شۆڕشی ئەیلول.

ب- تەنانەت هەندێك کات بەهێزو سوپای خۆیان لە ناو کوردسـتان دا دژی خەباتی ئەم گەلە وەستاونەتەوە وەك لیوای یـەرمووکی سـووری بـە فەرمانـدەیی جەنرال فەهد شاعیر.

ت- شا و ئەمەریکا، ڕێگرییان کرد لـە واژۆکردنـی پەیماننامـە لـە نێـوان بارزانی و حکومەتی عێراقی و هەڵڕشتنی بەڵێنی قەبەو ناڕاست بە پێش کـەش کردنی هەموو جۆرە یارمەتییەك بۆ شۆڕش ،جگە لە هەوڵەکانی تری ئێـران لـە ناوخۆی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتن نامەکەو نەهێشتنی بـاوەڕ لـەنێوان

شۆڕش و میری دا، جگە لە دوولەت کردنی پارتی لە ڕێی عیسا پژمانی ساواك، کە پاشان شەڕی براکوژیی لێکەوتەوە.

چوارەم: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:

بارودۆخی نێودەوڵەتی یارمەتی دەرێکی گەورە بوو بۆ ئەنجام دانی کارەساتی گەورە بە سەر گەلی کوردا، وەك پەیمانی لۆزان و ڕێکەوتنی جەزائیر... بۆ نموونە سەردەمی جەنگی سارد بۆ کورد سەردەمێکی خوێناوی و گەرم بوو بۆ قڕکردنی لە سەرخۆی گەلی کورد و لە ناوبردنیان، ئەم بارودۆخە یارمەتی دەر بوو بۆ دروست کردنی هاوپەیمانی و یارمەتی دانی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان ئەگەر دژی هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان و گەلەکەشیان بن و مەترسیش بن لە سەر ئاشتی و ئارامیی جیهان، لەلایەن هەردوو وڵاتە زل هێزەکەی جیهانی جەنگی سارد (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتیی سۆڤیەت).جگە لەوەی بە هەموو جۆرێك یارمەتی حکومەتی عێراقیان دەدا چ بە کەل و پەلی جەنگی بێت یان زانیاری هەواڵگری یان پەیماننامەو ڕێکەوتن نامەی بازرگانی و سەربازی بێت، جگە لەوەی کە هەندێك کات بەهێزی خۆیان ڕاستەخۆ بەشداری جەنگی دژە کوردیان کردووە، سەرەڕای بێ دەنگ بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست نەهامەتییەکانی گەلی کورد کە ئەمەش ناڕاستەخۆ شەرعیەت پێدانێك بوو بە پێشێلکارییەکانی دژ بە گەلی کورد.

١٩- بۆئەوەی مافی گەلی کورد نەدرێت، میری سازشی بۆ شای ئێران کرد، بە دەست هەڵگرتن لە ڕووبەرێك زەوی(ووشکانی و ئاوی)، جگە لە سازشی ڕامیاری و ئابوری و مەعنەوی، بەڵام کاتێك خومەینی هاتە سەر کورسی دەسەڵات و بوونی هەندێك گرفتی پێشتر، سەدام لەو ڕێکەوتنە کشایەوە و سەرئەنجام جەنگێکی خوێناوی لە نێوان هەردوو لا هەڵگیرسا، کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا و ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی و سەدان هەزار کەم ئەندام بوو، جگە لە دروست بوونی کارەساتێکی ژینگەیی لە ناوچەکەدا و بەفیڕۆدانی سەدان ملیار دۆلارو قەرزار بوونی عێراق بە دەیان ملیار دۆلاری تر لە کۆتایی جەنگەکە، جگە لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی تری ئایندەی گەلی عێراق و ئابوریەکەی و ژینگەی عێراقی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ... عێراق بە ئابورییەکی داڕووخاوو

هێزێکـی سـوپایی یـەك ملیـۆن کەسـی مانـدوو. لـە جەنگەکـە دەرچـوو، بـۆ پڕکردنەوەی ئەو قەرزەی کـە کەڵکـە بووبـوو لـە سـەری ناچـار لەسـاڵی١٩٩٠ پەلاماری کوەیتی دا و داگیری کـرد، سـەرئەنجام لـە سـاڵی١٩٩١دا بـەهێزێکی نێودەوڵـەتی دەریـان کـرد و پاشـان لـە سـاڵی٢٠٠٣ بـە هاوپەیمانیەتیـەکی نێودەوڵەتی ڕووخاندیان. لێرەدا دەبێت ڕاستیەك بوترێت، ئەگەر سەدام سازشی بۆ نەتەوەکەی خۆی بکردایە هەرگیز بەو ڕۆژگارە تاڵانە نەدەگەیشت جگە لـە تێـك شکاندنی کەسایەتی و ئابوری و ڕامیاری کەسایەتی عێراقـی جگـە لـە دەسـت دانی دەسەلاّت و داهـاتی عێـراق، بەشـێوەیەکی زۆر شـەرمەزارانە لـە سـێدارە نەدەدراو کەس و کارەکەشی لە عێراق ئـاوارە نـەدەبوون و گـەلی کـوردیش ئـەو مەرگەساتانەی بە سەر نەدەهات و داگیرکەریش نەدەهاتە ولاّتەکە.

٢٠- میری زۆر نامرۆڤانە کەوتە وێزەی گەلی کورد و سوتماکی خاکەکەی، جگە لەوەی کە نزکەی٤٥٠٠ گوندی کوردی خاپور کرد، بە سەدان هەزاریشی لە ناو برد، بە بێ جیاوازی کردن لە نێـوان بـادینی و سـۆرانی، ژن و پیـاو زارۆك و گـەورە، کـچ و کـوڕ، کـورد و تورکمـان، موسـڵمان و ئێـزدی... ئەمـەش بـە بەرنامەیەکی تۆکمە بە پاڵپشتی هەموو ئابوری عێراق وسەربازی عێراق...

٢١- ولاّتی تورکیا بە هەموو شێوەیەك کەوتە دژایەتی کردنی گەلی کـورد چ بە هێرشی سەربازی بێت یان بە فشاری ڕامیاری یان بە فشاری ئابوری بێـت. بـۆ نموونە تورکیا ڕێگری کرد لە واژۆ کردنی پـەیمانی ئاشـتەوانی نێـوان(یـەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان - حکومـەتی عێـراق)ی لـە سـاڵی(١٩٨٤-١٩٨٥)دا. ولاّتانی تری جیهانیش زیاتر لە جاران کەوتنە کۆمەکی هەمـەجۆری حکومـەتی بەعس.

٢٢- چۆن هەندێك لە شکستەکانی گەلی کورد و شۆڕشی کوردی پەیوەسـت بـووە بـە بـارودۆخی نێودەوڵـەتی، ئـاو هـاش زۆرێـك لـە دەسـت کـەوت و سـەرکەوتنەکان زادەی ئـەو بارودۆخـەن وەك (پـەیمانی سـێڤەر و ڕاپـەڕینی ساڵی١٩٩١ و جەنگی ڕزگـار کردنـی عێـراق)کەواتـە نـاتوانین لـە هاوکێشـە ڕامیارییەکانی گەلی کوردا، بارودۆخی ڕامیاری نێودەوڵەتی فەرامۆش بکـەین و نادیدەیان بگرین.

٢٣- ڕاپەڕین بەرهەمی یـەك ڕیـزی پارتـە ڕامیارییـەکان بـوو، کـە تـوانی هەلێکی زێڕین بکاتە دیفاکتۆ کە بارودۆخی هەرێمی و نێودەوڵـەتی پێشکەشـی

کرد، بۆ نموونە لە یەکگرتنی چوارساڵی پارتە کوردیەکان توانی دەیان هەزار کیلۆمەتر دووجا لە خاکە داگیرکراوەکەی ئازاد بکات. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دروست کردنی حکومەتی هەرێم لە ساڵی١٩٩٢ سەلماندی کە گەلێکی خۆرهەلاتی ناوەڕاست ئەتوانێت هەڵبژاردنێکی ئازادانە ئەنجام بدات، بەڕاستی لە چاو تەمەنی یەك ساڵەی خۆڕێبەری و نەبوونی ئەزموونی فەرمان ڕەوایی و زامەکانی جەستەی سالانی پێشووی گەلی کورد، سەرکەوتنێکی نموونەیی بوو، بەلام لە ئەنجامی سوود وەرنەگرتن لە ڕابوردوی تالی جەنگی برا کوژی و هاندانی دەستی دەرەکی و هەستی پاوان خوازی و قبولْ نەکردنی یەکتر و تاك خوازی، جارێکی تر پارتە کوردییەکان بەردەبنە وێزەی یەکترو جارێکی کە بە سوود وەرگرتن لە هێزی سەربازی و ئابوری داگیر کەر هەوڵی لە ناوبردنی یەکدی دەدەنەوە. جارێکی کە ئەوەی کە میری مابووی ئەنجامی بدات دژی گەلی کورد، پارتە کوردییەکان بۆیان ئەنجام دا، جگە لەوەش پارتە کوردییەکان نەیانتوانی ڕیزەکانی خۆیان ڕێك بخەنەوە و خۆیان بۆ هەل و ئەگەرێکی نوێی نێودەولەتی ئامادە بکەن تابتوانن بیقۆزنەوە، سەرەڕای ئەوەی لە هەردوو کۆنگرەی لەندەن و سەلاحەدین نەیانتوانی نەیارانی حکومەتی بەعس ناچار بکەن بە دان نان بە سنووری باشوری کوردستان و دووبارە نەکردنەوەی سیناریۆکانی نیوسەدەی ڕابوردووی گەلی کورد.

٢٤- نابێت ڕۆڵی نێگەتیڤی ولاتانی دراوسێ ی تورکیا و ئێران. نادیدە بگرین لە درێژەدان بەجەنگی براکوژی سالانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو و هێرشی زەمینی و ئاسمانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان... جگە لەو هەڕەشانەی کە تورکیا لە سەرکردە کوردەکانی دەکرد ئەگەر بیانەوێت دەست بە سەر شاری کەرکوك دا بگرن، یان ئەو هەولانەی تورکیا دەیدا بۆ فشار خستنە سەر ئەمەریکا تا کورد ناچار بکات نەچنە شاری کەرکوکەوە یان هێزی تورکیاش بەشدار بێت لە چوونە ناو شاری کەرکوك لە کاتی ڕووخاندنی حکومەتی بەعس لە ساڵی٢٠٠٣دا.

٢٥- حکومەتی کوردی و پارتە کوردییەکان ڕۆڵێکی کارایان بینی لە بیناکردنەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، وەك هەموو حکومەتە کۆمارییەکانی تر، بەلام ئەوان پاش بەهێزبوونی پێگەی ڕامیاری و ئابوری و سەربازی، ئینجا هەڵیان دەکوتایەوە سەر کوردستان و لە حکومەتەکەی پێش خۆی کە وەك کوردەکان ئەمانیش نەیاری بوون، دەکەوتنە وێزەی کوردستان و توند تر وێرانیان

دەکرد و گەلەکەیان بە کۆمەڵی زیاتر جینۆساید دەکرد. بۆیە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵیش هەمان شت چاوەڕێ ئەکرێت ئەگەرئەو توانایەی بۆ دروست ببێت بۆ ئەنجام دانی ئەو کارە.

٢٦- پاش ئەوەی بریمەر بوو بە فەرمان ڕەوای سیڤیلی عێراق، دەیتوانی سنووری کارگێڕی ئاسایی بکاتەوە. بەلاّم لەبەر بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ئەمەریکا ئەم کارەی نەکرد.

٢٧- عەرەبە نەیارەکانی ڕژێمی پێشوو، کە میوانی کوردستانی ئازاد کراو بوون و لە کوردستانەوە دەیان توانی دژایەتی خۆیان بۆ ڕژێمی بەعس ڕابگەیەنن، لە نووسینەوەی یاسای کاتی بەڕێوبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، دانیان بە کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەدا نەنا کە لە دەرەوەی دەسەلاّتی کوردی بوو لە پێش ١٩ی ئازاری٢٠٠٣دا، بەڵکو لە مادەی٥٨ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ئەم ناوچەیەیان ناو نا بە ناوچەی ململانێ و حکومەتی عیراقیان بەرپرس کرد لە چارەسەرکردنی ناوچە دابڕاوەکان و لە دەستووریشدا مادەی١٤٠ی بەرکەوت. جگە لەوەی کە لە دەستووردا زۆر بە نەرمی باسی ناوچە دابڕاوەکان کراوە و میکانزمی دیار و ڕوونی تێدا نابینرێت لە ڕاڤە کردن و شرۆڤە کردنی و هەڵسەنگاندن، ئەمەش وا دەکات کە هەر لایەك لە لایەنە عێراقییەکان لە گۆشەنیگای شۆڤێنی یان بەرژەوەندی ڕامیاری و کارگێڕی و جەماوەری و ئابوری... خۆیەوە لێ ی بڕوانێت و شرۆڤەی بکات.

٢٨- مێژوو سەلماندوویەتی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەتی حکومەتە عێراقییەکان تەنها لە زمانی چەك دەگەن، چوونکە ئەگەر فشاری پێشمەرگە نەبووایە، نوری سەعید لە ساڵی١٩٤٣دا دانی بەمافی گەلی کوردا نە دەنا، ئەگەر فشاری پێشمەرگە نەبووایە، نزیکەی(٣٥-٤٠) هەزارکیلۆمەتر دووجا لەزەوی ئازاد نەکرایە لە شۆڕشی ئەیلول دا، ئەوا ڕژێمی بەعس ڕێکەوتنی١١ی ئازاری واژۆ نەدەکردو ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری نەدەکرد کە ڕووبەرەکەی(٣٢٦٦٠)کم$^{٢}$بوو، ئەگەر ڕاپەرین نەبووایە و نزیکەی٤٢٠٠٠ کم$^{٢}$ی ئازاد نەکردایە، ئەوا حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە فەرمی دانی بە حکومەتی هەرێم دا، نەدەنا لەو ڕووبەرەدا.

٢٩- جەعفەری جگە لەوەی کە هێزی دەستووری هەبوو، بودجەی هەبوو، گرفتی یاسایی نەبوو، بەلاّم یەك بڕگەشی لە بڕگەو مادە دەستوورییەکانی

**تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان جێ بەجێ نەکرد، بەڵکو لە ماوەی دەسەڵاتی داریێتییە کورتەکەی دا، بە ڕێگەی جۆراو جۆر کەوتەوە هەناردە کردنی عەرەب بۆ ناوچە دابڕاوەکان لە ژێر پەردەی یاسایی و بە بڕیاری فەرمی وەزارەتەکان. هەر لە بەر ئەوەش بوو لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە بە توندی دژی خۆ کاندید کردنی بوون بۆ پۆستی سەرۆك وەزیر لە یەکەم حکومەتی فیدراڵ.**

**٣٠- جگە لەوەی کە نوری مالکی چەندین هەڵەی دەستووری و یاسایی کردووە. حکومەتەکەی بەرپرس کرابوو لە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی تایبەت بە چارەسەری ناوچە دابڕاوەکان، کەچی خۆی لە جێ بەجێ کردنی ئەو مادە دەستووریە دزیەوە و پاش تێ پەرینی زیاد لە دووساڵ و دە مانگ بەسەر قۆناغی یەکەم، هێشتا ئەو بڕگەیە جێ بەجێ نەکراوە، جگە لەوەی جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠خاڵی ٢٢ی کارنامەی حکومەتەکەی خۆی پێك هێنا بوو، جگە لەوەی کە حزبەکەی ڕێکەوتنی چوارقۆڵی لەگەڵ هەردوو پارتی سەرەکی کوردستان هەبوو. مالکی نەك مادەی١٤٠ی لە وادەی دیاری کراوی خۆیدا جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بە کردەوە کەوتە دژی جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی و درێژە پێدان بە نەهامەتییەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، ئەویش بە تەرخان نەکردنی بوودجەو ناردنی هێزی سەربازی...**

**٣١- پەرلەمانی عێراقی فیدڕاڵ ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بینی لە هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠و دروست بوونی گروپی٢٢ی تەموزی ٢٠٠٨و پەسەند کردنی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان بە بێ ئامادە بوونی نوێنەرانی گەلی کورد و ناوهێنانی مادەی١٤٠ بە مادەیەکی دەستووری مردوو لە لایەن هەندێك لە پەرلەمان تارانەوە، هەروەها پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی جێبەجێ کردنی مادەی١٤٠...**

**٣٢- سەرۆکایەتی کۆماریش هەموو دەسەڵاتی خۆی بەکارنەهێنا بۆ جێبەجێکردنی مادەی١٤٠بە تایبەت ئەو کارو بارانەی کە پێویستی بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی کۆمار هەیە وەك ئاسایی کردنەوەی سنووری کارگێڕی، لێرەدا نابێت ڕۆڵی نێگەتیڤی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار نادیدە بگرین...**

٣٣- نابێت ڕۆڵی نا پێویستی هەر یەك لە حكومەت و پارتە كوردییەكان و دەسەلاَتی كوردی لە ناوچە دابڕاوەكان لە بەر چاو نەگرین بەوەی كە زۆر كەم تەرخەم بوون لە فشار كردن لەسەر حكومەتی نوری مالكی لە جێ بەجێ كردنی ئەم بڕگە دەستوورییە.

٣٤- جگە لە ڕۆڵی نەرێنی سەرۆك كۆمار و نوێنەرە كوردەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی كە دەیان توانی بە بڕگە دەستوورییەكانی سەرۆك وەزیران بانگێشتی پەرلەمان بكەن و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكەن، بۆ نموونە سەرۆك كۆمار بە پێی خاڵی(١)ی بڕگەی(ب)ی خاڵی هەشتەمی ماددەی(٦١)دەتوانێت داوایەك پێشكەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بكات بۆ متمانە كێشانەوە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، یان بە پێی بڕگەی(ج)ی خاڵی حەوتەمی ماددەی(٦١)بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگهێشتنامە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بكات بۆ لێپرسینەوە، یان بە پێ ی خاڵی(٢)ی بڕگەی(ب)ی خاڵی هەشتەمی مادەی(٦١)، ١/٥ی ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن داوای سەندنەوەی متمانە بكەن لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، دیارە ئەمەش نەكرا. ئەگەر چی ئەم هەنگاوانەش بگیرایانەتە بەر، هەتا پاش تەقینەوەكانی یەك شەممە و سێ شەممە و چوارشەممەی خوێناوی بەغداد سەری نە دەگرت و نوری مالكیان بۆ دوور نە دەخرایەوە لە پۆستەكەی، بەلاَم فشارێكی ئەو تۆیان نەخستە سەر بۆ پاپەند بوون بە بەندە دەستووریەكان و جێ بەجێ كردنی مادەی١٤٠ لەوادەی دیاری كراوی خۆیدا. جگە لەوەی كە نەیان توانی هاشمی ناچار بكەن بۆ واژۆكردنی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گۆڕانی سنوری پارێزگاكانی ناوچە دابڕاوەكان كە لە كاتی ڕژێمدا بە ئەنجام گەیاندرابوو.

٣٥- جگە لە ڕۆڵی نەرێنی گروپە تیرۆرستییەكان لە ناوچە دابڕاوەكان كە بەكارە تیرۆرستییەكانیان بەربەستێكی گەورەی ڕامیاری و ئاسایشیان دروست كرد بۆ ئەو كوردانەی كە بە پێی مادەی١٤٠ی دەستووری عێراقی مافی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ سەر زێدی خۆیان، بەم كارە توانییان ڕێ لە گەڕانەوەی ئاوارەكان بگرن و دڵنیایی بدەن بە عەرەبە هاوردەكان لە نەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان(ناوەڕاست و باشووری عێراق)، ئەویش بە بلاَو كردنەوەی ترس و تۆقاندن و كوشتنی كوردە گەڕاوەكان، بێگومان ئەمانەش یان گروپە ئیسلامییە تێرۆرستیەكان بوون، یان ئەندامانی ڕێكخراوی بەعسی هەڵوەشاوە بوون، یان

گروپە عەرەبییە شۆڤێنییەکانی وەك لیستی حەدباو تـەوافقی حـارس ئـەلزاری... بوون.

٣٦- ولاٚتانی دراوسێش رۆڵێکی زۆر خراپیان بینی لـە جـێ بـەجێ نـەکردنی مادەی١٤٠ ئەویش بە فشارخسـتنە سـەرئەمەریکا بـۆ جـێ بـەجێ نـە کردنـی مادەی١٤٠ ، بۆنموونە احمد داود ئۆغلۆی گەورە ڕاویژکاری پێشوی ڕەجەب تـەیب ئەردۆغان دەڵێت"مـادەی ١٤٠بۆمبێکە دروست کراو درایە دەست عێراقییـەکان، بەلاٚم خۆشبەختانە لەگەڵ ئەمەریکاو هاوپـەیمانانی دیکـە توانیمـان ڕیفرانـدۆم دوابخەین"، هەروەها بە دروست کردنی پارتی عێراقی بـەکرێ گـیراو و هانـدانی پارتە عێراقییەکان و فشار دروست کردن لە سەریان و فشار دروسـت کـردن لـە سەرئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق و فشـار دروسـت کـردن لـە سـەر حکومەتی عێراقی و لەشکر کێشی و بۆردوومـانی بـەردەوام و نـاردنی گروپـی تیرۆرستی، ڕێگریان لە جێ بە جـێ کردنـی مـادەی١٤٠ کـرد لـە وادەی دیـاری کراودا.

٣٧- ولاٚتانی تری هاوپەیمانان و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵیکی نەرێنییان بینی لە بەردەوامیدان بـە تاوانـەکانی ڕژێمـی پێشو و جێ بەجێ نەکردنی مادەی١٤٠. بۆنموونە ئەمەریکا بە هەمـوو شـێوەیەك ڕێگری کردووە لە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠، چوونکە لە بەرژەوەندی ئەوان دا نیە، لەبەر ئەوە لە ڕاپۆرتی گروپـی بیکـەر- هـاملتۆن، کـەرکوك بـە بۆمبـی چێندراو دەچوێنێت و داوا لە ئەمەریکا دەکات کـار بکـات بـۆ ئـەنجام نـەدانی ڕیفراندۆم لە ساڵی٢٠٠٧دا، هەروەها لە ڕاپۆرتی یەکەمی ستافان دی مەستورا، هەندێك ناوچـە کـە لـە سـاڵی١٩٧٤دا مـیری دانـی پێـدا نـابوو وەك ناوچـەی ئۆتۆنۆمی، کەچـی دی مەسـتورا پێشـنیار دەکـات کـە بخرێتـە سـەر ئیـدارەی حکومەتی عێراقی... جگـە لـەوەی سـەرجەمی پێشـنیارەکانی دژی دەسـتووری حکومەتی عێراقی فیدراڵ بوو.. هەروەها لـە ڕاپـۆرتی دووەمیشـدا، کۆمـەڵێك پێشنیار دەکات کە سەرلەبەری دژی گەڕانەوەی مافە بۆ خاوەن ماف، جگە لەوەی کە سەرنج و پێشنیارەکانی ولاٚتانی دەوربەر لە بەرچاو گیراوە لـە پێشـنیارەکەدا، سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام سـەردانی ئـەو ولاٚتانـەی دەکـرد، پـێش حکومـەتی عێراق و حکومەتی هەرێم کۆپیەکی پێشنیارەکانی پێشکەش بە دەوڵەتی تورکیا

کردبوو...جگە لە ڕاپۆرتەکانی کرایسز گروپ کە ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەبوو لە جێ بەجێنەکردنی مادەی١٤٠.

٣٨- پێشبینی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ناکرێت لە ئێستادا، لە بەر ئەوەی کە کورد لەوپەڕی بە هێزی پێگەی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و کارگێڕی و یەکگرتووی و بەشداری کارای کورد لە حکومەتی فیدراڵ و پۆستە بالاکانی و هێزی دەستوورو پشتگیری نێودەوڵەتی. نەی توانی کار بکات بۆ تەواو کردنی جێبەجێ کردنی مادەی(١٤٠)، ئەوا بە بەشداری کارای عەرەبە سوونییەکان لە پرۆسەی ڕامیاری ولات دا، و کەم بوونەوەی سەنگی ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و دیبلۆماسی... کورد لە چاو بەهێز بوونی سەنگی ڕامیاری و ئابوری و دیبلۆماسی و دانیشتوانی. عێراقی فیدراڵ و عەقڵیەتی عروبەی عێراقی، سپاردنی جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)ەبە ئایندەیەکی نادیار.

٣٩- یەکێك لە گرفتە هەڵپەسێردراوەکانی ناوچە دابڕاوەکان کێشەی موڵکدارییە، لە ساتە وەختی دروست بوونی دەستەی داواکاری موڵکداریەتی لە ساڵی٢٠٠٤ تا ئێستا نزیکەی(١٠٪)ی کێشەکانیان چارەسەر کردوە؟! کارکردن بەم میکانیزمەی ئێستا، پێویستمان بە نزیکەی٦٠ ساڵی تر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی موڵکداری لە ناوچە دابڕاوەکان.

٤٠- کارکردن بەم جۆرە بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ شتێکی چاوەڕواننەکراو دڵخۆش کەرە نییە! بەمەرجێك گۆڕانکاری ڕامیاری نەبێت(ناوخۆ، دەرەوە). دەست کەوتە دەستووری و ڕامیاری و ئابورییەکانی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوونی پێگە ڕامیاری و سەربازی و ئابوری و ئاسایش و پشتگیری نێودەوڵەتی لە دۆزی کورد دژ بە ڕژێم(ناوخۆ، دەرەوە)و بەرژەوەندییەکانی هەندێك ولات بەتایبەت ئەمەریکا، زۆری ژمارەی ئەندامە کوردەکان لە حکومەتەکانی پێشوو، بەلام بەشداری عەرەبە سوونییەکان لەپرۆسەی ڕامیاری و کەمبونەوەی ژمارەی نوێنەرە کوردەکان لە حکومەتی عێراقی و نەبوونی پلانی ستراتیژی وەك پێویستی سەرکردایەتی کوردی و بەهێزبوونی حکومەتی فیدراڵ(ئابوری، سەربازی، رامیاری، دان پێدانانی جیهانی...) ڕۆژ لە دوا ڕۆژ و دوژمنایەتی توندی هەرێم و پێگەو شوێن و جیۆپۆلەتیکی کوردستان، پێ دەچێت سیناریۆکانی سەردەمی شێخ مەحمود دووبارە بێتەوە...جگە لە گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر حکومەتی هەرێم(بوارەکانی

مافی مرۆڤ ، گەندەڵی...)بۆیە، چاوەڕێ دەکرێت نەك دەستەکەوتەکانی گەلی کورد زیاد بکرێت بەڵکو لە پاشەکشەی بەردەوامیش بێت...

٤١- حکومەتی هەرێم لە ڕابوردوو لە ئێستاو لە ئایندەشدا تووشی گرفتی مەزن و تەنانەت ئەستەمیش دەبێت لە جێ بە جێکردنی مادەی١٤٠دا چوونکە گرفتی حکومەتی هەرێم تەنها لەگەڵ لایەنێکی بەرپرسی ئەو مادەیە نییە کە بەغدایە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە جێبەجێ کارەکانی تری وەك(ئەمەریکا و تورکیا و ئێران و سوریا...)دایە، کەواتە جێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیە هەوڵ و کۆششێکی مەزنی دەوێت لە لایەن هەرێمەوە، واتە حکومەتی هەرێم دەبێت لە واشنتۆن و ئەنکەرەو تاران دەست بکات بە جێ بەجێ کردنی مادەکە.

٤٢- ئەگەر سەیری دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی٢٠٠٩ بکەین ئەنجامەکان دڵتەزێنن لە سەر ئاستی نەتەوەیی و ئاینی. کوردەکان نەیان توانی لە هەردوو شاری بەغدادو واست یەك کورسیش ببەنەوە، ئەگەر چی لە شاری موسڵیش بە گشتی بارودۆخەکە باش نییەو پاشە کشەیەکی گەورەی لیستی برایەتی بەدی دەکرێت. بێ گومان ئەمەش کاریگەریی کەمیی خزمەت گوزاری و کەم و کورتی حکومەتی هەرێم و لاوازی هەستی کوردایەتی و زاڵ بوونی هەستی ئاینی لەهەندێك لەو ناوچانە و کاریگەریی تیرۆریستەکانی لەسەر بووە.

٤٣- لە ولاتێکدا ئەگەر لەماوەی١٣ ڕۆژدا دوو کودەتای سەربازی تێدا ڕوودات، دەتوانین بە ولاتی کودەتا ناوی بەرین، لە کاتی ئێستا کە ژمارەی سەربازانی عێراقی لە(٢٤٠٠٠٠)وهێزەکانی ناوخۆ لە(٦٠٠٠٠٠)تێ پەڕیون و ڕێ بە بەعسییەکانیش دەدرێت بەشداری ڕامیارو سەربازیش بکەن، هەزارەها ملیۆن دۆلاریش بۆ کڕینی چەك و کەرەستەی سەربازی خەرج کراوە، و لە کاتێکدا جیاوازی هۆز و ئاین و ڕێچکەی ئاینی(مەزهەب)و بیروڕای ڕامیاری لەولاتدا هەیەوە کوردەکانیش مافە نیشتمانیەکانیان وەرنەگرتووە، و یارمەتی دانی گروپە جیاوازەکان لەلایەن ولاتەکانی دراوسێ و بوونی گروپی چەکدار، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کودەتای سەربازی نزیك دەبینەوە .

٤٤- حکومەتی عێراق نە دەیەوێت نە دەیەڵێت نە ئامادەشە مادەی١٤٠ جێ بە جێ بێت، ئەویش لە بەر کۆمەڵێك هۆکاری مەزهەبی و نەتەوەیی و ئابوری و ڕامیاری و هەرێمی. بۆ نموونە:

أ- بودجەی ساڵی٢٠٠٧بەڕێژەی(١١٦,٩٪)ی بودجەی ساڵی٢٠٠٥ زیادی کردووە، و بودجەی ساڵی٢٠٠٨ بە ڕێژەی (٣١٢٪)ی بودجەی ساڵی٢٠٠٧ زیادی کردووە، جگە لەوەی کە(٢٨٩,١٪)ی بوودجەی ساڵی٢٠٠٦ زیادی کردووە و(٤٥٣,٢٪) بوودجەی ٢٠٠٥ زیادی کردووە، ئەمە و سەرجەمی بوودجەی عێراق لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٦-٢٠٠٩) دەکاتە(٢٣٨,١٣٤,٥٢٥,٣٥٢,٤٧٢)دینار، بەلاّم ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ مادەی١٤٠ جێ بەجێ کراوە لە ماوەی ٢٠٠٦-٢٠٠٩ دەکاتە(١,٢٠٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠)دینار، واتە(٠,٥٪) سەرجەمی بودجەی عێراقە، جگە لەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆجێ بە جێ کردنی مادەکە لە نێوان ساڵانی٢٠٠٧-٢٠٠٩ سەرف کراوە لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە دەکاتە تەنها(٠,٣٣٪)ی سەرجەمی بوودجەی عێراق. جگە لەوەی کە تەنها نەوتی کەرکوك بە ڕێژەی(١٨٪)بەشداری لە داهاتی عێراق دەکات. بێجگە لەوەی ماددەی(١٤٠)دەقێکی دەستوورییە و دەستوور ناچاری دەکات بۆ جێ بەجێ کردنی، سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵی٢٠٠٩ دا نزیکەی(٢٧٪)ی نەوتی بەرهەم هێنراوی عێراق لە ناوچەدابڕاوەکان دا بووە.

ب- جگە لەوەی هیچ گرفتێکی هونەریش نیە لە جێ بەجێ کردنی ماددەی١٤٠.

ج - ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە ساڵ لە دوای ساڵیش بارودۆخی ئاسایش و ڕامیاری... لە عێراق بەرەو باشتر دەچێت.

د - لە ساڵی٢٠٠٥ دا لە ساڵێکدا لە سەرتاسەری عێراقدا سێ پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم ئەنجام دراوە(لەسەر بنەمای کۆبوونی خۆراك)جگە لەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی هەرێمیش لە٢٥ی تەموزی٢٠٠٩، هەر لە سەر بنەمانی کۆبوونی خۆراك بووە، جگە لەوەی کە کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان بە نوسراوی(خ/٨/١٩٣)لە بەرواری(٢٨/١٠/٢٠٠٧)کە ناردویانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران- نووسینگەی دەوڵەتی سەرۆك وەزیران. ئامادەیی خۆیان پیشان داوە بۆ هەستان بە

کاری ڕاپرسی پاش ئەوەی کە داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ هاریکاری و بڕیاردان، کەواتە ئەگەر حکومەتی عێراقی مەبەستی بوایە، لەسەر کۆبوونی خۆراک، ڕاپرسی لە ناوچە دابڕاوەکان دەکرد بەڵام ویستێکی ڕامیاری نەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠.

٤٥- بەشێك لە جێبە جێ نەبوونی مادەی١٤٠ دەکەوێتە ئەستوی حکومەتی هەرێم وسەرکردایەتی هەردوو پارتی(پ.د.ك)و(ی.ن.ك)، چوونکە لەکاتی پێویست دا دەسەڵاتی لاوازی مالکی و بارودۆخی ڕامیاری و نەبوونی ئاسایشی عێراق و هێزی ڕێکەوتنە سێ قۆڵی و چوارقۆڵییەکەیان نەقۆستەوە بۆ جێ بە جێکردنی مادەی١٤٠، نەك کاریان بۆ ئیفلیج کردنی تواناکانی حکوومەتی فیدراڵ نەکرد، بەڵکو سەر لە نوێ و زۆر عێراقییانە هەوڵی بنیات نانەوەی عێراقی فیدراڵ یان دا... جگە لەوەی کە شەقامی کوردی و گروپە سیڤلیەکان و دەزگا زانستی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان، بەشێکی دیکە لە ئەو بەرپرسیارێتیەیان دەکەوێتە ئەستۆ.

٤٦- ناوچە دابڕاوەکان کلیلی چارەسەر و ئارامی و پێشکەوتنی عێراقە، تا چارەسەری کێشەی کوردی نەکرێت نە عێراق ئاشتی و ئارامی بە خۆیەوە دەبینێت نە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش. بۆیە چارەسەر کردنی پرسی کورد و گەڕانەوەی مافەکان بۆیان ئەرکی حکومەتی عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە، ئەگەر حکومەتی فیدراڵیش بە جیدی کار بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ نەکا، وەك لە پێشەکی دەستووری هەمیشەیشدا هاتووە کە یەکپارچەیی خاکی عێراق پەیوەستە بەجێ بەجێ کردنی دەستوورەوە، ئەوا بە هێزی دەستووری عێراقی فیدراڵ گەلی کوردستان مافی جیابوونەوەیان هەیە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ. سەربەخۆبوونی گەلی کورد و دروست بوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردی، شتێکی حەتمییە، ئێستا بێت یان ئایندە هەر دەبێت کورد پێی بگات.

# پێشنیار

بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)بە تەواوی و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی مافە زەوت کراوەکان بۆ خاوەن ماف و کۆتایی هێنان بە نەهامەتییەکانی گەلی کورد و گەلی عەرەب و گەلانی عێراق، پێویستە حکومەتی هەرێم چەند هەنگاوێك بنێت بە مەبەستی کارا کردنی جێ بەجێ کردنی مادەکە و سوودمەند بوونی زیاتری گەلی کورد لە ڕووی ڕامیاری و یاسایی و دەستووری و ئابوری و جیۆگرافیەوە لە عێراقی فیدڕاڵ دا، بەجێ بەجێ کردنی هەندێك لەم پێشنیارانەی خوارەوە کەم تا زۆر دەستکەوتی نەتەوایەتی و کوردستانی گەلی کورد زیاتر دەبێت، کە بریتین لە:

یەکەم: لە سەر ئاستی کوردستان:

١- یەکێتی: کارکردن بۆ ئاشتەوایی ڕاستەقینە و کارکردنی بە کۆمەڵ و یەکخستنی هێزەکانی گەلی کورد و یەك خستنی هەڵوێست و گوتاری ڕامیاری کوردستانی لە سەر ئاستی حکومەتی هەرێم(بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە) و عێراق و نێودەوڵەتی و تێکەڵ کردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و نەمانی هێزی چەکداری هیچ پارتێکی ڕامیاری لە کوردستان، چوونکە بێجگە لەوەی کە ڕێ لە دووبارە بونەوەی ڕابوردووە تاڵەکان دەگرێت، دەبێت بە یاسایی کردنی هێزی پێشمەرگە، پارتە ڕامیارییەکان دەبن بە پارتی ڕامیاری مەدەنی.

٢- پێشمەرگە: بە ئەکادیمی کردنی سەرجەم هێزی پێشمەرگەو فێرکردنیان بە هونەر و تەکنیك و تەکتیکی نوێی سەربازی و زیاد کردنی ژمارەیان و کڕینی ئەو چەکانە کە لە سنووری دەسەلاتی هەرێمدایە وەك زرێپۆش و هەلی کۆپتەرو... هتد، واتە خۆ بە هێز کردنی تەواو و خۆ ئامادە کردن بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو چ ناوخۆبێت یان عێراقی یان هەرێمی، بەتایبەت پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە خاکی عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە مێژوو

دەری خستووە"هێز"ڕەوتی ڕوداو دانوستان و ڕێژەی ڕووبەری ناوچە ئازاد کراوەکان و مافە نیشتمانی نەتەوەیییەکانی کوردی دیاری کردووە.

٣- دروست کردنی لیژنەیەکی تایبەت مەند لە پسپۆڕییە جیاوازەکانی وەك(ڕامیاری، دەستووری، یاسایی، مێژوویی، جیۆگرافی، ئابوری، جیۆلۆجی...) بۆ توێژینەوەی زیاتر لە سەر ناوچە دابڕاوەکان لە بوارە جۆراو جۆرەکان و پێشکەش کردنی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردن و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم و پێشکەش کردنی زۆرترین خزمەت گوزاری بەو ناوچانە و پەرەپێدانی هەمەلایەنی ئەو ناوچانە.

٤-لەبەر ئەوەی ناوچە دابڕاوەکان لە دەستوری عێراقیدا بە ناوچەی ململانێ ناوی هاتوە(یاسای کاتی بەڕێوە بردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە و دەستوری هەمیشەیی)، لەبەر ئەوەی لە ڕووی یاسایی و دەستورییەوە تا ئێستا یەك لایی نەبۆتەوە کە سەر بەچ یەکەیەکی کاگێڕیە(ئایا سەر بە هەرێمی کوردستانە یان عێراقی فیدراڵ)؟ بۆیە پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدراڵەوە بە ڕێوەببرێت و بوودجەیەکی تایبەتیشی بۆ تەرخان بکرێت و سەرجەم کاروبارەکانی ناوچەکەش لەلایەن خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەوە بەڕێوە ببرێت. واتە حکومەتی عێراقی فیدراڵ مافی ئەوەی نیە وەك ئێستا تاك لایەنانە ئەو ناوچانە بەڕێوە ببات. ئەمەش بە سودی ناوچە دابڕاوەکان و کوردستان دەشکێتەوە!!! لە لایەنەکانی جیۆگرافی و ئابوری و ڕامیاری... و تەنانەت لە یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی مادەی ١٤٠یش دا.

٥-پێویستە سەرکردایەتیی کورد لە سەر پرسی مادەی١٤٠ و هەرپرسێکی تری چارەنوس سازی نەتەوەیی و نیشتمانی، بگەڕێتەوە بۆ شەقامی کوردی لە بڕیاردان، تاك لایەنە بڕیار نەدەن، هەروەها دەشتوانرێت وەك کارتێکی فرە کاریگەر هانبدرێن چ لە دژی حکومەتی فیدراڵ، چ هاندانیان بێت وەك کارتێکی فشار لە سەر ئەمریکا...

٦- دروست کردن و بلاّوە پێکردنی شانە هەواڵگرییە کوردییەکان لە ناوچە دابڕاوەکان، کە سوودی ڕامیاری و سەربازی و ئاسایشی دەبێت و یارمەتی دەر دەبێت بۆ سەر لە نوێ نیشتەجێ کردنەوەی ئاوارەکان.

٧- کارکردن بۆ پەلکێش کردنی کۆمپانیا بیانیە ناسراوەکانی بواری دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گازی هەرێم تا بەم هۆیەوە بتوانرێت بەرژەوەندیی

ئابوریی زۆرێك لە وولاّتە پیشەسازیەکانی جیهان لە هەرێم دا وەگــەڕبخرێت... تــا بەم هۆیەوە وولاّتان ناچار بن پارێزگاری لە هەرێم بکەن، تا هەرێمیش پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات.

٨- ناچار کردنی حکومەتی عێراقی بۆ جێ بــەجێ کردنــی مــادەی١٤٠، ئەویش بە دانانی کەسێکی کورد پەروەری بەتوانا لەڕووی ئەکادیمی و ڕامیــاری و دبلۆماسیەوە، بە سەرۆك یان بە جێگری سەرۆکی لیژنــەی مــادەی(١٤٠). هــیچ کار و فرمانێکی تری نەبێت بێجگە لەو پۆستە، بڕیارو ڕاسپاردەکانی(لیژنەکــە) ڕاستەوخۆ جێ بەجێ بکرێن و بــە ئەنجومــەنی نوێنــەران و ســەرۆکایەتی دا تــێ نەپەڕن بۆ پەسەند کردن... چونکە لە بنەمادا دروست کردنی لیژنەکــە و کــاری لیژنەکە بڕگەیەکی دەستووریە. یان هەردوو ســەرۆك وەزیــران جــێ بــەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی مادەی١٤٠ لە ئەســتۆبگرن بــە دانــانی خشــتەیەکی دیــاری کراوی کاتی، چوونکە ڕابوردوو دەری خستووە کە کاری لیژنە دروســت کراوەکــان تــەنها ئەنجامەکــەی بەخشــینی کاتــە بــە عێراقــی یــەکگرتو و درێــژە پێــدانی چەوساندنەوەی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ناوچە دابڕاوەکانە.

٩- ئەنجام دانی ڕیفراندۆم بە شێوەیەکی بەرایی بــۆ زانــینی ڕادەو ویســتی دانیشتوان تا لە سەر ڕۆشنایی ئەو ڕیفراندۆمە میکانیزمی چــۆنیەتی دەنگــدان لەسەر ئەو ناوچانە دیاری بکرێت.

١٠- هۆشیار کردنەوەی دانیشتوانی کوردستان بە گشتی و ناوچە دابڕاوەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی ڕامیاری و یاسایی و دەستوری و مێــژوویی تاوانــەکانی ڕژێمــە یــەك لەدوایەکــەکان بــە تایبــەتتر لــە ناوچــە دابڕاوەکــان دا، لــەڕێی ئۆرگانەکانی پارت و ڕاگەیاندنە بینراو و بیستراوەکانەوە.

١١- بەخشینی زیاتری مافە نەتەوەییی و کلتوری و ڕۆشــنبیری و ئــاینی...ە کانی نەتەوە و ئاینزاکانی تری هەرێم لە کاتی هەموار کردنی دەستووری هــەرێم بە جۆرێك زیاتر بێت لە مافەکانیان لە دەستووری هەمیشەی عێراقی فیدراڵ دا، هاریکاری کردنی هەمەجۆری حکومەت بۆ ئەم کەمایەتیانە و جیاوازی نەکردن لە ئەرك وماف دا لەگەڵ کوردەکان دا.

١٢- کارکردن بۆ نیشتەجێکردنەوەی ئاوارە و دەرکراوەکانی ناوچە دابڕاوەکان و هاریکــاری کردنیــان لــە لایــەن حکومــەتی هەرێمــەوە، باشــترە کــە ئــەم نیشتەجێکردنە بە شێوەی بەربەستێك بێت(بەبەرستی مرۆیــی، نەتــەوەیی...)کــە

ئەمــە لــە ئایـنــدەدا ســوودە نیشــتمانی و نەتەوەییەکــەی کاریگــەری زیــاتری دەبێت.جگە لەوەی کارکردن بۆ ســەر لــەنوێ نیشــتەجێ کردنــەوەی دانیشــتوانی قەزاکانی وەکو چەمچەماڵ و کەلار و کفری دەتوانێت خزمەتێکی زۆر گــەورە بــە زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە پارێزگای کەرکوك بکات، پــاش ئاســایی کردنەوەی سنوری ناوچە دابڕاوەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر هــەموو ئەو دۆزانەی کە دەنگ دانی هاوولاّتیــان یــەکلاییان دەکاتــەوە، لــە بەرژەوەنــدی هەرێمی کوردستان.

١٣- بە پسووڵەکردنی دەنگدانی دیاری کردنی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان، با دەنگ دانی ئایندە بۆ دیاری کردنــی چارەنوســی ناوچــە دابڕاوەکــان لــە بــری ناسنامە بە پسولەبێت، و هیچ کەسێکی تر مافی دەنگــدانی نــەبێت لــە ناوچــە دابڕاوەکـــان، دەنگـــدەرانیش ســـەرجەم ئـــەو خێزانانـــە بگرێتـــەوە کـــە لـــە تۆماری(١٩٥٧)ناویان تۆمار کراوە. بــەم کــارە دەتوانرێــت ڕێ لــە هــەموو ئــەو کەسانە بگیرێت کە بەشداریان پێ کراوە لە پرۆسەی بەعەرەب کردنی کوردســتان یان قەرەبووی مــادەی١٤٠ی هاوردەیــان وەرگرتــوە و وەزارەتــی بازرگــانی لەبــەر بەرژەوەندی ڕامیاری... ناوەکانی نەسڕیونەتەوە یان ڕێ لە عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەگیرێت کە لە پاش پرۆسە لە ترسی جەنگی تایفی و مەزهــەبی لە ناوچە دابڕاوەکان نیشتەجێ بوون، جگە لەوەی دەتوانرێت هەموو ئەو کــورد و تورکمانانەی کە مادەی١٤٠ دەیان گرێتــە وە قــەرەبوو کراونەتــەوە بــەلاّم لەبــەر هەندێك هۆکاری ڕامیاری و شــۆڤێنیزمی ناویــان نەهاتۆتــەوە بەشــدارییان پــێ بکرێت لە سەرخستنی پرۆسەکەدا.

١٤- کارکردنی حکومەتی هەرێم و نوێنەرە کوردەکان لە بەغدا بۆ جــێ بــە جێ کردنی مادەی١٤٠ بەهەموو برگەکانیەوە لەکورت تــرین مــاوە دا، چــوونکە هەر بڕیارێك و پێشنیارێکی تر چ عێراقی بێت یان هــەرێمی یــان نێودەوڵــەتی، بەمانای لەناوبردنی کێش و هێزی یاســایی و دەســتوی و ڕامیــاری مــاددەی١٤٠ دێت، جگە لەوەی گەورەترین هەڵەی مێژوویی و ڕامیاری و دەستوورییە، سەرەڕای ئەوەی هیچ چارەسەرێك نییە کە هێزێکی مەزنی دەســتووری و یاســایی هــەبێت بۆکەم کردنەوەی مەینەتییەکانی گەلی کورد، مەگــەر حکومــەتی عێراقــی بــە ڕێکەوتنێکی سیاسی ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

١٥- ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن لە ناوچە دابڕاوەکان تا هەنگاوی یەکەمی مادەی١٤٠ جێ بەجێ نەبێت، چوونکە ئەنجام دانی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەسەڵاتی کوردی لەو پارێزگایانە و سەپاندنی بڕیاری شۆڤێنیانە بەرامبەر بە دانیشتوان و کوردستانی بوونی کەرکوك... ئەگەر سەرکردایەتی کوردی لێبڕاوانە پێ لەسەر ئەم خاڵە دابگرێت، بەغدا ناچار دەبێت کە هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ خێرا تر بکات.

١٦- لێپرسینەوە لە هەموو ئەو کاربەدەستانە (گەندەڵ، فایلدار...)بکرێت کە لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان کاردەکەن و خزمەت بە کوردستانیان ناکەن و دانیشتوان پەسەندیان ناکەن بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، واتە ئەگەر کەسانێکی وا هەبن، تا نەبنە مایەی تۆرانی نەتەوەکانی تر و ڕەنجاندنی نەتەوەی کورد و خاو کردنەوەیان لە کوردایەتی.

١٧- بەکارهێنانی ئاین و مەزهەب و هۆکارە ڕامیارییەکان و جیاوازی ڕامیاری کەمایەتی و نەتەوە لە نێوان کەمایەتی و عەرەبەکان، لە بزاوتنی هەستی نەتەوەیی کوردستانیانی ناوچە دابڕاوەکان لە خزمەتی کەیسی ناوچە دابڕاوەکان(واتە قۆستنەوەی ململانێ کەمایەتی و نەتەوەکانی ناوچە دابڕاوەکان و بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی مادەی١٤٠).وەك قۆستنەوەی کێشمەکێشی نێوان تورکمانەکانی تەلەعفەر و لیستی حەدبا، یان گروپە عەرەبییە شۆڤێنیە ئیسلامیە تیرۆرستەکان و ئاینزاکانی سریانی...

١٨- دابین کردنی ئاسایشی زیاتر بۆ ناوچە دابڕاوەکان و پێشکەش کردنی یارمەتی لەلایەن حکومەتی هەرێم چ لە ڕووی تەکنیکی بێت یان لۆجیستی. کارکردن بۆ بەرز کردنەوەی تواناکانی هێزەکانی ناوخۆ(ئاسایش ...) لەو ناوچانەدانە.

١٩- پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری زیاتر لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە بۆ ئەو ناوچانە و دروست کردنی هەلی کاری زیاترو بوژاندنەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتو گوزار... بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە، چوونکە لە هەندێك کاتدا پەنا بردنە بەر کاری تیرۆرستی لە خراپیی باری ئابوریەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢٠- پتەو کردنی پەیوەندیی زیاتر لەگەڵ حکومەت و پارتە عێراقییەکان لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و پارتە کوردستانییەکان و بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییانە لە خزمەتی دۆزی گەلی کورد.

٢١- پێك هاتن لەگەڵ پارتە تورکمانی و عەرەبییەکان و بەستنی ڕێکەوتننامەی ستراتیجی لەگەڵیان و کارکردنی هاوبەش و دانانی پلانی هاوبەش و هاریکاری کردنیان. تا بەم ڕێگەیە بتوانرێت لە خزمەتی دۆزی گەلی کورد بە کاربهێنرێن، وەك هاندانی تورکمانەکان بە پشتگیری کردنی دۆزی کوردو جێ بەجێ کردنی ناوچە دابڕاوەکان لە بەرامبە بە پارێزگا کردنی هەردوو قەزای تەلەعفەر و دووز خورماتوو کە تورکمانیان بە ڕێژەیەکی زۆر تێدایە یان بە فەرمی کردنی زمانی تورکمانی لە دەستوردا.

٢٢- بەشداری پێکردنی ڕاستەقینەی عەرەب و تورکمانەکان لە دابەش کردنی پۆستە کارگێرییەکانی ناوچە دابڕاوەکان بە زۆرێك لە پۆستە کارگێرییەکانی حکومەتی هەرێمیشەوە، بەتایبەت تورکمانەکان. چوونکە بێ بەشداری کارای عەرەب و تورکمانەکان و ئەو لایەنانەی کە پشتگیریان دەکەن ئەستەمە مادەی١٤٠جێ بەجێ بکرێت(چونکە دژایەتی ئەمان بوو کە مادەی١٤٠ جێ بەجێ نەکراو مادەی٢٤ و پاشتر٢٣ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرچوو و پاشتر ئەنجامەکەشیان بردەوە و جگە لەوەی کە هەر ئەمانیشن داوای چوونە دەرەوەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هاتنی سوپای عێراقیان کرد، و وەك بینیمان بەشێکی زۆر لە داواکانیان جێبە جێ کراون کە هەمووی لە زیانی کورد بووە. جگە لەوەی بە هۆی ئەمانەشەوەیە ولاتانی ناوچەکە خۆیان لە کارو باری مادەی١٤٠ بەتایبەتی و ولاتی عێراق بەگشتی هەڵدەقورتێنن. کەواتە بێ هاریکاری ئەم نەتەوانە مادەی١٤٠ لەم ئەنجامەی ئێستای خراپ تر دەبێت)، جگە لەوەی لە کاتی جێ بەجێکردنیشیدا بە بێ هاوکاری ئەو گروپانە زۆرێك لە یەکە کارگێرییەکانی وەك(تەلەعفەر،حەویجە ، مەندەلی...) لە دەست دەدەین

٢٣- ئەنجام دانی ڕیفراندۆم لە سەر ئاستی ئەو یەکە کارگێڕیانەی کە لەمادەی١٤٠دا بە ناوچەی ململانێ ناسراون، واتە ئەگەر یەکەکە پارێزگا بوو بە پارێزگا بەشداری ڕیفراندۆم بکات، یان ئەگەر یەکەکە لە سەر ئاستی قەزا بوو،ڕیفراندۆم لە سەر ئاستی قەزا کەبێت و بۆ ناحیەش بە هەمان شێوە، پەیڕەو

کردنی ئـەم ڕێگایـە سـوودێکی زۆری دەبێـت لـە سـەر گەڕانـەوەی ئـەو یەکـە کارگێڕییانە کە زۆر گـرنگن، وەك گەڕانـەوەی سـەرجەمی پارێزگـای کـەرکوك، قەزاکانی خانەقین و شێخان و شەنگارو ئاکرێ و مەخمور.

٢٤- فەراهـەم کردنـی زیـاتری پرنسـیپەکانی دیموکراسـی لـە هـەرێم و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکانی دی و گـەش تـر کردنـی ڕووی جـوانی حکومەتی هەرێم بە جۆرێك کەمایەتییەکانی تری ناوچە دابڕاوەکان کار بکەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێم.

٢٥- هاریکاری کردن و خۆ نزیك کردنەوەی زیاتری حکومـەتی هـەرێم(چ حکومەت بێت یان حزب یان لە سەر ئاستی کەسایەتی)لە هـۆز و ئـەو سـەرۆك هۆزانەی کە خاوەن هەژموونی دانیشتوان و کۆمەڵایەتین لەو ناوچانە و پەل کێش کردنیان لە خزمەت کردنی دۆزی کوردا، وەك هۆزی شەممەر...

٢٦- کردنەوەی باخچەی ساوایان، قوتابخانە، بنکەی ڕۆشنبیری، هونـەری، وەرزش، ژنان ... چ لایەن حزب بێت یان حکومەت تـا بـەم هۆکارانـە بتوانرێـت کەمایەتییەکانی تر لە دەوری خۆ کۆ بکرێنەوە. زیندوکردن و فێرکردنـی نـەوەی نوێ بە زمانی کوردی پاراوو سڕینەوەی هەموو هەوڵەکانی بەعەرەب کـردن لـە لایەن ڕژێمە عێراقیە یەك لە دوا یەکەکانەوە... دەشـکرێت ئـەم کـارە بـە نـاوی دەزگای خێرخوازی کوردی بێت، تا منداڵان و ژنان و لاوانی نەتەوەکانی تریش لە خۆ بگرێت.

٢٧- یارمەتی دانی گوند نشینەکانی ناوچە دابڕاوەکان بە بێ جیاوازی کردنی نەتەوە، ئاین. لە دابەش کردنـی تـۆو ئـامێری کشـتوکاڵی و پێشـکەش کردنـی خزمـەت گـوزاری ڤێرتێرنـەری تـا بەهۆیـەوە ناوچـەکانیان ئـاوەدان بکەنـەوە و بارودۆخی دیمۆگرافی ئەو ناوچانە ئاسایی بکەنەوە.

٢٨- هاندانی کوردەکانی ناوچە دابڕاوەکان بۆ خستنەوەی منـداڵی زیـاتر بـە پێدان و بەخشینی لایەنی دارایی و خزمەت گوزاری جۆربە جۆر.

٢٩- هانـدانی گروپـە کوردییـە شـۆڕش گێڕەکـانی تـر بـۆ واز هێنـان لـە بەکارهێنانی خاکی باشوری کوردستان بۆ هێرش کردنە سـەر وڵاتـانی ناوچـەکە (داگیرکەرانی پارچـەکانی تـری کوردسـتان)، بـە لەبەرچـاو گـرتنی بـارودۆخی

**تایبەتی باشوری کوردستان* ئەمەش بە دروست کردنی کەمپی تایبەت بە حەوانەوەیان** لە کوردستان یان پێش کەش کردنی هەرجۆرە یارمەتییەکی تری هەرێم تا بە شێوەیەکی کاتی کوردستانی عێراق بە جێ بهێڵن.**

**٣٠- دروست کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە دابڕاوەکان بە تایبەتی لە نەتەوەی کورد، پێدانی مووچەیەکی شیاو کە بەو هۆیەوە بتوانرێت ڕێ لە چەکدار بوونیان بگیرێت لە گروپەکانی ئیسناد و سەحوەدا.**

**٣١- چاککردنەوەی ئەوە هەڵە جیۆگرافیەی کە لە خاڵی یەکەمی مادەی دووی پرۆژەی دەستووری هەموار کراوی ٢٠٠٩ دا هاتوە، کە قەزای بەدرەی لە سنووری کوردستان دەرکردووە، جگە لەوەی کە نەسازانێکیش هەیە لەگەڵ ئەو سنوورەی جوگرافییەی هەرێمی کوردستان کە لە سایتی سەرۆکایەتی هەرێم و وەزیران دا هاتوە.**

**٣٢- زیاد کردنەوەی بڕگەی دووی ماددەی حەوتەم ی دەستووری هەموار کراوی ٢٠٠٨ بۆ پرۆژەی دەستووری هەموارکراوی٢٠٠٩ کە گەلی کورد بڕیار لە مافی چارەی خۆنوسین بدات ئەگەر حکومەتی فیدراڵ سەرکەوتو نەبوو یان پاشگەز بووەوە لە جێ بە جێ کردنی مادەی١٤٠.**

**٣٣- ووروژاندنی پرس و ڕاستییەکانی ناوچە دابڕاوەکان لە لایەن ئەو دامەزراوە یان کەسایەتییانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر شەقامی کوردی و تاکی کوردی و ڕای گشتی عەرەبی و جیهانی وەك(ڕاگەیاندن، مامۆستایانی ئاینی و قوتابخانەکان...).**

---

* - تێبینی: کوردستانیان و شۆڕش گێرەکانی پارچەکانی تری کوردستان خاوەنی هەر بستە خاکێکی کوردستانن بە بێ جیاوازی، چ باکوربێت یان باشور... مەبەست لەم پێشنیارە هاندانی هەموانە بۆ کارکردن بە یەك هزرو بە یەك هێز تا بتوانرێت سەرجەم مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان بەدەست بخرێت، تا ببێت بە پەناگە بۆ خەبات کردن و داوا کردنی مافی کوردستانیان لە پارچەکانی تر. چ نەتەوەیی بێت یان کلتوری یان ئابووری ...

** - ئەگەر لە سنووری هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە چەند سوودێکی دەبێت، ئەوانیش دەتوانرێت لە کاتی پێویستدا لە دژی بەرژوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنرێن، سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانرێت لەکاتی دروست بوونی ناکۆکی سەربازی لەگەڵ عێراقی یەکگرتوو خەبات بکەن شان بەشانی برا کوردەکانی تریان، ئەگەر چی بەمانەوەیان تێچوونێکی زۆری دەبێت، باشتر وایە تێکەڵ بەهێزی پێشمەرگە بکرێن. ئەگەر گونجاو بێت!.

**٣٤- دابەزینی کییانە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی ئایندەدا(٧ی ئازاری ٢٠١٠)دا بەیەك ئیتئتلاف، چوونکە بە پەرت بوونی دەنگەکان، چانسی لە دەست دانی چەندایەتی ژمارەی کورسیەکان و لەدەست دانی پۆستە سیادییەکانی کورد زۆرتر دەبێت، بێ گومان ئەمەش بە زیانی دۆزی گەلی کورد و مادەی(١٤٠)تەواو دەبێت، بۆنموونە ئەگەر تاڵەبانی لەو پۆستە نەبایە، نەی دەتوانی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی گروپی(٢٢)ی تەمووز ڤیتۆ بکات، ئەگەر دکتۆر بەرهەم جێگری سەرۆك وەزیر نەبایە، نە دەتوانرا پارەی بڕدراوی مادەی١٤٠ بگەڕێنێتەوە بۆ لیژنەی مادەی١٤٠، بێگومان ئەمە بەرپرسیارێتییەکی مێژووی و ئەخلاقییە، لە ئەستۆی کییانەی کوردییە ڕامیارییەکاندا.**

**پێویستە میدیای کوردی(بیستراو بینراو بلاْوکراوە و سایتە ئەلکترۆنییەکان)چ حکومی یان حزبی یان سیڤیلی، گرنگییەکی زیاتر لە جاران بەمادەی١٤٠ بدەن و سەرنجی گەلی کورد و ڕای گشتی جیهانی بەلای نەهامەتیەکانی گەلی کوردا ڕابکێشن و سەرجەم لایەنەکانی مێژوویی و جیۆگرافی و ڕامیاریی... ئەم ناوچانە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.**

**پیاوانی ئاینی ئەتوانن مینبەری مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکان و بۆنە ئاینییەکان لە بەرژەوەندیی دۆزی نەتەوایەتی کورد و ناوچە دابڕاوەکان بقۆزنەوە، ئاماژە بە تاوانی ڕژێمە عێراقییەکان بکەن و بەراوردیان بکەن بە فەرموودەکانی خواو پێغەمبەران... جگە لەوەی کە دەتوانن زیاتر گەلی کوردستان هان بدەن بۆ خۆشەویستی نیشتمان و بەرگری کردن لە مافەکانی گەلی کورد.**

**جگە لەوەی لە سەر وەزارەتی پەروەدە پێویستە ناوچە دابڕاوەکان بخاتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە مامۆستایانیش ڕۆڵیان هەبێت لە سەر هۆشیارکردنەوەی خوێندکارو قوتابیانی کورد و بەرزکردنەوەی هەستی نیشتمانیان، جگە لەوەی کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانیش...**

**پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە دابەش کردنی پەرتوکی خوێندن و کەل و پەلی قرتاسیەدا جیاوازی نەکات لە نێوان شارەکانی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان بە گشتی(واتە یەکخستنی مەنهەج)... جگە لە خزمەت کردن بە کەمایەتییەکانی تری وەك تورکمان و ئاشوری... جگە لەوەی پێویستە بلاْوکراوە و نامیلکەی**

چیرۆکی کـوردی سـەرنج ڕاکـێش دابـەش بکـات بـە سـەر منـداڵانی سـەرجەم قوتابخانەکانی ناوچـە دابڕاوەکـان، ئەمـە کاریگـەری گـەورەی دەبێـت لـە سـەر فێرکردنی نەوەی ئایندەی ناوچە دابڕاوەکان بە زمانی پاراوی کـوردی و پەیوەست کردنیان بەکلتوری کوردیەوە...ئەمەش سودی دەبێت لە:

أ- ڕاست کردنـەوەی ئـەو سـتەمەی کـە حکومـەتی عێراقـی بەرامبـەر بـە دانیشتوانی ئەو ناوچانە ئەنجامی داوە، وەك بێ بەش کردنیان لـە خوێنـدن... بـە زمانی دایك.

ب- ڕاست کردنەوەی گفتوگۆ و فۆنەتیك و بەکار هێنانی ووشەی کوردی.

ت- دوور نەکەوتنـەوە لـە زمـانی دایـك و پەیوەسـت بوونیـان پـێ یـەوە، و کارکردن بۆ خزمەتی کردنی ئەو زمانە... چونکە زۆر لە نەوەی سـاڵانی حـەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لە ناوچە دابڕاوەکان زیاتر لە ژێر کاریگەری زمان و کلتوری عەرەبیدان وەك لە کلتوری کوردی.

پ- ئەم جەنگە پەروەردە و فێرکردنەی کە خوازیـارین لـە ناوچـە دابڕاوەکـان بکرێت دەبوایە لەسەرەتای پرۆسەوە دەستی پێ بکردایە، دەبێت لـەم جەنگەشـدا لە حکومەتی عێراقی ببڕێتەوە... چونکە کاریگەریە ئەرێنییەکانی لـە ئاینـدەدا دەردەکەوێت.

٣٥- دانـانی ئـەو کەسـانەی کـە کەسـایەتی ڕامیـاری و ئـەکادیمی و کۆمەلأیەتی بەرزیان هەیە و ڕابووردوو یەکی پاکیان هەیە و لە نـاو کۆمـەڵانی خەڵکدا ناسراو خۆشەویست بن، لـە هەڵبـژاردنیان بـۆ ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێراق، تا بتوانن بەرگری لە مافە کانی گەلی کـورد بکـەن و گـەلی کـوردیش پشتگیری هەڵوێستەکانیان بکەن.

پێویسـتە ئـەم پێـوەرە بـۆ کەسـایەتیە ڕامیـاری و کارگێڕیـەکانی ناوچـە دابڕاوەکانیش ڕەچاو بکرێت.و پێویستە سزای ئەو کەس و بەرپرسانە بـدرێت کـە مافی هاوولاتیانیان زەوت کردوە ئەگەر لە هـەر پلـەو پۆسـتێکی ڕامیـاری یـان کارگێڕی دا بن. بێگومان ئەمە سودێکی زۆری دەبێت لە ئاشـت کردنـەوەی ئـەو کەسانەی کە بە هۆی هەڵەی ئەم کەسانەوە لە دەسەلأتی کوردی تۆراون لە ناوچە دابڕاوەکان دا.

**٣٦- گرنگی دان بە کەرتی تەندروستی لە ناوچە دابڕاوەکان وەك دروست کردنی بنکەی تەندروستی شەوانە ڕۆژی، یان دروست کردنی لیژنەی تایبەتی تەندروستی بۆ سەردان کردنی گوندو شوێنە کەنارەکان، بێگومان دەتوانرێت لەخزمەتی جۆراوجۆری کەیسی مرۆڤایەتی و کوردستانی بەکاربهێنرێن.**

**٣٧- دابەزینی سەرکردایەتی کوردی(سەرۆکی هەرێم و وەزیران و وەزیرەکان...)بۆ شەقامی کوردی لە ناوچە دابڕاوەکان و دروست کردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژو دەزگا کارگێڕی و ڕامیارییەکانی ناوچە دابڕاوەکان، تایبەت کردنی بەشێك لە هەر وەزارەتێکی حکومەتی هەرێم بەمەبەستی خزمەت کردن بە ناوچە دابڕاوەکان...**

**٣٨- ڕۆژی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرێت بە ڕۆژی نیشتمانی.**

**دووەم: لە سەر ئاستی عێراق:**

**١-فشارکردنی حکومەتی هەرێم و لیستە کوردیەکان لەکاتی پێك هێنانی حکومەتی نوێ لە بەغدا بەمەبەستی دروست کردنی وەزارەتێك بە ناوی(وزارەتی ناوچەکانی ململانێ)یان (وەزارەتی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ) یان(وەزارەتی نەهێشتنی تاوانەکانی ڕژێمەکانی پێشوو).باشتریشە کە وەزیرەکەی کورد بێت. بەمەبەستی کارکردن بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ و قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو عێراقیانەی کە زەرەر مەند بوون لە سەر دەستی ڕژێمە عێراقیەکان یان گروپە تیرۆرستیەکان. بە تایبەت زەرەرمەندانی کوردستانیان.**

**٢-زیاد کردنی فشاری حکومەتی هەرێم و بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی نوێنەرە کوردەکان و دەقە یاسایی و دەستوورییەکان لە جێ بەجێ کردنی مادەی١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان.**

**٣-پێداگری لە سەر دروست کردنی سوپا لە دوو لیوا کوردییەکە و بەکارهێنانی لە پاراستنی ناوچە دابڕاوەکان.**

**٤- ڕێگرتن لە هەر هەوڵێك بەمەبەستی گۆڕینی سنووری کارگێڕی ناوچە دابڕاوەکان لەلایەن بەغداوە کە لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی و ڕامیاری خۆیان دابێت.**

٥- کارکردن و یارمەتی دانی پارێزگاکانی تری عێراق بۆ دروست کردنی هەرێمی فیدراڵ تاکو فیدرالیزم وەك سیستمێکی سیاسی لە عیراقدا بەتەواوی بەرجەستە بێ و لەڕوی سیاسیو کارگێڕییەوە عیراق بەسەر چەند هەرێمێکی فیدرالدا دابەش ببێت.

٦- هەوڵدان بۆ دروست کردنی کۆسپ لەبەرەو پێش چوونی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقدا ئەگەرمادەی١٤٠ جێ بەجێ نەکرێت وەك ڕێگرتن لە هەموار کردنی دەستور، چوونکە یارمەتی دانی عێراق لە بەرەو پێش چوون و بەهێز بوون بەمانای یارمەتی دانی حکومەتی عێراقی دێت لە پاشگەز بوونەوەی دەستوور و دروست کردنی کێشەی ڕامیاری و ئابوری و کارگێڕی بۆ هەرێم.

٧- پێویستە نوێنەرەکانی گەلی کوردی تایبەت بە هەموار کردنی دەستووری ئەنجومەنی نوێنەران، چەند خاڵێك بۆ بڕگە دەستوورییەکان زیاد بکەن لە کاتی هەموار کردنی دەستووردا بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ناوەڕۆکی مادەی(١٤٠)و بەدەست هێنانی مافی زیاتری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ نموونە مەرجی کات دابنرێت بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی(١٤٠)بەم شێوەیە، ئەگەر حکومەتی یەکگرتوو نەی توانی لەماوەی (١-٦)مانگ لە دەست بەکار بوونی حکومەتی نوێ کۆتایی بە جێ بەجێ کردنی سەرجەم ناوەڕۆکی مادەی(١٤٠) بهێنێت ئەوا لە دوای ئەو بەروارەوە سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان بە کوردستانی هەژمار دەکرێت، لە بەر ئەوەی کە دەنگدان لە سەر دەستوور وەك لە خاڵی(٢)ی مادەی(١٤٢)دا ئاماژەی پێکراوە بە یەك جار دەبێت. بەکورتی لە کاتی جێ بەجێ نە بوون یان جێ بەجێ بوونی مادەی(١٤٠)یشدا پێویستە کورد فشارەکانی زیاد بکات و هەلەکان بقۆزێتەوە بۆ چەسپاندنی زۆرترین مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی.

٨- ڕێگرتن لە هەموار کردنی ئەو بڕگە دەستوورییانەی کە مافەکانی گەلی کوردی پاراستوە یان گەلی کورد دەتوانن بەو مادە دەستووریانەوە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن وەك مادەی(١)و مادەی (٤) و مادەی(١٤٠)و(١٤١)... (بەلاّم بە تایبەت تر خاڵی(٤)مادەی(١٤٢)کە(٢/٣)ی سێ پارێزگا دەتوانن دەستورە هەموار کراوەکە ڕەت بکەنەوە...)ناشبێت ڕێ بدرێت کە هیچ کۆت و بەندێکی دەستووری بۆ ئەم خاڵە زیاد بکرێت بۆنموونە زیادکردنی بڕگەیەك لەم شێوەیە(٢/٣ی سێ

پارێزگا دەتوانن(٢)جار پڕۆژە دەستور بدەنەوە دواوە، یان تێکستێکی دی کە ڕۆڵی گەلی کورد لە ڕەنگڕێژکردنی دەستور کەم بکاتەوە... چوونکە ئەمە تاکە چەکە لە ئێستا دا بەدەست کوردەوە کە بتوانێت بە شێوەیەکی یاسایی بەرگری لەمافەکانی بکات پاش ئەوەی کە سەنگی ڕامیاری و ئابوری و دبلۆماسی حکومەتی عێراقی بەهێز دەبێت.

٩- قۆستنەوەی هەڵەکانی گروپە عەرەبی یان تورکمانی یەکانی ناوچە دابڕاوەکان، وەك هەڵەی لیستی حەدبا بۆ ڕاکێشانی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەیان لە نەتەوە و ئاین زای جیاجیان وەك تورکمان و مەسیحی... و دروست کردنی پەیوەندی ڕامیاری و ئابوری... لەگەڵیان تا بەو هۆیەوەی بتوانیرێت پشتگیری زیاتری گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بە دەست بهێنرێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

١٠- هاندانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە پێدانی پشکی دیاری کراو لە نەوتی دەرهێنراوی پارێزگاکانی کەرکوك و موسڵ و دیالە لە خزمەت کردن و پێشخستن و پەرەپێدانی ئەو ناوچانە کە زەرەرمەندن لە سەردەستی ڕژێم، تا هاو تەریب بن لەگەڵ پێشکەوتنی ناوچەکانی تری عێراق، کە ئەمەش مادەی(١١٢)ی دەستووری هەمیشەیی جەختی لە سەر دەکات بەلاّم حکومەتی فیدراڵ ئەم پرسەی پشت گوێ خستوە.

١١- بە تایبەت کردنی بودجەی کەرکوك و پێدانی بەشی یاسایی و دەستووری خۆی لە بودجەی عێراق تا بە کاری بهێنێت لە خزمەت گوزاری پەرەپێدانی شاری کەرکوك...

سێیەم: لە سەرئاستی هەرێمی:

حکومەتی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی چەند ئەرکێك دەکەوێتە ئەستۆی، بە جێ بە جێ کردنی دەبێتە خزمەتی زیاتربە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دان نان بە دەسەلاّت و سەرکەوتوویی دەسەلاّتی هەرێم، چوونکە بێ ڕەزامەندی و هاریکاری ئەمان مادەی١٤٠ جێ بەجێ نابێت، کە ئەوانیش بریتین لە: -

١- پتەوکردنی پەیوەندییە ڕامیاری و ئابوریەکان لەگەڵ ولاّتانی هەرێمی، پەلکێش کردنی سەرمایەکانیان و بەگەڕخستنی لە هەرێمی کوردستاندا و

مامەڵـەکردنیان لەگـەڵ هـەرێم لـە بوارەکـانی ڕامیـاری و ئـابوری ڕۆشـنبیری وکۆمەلاّیـەتی، تـا بتوانرێـت بـەم هۆیـەوەی کوردسـتان وەك هـەرێم و ناوچـە دابڕاوەکان وەك بەشێکی هەرێم بکەینە دیفاکتۆ.

٢- پتەو کردنی سنوورەکان لەگەڵ ولاّتانی دراوسـێدا، پێنـەدانی کـارتی ڕامیاری بۆ هێرش کردن(لە شکرکێشی، مووشەك بـاران ...)بـۆ سـەر هـەرێمی کوردستان. تا بەم هۆیەوە ئەو پرۆسەی ئاوەدان کردنـەوە و بـەرەو پـێش چـوونەی ئابوری هەرێم پـەکی نەکـەوێت و زیـاتر گەشـەی چـەندایەتی و چـۆنایەتی بـە حکومەتی هەرێم بدرێت تا لە ئایندەشـدا دەسـتکەوتی ڕامیـای و جیـۆگرافی و ئابوری... گەورەتر بە دەست بهێنێت.

چوارەم: لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی:

١- دروست کردنی پەیوەندیی ئابوری و هاندانی کۆمپانیا گـەورەکانیان بـۆ ئەنجام دانی وەبەرهێنان لەگەڵ ولاّتانی پیشەسـازی بەگشـتی و ولاّتـانی خـاوەن بڕیار لە ئەنجومـەنی ئاسـایش و دروسـتکردنی پەیوەنـدی ڕامیـاری لەگـەڵ ئـەو ولاّتانەو بەدەست هێنانی پشتگیری کردنیان لە دۆزی گەلی کورد.

٢- سود وەرگرتن لە سەرچاوەی سووتەمـەنی کوردسـتان لـە خزمـەتی دۆزی کوردی دا، وەك بەشداری کردن لە هێڵی گازی نابۆکۆ. تا بەم هۆیـەوە بتوانرێـت پشتگیری ئەوروپا بۆ دۆزی نەتەوەی کورد بە دەست بهێنرێت.

٣- دروسـت کـردن و بـەهێزکردنی لـۆبی کـوردی لـەو ولاّت و ڕێکخـراوە جیهانیەکانی وەك ڕێکخراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان و یـەکێتیی ئـەوروپا... کـە کاریگەرییان لەسەر نەخشەی ڕامیاری و ئابوری جیهانی هەیە.

٤- کارکردن لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـۆ هانـدانی ولاّتـانی ئەنـدام بـۆ پشتگیری کردنیان لە دۆزی کورد.

٥- قبوڵ نەکردنی پێشـنیارەکانی یەکـەمی نێـردەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەبەر ئەوەی کە ڕاسپاردەکانی پێچەوانەی مادەی(١٤٠)ە چوونکە:-

أ- دیمەستورا لە یـەکێك لـە بنـەماکانی بڕیاردانـدا لـە سـەر چارەنووسـی ناوچەکان، پرس و ڕاوێژی بەو خەڵکانە کردووە کە بەشدارن لە پرۆسەی گـۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکە. واتە ئەو کەسانەن کە تەعریبیان پێ کراوە، جگـە لـەوە کـە ئاسایی کردنەوەی دانیشتوانیش ڕووی نەداوە.

ب -پێشنیارەکانی دەرئەنجامی ڕاپرسی خـەڵکی نـین. کـە قۆنـاغی کۆتـایی مادەی(١٤٠)ە.

ب-حکومەتی فیدراڵ قەزای ئاکرێی لە بڕگەی(ا)ی مادەی(٥٣)ی دەستووری کاتی بە بەشێك لە کوردستان ناساندوە.

ت-حکومەتی بەعس لە ساڵی(١٩٧٤)دا سـەرجەمی قـەزای مـەخموری لـە چوارچێوەی یاسای ئۆتۆنۆمیدا ناساند و دانی بە کوردستانی بوونیدا نا.

پ-دەرئەنجامەکانی دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقە کەنزیکـەی(٨٠٪)ی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوە. لەبەر ئەوەی ئاسایی کردنەوە لەو ناوچانە لەو دا ڕووی نەداوە، جگە لـەوەی کـە ڕاپرسـیش بـە خـەڵك نـەکراوە بـۆ زانـینی بۆچـوونی ڕاستەقینەیان.

ج-پەسەند کردن و ڕازی بوون بەم پێشنیارانە بەمانای لە نـاو بردنـی هێـزی مادەی١٤٠ی دەستور دێت، کە تاکە هۆیە بۆ نەمان یان کاڵ کردنەوەی ئاسـەوارە ڕەشەکانی ڕژێمی پێشوو لە ناوچە دابڕاوەکان .

٦- فشار کردن لە ئەمەریکا بۆ جێ بە جێ کردنـی مـادەی١٤٠ و سـەرجەم پرسە هەڵوسـراوەکانی نێـوان بەغـدا و هـەولێر، لـە بـەر ئـەوەی لـە ئێسـتادا ئەمەریکا دوو چاری ئاستەنگ بۆتەوە لە عێراق چ ڕامیاری بێـت یـان سـەربازی یان ئابووری، ئەگەر بێتو لە ئێستادا حکومەتی هـەرێم فشـاری جـدی بکـات، ئەمەریکا ناچار دەبێت حکومـەتی فیـدراڵ ناچـار بکـات یـان هـان بـدات بـۆ چارەسەر کردنی ئەو پرس گەلانە، ئەویش لە بەر ئەم خالاًنەی خوارەوە: -

أ- ئەمەریکا دەیەوێت پابەند بێت بە خشتەی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، لە بەر ئەو گرفتە ئابووریەی کە توشی هاتوە و لە بەر پاپەند بوون بەو بەڵێنـەی کە ئۆباما لە کاتی پرۆسەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دا بە خەڵکی ئەمریکای دا.

ب- نایەوێت تەنها ناوچە ئارامەکـەی عێـراق پشـێوی ڕووی تێبکـات و وەك ناوەڕاست و باشوری عێراقی لێ بێت.

ت- هێشتا ئەمـەریکا و هاوپەیمانـەکانی پێوسـتیان بـە توانـای ئەنـدازیارە ڕامیاریەکانی(کەسایەتی سیاسی) کوردستانە بۆ سەر لە نـوێ بنیـات نانـەوەی عێراق و زوو خستنە سەر پێی خۆی.

بێ گومان فشاری ساڵی٢٠٠٣ی سەرکردایەتی کـورد بـۆ سـەر ئەمـەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئێستا بەهێز تر بوو، و فشاری ئێستای حکومەتی هـەرێم لـە

ئێستادا کاریگەریی زۆری دەبێت. بەڵام پاش ئەنجام دانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و زۆر بوونی دەنگ و سەنگی عەرەبە سوونیەکان و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و دروست بوونی عێراقێکی نوێ کە بتوانێت لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێت و پێویستی بە هێزو یارمەتی دەرەکی نەبێت کە پشتیوانی لێ بکات، ئەوا ئەو کاتە فشارەکان نەك بەهێز بەڵکو زۆر لاوازیش دەبن و سیفەتی یاخی بوونیشیان دەدرێتە پاڵ..

# پاشکۆ

## پاشكۆی ژماره(١)

## هەرێمی كوردستان بەپێی یەكە كارگێڕیەكان لە ساڵی١٩٦٨ دا (أ)

| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |

[1] [illegible]
[2] [illegible]
[3] [illegible]

## هەرێمی کوردستان بەپێی یەکە کارگێڕیەکان لە ساڵی١٩٦٨ دا(ب)

| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |

## هەرێمی کوردستان بەپێی یەکە کارگێڕیەکان لە ساڵی١٩٦٨ دا(ت)

| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | [illegible] | [illegible] |
| | | |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |

## پاشكۆی ژماره(٢)

## نامەی نیگرۆ پۆنتی بۆ مام جەلال لە بەرواری١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥

**EMBASSY OF THE UNITED STATES OF AMERICA**

Baghdad, Iraq January 15. 2005

Excellency:

Pursuant to our discussions on January 10 regarding Prime Minister Allawi's January 9 letter to you about the status of Kirkuk, let me reiterate United States support for the full implementation of the Transitional Administrative Law. As Deputy Secretary Armitage assured you and stated publicly, the U.S. supports the full implementation of the Transitional Administrative Law, in particular all paragraphs of Article 58, and believes its full implementation is essential. The United States Government is, therefore, in agreement with the Prime Minister's letter.

Moreover, the United States Government is ready to do its part to facilitate the implementation of Article 58 by assisting institutions responsible for measures outlined in Article 58 (A).

Sincerely,

John D. Negroponte

His Excellency, Jalal Talabani, President, Patriotic Union of Kurdistan, Iraq.

## پاشکۆی ژماره(٢)

## بڕیارەکانی لیژنەی مادەی ١٤٠



قرار رقم (١)

اجتمعت اللجنة المشكلة بموجب الأمر الديواني المرقم (٤٦) والمؤرخ في ٩/٨/٢٠٠٦ اجتماعها العاشر بتاريخ ١٠/٢/٢٠٠٧ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الأوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

(( اعادة جميع الموظفين من السكان الأصليين للمناطق المتنازع عليها من ( الكرد ، التركمان ، الآشوريين ، الكلدانيين ، العرب ) الذين تم فصلهم او ابعادهم او نقلهم خارج تلك المناطق لأسباب سياسية او عرقية او طائفية او نتيجة الفترة من ١٧ تموز ١٩٦٨ ولغاية ٩ نيسان ٢٠٠٣ الى وظائفهم السابقة او القريبة منها في محافظاتهم الأصلية وفقا للقانون ))

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي

رئيس اللجنة

/٢/٢٠٠٧

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
اللجنة العليا
المادة (١٤٠) من الدستور

العدد: [illegible]
التاريخ: [illegible] / ٢٠٠٧

# قرار رقم (٢)

اجتمعت اللجنة المشكلة بموجب الأمر الديواني المرقم (٤٦) العدد م ر ن / ٤٨ / ١٣٣٧٣ والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ لاجتماعها الحادي عشر بتاريخ ٢٠٠٧/١/٣١ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن أجل تطبيع الأوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

أولاً: إعادة جميع العوائل المرحلة والمهجرة الذين رحلوا وهجروا من المناطق المتنازع عليها نتيجة سياسات النظام السابق للفترة من ١٧ تموز ١٩٦٨ ولغاية ٩ نيسان ٢٠٠٣ والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق إلى مناطقهم السابقة وإنجاز الآلية لتنفيذ ذلك:

أ. تعويض العوائل المرحلة والمهجرة بقطعة أرض سكنية تخصص من الدولة في مناطقهم الأصلية التي هجروا ورحلوا منها بشرط أن لا يكونوا من المستفيدين بتمليكهم قطعة أرض سكنية من الدولة سابقاً.

ب. تعويض جميع العوائل المرحلة والمهجرة بتعويض مالي قدره فقط خمسة ملايين دينار وتعويض العوائل المرحلة والمهجرة الساكنة داخل حدود بلدية كركوك مبلغاً قدره فقط عشرة ملايين دينار.

ثانياً: تقوم لجنة حل نزاعات الملكية العقارية بحل جميع قضايا العقارات والأملاك المصادرة والمستملكة نتيجة سياسات النظام السابق في المناطق المتنازع عليها المشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ويشرع وفقاً لمحضر اللجنة (١٥ / ٣ / ٢٠٠٧).

يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبد الرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
/٣/٢٠٠٧

الأمانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثاني
البريد الالكتروني: [illegible] هاتف السكرتير: [illegible]
فاكس: [illegible]



قرار رقم (٣)

[illegible]

أولاً:

[illegible]

ثانياً:

[illegible]

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
الهيئة التنفيذية
المادة (١٤٠) من الدستور

حكومة إقليم كوردستان

العدد: ٩٧
التاريخ: [illegible]

ثالثاً:
على الوزارات والدوائر ذات العلاقة تسهيل مهمة الوافد إذا كان موظفاً في نقل وظيفته من المناطق المتنازع عليها الى محافظتهم الأصلية.

رابعاً:
يلغى جميع القرارات [illegible] قبل يوم ٢٠٠٧/٢/١٠.

خامساً:
ينفذ هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
/٢/ ٢٠٠٧

( ٢ / ٢ )

الأمانة العامة لمجلس الوزراء - الطابق الثاني
البريد الالكتروني: [illegible] هاتف الستالايت / موبايل: [illegible]
أرضي: [illegible]

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
اللجنة العليا
المادة (١٤٠) من الدستور

العدد: ٢٨
التاريخ: ٢٠٠٧/٢/٩

## قرار رقم (١)

اجتمعت اللجنة المشكلة بموجب الأمر الديواني المرقم (٤٦) المؤرخ في (د ر ن / ١٠ / ١٣٣٣) والمعدل في ٢٠٠٦/٦/٢٩ اجتماعها الثالث عشر بتاريخ ٢٠٠٧/٢/٩ لغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

**أولاً:**
الغاء كافة العقود الزراعية التي ابرمت ضمن سياسات التغيير الديمغرافي (التعريب) في المناطق المتنازع عليها والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق وبصورة خاصة محافظة كركوك، واعادة الحال الى ما كان عليه قبل ابرام تلك العقود.

**ثانياً:**
يخول الوزراء ذات العلاقة بتنفيذ هذا القرار.

**ثالثاً:**
ينفذ هذا القرار قبل يوم ٢٠٠٧/٣/١٥.

**رابعاً:**
يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبد الرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
٢٠٠٧/٢/٩

(١٥)

اللجنة العليا لتنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور



رائد جاهد فهمي
رئيس اللجنة

**سەرچاوە: رئاسة مجلس الوزارء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق،ص١-٩٣.**

## پاشکۆی ژمارە(٣)

## بڕیارەکانی لیژنەی مادەی ١٤٠



اللجنة العليا
لتنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور

(سري وشخصي)

## رئاسة مجلس النواب – اللجنة القانونية

م/ ابداء رأي

تهديكم أطيب التحيات

استنادا على ما جاء في الفقرة (ثانيا) من المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق والتي تنص (المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية والمنصوص عليها في المادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية تمتد وتستمر الى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذا الدستور على ان تنجز كاملة (التطبيع ، الاحصاء ، وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها لتحديد ارادة مواطنيها) في مدة اقصاها الحادي والثلاثين من شهر كانون الاول سنة ٢٠٠٧).

وعليه نرجو من لجنتكم الموقرة بيان الرأي حول الاستحقاق المذكور اعلاه وهل هناك حاجة الى تشريع جديد ام لا ، راجين اعلامنا مع فائق الاحترام والتقدير.

رائد جاهد فهمي
رئيس اللجنة
٩/١٠/٢٠٠٧

(سري وشخصي)


جمهورية العراق
مجلس النواب
كوماري عيراق
ئه نجومه نى نوينه ران

جمهورية العراق
رئاسة مجلس الوزراء
اللجنة العليا
لتنفيذ المادة ١٤٠ من الدستور

العدد: ٩/٢٦٦
التاريخ: ٤/١٠/٢٠٠٧

(سري وشخصي)

رئاسة مجلس الوزراء – مكتب دولة السيد رئيس الوزراء
م/استفتاء

تهديكم أطيب التحيات

بناءً على ما جاء في الفقرة (ثانياً) من المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ، والفقرة (٢٦) من برنامج حكومة دولة السيد رئيس الوزراء ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق وإنجازها بصورة كاملة (التطبيع ، الإحصاء) وانتهاءً بالاستفتاء في كركوك والمناطق المتنازع عليها لتحديد إرادة مواطنيها في مدة أقصاها ٣١/١٢/٢٠٠٧).

نرجو التفضل بالاطلاع ومفاتحة المفوضية العليا المستقلة للانتخابات لتهيئة كافة المستلزمات لإجراء الاستفتاء المذكور أعلاه في مدة على أن لا يتجاوز ٣١/١٢/٢٠٠٧.

مع فائق الاحترام والتقدير

رائد جاهد فهمي
رئيس اللجنة
٤/١٠/٢٠٠٧

(سري وشخصي)

الأمانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثاني

جمهورية العراق
مكتب رئيس الوزراء

REPUBLIC OF IRAQ
Prime Minister Office

No:
Date:

العدد: [illegible]
التاريخ: [illegible]

(سري وشخصي)

إلى / السيد رئيس لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور

م / استفتاء

[illegible]

كتابكم المرقم [illegible] في [illegible].

والحاقاً بكتابنا المرقم [illegible] في [illegible].

نحيل إليكم كتاب المفوضية العليا المستقلة للانتخابات المرقم [illegible] في [illegible].

مع التقدير

المرفقات:
- كتاب المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

د. طارق نجم عبد الله
مدير مكتب رئيس الوزراء
٢٠٠٧/١١/٦

نسخة منه إلى:
- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات [illegible]
- [illegible]
- [illegible]
- [illegible]

جمهورية العراق

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

[illegible]

The Independent High Electoral Commission

مجلس المفوضين

العدد: [illegible]

التاريخ: [illegible]

الى / رئاسة مجلس الوزراء – مكتب دولة رئيس الوزراء

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

م/ استفتاء

اشارة الى كتابكم بالعدد (م . ر . ن / س / ٢ / ٣٦٨٥) بتاريخ [illegible] نود ان نبين اهم المشكلات الواجب تذليلها لغرض انجاح عملية الاستفتاء على كركوك وهي :

اولاً : تهيئة سجل الناخبين .

ان الاساس في عملية الاستفتاء [illegible] على وجود سجل [illegible] [illegible] من [illegible] في المشاركة [illegible] (١٤٠) [illegible] المفوضية [illegible] هذا الموضوع [illegible] في الايام التالية :

ثانياً : الاحصاء السكاني

١- استناداً الى نص الفقرة (ثانياً) من المادة (١٤٠) من الدستور العراقي ، [illegible] عملية الاستفتاء تسبقها عملية الاحصاء السكاني ، [illegible] هذا [illegible]

[illegible]

جمهورية العراق

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

[illegible]

The Independent High Electoral Commission

[illegible]

٢. [illegible]

## ثالثاً: الاطار القانوني لعملية الاستفتاء

[illegible]

١. [illegible]

٢. [illegible]

٣. [illegible]

٤. [illegible]

رابعاً: وفقاً للمعطيات اعلاه ستقوم المفوضية بدراسة عملية تسجيل الناخبين، وتحدد الجدول الزمني لعملية الاستفتاء و بدء التحضيرات بهذا الشأن.

خامساً: الدعم و الاسناد المادي والمعنوي .

تحرص المفوضية من جانبها الفني لجملة من التسهيلات و الدعم المعنوي و المادي من قبل الجهات الحكومية كافة لاسيما في المجالات التالية:

- تخصيص الميزانية الخاصة بعملية الاستفتاء التي ستعد من قبل المفوضية.
- تعاون كل من وزارة التجارة و وزارة التربية
- تقديم الدعم والمساندة من قبل الوزارات ( القطاع و الداخلية و التربية و التخطيط و التعاون الانمائي و غيرها من الوزارات ) من اجل تسهيل سير عملية الاستفتاء.

جمهورية العراق

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

The Independent High Electoral Commission

سادساً : التنسيق .

تود المفوضية أن تشير الى استعدادها وحاجتها الى عملية التنسيق مع الجهات المختصة بتطبيق المادة (١٤٠) لاسيما (لجنة تطبيق المادة ١٤٠) ومجلس النواب العراقي ورئاسة الوزراء لغرض تقديم الرأي المهني والمشورة الفنية بشأن عملية الاستفتاء ، وتزويدها بكافة الأولويات والتعليمات والتوصيات المتخصصة عن اجتماعاتها السابقة لكي يتسنى لها اعداد الخطط واجراء التحضيرات اللازمة لعملية الاستفتاء .

فرج الحيدري

رئيس مجلس المفوضين

جمهورية العراق

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات

كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

The Independent High Electoral Commission

سادساً : التنسيق .

تود المفوضية أن تشير إلى استعدادها وحاجتها إلى عملية التنسيق مع الجهات المختصة بتطبيق المادة (١٤٠) لاسيما (لجنة تطبيق المادة ١٤٠) ومجلس النواب العراقي ورئاسة الوزراء لغرض تقديم الرأي المهني والمشورة الفنية بشأن عملية الاستفتاء ، وتزويدها بكافة الآليات والتعليمات والتوصيات المتخصصة عن نشاطاتها السابقة لكي يتسنى لها اعداد الخطط وإجراء التحضيرات اللازمة لعملية الاستفتاء .

المفوض
فرج الحيدري
رئيس مجلس المفوضين

[illegible]
اللجنة العليا
لتنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور

العدد: [illegible]
التاريخ: [illegible] / ٢٠٠٧

(سري وشخصي)

**المديرية العامة للجنسية والجوازات والاقامة – مكتب السيد المدير العام**

**م/ قرارات لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور**

**نهديكم اطيب التحيات**

نود أن نبين بأن المناطق المتنازع عليها والمشمولة بقرارات لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور هي المذكورة في كتابنا المرقم (سري وشخصي) [illegible] في [illegible]/٢٠٠٧ والمرفق طيا نسخة منه [illegible] المناطق المذكورة في كتابنا المرقم (سري وشخصي) [illegible] في [illegible]/٢٠٠٧ [illegible] في بعض الاشكالات مع دوائر الجنسية في كركوك [illegible].

يرجى التفضل بالاطلاع وتعميم جميع المناطق المذكورة في كتابنا اعلاه على دوائركم.

**واقبلوا منا فائق الاحترام والتقدير.**

المرفقات:
نسخة كتاب

د. محمد احسان
رئيس لجنة السكرتارية
/١٠/ ٢٠٠٧

نسخة منه الى:
وزارة الداخلية – مكتب السيد الوزير المحترم / يرجى التفضل بالاطلاع مع فائق الاحترام والتقدير.
(سري وشخصي)

[illegible]

[illegible]
البريد الالكتروني: [illegible] هاتف السكرتارية: [illegible]
[illegible]

بسم الله الرحمن الرحيم

Republic of Iraq
Ministry of Interior
General Directorate for Nationality, Passport & Residence
Directorate For Identity Affairs
Department of ________

جمهورية العراق
وزارة الداخلية
المديرية العامة للجنسية [illegible]
مديرية شؤون الأحوال المدنية
السجلات

العدد: [illegible]
التاريخ: [illegible] ٢٠٠٦

إلى/ رئاسة مجلس الوزراء/الهيئة العليا لتنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور
م/ قرارات هيئة تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور

كتابكم المرقم سري وشخصي [illegible] في [illegible] ٢٠٠٦

[illegible] كتابكم المرقم [illegible] في [illegible] ٢٠٠٦ [illegible] تم تعميمه على مديريات الجنسية في كافة المحافظات بموجب كتابنا المرقم [illegible] في [illegible] ٢٠٠٦ وتم التأكيد على العمل بموجبه [illegible] من الموظفين [illegible] بموجب كتابنا المرقم [illegible] في [illegible] ٢٠٠٦ ... يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير ...

اللواء
[illegible]
مدير الجنسية العام
[illegible] ٢٠٠٦

نسخة منه إلى/ ...
وزارة الداخلية/ مكتب الوزير [illegible] المرقم [illegible] في [illegible] ٢٠٠٦
يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير ...
وكالة الوزارة لشؤون [illegible] ... للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير ...
وزارة الداخلية/ دائرة المستشار القانوني [illegible] للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير ...
مديرية الجنسية العامة [illegible] للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير ...
مديريات الجنسية في كافة المحافظات [illegible]

## پاشكۆی ژماره(٤)

## بەیانی گروپەچەكدارەكان بۆ لێدانی كوردە گەڕاوەكانی جەلەولا

بسم الله الرحمن الرحيم

(قاتلوهم يعذبهم الله بأيديكم ويخزهم وينصركم عليهم ويشف صدور قوم مؤمنين) (التوبة: ١٤)

الى اهالي جلولاء الكرام

من المقاومة العراقية البطلة

سنكون ضيوفكم هذا الاسبوع ان شاء الله

لكي نكون [redacted] من اجل الخلاص من

الاكراد الخونة نرجو اخلاء محلاتكم من يوم

الاثنين الموفق ٢٠٠٤/٦/٢٨ الى يوم

الجمعة

جماعة

سەرچاوە: پ.هاولاتی، هێرشی چەكدارە عەرەبەكان بۆ سەر كوردو هێڵەكانی تەماس ڕوو لە زیاد بوونە، هەفتەنامەی هاولاتیی، ژمارە(١٨٠)،٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٤.ل١.

## پاشکۆی ژماره(٥)

**ناوی ئەو بەعسیانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق لە ٣١ی کانونی دووەمی٢٠٠٩ دەرچوون و یاسای ڕیشەکێش کردنی بەعس دەیانگرێتەوە.**



قرار لجنة

٤

اجتمعت اللجنة المشكلة بالأمر الإداري المرقم (م ع/٤٤٧) في ٢٠٠٨/١١/١٧ لتدقيق أسماء مرشحي مجالس المحافظات وبيان المشمولين بإجراءات اجتثاث البعث وبعد التدقيق تبين إن السادة المدرجة أسمائهم بالقائمة المرفقة طيا مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث عليه تقرر ما يلي :

القرار

- لا تقدم ولا ترشح كون السادة المدرجة أسمائهم في القائمة المرفقة طيا والتي تبدأ بالتسلسل ١- ([illegible] علي حسين جاسم) والتي تنتهي بالتسلسل ٩٠- (يوسف احمد علي [illegible]) مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث .

قررت اللجنة منعهم من الترشيح لانتخابات مجالس المحافظات استنادا إلى المادة (السابعة) من القانون رقم (٣٦) لسنة (٢٠٠٨) والمادة (الخامسة/ف ٩) من القانون رقم (٤١) لسنة (٢٠٠٨) وصدر القرار بالـ(      ) بتاريخ ٢٠٠٨/١١/٢٧ .

مقرر اللجنة — عضو — عضو — عضو — عضو — عضو — رئيس اللجنة و [illegible]

## قائمة رقم (١)

### المستبعدين من الترشيح لشمولهم بإجراءات اجتثاث البعث

| ت | الاسم | التسلسل بكتاب الترشيح | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| ١ | احمد علي حسين جاسم | ٤٤١٩ | عضو فرقة |
| ٢ | احمد علي الخطيب احمد | ٢٤٤٠ | عضو فرقة |
| ٣ | احمد مزهر حسن | ٢٤٢٧ | اجهزة قمعية |
| ٤ | جاسم محمد نايف الروبي | ١٦٣٧ | عضو فرقة |
| ٥ | جعفر صالح عطية بدر | ٢٦٠٠ | اجهزة قمعية |
| ٦ | خليل ابراهيم حسين احمد | ١٨٧٨ | عضو فرقة |
| ٧ | فريد محمد عبد ابراهيم | ٢٤٢٨ | اجهزة قمعية |
| ٨ | رافع محي الدين علي حيدر | ٤٧٢٣ | اجهزة قمعية |
| ٩ | سعد عبد كميش | ٢٤١٧ | عضو شعبة |
| ١٠ | سلطان احمد سلطان الجبلي | ٢٥٦٥ | عضو فرقة |
| ١١ | شاكر جاسم محمد شلش | ٢٥٧٩ | عضو فرقة |
| ١٢ | علي حسين علي مجازي | ٢٤١١ | عضو فرقة |
| ١٣ | عمر حسين ظاهر حسن | ٢٥٢٣ | عضو فرقة |
| ١٤ | فوزية فوزي محمد عبدالله | ٢٦٦٨ | عضو فرقة |
| ١٥ | محمد جابر حسين علي | ٤٠٩٥ | عضو فرقة |
| ١٦ | محمد زيدان حسين الزيباني | ٢٥٦٩ | عضو فرقة |
| ١٧ | محمد شيخ حسن ثقة | ١٦٧٦ | عضو فرقة |
| ١٨ | ناظم جابر احمد ارحيم | ٢٥٢١ | عضو فرقة |
| ١٩ | نواح عبر محمد خليل | ٢٧٠٨ | عضو فرقة |
| ٢٠ | يوسف محمد علي طلال | ٢٥٢٥ | عضو فرقة |

٣٠/ ١٠

## قرار لجنة

٩

اجتمعت اللجنة المشكلة بالأمر الإداري المرقم (٤٤٢) في ٢٠٠٨/١١/٢٧ لتدقيق أسماء مرشحي مجالس المحافظات وبيان المشمولين بإجراءات اجتثاث البعث وبعد التدقيق تبين إن السادة المدرجة أسماؤهم بالقائمة المرفقة طيا مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث عليه تقرر ما يلي :

### القرار

- لما تقدم ولكون السادة المدرجة أسماؤهم في القائمة المرفقة طيا والتي تبدأ بالتسلسل ١- (ابراهيم حسين [illegible]) وتنتهي بالتسلسل ١٨- (زيد ناصر حسين ناصر) مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث .

قررت اللجنة منعهم من الترشيح لانتخابات مجالس المحافظات استنادا إلى المادة (السابعة) من القانون رقم (٣٦) لسنة (٢٠٠٨) والمادة (الخامسة/ ف ٣) من القانون رقم (٣٦) لسنة (٢٠٠٨) وصدر القرار بالرقم (     ) بتاريخ ٢٠٠٨/١١/٣٠ .

١٢/١

مقرر اللجنة　عضو　عضو　عضو　العضو　عضو　عضو　رئيس اللجنة

## قائمة رقم (١)

## المستبعدون من الترشيح لشمولهم بإجراءات اجتثاث البعث

| ت | الاسم | التسلسل بكتاب المفوضية | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| ١ | ابراهيم حسين خلف الزبر | ٢٨٨١ | عضو فرقة |
| ٢ | احلام علي طاهر مزبان | ٢٨٥٧ | عضو فرقة |
| ٣ | احمد ابراهيم احمد حسن | ٢٣٦٨ | عضو فرقة |
| ٤ | احمد مطر حسين محمد | ٢٢٨٥ | عضو فرقة |
| ٥ | بشير خليل داود سلمان | ٩١٦ | عضو فرقة |
| ٦ | تحسين شوكي عمران حسين | ٣١٣٩ | عضو فرقة |
| ٧ | ثابت مهدي مطر قسيم | ٢٢٩٣ | عضو فرقة |
| ٨ | راوية كاظم حمزة عباس | ٢٩٢٠ | عضو فرقة |
| ٩ | رجاء ناصر حسين علي | ٤٢١٤ | عضو فرقة |
| ١٠ | روضة عبد الحميد عبود طاهر | ٢٣٠٦ | عضو فرقة |
| ١١ | زبيدة محمد خليل حردان | ١٠٥١ | عضو فرقة |
| ١٢ | فوزي جول علي حسن | ٢٨١٣ | عضو فرقة |
| ١٣ | كحلة سلمان حلبي احمد | ٢٥٣٤ | عضو فرقة |
| ١٤ | مؤيد شوكي عمران حسين | ٣١٤١ | عضو فرقة |
| ١٥ | نايف سعيد نايف جحالة | ٣٤٠٤ | اجهزة قمعية |
| ١٦ | نعيم عبد الله هلال سلوي | ٣٤٠٢ | عضو فرقة |
| ١٧ | هلال احمد جاسم علي | ٢٦٠٠ | اجهزة قمعية |
| ١٨ | وليد ناصر حسين ناصر | ٢٨١١ | اجهزة قمعية |

# قرار لجنة

٧

اجتمعت اللجنة المشكلة بالأمر الإداري المرقم (م ج/٤٤٧) في ٢٠٠٨/١١/١٧ لتدقيق أسماء مرشحي مجالس المحافظات وبيان المشمولين بإجراءات اجتثاث البعث وبعد التدقيق تبين إن السادة المدرجة أسماؤهم والقائمة المرفقة طيا مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث حسب القرار ما يلي :

## القرار

- لا تقدم ترشيحات كون السادة المدرجة أسماؤهم في القائمة المرفقة طيا والتي تبدأ بالتسلسل ١- ([illegible]) وتنتهي بالتسلسل ٥- ([illegible]) مشمولين بإجراءات اجتثاث البعث .

قررت اللجنة منعهم من الترشيح لانتخابات مجالس المحافظات استنادا إلى المادة (السابعة) من القانون رقم(٣٦) لسنة (٢٠٠٨) والمادة (الخامسة/ ف ٦) من القانون رقم (٢١) لسنة (٢٠٠٨) وصدر القرار بالـ( ) بتاريخ ٢٠٠٨/١٢/١٥ .

مقرر اللجنة عضو عضو عضو عضو عضو عضو رئيس اللجنة

قائمة رقم (٢)

المبعدين من الترشيح لشمولهم بإجراءات اجتثاث البعث

| ت | الاسم | التسلسل بكتاب المفوضية | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| ١ | خالد صالح عباس جاسم | ٦٠ | عضو فرقة |
| ٢ | ثابت مهدي مطر القسم | ٦١ | عضو فرقة |
| ٣ | ادريس عزيز شكر [illegible] | ٩ | العضوية العاملة |
| ٤ | ربيع عبد الرحمن حسين | ٥٣ | العضوية العاملة |
| ٥ | أبو عبد الله [illegible] | ١٠ | عضو فرقة |

http://alhakaek.com news_view_1385.html

## پاشکۆی ژمارە(٦)

## بەیاننامەی کۆشکی سپی لە بەرواری٧ ی کانونی یەکەمی٢٠٠٩. بە بۆنەی تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران

The White House
Office of the Press Secretary

For Immediate Release
December 07-2009

## Statement by the Press Secretary on the Passage of Iraq's Revised Election Law

The United States congratulates the people of Iraq and their elected representatives for the passage of a revised election law, and we look forward to the holding of national elections. The negotiations that led to the passage of the election law demonstrate anew that the Iraqis and their leaders are committed to taking control of their future, and to resolving their differences peacefully and in accord with the Iraqi constitution.

Since 2005, the United States has supported the Iraqi constitution as the basis around which all Iraqis can protect their rights and work together to build national unity. That constitution, including the establishment of a Kurdistan Regional Government, has contributed to Iraqi stability. The United States reiterates its strong support for the Iraqi people and their elected government, and reaffirms its respect for the Iraqi constitution, including Article 140, which addresses the dispute over Kirkuk and other disputed internal borders ,and Article 142, which addresses the process for constitutional amendments. We will continue to support the Iraqi people and their elected government as they work towards the full and fair implementation of the Iraqi constitution.

There are still challenges facing Iraq, including disagreements between the government of Iraq and the Kurdistan Regional Government .The United States is ready to help all Iraqis come together to find new political solutions to ease old conflicts, remove old fears and build a future together as a united country with a proud, historic place in the international community.


Following the 2010 parliamentary elections, Iraq will hold elections in 2013 and 2014in accordance with its constitution and laws. A current and thorough census will help facilitate the conduct of those future elections, and the United States remains ready to help the Government of Iraq conduct an accurate census next year as one element in support of a stable Iraq with a government that is fair and accountable to the Iraqi people.

The United States thanks the United Nations for its indispensible role in helping Iraqis prepare for the upcoming elections and pledges to sustain U.S. support for the UN mission in Iraq.

http://www.whitehouse.gov/the-press-office/statement-press-secretary-passage-iraqs-revised-election-law

پاشکۆی ژمارە (٣)

ناوچە تەعریب کراو و ڕاگوێزراوەکانی ناوچە دابڕاوەکان



# سەرچاوەکان


یەکەم : قورئانی پیرۆز
سوره الحجرات، ایه (١٣).
سوره الروم، ایه (٢٢).
سوره یوسف، ایه (٢).

دووەم: سەرچاوەی کوردی

أ- پەرتوك
١- ئەبوبەکر، ئەحمەد عوسمان، کوردو کوردستان لەکۆمەڵە ووتارێکی مێژووییدا، و. ئازاد عوبید سالح، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ساڵی٢٠٠٥.
٢- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، کوردستانی عێراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩.
٣-ئەمین، نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، ساڵی١٩٩٩.
٤-ئەمین، نەوشیروان مستەفا، کورد عەجەم مێژوویی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٥.
٥-ئیسماعیل، سلێمان عەبدوڵلا، باری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان عێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٦-المعاضیدي، محمد حسین، علی، تاوانی سەردەم، و. تەیب عارف ئەبوبەکر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانە، ساڵی٢٠٠٧.
٧-بارزانی، مەسعود، بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٤.

٨-بارزانی، مەسعود، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٧٥)، بەشی سێیەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی٢٠٠٤.
٩-بە بێ ناوی دانەر، نامە دیپلۆماتیەکانی شەریف پاشای خەندان لە ئەرشیفخانەکانی بەریتانیا و فرانسا، وەرگێرانی لە فرنسیەوە:نەجاتی عەبدولا، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨.
١٠- بلو، جویس، دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. لەفارسیەوە، کارزان محمد، دەزگار چاپ وپەخشی سەدەم، ساڵی٢٠٠٤.
١١-بێ ناوی دانەر، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، و. سەلمان عەلی، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٥.
١٢- بێشکچی، ئیسماعیل، کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، و. ڕێبوار ڕەشید، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر، ساڵی١٩٩٣.
١٣- تالب، جەزا توفیق، ڕوەکی خۆڕسك، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
١٤- حەمدی، وەلید، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و.موحەمەد نوری تۆفیق، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك- سلێمانی، ساڵی١٩٩٩.
١٥- حلمی، ڕەفیق، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٣.
١٦- خسباك، شاکر، کوردو کوردستان، و. ئەمین موتابچی، چاپخانەی کامەران، ساڵی١٩٦١.
١٧- خواجە، ئەحمەد، چیم دی، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی شفیق- بەغداد، ساڵی١٩٦٨.
١٨- خورشید، فؤاد حەمە، جەنەڕاڵ شەریف پاشا، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی گشتی- بەغداد، ساڵی ٢٠٠٧.
١٩- دباغ، تەقی، بیری ئاینی کۆن لە میزۆپۆتامیا، و. یاسین عومەر، بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی٢٠٠١.

٢٠-دێشنەر، گوینتەر، کورد: گەلی لە خشتەبڕاوی غەدر لێکراو، و.بۆ عـەرەبی: عبدالسلام بەرواری، و. بۆکوردی: حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چـاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی١٩٩٩.
٢١- ڕاندڵ، جۆناتان- سی، کوردستان یان کڵۆڵی نەتەوەییـەك، و. خەسرەوشـاڵی، بەڕێوەبەرێتی گشـتی چـاپ و بڵاوکرانـەوە، چـاپخانەی بەرهـەم - سـلێمانی، ساڵی٢٠٠٣.
٢٢-زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، خولاصەیەکی تأریخی کـورد وکوردسـتان لـە زۆر قەدیمەوە تا ئەمڕۆ، بەرگی دووەم، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی، ساڵی٢٠٠٠.
٢٣-ساڵح، سـدیق، حکومـەتی کوردسـتان ١٩١٨-١٩٢٤ چـاپی دووەم، بنکـەی ژین- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٦.
٢٤- سامی، شەمسەدین، کوردو کوردستان لەیەکەمین ئینسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، ئامادە کردنی بۆ ئەرسلان، تورکی نوێ م. ئەمین بۆز، و. بـۆ کـوردی ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم- هەولێر، ساڵی٢٠٠٨.
٢٥-ستانسـقیلڵد، لیـام ئەندرسـن و گاریـپ، ئاینـدەی عێـراق دیکتـاتۆری، دیموکراسی، دابەش بوون؟، و. کامیار سابیر، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی٢٠٠٨.
٢٦-سەجادی، عەلائەدین، مێژوویی ڕاپەڕینی کـورد، چـاپخانەی نێرگـز- شـاری کورد، ساڵی١٩٩٦.
٢٧-سەجادی، عەلائەدین، شۆرشەکانی کورد و کۆماری مهاباد، ئەتلەس چـاپ- تاران، ساڵی٢٠٠٥.
٢٨-سورداشی، علی محمود ئەسعەد، جیۆلۆجیای هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، چـاپی دووەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، ساڵی١٩٩٩.
٢٩-شـەریف، ئـازاد جـلال، سەرچـاوەو دەرامـەتی ئـاو، جیۆگرافیـای هـەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پـەروەردەی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٣٠-شـەمزینی، عـەزیز، جولانـەوەی ڕزگـاری نیشـتمانی کوردسـتان، و. فەریـد ئەسەسەرد، چـاپی سـێیەم، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان، سلێمانی، ساڵی١٩٨٨.

٣١- شمیدت، دانا ئادەم، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان، و.بۆ عەرەبی: جەرجیس فەتحوڵلا، و. بۆ کوردی: اسماعیل، ئەبووبەکر ساڵح، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکرانەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆك، ساڵی٢٠٠٨ .
٣٢- گۆران، خەسرۆ، کورد لە پارێزگای مووسڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-هەولێر، ساڵی٢٠٠٣.
٣٣- گالبرێس، پیتەر، کۆتایی عێراق، و. لە عەرەبییەوە: سۆران عەلی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨.
٣٤- گوێگئالب، زیا، سالأنی پێش جەنگی جیهانی یەکەم، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانێکی پەرت، و. لە فارسیەوە م. گۆمەیی، سوید، ساڵی١٩٩٨،
٣٥- عبدالعزیز، محمد ڕەئوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی یەکانی، بەبێ ناو شوێنی چاپخانە، ساڵی٢٠٠٥.
٣٦- عبدالله، کرێکار، کورد و ئاشوری، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، ساڵی١٩٩٨.
٣٧- عەبدولا، خەبات، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك - سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١.
٣٨- عەبدولا، محەمەد، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٣٩- عەزیز، ئەحمەد، ڕاستی شاری کەرکوك لە نێوان ڕابوردوو باری ئەمڕۆدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی canmatabaacilik، ساڵی٢٠٠٧.
٤٠- عەزیز، سامی عەلی، فریادڕەس لە نێوان مەهدی و عیسادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ساڵی٢٠٠٩.
٤١- عومەر، عبدالله عامر، بەرزونزمی زەوی هەرێمی کوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، ساڵی١٩٩٩.
٤٢- عومەر، محەمەد عەبدولا، گواستنەوەو هاتوچۆ، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٤٣- غەفور، عەبدولا، جوگرافیا ئابوری نەفت لە کوردستاندا، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢.

٤٤- قادر، جەبار، چەند بابەتێكی مێژوویی كورد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم - سلێمانی، ساڵی ١٩٩٩.
٤٥- قارەمان، لەیلا محمد، خاكی هەرێمی كوردستان، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٤٦- قاسملو، عبدالرحمن، كورد و كوردستان، و. عبدالله حسن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، ساڵی٢٠٠٧.
٤٧- كۆچێرا، كریس، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و.حەمەكەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، ساڵی ٢٠٠٤.
٤٨- كۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز، كوردوكوردستان، و. حسێن عوسمان نێرگسە جاری و حسێن ئەحمەد جاف، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ساڵی٢٠٠٢.
٤٩- كاكەیی، فەرەیدون، داهات و ئەمنی ئاو لە هەرێمی كوردستاندا، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، ساڵی٢٠٠١.
٥٠- كینیان، درك، كوردو كوردستان كورتەیەك لە مێژوویی كورد١٩٦٤، و. ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی ١٩٩٩.
٥١- ماكداوێل، دیڤید، مێژوویی هاوچەرخی كورد، و. ئەبوبەكر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ساڵی٢٠٠٢.
٥٢- محێدین، واحد عومەر، دانوستانەكانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەییی كورد حكومەتەكانی عێراق(١٩٢١-١٩٦٨)، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان-سلێمانی٢٠٠٦.
٥٣- مستەفا، عیمادەددین عومەر، دەرامەتە كانزاییەكان، جیۆگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستانی عێراق، ساڵ١٩٩٩.
٥٤- مستەفا، نەوشیروان، ئێمەو ئەوان ناكۆكیەكانمان لەسەرچین؟چاپخانەی زەرگەتە، بەبێ شوێنی چاپ، ساڵی ٢٠٠٩.
٥٥- میران، ڕەشاد، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەییی لەكوردستاندا، بەبێ شوێنی چاپ، ستوكهۆلم، ساڵی١٩٩٣.

٥٦-مینۆرسکی، کورد تێبینی و وردبونەوە، و. بۆ عەرەبی مارف خەزنەدار و. لە عەبیەوە حەمە کەریم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، سالّی ١٩٨٤.
٥٧-مینە، ئەمین قادر، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبیعس، لە بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، سالّی ١٩٩٩.
٥٨-نەقشبەندی، ئازاد، کەش وهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق، جیۆگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق، سالّ١٩٩٩.
٥٩-نوئێل، مێجەر، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسف، و. سدیق سالّح، چاپخانە وئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، سالّی٢٠٠١.
٦٠-نیکیتین، واسیلی، کوردوکوردستان، و. خالد حسامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، سالّی١٩٩٧.
٦١- هاملّتۆن، بیکەر-، ڕاپۆرتی گروپی دیراسەکردنی عێراق، و.جەمیل عەلی و هتد، چاپی یەکەم، لە بلاّوکردنەوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن، سالّی٢٠٠٧.
٦٢-هاوار، م. ر.، شێخ مەحمودی قارەمان و دەولّەتەکەی خواروی کوردستان، بەرگی دووەم، جاف پرێس، بلاك ڕۆز، لەندەن، سالّی١٩٩١.
٦٣-هەروتی، سەعدی عوسمان، سنووری کوردستانی باشوور لە سەردەمی نۆزدەهەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، بەبێ شوێنی چاپ، سالّی٢٠٠٧.
٦٤-هەورامی، ئەفراسیاو، کورد لە ئەرشیفی ڕووسیاو سۆڤیەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، سالّی ٢٠٠٦،
٦٥-وانلی، شەریف، کوردستانی عێراق، گەلێکی پەژمورده و نیشتمانێکی پەرت، و. م. گۆمەیی، چاپی دووەم، بەبێ ناوی چاپخانە- سوید، سالّی٢٠٠٢.

ب-گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

أ- گۆڤارەکان:

١- ئیسماعیل، سلێمان عەبدوڵلا، تایبەتمەندیەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی - سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦.
٢-تایبەت، لە هەرێمی کوردستان١٣ بنکەی سەربازی و ٣٢٣٥ئەفسەر و سیخورو جەندرمەی تورك هەن، گۆڤاری لیڤین، ژمارە ٧١، ١٥ی تەموزی ٢٠٠٨.
٣-گۆران، یوسف، سیاسەتی تورکیا لە کوردستانی عێراق دا(١٩٩٠-٢٠٠٠)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)ی ساڵی نۆیەم، ئابی ٢٠٠١.
٤-عوسمان، مەحمود، ئاماژەکانی کێشەی خانەقین، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٧٥)، ساڵی شەشەم، ١٥ی ئەیلولی٢٠٠٨.
٥-حسێن، هێمن، ئەنجام دانی ڕاپرسی لەسەر کەرکوك لە کۆتاییی٢٠٠٧ دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٥٢)، نیسانی٢٠٠٧.
٦-خورشید، فوئاد حەمە، جیۆپۆلتیك... دابەشکردنی کوردستان، گۆڤاری گەرمیان، ژمارە ٢٨، ساڵی٢٠٠٩.
٧-گروپی لێکۆڵینەوە، بەپێی بەڵگەنامەکان ئەرگەنەکۆن لە شەڕی ناوخۆدا، (٢٤) هەزار پارچە چەکی بۆ یەکێتی و پارتی ناردووە، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٨٤)، شوباتی٢٠٠٩.
٨-فەتاح، ڕێبین، ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بە سوری متبوندا تێ دەپەڕن، گۆڤاری جیهان، ژمارە٢١، ساڵی یەکەمی ٢٠٠٩..
٩-کیسنجەر، هێنری، کارەساتی کورد، و. سەباحی غالیب، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(١) ساڵی(٨)، شوباتی٢٠٠٠.
١٠- لڤین تایبەت، ئێران لە پشت سیناریۆکانی چارەنوسی شاری کەرکوکەوەیە، گۆڤاری لڤین، ژمارە(٧٣)، ١٥ی ئابی ٢٠٠٨.

١١-لڤين، عيسا پـژمان و سـيخوڕەكەی سـاواك و ئەنـدازياری شكسـتی شۆڕشـی كەركوك، گۆڤاری لڤين، ژمارە(٧٣)، ساڵی شەشەم، ١٥ی ئابی٢٠٠٨.
١٢- محەمەد، خەليل ئيسـماعيل، دورايـی و نەتەوەييـەكانی نيشـتەجێ كردنـی عـەرەب لـە ناحيـەی زەمـاردا، گۆڤـاری سـەنتەری لێكۆڵينـەوە سـتراتيجی، ژمارە(٤)، ساڵی هەشتەم، تشرينی دووەمی٢٠٠٠.
١٣- محەمەد، خـەليل ئيسـماعيل، ڕەهەنـدەكانی نيشـتەجی بـوونی عـەرەب لـە پارێزگای نەينەواو كاريگەری لەسەر پێكهاتەی نەتەوەيی دانيشتوان، گۆڤـاری سەنتەری لێكۆلينەوە ستراتيجی، ژمارە(١)، ساڵی١٣، شوباتی٢٠٠٥.
١٤- محمد، خەليل اسماعيل، لێكۆڵينەوەيەك دەربارەی جوگرافيای سنووری هەرێمی كوردسـتانی عێـراق، گۆڤـاری سـەنتەری لێكۆڵينـەوەی سـتراتيجی، ژمـارە٣ ساڵی٤، تشرينی يەكەمی١٩٩٥.
١٥- نەقشبەندی، ئـازاد، دەربـارەی دەسـت نيشـان كردنـی سـنووری كوردسـتان، گۆڤاری سياسەتی دەولی، ژمارە(٢)، ساڵی سێيەم، تەموزی١٩٩٤.

ب- ڕۆژنامەكان
١. (Pna)، زۆر لـە دەسـەلاّتەكانم كـەم كراوەتـەوە، ڕۆژنامـەی خـەبات، ژمـارە (٢٩٥٩)، ٢٠٠٨/٩/٢.
٢. ئاژانسەكان، ئەمەريكا: چارەسەرمان بۆ كەركوك پێ نيـە، ڕۆژنامـەی ئاسـۆ، ژمارە١٠١٦، ١٥ی تەمووزی٢٠٠٩.
٣. ئەحمەد، سالم حەمەخان و زانا، (٥١٪)ی كيميابارانی هەڵەبجە منـداڵ بـوون، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٣٣)، ١٦ی ئازاری٢٠٠٩.
٤. ئەحمەد، فەرەيدون، بەهێزێكی دە هـەزار سـەربازيەوە، توركيـا سـنوورەكانی هـەرێمی كوردسـتانی بەزانـد، ڕۆژنامـەی هـاولاّتی، ژمـارە(٣٩٩)، ٢٤شوباتی٢٠٠٨.
٥. ئەلحەيات، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەوارەيەكی سياسی بۆ كورد، توركيا و ئێران و سوريا هەوڵەكانيان يەك دەخەن، هەفتەنامەی هاولاّتی، ژمـارە (٧٧)، ١٧حوزەيرانی٢٠٠٢.
٦. ئەلعێراق، ئەسوات، دەستتێوەردانی نێودەوڵـەتی و هەرێمايـەتی، چارەسـەری كەركوكيان دواخست، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٣١٥٥)، ٢٤نيسانی٢٠٠٩.

٧. ئەلکوردیە نیوز، تورکە توندڕەوەکان کوردستانی عێراق بنیاتدەنێنەوە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٥١٣)، ٥ نیسانی٢٠٠٩.
٨. ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ئێمەو ئەوان: ناکۆکیەکانمان لەسەربودجەی هەرێم، ڕۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە (٣١٠)، ٢٢ی ئەیلولی٢٠٠٨.
٩. ئەنوەر، دڵشاد، ئێران لە مەندەلییەوە چەند کیلۆمەترێك خاکی هەرێمی بەزاندووە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٧٩)، ١٢ی کانوونی یەکەمی٢٠٠٧.
١٠. ئەنوەر، دڵشاد، لیوایەك و چەندین فەوجی چەکدار دەبردرێنە جەلەولا، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٥٠٨)، ١٨ئازاری٢٠٠٩.
١١. ئیبراهیم، ئارا، بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە مادەی١٤٠ جێبەجێ ناکات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٣٩٨)، ٢٠شوباتی٢٠٠٨.
١٢. بەبێ ناوی دانەر، سەرۆکی کوردستان: یاریکردنی بە ماددەی١٤٠ یاریکردنە بە چارەنوسی عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٢٣٢، ٢٣ی تەمووزی ٢٠٠٩.
١٣. بەبێ ناوی نوسەر، (ئازارد بەرواری):سەردانەکەی(مالکی) بۆ هەرێم هیچی لە کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا نەگۆڕی، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە٦٥٢، ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩.
١٤. بەبێ ناوی نوسەر، حکومەتی کوردستان پرسە بۆ قوربانیانی کارەساتەکەی شەنگال ڕادەگەیەنێت، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٥٨٩)، ئابی٢٠٠٧.
١٥. بەرزنجی، سید مجید، تەقینەوەیەك لە گوند (وەردەك)ی کاکەی زیاتر لە٦٢هاوڵاتی مەدەنی بوونە قوربانی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٣٢٧٤)، ١١ی ئەیلولی ٢٠٠٩.
١٦. تاهیر، وریا حەمە، بودجەی پێشمەرگە بۆ ئیسناد، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٥٠٢)، ٢٥ی ئازاری٢٠٠٩.
١٧. تایبەت هاوڵاتی، بەپێی بەڵگەنامەکانی حیزبی بەعس رژێم دەستی هەبووە لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆدا، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٤٠)، ل١٠ئەیلولی٢٠٠٣.
١٨. توانا، سەعد، بەغدا کەرکوك پەراوێزدەخات، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٩، ٣ی ئابی٢٠٠٩.
١٩. پ.هاوڵاتی، نەینەوا بە جۆرێکی دیکە مێژووی نوێی عێراق ئاراستە دەکات، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٥١٨)، ٢٢ی نیسانی٢٠٠٩.

٢٠.پ.هاولاتی، هێرشی چەکدارە عەرەبەکان بۆ سەر کوردو هێڵەکانی تەماس ڕوو لە زیاد بوونە، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٨٠)، ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٤.
٢١.خەبات، دەستگیرکردنی حەجی ڕەحیم بەڕێوەبەری موخابەراتی ئێراقی لە شاری موسڵ بە تاوانی تیرۆر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٣٢٧٤)، ١١ی ئەیلولی ٢٠٠٩.
٢٢.ڕۆژنامە، یوست هڵتەرمان"حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە خاوەنی بڕیارێکی فاشیلانە بوو سەبارەت بەکەرکوك"، پرد، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٤٩٣، ١٨ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٢٣.ڕۆژنامەی میللیەت، تورکیا شیعەکان دژی کورد هان دەدات، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٥٧) لە ١٤کانوونی دووەمی٢٠٠٤.
٢٤.ڕۆیتەرز، ئێران داوا لە پارتە عێراقییەکانی لایەنگری دەکات، دەسەلاتی کورد لە بەغدا سنووردار بکە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٩٥٩)، ٢ی ئەیلولی٢٠٠٨.
٢٥.ڕۆیتەرس، هێزەکانی ئەمەریکا داوای ڕێکەوتن لە لایەنە سیاسیەکانی عێراق دەکەن، بلاوکراوەی میترۆ، ژمارە٢١، ١٥ی تەمووزی ٢٠٠٩.
٢٦.شیروان، بۆتان، دەنگ و باس، نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات ڕاپرسی لەسەر کەرکوك نەکرێت، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٢، ٢٣ی تەمووزی ٢٠٠٩.
٢٧.شێروانی، لوقمان، دیداری برایەتی و حەدبا بێ ئەنجام بوو، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٦٠)، ٢٨نیسانی٢٠٠٩.
٢٨.شێروانی، لوقمان، ئالاّی عێراق بێ بوونی یاسا، درێژ دەکرێتەوە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(١٠٠٥)، ٣٠ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٢٩.گەلاڵی، هێدی، حکومەتی هەرێم٧٢ملیاردەداتە مامۆستایانی کەرکوك، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٣٥)، ٢٨ی تەمووزی٢٠٠٨.
٣٠.عبدولکەریم، بابان، لە ترسا سەعدیە و جەلەولا بە جێ دەهێڵن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٢٩)، ٢٧ شوباتی٢٠٠٩.
٣١.عەبدولاّ، تەها، پێکدادان لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕوودەدات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٩٥٩)، ٢٥ی ئابی ٢٠٠٩.

٣٢.عەبدولا، ژینۆ، نەرمین عوسمان، دەوڵەتی عێراق ئیرادەی جێ بە جێ کردنی ماددەی(١٤٠)ی نیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٢٥)، لە ١٩ی ئازار٢٠٠٩.
٣٣.عەبدولا، ژینۆ، وەزارەتی نەوتی عێراق٣٥ گرێبەستی نەوتی هاوشێوەی هەرێم ئیمزا دەکات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٨٩٧)، ١٥حوزەیرانی٢٠٠٩.
٣٤.عەبدولا، نامۆ، تارق هاشمی، ڕێگە بە دروست بوونی کوردستانی سەربەخۆ نادەین، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٤٨٩، ١٤ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٣٥.عەبدوڵلا، تەها، مالکی داوای لە لیستی حەدبا کرد ئیدارەی پارێزگاکە بە تەواوفق پێکبهێنێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٥٦) لە ٢٨نیسانی٢٠٠٩.
٣٦.عەبدوڵلا، دارا، کورد لە سەر هەق بو یان جەعفەری؟ ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە(٥٠ )، لە بەرواری ٢٦ی کانونی یەکەمی٢٠٠٦.
٣٧.عەزیز، قادر، بۆمادەی١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێ بەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٧)، لە١٣کانوونی دووەمی٢٠٠٨.
٣٨.عوسمان، محەمەد، لە کۆیە نزیکەی٤٠ داوای یاسایی لەسەر(قاسم ئاغا) تۆماری دەکرێت، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٢٧)، ١١حوزەیرانی٢٠٠٣.
٣٩.غەریب، ژینۆ عەبدولا وعومەر، هێزێکی فیرقەکە داوای چۆڵکردنی گوندێکی کوردیان کرد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٧١)، ١٥ی مایسی٢٠٠٩.
٤٠.غەریب، عومەر، کەرکوك پێویستی بە هێزی دەرەکی نیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٤٣)، ٦ی ئابی٢٠٠٨.
٤١. غەریب، عومەر، مالکی زۆرێکی هاوبەشی ئەمنی لە کەرکوك پێکدەهێنێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٤٨٥٨)، ٣٠ی نیسانی ٢٠٠٩،
٤٢.غەریب، عومەر، هاوکاری بەسەر ئاوارە گەڕاوەکاندا دابەشکرا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٥٠)، ٢١نیسانی٢٠٠٩.
٤٣.فریدمان، تۆماس، مالاوا عێراق، بەهیوای سەرکەوتن، بلاوکراوەی میترۆ، ژمارە٢٢، لە ١٦ی تەمووزی ٢٠٠٩.

٤٤.قادر، هەستیار، مەحمود عوسمان: بریمەر پێی ووتین یەك سانتیمەتر ناخەنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(٥٥٣)، ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩.
٤٥.قادر، هەستیار، وەزیرێکی کورد، بەدەگمەن لەئەنجومەنی وەزیراندا باس لەکەرکوك کراوە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە٥٣٠، ١١ی ئابی٢٠٠٩.
٤٦.قوربانی، عارف، لە پاکتاوی ڕەگەزیدا ئامارەکان چیمان پێدەڵێن، ڕوژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٤٧)لە(٨ی نیسانی ٢٠٠٩)، ل٣.
٤٧.کۆچەری، سەرکەوت لەتیف وشینوار، بە پێی ڕێککەوتنە چوارقۆڵیەکە، کورد دەتوانێت حکومەتەکەی مالیکی هەڵبووەشێنێتەوە، ٥٣- ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٨٦٣)، ٢٥تشرینی دووەمی٢٠٠٨
٤٨.کاوە، خەیام، توانا حەمەنوری، بەر لەخۆ تەقاندنەوەی، تیرۆرستێك بە پشتێنێکی بۆمبڕێژکراو دەستگیر دەکرێت، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٦٣)، ٣ مایسی٢٠٠٩.
٤٩.کەریم، هاوڕێ، "تورکیا هەر شوێنێك داگیر بکات ناچێتە دەرەوە، ئەوە بڕیارێکی تایبەتی مەجلیسی ئەمنی عەسکەری تورکیایە"، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٣٩٩)، ٢٤ی شوباتی٢٠٠٨.
٥٠.کوردستانی نوێ، ووردەکاری نوێ لە بارەی تەقینەوەکەی بەغدا ئاشکرا دەبێت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٥٠١١)، ٢٨ی تشرینی یەکەمی٢٠٠٩.
٥١. مەموزینی، سەعید، مووسڵ.. تائێستا٦هەزار ماڵە کوردی شەبەك لە بەر هەڕەشەی تیرۆرستان شارەکەیان جێهێشتووەو ٦٩٨ کوردی شەبەکیش شەهید کراون ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٨٧٠)، ٥حوزەیرانی ٢٠٠٨.
٥٢.نەجم، فەلاح، وەزیری پێشمەرگە وەڵامی ئۆدێرنۆ دەداتەوە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە (٤٣٩)، لە٢٩ئازاری٢٠٠٩.
٥٣.هاشم، سعود، "گەندەڵی هۆکاری سەرەکی دۆڕاندنی لیستی نەینەوا بووە: ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(٥١٦)، ١٥ی نیسانی٢٠٠٩.
٥٤.تایبەت، دەقی ڕێکەوتنامەی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە بارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ڕێکخستنی

چالاكییەكانیان لە ماوەی مانەوەی كاتیدا، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە٨٥٨، ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.
٥٥.غەریب، عومەر، لافیتەی خوێناوی كەركوكیەكان هەر بە بەرزی شەكایەوە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٣٦)، ٢٩ی تەمووزی٢٠٠٨.
٥٦.زەنگەنە، محەمەد، ٢٤ ئەندامی ئەنجومەن داوا دەكەن كەركوك بێتەوە سەر هەرێمی كوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٩٢٧)، لە ١ی ئابی٢٠٠٨.
٥٧.ئاوێنە، ئەو ئەفسەرەی بڕیاری تەقەكردنیدا لە خۆپیشان دەرانی كەركوك بەرەو بەغدا هەڵهات، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە(١٣٣)، ٥ی ئابی ٢٠٠٨.
٥٨.جەوهەر، جەلال، ماددەی(١٤٠)لە نێوان كەمتەرخەمی كوردو پشتگوێخستنی دەسەلاَتداران لەعێراق و پلانی دوژمنانندا !، ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە(١٣١)، ١٤ی شوباتی٢٠٠٧.
٥٩.بە بێ ناوی نوسەر، ڕێكەوتنی ستراتیژی بۆ تێكڕای ئۆرگانەكانی كوردستان گفتوگۆی لە سەركرا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٢٥٩٨)، ١٧ئابی٢٠٠٧.
٦٠.ئاسۆ، هەژاری لە كوردستان لە ئاستێكی نزم دایە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە (٩٥٩)، ٢٧ی نیسانی٢٠٠٩.
٦١. كوردستانی نوێ، وەزارەتی پلان دانانی عێراق: كەمترین ڕێژەی هەژاری لەهەرێمی كوردستاندایە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (٤٨٥٥)، ٢٧نیسانی٢٠٠٩.
٦٢.ڕەواندوزی، هاوڕێ، لیژنەی چاكسازیی كارگێری و نەهێشتنی گەندەڵی ڕاپۆرت دەدەنە ئەنجومەنی وەزیران، ڕۆژنامە كوردستانی نوێ، ژمارە(٤٦٦٩)، ٥ئەیلولی٢٠٠٨.
٦٣.پ. هاولاَتی، لە نامەیەكی تایبەتدا دكتۆر بەرهەم ڕەخنە لە جەعفەری دەگرێت، ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە(٢٣٢)، ١٣تەمووزی٢٠٠٥.
٦٤.بە بێ ناوی نوسەر، ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ لە كەركوك كارتی سور بەرز دەكاتەوە، هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە(٣١٨)، ساڵی هەشتەم، ٢٨ی شوباتی٢٠٠٩.
٦٥.هاولاَتی، ئاوارە كوردەكانی حەویجە لە كەركوك بڕی یەك ملیۆن دینار یارمەتی وەردەگرن، هەفتەنامەی هاولاَتی، ژمارە(٢٠٩)، لە ٢٦ی كانوونی دووەمی٢٠٠٥.

٦٦.تایبەت ئاوێنە، شەڕی پێشمەرگەو سوپا لە ئان و سات دایە، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە(١٣٤)، ١٢ی ئابی٢٠٠٨.
٦٧.سەنتەری هەماهەنگی لە پارێزگای کەرکوك، (٢١٤)کوژراو(٧٢٢)بریندار لەساڵی٢٠٠٨ دا لە کەرکوك، هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە٣١٠، ٣ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩.
٦٨.پ.سلێمانی، دکتۆرمەحمود عوسمان، یەکنەخستنەوەی دوو ئیدارەکە گەورەترین زیان لە کورد دەدات، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٦٦)، ٢٤ی ئازاری٢٠٠٤.
٦٩.پ. کەرکوك، لەبەر ململانێ پارتی و یەکێتی عەرەبێك لە هەڵبژرادندا دەردەچێت، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٢٤)، ٢١مایسی٢٠٠٣.
٧٠.قانوونی، عیمران، ڕۆژانە١٥٠هەزار بەرمیل دەپاڵێوی.. پرۆژەی دروستکردنی پالاوگەیەکی نەوت لە کەرکوك دەستی پێکرد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٣٢٣٢)، ٢٣ی تەمووزی٢٠٠٩.
٧١. ئەسوات ئەلئێراق، یەکەمین بیری نەوت لە شێخان لێدەدرێت، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٣١١، ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩.
٧٢.بەبێ ناوی دانەر، بەلاغی کۆتایی کۆبۆنەوەی لیژنەی هاوئاهەنگی و بەدواداچوونی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە سەلاحەدین، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٣٠٠٢)، ٣ی ئازاری٢٠٠٣.
٧٣.کەریم، سۆران، گەنجە فەیلیەکان لە تاقیگەی چەکی کیمیاییدا شەهیدکراون، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٠٠)، ٢٥ی کانوونی دووەمی٢٠٠٩.
٧٤.ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، واشنتۆن و لەندەن مۆڵەتی شەش هەفتە دەدەن بەبەغدا، ژمارە(٢٩٨٠)، ٣ی شوباتی٢٠٠٣.
٧٥.ئاژانسەکان پ. هاولاتی، بەبەشداری٨ کورد حکومەتی نوێی عێراق ڕادەگەیەنێت، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە (١٧٦)، ٢ی حوزەیرانی٢٠٠٤.
٧٦.عەبدولا، تەها، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژرادنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیندرا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە٤٩٤٥، ٩ی ئابی٢٠٠٩.

٧٧.ئەنجومەنی نوێنەران، دەقی یاسایی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەكان، و.هێرش نامیق، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(١٠٩٥)، ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩.
٧٨.عەبدوڵڵا، تەها، عەلی كیمیایی دانی نا بە كیمیابارانكردنی هەڵەبجە لە لایەن حكومەتی عێراقەوە، ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٩٩)، ١٧ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٧٩.پ.هاوڵاتی، هێرشی چەكدارە عەرەبەكان بۆ سەر كوردو هێڵەكانی تەماس ڕوو لە زیاد بوونە، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٨٠)، ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤.
٨٠.ئاژانسەكان، لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ كەركوك كوردو ئەمەریكیەكان ڕێكدەكەون، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٢٣)، ١٤ی مایسی٢٠٠٣.
٨١. نوعمان، سەهین، ئێراق شەریكێكی هەمیشەیی ئەمەریكایە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە٣٢٦٢، ٢٨ی ئابی٢٠٠٩.
٨٢.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی - بەعس(١٩٩١) ئەڵقەی٧، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ١٥٦، لە ١١ی شوباتی ٢٠٠٨.
٨٣.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی- بەعس(١٩٩١)بەشی یەكەم، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(١٥٠)، بەرواری٣ی شوباتی٢٠٠٨.
٨٤.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ئەڵقەی ٤، ژمارە (١٥٣)، ٦ی شوباتی٢٠٠٨.
٨٥.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستان - بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەڵقەی(٥)، ژمارە (١٥٤)، ٧ی شوباتی ٢٠٠٨.
٨٦.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕوژنامە، ئەڵقەی ٦، ژمارە(١٥٥)، ١٠شوباتی٢٠٠٨.
٨٧.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزات بەرەی كوردستانی - بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەشی ٨، ژمارە(١٥٧)، ١٢ی شوباتی٢٠٠٨.
٨٨.مستەفا، نەوشیروان، مفاوەزاتی بەرەی كوردستانی- بەعس(١٩٩١)، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ئەلقەی ٩، ژمارە(١٥٨)، ١٣ی شوباتی٢٠٠٨.
٨٩.توانا، سەعد، هەناردەی نەوتی كەركوك دەگاتە(٩٠٠)هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە١٠٢٧، ٣٠ی حوزەیرانی٢٠٠٩.

٩٠.تاڵەبانی، نوری، بێ ناونیشان، ڕێبەری ئازادی، ژمارە(٥٣٣)، بەرواری ٩ئەیلولی٢٠٠٨.
٩١.شێروانی، سۆران کەریم، لوقمان، کەمکردنەوەی بودجەی (١٤٠)، نایاسایی و نادەستوورییە، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٩٠)، ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.
٩٢.غەریب، عومەر، نەرمین عوسمان کارەکانی مادەی(١٤٠) پێویستی بە فشاری حکومەتی هەرێمە، کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٧٣٧)، لە ٢٨ی تشرینی دووەمی٢٠٠٨.
٩٣.غەریب، عومەر، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، (١٠٠)ملیۆن دیناری بودجەی ماددەی(١٤٠)ی ڕاگرت، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٩١)، ٨ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٩٤.جەمیل، عومەر غەریب و هاشم، حکومەتی هەرێم(٨٢)گوندی سەر بە کەرکوکی ئاوەدان کردووەتەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨٧٠)لە ١٤مایسی٢٠٠٩.
٩٥.ئاسۆ، ئەمڕۆ دادگاییکردنی(پاکتاوی ڕەگەزی)دەست پێ دەکات و(٩)تۆمەت بار دەبرێنە دادگا، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە(٩٤٧)، ٨ی نیسانی٢٠٠٩.
٩٦.غەریب، عومەر، لەماوەی(٥)ساڵدا دەستەی نەهێشتنی کێشەکانی موڵکدارێتی نەیتوانیوە نیوەی کێشەکان چارەسەربکەن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٨١٢)، لە بەرواری(٤ئازاری٢٠٠٩).
٩٧.پ.کەرکوك، ٤٥٠خێزانی عەرەب لە دبس دەردەکرێن، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە( ١٤٨)، ٥تشرینی دووەمی٢٠٠٣. ١١٦- شوانی، فریاد، ٩٠٠٠٠٠هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە کەرکوك کێشەیان لە سەرە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(٤٩٠١)، ١٩حوزەیرانی٢٠٠٩.
٩٨.هێمن لهۆنی، "بەهاوکاری ئەمریکا توانیمان ڕیفراندۆمی کەرکوك دوا بخەین"، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە(٣١٠)، ٢٢ی ئەیلولی٢٠٠٨.
٩٩.هاوڵاتی، ئەمەریکا کفری و خانەقین و جەلەولا و دوز لە کوردستان دادەبڕێ، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە(١٢٩)، ٢٥ی حوزەیرانی٢٠٠٣.
١٠٠. هاوڵاتی، ئێران، هاوکاری چەکدارانی قاعیدە دەکات لە باقوبە، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٣٤١)، ٢٩ی تەمووزی٢٠٠٧.

١٠١.هاولاتی، بەرەی تورکمانی میلیشیا چەکدار دروست دەکات، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(١٤٤)، ٨تشرینی یەکەمی٢٠٠٣.
١٠٢. هاولاتی، بەرپرسێکی(PMF)دەکرێت بە لێپرسراوی لقێکی بەرەی تورکمانی، هەفتەنامەی هاولاتی، ژمارە(٩٨)، لە١١تشرینی دووەمی٢٠٠٢.
١٠٣. هاولاتی، تالەبانی داوا لە بەرپرسە کوردەکانی کەرکوك دەکات بەخۆیاندا بچنەوە، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٩٣)، ٣شوباتی٢٠٠٨.
١٠٤. هاولاتی، تورکیا نامەی یەکێتی و پارتی ڕەت دەکاتەوە، ڕوژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٢٩)، لە ٦ی ئازاری٢٠٠٧.
١٠٥. هاولاتی، پێشمەرگەو سوپای عێراق لە مەخمور ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە٥٤٣، لە ١٩ی تەمووزی ٢٠٠٩.
١٠٦. هاولاتی، دوای هەڕەشەکانی سەرکردایەتی کورد شەهرستانی بەردەوامە لەسزادانی کۆمپانیاکانی نەوت، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٣)، ٣شوباتی٢٠٠٨.
١٠٧. هاولاتی، گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی پێشنیاری بەدیلێك بۆ ماددەی١٤٠ دەکات، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (٣٢٣)، ٢٥ی نیسانی٢٠٠٧.
١٠٨. هاولاتی، لە ژێرگوشاری ئەمەریکادا ناوچە ئازاد کراوەکان ناخرێنە سەر کوردستان پۆلیس و ئاسایشی کوردستان سەربە هەرێم دەبن نەك حکومەتی ناوەندی چارەنوسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، هەفتەنامە هاولاتی، ژمارە(١٦٢)، لە ٢٥ی شوباتی٢٠٠٤.
١٠٩. هاولاتی، مالکی پاشگەز دەبێتەوە لە دژایەتی کردنی داواکانی کورد لە بەغدا، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٣٨٨)، ١٦ی کانوونی دووەمی٢٠٠٨.
١١٠.هاولاتی، میسرو سعودیە پاڵپشتی حزبی بەعس دەکەن سەردانی وەفدێکی بەعسیش بۆ کوردستان دوا کەوت، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (٣٤١)، ٢٩ی تەمووزی٢٠٠٧.
١١١.هاولاتی، نامەی د.بەرهەم بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (٣٣٨)، لە ١٨ی تەمووزی٢٠٠٧.
١١٢.هاولاتی، هەنگاوێکە بەرەو دیکتاتۆریەت، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە(٥٣٧)، ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.

١١٣.هــاولاَتی، یــەکێتی و پــارتی لــە ســەردانانی مــدیر ناحیەیــەك ڕێناكــەون: هەفتەنامەی هاولاَتی، ژمارە(١٨٧)، ١٨ئابی٢٠٠٤.

ت - چاپەمەنی و نوسراوە حکومی و ڕێکخراوەکان

١. ئاماری قوربانیانی بەڕێوەبەرێتی پارێزگای کەرکوك بۆ ساڵی٢٠٠٧.
٢. احسان، محمد، وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هــەرێم، ئــازاری ٢٠٠٨، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە.
٣. بەڕێوەبەرایەتی دەزگای گەشت و گوزار لە سلێمانی، بە بێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە، بە بێ بەروار.
٤. بەشی ڕاگەیاندنی پەرلــەمانی کوردســتان، بــە بــێ ناونیشــان، ڕاپــۆرتێکی بلاَونەکراوە.
٥. بەشی هەڵبژرادنی مەڵبەندی(٢)ی ڕێکخستنی کەرکوك یــەکێتی نیشــتمانی کوردستان، بە بێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە، تشرینی یەکەمی٢٠٠٧.
٦. پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، نــەوتی کوردستانی عێراق، بەشی یەکــەم، چــاپی یەکــەم، بلاَوکراوەکــانی مەکتــەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە، ساڵی١٩٩٧.
٧. ڕووداوی مانگانــەی ســاڵی٢٠٠٧ی ناوەنــدی ڕێکــەوتن و هاوبەشــی(pjcc)، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە.
٨. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی پارێزگای کەرکوك، بێ ناونیشــان، بــە بــێ شــوێن و ساڵی چاپ، ڕاپۆرتی بلاَونەکراوە.
٩. ڕێکخراوی هەنگاو، پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای شادی بۆچاپەمەنی هونەری، بەبێ ساڵی چاپ.
١٠.زانکۆ دی پۆلی، کۆلێژی ماف، پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ بــە بەراورد لەگەڵ مادەکانی دەستورە عێراقییەکاندا، چاپی یەکەم، بــە بــێ نــاوی چاپخانە، ساڵی ٢٠٠٥.
١١. گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، نەوت بەرامبەر بە زەوی بەرەو ئاڵو وێری گەورەی نێوان عێراق و کوردەکان، و. سابیر عەبدوڵا کەریم، ڕاپۆرتی بلاَو کراوە.

١٢. كۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ڕاپۆرتێـك بـۆ ئەنجومـەنی نوێنەران، و. ساڵح محەمـەد ئـەمین و هـی تـر، بـە بـێ نـاوی شـوێنی چـاپ، ساڵی٢٠٠٦.
١٣. لیژنەی پێدا چوونەوەی پـڕۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان- عێـراق - پەلەمانی کوردستان، پـڕۆژە دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، ٢٢ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
١٤. لیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژە دەستووری هـەرێمی کوردسـتان- عێـراق، پـڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٢ی ئابی٢٠٠٦.
١٥. لیژنەی مادەی١٤٠ی مەڵبەنـدی(٢)یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان، بـەبێ ناونیشان، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە
١٦. لیژنەی هاوبەشی ماددەی١٤٠ مەڵبەندی(٢)یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان و لقی(٣)پارتی دیموکراتی کوردستان، جێ بە جێ کردنـی مـاددەی١٤٠ زامـنی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، لە بڵاوکراوەکـانی لیژنـەی هاوبەشـی مـاددەی(١٤٠) مەڵبەندی(٢)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لقی(٣)ی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان، بەبێ ساڵی چاپ.
١٧. میدلٚ ئیێست ووچ، جینۆساید لە عێراق داو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و. سیامەند موفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، ساڵی١٩٩٩.
١٨. وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، کوردستان لـە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتـی دەرەوەی فەرەنسا، و. د. نەجاتی عەبدولا، بەبێ شوێن و ساڵی چاپ.
١٩. وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەبێ ناونیشان، بە بێ شـوێن و ساڵی چاپ، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوە.
٢٠. یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا.

سێیەم : سەرچاوەی عەرەبیەکان

أ- پەرتوك


١. (المترجم)، باسيلي نيكيتين، الاكراد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، م. نوري طالباني، الطبعة الثانية، دار الساقي، سنة٢٠٠١.
٢. ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، بدون معلومات اخرى.
٣. ابو العينين، حسن سيد احمد، جغرفية العالم الاقليمية، الجزء الأول، الطبعة السادسة، الدار الجامعية للطباعة والنشر- بيروت، سنة ١٩٨١.
٤. ابو عيانة، فتحي، الجغرافيا السياسية، مطبعة العصرية- الاسكندرية، بدون سنة الطبع.
٥. ابي الفداء، ألامام الحافظ و اخرون، تفسيرالقرآن العظيم، المجلد الخامس، الطبعة الاولى، بيروت، سنة ٢٠٠١.
٦. احمد، جمال رشيد، ظهور الكورد في تأريخ، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية- أربيل، سنة٢٠٠٣.
٧. احمد، كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت. محمد الملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي- بغداد، سنة١٩٧٧.
٨. ادموندز، سي. جي.، كرد وترك و عرب، ت. جرجيس فتح الله، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة التربية-اربيل، سنة١٩٩٩.
٩. اسسرد، فريد، المسألة الكردية بعد قانون ايدارة الدولة العراقية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية - السليمانية، سنة ٢٠٠٤.
١٠. اسماعيل، خليل، اقليم كردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة اوفسيت كريستال، أربيل، سنة١٩٩٨.
١١. اسماعيل، خليل، البعد القومي لاستيطان العربي في محافظة كركوك، كركوك - بحوث الندوة العلمية حول كركوك- ٣مايس٢٠٠١- اربيل.
١٢. الأنصاري، فاضل، مشكلة السكان نموزج القطر العراقي، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي- دمشق، سنة١٩٨٠.

١٣. البارزاني، مسعود، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، بدون اسم مطبعة، كردستان، سنة١٩٨٦.
١٤. الحديثي، نزار عبدالطيف، تحريرالعراق، العراق في التأريخ، دار الحرية للطباعة، بغداد، سنة١٩٨٣.
١٥. الحسنى، عبدالرزاق، العراق قديما وحديثا، مطبعة العرفان - صيدا، سنة ١٩٥٨.
١٦. الحسنى، عبدالرزاق، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الاول، طبعة الثانية، مطبعة العرافان- صيدا، سنة ١٩٥٧.
١٧. الديب، محمد محمود ابراهيم، الجغرافية السياسية أسس و تطبيقات، الطبعة السادس، مطبعة الانجلو المصرية، سنة١٩٩٠.
١٨. الديب، محمد محمود ابراهيم، الجغرافية السياسية بمنظور المعاصر، مطبعة محمد عبدالكريم- قاهرة، سنة٢٠٠٢.
١٩. الراوي، ناهض حسن جابر، مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، مطبعة الشهيد ازاد هورامي، سنة٢٠٠٦.
٢٠. الساعاتي، باسم عبدالعزيزو أخرون، العراق دراسة اقليمية، الجزء الأول، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٨٥.
٢١. السماك، محمد ازهر، الجغرافية السياسية الحديثة، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٩٣.
٢٢. السماك، محمد ازهر و أخرون، العراق دراسة أقليمية، الجزء الأول، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، سنة ١٩٨٥.
٢٣. السندي، بدرخان، المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، الطبعة الأولى مطبعة وزارة التربية- أربيل، سنة ٢٠٠٢.
٢٤. السورجي، نجم عمر، مصير ولاية الموصل(كردستان الجنوبية)مابعد عام٢٠٠٠، الطبعة الثانية، بدون اسم المطبعة - السليمانية، سنة١٩٩٩.
٢٥. الصامانجي، عزيز قادر، تأريخ السياسي لتركمان العراق، الطبعة الاولى، دار الساقي- بيروت، سنة١٩٩٩.
٢٦. الضابط، شاكر صابر، موجز تأريخ التركمان في العراق، الجزء الأول، مطبعة المعارف- بغداد، سنة١٩٦٠.

٢٧.الطالباني، عطا، عندما تتكلم الارقام، موضوعات حول مفاوضات الجبهة الكردستانية مع الحكومة المركزية، الطبعة الاولى، سلسلة مطبوعات وزارة الثقافة، سنة٢٠٠٠.
٢٨.العاني، خطاب صطار، الجغرافيا العراق، ارضا-وسكانا-و مواردااقتصادية، دارالحكمة للطباعة والنشر- الموصل، سنة١٩٩٠.
٢٩.العاني، نوري عبدالحميد، امتيازات النفط عام١٩٣٢، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة٢٠٠٢، ص٦٩٨-٦٩٩.
٣٠.العزاوي، عباس، تأريخ العراق بين احتلالين، الجزء الأول، مطبعة بغداد، السنة ١٩٣٥.
٣١.العزاوي، عباس، عشائرالعراق، طبع في مطبعة بغداد، سنة١٩٣٧.
٣٢.العسكري، ياسين طه طاهر، مؤتمر القاهرة والمسألة الكردية في العراق، مفصل في تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، بيت الحكمة- بغداد، سنة ٢٠٠٢.
٣٣.العمري، سناء، انتاج و استهلاك الحنطة في العراق، دار الحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٠.
٣٤.الكرملي، انستانس ماري، خلاصة تأريخ العراق منذ نشوئه الى يومنا هذا، طبع بمطبعة الحكومة بالبصرة، سنة ١٩١٩.
٣٥.الموصلي، منذر، عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية، الطبعة الاولى، مطبعة دارالغضوون- بيروت، سنة١٩٨٦.
٣٦.النجار، مصطفى عبدالقادر، عهد الانتداب، العراق في التاريخ، دار الحرية للطباعة- بغداد، سنة١٩٨٣.
٣٧.الهيتي، صبري فارس، الجغرافيا السياسية مع تطبيقات جيؤبولتيكية، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر و التوزيع- عمان، سنة ٢٠٠١.
٣٨.الهيتي، عبدالمنعم عبدالوهاب و صبري فارس، محاضرات في الجغرافية السياسية، بدون معلومات أخرى.
٣٩.بتروسيان، وهرام، سياسة تركيا تجاه كوردستان العراق و امريكا١٩٩١-٢٠٠٣، ت. نزار ايوب طولي، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، سنة ٢٠٠٨، ص٢٥.

٤٠.برتولينـو، جـان، الكـرد مـوطنهم، تـأريخهم و قائـدهم الموعـود الـذي تمنـاه الشاعراحمد خاني، ت.جميل محمد مصطفى، الطبعةالاولى، مطبعةخاني- دهوك، سنة٢٠٠٧.
٤١. بيل، المس، تـأريخ العـراق القريـب، ت. جعفـر الخيـاط، مطبعـة دار الكتـب- بيروت، سنة١٩٧١،
٤٢.تريب، تشارلز، صفحات مـن تـاريخ العـراق، ت. زينـة جـابر ادريـس، الطبعـة الاولى، دار العربية للعلوم، سنة٢٠٠٦،
٤٣.توفيق، عمـر ابـراهيم، كوردسـتانية منطقـة كركـوك، مـن منشـورات مكتـب الفكر والتوعية، في الاتحاد الوطني الكردستاني، ط٢، سنة٢٠٠٦.
٤٤.حسـين، علـي ناصـر، مقاومـة العـراق للاحـتلال البريطـاني(١٩١٤-١٩١٧)، مفصـل في تـأريخ العـراق المعاصـر، الطبعـة الاولى، بيـت الحكمـة - بغـداد، سنة٢٠٠٢.
٤٥.حسين، محسن محمد، نشاهد صلاح الدين أم نحاسب انفسنا؟ استجواب قائد بعد ثمانمائة سنة، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية- أربيل، سنة ٢٠٠٢.
٤٦.حقـي، فليـب و أخـرون، تـأريخ العـرب، الجـزء الرابعـة، دار الكشـاف للنشـر الطباعة والتوزيع، سنة١٩٦٥.
٤٧.حياوي، نبيل عبدالرحمن، دساتيرالجمهورية العراق، مكتبـة القانونيـة- بغـداد، بدون سنة طبع.
٤٨.خصباك، شاكر، الأكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافيـة، مطبعـة شـفيق، بغـداد، سنة١٩٧٢.
٤٩.خصباك، شاكر، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعيـة والبشـرية، الطبعـة الاول، مطبعة شفيق، بغداد، سنة١٩٧٣.
٥٠.خلف، جاسـم محمـد، محاضـرات في جغرافيـة العـراق الطبيعيـة و الاقتصـادية و البشرية، دار الهنا للطباعة، سنة ١٩٥٩.
٥١. رابي، عبدالله مرقس، الكلدان المعاصرون والبحث عن هوية القوميـة، دراسـة سوسيوانثروبولجية، الطبعة الاولى، دار الشرق - عمان، سنة٢٠٠١.
٥٢.رشيد، جمال، كركوك في العصور القديمة، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية- اربيل، سنة٢٠٠٢.

٥٣.رضوان، طه عبد العليم، الجغرافية السياسية المعاصرة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، سنة١٩٨٩.
٥٤.سعودي، محمد عبد الغني، الجغرافيا السياسية المعاصرة، مكتبة الانجلو المصرية- القاهرة، سنة١٩٩٧.
٥٥.سعيد، ابراهيم احمد، مابين الجغرافيا السياسية و مخاطر الجيوبولتيك والعولمة، الطبعة الاولى، الاوائل للنشروالتوزيع، بدون مكان نشر، سنة ٢٠٠٦.
٥٦.سليمان، حكمت سامي، نفط العراق، مطبعة دار الرشيد للنشر، سنة١٩٧٩.
٥٧.السماك، محمد ازهر سعيد، الجغرفية السياسية اسس و تطبيقات، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٨٨.
٥٨.شريف، ابراهيم، التربة تكونها و توزيع انواعها و صيانتها، موسسة الثقافة الجامعية، الاسكندرية، سنة١٩٦٠.
٥٩.شوكت، أحمد، الشبك الكورد المنسيون، مطبعة وزارة الثقافة، بدون سنة طبع.
٦٠.صابر، سروة اسعد، كردستان الجنوبية١٩٢٦-١٩٣٦، دراسة تأريخية، سياسية، الطبعة الاولى، مؤسسة سردم للطباعة والنشر، السليمانية، سنة٢٠٠٦.
٦١.صادق، دولت احمد وأخرون، الجغرافية السياسية، الطبعة الثانية، دار الطباعة الحديثة، سنة ١٩٦١.
٦٢.طالباني، جلال، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت، سنة١٩٧١.
٦٣.عبدالوهاب، عبدالمنعم و اخرون، جغرافية النفط والطاقة، دار الكتب للطباعة والنشر، سنة ١٩٨١.
٦٤.عبود، زهيركاظم، الشبك في العراق، الطبعة الأولى، سلسلة كتاب سردم العربي- السليمانية، سنة ٢٠٠٦.
٦٥.علبي، عاطف، الجغرافية الاقتصادية و السياسة والسكان والجيوبوليتيك، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، سنة
٦٦.علي، هادي، الشعب الكردي و السياسات الدولية في القرن العشرين، دار روشنبير للنشر والتوزيع، سنة ٢٠٠٨.
٦٧.عيسى، حامد محمود، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي(١٩١٤-٢٠٠٤)، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي- قاهرة، سنة٢٠٠٥.

٦٨.غالب، صلاح حميد الجنابي و سعد علي، جغرافية العراق الاقليمية، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، سنة ١٩٩٢.
٦٩.فتاح، مريم عزيز، تحليل العوامل التي رسمت الحدود العراقية - التركية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية - السليمانية، سنة٢٠٠٧.
٧٠.فيلد، هنري، جنوب كردستان - دراسة أنثروبولوجية، ت.جرجيس فتح الله، الطبعة الأولى، مطبعة وزارة التربية - اربيل، سنة ٢٠٠١.
٧١. قادر، احمد محمد امين، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق١٩٢٥/١٩٤٥، مطبعة مؤسسة سردم - السليمانية، سنة٢٠٠٧.
٧٢.قورباني، عارف، كركوك و التطهير العرقي من وثائق النظام البعثي، ت. رعد بابان، الجزء الثاني، مطبعة ابراهيم خليل، سنة٢٠٠٥.
٧٣.قورباني، عارف، كركوك والتطهير العرقي من وثائق النظام البعثي، ت.رعد بابان، الجزء الاول، منشورات مكتب الفكر والتوعيةفي الاتحاد الوطني الكردستاني، سنة٢٠٠٥.
٧٤.لازاريف، م.س. واخرون، تأريخ كردستان، ترجمة د. عبدي حاجي، الطبعة الأولى، مطبعة حجي هاشم، أربيل ٢٠٠٦.
٧٥.لوكيتز، ليورا، العراق والبحث عن الهوية الوطنية، ت. دلشاد ميران، دار ئاراس للطباعة والنشر- اربيل، سنة٢٠٠٤.
٧٦.متين، الشبك - الشاه بط، مطبعة روناكبيري، سنة٢٠٠١.
٧٧.محمد، خليل اسماعيل، كركوك دراسات في التكوين القومي للسكان، الطبعة الثانية، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل، سنة ٢٠٠٨.
٧٨.محمد، صباح محمود و أخرون، الجغرافيا السياسية، بدون معلومات اخرى.
٧٩.محمد، محمد الطاهر، القضية الكردية و حق تقرير المصير، الطبعة الأولى، مكتبة مدبولي، سنة٢٠٠٨.
٨٠.محمود، طارق شكر، اقتصاد النفط العراقي، مطبعة دار المحلية- بغداد، سنة١٩٧٨.
٨١. مصطفى، حسن، البارزاني و الحركات البارزان١٩٣٢-١٩٤٧، الطبعة الثانية، دار آفاق العربية للصحافة والنشر، السنة ١٩٨٣.
٨٢.مياح، شاكرخصباك و علي محمد، الفكر الجغرافي تطوره وطرق بحثه، مطبعة جامعة بغداد، سنة١٩٨٣.

٨٣.نيكيتين، باسيلي، الاكراد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، م. نوري طالباني، الطبعة الثانية، دار الساقي، سنة٢٠٠١.
٨٤.هارتشون، الطبيعة الجغرافية مسح نقدي للاراء المعاصرة في ضوء الماضي، ت. د. شاكر خصباك، الجزء الثاني، مطبعة جامعة بغداد، سنة١٩٨٥.
٨٥.هارون، علي احمد، اسس الجغرافية السياسية، الطبعة الثانية، دار الفكر العربي- القاهرة، سنة٢٠٠١.
٨٦.هي.، دبليو. أر.، سنتان في كردستان ١٩١٨-١٩٢٠، ت.د.فؤاد جميل، الجزء الأول، مطبعة الجاحظ- بغداد، سنة ١٩٧٣.
٨٧.ويلر(الابن)، جيزه. و اخرون، جغرافية العالم الاقليمية اوروبا و الاتحاد السوفياتي، ت. محمد حامد الطائي و اخرون، الجزء الأول، منشورات دار مكتبة الحياة- بيروت، سنة١٩٦٤.

ت- گۆڤار

١- سامراء، كبار البعثيين يشرفون على المجموعات الارهابية في المحافظة، مجلة سامراء، عدد (١٤)، ايار٢٠٠٩.

پ- ڕۆژنامە

١- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٣٩٩٦)، ٢٠٠٥/٣/١٧.
٢- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠١٦)، ٢٠٠٦,/٢/٢
٣- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٣٦)، ٢٠٠٧,/٣/١٢
٤- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٦٧)، ٢٠٠٨,/٣/١٣
٥- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٠٨٦)، ٢٠٠٨,/٩/١٥
٦- جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤١١٧)، ٢٠٠٩/٤/١٣.

ج- تێزی ماستەر

١. احمد، سوران حمة أمين، التحليل الجغرافي لخصائص الرياح في اقليم كوردستان العراق و امكانات استثمارها، رسالة مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية، غير منشور، سنة٢٠٠٧.

٢. حسين، طارق خضر، التحليل الجغرافي لخصائص الأمطار في اقليم كوردستان العراق، رسالة ماجستير في كلية الأداب في جامعة صلاح الدين- أربيل، غير منشور، سنة٢٠٠٦.
٣. طالب، جزا توفيق، اقليم كوردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية، اطروحة قدمت الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة دكتوراه فلسفة في الجغرافية السياسية، منشورة، سنة٢٠٠٤.
٤. طالب، جزا توفيق، سكان اقليم كردستان العراق، دراسة في الجغرافيا السياسية، تقدم بها لى مجلس كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، وهي من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية، منشو باللغة الكردية، سنة١٩٩٥.
٥. عمر، شورش حسن، حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة، رسالة مقدمة الي مجلس كلية القانون بجامعة السليمانية و هي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في القانون العام، غيرمنشورة، السنة ٢٠٠٤.
٦. قيتولي، صلاح الدين انور، التحليل الجغرافي لسياسة التعريب في قضاء خانقين، رسالة تقدم بها الي مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليميانية و هي جزء من متطلبات نيل شهادة ماجستير في الجغرافية، غير منشور، سنة ٢٠٠٧.
٧. محمد، سلوى توفيق، صناعة استخراج وتكرير النفط في محافظةكركوك للمدة(١٩٧٣-٢٠٠٣)دراسة في جغرافية الصناعة، رسالة مقدمة الي مجلس كلية الاداب في جامعة صلاح الدين/اربيل كجزء من متطلبات درجة الماجستير في الجغرافية، غير منشور، سنة٢٠٠٧.

ح- چاپەمەنی و نوسراوی حکومی و ڕێکخراوەکان

١. اتفاق بين جمهورية العراق والولايات المتحدة الاميركية بشأن انسحاب قوات الولايات المتحدة من العراق و تنظيم انشطتها خلال وجوددها المؤقت فيه.
٢. إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٤ PJCC .

٣. إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٥ PJCC .
٤. إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٦ PJCC .
٥. إحصائية عدد الضحايا لمديرية شرطة محافظة كركوك وتوابعها وحسب النوع لسنة ٢٠٠٧ PJCC .
٦. احمد الشنتاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الثامن عشر، دار المعرفة- بيروت، بدون سنة الطبع.
٧. احمد الشنتاوي وأخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد الخامس، دار الفكر، بدون سنة طبع.
٨. أحمد الشنتشاوي و آخرون، دائرة المعارف الاسلامية، المجلد السادس، دار المعرفة- بيروت، بدون سنة الطبع.
٩. اسعد مفرج و لجنة من الباحثين، ميثاق جامعة الدول العربية، السياسة والبلاد العربية، موسوعة عالم السياسة، عدد١٢، نوبل- بيروت، بدون سنة الطبع.
١٠. اسعد مفرج ولجنة من الباحثين، موسوعة عالم السياسية، الجزء العاشر، دار النشر والتوزيع (nobilis)- بيروت، سنة ٢٠٠٦.
١١. الأمم المتحدة، الاتفاقات الخاصة بحقوق الانسان، بدون اسم المطبعة، بيروت، سنة ١٩٦٧.
١٢. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٩٢، مطبعة الجهاز المركزي الاحصاء، سنة١٩٩٣.
١٣. جمهورية العراق، وزارةالتخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٧٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء-بغداد، بدون سنة الطبع.
١٤. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٦، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء-بغداد، بدون سنة الطبع.
١٥. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي لاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٨، مطبعة الزهراء - بغداد.

١٦.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء الدعاية والنشر، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ١٩٦٧، مطبعة الحكومة- بغداد، سنة طبع١٩٦٨.
١٧.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٨، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، بدون سنة الطبع.
١٨.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة التأميم، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٨٨.
١٩.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة السليمانية، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٨٨.
٢٠.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة نينوى، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٨٨.
٢١.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للأحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية١٩٨٧، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء- بغداد، بدون سنة الطبع.
٢٢.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة صلاح الدين، بدون اسم المطبعة، سنة ١٩٨٨.
٢٣.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة١٩٨٧محافظة ديالى، بدون اسم المطبعة، سنة ١٩٨٨.
٢٤.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي، نتائج العام للسكان لسنة ١٩٨٧محافظة اربيل، بدون اسم المطبعة، سنة ١٩٨٨.
٢٥.الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي الموصل و اربيل، مطبعة الارشاد- بغداد.
٢٦.الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مطبعة العاني، بدون سنة الطبع .
٢٧.الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام١٩٥٧، لوائي ديالى وكوت، مطبعة الازهر- بغداد.

٢٨.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية٢٠٠٥، بدون اسم المطبعة، سنة الطبع٢٠٠٦.
٢٩.الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهازالمركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية(١٩٦٩)، مطبعة الزهراء- بغداد، بدون سنة الطبع.
٣٠.الكيالي، عبدالوهاب و أخرون، موسوعة السياسية، الجزء الأول، الطبعة الرابعة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة١٩٩٩.
٣١.المجلس العراقي العربي، مشروع محافظة كركوك(وضع خاص)، ٢٠٠٧، ل(١-٢)، غير منشور.
٣٢.المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧، الجزءالأول(لواء بغداد- لواء حلة- لواء الدليم- لواء كربلاء- لواء الكوت- لواء ديالي )، بدون اسم المطبعة، بغداد، سنة١٩٥٤.
٣٣.المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧، الجزء الثاني، ( لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواءاربيل)، بدون اسم المطبعة، بغداد، سنة١٩٥٤.
٣٤.بدون اسم المؤلف، ورقة معلومات اساسية حول عمل بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق بشأن الحدود الداخلية المتنازع عليها في العراق، بدون مكان و سنة الطبع.
٣٥.جمهورية العراق، وزارة التخطيط و التعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بدون اسم المطبعة و سنة الطبع.
٣٦.جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء و تكنلوجيا المعلومات، المجمعوعة الاحصائية السنوية٢٠٠٧، بدون مكان الطبع، بدون سنة الطبع.
٣٧.جمهورية العراق، وزارة التخطيط والتعاون الانمائي، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات، المجموعة الاحصائية السنوية العامة٢٠٠٤، بدون مكان الطبع، بدون سنة الطبع،

٣٨.حكومة اقليم كوردستان، وزارة شؤون مناطق خارج الاقليم، تقريرحول التغييرات الادارية للمناطق المتنازع عليها بضمنها كركوك، بدون معلومات اخرى، غير منشور.
٣٩.رئاسة مجلس الوزارء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستور جمهورية العراق. توصيات بالتغييرات في الحدود الادارية للمناطق المتنازع عليها و من ضمنها كركوك(المنطقة الشمالية)، بدون معلومات اخرى، غير منشور.
٤٠.رئاسة مجلس الوزراء، لجنة تنفيذ المادة(١٤٠)من دستورجمهورية العراق، غيرمنشور، بدون سنة الطبع.
٤١. عبد الوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، الجزء السابع، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، سنة ١٩٩٤.
٤٢.لجنة اعادة النظر في مشروع دستور اقليم كوردستان - العراق، مشروع دستور اقليم كوردستان- العراق، ١٦ اب ٢٠٠٨.
٤٣.لجنة عصبة الامم، تقرير حول الحدود العراقية - التركية، مطبعة الحكومة- بغداد، سنة ١٩٢٤.
٤٤.محمد بشير الكافي و أخرون، الموسوعة السياسية، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، بدون سنة الطبع.
٤٥.مكتب العلوم الاعلامية، التوزيع الديني للسكان العراقيين، طبعة مديرية الامن العامة، بدون سنة الطبع.
٤٦.مكتب العلوم النفسية والاجتماعية، التعداد القومي للسكان، مطبعة مديرية الامن العامة، بدون سنة الطبع..
٤٧.نوري طالباني، مشروع دستور اقليم كوردستان، بدون اسم المطبعة، سنة١٩٩٢.

## چوارەم : سەرچاویە ئینگلیزیەکان

### أ- پەرتوك

1- al-gailani,Saad z jassim and mohammad,hydrocarbons,geology of iraq, , geology of iraq,puplished bye dolin,2006.

2- jassim,saad z.late prcambrian development of the Arabian plate,geology of iraq,puplished bye dolin,2006.

## پێنجەم: سەرچاوە فارسیەکان

### أ- پەرتوك

١- گروهى از مستشرقين برجسته، كرد در دايره المعارف اسلام، مترجم اسمعيل فتاح قاچى، چاپ أول، ناشر مركز و أدبيات كردى، ١٣٤٧.

٢- محمد(كلهر)، ايت، سيرى درتأريخ سياسى كردو كردهاى قم، چاپ اول، انتشارات پرسمان، ١٣٨٢.

## شەشەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت(Site)

1-http://www.iraqipresidency.net=arabic&id=6163&type=documents //

http//www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language٢-

=http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issueno=11067&article=511339&feature

3--http://www.asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=3594

http://www.asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=375

6-http://ar.wikipedia.org/wiki

7-http://ar.wikipedia.org/wiki/سلطة_الائتلاف_المؤقتة

8-http://daccessdds.un.org/doc/UNDOC/GEN/N07/456/02/pdf/n0745602.pdf?OpenElement

9-http://en.wikipedia.org/wiki/Staffan_de_Mistura

10-http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=11823&LinkID=63

http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=11823&LinkID=63-11

12-http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=12872&LinkID=63

http://hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=7708&LinkID=63١٣-

14-http://m.news.maktoob.com/articles/1538734/page/1-7k
15-http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/news/newsid_3758000/3758823.stm
16-http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=10&cat=1&title=
17-http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=116&cat=1&title=
18-http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=136&cat=1&title=
19-http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=149&cat=1&title=
20-http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=160&cat=2
21-http://sbeiy.com/ku/inter_report_detail.aspx?id=163&cat=1&title=
22-http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=169&cat=
23-http://sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=240&cat=2
24-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=12618&cat=2
25-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=12932&cat=2&title=
26-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=13026&cat=1&title=
27-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=13552&cat=1
28-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=14496&cat=1&title=
29-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=14508&cat=1
30-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15010&cat=1&title=
31-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15086&cat=2
32-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15472&cat=1&title=
33-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15666&cat=1
34-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15772&cat=1
35-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15814&cat=2
36-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15874&cat=1
37-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=15945&cat=1
38-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=16708&cat=1&title=
39-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=16876&cat=1
40-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17159&cat=1
41-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17160&cat=2
42-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17912&cat=1&title=
43-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=17970&cat=1
44-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=18728&cat=1
45-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19299&cat=1
46-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19556&cat=1
47-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=19556&cat=1
48-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=20032&cat=2
49-http://sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=20489&cat=1
50-http://wna-news.com/inanews/news.php?item.21031.1
51-http://www. Uruklink.net/uruk?iq-sites.htm# 11

52-http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&article=530008&issueno=11204
53-http://www.alhakaek.com/news_view_1385.html
54-http://www.aljazeera.net/NR/exeres/8e175faa-8df0-405f-b6b9-985f772fa568.htm
55-http://www.aljazeera.net/NR/exeres/B398998FEAEF4ba3-ac31e3f12205a9c3.httm
56-http://www.aljazeeratalk.net/forum/archive/index.php/t-7397.html
57-http://www.almadapaper.net/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=46272
58-http://www.alsabaah.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=7650
59-http://www.arab-unity.net/forums/showthread.php?t=5411
60-http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9153&article=208596.
61-http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9157& article=209346
62-http://www.asharqalawsat.com/details.asp?issueno=9157&article=209292
63-http://www.asharqalawsat.com/details.asp?section=1&issueno=1106&article=510716&feature=&article=
64-http://www.asoxandan.com/Direjeraport.asp?Babet=Raport&Jimare=1338
65-http://www.asoxandan.com/Direjeraport.asp?Babet=Tawara&Jimare=5
66-http://www.asoxandan.com/drejaydidar.asp?Babet=Didar&Jimare=376
67-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hemereng&jimare=520
68-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hemereng&jimare=706
69-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=2182
70-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3118٧٠-
71-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3155
72-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&jimare=3184
73-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3310
74-http://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=3640
75-http://www.cabinet.iq/details.aspx?NewsNo=850
76-http://www.cabinet.iq/dostor.htm
77-http://www.cabinet.iq/hokoma.htm
78-http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=236
79-http://www.com140.com/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=406
80-http://www.cpa-iraq.org/arabic/budget/2003budget-arabic.pdf
81-http://www.cpa-iraq.org/arabic/budget/2004 Summary-arabic.pdf
82-http://www.cpa-iraq.org/arabic/government/Listing-Kurdi.pdf٨٢-
83-http://www.cpa-iraq.org/arabic/government/TAL_Annex-arabic.htm
84-http://www.cpa-iraq.org/arabic/regulations/index.html#Orders
85-http://www.daccessdds.un.org/doc/UNDOC/GEN/No3/563/89/pdf/no356389.pdf?openelement.
http://ar.wikipedia.org/wiki-
86-http://www.debaath.com/site/page/ajr_h/ho.htm
87-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14241&LinkID=66
88-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14567&LinkID=66

89-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14567&LinkID=66
90-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=14751&LinkID=69
91-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15080&LinkID=66
92-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15467&LinkID=67
93-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=15731&LinkID=66
94-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=16353&LinkID=66
95-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7724&linkID=66
96-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7767&LinkID=66
97-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=7790&LinkID=66
98-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=8090&LinkID=66
99-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=8103&linkID=66
100-http://www.dengubas.net/NewsDetailN.aspx?id=9613linkID=66
101-http://www.dengubas.org/NewsDetailN.aspx?id=18009&LinkID=67
102-http://www.dengubas.org/NewsDetailN.aspx?id=18162&LinkID=67
103-http://www.duhokgov.org/kurdi/index.php?action=hotels
104-http://www.hawlati.info/NewsDetailN.aspx?id=3305&linkID=7894
105-http://www.hawlergov.org/articles.aspx?page=articles&c=Hotels&id=205
106-http://www.hewalnews.net/pages/babat325-2.htm
107-http://www.hewalnews.net/pages/babat325-2.htm
108-http://www.ihec.iq/content/file/Election_results/Winning_over_and_no.pdf
109-http://www.ikhwanonline.com/Article.asp?ArtID=27627&secID=232
110-http://www.iraqcenter.net/vb/15531.html#post58734
111-http://www.iraqcenter.net/vb/45268-page3.html
112- http://www.iraq-ild.org/LoadLawBook.aspx
113-http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=8324&type=documents
114-http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=3743&type=documents
115-http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=6249&type=documents
116-http://www.iraqipresidency.net/news_detial.php?language=arabic&id=5290&type=interviews
117-http://www.iraqsunnews.com/modules.php?name=News&file=article&sid=9697
118-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010100&rnr=239&anr=30537
119-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=30479
120-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=29050
121-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=01010200&rnr=26&anr=30483
122-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=04020000&rnr=231&anr=16883
123-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=13&smap=04050000&rnr=25425
124-http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=14&smap=01010100&rnr=81&anr=21200
125-http://www.krg.org/articles/detail.asp?rnr=235&lngnr=13&smap=04060000&anr=10924
126-http://www.krg.org/articles/detail.asp?rnr=26&lngnr=13&smap=01010200&anr=25580

127-http://www.krp.org/articles/detail.asp?rnr=&lngnr=13&smap=&anr=20549
128-http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=1300
129-http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=2197
130-http://www.krp.org/kurd/articles/display.aspx?gid=1&id=2371
131-http://www.krp.org/kurd/krp/default.aspx?gid=28&SM=52
132-http://www.marafea.org/paper.php?source=akbar&mlf=interpage&sid=12699
133-http://www.moera-krg.org١٣٣-
134-http://www.moera-krg.org/?lngnr=14&smap=01000000
135_http://www.moerakrg.org/gallery/gallery_slideshow.asp?strPictureGalleryName=Atlas٢٠%of ٢٠%Kirkuk&intPictureNr=١١٤٣٨&intPictureCategoryNr=٧٩&strSlide=no.
136-http://www.moera-krg.org/kurdish/art_detail.php?art_id=1035
137-http://www.moera-krg.org/kurdish/art_detail.php?art_id=3289&cat=1
138-http://www.moera-krg.org/kurdish/index.php
139-http://www.moera-krg.org/kurdish/index.php
140-http://www.mop_krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsIndustry&id=404
141-http://www.mop_krg.org/detail.aspx?page=statisticsbysubjects&c=sbsIndustry&id=470
142-http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php
143-http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba46s7a98das6dasda7das4da6sd8asdsawewqeqw465e4qweq4wq6e4qw8eqwe4qw6eqwe4sadkj&file=showdetails&sid=1910
144-http://www.parliament.iq/Iraqi_Council_of_Representatives.php?name=articles_ajsdyawqwqdjasdba46s7a98das6dasda7das4da6sd8asdsawewqeqw465e4qweq4wq6e4qw8eqwe4qw6eqwe4sadkj&file=showdetails&sid=3363
145-http://www.perleman.org/Default.aspx?page=articles&c=News-140&id=691
146-http://www.perleman.org/Default.aspx?page=articles&c=News-Main&id=6746
147-http://www.perleman.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament-History1992
148-http://www.perleman.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament-History1992
149-http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=123447
150-http://www.pmo.iq/index/10-20.htm
151-http://www.pmo.iq/index/barnamij002.htm
152-http://www.pukmedia.com/News/24-07-2009/news05.html١٥٢-
153-http://www.pukmedia.com/News/31-08-2009/news36.html
154-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=34500&linkID=93 -
155-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=37823&linkID=126
156-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=49839&LinkID=93
157-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=51460&LinkID=931002

158-http://www.radionawa.com/NewsDetailN.aspx?id=52974&LinkID=93
159-http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=374&cat=1
160-http://www.sotaliraq.com/iraqnews.php?id=792١٦٠-
161-http://www.un.org/ar/documents/udhr
162-http://www.un.org/Depts/Cartographic/map/profile/westasia.pdf
163-http://www.un.org/News/Press/docs//2007/sga1091.doc.htm
164-http://www.whitehouse.gov/the_press_office/Remarks-by-the-Vice-President-at-a-joint-statement-to-the-press-
165-http://www.whitehouse.gov/the-press-office/statement-press-secretary-passage-iraqs-revised-election-law
166-http://www.whitehouse.gov/the-press-office/statement-press-secretary-passage-iraqs-revised-election-law
167-http://www.whitehouse.gov/the-press-office/statement-press-secretary-passage-iraqs-revised-election-law ١٦٧-
168-http://www.xebat.net/article.php?id=22939
169-http://www.xebat.net/article.php?id=23309
170-http://www.xebat.net/article.php?id=25673
171-http://www.xebat.net/article.php?id=25811
172-http://www.youtube.com/watch?v=GTzikrbhiNY
173-issueno=93728&articl=246779 3& 173-http://www.aawsat.com/leader.asp?section=
174-http://www.ihec.iq/content/file/Election_results/Winning_over_and_no.pdf
175-http://www.ar.wikipedia.org/wik
176-http://www.news.maktoob.com/article/544762
177-http://www.marefa.org/index.php/
178-http://www.ar.wikipedia.org/wiki
179-http://www.marefa.org/index.php/
180-org.arefam.. php.index/ www
181-http://www.marefa.org/index.php
182-www.marefa.org/index.php/
183-wiki/org.wikipedia.ar//:httpwww./http:/

**حەوتەم: دیدارو پەیوەندیی تەلەفۆنی**

**١. دیدار لەگەڵ دکتۆر فارووق عومەر سدیق، لەبەرواری٢٠ی ئایاری ٢٠٠٩.**

**٢. دیدار لەگەڵ دکتۆر محمد احسان(وەزیری ناوچە دابڕاوەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، لەبەرواری١٢ی ئابی٢٠٠٨.**

٣. دیدار لەگەل: فائزە جبار باباخان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە٢٦ی ئایاری ٢٠٠٩.
٤. دیداری لەگەڵ عەبدولمونعم خەتاب، لە سلێمانی لە بەرواری ٢١نیسانی ٢٠٠٨.
٥. پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ دکتۆر علی حسێن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمان عێراق، لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٩.
٦. پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ خەسرۆ گۆران، جێگری پارێزگاری پێشووی موسڵ و سەرۆکی لیستی برایەتی لە پارێزگای نەینەوا، لە بەرواری٢٣ی حوزەیرانی٢٠٠٩.
٧. پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەل عادل بەرواری ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی ئاسایش وبەرگری لە٣ی حوزەیرانی٢٠٠٩.

**هەشتەم: نەخشە**

1-Danville,Mons r. ,Anew map turkeyain asia,puplished by laurale,addition with several, without any extra information
2-http:// www.davidrumsey.com
3-mcnally ,Rand. &cos,map of turkey in asia.without extra information
4-republic of Iraq, ministry of industry and minerals,state company of geological survey and mining, minerogenic map of iraq, without any information.

٥- حداد، هاشم یاسین حمامین و هی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لەزنجیرە بلاۆکراوە جوگرافیەکانی کۆمپانیای تێ نووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، چاپی یەکەم- هەولێر، ساڵی٢٠٠٩.
٦- صابونجي، سهلة، خارطة مستحدثة لولايات المملكة العثمانية في اسيا١٨٩٣، طبع بمطبعة الامريكان- يروت، سنة ١٨٩٣.
٧- محمد، خليل اسماعيل و ئەوانی تر، (بە بێ ناونیشان)، هەرێمی کوردستان عێراق، بەرێوەبەرێتی گشتی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکان، هەولێر، ٢٠٠٦.

# پێڕست


پێشەکی ........................................ ٣

**بەشی یەکەم**

**دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان و جیۆگرافیای ناوچە دابڕاوەکان** .................. ١٥

باسی یەکەم: دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان .................. ١٧

باسی دووەم: جیۆگرافیای ناوچە دابڕاوەکان .................. ٦١

**بەشی دووەم**

**گرنگی جیۆگرافی وئابوری ناوچە دابڕاوەکان** .................. ١٣٧

باسی یەکەم: گرنگی جیۆگرافی ناوچە دابڕاوەکان .................. ١٣٩

باسی دووەم: گرنگی ئابوری ناوچە دابڕاوەکان .................. ١٧٣

**بەشی سێیەم** ٢١١

**چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکانی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان** ..................

باسی یەکەم: چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکانی

کێشەی ناوچەدابڕاوەکان پێش ساڵی٢٠٠٣ .................. ٢١٣

باسی دووەم: چارەسەرە ڕامیاری و دەستوورییەکانی

کێشەی ناوچە دابڕاوەکان پاش ساڵی ٢٠٠٣.................. ٢٨٥

**بەشی چوارەم** ٣٣٩

**هۆکاری بە ئە نجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستوریەکان لە ناوچە دابڕاوەکان** ....

باسی یەکەم: هۆکاری بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستورییەکانی

ناوچە دابڕاوەکان پێش ساڵی٢٠٠٣ .................. ٣٤١

باسی دووەم: هۆکاری بە ئەنجام نەگەیشتنی چارەسەرە ڕامیاری و دەستورییەکانی

ناوچە دابڕاوەکان پاش ساڵی٢٠٠٣ .................. ٣٨٥


ئەنجام .................. ٤٥٥

پێشنیار .................. ٤٧٦

پاشکۆ .................. ٤٩٣

لیستی سەرچاوەکان .................. ٥٢٦

چارەسەرکردنی کێشەی "ناوچە جێناکۆکەکان" کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەی "ناوچە دابڕاوەکان" گوزارشتی لێ کراوە، بایەخێکی زۆری بۆ گەلی کوردستان هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدا تێڕوانینێکی ئەکادیمی سەبارەت بەم کێشەیە گەڵاڵە بکاو لەم سەروبەندەدا کێشەکە لەڕوی مێژوییو جوگرافیو سیاسییەوە تاوتوێ کراوەو بە مەسەلەی دیاریکردنی سنوری کوردستانەوە بەستراوەتەوە.




لێکۆڵینەوەکە لەو روانگەیەوە کە توێژینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای سیاسیدا بایەخێکی تایبەتی بە جوگرافیای ناوچەکە داوەو گرنگیی جوگرافیو ئابوریی دیاری کردووەو توێژەر بۆچونێکی وا دەخاتە روو کە کێشەکە بۆ سەردەمی پێش روخانی رژێمی بەعس دەگەڕێتەوە کە تێیدا چارەسەرەکان بەئاکام نەگەیشتونو پاش روخانی رژێمەکەشو سەرەڕای بونی ماددەیەکی دەستور کە حکومەتی عیراقی پابەند کردووە بەچارەسەرکردنی کێشەکە، کەچی کێشەکە تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

توێژەر لەو بڕوایەدایە کە ئەم کێشەیە دەبێ بەپێی ماددەی 140 چارەسەر بکرێو ئەم چارەسەرە بەمایەی دابین کردنی سەقامگیری دەزانێ.

(3000)**دینار**